**کوڕانی گەڕەک**

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی

رۆمان

# كوڕانی گەڕەک

**ساڵی ١٩٨٨ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە...**

نەجیب مەحفوز

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

**سلێمانی**
**٢٠١١**


زنجیرەی کتێبی گۆڤاری هەنار
ژمارە (٤١)

**كوڕانی گەڕەک**

- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا
- بابەت: رۆمان
- پیتچنی: وەرگێڕ
- هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵڵا
- نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: پەیام ئەحمەد
- تابلۆی بەرگ: مایکل ئەنجیلۆ
- سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵڵا
- قەبارەی کتێب: ½ 25 × 35
- ژمارەی لاپەڕە: ٥٣٤
- زنجیرەی گشتیی کتێب: (٨٢٦)
- تیراژ : ( ٧٥٠ ) دانە
- چاپ: چاپخانەی لەریا
- نرخ: (٦٠٠٠) دینار
- ژمارەی سپاردنی (٢٢٥٧)ی ساڵی ٢٠١١ی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**گردی ئەندازیاران- بەرامبەر کوردستانی نوێ**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩**

## سەرەتا

ئەمە چیرۆکی گەڕەکەکەمانە، یان ڕاستتر وایە چیرۆکەکانی گەڕەکەکەمانە، واقیعەکەیم نەدیبوو جگە دوا قۆناغی نەبێت، کە هاوچەرخی بووم، بەڵام وەکو گێڕەرەوەکان گێڕاویانەتەوە وەکو خۆی نووسیومن، کە زۆرن ئەو گێڕەرەوانەیش، هەموو ڕۆڵەکانی گەڕەکەکەمان ئەم چیرۆکانە دەگێڕنەوە، هەموو دەگێڕنەوە وەکو بیستوویانە لە چایخانەی گەڕەکەکەی خۆیان، یان چۆن نەوەکان گوێزاویانەتەوە، هیچ پشتێکم نییە جگە ئەو سەرچاوانە نەبێت، بۆنەیش زۆرە کە پێویستیان بەگێڕانەوەی چیرۆك هەیە، هەرکەسەو بەشبەحاڵی خۆی کە لە تەنگاوبوونیاندا ستەمی لێکرابوو، یان خراپەی لەگەڵدا کرابوو، ئاماژە بە خانووە گەورەکە دەکات، کە دەکەوێتە سەر کۆڵانەکە و ئەوسەری بەستراوە بە بیابانەکەوە، بە هەناسەساردییەوە دەیوت: (ئەمەماڵی باپیرەمانە، هەموومان لەپشتی ئەو بووین، وەقفەکانی شایستەی ئێمەیە. بۆ برسی بین و زووڵممان لێبکرێت؟). پاشان دەست بەگێڕانەوەی چیرۆکەکان دەکات و نموونەیش دەهێنێتەوە وەکو سەربردەی ئەدهەم و ڕەفاعە و قاسم لە کوڕانی گەڕەکەکەمان. ئەم باپیرەیەشمان بۆ خۆی لوغزێك بوو، هێندە بەتەمەن بوو لەسەرووی خواستی مرۆڤەوە بوو. نموونەیان بۆ تەمەن درێژییەکەی دەهێنایەوە، لە ماڵەکەیدا خۆی گۆشەگیر کردبوو، لەوەتەی گۆشەگیربوو کەس نەیدیبوو، چیرۆکی گۆشەگیرییەکەی و گەورەییەکەی ئەقڵی سەرسووڕماو کردبوو، لەوانەیە خەیاڵ یان



مەبەستەکان لە دروستکردنی دەوریان هەبووبێت، بەهەرحاڵ ناوی (جەبەلاوی) بوو، گەڕەکەکەشی هەر بەناوی ئەوەوە بوو. ئەو خاوەنی وەقفەکانی و هەموو کەسێك بوو لەسەر زەوییەکەی و ئەو خانووبەرانەی کە چۆڵەوانییەکە دەوری داون. جارێکیان گوێم لێبوو پیاوێك دەیوت (ئەو ڕەچەڵەکی گەڕەکەکەمانە و گەڕەکەکەشمان ڕەچەڵەکی میسری دایکی دنیایە. بەتەنیا ژیاوە، کاتێ چۆڵەوانییەکی وێران بووە، پاشان بەهێزی بازووی خۆی و پایەی لەلای والی بوو بە خاوەنی. پیاوێك بوو زەمان وەکو ئەوی تێدا هەڵناکەوێت، شەقاوەیەك بوو دڕندەکان بە ناوهێنانی ئەترەشیان دەچوو. گوێم لە یەکێکی دیکە بوو کە دەیوت: (بەڕاستی شەقاوە(*) بوو، بەڵام وەکو شەقاوەکانی دیکە خاوەی لە کەس وەرنەدەگرت، فیز زل نەبوو، دڵی بە هەژاران دەسووتا). پاشان سەردەمێك هات کەس بە باشی باسیان نەدەکرد، کە شایانی پلەوپایەی ئەو نەبوو، ئەمەیە حاڵی دنیا. هێشتا دەبینم قسەکردن لەبارەیەوە سەرنجڕاکێشە و لێی بێزار نابێت. چەند ئەوە هانی دەدام کە بەدەوری خانووەکەیدا بسووڕێمەوە، بەڵکو ئەمە چاوێکم پێی بکەوێت، بەڵام بێسوود بوو، چەندجار لەبەر دەرگا گەورەکەی دەوەستام و سەیری ئەو تیمساحە مۆمیاکراوەم دەکرد کە لە بەرزایی دانرابوو، چەند لە بیابانی (موقەتەم) دادەنیشتم، کە دوور نەبوو لە شوورەکەی، هیچم لێوە دیارنەبوو، جگە سەری دارتووەکان و جمێز و دارخورماکان نەبێ کە لە حەوشەکەدا بوون. پەنجەرەکانی داخرابوون، لەوە نەدەچوو کە ژیانی تێدابێت، ئایا ئەوە خەفەت نییە کە باپیرەیەکی ئاوهامان هەبێت و نەیبینین و نەمانبینێت؟ ئایا سەیرنییە کە ئەو لەم خانووە گەورەیەدا بژی و ئێمەش لەناو تۆز و خۆڵین؟! ئەگەر پرسیارت کردبایە کەچی ئەو و ئێمەی گەیاندە ئەم حاڵە، یەکسەر گوێت لە چیرۆکەکان دەبوو، هیچی ئەوتۆت دەست نەدەکەوت کە سنگ فێنك بکاتەوە و ئەقڵیش هێورکاتەوە. وتم لەوەتەی گۆشەگیر بووە کەس چاوی پێ نەکەوتووە، ئەمەیش لەلای زۆرینەی خەڵکی گوێ پێ نەدراو بوو، هەر لە سەرەتاوە کەس گوێی بە مەسەلەکە نەدەدا، جگە وەقفەکانی و (دە) مەرجەکەی نەبێت کە قسەوباس لەبارەیانەوە زۆر بوون. ئا لێرەوە ناکۆکی لە گەڕەکەکەماندا دروست ببوو، لەوەتەی لەدایك ببووم، ئەوەبوو مەترسییەکەی نەوە لەدوای نەوە تەشەنەی دەکرد تا ئەمڕۆ و سبەیش. باسی ئەو گاڵتەجاڕییە تاڵە ناکەم، کاتێ ئاماژە دەکەم بۆ ئەو خزمایەتییەی کە ڕۆڵەکانی گەڕەکەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هێشتا یەك خێزان بووین و غەریبەیەك نەهاتبووە ناومان. هەریەکێك هەموو دانیشتووانی گەڕەکەکەی

یەك بەیەك بە ژن و پیاوەوە دەناسی، سەرەڕای ئەوەیش ناكۆكی توونـدمان نـەدیبوو، وەكـو ئەوەی ئێستا، ناكۆكی جیاوازی نییە لەنێوان ڕۆڵەكانیدا وەكو لەنێوانماندا هەیە. بەرامبەر هەر چاكەخوازێك دەبینین دەكەس تێلاّ بەرز دەكەنەوە بۆ شەڕ، تا خـەڵكی ڕاهـاتبوون كـە سەلامەتی بەخاوە بكرن، ئاسایش بەملكەچی و ریسوایی، تووشی سزای توونـد دەبـوون بـۆ بچووكترین زەلەی زمان، تووشی سزای توونـد دەبوون بـۆ بیركردنەوەیـەك، ئەگـەر كەسـێك زمانی لێبدایە. لەوە سەیرتر كە گەڕەكەكانی دەوروبەرمان وەكو: عەتووف و كەفر زەغاری و دەڕاسە و حوسەینییە بەخیلیان بە وەقفەكانی گەڕەكەكـەمان و پیـاوە ئازاكـانی دەبـرد. دەیانوت گەڕەكێكی قایمە و وەقفەكانی خێروبێریان زۆرە و شەقاوەكانیشی كەس دەرەقەتیان نایەت. ئەم هەمووە ڕاستە، بەلاّم نەیاندەزانی ئێمە وەكو سـواڵكەر دەژیـین، لـەناو خـۆڵ و خاشاك و لەناو مێش و ئەسپێدا دەژین، بە لەتـە نـان قەناعـەت دەكـەین، بـە جەسـتەی ڕووتەوە تەقەللا دەدەین، دەبینین ئـەو شـەقاوانە لەسـەر سـنگمان خۆیـان بـادەدەن، هـیچ دڵخۆشییەكمان نییە، تەنها ئەوە نەبێت كە سەیری خانووە گەورەكە بكـەین و بـە خـەم و هەناسەساردییەوە بڵێین: (جەبەلاوی لێرە نشـتەجێیە، خـاوەنی وەقفـەكان، ئـەو باپیرەیـە و ئێمەش نەوەكانین). دوا سەردەمی ژیانی گەڕەكەكەمان بینـی و هاوچـەرخی ڕووداوەكـانی بووم كە (عەرەفە) كوڕی گەڕەكەكەمان پاڵی پێوەنان بۆ بوون. پیـاوەتیش بـۆ یـەكێك لـە برادەرەكانی عەرەفە دەگەڕێتەوە كە چیرۆكەكانی گەڕەكەكەمانی تۆمـار كردبـوو، چـونكە ڕۆژێكیان پێی وتم: (تۆ لەو كەسە كەمانـەی كـە دەزانـن بنووسـن، بۆچـی چـیرۆكەكانی گەڕەكەمان نانووسیتەوە؟ بە ناپووختەیی دەگێڕدرێنەوە، دەگەڕێنـەوە بـۆ حـەز و ئـارەزووی گێڕەرەوەكان و دابەشبوونیان، باشتروایە بەئەمانەتەوە تۆمـار بكرێـت و وەكـو یەكەیـەكی تۆكمە، تابتوانرێت سوودیان لێ وەربگیرێت. هەرچی هەواڵ و نهێنیت بوێ دەتدەمێ). خـۆم چالاك كرد بۆ جێبەجێكردنی بیرۆكەكـە، لەلایەكـەوە قەناعـەتم بـە لـەباربوونی و لەبـەر خۆشەویستی ئەو كەسەی كە پێشـنیازی كـرد، لەلایـەكی دیكـەوە، یەكـەم كـەس بـووم لەگەڕەكەكەماندا كە نووسینم كرد بەپیشە، سەرەڕای ئەوەی تووشی سووكایەتی پێكردن و گاڵتەپێكردن دەبووم، ئەركی من ئەوە بوو ئەرزوحاڵ و سكالاّ بۆ زووڵم لێكـراوان و خـاوەن پێویستییەكان بنووسم، ئەوەندە زووڵم لێكراو هەبوون كە دەهاتن بۆ لام لە گەڕەكەمانـدا، بۆیە ئاستی ئیشەكەم بەرز نەكردەوە بۆ سـەرووتری ئاسـتی سـواڵكەرانی گەڕەكەكـەمان. هێندە نهێنی خەڵك و خەمەكانیانم زانی، تا دڵـم تـەنگ بـوو بۆیـان بـەداخ بـووم، بـەلاّم



لەسەرەخۆ، من لەبارەی خۆمەوە نانووسم نە لەبارەی ناخۆشییەكانم، ناخۆشییەكانم سـووكن ئەگەر بەراوردی بكەیت بە ناخۆشییەكانی گەڕەكەكەمان، گەڕەكـە سـەیرەكەمان خـاوەنی ڕووداوی سەیرە، چۆن بووە؟ لە مەسەلەكەیدا چییە و كوڕانی گەڕەكەكەمان كێن؟...(*)

# ئەدهەم



-١-

شوێنی گەڕەکەکەمان چۆڵەوانی بوو، بەدەم بیابانی (موقەتەم)ەوە بوو کە لە ئاسۆدا وەستاوە. چۆڵەوانییەکە هیچی لێ نەبوو تەنها ئەو خانووە گەورەیەی نەبێت کە (جەبەلاوی) دروستی کردبوو، وەکو بڵێی بەوە تەحەدای ترس و تەنیایی و ڕێگرەکانی پێدەکرد. شوورایەکی گەورەی بەرزی هەبوو، دەوری مەودایەکی پانی دابوو، نیوەی ڕۆژئاوای باخچەبوو، ڕۆژهەڵاتی خانووەکەیش لە سێ نهۆم پێکهاتبوو، ڕۆژێکیان خاوەن وەقفەکە بانگی کوڕەکانی کرد بۆ دیوەخانەکەی خوارەوە، کە بەدەم پەرژینی باخچەکەوە بوو، هەموویان هاتن، ئیدریس و عەباس و ڕەزوان و جەلیل و ئەدهەم. دیشداشەی ئاوریشمیان لەبەربوو، بەڕێزەوە لە بەردەمی وەستان. ڕووبەڕوو سەیریان نەدەکرد تەنها لەژێرەوە نەبێت، فەرمانی پێدان کە دانیشن، لەسەر کورسییەکانی دەوری دانیشتن، تۆزێك بە چاوەتیژەکانی دەتوت کە چاوی هەڵۆن پشکنینی، پاشان هەڵساو بەرەو دەرگای پەرژینەکە ڕۆیشت. لە ناوەڕاستی دەرگا گەورەکە وەستا و تەماشای باخچە پان و بەرینەکەی کرد، کە پڕبوو لە دارتوو و جمێز و دارخورما، ئەملاو ئەولاکانی بە دارخەنە و یاسەمین ببووە کەپر، لەسەر لقەکان چۆلەکە بەجریوەجریو هەڵدەقونانەوە، باخچەکە پڕبوو لە ژیان و خوێندن، کەچی دیوەخانەکە کپ بوو.

براکان وای بۆ چوون کە شەقاوەکانی چۆڵەوانییەکان ئەوانیان لەبیرچووەتەوە، وا دیاربوو بە درێژیی و پانی خولڤاوێك بوو لە سەرووی بنیادەمەکانەوە بوو، لە هەسارەیەکی دیکە هاتبووە خوارێ، نیگای بەرپرسیارییان لەگەڵ یەکدی گۆڕییەوە، ئەمە پیشەی بوو، ئەگەر مەسەلەیەکی ترسناکی بڕیار بدایە. ئەوەی کە نیگەرانی کردبوو لە ماڵەوە زاڵم بوو وەکو چۆن لە چۆڵەوانییەکە زاڵم بوو، هەروەها بەرامبەر ئەوانیش هەر وابوو. بێ ئەوەی لە جێگاکەی خۆی هەڵسێت، بە دەنگێکی گڕ و قووڵ وتی کە لەهەیوانەکەدا دەنگیدایەوە، کە دیوارە بەرزەکانی لەودیوی پەردە و تەنافەکانەوە ون ببوون:

- پێم باشە یەکێکی دیکە وەقفەکە بەڕێوەبەرێت...

جارێکی دیکە سەروچاوی پشکنین، بەڵام سەروچاویان هیچی نەدەنواند. بەڕێوەبەرایەتی وەقفەکە خەڵکانێکی لەخشتە دەبرد کە حەزیان لە دەسبەتاڵیی و ڕۆحسووکی و بەرەڵایی گەنجانەیە، سەرباری ئەوەیش ئیدریس برا گەورەیە ئەو کاندیدی سرووشتییە بۆ ئەو پلەیە،

کەسیان نەیاندەپرسی کەچی لەوێ ڕوودەدات. ئیدریس لەبەر خۆیەوە وتی: (ئای چ ئەرکێکە، ئەم بیرکردنەوانە سنووریان نییە، ئەم کرێچییانەیش هیچوپووچن).

بەڵام جەبەلاوی هەڵیدایە:

- من ئەدهەمی براتانم هەڵبژاردووە بۆئەوەی کە وەقفەکە بەڕێوەبەرێت لەژێر سەرپەشتیاری خۆمدا...

سەروچاوەکان ڕەچاوی ئەو کتوپڕییان نەدەکرد، بەخێرایی و ورووژانەوە سەیری یەکدییان دەکرد، تەنها ئەدهەم نەبێت لەبەر شەرم و شڵەژان چاوی هەڵنەبڕی، جەبەلاوی پشتی تێکردن و بەبێ بایەخەوە وتی:

- بۆیە بانگێشتم کردن...

لەناوەوەی ئیدریس دا تووڕەییەك تەقییەوە، لەبەر توونديی بەرگریکردنەکەی دەتوت مەستە، براکانی بە ئیحراجەوە سەیریان کرد، هەر یەکێکیان- بێگومان جگە لە ئەدهەم- بە ناڕەزاییەکی بێدەنگ بۆ ڕەتکردنی ئیدریس، کە ڕەتکردنێکی دووجار بوو بۆیان، بەڵام ئیدریس بە دەنگی هێمن وەك بڵێی لە جەستەیەکی دیکەوە دەهاتە دەرەوە، وتی:

- بەڵام باوکە...

باوکی بەساردیی قسەکەی پێ بڕی و ئاوڕی لێیان داوە:

- بەڵام؟!

چاویان داخست بۆئەوەی چی لەدەروونیاندا هەیە نەیخوێنێتەوە، تەنها ئیدریس بەسووربوونەوە وتی...

- بەڵام من براگەورەم...

جەبەلاوی بەبێزارییەوە وتی:

- وابزانم ئەوە دەزانم، من تۆم هێناوە.

ئیدریس وتی و گەرمایی تووڕەییەکەی لەبەرزبوونەوەدا بوو:

- براگەورە هەقی خۆی هەیە و قووت نادرێت جگە لەبەرهۆیەك نەبێت...

کابراکە بە نیگایەکی درێژەوە تەماشای کرد، وەك بڵێی دەرفەتێکی چاکی دەدایە بۆئەوەی تەگبیری مەسەلەکەی خۆی بکات و وتی:

- بۆتانی تەئکید دەکەم کە بەرژەوەندیی هەمووانم لەبەرچاو گرتووە...



ئیدریس بە پشوویەکی ڕۆچووەوە زللەیەکی لێدرا. ئەو دەزانێت کە باوکی چەند بە بەرگریکردن قەڵس دەبێت، دەشبێت ڕەچاوی گورزی توندتر بکات ئەگەر هات و لەسەری ڕۆیشت، بەڵام تووڕەیی بواری نەدا تەگبیری ئەنجامەکانی بکات، چەند هەنگاوێك چووە پێشەوە، خەریك بوو بە ئەدهەمەوە بنووسێت. وەکو کەڵەشێر بە پەرداخی خۆی گیڤ کردەوە بۆئەوەی بۆ چاوەکان جیاوازیی قەبارە و ڕەنگ و ڕازاوەیی ڕابگەیەنێت، لەنێوان خۆی براکەیدا، قسە لە زاری هاتە دەرەوە وەك چۆن پریشکی تف لە کاتی پژمیندا بە ناڕێکی دەردەپەڕێت:

- من و براکانم کوڕی (هانم)ین باشترین ژنە، بەڵام ئەمە کوڕی کەنیزەیەکی ڕەشە.

ئەدهەم ڕەنگە ئەسمەرەکەی زەردهەڵگەڕا، بێ ئەوەی جووڵە بکات، لەپڕێکدا جەبەلاوی دەستی هەڵبڕی، بەدەم و دوویەکی هەڕەشەوە وتی:

- ئیدریس بەئەدەب بە...

بەڵام ئیدریس زریانی تووڕەیی شێت و هار دەیهێنا و دەیبرد و وتی:

- ئەو لە هەمووشمان بچووکترە، هۆیەکم بدەرێ کە بۆمی ڕاستکەیتەوە کە سەردەمی ئێمە سەردەمی خزمەتکار و کۆیلە نییە...

- زمانت ببڕە ئەی جاهیل بەزەییت بەخۆتدا بێتەوە.

- سەربڕینم پێ خۆشترە لە ناهەقی.

ڕەزوان، ڕووە و باوکی سەری هەڵبڕی و بەنەرمییەکی بزەدارەوە وتی:

- ئێمە هەموومان کوڕی تۆین، مافی خۆمانە خەمبارین ئەگەر تۆ لێمان ڕازی نەبیت. بەهەرحاڵ مەسەلەکە لەلای تۆیە، مەبەستی ویستی ئێمە ئەوەیە کە هۆیەکەی بزانین...

جەبەلاوی لە ئیدریسەوە گۆڕی بۆ ڕەزوان، تووڕەییەکەی کەوی دەکرد بۆ هەمان مەبەست، وتی:

- ئەدهەم شارەزای ڕەوشتی کرێچییەکانە، زۆریان بەناو دەناسێت، پاشان ئەو نووسین و حیساب دەزانێت.

ئیدریس لە قسەکەی باوکی سەری سوورما هەروەها براکانیشی. کەی حیسابگرەوە سیفەت بووە کە مرۆڤ پێی بە باشتر دابنرێت؟ چوونە حوجرەیش خەسڵەتێکی دیکەیە؟!

ئایا دایکی ئەدهەم دەینارده حوجره، ئەگەر لە دنیای شەقاوەییدا سەرکەوتووبووایە؟!

ئیدریس بەگاڵتەوە پرسی:

- ئەم هۆیانە بەسە بۆئەوەی پاکانەی ئەو ڕیسواییەیان پێ بدرێتەوە؟

- جەبەلاوی بەبێزاریی بەرەو ڕووی ئاماژەی دا وتی:

- ئەمە ئیرادەی منە، تۆیش دەبێت گوێڕایەڵ و ملکەچی بیت...

کابراکە ئاوڕێکی توندی بەرەو براکانی ئیدریس دایەوە و پرسی:

- چی دەڵێن؟...

عەباس تەحەمولی نیگاکەی باوکی نەکرد، بەمۆنییەوە وتی:

- گوێڕایەڵ و ملکەچین.

جەلیل خێرا چاوی داگرت و وتی:

- باوکە ئەمر دەکەیت.

ڕەزوان تفە وشکەکەی قووت داو وتی:

- بەسەر چاو و بەسەر سەر...

ئەو دەمە ئیدریس پێکەنینێکی تووڕە پێکەنی و سەروچاوی گرژ بوو تا ڕادەی نابووتی و هەڵیدایێ:

- هەی ترسنۆکەکان، جگە لەم دۆڕانە ڕیسوایە هیچی دیکەم لێ چاوەڕوان نەدەکردن، کوڕی کەنیزەڕەشەکە بەترس بەسەرتاندا زاڵە.

جەبەلاوی هەردووچاوی کە هەڕەشەیان لێ دەفڕی دانی بەیەکەوە و وتی:

- ئیدریس!

بەڵام ئەویش کە تووڕەیی ڕەگوڕیشەی ئەقڵی هەڵکێشابوو، وتی:

- ئای کە چ باوکێکی، پیاوی شەقاوەی ئازات خستووەتەوە، نەیاندەزانی هیچ بن جگە شەقاوەی زۆردار نەبێت، ئێمە کوڕانی تۆین هەروەکو قوربانییە زۆرەکانت مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەیت.

جەبەلاوی بەدوو هەنگاوی هێواش وەکو بازدان نزیك بووەوە و بەدەنگی نزم و ڕەنگ و ڕووە گرژەکەی شەڕی لێ دەبووەوە، وتی:

- زمانت ببڕە...

بەڵام ئیدریس لە هاوارەکەی بەردەوام بوو، وتی:



- نامترسێنی، خۆت دەزانی من ناترسم، ئەگەر بتەوێت کوڕی کەنیزەکە بەسەرمدا بسەپێنیت، قەت گوێت لێ نابێت بڵێم بەسەر چاوان و ملکەچتم.

- هەی نەگریس نازانی ڕکابەریی ئەنجامەکەی چییە؟

- ئەوەی بەڕاستی نەگریسە کوڕی کەنیزەکەیە...

کابراکە دەنگی بەرز و گڕ بوو وتی:

- هەی سەرسەری ئەوە ژنی منە، بە ئەدەب بە ئەگینا لەگەڵ زەویدا تەختت دەکەم...

براکان ترسیان لێ نیشت و یەکەمیان ئەدهەم بوو، چونکە دەیانزانی کە باوکیان چەند بەزەبروزەنگە، بەڵام ئیدریس هێندە تووڕە ببوو بۆیە هەستی بە مەترسییەکە نەدەکرد، وەکو بڵێی شێتە و پەلاماری ئاگرێکی بەکڵپە دەدات، وتی:

- تۆ ڕقت لێمە، ئەمەم نەدەزانیت، بەڵام بێگومان ڕقت لێمە، دیاریشە کەنیزەکە وای لێ کردوویت ڕقت لێمان بێت، ئەی ئاغای چۆڵەوانییەکە و خاوەن وەقفەکان و شەقاوەکان، بەڵام کەنیزەکە توانی گەمەت پێ بکات، سبەینێ خەڵکی باست دەکەن بەهەموو عاجباتییەکەوە، ئەی ئاغای چۆڵەوانییەکە...

- نەگریس پێم وتی زمانت ببڕە...

- لەبەر ئەدهەم جنێوم پێ مەدە، قوڕی زەویش ئەوەی ناوێت و نەعلەتی لێ دەکات، بڕیارە سەیرەکەت دەمانکاتە قسەو باسی گەڕەك و گوزەرەکان...

جەبەلاوی هاواری کرد بە دەنگێك لە باخچە و ژووری ژنانیش گوێی کاس دەکرد:

- لەبەرچاوم دوورکەوەرەوە...

- ئەمەماڵی خۆمە و دایکمی لێیە، خانمی ماڵەکەیە بەبێ ڕکابەر...

- لەمڕۆ بەدواوە هەتا هەتایە بەچاو نایبینیت...

سەرچاوە گەورەکە بۆر داگەڕا بەئاوی نیل دەچوو لە کاتی لافاودا. خاوەنەکەی وەکو دامەزراوێك بۆی جولا، مشتی وەکو بەردی ئەستێ گرمۆڵە کرد، هەموو پێیان وابوو ئیدریس تەواو بوو. ئەمەیش مەرگەساتێکی نوێی مەرگەساتەکانە کە ئەم خانووە کپە بینیوویەتی، چەند خانمی بەحەیا و حورمەت بە وشەیەك بوونە سواڵکەرێکی بەدبەخت، چەندین پیاو دوای ماوەیەکی درێژ خزمەت بەجێیانهێشت و لەسەر پشتە ڕووتەکانیان شوێنی قامچیان هەڵگرتبوو، ئەو قامچیانەی کە چواردەوریان قوڕقوشم بوو، خوێن لە دەم و لووتیان دەڕژا. ئەو چاو لێبوونەی کە لەکاتی لێ ڕازیبووندا هەموانی دەگرتەوە،

شەفاعەتی کەسی نەدەکرد ئەگەر لێی تووڕە بوونایە، هەموو دڵنیابوون کە ئیدریس تەواو بوو، جەبەلاوی دوو هەنگاوی دیکە چووە پێشەوە و دەیوت:

- نە تۆ کوڕی منی و نە منیش باوکی تۆم، نە ئەم ماڵەیش ماڵی تۆیە، نە دایکتی لێیە و نە برا و نە دەست و پێوەند، زەوییەکی پان و بەرینت لەبەردەمدایە و برۆ تووڕەیی و نەعلەتی منت لەگەڵدا بێت، ڕۆژگاریش ڕاستی قەدری خۆت تێ دەگەیەنێت، کاتێ سەرگەردان و بێبەش دەبێت لە سۆز و سەرپەرشتیم.

ئیدریسیش قاچی کێشا بە فەرشە فارسییەکەوە و هاواری کرد:

- ئەمە ماڵی خۆمە و بەجێی ناهێڵم.

باوکی پەلاماری دا بێ ئەوەی خۆی لێ بپارێزێت، بە هەردوو چنگی لە هەردوو شانی وەکو گوشێنەرێك گرتی، دایە پێش خۆی و ئەویدیکە پاشەکشەی دەکرد. دەرگای پەرژینەکەیان تێپەڕکرد و لە پەیژەکە چوونە خوارەوە و ئیدریس هەڵدەنووت، پاشان لە ڕێپێڵگەکە ڕەتی کرد کە پڕە لە گوڵ و دارخەنە و تا دەرگا گەورەکە بە یاسەمین ڕاخرابوو، پاڵی پێوەنا بۆ دەرەوە و دەرگاکەی داخست. بە دەنگێك هاواری کرد کە هەرکەسێك لەو ماڵە بووایە گوێی لێبوو:

- قوڕ بەسەر ئەوەی ڕێگای دەدات بێتەوە یان یارمەتی بدات بۆ ئەوە...

سەری بەرەو پەنجەرە داخراوەکانی ژووری ژنان بەرزکردەوە و جارێکی دیکە هاواری کرد:

- سێ بەسێ تەڵاقی کەوتبێت هەر ژنێك جورئەتی ئەوە بکات.

-٢-

لەو ڕۆژە خەمۆکییەوە و ئیدی ئەدهەم هەموو ڕۆژێك دەچوو بۆ بەڕێوەبەرایەتی وەقفەکە، لەو هەیوانەی کە دەکەوتە لای ڕاستی دەرگای خانووە گەورەکەوە. بەگوڕ کاری دەکرد بۆ وەرگرتنی کرێی خانووبەرەکان و دابەشکردنی بەشی موستەحەقەکان و پێشکەشکردنی حیسابیش بە باوکی، لە مامەڵەکردنی لەگەڵ کرێچییەکاندا قسە خۆش و بە سیاسەت بوو، لێی ڕازیبوون هەرچەندێ ئەوان شەڕەنگێز و دڕبوون. مەرجەکانی خاوەن وەقفەکە نهێنی بوو تەنها باوکەکە دەیزانی، هەڵبژاردنی ئەدهەم بۆ بەڕێوەبردنی ترسی نایەوە، کە ئەمە وەکو پێشینەیەك وابێت تا ببێتە سەر وەسییەت، ئەوەی ڕاستی بێت بەر لەو ڕۆژە هیچی ئەوتۆی لێ دیارنەکەوتبوو کە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ کوڕەکانیدا



لایەنگیر بووبێت، براکان لە ئارامی و تەباییدا ژیان لە سایەی ترسی باوکەکە و دادپەروەرییەکەیدا. تەنانەت -ئیدریس-یش سەرەڕای بەهێزیی و جوانیی و زیادەڕۆیی لە یاریکردنی، بەر لەو ڕۆژە هیچ خراپەیەکی لەگەڵ براکانیدا نەکردبوو، گەنجێکی خوارده و خۆشمەشرەب بوو مایەی خۆشەویستی و ئیعجاب بوو. لەوانەیە هەرچوار براکە هەستێکی جیاوازیان لەلا بووبێت لەنێوان خۆیان و ئەدهەمدا، بەڵام هیچ کامیان ئەوەی ئاشکرا نەکردبوو، نە لە ئاماژەیەکداو نە لە ڕەوشتێکدا بۆنی ئەوەیان لێ نەکرابوو. دیاربوو ئەدهەم لە هەموویان زیاتر هەستی بەو جیاوازییە کردبوو. دەشێ زۆر بەراوردی کردبێت لەنێوان ڕەنگی گەشی ئەوان و ڕەنگی ئەسمەری خۆیدا، لەنێوان هێزی ئەوان و هێزی خۆیدا، لەنێوان خانەدانیی دایکیان و ناخانەدانیی دایکی خۆیدا، لەوانەیە لەبەر ئەوە تووشی خەمێکی کپ و ئێشێکی شاراوە بووبێت، بەڵام کەشی ماڵەکە پڕ بوو لە بۆن و بەرامەی گوڵ و گوڵزار، ملکەچی هێزی باوکەکە و داناییەکەی، ڕێگەی نەدابوو کە هەستێکی خراپ لە دەروونیدا جێگیر ببێت، بۆیە بە دڵ و ئەقڵسافی گەورە بوو. ئەدهەم بەرلەوەی بڕوا بۆ بەڕێوەبەرایەتی وەقفەکە:

- دایکە پیرۆزم کە، ئەم ئیشەی کە پێیان سپاردووم تاقیکردنەوەیەکی سەختە بۆ من و بۆ تۆیش...

دایکەکە بە داواکردنەوە وتی:

- با کوڕەکەم موەفەقی سێبەری سەر سەرت بێت. تۆ کوڕێکی چاکی و چاکانیش ئاخرخێربن...

ئەدهەم ڕۆیشت بۆ نووسینگەکە لە پەرژینەکە و باخچەکە و لەودیوی پەنجەرەکانەوە چاوەکان سەیریان دەکرد و لەسەر کورسی بەڕێوەبەری وەقفەکە دانیشت و دەستبەکار بوو، ئیشەکە ترسناکترین چالاکی مرۆڤانە بوو لەو پارچە بیابانەی نێوان موقەتەم لەلای ڕۆژهەڵاتەوە و قاهیرەی کۆن لەلای ڕۆژئاواوە، ئەدهەم سەرڕاستی کردبووە دروشمی خۆی، هەر میلیمێکی لە دەفتەرەکەدا لە مێژووی وەقفەکەدا بۆ یەکەمجار تۆمارکرد، مووچەی براکانی بە ئەدەبێکەوە دەدا، کە تاڵی ڕق و کینەی لەبیر دەبردنەوە، پاشان داهاتەکەی دەبرد بۆ باوکی، ڕۆژێکیان باوکی لێی پرسی:

- ئەدهەم ئیشەکە چۆن دەبینیت؟

ئەدهەم بە ملکەچییەوە وتی:

- مادامیێکی بە منت سپاردووە، مەزنترین شتە لە ژیانمدا.

سەروچاوە مەزنەکە بەشووش بوو، سەرەڕای زەبروزەنگەکەی، ئاوازی پیاهەڵدان ڕۆحسووکی دەکرد، ئەدهەم حەزی بە دانیشتنی بوو، هەر کە لەگەڵیدا دانیشتبایە بە نیگای ئیعجاب و خۆشەویستییەوە لەژێرەوە سەیری دەکرد. چەند بەختەوەر دەبوو کە گوێ لە قسەکانی بگرێت، کاتێك چیرۆکی زەمانی زووی بۆ خۆی و براکانی دەگێڕایەوە، هەروەها سەرچڵییەکانی شەقاوەیەتی و لاوێتی، هەر کە لەو دەوروبەرە تێلا ترسناکەکەی ڕابوەشانەیە و هەر جێگایەك پێی بخستایە سەری داگیری دەکرد. دوای دەرکردنی ئیدریس ئاسایی عەباس و ڕەزوان و جەلیل لە کۆبوونەوەکەی سەربان مانەوە، نانیان خوارد و خواردیانەوە و قوماریان دەکرد، بەڵام ئەدهەم پێی خۆش بوو تەنها لە باخچەکە دابنیشێت، هەر لە زووەوە ئاشقی باخچەکە بوو، ئاشقی نایش بوو، ئەو خووە لە گەڵیدا بوو تا دوای ئەویش کە کاروباری وەقفەکەیان پێ ڕاسپارد، ئەگەرچی سەرجەم کاتەکەی داگیر نەکردبوو، هەر کە لە ئیشەکەی دەبووەوە لە وەقفەکە لە قەراغ جۆگاکە فەرشێکی ڕادەخست و پشتی دەدا بە دارخورماکەوە، یان بە سوورەچنارێکەوە، یان لەژێر کەپری یاسەمینەکە ڕادەکشا و تەماشای چۆلەکەکانی دەکرد، چۆلەکەیەکی زۆریش بوو، یان چاودێریی کۆترەکانی دەکرد، کۆترەکانیش چەند جوان بوون، پاشان فووی بە نایەکدا دەکرد و لاسایی جریوەجریو و گمەو خوێندنی بوولبوولی دەکردەوە، کە لاسایکردنەوەکەیشی داهێنەرانەبوو، یان چاوی دەبڕیە ئاسمان لەنێو چڵەدارەکانەوە، ئاسمان چەند جوان بوو، (ڕەزوان)ی برای بەلایدا ڕەت بوو کە ئەو بەو حاڵە بوو، بە نیگایەکی گاڵتەجاڕیی سەیری کرد و وتی:

- چاك کاتی خۆت لە بەڕێوەبردنی وەقفەکەدا بەفیڕۆ دەدەیت...

ئەدهەم بە بزەوە وتی:

- ئەگەر بەزەییم بەتووڕەیی باوکمدا نەیەتەوە گازندەم لەلا دەکرد.

- با ئێمە سوپاسی بەخششی ئەم بۆشایە بکەین.

ئەدهەم بەسادەیی وتی:

- نۆشی گیانتان بێت...

ڕەزوان کە تووڕەییەکەی بە زەردەخەنە شاردەوە و لێی پرسی:

- دەتەوێت وەکو ئێمەت لێ بێت؟



- خۆشتر ئەوەیە کە ژیان لە باخچە و لەناویدا بەریتە سەر...

ڕەزوان بەتاڵییەوە وتی:

-ئیدریس دەیویست ئیش بکات...

ئەدهەم بەچاو لاکەلکردنەوە وتی:

- ئیدریس کاتی ئیشکردنی نەبوو، لەبەر هەندێ شتی تر تووڕە بوو، بەڵام بەختەوەریی ڕاستەقینە لەم باخچەیەدا دەیدۆزیتەوە...

هەرکە ڕەزوان ڕۆیشت ئەدهەم بەخۆی وت: ((باخچەکە و دانیشتووانەکانی دەخوێنن، ئاو و ئاسمان و ناخم خۆشنوودە، ئەمەیە ژیانی ڕاستەقینە، وەك بڵێی تەقەلا دەدەم بەگەڕان بەدوای شتێکەوە، ئەم شتە چییە؟ هەندێ جار نایەکە وەڵام دەداتەوە، بەڵام پرسیارەکە بێ وەڵام دەمێنێتەوە. ئەوە چۆلەکەیە بە زمانەکەی من قسە بکات، ئەوا دڵم پڕ دەبوو لەڕاستی. ئەستێرە درەوشاوەکانیش قسەی خۆیان هەیە، بەڵام وەرگرتنی کرێکان نەشازێکی نێو ئاوازەکانە. ئەدهەم ڕۆژێکیان وەستابوو سەیری سێبەرەکەی خۆی دەکرد لەسەر ڕێپێڵگەکە لەناو گوڵەکاندا، بەڵام لەپڕ سێبەرێکی دیکە لە سێبەرەکەیەوە درێژبووەوە، ئاماژەی کەسێکی دەدا لە پێچەکەی پشتییەوە دەهات، سێبەرە تازەکە وەکو بڵێی لەجێی پەراسووەکانی دەهاتە دەرەوە، هەر کە ئاوڕی دواوەی دایەوە، کیژێکی ئەسمەری بەرچاو کەوت، خەریك بوو دەگەڕایەوە، هەر کە ئەوی بینی، ئاماژەی پێدا بوەستێت، ئەویش وەستا، زۆر لە کیژەکە وردبووەوە، پاشان بەنەرمیی لێی پرسی:

- تۆ کێیت؟

کیژەکەیش بە دەنگێکی لاڵە پەتەوە وەڵامیدایەوە:

- ئومەیمە...

ناوی کەنیزەیەکی خزمی دایکی بوو، هەورەکو دایکی بەر لەوەی شوو بکات بەباوکی.

بەلای کیژەکەدا زیاتر چەمایەوە و لێی پرسی:

- چی تۆی هێنا بۆ باخچەکە؟

چاوی تررووکاند و وەڵامیدایەوە:

- وامزانی چۆڵە...

- بەڵام ئەمە بۆ ئێوە حەرام بوو...

بە دەنگێکی بەزەحمەتەوە دەبیسترا، وتی:

- گەورەم هەڵەم کرد...

گەڕایەوە دواوە تا لەودیو پێچەکە لەچاو ون بوو، پاشان دەنگی پێی خێرا هاتە گوێی، بەڵام لەبەر خۆیەوە ورتەورتێکی لێوە هات ((چ کابرایەکی سوێری!)) هەستی کرد لەم ساتەدا هەرگیز نەچووەتە نێو خوڵقاوەکانی باخچەکەوە، گوڵ و یاسەمین و مێخەك و چۆلەکە و کۆتر هەمان یەك ئاوازن، بەخۆی وت: ((ئومەیمە جوانە، تەنانەت دوو لێوە ئەستوورەکەیش جوانن، هەموو براکانم ژنیان هێناوە، جگە ئیدریسی خۆ بەزلزان نەبێت، چەند ڕەنگی بەڕەنگی من دەچێت. دیمەنی سێبەرەکەی چەند جوان بوو کە لەسەر سێبەرەکەم ڕاخرابوو، وەکو بڵێی بەشێك بوو لە ئارەزوو شڵەقاوەکەم، کەواتە باوکم گاڵتە بە هەڵبژاردنەکەم ناکات، ئەگینا خۆی چۆن دایکمی خواست؟!)).

-٣-

ئەدهەم بە دڵێکی پڕ لە جوانیی ئاڵۆزی وەکو بۆن و بەرامە گەڕایەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی وەقفەکە، زۆر هەوڵیدا بە حیسابەکەی ئەو ڕۆژەدا بچێتەوە، بەڵام لە پەرەی ئەقڵیدا لە کچە ئەسمەرەکە هیچی دیکەی نەبینی، بەلاشییەوە سەیر نەبوو کە (ئومەیمە) بۆ یەکەمجار ببینێت، ژنان لەمماڵەدا وەکو ئەندامانی هەناو وان، خاوەنەکەی بەو شێوەیە دەیانناسێت و لەسایەی ئەواندا دەژی، بەڵام بێ ئەوەی بیانبینێت، ئەدهەم خۆی دایە دەستی تەوژمی بیرکردنەوە گوڵینەکانییەوە تا بە دەنگی گرمەیەکی نزیك، وەکو بڵێی لە نووسینگەکەدا تەقییەوە لێی هاتە دەرەوە و هاواری کرد:

- من لێرەم، لە چۆڵەوانییەکە ئەی جەبەلاوی، هەموو بەنەعلەت بن، نەعلەت بێ لە سەری ژن و پیاوان، تەحەدای ئەو کەسە دەکەم کە قسەکەمی بەدڵ نییە، گوێت لێمە جەبەلاوی؟

ئەدهەم بانگی کرد (ئیدریس)، لە نووسینگەکە چووە دەرەوە بۆ باخچەکە، بینی (ڕەزوان)ی برای بە پەشۆکاوییەکی دیارەوە بەرەو ڕووی دەڕۆیشت، پێشی کەوت و وتی:

- ئیدریس سەرخۆشە، لە پەنجەرەکەوە بینیم لەنگەری تێکچووبوو هێندە سەرخۆش بوو، چ ڕیسوایەك قەدەر بۆ خانەوادەکانی هەڵگرتووە؟!

ئەدهەم ئازار پیچی دەدا و وتی:

- برام لە داخان دڵم خەریکە دەتەقێت...



- چی بکەین؟ کارەساتەکە هەڕەشەمان لێدەکات.

-برام نابینی دەبێت بۆ مەسەلەکە قسە لەگەڵ باوکماندا بکەین؟...

ڕەزوان چارەی دایە یەکەوە و وتی:

- باوکت بە مەسەلەکە تاوتوێ ناکات، دەبێت ئەم حاڵەتەی ئیدریسیش هێندەی دیکە تووڕەییەکەی زیاد بکات بەرامبەری...

ئەدهەم بەخەمۆکییەوە ورتەورتێکی لێوەهات:

- هەر لەم خەمانەم کەم بوو، بەڵێ ژنان لە ژووری حەرەمسەرا دەگرین، جەلیل و عەباسیش لەبەر ناڕەحەتی هەڵکورماون، تەنها باوکمان لە ژوورەکەی خۆیەتی و کەسیش جورئەتی ئەوە ناکات توخنی کەوێت...

ئەدهەم بەنیگەرانییەوە پرسی و هەستی کرد بگرە و بەردەی قسەکە پاڵی پێوە دەنا بۆ تەنگژە:

- ئەی نابێت شتێك بکەین؟

- وادیارە هەر یەکێك لەئێمە دەیەوێت بەسەلامەتی بۆی دەرچێت، نەك هەڕەشە لە سەلامەتی بکات، وەکو بە هەرنرخێك بێت داوای بکات، بەڵام من ئەگەر زەوی و ئاسمان لەیەك بدەن موجازەفە بە پایەکەی خۆم ناکەم، بەڵام کەرامەتی خانەوادەکەمان ئێستا لەو خۆڵەدا دەگەوزێت، لە کراسەکەی ئیدریسدا...

- کەواتە بۆچی هاتی بۆلام؟!

بەڵام لە شەو و ڕۆژیکدا ئەدهەم هەڵگەڕایەوە و بووە قەلەڕەشی شووم و دەقیڕێنێت و هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- من لەم هەمووە بێ تاوانم، بەڵام ژیانم خۆش نابێت ئەگەر بێدەنگ بم...

ڕەزوان دەیویست بڕوا، وتی:

- هۆکاری خۆت هەیە کە دەتوانیت کاری پێ بکەیت.

گەڕایەوە و ڕۆیشت، ئەدهەم بەتەنیا مایەوە و ئەم ڕستەیە لە گوێکەکانیدا دووبارە دەبووەوە: ((هۆکاری خۆت هەیە)) بەڵێ، ئەو بێ ئەوەی تاوانێکی کردبێت، تاوانبارە. وەکو گۆزەیەك بکەوێت بەسەردا، چونکە با بەریدایەوە، هەرکەسێك بەداخبووایە بۆ ئیدریس، لەعنەتی ئەدهەمی دەکرد، ئەدهەم بەرەو دەرگاکە ملی نا کردییە و بە ئەسپایی چووە دەرەوە. بینی ئیدریس دوور نەبوو بەدەوری خۆیدا لەتری دەدا، دوو چاوی خواروخێچی

دەگێڕا، قژەکەی گڤ ببوو، گیرفانی دیشداشەکەی لە مووی سنگی تووند ببوو، هەر کە چاوی بە ئەدهەم کەوت، پەلاماری دا وەکو بڵێی پشیلەیە و مشکی بینیوە، بەڵام سەرخۆشی پەکی خست، بەرەو زەوی نوشتایەوە و چنگی پڕکرد لە خۆڵ و گرتییە ئەدهەم و بەر سنگی کەوت و بەسەر عەباکەیدا پەرشوبڵاو بووەوە، ئەدهەم بەنەرمی بانگی کرد:

- برام...

ئیدریس بەدەم لەتردانەوە نەڕانی:

- لاڵ بە هەی سەگی کوڕی سەگ، نە تۆ برامی و نە باوکت باوکمە، با خانووەکە بەسەرتاندا کاول بکەم...

ئەدهەم بە ڕۆحسووکییەوە وتی:

- بگرە تۆ خواردەتری لەم ماڵە و میرخاستری...

ئیدریس بەدەم دایە قاقای پێکەنین نەك بە دڵ و هاواری کرد:

- بۆچی هاتووی کوڕی کەنیزەکە؟ بگەڕێوە بۆ لای دایکت و بیهێنە خوارەوە بۆ ژووری کارەکەرەکان...

- ئەدهەم بێ ئەوەی ڕۆحسووکییەکەی بگۆڕێت، وتی:

- خۆت مەدە دەستی تووڕەییەوە، دەرگاش بەڕووی ئەوانەدا دامەخە کە خێری تۆیان دەوێت...

ئیدریس دەستی هەڵبڕی و بە وروژاوییەوە هاواری کرد:

- ئەو ماڵە بەنەعلەت بێت کە کەس تێدا دڵنیا نییە جگە لە ترسنۆکەکان نەبێت، پارووی سەرشۆڕیی لێدەدەن و ئەو کەسە دەپەرستن کە زەلیلی کردوون، ناگەڕێمەوە بۆ ماڵێك تۆ سەرۆکی بیت، بە باوکت بڵێی من لەو چۆڵەوانییەدا دەژیم کە ئەو لێوەی هاتووە، منیش وەکو ئەو بوومە ڕێگر و بەدمەست و گوناهباری خوێڕی، لە هەموو شوێنێکدا ئاماژەم بۆ دەکەن کە تێدا گەندەڵی پیادە بکەم و دەڵێن: (کوڕی جەبەلاوی)یە، بەمەیش لەخوڵتان دەگەوزێنم ئەی ئەوانەی کە خۆتان بە ئاغا دەزانن، کەچی دزیشن...

ئەدهەم لێی پاڕایەوە و وتی:

- برام وەرەوە سەر خۆت، لۆمەی خۆت بکە لەسەر هەر وشەیەك کە دەبێت لۆمە بکرێت، ڕێگا لەبەردەم تۆدا دانەخراوە ئەگەر خۆت داینەخەیت، بەڵێنت دەدەمێ کە هەموو شتێکی باش بگەڕێتەوە شوێنی خۆی...



ئیدریس بەزەحمەت هەنگاوی بەرەو ڕووی نا، وەك بڵێی باوەزێك دەیگەڕاندەوە، وتی:

- بە چ هێزێك بەڵێنم دەدەیتێ ئەی کوڕی کەنیزە؟

بە وریاییەوە چاوی تێبڕی و وتی:

- بەهێزی برایەتی!

- برایەتی! فڕێی دەدەمە یەکەم ئاودەسەوە کە دێتەڕێم... ئەدهەم بە ئازارەوە وتی:

- لەمەوبەر لە جوانیی زیاتر هیچم لە تۆوە نەبیستووە...

- زۆرداریی باوکت هەقی پێ درکاندم...

- حەزناکەم خەڵك بەم حاڵەوە بتبینن...

ئیدریس پێکەنینێکی بەدمەستانەی دەرپەڕاند و هاواری کرد:

- هەموو ڕۆژێك لەمە خراپتر دەمبینن، شوورەیی و ڕیسوایی و تاوان لەسەر دەستی من یەخەتان دەگرێت، باوکت بێ شەرمانە دەریکردم با تەحەمولی ئەنجامەکەی بکات.

خۆی هەڵدا بەرەو ئەدهەم ئەویش بەبێ دوودڵی لە شوێنەکەی خۆی لادا. ئیدریس خەریك بوو بکەوێتە سەر زەوی، ئەگەر خۆی بەدیوارەکەوە نەگرتبایە، لە تووڕەییدا هەناسەکە هەناسکی بوو، تەماشای زەوییەکەی دەکرد بۆ بەردێك دەگەڕا، ئەدهەم بە ئەسپایی بەرەو دەرگاکە گەڕایەوە و چووە ژوورەوە. چاوەکانی پڕبوون لە خەم. هاواری ئیدریس هێشتا دەنگی دەدایەوە، هەر کە بەرەو پەرژینەکە ئاوڕی دایەوە، لە دەرگاکەوە چاوی کەوت بە باوکی کە بە هەیوانەکەدا ڕەت دەبوو، بەرەو لای چوو، ئەو نەیزانی، بە دوو چاو کە هیچیان نەدەدرکاند تەماشای کرد. بە باڵا بەرز و ناوشانە پانەکەیەوە بەرامبەر وێنەی ئەو میحرابە وەستابوو، کە لە دیواری پشتەوەی هەیوانەکە نەخش کرابوو. ئەدهەم سەری نەوی کرد و وتی:

- سڵاوتان لێبێت...

جەبەلاوی بە نیگایەکی قووڵ لێی ورد بووەوە، پاشان بە دەنگێك کە ڕۆچووە ناخی دڵییەوە، وتی:

- ئەوەی کە بۆی هاتووی بیڵا...

ئەدهەم بە دەنگێکی چپەوە وتی:

- باوکە، ئیدریسی برام...

باوکەکە وەکو لێدانی چەکوشێك بە بەردێکدا قسەکەی پێ بڕی:

- ناوی ئەو لەبەردەم مندا مەهێنە...

پاشان کاتێ دەچووە ژوورەوە:

- برۆ بۆلای ئیشەکەی خۆت.

-٤-

ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەو پارچە چۆڵەوانییەدا بەدوای یەکدا دەهاتن، ئیدریس لە گەرمەی شەقاوەیەتیدا تەراتێنی دەکرد. هەموو ڕۆژێك لە کتێبەکەیدا گەمژەیەکی نوێی تۆمار دەکرد. بەدەوری ماڵەکەدا دەسووڕایەوە و ناشیرینترین جنێوی پێ دەدا، یان لەنزیك دەرگاکە دادەنیشت، بەڕووتی وەکو چۆن لەدایك ببوو، وەك بڵێی خۆی دەدایە بەر خۆر، بێ شەرمترین گۆرانی دەوت، بەلووتبەرزیی شەقاوەکانەوە لە گەڕەکە نزیکەکاندا پیاسەی دەکرد، بەنیگا هێرشبەرەکانی تەحەدای هەموو ڕێبوارێکی دەکرد، هەرکەسێك ڕێگەی پێ گرتبایە، پەلاماری دەدا، خەڵکی بەتووڕەیی خۆیان لێی لادەدا، بەچپەوە دەیانوت (کوڕی جەبەلاوی)یە، خەمخواردنی نەبووە، بەئاسانی دەستی درێژ دەکرد بۆ هەر خواردنێك لەهەر شوێنێك بووایە، لە چێشتخانە یان لەسەر خواردنێك لەهەر شوێنێك بووایە، لە چێشتخانە یان لەسەر گالیسکە بێت، دەخوات تا تێر دەبێت، پاشان بەبێ سوپاس لێی دەداو دەڕۆیشت، یان بێ ئەوەی حیسابی پارە لەگەڵ کەسدا بکات. ئەگەریش حەزی لە بەدمەستیی بووایە، خۆی دەکرد بە یەکەم مەیخانەدا کە تووشی هاتبایە، (بوزە) یان دەدایە تا سەرخۆش دەبوو، پاشان زمانی وەکو نافورە دەکرایەوە و نهێنییەکانی خانەوادەکەی و سەیروسەمەرەکانی دەردەپەڕاند، هەروەها دابونەریتە پڕوپووچەکانیان و ترسنۆیەکە ئابڕووبەرانەکەی. ورووژانەکەی بەرامبەر بەباوکی بوو، زۆرداری ئەو هەموو گەڕەکانە، پاشان دەچووە سەروایەکەوە کە نقوومی پێکەنین دەبوو، ئەگەر پێویستی کردبایە گۆرانی دەوت و سەمای دەکرد، خۆشییەکەی تەواو دەبوو ئەگەر شەوچەرەکەی بەشەڕ کۆتایی بهاتبایە، پاشان بەسڵاوکردنەوە دەڕۆیشت، لە هەموو جێگایەك بەم سەربردەیە ناوبانگی هەبوو، خەڵکی تابیانتوانیبا خۆیان لێی دەپاراست، تەسلیمی مەسەلەکەی ببوون، وەکو بڵێی کارەساتێکە لە کارەساتەکانی زەمانە، خانەوادەکەیش بەشی خەم و خەفەتی خۆی بەرکەوت لەوە. دایکی (ئیدریس)یش خەم دایگرت و پەکیکەوت و کەوتە سەرەمەرگ. جەبەلاوی هات بۆلای بۆئەوەی ماڵئاوایی لێ بکات،



ژنەکەیش بەدەستە ساغەکەی بەرەو ڕووی ئاماژەی کرد بە نارەزاییکردن و خەم و تووڕەییەوە ڕۆحی دەرچوو، وەکو دەزووی جاڵجاڵۆکە خەم خانەوادەکەی داپۆشی، ڕابواردنی براکان لە سەربانەکە وەستا، نایەکەی (ئەدهەم)یش لە باخچەکە بێدەنگ بوو. ڕۆژێکیان باوکەکە لە تووڕەییەکی ئاسنیندا تەقییەوە و جارێکیان ژنێك بووە قوربانی، چونکە دەنگی بەرزکردبووەوە و نەعلەتی لە (نەرگز)ی کارەکەر کردبوو لە ماڵ دەریکردبوو. لە هەمان ڕۆژدا زانرا کە نیشانەی سکپڕیی لە ژنەکەی دەرکەوتبوو، بڕیاردرا تا ئەوەی سەلمێنرا کە ئیدریس بەر لەوەی دەریبکەن، دەستدرێژیی کردبووە سەری، ((نەرگز)) بەدەم هاتوهاوار و ڕوومەتڕنینەوە ماڵەکەی بەجێهێشت، بەدرێژایی ڕۆژ سەرگەردان بوو، تا ئیدریس دۆزییەوە بەبێ بەخێرهێنانی و بەبێ وشکی خستییە تەك خۆی، چونکە لەکاتی پێویستدا بەبێ سوود نەبوو...

هەر کارەساتێك ڕوویدابایە دەبوو ڕۆژێك تۆمار بکرابایە. بۆیە ژیان لە ماڵە گەورەکەدا گەڕایەوە ڕێڕەوی باوی خۆی، هەروەکو چۆن خەڵکی لەدوای بوومەلەرزە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان، دوای ئەوەی ناچاری کردبوون لێی هەڵبێن. هەروەها ڕەزوان و عەباس و جەلیل-یش گەڕانەوە بۆ سیمیناری سەربانەکە. هەروەها (ئەدهەم)یش گەڕایەوە بۆ شەوچەرەی باخچەکە و نایەکەی دەلاواند و ئەویش دەیلاواند... دەیبینی (ئومەیمە) بیری ڕووناك دەکاتەوە و هەستەکانی فێنك دەکاتەوە، وێنەی سێبەرە لەئامێزگرتووەکەی سێبەرەکەی بەڕوونی لە مێشکیدا وێنا دەکێشێت، چوو بۆ لای دایکی لە ژوورەکەی خۆی شاڵی دەچنی، لای دانیشت، چی لە دڵیدا بوو پێی وت، تا وتی:

- دایکە، ئەوە ئومەیمەیە، خزمی خۆتە...

دایکە کە کزە بزەیەکی بۆ کرد، نیشانەی ئەوە بوو کە خۆشی هەواڵەکە نەیتوانی بەسەر سەختیی نەخۆشییەکەیدا زاڵ بێت، وتی:

- بەڵێ، ئەدهەم کچێکی چاکە بۆ تۆ دەشێ وەکو تۆیش بۆ ئەو دەشێیت، پەنا بە یەزدان بەختەوەرت دەکات.

هەر کە خۆشی لە سەروچاوی کوڕەکە بەدی کرد، یەکسەر وتی:

- کوڕم نابێت هێندە نازی بدەیتێ نەبا ژیانت تێکبدات، لەگەڵ باوکتدا قسە دەکەم، بەڵکو نەوەکەت دەبینم بەرلەوەی بمرم...

هەر کە جەبەلاوی بانگی کرد بۆئەوەی چاوی پێ بکەوێت، بینی بزەیەکی خۆشی هاتێ تا بەخۆی وت: ((هیچ شتێك بەرامبەر توندیی باوکم نییە، تەنها بەزەییەکەی نەبێت)).

باوکەکە وتی:

- ئەوەتا ئەدهەم تۆ داوای ژن دەکەیت، ڕۆژگار چەند خێرایە، لەمماڵەدا ڕقیان لە بەستزمانەکان دەبێتەوە، بەڵام بەهەڵبژاردنت بۆ (ئومەیمە) ڕێز لە دایکت دەگرێت، بەڵکو نەوەیەکی ساڵح بخەیتەوە. ئیدریس لەدەست چوو، عەباس و جەلیلیش نەزۆکن، (ڕەزوان) تا ئەمڕۆ منداڵی بۆ نەماوە، هیچیان شتێکیان نەچووەتە سەر خۆم جگە کبریایان نەبێت، بۆیە ئەم ماڵە لە نەوەکەت پڕکە، ئەگینا تەمەنم بەفیڕۆ دەڕوات...

زەماوەندەکەی ئەدهەم کە لە گەڕەکەکەدا بێوێنە بوو، تا ئێستایش بووەتە مایەی باس و نموونە لە گەڕەکەماندا، ئەو شەوە چراکان هەڵواسران بەچڵی دارەکانەوە و لەسەر شوورەکە، تاوای لێهات ماڵەکە بووە دەریاچەیەکی ڕووناکی لەنێو چۆڵەوانییەکی تاریکدا... لە سەربان کەپر کرابوو بۆ گۆرانیبێژ و ژنە گۆرانیبێژەکان، خوانی خواردن و خواردنەوەی ڕاخران لە هەیوان و باخچە و ئەو چۆڵەوانییەی کە بەدەم دەرگای خانووە گەورەکەوە بوو. زەماوەندەکەی ئەدهەم لەدوای نیوەشەودا گەیشتە ئەوپەڕی جوانی، هەموو کەوتنەڕێ ئەوانەی (جەبەلاوی)یان خۆش دەویست یان لێی دەترسان تا هەموو ڕێکخران، ئەدهەم بە دیشداشەیەکی ئاوریشم و سوخمەیەکی نەخشراوەوە لەنێوان عەباس و جەلیل-دا خۆی بادەدا، (ڕەزوان)یش لەپێشەوە دەڕۆیشت، بەڕاست و چەپدا مۆم و گوڵ هەڵگرەکان بوون، کۆمەڵێکی گەورەی سروودبێژ و سەماکەر کەوتبوونە پێشی کەژاوەکە، دەنگی گۆرانی بەرزبووەوە، پاشانناڵەی گۆرانیبێژان و سڵاوکردنی ئەوانەی موعجیبی جەبەلاوی و ئەدهەم بوون، تا گەڕەکەکە بەئاگاهاتەوە و هەلهەلێدان دەنگی دەدایەوە، گەژاوەکە بە (جەمالیەو عەتووف و کەفر زەغاری و موبەیزەدا) سووڕایەوە، سڵاوی بەسەردا دەباری، تەنانەت لە شەقاوەکانیشەوە، ئەوەی هەڵدەپەڕی هەڵدەپەڕی، ئەوەی سەمای دەکرد، سەمای دەکرد، مەیخانەکان بە خۆڕایی (بوزە)یان دەبەخشانەوە، مێردمنداڵەکانیش سەرخۆش بوون، لەڕێگای کەژاوەکەدا مت و مور هەڵدەڕژان وەکو دیاریەك بۆ ئاهەنگگێڕان، کەشەکە پڕبوو لە بۆنی کێف و هیندی. لەپڕێکدا ئیدریس وەکو ئەژدیهایەك بەدیارکەوت، لەوپەڕی ڕێگاوە لە تاریکیدا بەدەرکەوت لەو پێچە دەرکەوت کە دەهات بۆ چۆڵەوانییەکە، لەبەر ڕووناکیی چراکان کە لەپێشەوەی کەژاوەکە بوون، چرا



هەڵگرەکان لەڕێکردن وەستان و بەناوی ئیدریسەوە چرپەچرپ بڵاوبووەوە، سروودبێژەکان چاویان پێکەوت و ترس بەربینی گرتن و لە گۆرانیوتن وەستان، سەماکەرەکان چاویان پێی کەوت کەمەریان وشك بوو، لەپڕ زووڕناکان بێدەنگ بوون و دەهۆڵەکانیش کپ بوون و پێکەنینەکان ون بوون، زۆریان دەیانپرسی کە چی بکەن، ئەگەر بێدەنگ بوون بەدوورنابن لە ئەزییەت، ئەگەریش لێبدەن تەنها لە کوڕەکەی جەبەلاوی دەدەن. ئیدریس تێلاکەی بەرزکردەوە و هاواری کرد:

- ئەمە زەماوەندی کێیە ئەی هەرچی و پەرچییە ترسنۆکەکان؟

بێدەنگیی باڵی کێشا و ملەکان بەرەو ئەدهەم و براکانی درێژبوون، ئیدریس جارێکی دیکە پرسی:

- ئێوە کەی دۆستی کوڕی کەنیزەکە، یان برادەری باوکی بوون؟

ئەودەمە ((ڕەزوان)) چەند هەنگاوێك چووە پێشەوە و بانگی کرد و وتی:

- برام، باشتروایە لێ گەڕێیت زەماوەندەکە بەڕێوەچێت.

ئیدریس چارەی گرژکرد و هاواری کرد:

- ڕەزوان، تۆ دوا کەسیت دەبێت قسە بکەیت، تۆ برایەکی خائین و کوڕێکی ترسنۆکیت و زەلیلی خۆشیی ژیان بە کەرامەت و برایەتی دەکڕیت...

ڕەزوان بە بەزەییەوە وتی:

- کەس هەقی نییە بەسەر ناکۆکییەکانی ئێمەوە...

ئیدریس دایە قاقای پێکەنین، وتی:

- خەڵکی ئاگاداری سەرشۆڕیی ئێوە هەیە، ئەگەر ترسنۆکییە دێرینەکەیان نەبوایە، کەست نەدەبینی نە زووڕنا لێ بدات یان گۆرانی بڵێت...

ڕەزوان بە سووربوونێکی چەسپاوەوە وتی:

- باوکت براکەتی بە ئێمە سپاردووە، دەبێت بیپارێزین...

ئیدریس جارێکی دیکە وتی:

- بینیت کە تۆ بەرگریی لەخۆت دەکەیت، نەك لە کوڕی کەنیزەکە؟

- برام وریاییت لەکوێیە؟ تەنها بەدانایی دێیتەوە بۆ ماڵەکەت.

- تۆ درۆزنی، تۆ دەزانی درۆزنیت...

ڕەزوان بەخەمبارییەوە وتی:

- ئەوەی تایبەت بە منە، لۆمەت ناکەم، بەڵام لێگەڕێ با زەماوەندەکە بەسەلامەتیی بڕوات.

کەچی وەڵامەکەی ئەوە بوو وەکو گایەکی بەلەسە پەلاماری کەژاوەکەی دا.

تێلاکەی بەرزکردەوە و دایدەوەشێنێ گلۆپەکان دەشکێت و دەهۆڵەکان شەقیان برد و گوڵەکان پەرت و بڵاوبونەوە، خەڵکی لەترساندا هاتوهاواریان لێ هەڵسا، وەکو لمی بەر زریان ڕەزوان و عەباس و جەلیل لەبەردەم ئەدهەم قۆڵیان کرد بەیەکدا لەبەر زۆر تووڕەبوونی ئیدریس:

- ئەی خوێڕییەکان، بەرگریی لە کەسێك دەکەن لەترسی خۆراك و خواردنەوە...

پەلاماری دان، بەرەنگاری لێدانەکانی بونەوە بەتێلاکانی دەستیان بێ ئەوەی بەرپەرچی بدەنەوە و دەکشانەوە. لەپڕێکا خۆی تووڕەدەداتە نێوانیانەوە، ڕێگایەك دەکاتەوە بۆ شوێنەکەی ئەدهەم، هاتوهاوار لە پەنجەرەکانەوە بەرزبووەوە. ئەدهەم هاواری کرد و خۆی ئامادەکرد بۆ بەرگریکردن لە خۆی:

- ئیدریس. دوژمنی تۆ نیم، بگەڕێرەوە سەر ئەقڵی خۆت.

ئیدریس تێلاکەی بەرزکردەوە، لێرەدا یەکێك هاواری کرد ((جەبەلاوی)). ڕەزوان بانگی کرد و قسەی لەگەڵ ئیدریس-دا کرد:

- باوکت هات...

ئیدریس خۆی هەڵدا بۆ لاڕێکە و ئاوڕی دواوەی دایەوە و جەبەلاوی بینی، لەنێو خەرمانەیەکی خزمەتکاری شاپلیتە بەدەستەوە دەهات، ئیدریس دانەکانی خۆی بردە جیڕەوە و پاشان بەگاڵتەجاڕییەوە هاواری کرد:

- بەم نزیکانە نەوەیەکی زۆڵت بۆ دەخەمەوە بۆئەوەی چاوتی پێ ڕوون بێت...

بەرەو (جەمالیە) خۆی هەڵداو خەڵکەکە بۆ ئەمبەر و ئەوبەر ڕێیان دا جێگایان بۆی کردەوە، تا تاریکییەکە لوشی کرد. باوکەکە گەیشتە ئەو شوێنەی کە براکانی لێ وەستا بوون، لەژێر هەزاران چاودا کە سەیریان دەکرد خۆی وانیشاندا کە هێمنە، پاشان بەدەم و دوویەکی فەرماندانەوە وتی:

- با هەمووشتێ بگەڕێتەوە جێگای خۆی...

چرابەدەستەکان گەڕانەوە جێگاکانی خۆیان، دەهۆڵ لێدەران و زوڕناکان ژەنران، گۆرانیبێژەکان دەستیان بەگۆرانیوتن کرد، سەماکەرەکان دەستیان بەسەما کرد و



زەماوەندەکە دەستی پێکردەوە... ماڵەگەورەکە تا بەرەبەیان بە بەزم و خواردنەوە و گۆرانیوتن لە شەوچەرەدا بوون، هەر کە ئەدهەم چووە ئەو ژوورەی کە دەڕوانێتە سەر چۆڵەوانییەکە (موقەتەم)، بینی ئومەیمە بەتەنیشت ئاوێنەکەوە وەستاوە، هێشتا ڕووپۆشە سپییەکە دەموچاوی داپۆشیوە، سەرخۆش بوو خۆی بەپێوە نەدەگرت، لێی نزیکبووەوە و هەوڵی دەدا بەزۆر ئەعسابی خۆی بگرێت، ڕووپۆشەکەی لە سەروچاوی هەڵبڕی، بەجوانترین سەروچاو دەرکەوت، سەری نەوی کردووە تا دوولێوە گۆشتنەکەی ماچ کرد، پاشان بە زمانێکی سەرخۆشییەوە وتی:

- با هەموو خەمەکان ڕیسوابن مادامێکی تۆ باشترین کۆتاییت.

پاشان بەرەو نوێنەکە ملی نا، بە هەنگاوێکی ڕاست و بە هەنگاوێك لەتردانەوە، تا بەپانی لەسەر قەرەوێڵەکە ئەمدیو و ئەودیو ڕاکشا، (ئومەیمە)یش لە ئاوێنەدا سەیری وێنەکەی ئەوی دەکردو بە بەزەیی و سۆزەوە بزەی دەهاتێ...

-٥-

ئەدهەم بەختەوەرییەکی لە ئومەیمەدا بینی کە لەمەوبەر نەیدیبوو، لەبەر سادەیی خۆی بەختەوەریی خۆی ئاشکرا کرد بە قسە و بە هەڵسوکەوت تا بووە مایەی نووکتەبازیی براکانی. لەگەڵ تەواوبوونی هەر نوێژێکدا دەستەکانی پان دەکردەوە و دەیوت: ((سوپاس بۆ خاوەن بەرەکەت، بۆ ڕەزامەندیی باوکم سوپاس بۆی، بۆ خۆشەویستی ژنەکەم و سوپاس بۆی، بۆ ئەو پایەیەی کە پێمدراوە نەك بەوانەی لە من بەتواناترن سوپاس بۆ ئەو، بۆ باخچەکە و نایە ناسکەکە و سوپاس بۆ ئەو...)) هەر ژنێك: لە ژنانی ماڵە گەورەکە دەیوت ئومەیمە ژنێکی وریایە، مێردەکەی وەها بەخێو دەکات دەڵێی کوڕیەتی. خەزوورانی خۆشدەوێت و خزمەتیان دەکات تەنانەت نوێنەکانیشیان، زۆر بایەخ بەماڵەکەی دەدات وەك بڵێی پارچەیەکە لە جەستەی، بەڵام ئەدهەمی مێردی دڵی پڕ لە خۆشەویستی و خۆش مەعشەربوو، هەرچەنێ بەڕێوەبردنی وەقفەکە سەرقاڵی کردبوو لە بەشێکی لەمەوبەری گەمە بێوەیەکانی لە باخچەکەدا، ئیدی پاشماوەی ڕۆژەکەی بە خۆشەویستییەوە سەرقاڵ بوو، هێندە زۆری بۆ هێنابوو تا خۆی لەبیرچووەوە. ڕۆژەخۆشەکان بەدوای یەکدا دەهاتن، بەسەر ئەوەیشدا ڕەت دەبوو کە ڕەزوان و عەباس و جەلیل بەگاڵتەجاڕییەوە مەزەنەدەیان کردبوو، بەڵام ئەنجام خۆی کێشا بەو بێدەنگییە حەکیمەوە، وەکو چۆن ئاوی تاڤگەیەکی

هاژەکردووی کەفچڕ لە ڕووبارێکی مەنگدا کۆتایی دێت. پرسیارکردن بۆ دڵی ئەدهەم گەڕایەوە و شوێنی خۆی گرت. هەستی کرد ڕۆژگار لە چاوترووکاندنێکدا ڕەت نابێت، ڕۆژیش شەوی لەدوایە، ئەگەر موناجات تا کۆتا بەردەوام بوو، هیچ واتایەکی نامێنێت، باخچەکە یاریگەیەکی ڕاستگۆیە و نابێت بەجێی بهێڵێت، شتێکیش لەم بارەیەوە واتای ئەوە نییە کە دڵی لەلای ئومەیمە نەماوە، هێشتا لەناو دڵدایە، بەڵام ژیان قۆناغی هەیە مرۆڤ ناتوانێت تاقییان بکاتەوە جگە ڕۆژ بەڕۆژ نەبێت. گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی لەلای جۆگاکە و چاوێکی بەگوڵ و چۆلەکەکاندا گێڕاو سوپاسی کردن و داوای لێبووردنی کرد. لەپڕ ئومەیمە شوێنی کەوت و لەخۆشنوودیدا دەدرەوشایەوە، بەتەنیشتییەوە دانیشت و پێی وت:

- لە پەنجەرەکەوە تەماشام کرد بزانم بۆچی دواکەوتی، بۆچی لەگەڵ خۆتدا بانگت نەکردم؟

بە بزەیەکەوە وتی:

- ترسام ماندووت کەم...

- ماندووم دەکەیت؟ گەرچی ئەم باخچەیەم خۆش دەوێت، یەکەم چاوپێکەوتنمانت لەبیرە؟

لەدەستی گرت و سەری خستە سەر پوازی دارخورماکە و لە دووتۆی لقەکانەوە چاوی بڕییە ئاسمان، ژنەکە خۆشەویستیی خۆی بۆ باخچەکە دووپات کردەوە، هەر کە بچووایەتە نێو بێدەنگییەوە بۆی دووپات دەکردەوە. ڕقی لە بێدەنگیی بوو، بەقەد ئەوە کە باخچەکەی خۆش دەوێت، باسی ژیانی خۆی خۆشترین باس بوو، قەیناکە هەندێ لەسەر ڕاوەستان لە گرنگترین ڕووداوەکانی ماڵە گەورەکە. بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە ژنەکانی ڕەزوان و عەباس و جەلیلەوە هەیە، پاشان ژنەکە دەنگی بەرەو گلەیی گۆڕا و وتی:

- ئەدهەم تۆم لێ دیار نابیت؟

بە زەردەخەنەوە وتی:

- چۆن کە تۆ پڕ بەدڵمی!

- بەڵام گوێم لێ ناگریت...؟



ئەمە ڕاستە، گەرچی پێشوازیی لە هاتنی نەکرد و دڵیشی پێ تەنگ نەبوو. هەر کە ویستی ژنەکەی بگەڕێتەوە بەڕاستگۆیی گرتی. بەڕاستی ئەو هەستی دەکرد کە بەشێکە لە ئەو و لێی جیانابێتەوە. بەداوای لێبووردنەوە وتی:

- من ئەم باخچەیەم خۆش دەوێت، لە ژیانی ڕابردوومدا خۆشترین دانیشتنم هەبوو لێرەدا، لەوانەیە درەختە باڵابەرزەکانی و ئاوە چاوقرژاڵەکەی و چۆلەکە بەجریوەکانی بمناسن وەکو دەیانناسم، دەمەوێت خۆشەویستی خۆیان لەگەڵمدا دابەش بکەن، سەیری ئاسمانت کردووە لەنێوان لقەکانەوە چۆن دیارە؟

بۆ ساتێك ژنەکە چاوەکانی هەڵبڕی پاشان بە زەردەخەنەوە تەماشای ئەوی کرد وتی:

- بەڕاستی جوانە و شایانی ئەوەیشە کە جوانترین شتی ژیانت بێت.

لە قسەکەیدا گلەیی بەدی کرد بێ ئەوەی دەریببڕێت، بۆیە پێی وت:

- بگرە بەر لەوەی بتناسم هەروا بووە.

- ئەی ئێستا؟

بەسۆزەوە دەستی گوشی و وتی:

- جوانییەکانیان بەبێ تۆ تەواو نابێت.

چاوی لێ لاکەل کرد پێی وت:

- خۆشبەختانە ئەوان لێت ناگرن کە لای منی و ناچی بەلایاندا.

ئەدهەم پێکەنی و بەرەو خۆی ڕایکێشا تا ڕوومەتی نووساند بەلێوەکانییەوە، پاشان لێی پرسی:

- ئایا ئەم گوڵانە باشتر نییە بۆ ئاوڕدانەوەمان لەوەی کە باسی براژنەکانم بکەین؟

ئومەیمە بە بایەخەوە وتی:

- گوڵەکان جوانترن، بەڵام براژنەکانت دەربارەت واز لە قسەکردن ناهێنن، بەڕێوەبەرایەتی وەقفەکە، هەمیشە بەڕێوەبەرایەتییەکە، بڕوابوونی باوکت بەتۆ، لەمەوە دەستی پێدەکەن و لەمەدا ئامادەی دەکەن...

ئەدهەم چارەی گرژ کرد و لە باخچەکە بێئاگا بوو، بەتووڕەیی وتی:

- لە هیچیان کەم نییە...!

- بەڕاستی لێت دەترسم ببیت بەچاوەوە.

ئەدهەم بەتووڕەییەوە وتی:

- نەعلەت بێت لە وەقفەکە، ماندووی کردووم و دڵانی لێ یەشاندووم و ئیسراحەتی لە مێشکم بڕیوە، با بۆ دۆزەخ بڕوات.

ژنەکە پەنجەکانی خستە سەر دەمی پیاوەکەی و وتی:

- ئەدهەم بەنیعمەت کفر مەکە، بەڕێوەبەرایەتی وەقفەکە کارێکی ترسناکە. سوودێکی ئەوتۆی بەدواوەیە، بەخەیاڵدا نایەت.

- تا ئێستا هەر گێرمەوکێشەیە... مەرگەساتی ئیدریسمان بەسە.

ژنەکە بزەیەکی هاتێ، بەڵام بزەکەی لەخۆشیاندا نەبوو، بەڵکو بایەخێکی جیدی لە نیگاکانی بەدەرکەوتن و وتی:

- تەماشای ئایندەمان بکە وەکو چۆن تەماشای لقەکان و ئاسمان و چۆلەکەکان دەکەیت...

ئومەیمە، بەردەوام بوو لە بەشداریکردنی لە دانیشتنی باخچەکە. بەدەگمەن بێدەنگ دەبوو، بەڵام مێردەکەی لێی ڕاهات، وەکو چۆن ڕاهات بەنیوە ئاگاییەکەوە گوێی لێبگرێت، یان بەبێ ئەوەیش، لەکاتی پێویستدا نایەکەی دەگرتە دەستەوە و چ ئاوازێکی ویستبا لێی دەدا. توانی بەڕەزامەندییەکی تەواوە کە بڵێ هەموو شتێك جوانە. تەنانەت شەقاوەیەتییەکەی ئیدریس بووە شتێکی باو، بەڵام نەخۆشیی زۆری بۆ دایکی هێنابوو، ئێش و ئازارێکی وابوو کە لەمەوبەر نەیدیبوو، دڵی ئەوی ونجڕونجڕ دەکرد.

دایکی زۆرجار بانگی کردە لای خۆی و زۆر دوعای بۆ کرد، بە پاڕانەوەیەکی گەرمەوە وتی: (داوام لە خوایە کە لە بەدکاریی بتپارێزێت و ڕێگای ڕاستت پێ نیشاندات). لێی نەگەڕا بڕوات، بە نوزەنوز و قسەکردن و بیرهێنانەوە وەسیەتەکەی دەیهێنا و دەیبرد، تا لەسەر دەستەکانی گیانی دایە دەستەوە. ئەدهەم بۆی گریا، ئومەیمە بۆی گریا، (جەبەلاوی) هات و زۆر سەیر سەروچاوی ژنەکەی کرد و بەڕێزەوە درێژی کردەوە، لەچاوە تیژەکانیدا نیگایەکی خەمۆکی پڕ لە سۆز بەدیار کەوت.

خەریك بوو ئەدهەم بەرە بەرە دەگەڕایەوە سەر ژیانی ئاسایی، تا بەرەنگاری گۆڕانێکی کتوپڕی ئومەیمە بووەوە، هیچ دەرمانێکی نەبوو. ئیدی لەگەڵیدا لە دانیشتنی باخچە دابڕا، ئەوەی پێ خۆش نەبوو، هەورەکو هەندێ جار وای بۆ دەچوو، هەر کە نهێنیی دابڕانەکەی لێپرسی، چەندین بیانووی هێنایەوە وەکو ئیشوکار و یان ماندووبوون، سەرنجی ئەوەی دا پێی قەبوڵ نەبوو وا یەخەگیری بێت. ئەگەر ئەو بهاتبایە بۆلای، بەبێ سۆزێکی



ڕاستەقینە ڕووبەڕووی دەبووەوە، وەکو بڵێی موجامەلەی دەکات، وەك بڵێی موجامەلەکردنەکەی زەحمەت بێت و دەیپرسی چی لەوێدا هەیە، بەشتێکدا ڕەت بووە کە لەوە دەچێت، بەڵام خۆشەویستییەکەی خۆی ڕاگرت بۆی و بەسەریدا زاڵ بوو، دەیتوانی دڵڕەقی لەگەڵیدا بکات، هەندێجار حەزی دەکرد وای کردبایە، بەڵام تێشکان و ڕەنگزەردییەکەی و ئەدەب نوواندە زیادەکەی بەرامبەری ڕێگەی لێدەگرت، هەندێ جار خەمبار دیاربوو، هەندێجاریش سەرسوڕما بوو، جارێکیش لە چاوەکانی نیگایەکی پڕ ڕقی بەدیکرد، بە خۆی وت: (با تۆزێ لێی بەپشووبم، یان ئەوەتا حاڵی چاك دەبێت یان با بۆ هەزار موسیبەت بڕوات)).

چووە لای باوکی لە دیوەخانەکەی و حیسابی کۆتایی مانگی بۆ بردبوو، باوکی لێی وردبووەوە بێ ئەوەی بەدوایدا بچێ و لێی پرسی:

- چیتە؟

ئەدهەم بە سەرسووڕمانەوە بەرەو ڕووی سەری هەڵبڕی، وتی:

- هیچ نییە باوکە...

کابراکە چاوی کزکرد و ورتەورتێکی کرد:

- لەبارەی ئومەیمەوە قسەم بۆ بکە...

چاوەکانی لەبەردەم نیگا تیژەکەی باوکیدا شۆڕبوون و وتی:

- باشە، هەموو شتێ باشە.

- هیچ ناخۆشییەکتان بووە...

- هەرگیز...

جەبەلاوی بە ئاسوودەیی وتی و بزەیەکی هاتێ:

- ئەی جاهیل، ڕەحمی پێ بکە، ئەگەر بانگی نەکردیت لێی نزیك نەبیتەوە، بەم نزیکانە دەبیتە باوك...

-٦-

ئەدهەم لە بەڕێوەبەرایەتی وەقفەکە دانیشت، یەك لەدوای یەك پێشوازیی کرێچی نوێی خانووبەرەکانی دەکرد.

لە ڕیزێکدا وەستابوون، یەکەمیان لە بەردەمیدا بوو و کۆتاییەکەی لەلای نووسینگە گەورەکەوە بوو. هەر کە دوا کرێچی هات، ئەدهەم لێی پرسی بەپەلە و بێزاریی بێ ئەوەی سەری لەسەر دەفتەرەکە هەڵبڕێت:

- سەرکار ناوت چییە؟

دەنگێکی بۆ هات، وتی:

- ئیدریس جەبەلاوی.

ئەدهەم بەترسەوە سەری هەڵبڕی و بینی براکەی لەبەردەمیدا وەستاوە، پاشان بە هەڵمەتەوە هەستا بۆئەوەی بەرگریی لە خۆی بکات و بەوریاییەوە سەیری ئەوی کرد، بەڵام ئیدریس لە ڕواڵەتە نوێیەکەدا کەس ئاوها چاوی پێ نەکەوتبوو. پەرپووت دیاربوو، بێدەنگ، بێ فیز، سەروچاوی کەیل، بێوەی دیاربوو، وەکو جلێك وشکەوەبوو بێت دوای ئەوەی کرابێتە ئاوەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دیمەنە هەموو کۆنە قینێکی لە دڵی ئەدهەمدا لابرد، گەرچی لە سەلامەتی زۆر دڵنیا نەبوو، بە وریاییەکی پاڕانەوەئامێزەوە وتی:

- ئیدریس!

ئیدریس سەری نەوی کرد و بە نەرمییەکی سەیرەوە وتی:

- مەترسە، لەمماڵەدا تەنها میوانتم، ئەگەر بەخشندەیی ڕەوشتەکەت بمگرێتەوە.

ئەم قسە جوانە بەڕاستی لە ئیدریسەوە بوو! ئایا ئێش و ئازار تەمێی کردبوو؟

بەڕاستی دەستەوسانە خەمبارەکەی وەکو فاجیریەکەی وایە، ئەگینا میواندارییکردنی ئەو، ڕکابەریکردنی باوکی بوو؟ بەڵام ئەو بەبێ بانگێشتی ئەو هاتبوو. ئاماژەی بۆ کرد کە لەسەر کورسییەکی نزیك دانیشێ، پێکەوە دانیشتن بەشێوەیەکی سەیر تەماشای یەکدیان دەکرد، تا ئیدریس وتی:

- خۆم کردە ناو کۆمەڵی کرێچییەکانەوە تا بەتەنیا بتبینم.

ئەدهەم بە نیگەرانییەوە پرسی:

- کەس تۆی نەبینی؟

- کەس لە ماڵەوە منی نەبینی، لەوە دڵنیابە، نەهاتووم بۆئەوەی ئارامیت تێکبدەم، بەڵام پەنام هێناوەتە بەر لوتفەی ڕەوشتت.

ئەدهەم چاوی لێ لاکەل کرد، دڵگران بوو، خوێن بۆ سەروچاوی هەڵچوو، ئیدریس وتی:



- لەوانەیە بەلاتەوە سەیربێت کە گۆڕاوم، لەوانەشە بپرسی کە لەخۆبایی و قسە ڕەقییەکەی بۆ کوێ چووە، بزانە کە ئەشکەنجەی وەهام دیوە کە لە دەرەقەتی کەسدا نییە، سەرەڕای ئەوەیش ئەم هەڵوێستە لە کەس ناگرم تەنها بەرامبەر تۆ نەبێت، کەسی وەکو من کبریای خۆی لەبیر ناکات تەنها بەرامبەر خەڵکی باش نەبێت...

ئەدهە م ورتەورتێکی کرد و وتی:

- خوا بۆ من و بۆ تۆیشی سووك کرد، کە چەند چارەنووست ژیانی ناڕەحەت کردبووم و تێکیدابوو.

- دەبووایە ئەمەم یەکەمجار زانیبایە، بەڵام تووڕەیی شێتی کردبووم، مەی کەرامەتی پەرێشان کردبووم، پاشان ژیانی سەرگەردانیی و سەرسەرییەتی دوا نوزەی مرۆڤایەتی لەناوبردم، ئایا ڕەوشتی ئاوهات لە برای یەکەمت بەدی کردبوو؟!

- هەرگیز، بگرە برایەکی چاك و میرخاسترین مرۆڤ بوویت!

ئیدریس بە دەنگێکی بەئێشەوە وتی:

- خۆزگەم بەو ڕۆژانە، ئەمڕۆ جگە لە کەسێکی شەقیی هیچی دیکەنیم، لە چۆڵەوانییەکە وێڵم و ژنێکی سکپڕ بەدوای خۆمدا ڕادەکێشم، بۆ کوێ بڕۆم تێر نەعلەتم دەکەن، ڕزقی خۆم بە حەرام و شەڕەنگێزیی پەیدا دەکەم...

- برام تۆ دڵم پارە پارە دەکەیت...

- ئەدهەم ببوورە، بەڵام ئەمە خووی من بوو کە هەر لە زووەوە هەمبووە، کە منداڵ بوویت بە دەستەکانم هەڵم نەگرتووی، منداڵ و هەرزەکاریتم نەدیوە و چاکی و ڕەوشتە باشەکانتم پێ نەزانیوە؟ نەعلەت لە تووڕەیی بێ لەکوێ بێ دەسووتێنێ...

- برام نەعلەتێکی هەتا هەتاییە...

ئیدریس هەناسەیەکی هەڵکێشا کە قسەی دەکرد وەك بڵێی قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات:

- زۆر خراپەم لەگەڵ کردوویت، ئەو بەدکارییەی تووشی هاتم و ئەوەی کە تووشم دێت لەو سزایە کەمترە کە شایانمە...

- خوا کارت ئاسان کات، دەزانی هەرگیز بۆ گەڕانەوەت بێ ئومێد نەبووم. تەنانەت لە کاتی تووڕەیی باوکیشماندا، وێرام لەبارەی تۆوە قسەی لەگەڵدا بکەم...

ئیدریس بزەیەکی هاتێ و دانەکانی دەرکەوتن و زەردی و پیسییان پێوە نووسابوو، وتی:

- منیش وام بە خۆم وت، وتم ئەگەر ئومێدێك هەبێت بۆ پیاچوونەوەی باوکم جگە لە تۆوە لە کەسی دیکەوە نایەت.

ئەدهەم هەر کە قسەی دەکرد چاوەکانی دەبریسکانەوە:

- لە ڕۆحە بەخشندەکەت دیاریی بەدیدەکەم، ئایا کاتی ئەوە نەهاتوو بۆئەوەی دەربارەی مەسەلەکە لەگەڵ باوکماندا قسە بکەین؟

ئیدریس بە نائومێدییەوە سەرە گڤەکەی ڕاوەشاند و وتی:

- کەسێك بە ڕۆژێك لە تۆ گەورەتر بێت، ساڵێك لە تۆ زیاتر دەزانێت، منیش دە ساڵ لە تۆ گەورەترم، نەك ساڵێك، بزانە باوکمان لە هەموو شتێك دەبوورێت تەنها لەوە نەبێت کە سووکایەتیی پێکردووە، باوکت دوای ئەوەی کە بوو، لێم خۆش نابێت، هیچ هیوایەکم بە گەڕانەوە نییە بۆ ماڵە گەورەکە...

لەوەی کە ئیدریس وتی گومانی تێدا نییە، ئەمەیش زیاتر ئیحراجی کرد و دڵی تەنگ کرد، بە خەمۆکییەوە ورتەورتێکی لێوەهات:

- چیم لە دەست دێت بۆتی بکەم؟

ئیدریس جارێکی دیکە بزەی هاتێ و وتی:

- بیر لە یارمەتی پارە مەکەرەوە، دڵنیام لە دەستپاکیت وەکو بەڕێوەبەری وەقفەکە، ئەگەر بتەوێت دەستی یارمەتیم بۆ درێژکەیت، ئەوەیش لە پارەی خۆت دەبێت، منیش ئەوە قبووڵ ناکەم، تۆ ئەمڕۆ مێردی و سبەینێ باوکی، نەهاتووم لەبەر هەژاریی بگرە هاتووم بۆئەوەی پەشیمانیی خۆم ڕابگەیەنم لەوەی کە لە منەوە بەرامبەرت ڕوویدا، بۆئەوەی دڵنەواییت بگێڕمەوە، پاشان داوایەکم لێت هەیە.

ئەدهەم بەبایەخ و پرسیارەوە تەماشای کرد:

- پێم بڵێ برام داواکەت چییە؟

ئیدریس سەری لە براکەی نزیك کردەوە وەك بڵێی دەترسا دیوارەکان گوێیان لێبێت، وتی:

- دەمەوێت لە ئایندەم دڵنیابم دوای ئەوەی هەنووکەم دۆڕاند، منیش وەکو تۆ دەبمە باوك، چارەنووسی نەوەکەم چی دەبێت؟

- لە ئۆغرت دام بە هەرچییەك کە بتوانم...

ئیدریس بە سوپاسەوە دەستی خستە سەرشانی ئەدهەم و وتی:



- دەمەوێت بزانم ئایا باوکم لە میرات بێبەشی کردووم؟

- چۆن بزانم، بەڵام ئەگەر لەڕای من بپرسی...

ئیدریس بە نیگەرانییەوە قسەی پێ بڕی:

- پرسیاری ڕای تۆ ناکەم، بەڵام پرسیاری ڕای باوکت دەکەم...

- وەکو دەزانی ئەوەی لە مێشکیدایە بە کەسی ناڵێت.

- ئەدهەم بێ ئەوەی قسە بکات سەرێکی ڕاوەشاند، ئیدریس سەرلەنوێ وتی:

- هەموو شتێ لە حوجەتنامەی وەقفەکەدایە...

- نازانم، وەکو دەزانی لە ماڵەکەماندا کەس هیچی لەبارەوە نازانێت و ئیشەکەیشم لە بەڕێوەبەرایەتییەکە بەتەواویی لەژێر چاودێریی باوکمدایە...

ئیدریس بە چاوێکی خەمبارەوە سەیری کرد و وتی:

حوجەتنامەکە لە جەڵدێکی گەورەدایە، لە منداڵیدا چاوم پێکەوتووە و لە باوکم پرسی- ئەوسا کە سۆمای چاوان بووم- پێی وتم هەموو شتێکی لەبارەمانەوە تێدایە؟، ئیدی باسی ئەوەمان نەکردەوە. کاتێ ویستم لەبارەی هەندێ شتییەوە لێی بپرسم، ڕێگەی پێ نەدام. بێگومان ئێستا تێیدا بڕیاری چارەنووسم دراوە...

ئەدهەم هەستی کرد لە سووچێکی تەسکدا ڕاپێچ کراوە و وتی:

- خوا دەیزانێت.

- لەو خەڵوەتەیە کە بەدەم دیوەخانەکەی باوکتەوەیە، بێگومان دەرگا بچووکەکەیت دیوە لە کۆتایی دیواری لای چەپەوە. دەرگایەکی هەمیشە داخراوە، بەڵام کلیلەکەی خراوەتە سندووقێکی زیوی بچووکەوە، لە دەرگای دۆڵابە نزیکەکەی لای نوێنەکە، بەڵام جەڵدە گەورەکە لەسەر مێزێکە لە کونجێکی تەسکدایە...

ئەدهەم دوو بڕۆ تەنکەکەی بە بێزارییەوە هەڵبڕی و ورتەورتێکی لێوەهات:

- چیت دەوێت؟

ئیدریس بە هەناسە هەڵکێشانەوە وتی:

- ئەگەر ئاسوودەیی مێشکم مابێت لەم دنیایەدا، ئەوەیش بارمتەی زانینی ئەوەیە کە لەحوجەتنامەکەدا تۆمارکراوە...

ئەدهەم بەترسەوە وتی:

- بەڕاشکاویی دەڵێم خۆشترە کە لەبارەی دە مەرجەکەوە لێی بپرسم!

- وەڵام ناداتەوە و تووڕەش دەبێت، لەوانەیە خراپ لێت حاڵی بێت، یان هۆی ڕاستەقینەی دوا پرسیارت بزانێت و تووڕەبێت، چەند پێم ناخۆشە بڕوایی باوکت بدۆڕێنێت، لەبەرئەوەی چاکەم لەگەڵدا دەکەیت. بێگومان ئەو نایەوێت کە دە مەرجەکەی بڵاوبێتەوە، ئەگەر ئەوەی ویستبایە هەموومان دەمانزانی، هیچ ڕێگایەکی ئەمین نییە بۆ حوجەتنامەکە تەنها ئەو ڕێگایە نەبێت کە بۆت باسکردم، لە دەمەو بەیاندا زۆر ئاسانە کاتێ باوکت لە باخچەکەدا پیاسە دەکات...

سەروچاوی ئەدهەم گرژ بوو، وتی:

- برام داوای شتێکم لێدەکەیت چەند ناقولآیە...

ئیدریس بێ ئومێدییەکەی خۆی بە بزەیەکی کاڵ داپۆشی و وتی:

- تاوان نییە ئەگەر کوڕە ئازیزەکەی ئەوەی تایبەتە بەو کە لە حوجەتنامەکەی باوکیدا ببینێت.

- بەڵام داوای دزینی نهێنییەکم لێ دەکەیت کە باوکمان سوورە لەسەر پاراستنی...

ئیدریس بە دەنگێکی بیستراوەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- بەخۆم وت کاتێ بڕیارم دا پەنات بۆ بهێنم (چەند زەحمەتە کە قەناعەت بە ئەدهەم بهێنم بە ئیشێك کە پێچەوانەی ئیرادەی باوکییەتی))، وەلێ هیوایەکی بەهێز ختووکەی دەدام و وتم: ((لەوانەیە ئەوە بکات ئەگەر هەستی بە ڕادەی پێویستی یارمەتی ئەوم کرد)). مەسەلەکە تاوانی تێدا نییە و بەسەلامەتیش تێدەپەڕێت و خۆت دەبینی کە ڕۆحێکت بە بچووکترین زیان لە دۆزەخ هێنایە دەرەوە...

- با خوای تەعالا لە مەترسییەکان بمانپارێزێت...

- ئامین، بەڵام تکات لێ دەکەم لە ئەشکەنجە قوتارم کە...

ئەدهەم بە وەڕزیی و شڵەژاوییەوە هەڵسا، ئیدریسیش لەدوای ئەوەوە هەڵسا، زەردەخەنەیەکی بۆ کرد کە نیشانەی خۆ بەدەستدانەوە بوو بۆ بێئومێدیی و وتی:

- بەڕاستی ئەدهەم بێزارم کردیت، نیشانەی بەدبەختیشم ئەوەیە کە کەسێك نابینم تا بەجۆرێك لە جۆرەکان تووشی دەردیسەری نەبێت، ئیدریس بووەتە نەعلەتێکی گاڵتەجاڕ...

- چەند دەستەوسانم لە یارمەتیدانت ئەشکەنجەم دەدات، خۆی لەخۆیدا ئەشکەنجەی لەدوای ئەشکەنجەیە...



لێی نزیکبووەوە تا بەنەرمیی دەستێکی خستە سەرشانی، پاشان بەسۆزەوە ناوچەوانی ماچ کرد، وتی:

- تەنها خودی خۆم لە کلۆڵییەکەم دەپرسێت، بۆچی بارگرانییەکت بخەمە سەرشان کە دەرەقەتی نایەیت؟ لێمگەڕێ با بە ئاسوودەیی بەجێت بهێڵم و خوا دەیەوێت چی بکات با بیکات...

ئیدریس ئەوەی وت و لێیدا و ڕۆیشت.

-٧-

بۆ یەکەمجار سەروچاوی ئومەیمە لەو ماوە کورتەدا بووژایەوە، بە بایەخەوە لە ئەدهەمی پرسی:

- باوکت لەمەوبەر دەربارەی حوجەتنامەکە قسەی بۆکردوویت؟

ئەدهەم لەسەر قەنەفەکە چوارمشقی دانیشتبوو، لە پەنجەرەکەوە تەماشای چۆڵەوانییە لە تاریکیی نووقمبووەکەدا دەکرد و وەڵامیدایەوە:

- لەلای کەس باسی نەکردووە...

- بەڵام تۆ...

- تەنها یەکێکم لە کوڕە زۆرەکانی...

زەردەخەیەکی سووکی کرد و وتی:

- بەڵام تۆی هەڵبژارد بۆ بەڕێوەبردنی وەقفەکە...

ئاوڕی لێی دایەوە و بە تووڕەییەوە وتی:

- وتم قسەی بۆ کەس نەکردووە...

ژنەکەی جارێکی دیکە زەردەخەنەی بۆ کرد، وەك بڵێی تووڕەییەکەی هێور دەکاتەوە، پاشان بەمەکرەوە وتی:

- مێشکی خۆت خەریك مەکە، ئیدریس شایانی ئەوە نییە، خراپەکانی بەرامبەرت هەتا هەتایە لەبیر ناچن...

ئەدهەم بەرەو پەنجەرەکە سەری وەرگێڕا و بەخەمبارییەوە وتی:

- ئەو ئیدریسە کە ئیمڕۆ هات بۆ لام، ئەو ئیدریسە نەبوو کە خراپەی لەگەڵدا کردبووم، دیمەنە پەشیمانە خەمبارەکەی لە مێشکم لاناچێت...

ژنەکە بەئاسوودەییەکی سەرکەوتووانە وتی:

- لە قسەکەتدا ئەمەم هەست پێ کرد، ئەمەیش نهێنی بایەخەکەمە بە مەسەلەکە، بەڵام بەدەر لە عادەتت دڵتەنگ دیاریت.

تەماشای تاریکییە چڕەکەی شەوی دەکرد، بەڵام سەری قاڵ بوو بەدەنگییەوە نەدەهات، وتی:

- بایەخدان چ سوودێکی نییە...

- بەڵام براکەت پەشیمانە و داوای بەزەییت لێ دەکات.

- چاو دەبینێت و دەسەڵاتیش نییە.

- دەبێت پەیوەندیت لەگەڵیدا باش کەیت و لەگەڵ براکانتدا، ئەگینا ڕۆژێك دێت لە بەرامبەریاندا خۆت بەتەنیا دەبینی...

- تۆ بایەخ بەخۆت دەدەیت نەك بەئیدریس...

ژنەکەی سەری ڕاوەشاند وەك بڵێی پێچەی مەکر لەسەر لادەدات و وتی:

- مافی خۆمە بایەخ بە خۆم بدەم، واتا بایەخ بدەم بە تۆو بەوەی کە لە سکمدایە...

ژن چی دەوێت؟ ئەم تاریکییەش چەند چڕە، تەنانەت (موقەتەم) مەزنیشی هەڵلووشییەوە و خۆی بەبێدەنگی ئاسوودە کرد، ژنەکەی لێی پرسی:

- بەبیرت دێ کە هەرگیز نەچوویتە ئەو کونجەوە؟

لە بێدەنگییە کورتەکەی هاتە دەرەوە و وەڵامیدایەوە:

- هەرگیز، لە منداڵیدا حەزم لێبوو بچمە ئەو کونجەوە و باوکم نەیهێشت، دایکیشم نەیدەهێشت توخنی کەومەوە...

- بێگومان ئاواتەخواز بوویت بچیتە ژوورەوەی...

کە قسەی لەگەڵ کرد لەبارەی مەسەلەکەوە، چاوەڕێ بوو لێی دوورخاتەوە نەك ڕێگەی بدات بۆی. پێویستی بە کەسێك بوو ڕاستیی هەڵوێستەکەی بەرامبەر براکەی بۆ دووپات بکاتەوە. زۆر پێویستی بەوە بوو، بەڵام وەکو یەکێك لە تاریکیدا داوای فریاکەوتن بکات وەلێ ڕێگرەکانی بۆ دەردەچن، ئومەیمە جارێکی دیکە لێی پرسی:

- ئەو خوانەی کە سندووقە زیوەکەی تێدایە پێ دەزانی؟

- هەرکەسێ چووبێتە ژوورەکە پێی دەزانێت، بۆچی لێی دەپرسی؟



لە دانیشتنەکەی لەسەر قەنەفەکە بۆی جولا و لێی نزیکبووەوە و بە فریودانەوە لێی پرسی:

- تۆ خۆت ناتەوێ چاوت بە حوجەتنامەکە بکەوێت؟

بەتووندیی وەڵامیدایەوە:

- نەخێر، بۆ ئەوەم بوێ؟

- کێ لەبەر ئارەزووی پێزانینی ئایندە خۆی دەگرێت؟

- مەبەستت ئایندەی خۆتە؟

- ئایندەی من و ئایندەی تۆ و ئایندەی ئیدریس کە بۆی خەمبار بوویت، گەرچی لەمەوبەر چی دژایەتیت کردبوو!

ژن بەگوێرەی خواستی خۆی قسە دەکات، ئەمە تووڕەی دەکات ئەدهەم سەری بۆ پەنجەرەکە درێژکرد وەك بڵێی لێی ڕایدەکرد و وتی:

- حەزم بەوە نییە کە باوکم حەزی لێ نەبێت...

ژنەکە دوو برۆ سورمەکراوەکانی هەڵبڕی و پرسی:

- بۆچی ئەم مەسەلەیە دەشارێتەوە؟

- ئەوە ئیشی خۆیەتی، ئەمشەو پرسیارەکانت زۆرن!

ژنەکە وتی وەکو لەگەڵ خۆیدا قسە بکات:

- ئایندە!، ئایندەی خۆمان دەزانین و خێرێکی گەورەیش بە ئیدریسی بەدبەخت دەکەین، ئەمەیش هیچی تێ ناچێت تەنها خوێندنەوەی کاغەزێکە و بێ ئەوەی کەس بزانێت. تەحەدای هەر دۆست یان دوژمنێك دەکەم نیازخراپیمان لەم ئیشە بسەلمێنێت، یان لە نزیك یان لە دوور باوکە خۆشەویستەکەت بگرێتەوە.

ئەدهەم چاودێریی ئەستێرەیەکی دەکرد لە هەموو ئەستێرەکان درەوشاوەتر بوو، بەبێ گوێدانە قسەی ژنەکەی وتی:

- ئاسمان چەند جوانە! ئەگەر شێی شەو نەبووایە لە باخچەکە دادەنیشتم و لەتۆی لقەکانەوە چاودێریم دەکرد.

بێگومان ئەو لە مەرجەکانیدا هەندێ کەسی جیاکردووەتەوە.

ئەدهەم وتی:

- چەند لە ئیمتیازدا زاهیدانەم کە هیچ سەریەشەیەکی بەدواوە نییە...

ژنە کە بە هەناسە هەڵکێشانەوە وتی:

- ئەگەر خوێندەواریم هەبووایە، بەخۆم دەچووم بۆ لای سندووقە زیوینەکە.

ئەدهەمیش ئاواتەخواز بوو وابووایە، زیاتر ڕقی لەو و لە خۆی هەڵسا، بگرە هەستی کرد کە ئەو بەڕاستی کەوتووەتە قەدەغەکراوەوە، ئەو وەکو ڕووداوێکی بەسەرچوو بیری لێدەکاتەوە. بەچارەگرژییەوە ڕووی تێکرد، سەروچاوی لەبەردەم ڕووناکی لەرزۆکی چراکەدا لەبەر ئەو شنەیەی کە لە پەنجەرەکەوە خۆی دەکرد بەژووردا، مۆن و لاواز دیار بوو، سەرەڕای مۆنییەکەی وتی:

- نەعلەت لەو کاتەی کە هەواڵەکەی دا بە تۆ...

- خراپەی تۆم ناوێت، خۆشەویستی من بۆ باوکت وەکو خۆشەویستی تۆ وایە بۆی.

- لێگەڕێ لەم باسە ماندووکەرە، لەم کاتەدا ئیسراحەت خۆشە.

- دیارە دڵم ئارام نابێت بەرلەوەی ئەم ئیشە ئاسانە نەکەین.

هەناسەیەکی دا و وتی:

- خودایە ئەقڵی پێ بدەیتەوە...

بە نیگایەکی ئامادەوە تەماشای کرد و پاشان وتی:

- ئایا بە پێشوازیکردنت لە ئیدریس، سەرپێچی باوکت نەکرد؟

چاوەکانی بە سەرسوورمانەوە زەق بوون و وتی:

- لەبەردەمی خۆمدا بینیمەوە هیچم بۆ نەکرا، جگە لەوەی کە پێشوازیی بکەم.

- باوکت لە هەواڵی سەردانەکەی ئاگادارکردەوە؟

- ئومەیمە ئەمشەو چەند ڕەزا قورسی...

ئەویش بە دەنگێکی سەرکەوتووانەوە وتی:

- ئەگەر بۆت بلوێ سەرپێچی بکەیت بەوەی کە زیانت لێ دەدات، ئیدی چۆن ناتوانی سەرپێچی بکەیت لەوەی کەسوودی بۆت هەیە و سوودی بۆ براکەشت هەیە و زیانی بۆ کەسی دیکە نییە؟

ئەگەر بیەوێت دەتوانێت باسەکە ببڕێت، بەڵام لێژاییەکە زۆر لێژ بوو، ئەوەی ڕاستی بێت نەیهێشت لە قسەکەی بەردەوام بێت، گەرچی بەشێك لە خودی پێویستی بەپشتگیرییکردنی ئەو هەبوو، بە نیمچە تووڕەبوونێکەوە پرسیاری کرد:

- مەبەستت چییە؟



- مەبەستم ئەوەیە کە تا بەرەبەیان ئێشك بگریت، یان تا شوێنەکەمان بۆ چۆڵ دەبێت...

بە وەڕزییەوە وتی:

- پێموابوو کە سکپڕییەکەت تەنها سۆزی لەدەست داویت، بەڵام ئەوەتا ئەقڵیشی لەدەست داویت.

- تۆ قەناعەتت بەوە هەیە کە دەیڵێم و بەهەقی ئەوەی کە ئەو ڕۆحەی لە سکمدا خولقاندووە، تۆ دەترسی، ترس شایستەی تۆ نییە...

سەروچاوی زۆر تێکچوو و خاوییەکەی لە هەناویدا ڕێ دەکرد هۆکارەکانی بڕی وتی:

- ئەم شەوەمان بیردەکەوێتەوە کە یەکەم زیزبوون لەیەکی کردین...

بە نەرمییەکی سەیرەوە وتی:

- ئەدهەم، لێگەڕێ با بە جیدی لە مەسەلەکە بیربکەینەوە...

- هیچ خێرێکمان دەست ناکەوێت.

- ئەمە قسەتە، بەڵام با ببینین...

هەستی بەگڕی ئاگرێك کرد کە لێی نزیك دەبووەوە، بەخۆی وت: (ئەگەر سووتام فرمێسکەکانم هیچ سوودێکیان نابێت بۆ کوژانەوە). سەری وەرگێڕا بەلای پەنجەرەکەوە و هەستی کرد دانیشتووانی ئەو ئەستێرە گەشە بەختەوەرن بەوەی کە لەم ماڵەوە دوورن.

بە دەنگێکی کز ورتەورتێکی کرد:

- کەس باوکی خۆش نەویستووە وەکو من خۆشم ویستووە...

- چەند دووری لەوەی کە بۆی خراپە...

- ئومەیمە، چەند پێویستت بە خەوە!

- تۆ خەوت لە چاو فڕاندم...

- هیوام وابوو لەلای تۆ گوێم لە دەنگی ئەقڵ بێت...

- جگە لەوە هیچت لێ نەبیستووم...

بە دەنگێکی نزم وەکو چپە لەخۆی پرسی:

- تۆ بڵێی بەرەو وێرانە ئاژنگی نابێت؟

ژنەکە دەستێکی هێنا بەو دەستەیدا کە لەسەر دەسکی قەنەفەکەبوو، بەگلەییەوە پێی وت:

- چارەنووسمان یەکە ئەی بەخۆشەویستیی نەزان...

ئەویش بەخۆبەدەستانەوە کە نیشانەی ئەوە بوو بڕیاری خۆی وەرگرت و وتی:

- ئەو ئەستێرەیەش نازانێت چارەنووسی من چییە؟

ژنەکە بە ڕەهاییەوە وتی:

- چارەنووست لە حوجەتنامەکەدایە...

چاوی هەڵبڕی بەرەو ئەستێرە ئێشکگرەکان و پەڵەهەورە ڕۆشناکان بە ڕووناکییە هێمنەکەیان، پێی وابوو کە ئەستێرەکان ئاگاداری موناجاتەکەی هەن بۆیە ورتەورتێکی کرد: (ئای لە جوانیی ئاسمان)، پاشان گوێی لە ئومەیمە بوو بەدەم و دوویەکی گەمەوە دەیوت:

- تۆ فێری خۆشەویستی باخچەت کردم، لێمگەڕێ با چاکەت بدەمەوە...

## -٨-

لە دەمەوبەیاندا باوکە لە ژوورەکەی هاتەدەرەوە و بەرەو باخچەکە ڕۆیشت، ئەدهەم لەوسەری دالانەکە بوو چاودێریی دەکرد و ئومەیمەیش لەپشتییەوە بوو لە تاریکییەکەدا لە شانی گرتبوو. گوێیان لە دەنگی پێی قورسی ڕێکوپێك بوو، لە تاریکییەکەدا کە ئاقارەکەیان نەدەزانی، جەبەلاوی لەوکات و سەعاتەدا عادەتی وابوو بەبێ ڕووناکی یان بێ هاودەم پیاسە بکات، دەنگەکە کپ بوو، ئەدهەم بەرەو لای ژنەکەی ئاوڕیدایەوە و بەچپەوە وتی:

- چاکتر وانییە بڕۆینەوە؟

- پاڵێکی پێوەنا چرپاندی بەگوێیدا:

- بەنەعلەت بم ئەگەر هیچ نیازێکی خراپم بۆ مرۆڤ هەبێت.

بە هەنگاوی وریاوە پێشکەوت و بە شڵەژاوییەکی بە ئازارەوە بە دەستی لەگیرفانی مۆمێکی بچووکی گرتبوو، بەلەپەکوتی دەستی بەدیوارەکەدا گرت تا دەستی بەر لایەکی دەرگاکە کەوت و ئومەیمە چرپاندی:

- لێرە دەبم بۆئەوەی چاودێریی شوێنەکە بکەم، بڕۆ و خوات لەگەڵ بێت...

ژنەکەی دەستی درێژکرد و پاڵینا بە دەرگاکەوە تا کرایەوە و گەڕایە دواوە. ئەدهەم بەرەو ژوورەکە ڕۆیشت، بە هەنگاوی وریاوە، لە ژوورەوە بۆنی مسکێکی تیژ هاتە گژیەوە،



لەدوای خۆیەوە دەرگاکەی داخست و وەستاو چاوی بڕییە تاریکییەکە، تا چەپەری پەنجەرەکان کە دەیانڕوانییە سەر چۆڵەوانییەکە لێ دەرکەوت و ڕووناکیی بەرەبەیانیان تێدا پێ گەیبوو. ئەدهەم هەستی کرد تاوانەکە ڕوویدا- ئەگەر تاوان هەبێت- هەر کە چووە ژوورەکەوە دەبێت کارەکەی تەواو بکات، لە هاوشانی دیوارەکەی لای چەپەوە ڕۆیشت، هەندێ جار خۆی دەکێشا بە کورسییەکانەوە، لەڕێگای خۆیدا بەلای دەرگای کونجەکەوە ڕەت بوو، تا گەیشتە کۆتاییەکەی، پاشان لەگەڵ دیواری ناوەڕاستدا شۆڕبووەوە، تا خوانەکەی دۆزییەوە، پەیژەکەی ڕاکێشا، دەستی برد بۆ ناوەوەی تا سندووقەکەی دۆزییەوە، پاشان هەستی کرد پێویستی بە پشوویەك هەیە تا هەناسەیەك بدات. گەڕایەوە بۆ لای دەرگای کونجەکە، بەدوای کونی دەرگاکەیەوە دەگەڕا، پاشان کلیلەکەی تێخست و سووڕی دا و دەرگاکە کرایەوە، چووە ژوورەوە بۆ کونجەکە، کە لەمەوبەر کەس نەچووەتە ناوییەوە جگە باوکی نەبێت. دەرگاکەی داخست، مۆمەکەی دەرهێنا، پاشان دایگیرساند، چاوی بە چوارگۆشەیەکی بنمیچێکی بەرز کەوت، هیچ دەلاقەیەکی تێدا نییە جگە دەرگا نەبێت، زەوییەکە بە قالییەکی بچووك ڕاخرابوو، لەلای دیواری ڕاستیەوە مێزێکی ڕازاو دانرابوو، جەڵدێکی گەورەی لەسەر بوو کە بەدیوارەکەوە بنمیچێکی وشکی بەهەندێ ئازارەوە قووت دا، وەك بڵێی قوڕگە و ئازاری تێکەوتووە، دانەکانی بڕدەچیڕەوە، وەك بڵێی ئەو ترسەی دەگەزت کە بە لەشیدا دەڕۆیشت و مۆمەکەی دەستی دەخستە لەرزە، لە مێزەکە نزیکبووەوە و تەماشای بەرگی جەڵدە نەخشراوە بە هێڵی نادیاری ئاڵتوونییەکەی کرد، دواجار دەستی برد و دۆزییەوە، بەزەحمەت توانی زەینی بداتێ و شڵەژاویی لێی تەکاند. بە خەتێکی فارسی (بیسمیلا)ی خوێندەوە... بەڵام لەپڕێکا گوێی لێبوو دەرگاکە کرایەوە، بەهێزەوە و بەبێ ئاگایی سەری ڕاکێشا بەلای دەنگەکەوە، وەك بڵێی کاتێ دەرگاکە کرایەوە بۆلای خۆی ڕایدەکێشا، لەبەر ڕووناکیی مۆمەکە چاوی بە (جەبەلاوی) کەوت، بە لەشە گەورەکەی دەرگاکەی داخست، بە نیگایەکی سارد و ڕەقەوە تەماشای کرد، ئەدهەمیش بەبێدەنگیی و وشکبوونەوە چاوی بڕییە چاوی باوکی، هێزی قسەکردن و جووڵە و بیرکردنەوە دەستبەرداری بوون و جەبەلاوی فەرمانی پێداو وتی:

- بڕۆ دەرەوە.

ترس لە وشکبوونەکەی بە ئاگای هێنایەوە و جولا، باوکی وازی لە دەرگاکە هێنا، ئەدهەم لە کونجەکە چووە دەرەوە و هێشتا مۆمەکە بەدەستییەوە دەسووتا... بینی ئومەیمە

له ناوەندی ژوورەکە بەبێدەنگیی وەستاوە و فرمێسك له هەردوو پێڵوی دێنه خوارێ، باوکی ئاماژەی پێدا که بەتەنیشتی ژنەکەیەوە بوەستێ و ئاوهای کرد، پاشان بەتوونديی قسەی لەگەڵدا کرد و وتی:

-دەبێت بەڕاستگۆیی وەڵامی پرسیارەکانم بدەیتەوە.

سەروچاوی دەستەونەزری دەنواند و کابراکە لێی پرسی:

- کێ هەواڵی کتێبەکەی پێ داویت؟

ئەدهەم بەبێ دوودڵی وەکو دەفرێك بشکێت و هەرچی تێدابێت لێی بڕژێت وتی:

- ئیدریس.

- کەی؟

- دوێنێ بەیانی...

- چۆن بەیەکگەیشتن؟

- خۆی کردبووە ناو کرێچییە تازەکانەوە و چاوەڕێ بوو تا دوو بە دوو ماینەوە...

- بۆچی دەرت نەکرد؟

- باوکە دڵم نەهات دەریکەم...

جەبەلاوی بەتووڕەیی وتی:

- بە باوکایەتی بانگم مەکە...

ئەدهەم هێزی خۆی کۆکردەوە و وتی:

- تۆ باوکمی سەرەڕای تووڕەبوونت و سەرەڕای ئەحمەقیشم.

- ئەوە بۆ ئەم کردەوەیەت لە خشتەی بردیت؟

ئومەیمە وەڵامیدایەوە بێ ئەوەی پرسیاری لەو کردبێت:

- بەڵێ گەورەم.

- هەی مۆرانە بێدەنگ بە... ((پاشان ڕووی قسەکردنی کردە ئەدهەم)) وەڵام بدەرەوە...

- بێئومێد و خەمبار و پەشیمان بوو، ویستی لە ئایندەی نەوەکەی دڵنیابێت.

- ئەمەیشی لەپێناوی ئەودا کرد!

- نەخێر... لە دەستەوسانی خۆم داوای لێبووردنم کرد.

- ئەی چی گۆڕیتی؟

ئەدهەم بەبێئومێدییەوە هەناسەی هەڵکێشا و ورتەورتێکی کرد:



- ئەهریمەن!

بە گاڵتەجاڕییەوە لێی پرسی:

- ئایا ژنەکەت ئاگادارکردەوە لەوەی کە لەنێوان تۆو ئەودا بوو؟

لێرەدا ئومەیمە دەستی بەگریان کرد و جەبەلاوی لێی خوڕی کە بێدەنگ بێت، ئەدهەمی تێگەیاند کە بە ئاماژەی پەنجەی وەڵامی بداتەوە، وتی:

- بەڵێ...

- ئەی ژنەکەت چی وت؟

ئەدهەم بێدەنگ بوو بۆئەوەی تفەکەی قووت دا، هاواری لێکرد:

- وەڵام بدەرەوە خوێڕی.

- بینیم حەز دەکات ئاگاداری وەسییەتنامەکە بێت و پێم وابوو کە ئەو زیانی بۆ کەس نییە.

بە ڕقێکی توندەوە چاوی تێبڕی و وتی:

- بەوجۆرە ملکەچ بووی بۆ خیانەتکردن لەو کەسەی کە تۆی پێ باشتر بوو لە هەرکەسێکی دیکە.

ئەدهەم بە دەنگێکی وەکو نووزانەوە وتی:

- بەرگریکردن لە گوناهەکەم فریام ناکەوێت، بەڵام لێبووردنت گەورەترە لە گوناه و بەرگریکردن.

- لەگەڵ ئیدریس کە لەبەرچاوی تۆ دەرم کرد پیلانم لێ دەکەن؟

- لەگەڵ ئیدریس پیلانم نەکردووە، هەڵەم کرد، تەنها بەلێخۆشبوونت ڕزگارم دەبێت.

ئومەیمە بەپاڕانەوەوە وتی:

- گەورەم...

- قسەکەی پێ بڕی و وتی:

- بێدەنگ بە هەی مۆرانە...

بەمۆنییەوە لەنێوان هەردووکیاندا چاوی دەگێڕا، پاشان بە دەنگێکی ترسناك وتی:

- لە ماڵەکە دەرچن.

ئەدهەم وتی:

- باوکە...

کابراکە بە دەنگێکی گڕەوە وتی:
- ماڵەکە بەجێبهێڵن بەر لەوەی بکرێنە دەرەوە.

-٩-

دەرگای خانووە گەورەکە کرایەوە بۆئەوەی ئەمجارە کە چوونە دەرەوەی ئەدهەم و ئومەیمە بە دەرکراویی ببینێت...

ئەدهەم کە چووە دەرەوە بوخچەی جلوبەرگی پێبوو، ئومەیمە لەدوایەوە بوو بوخچەی دووەم و سووکە خواردنی پێ بوو... بە زەلیلی و خەمباریی و گریان و بێهیواییەوە دەرچوونە دەرەوە. هەر کە گوێیان لە دەنگی داخستنی دەرگاکە بوو لەدوایانەوە، دەنگی گریانیان بەرزبووەوە، ئومەیمە بەدەم هەنیسکەوە وتی:

- مەرگ کەمترە بۆ سزادانم...

ئەدهەم بە دەنگێکی هەنیسکاوییەوە وتی:

- بۆ یەکەم جارە ڕاست دەکەیت، بەڵام مەرگ هەروەها کەمترە بۆ سزادانم، خەریك بوو هەندێ لە ماڵەکە دوور دەکەوتنە تا پێکەنینێکی سەرخۆشانە ناڵەی کرد، تەماشای سەرچاوەکەیان کرد، ئیدریسیان لەبەردەم کوختەکەی کە لە تەنەکە و دار دروستی کرد بوو، بینی، (نەرگز)ی ژنی دانیشتبوو بەبێدەنگیی تەشی دەڕست. ئیدریس بەگاڵتەجاڕ و پێ خۆشبوونەوە پێدەکەنی، تا ئەدهەم و ئومەیمە واقیان وڕما، وەستان و چاویان تێی بڕی. ئیدریسیش سەمای دەکرد و چەقەنەی لێدەدا، تا نێرگز وەڕز بوو و چووە کوختەکەوە. ئەدهەم بەجووتێ چاوی سوورەوەبوو لەبەر گریان و تووڕەیی تەماشای دەکرد، لەو ساتەدا فێڵە نامەرد و تاوانبارەکەی ئەوی بۆ ئاشکرا بوو، هەروەها هەستی بەڕادەی گەمژەیی و دەبەنگیی خۆی کرد، کاتێ بەشوکرانەبژێریی و خۆشییەوە سەمای دەکرد، ئەوە ئیدریسە کە بووەتە بەدکارییەکی بەرجەستەکراو، خوێنی کەفوکوڵی کرد، تا هەڵچوو، مێشکی نقووم کرد، دەستی برد بۆ مشتێ خۆڵ و تێی گرت و بە دەنگێکی خنکاوی تووڕەیی هاواری کرد:

- هەی چەپەڵ، هەی نەگریس، دووپشك لە چاوی تۆدا مۆرانەیەکی بەستزمانە!



ئیدریس بە بزووتنی سەماکردنەوەی وەڵامیدایەوە، گەردنی بەڕاست و چەپدا بادەدا و برۆکانی هەڵدەتەکاند و هێشتا چەقەنەی لێدەدا. ئەدهەم تووڕەییەکەی زیاتربوو، هاواری کرد:

- گەندەڵی و نامەردیی و خوێڕییەتی ئەمانە خەسڵەتی ساختەچی و درۆزنەکانە.

ئیدریس کە مەری خۆی بە بەلەباریکییەوە بادەدا، وەکو چۆن ملی ڕادەوەشاند و بەدەمی پێکەنینێکی بێدەنگی ناشرینی وێنا دەکرد. ئەدهەم هاواری کرد بێ ئەوەی ئاوڕ لە ئومەیمە بداتەوە کە هەوڵیدەدا پاڵی پێوەبنێت و بڕوات:

- تەنانەت قەحپەییش تاقی دەکەیتەوە ئەی چەپەڵترین مەخلوق.

ئیدریسیش پاشەڵی بادەدا و لەسەرخۆ و بەنازەوە بەدەوری خۆیدا دەسوڕایەوە، تووڕەیی ئەدهەمی کوێرکردبوو، بوخچەکەی فڕێدایە سەر زەوییەکە و پاڵی نا بە ئومەیمەوە کە ویستی خۆی بگرێت و بەرەو ئیدریس ئاژنگی نا تا لە بینەقاقای گرت و بەتووندیی کوشتی، دیاربوو ئیدریس قەڵس نەبوو نە بە پەلاماردەرەکەو نە بە مشتەکەی. لە سەماکردن بەردەوام بوو، لەسەرەخۆ دەبزووت، (ئەدهەم)یش شێتگیربوو، بەلێدان بەر بووە گیانی ئیدریس، وەلێ لاسارییەکەی ئیدریس زیادی کرد و بە دەنگێکی قێزەوەن گۆرانی دەوت:

((حطة یا بطة یا دقن القطة))...

لەپڕێکا وەستا و شیڕاندی، پاشان پاڵێکی بەهێزی نا بە سنگی ئەدهەمەوە، لەبەر کاریگەریی گەڕایەوە دواوە و هەڵنووت، پاشان لابەلا بووەوە و لەسەر پشت کەوت، ئومەیمە بە هەڵەداوان و هاتوهاوار ڕایکرد و بۆ هەڵسانەوە یارمەتی دا و تۆزی لە جلوبەرگەکەی تەکاند و دەیوت:

- چیت داوە لەم دڕندەیە، با لێی دوورکەوینەوە... بوخچەکەی هەڵگرت و ژنەکەیشی بوخچەکەی خۆی هەڵگرت، دوورکەوتنەوە تا ئەولای ماڵەکەی دیکە. ماندوویی بڕستی لێ بڕیبوو، بوخچەکەی فڕێدا و لەسەری دانیشت و وتی: (باتۆزێك ئیسراحەت بکەیت) ژنەکەیش بەرامبەری دانیشت و دەستی کردەوە بە گریان، بەهێزەوە وەکو گرمەی هەور گوێی لە دەنگی ئیدریس بوو، هاوڕێکەی وەستاوە و بە نیگایەکی ڕکابەرەوە تەماشای خانووە گەورەکە دەکات و هاوار دەکات:

- لەبەر خاتری چەپەڵترین کەس کە خستووتەوە منت دەرکرد، بینیت ڕەوشتی چۆن بوو بەرامبەرت، ئەوەتا هەر خۆت بۆ خۆڵی تووڕ دەدەیت، سزا بەسزا و دەسپێشخەریش ستەمی کرد، بۆئەوەی بزانیت کە ئیدریس کۆڵ نادات، بەتەنیا خۆت لەگەڵ کوڕە نەزۆکە ترسنۆکەکاندا بمێنەوە، نەوەت نابێت تەنها لەوە نەبێت کە لەناو خۆڵدا تەقەلا دەدات و خۆڵ و خاشاک ئەمدیو و ئەودیو دەکات، سبەینێ لەگەڵ پەتاتە و توێکڵدا هەڵماقۆ دەکەن، سبەینێ تووشی شەقازلەی شەقاوەکانی (عەتووف و کەفر ئەلزەغازی) دەبن، سبەینێ خوێنت تێکەڵ بە چەپەڵترین خوێن دەبێت، تۆیش بەتەنیا لە ژوورەکەتدا دەمێنیتەوە، لە کتێبەکەتدا ئەمدیو و ئەودیو دەکەیت و دەگۆڕیت، کە چۆن تووشی تووڕەیی و شکست دەبیت و لە تاریکیدا دووچاری تەنیایی پیریتی دەبیت، هەر کە ئەجەلیشت هات نابینی کە چاوێک بۆت بگری.

دواجاریش ئاوڕی لە ئەدهەم دایەوە و لە هاوارە شێتانەکەی بەردەوام بوو:

- تۆ هەی لاواز چۆن بەتەنیا ژیان دەبینیت؟! نە هێزت هەیە پشتگیرت بێت، نە هێزت تێدایە پەنای بەریتەبەر، لەم چۆڵەوانییەدا بیروباوەڕی خوێندنەوە و حیساب چ سوودێکی بۆت هەیە؟ ها... ها... ها...

ئومەیمە هێشتا دەگریا تا ئەدهەم قەڵس بوو و بەساردییەکەوە پێی وت:

- بەسیەتی گریان.

بەدەم سڕینەوەی فرمێسکەوە وتی:

- زۆر دەگریم، ئەدهەم من گوناهبارم...

- هەر تۆ گوناهبار نیت، ئەگەر من لاوازێکی خوێڕی نەبوومایە، ئەوەی کە ڕووی دا، ڕووی نەدەدا...

- گوناه تەنها گوناهی منە.

بەتووڕەییەوە وتی:

- تۆ لەخۆتی دەگریت بۆئەوەی خۆت لە هەڵمەتی من بپارێزیت.

گەرموگوڕیی تاوانبارکردنی خۆی کەمبووەوە و زۆر سەری نەوی کرد، پاشان ژنەکەی بە دەنگێکی لاوازەوە وتی:

- هەرگیز نەمدەزانی کە دڵڕەقییەکەی دەگاتە ئەم ڕادەیە!

- دەیناسم و هیچ پاکانەیەکیشم نییە...



هەندێ دوودڵ بوو دواجار وتی:

- چۆن لێرە بژیم و سکیشم پڕە؟

- لەم چۆڵەوانییە دوای خانووە گەورەکە دەژین، خۆزگە فرمێسک سوودی هەبووایە، بەڵام هیچمان لەبەردەمدا نییە جگە لەوەی کە کوختێک بۆ خۆمان دروست بکەین.

- لە کوێ؟

سەیری دەورووپشتی خۆی کرد، تۆزێک بەرەو کوختەکەی ئیدریس چاوی ڕاگرت، پاشان بەنیگەرانییەوە وتی:

- نابێت زۆر لە ماڵە گەورەکە دوورکەوینەوە، ئەگەریش ناچاربین کە لە کوختەکەی ئیدریس دوور نەبین، ئەگینا لە دەوروبەری ئەم چۆڵەوانییە لەناو دەچین...

(ئومەیمە) تۆزێک بیری کردەوە، پاشان بە ڕوویەکی مەیلەو باوەڕهێنراو بە ڕایەکەی وتی:

- بەڵێ، بۆئەوەی لەبەرچاوی بین، بەڵکو دڵی پێمان بسووتێت.

ئەدهەم ئاهێکی هەڵکێشا و وتی:

- حەسرەت دەمکوژێت، ئەگەر تۆ نەبوویتایە وامدەزانی مۆتەکەیە، ئایا بۆ هەتا هەتایە دڵی لێم دەڕەنجێت؟ وەکو ئیدریس دەمدڕێژیی بەسەردا ناکەم، ئەیهۆ، لە هیچ شتێکدا وەکو ئیدریس نیم، تۆ بڵێی هەمان مامەڵەم لەگەڵدا بکات؟

ئومەیمە بە تووڕەییەوە وتی:

- ئەم گەڕەکانە باوکێکیان تێدا نییە وەکو باوکی تۆ بێت.

بە دوو چاوی تیژەوە پرسی:

- کەی زمانت تۆبە دەکات!

ئەویش هەڵچوو، وتی:

- وەڵا نە تاوانم کردووە و نەگوناه، بەکێت دەوێ پێی بڵێ ئەوەی کە کردوومە، لەوانەیە پاداشتی ئەوەم بداتەوە و گرەوت لەگەڵدا دەکەم کە هەردوو لەپی دەکێشێت بە یەکدا، وەڵا باوکایەتی هیچ باوکێک وەکو باوکی تۆ نییە.

- دنیایش پیاوێکی وەکو ئەوی بە خۆیەوە نەدیوە، ئەم شاخە و ئەم بیابان و ئەم ئاسمانە دەیناسن، کەس وەکو ئەو لە کاتی ڕکابەرییدا خۆشەویست دەبن.

- بەم جەبەرووتەوە یەکێک لە کوڕەکانی لەماڵەوە نامێنن.

- ئێمە یەکەمین دەرچووەکان بووین و ئێمە تێدا بەدکارییەکە بووین...

ژنەکە بە بێزهاتنەوە وتی:

- من وانیم، ئێمە وانین.

- حوکمی ڕاست و دروست تەنها لە کاتی تاقیکردنەوەدا دەبێت...

هەردووکیان بێدەنگ بوون، لە چۆڵەوانییەکەدا ڕووحلەبەر نەدەبینرا، تەنها هەندێ ڕێبوار نەبێت کە لە دوورەوە بەسەر لێڕواری چیاکەوە بوون. خۆرەکە تیشکی گڕاویی لە ئاسمانێکی سامالەوە دەنارد و لمە پان و بەرینەکانی پڕ دەکرد و زیخەکان یان پارچە شووشەی پەرشوبڵاوی دەبریسکانەوە، هیچ شتێك بەپێوە نەبوو تەنها چیاکەی ئاسۆکە نەبێت و ئەو تاشەبەردەیش لەلای ڕۆژهەڵاتەوە، دەتوت سەری جەستەیەکە لە لمدا نووقم بووە، کوختەکەی ئیدریسیش لەلای ڕۆژهەڵاتی خانووە گەورەکەوە، لە زەوی چەقیوە، بەڕواڵەتە ناشرینەکەیەوە، ڕکابەر بوو.

کەشەکە هەمووی نووقڵانەی کوێرەوەریی و ماندووبوون و ترسی لێدەدا. ئومەیمە بە دەنگێکی بیستراوەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- زۆریش ماندوو دەبین تا ژیانمان بۆ دەڕەخسێت.

ئەدهەم تەماشای خانووە گەورەکەی کرد و وتی:

- زۆریش ماندوو دەبین تا جارێکی دیکە ئەو دەرگایەمان بەڕوودا بکرێتەوە.

-١٠-

ئەدهەم و ئومەیمە لەلای ڕۆژهەڵاتی خانووە گەورەکەوە دەستیان کرد بە دروستکردنی کوختەکیان، بەردیان لە (موقەتەم) دەهێنا و تەنەکەیان لە لێرەواری چیاکە کۆدەکردەوە و داریشیان لە دەوروبەری عەتووف و جەمالییە و بابل و نەسر دەهێنا، بۆیان دەرکەوت کە دروستکردنی کوختەکە کاتی زیاتری دەوێت لەوەی کە مەزەندەیان کردبوو، ئەمەیش ڕێکەوتی نەمانی ئەو خۆراکە بوو کە ئومەیمە لەماڵەکە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، لە پەنیر و هێلکە و هەنگوینی ڕەش، بۆیە ئەدهەم دەستی بە هەوڵدان کرد بۆ پەیداکردنی ڕزقی خۆی. بینی هەندێ لەو جلوبەرگە گرانبەهایانەی خۆی بفرۆشێت، بە نرخەکەی عارەبانەیەکی دەستیی بکڕێت و پەتاتە و ئارو هی تری پێ بفرۆشێت هەر شتە و بە وەرزی خۆی.



هەر کە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی جلوبەرگەکانی خۆی، ئومەیمە لەبەر زۆر دڵگرانی دەستیکرد بە گریان، بەڵام گوێی نەدا بە هەست و سۆزی ئەو، لەنێوان نارەزایی و گاڵتەپێکردنەوە وتی:

- ئەم جلوبەرگانە شایستەی من نین، ئایا مایەی پێکەنین نییە کە پەتاتە بگێڕم و عەبای چنراوی خوری حوشترم لەخۆ پێچابێت؟!

پاشان لە چۆڵەوانییەکە چاویان پێکەوت کە بەرە و جەمالییە پاڵ بە عارەبانەوە دەنێت، ئەو جەمالییەی کە هێشتا زەماوەندەکەی ئەوی لەبیر نەچووەتەوە، دڵی تەنگ بوو و دەنگی گیرا و وازی لە بانگکردن هێنا، خەریك بوو چاوەکانی پڕبن لە فرمێسك ڕووی کردە گەڕەکە دوورەکان بۆئەوەی لێی ڕابکات. هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە دەگەڕا و بانگی دەکرد، تا دەستەکانی شل بوون و نەعلەکانی دڕان و قاچ و جومگەکانی ئازاریان تێکەوت، چەند بەلایەوە زەحمەت بوو کە سازش لەگەڵ ژناندا بکات، یان بێ تاقەتی ناچاری بکات بە تەنیشت دیوارێکەوە لەسەر زەوی دانیشت، یان لە سووچێك بۆئەوەی خۆی لێبکاتەوە، ژیان بە ناڕاستی دەهاتە بەرچاو، ڕۆژانی باخچەکە و بەڕێوەبەرایەتی وەقفەکە و ئەو ژوورەی دەڕوانێتە سەر (موقەتەم) وەکو ئەفسانە وان. وای لێکرد بەخۆی بڵێت: ((هیچ شتێك لەم دنیایەدا ڕاستەقینە نییە، ئەوا خانووە گەورەکە بێت، یان کوختەکە کە هێشتا تەواو نەببوو، باخچەکەیە، عارەبانەی دەستەکەیە، دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێیە، باشم کرد کە لە بەرامبەر خانووەکە نشتەجێ بووم، بۆئەوەی ڕابردووم نەچێت وەکو هەنووکە و ئایندەم لەدەست چوو، ئایا سەیرە کە بیرم بدۆڕێنم وەکو ئەوەی باوکم دۆڕاند هەروەکو خۆشم دۆڕاند؟!)).

ئەگەر سەرەتای شەو هاتەوە بۆلای ئومەیمە، بۆ ئیسراحەت نایەتەوە، بەڵکو بۆئەوەی لە دروستکردنی کوختەکە بەردەوام بێت، جارێکیان لە گەڕەکی شەمشەمەکوێرەکان دانیشت لە دەمەو نیوەڕۆدا تا ئیسراحەت بکات، کەچی خەو بردییەوە. هەر کە بەئاگاهاتەوە بینی منداڵەوردکە خەریکن عارەبانەکەی دەدزن، بە هەڕەشەکردنەوە هەڵسا، یەکێك لە منداڵەکان بینی و بەفیکەیەك هاوڕێکانی ئاگادارکردەوە و پاڵێکی نا بەعارەبانەکەوە بۆئەوەی خەریکی کات ڕاویاننەیێت، ئارووەکە ڕژایە سەر زەوییەکە و منداڵەکان خێرا وەکو کوللە بڵاوەیان لێکرد. ئەدهەم زۆر تووڕە بوو تا وای لێهات ئەو زارە بەحورمەتەی ناشرینترین جنێوی لێ دەهاتە دەرەوە، پاشان داچەمایەوە سەر زەوی بۆئەوەی ئارووەکە

کۆکاتەوە کە قوڕاوی ببوو. توورەییەکەی هێندەی دیکە بـوو، بـێ ئـەوەی دەلاقەیـەکی بـۆ بدۆزێتەوە، بۆیە بەدڵگرانییـەوە وتـی: ((بۆچـی توورەییەکـەت وەکـو ئـاگر وابـوو بـەبێ بەزەییانە دەسووتێنێ)). بۆچی کبریات لەلات خۆشەویستتر بوو کە لە گۆشت و خوێنیـت؟ چۆن ژیان خۆش بگوزەرێنین و تۆ باش دەزانیت کە وەکو مۆرانە بەپێ دەتشێلن؟ لێبـووردن و نەرمی و ئاشتەوایی چی دەکات لە ماڵە گەورەکەی تۆدا ئەی زاڵم! دەسکی عارەبانەکەی گرت و ویستی بۆ دوور لە گەڕەکە نەعلەتییەکە پاڵی نێت، بەڵام گوێی لـە دەنگێـك بـوو بەگاڵتەوە وتی:

- مامە ئاروو بە چەندە؟

بینی ئیدریس وەستاوە بزەی گاڵتەجاڕیی دێت، دیشداشەیەکی خەتخـەتی ڕەنگـاوڕەنگی لەبەرەو کڵاوێکی سپیشی لەسەر کردووە. بینی بە گاڵتەپێکردنەوە بزەی دێت، نەك دڵگران بێت و نە توورەش بێـت، بـەو دیمەنـەی دنیـای لـەپێش چـاو تـەنگ بـوو، پـاڵی نـا بـە عارەبانەکەوە بۆئەوەی بڕوات، بەڵام ئیدریس ڕێگای لێگرت، بە سەرسووڕمانەوە پێی وت:

- ئایا کڕیارێکی وەکو من شایانی ئەوە نییە بەچاکی مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت؟

ئەدهەم بەتوورەییەوە سەری بەرزەکردەوە و وتی:

- لێمگەڕێ وازم لێبێنە.

ئیدریس بەگاڵتەوە چاوی تێبڕی و پرسی:

- لەم زەمانە باشترت نەدۆزییەوە کە لەگەڵ براگەورەکەتدا قسەی پێ بکەیت؟

ئەدهەم بە زمانێکی بەپشووانەوە وتی:

- ئیدریس ئایا بەس نییە ئەوەی پێت کردم؟ نامەوێت بمناسیت یان بتناسم!

- چۆن وا دەبێت ئێمە بە حوکمی ئەوەی دراوسێین؟!

ئەدهەم لە بێدەنگییەکەی خۆی نەهاتە دەرەوە و ئەوی دیکە وتی:

- ئای مەکرباز تۆ دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ ماڵەکـە، بەڕاسـتی تـۆ بێدەسـەڵاتی، زۆر فێڵاویت! بەڵام بزانە ڕێگات نادەم بەتەنیا بگەڕێیتەوە گەر ئاسمان و زەوی لەیەکیان داوە.

ئەدهەم پرسی و کونەلووتەکانی لە توورەییدا فش ببوونەوە:

- ئایا بەس نییە ئەوەی کە پێت کردم؟

- ئەی تۆ بەس نییە ئەوەی کە بـەمنت کـرد؟ لەبـەر تـۆ دەرکـرام و کەچـی هەسـارە ڕووناکەکەی ماڵەکە بووم.



- بگرە دەرکرایت بەهۆی دڕیی خۆتەوە...

ئیدریس قاقا پێکەنی و وتی:

- تۆیش بەهۆی خودە لاوازەکەتەوە دەرکرایت، ئەو خانووە گەورەیە جێگای هێزو بێ هێزی تێدا نابێتەوە! تەماشای زۆرداریی باوکت بکە ڕێگـا نـادات بـە هێـز و بێهێـز لـە خودێکدا کۆبێتەوە، تەنها لە خودی خۆیدا نەبێت. ئەو هێندە بەهێزە تا ڕادەی لـەناوبردنی جگەرگۆشەکانی خۆی. هێندەش بێهێز کە دایکێکی خواست وەکو دایکی تۆ.

ئەدهەم چارەی گرژکرد و بە حیرسەوە وتی:

- لێمگەڕێ بابڕۆم و بە کەسێکی بەهێزی وەکو خۆت شەڕ بفرۆشە.

- باوکت شەڕ بە بەهێز و بێهێزەکانیش دەفرۆشێت.

ئەدهەم بێدەنگ بوو سەروچاوی هێندەی دیکە مۆن بوو، ئیدریس بەگاڵتـە پێکردنـەوە وتی:

- ناتەوێ لە برینـدارکردنی خـۆت تـووش کـەیت! ئـەوەیش فێڵێکـە لـە فێڵـەکانت، نیشانەی ئەوەیشە کە هێشتا خەون بەگەڕانەوەوە دەبینیت.

پاشان ئارووەیەکی هەڵگرت و بەقێزەوە تەماشایەکی کرد، دواجار وتی:

- چۆن ڕێگات بەخۆت دا بەم ئارووە پیسەوە بگەڕێیت! ئایا ئیشێکی لەمە شـەریفترت نەدۆزییەوە؟

- لێی ڕازیم...

- بگرە پێویستیی بۆ ئەوە ناچاری کردیت، لەکاتێکدا باوکت ژیانی خۆش دەباتە سەر، تۆزێك لە مەسەلەکە بیربکەرەوە، ئایا بۆ تۆ باشتر نییە بێیتە لای من؟!

ئەدهەم بە وەڕزییەوە وتی:

- بۆ ژیانی تۆ نەخوڵقاوم.

- تەماشای دیشداشەکەم بکـە، دوێنـێ خاوەنەکـەی بـەبێ هـیچ هـەقێك گەنجەفـەی پێوەکرد!

پرسیار لە چاوی ئەدهەم بەدەرکەوت و وتی:

- وەکو بەهێزەکان دەیکەن! بدزە، یان بکوژە.

بەخەمبارییەوە وتی:

- بڕوا ناکەم کە تۆ ئیدریسی برام بیت!

ئەویش بە قاقاوە وتی:

- بەلاتەوە سەیر نەبێت کە تۆ دەزانیت کوڕی جەبەلاویم!

ئەدهەم بەبێ سەبرییەوە وتی:

- دەکرێت ڕێگەم بکەیتەوە؟

- چۆن گەمژەییەکەت بۆتی دەوێ باوابێت!

گیرفانی پڕکرد لە ئاروو، بە نیگایەکی وەڕزییەوە تەماشای کرد، پاشان تفێکی کرد لە عارەبانەکە و ڕۆیشت. ئومەیمە وەستا بوو بۆ پێشوازیکردنی کاتێك لە کوختەکە نزیك دەبووەوە. تاریکیی چۆڵەوانییەکەی لێڵ کردبوو، لەناوەوەی کوختەکەش مۆمێك دەسووتا وەك بڵێ دوا هەناسەیە لە سنگی کەسێك لە سەرەمەرگدا، بەڵام لە ئاسمان ئەستێرە دەدرەوشانەوە، لەبەر ڕۆشناییەکانیان خانووە گەورەکە دەتوت تارماییەکی زەبەلاحە. ئومەیمە هەستی کرد کە لەحاڵێکدایە باشتروایە لێی دوورکەوێتە، گۆزەیەك ئاوی پێ دا کە قاچ و قۆڵ و دەست و بنی پێی بشووات، دیشداشەیەکی خاوێنی بۆ هێنا، سەروچاو و پێیەکانی شۆری و دیشداشەکەی گۆڕی، پاشان لەسەر زەوییەکە دانیشت و قاچەکانی درێژکرد و لێی نزیکبووەوە و لە تەنیشتییەوە دانیشت و بە زمانێکی ڕازیکردنەوە وتی:

- کاشکی توانیبام هەندێ لە ماندووییەکەتم هەڵگرتبا.

وەکو بڵێی گەڕیی خوراندبێت وتی:

- بێدەنگ بە ئەی ڕەچەڵەکی بەدکاریی و کلۆڵیی،

لێی دوورکەوتەوە تا خەریك بوو ون دەبوو، دیسان وتی:

- تۆ باشترین شتی کە بێ ئاگایی و گەمژەیەکەمم بیربخاتەوە. نەعلەت لەو ڕۆژە بێت کە تۆم تێدا بینی.

لەتاریکیدا گریانی ژنەکەی گوێ لێبوو، بەڵام هێندەی دیکە تووڕەییەکەی زیاتر بوو، وتی:

- شەرمەزاریی بۆ فرمێسکەکانت، ئەوە ئارەقەی نامەردییە و جەستەتی پڕکردووە...

دەنگی گریانەکەی بۆ هات و وتی:

- هەمموو قسەیەك ئەهوەنترە لە ئازارەکەم.

- با گوێم لە دەنگت نەبێت، لەبەرچاوم دووربە.



جلوبەرگە داکەنراوەکەی لوول دا و بۆی تێگرت و ژنەکەیش ئاهێکی هەڵکێشاو وتی: (سکم!) خێرا تووڕەییەکەی ساردبووەوە و بەزەیی بە ئەنجامەکاندا هاتەوە، ژنەکەیش لەبێدەنگیی ئەودا پاشگەزبوونەوەی بەدیکرد، بۆیە بە دەنگێکی بەئێشەوە وتی:

- دوور دەکەمەوە وەکو دەتەوێت.

ژنەکە هەڵسا و دوور ڕۆیشت تا هاواری لێکرد:

- ئایا پێت وایە کە کاتەکە شایانی نازکردنە؟

پاشان گورپیدایە خۆی بۆ هەڵسان و هاواری کرد:

- بگەڕێرەوە هەی ئیسراحەتت لێ هەڵگیرێ.

چاوی لە تاریکییەکەدا گێڕا تارمایی ژنەکەی بینی دەگەڕایەوە، پشتی دا بە دیواری کوختەکەوە و چاوی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی، حەزیکرد دڵنیا بێت لە سکەکەی، بەڵام کبریای ڕێگای نەدا، ئەوەی دواخست بۆ کاتێکی نزیك، پاشان بە قسەکەی ڕێگای بۆ خۆشکرد و وتی:

- بۆ ئێوارە هەندێ ئاروو بشۆرەوە...

## -١١-

شوێنەکە لە ئیسراحەت خاڵی نییە، نە ڕووەکی تێدایە و نە ئاویش، نە چۆلەکە و نە جریوەی سەر لقەکان، بەڵام زەوی چۆڵەوانییە ڕووتەڵە شەڕەنگێزەکە، بە شەو پۆشاکێکی ئاڵۆزی لەبەر دەکرد خەوناوی هەرچی بوێت، دەیبینێت، لەسەریشییەوە بڵندایی ئاسمان بوو کە بەئەستێرە ڕازابووەوە و ژنێکیش لەناو کوختەکە بوو، تەنیایەکی قسەکەر، خەمێك وەکو پشکۆی ژێر خۆڵەمێش. شوورە بەرزەکەی خانووەکە کە ڕکابەری لەگەڵ کەسی بەتاسەوەبوودا دەکات. ئەم باوکە زۆردارەیش چۆن ئاه و ناڵەی خۆی بگەیەنێتە بەر گوێی، حیکمەتیش لەوەدایە کە ڕابردوو لەبیربکرێت، بەڵام لەم زەمەنەیش زیاترمان نییە. بۆیە ڕقم لە لاوازیی خۆم بووەوە و نەعلەتم لە ناکەسبەچەیی خۆم کرد، ڕازی بووم کە دەردەسەریی هاوڕێم بێت و منداڵیشی بۆ دەخەمەوە. ئەو چۆلەکەیەی کە هێزێك نییە لە باخچەکەدا بەری بگرێت، لە خەونەکانی من بەختەوەرترە و چاوەکانم لە تاسەدا سووتاون بۆ ئەو ئاوانەی کە لەنێوان دارگوڵەکانەوە ڕێدەکەن، کوا بۆنی خەنە و یاسەمین کوا، کوا

سەر ئاسوودەیی و نای کوا ئەی دڵڕەق، ئەوا نیو ساڵ تێپەڕی و کەی ئەو بەفری دڵڕەقییەت دەتوێتەوە؟

لەدوورەوە دەنگی ئیدریس هات و بە دەنگێکی ناخۆش گۆرانی دەوت: ((سەیرە بەخوا سەیرە)). لەبەردەم کوختەکەیدا ئاگرێکی کردەوە و گڕەکەی بەرزبووەوە و دەتوت نەیزەکێکە و کەوتەخوارەوە و لە زەوی چەقی، ژنەکەیشی بەسکی شۆڕەوەبووی دەهات و دەچوو خواردن و خواردنەوەی پێشکەش دەکرد، شەپۆلێکی سەرخۆشیی زللەیەکی پێداکێشا، لەنێو بێدەنگیدا هاتە قسە و گوتارەکەی بەرەو خانووە گەورەکە بوو: ((ئەو دەفر و ئامانی ملووخیە و مریشکی سوورەوەکراوە هەی خەڵکی ماڵەکە پڕیکەن لە ژەهر!)). پاشان دەستی کردەوە بە گۆرانیوتن.

ئەدهەم بەداخەوە بە خۆی وت: ((هەر کە لە تاریکیدا لەگەڵ خۆمدا تەنیا دەبم، ئەهریمەن دێت و ئاگری خۆی دەکاتەوە و دەیشێوێنێ و تەنیاییەکەم لێ تێك دەدات)). ئومەیمە لەبەر دەرگای کوختەکە دەرکەوت زانی بەپێچەوانەی بۆچوونییەوە کە نەخەوتووە، بێ تاقەتییەکەی لەبەر سکەکەی بوو، هەروەها لەبەر تەقەلا و هەژاریی کە حاڵەتێکی دڵخۆشکەر نەبوو، ژنەکە بەنەرمیی و بەزەیییەوە وتی:

- ئەی ناخەویت؟!

ئەویش بە وەڕزییەوە وتی:

- لێمگەڕێ لەم تەنیا سەعاتەدا کە ژیانی تێدا خۆش دەبێت.

- بەیانی زوو لەگەڵ عارەبانەکەتدا دەڕۆی و پێویستت بە ئیسراحەت هەیە...

- لە تەنیاییەکەمدا ئاغا و نیمچە ئاغام، دەڕوانمە ئاسمان و ڕۆژانی جارانم بیردەکەوێتەوە.

ژنەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا بە دەنگێکی بیستراوە و وتی:

- دەمەوێت ئەگەر باوکتم بینی کاتێ لە ماڵ دێتەدەرەوە، یان لەهاتنەوە بۆ ماڵەوە و خۆم فڕێدەمە بەر پێیەکانی و داوای لێبووردنی لێ بکەم.

ئەدهەم بە بێزارییەوە وتی:

- چەندجار پێم وتووی کە وازبێنە لەم بیرکردنەوانە، بەم شێوەیە نابێت کە سۆزی بگێڕینەوە.

ژنەکە زۆر بێدەنگ بوو پاشان بەچپەوە وتی:



- بیر لە چارەنووسی ئەوشتە دەکەمەوە کە لە سکمدایە.

- هیچ ئیشێکم نییە جگە ئەوە نەبێت سەرەڕای ئەوەی کە تەنها ئاژەڵێکی چەپەڵ نەبێت هیچی دیکەنیم...

ژنەکە بەخەمبارییەوە ورتەورتێکی کرد:

- وەڵا لە هەموو پیاوان باشتریت.

ئەدهەم بەگاڵتەوە پێکەنی و وتی:

- ئێستا مرۆڤ نیم، تەنها ئاژەڵ و خەمی خواردنییەتی و هیچی دیکە.

- خەم مەخۆ، چەندینی وەکو تۆ دەستیان پێکردووە، پاشان ژیانێکی خۆشگوزەرانی بۆ ڕەخساوە، بووە بە خاوەن دوکان و خانووبەرە.

- گرەو دەکەم کە ئازاری سکەکەت گەیشتووەتە سەرت.

ژنەکە بە سووربوونەوە وتی:

- دەبیتە پیاوێکی پایەدار، کوڕەکەشمان لە باوەشی نازونیعمەتدا پەروەردە دەبێت.

ئەدهەم بە قەشمەریی پێکردنەوە هەردوو دەستی کێشا بەیەکدا و پرسی:

- ئایا بە بۆزە یان بە تلیاك دەگەم بەوە؟

- ئەدهەم بە ئیشکردن.

بە بێزارییەوە وتی:

- ئیش لەپێناوی پاروودا نەعلەتی نەعلەتەکانە، لە خچەکەدا بۆ خۆم دەژیام، هیچ ئیشێکم نەبوو جگە لە تەماشاکردنی ئاسمان و نای ژەنین نەبێت، بەڵام ئەمڕۆ جگە لە ئاژەڵێك بەولاوە هیچی دیکە نیم، بە شەو و ڕۆژ پاڵ بە عارەبانەوە دەنێم لەپێناوی شتێکی چەپەڵدا کە ئێوارە بیخۆین، بۆئەوەی بەیانی لەشم فڕێیداتە دەرەوە، ئیشکردن لەپێناوی پاروو، نەعلەتی نەعلەتەکانە، ژیانی ڕاستەقینە لە خانووە گەورەکەدایە، ئیشکردنی لێ نییە بۆ پاروو، تەنها خۆشی و جوانی و گۆرانی نەبێت.

گوێیان لە دەنگی ئیدریس بوو وتی:

- ئەدهەم قسەی هەقت کرد، ئیشکردن نەعلەتە، ڕەزالەتێکە لێی ڕانەهاتووین، بۆ داوام لێ نەکردیت بێیت لەگەڵمدا؟!

ئەدهەم بەرەو دەنگەکە ئاوڕی دایەوە، تارماییەکەی ئیدریسی بینی لە نزیکییەوە وەستابوو، بەوجۆرە دزە دەکات بۆ ناو تاریکیی و بێ ئەوەی هەستی پێ بکەیت، گوێ لە

قسە دەگرێت لەوەی کە بیەوێت گوێی لێ بگرێت، ئەگەر پێی خۆش بوو بەشداریی تێدادەکات، ئەدهەم بەو ورووژاوییەوە هەڵسا و وتی:

- بگەڕێرەوە بۆ کوختەکەت.

ئیدریس بە زمانێکی جیدی دەستی پێکردەوە وتی:

- منیش وەکو تۆ دەڵێم کە ئیشکردن نەعلەتە و لایەقی کەرامەتی مرۆڤ نییە.

- تۆ داوام لێدەکەیت ببمە سەرسەریی، کە ئەمەیان لە نەعلەت چەپەڵترە.

- ئەگەر ئیشکردن نەعلەت بێت و سەرسەرییەتی چەپەڵی بێت، ئیتر مرۆڤ چۆن بژی؟

قسەکردنەکەی لەگەڵدا پێ خۆش نەبوو، بۆیە بێدەنگ بوو، چاوەڕێ بوو ئیدریس قسە بکات، بەڵام قسەی نەکرد، وتی:

- لەوانە ڕزقی بێ ئیشت بوێ؟ بەڵام حەتمەن لەسەر حیسابی کەسانی دیکە!

ئەدهەم بەردەوام بوو لەسەر بێدەنگیی، ئەویدیکە دەستی کردەوە بە قسەکردن و وتی:

- لەوانەیە ڕزقێکی بێ ئیشت بوێ و کەسیش زیان نەکات؟!

پێکەنینێکی ناخۆش پێکەنی و وتی:

- ئەمە مەتەڵە هەی کوڕی کەنیزە.

ئومەیمە بەتووڕەییەوە هاواری کرد:

- بگەڕێرەوە بۆ کوختەکەت هەی نەقیزەی ئەهریمەن.

ژنەکەی بەتووڕەیی بانگی کرد، لەکوێوە هاتبوو بۆ ئەوێ گەڕایەوە و مزەمزی بوو: (سەیرە وەڵا سەیرە).

ئومەیمە لە مێردەکەی دەپاڕایەوە و دەیوت:

- بە هەرنرخێك بێت لە شەڕکردن لێی دوور بە...

- لەپڕ دەبینم بەژوور سەرمەوەیە بێ ئەوەی بزانم چۆن هاتووە.

هەردووکیان بێدەنگ بوون و کردیان بە داڵدەی ورووژانی خۆیان؟

ئومەیمە بە نەرمییەوە وتییەوە.

- دڵم پێم دەڵێت کە ئەم کوختەمان دەبێتە وێنەی ئەو ماڵەی کە لێی دەرکراین، نە لە باخچەی کەم دەبێت و نە لە بوولبوول، منداڵەکەشمان هەموو ئیسراحەت و لەزەتێکی بۆ دەستەبەر دەبێت.



ئەدهەم وەستا بزەیەکی بۆی هاتێ و لە تاریکییەکەدا لێوەی دیار نەبوو، بەگاڵتەوە و بەدەم تەکاندنی خۆڵی دیشداشەکەیەوە وتی:

- ئاروو کەرەیە، ئاروو شەکرە! و ئارەقەم لێ دەتکێ و منداڵان دڵیان بەپێڕابواردنم دەکرێتەوە و زەویش پێم دەخوات لەپێناوی چەند ملیمێکدا...

چووە کوختەکەوە و ژنەکە دوای کەوت و دەیوت:

- بەڵام ڕۆژی خۆشی و گۆرانی دێت.

- ئەگەر ڕەنجت دابایە کاتی خەونەکانت نەدەبوو.

هەریەکەیان لەسەر گونییەکی ناوەخنپۆش ڕاکشان و ژنەکە وتی:

- ئایا خوا ناتوانێت کە کوختەکەمان بکاتە خانوویەك وەکو ئەوەی کە لێی دەرکراین...؟

ئەدهەم بەدەم باوێژکەوە وتی:

- ئاواتم ئەوەیە بگەڕێمەوە بۆ خانووە گەورەکە.

پاشان هەر بەدەم باوێژکەوە و بەپلەیەکی بەرزتر وتی:

- ئیشکردن نەعلەتە.

بە دەنگێکی بەچپەوە وتی:

- لەوانەیە، بەڵام نەعلەت بە ئیشکردن لاناچێت.

## -١٢-

شەوێکیان ئەدهەم بەبیستنی ئاه و ناڵەیەکی قووڵەوە بەئاگا هاتەوە، لەنێوان خەو و بەئاگاییەوە مایەوە، تا دەنگی ئومەیمەی لێ ڕوون بوو بەدەم ئازارەوە دەیوت: (ئای پشتم، ئای سکم...). یەکسەر دانیشت و تەماشای بەرەو لای کرد، پاشان وتی:

- ئەم ڕۆژانە حاڵت ئاوهایە پاشان بەهیچ دەشکێتەوە، مۆمێك داگیرسێنە.

ئەویش بەدەم ناڵەوە وتی:

- تۆ دایگیرسێنە، ئەمجارەیان ڕاستە...

هەستا و دەستی برد بۆ شوێنی مۆمەکە لەنێو ئامێرەکانی چێشتدا و دۆزییەوە، دایگیرساند و لەسەر تەپڵەکێك چەسپی کرد، لەبەر ڕۆشنایی مۆمەکە ئومەیمە دەرکەوت،

دانیشتبوو خۆی دابووە سەر هەردوو مەچەکییەوە، دەنووزایەوە، سەری هەڵدەبڕی بۆئەوەی هەناسەیەکی بەزەحمەتی دیارەوە بدات، پیاوەکە بە نیگەرانییەوە وتی:

- هەر کە ئازارت هەبێت پێتوایە کە ئەوەیە.

بە سەروچاوی گرژەوە وتی:

- نەخێر، ئەمجارە دڵنیام کە ڕاستە.

یارمەتی دا بۆئەوەی پشت بدات بە دیواری کوختەکەوە و پاشان وتی:

- بەهەرحاڵ مانگی خۆتە، خۆت بگرە تا دەچم لە جەمالییە مامانت بۆ دێنم...

- بەسەلامەتی بڕۆی، ئێستا کات کەیە؟

ئەدهەم لە کوختەکە چووە دەرەوە، وای لێکرد تەماشای ئاسمان بکات، پاشان وتی:

- بەرەبەیان نزیکبووەتەوە، ئەوەندەم پێ ناچێت هەر ماوەی ڕێگاکەیە...

بەخێرایی بەرەو جەمالییە کەوتەڕێ، پاشان گەڕایەوە تاریکیی دەبڕی و لە دەستی مامانە پیرەکەی گرتبوو بۆئەوەی ڕێگای پێ نیشانبدات، کاتێ لە کوختەکە نزیکبووەوە گوێی لە هاواری ئومەیمە بوو کە کەشکەلانی شەق دەکرد، دڵی لێیداو هەنگاوەکانی بەرین کردەوە تا مامانەکە کەوتە گازندە. پێکەوە چوونە کوختەکەوە، ژنەکە کۆڵوانەکەی داکەند و بەدەم پێکەنینەوە بە ئومەیمەی وت:

- ڕزگاربوون هات و دوای تەنگانە ئاسوودەییە.

ئەدهەم لێی پرسی:

- حاڵت چۆنە؟

بە دەنگێکی وەکو نوزەوە وتی:

- خەریکە لەبەر ئازار دەمرم، جەستەم دادەڕزێت، ئێسقانەکانم تێکدەشکێن، مەڕۆ...

مامانەکە وتی:

- بگرە لەدەرەوە بەسەلامەتی چاوەڕێ دەبێت...

ئەدهەم چووە دەرەوە بۆ چۆڵەوانییەکە، تارماییەکی بینی لە نزیکییەوە وەستاوە، ناسی بەر لەوەی لێی ڕوون بێت، دڵی تەنگ بوو، بەڵام ئیدریس بە زمانێکی بەئەدەبی دەستیکردەوە وتی:

- ڕزگاری بوو؟ بەستزمانە، ژنەکەیشم ئەم حاڵەتەی بەسەرهاتووە، وەکو دەزانی بەم نزیکانە بوو، ژانە درۆزنانەیە و دەڕەوێتەوە، پاشان بەشی خۆتت لە غەیبەوە بەردەکەوێت.



وەکو (هند) بەری کەوت، منداڵێکی ئەفسووناوییە، هەر میز دەکات و دەگری؟، خۆت بگرە...

ئەدهەم لەسەرەخۆ و بەتەنگییەوە وتی:

- مەسەلەکە لە دەستی خاوەن مەسەلەکەیە.

ئیدریس پێکەنینێکی زبری بۆ کرد و پرسی:

- مامانت لە جەمالییە بۆ هێنا؟

- بەڵێ...

- ژنێکی چەپەڵە، تەماحکارە، منیش ئەوم هێنا هەق دەستی زۆر دانا منیش دەرمکرد، هێشتا کە بە بەردەم ماڵەکەیدا ڕەت دەبم داوای پارەکەی دەکات.

ئەدهەم بە دوودڵییەوە وتی:

- نابێت بەوشێوەیە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکەیت.

- ئەی کوڕی پیاوی گەورە، باوکت فێری کردووم لەگەل خەڵکیدا دڕ و دڵڕەق بم.

دەنگی ئومەیمە بەقیژە بەرزبووەوە، وەك بڵێی دەنگدانەوەی ونجڕبوونەکە کەوتبووە هەناوییەوە، لێوەکانی ئەدهەم بەسەر شتێکدا چەسپ بوون کە دەیویست بیڵێت و بە نیگەرانییەوە لەکوختەکە نزیکبووەوە، بە دەنگێکی ناسکەوە وتی:

- خۆت بگرە.

ئیدریس بە دەنگێکی بەرز وتی:

- براژن خۆت بگرە...

ئەدهەم بەزەیی پێداهاتەوە هەرکە گوێی لەو دەنگەی ژنەکەی بوو، بەڵام ڕقی خۆی شاردەوە و وتی:

- وا با شە دوور لە کوختەکە بوەستین.

- وەرە بۆ کوختەکەی من لەوێ چای بخۆ، (هند)یش دەبینی لە شیرین خەودایەوە.

بەڵام ئەدهەم لە کوختەکەی خۆی دوورکەوتەوە. بێ ئەوەی بەرەو کوختەکەی دیکە بڕوات، لەبەر خۆیەوە و بەنهێنی بە تووڕەییەکی شاراوەوە نەعلەتی لێی کرد، ئیدریس دوای کەوت و دەیوت:

- بەرلەوەی ڕۆژبێتەوە دەبیتە باوك. ئەمەیش گۆڕانێکی دژوارە، سوودەکەیشی ئەوەیە کە هەست بەو پەیوەندییە دەکەیت کە باوکت بەئاسانی و گەمژەیی بچڕاندی.

ئەدهەم بە قسەکەی دڵتەنگیی خۆی دایەوە وتی:

- ئەم قسەیە دڵتەنگم دەکات.

- لەوانەیە، بەڵام جگە لەوە هیچ خەمێکی دیکەمان نییە.

ئەدهەم بە دوودڵییەوە بێدەنگ بوو، پاشان بەهەندێ بەزەییەوە وتی:

- ئیدریس بۆچی دوام دەکەویت کە دەزانیت هیچ بەینێکمان نییە؟!

ئیدریس بەدەنگی بەرز دایە قاقا پێکەنین و وتی:

- ئای کە منداڵێکی کەم حەیاییت، هاواری ژنەکەت لە خۆشترین خەو هەڵیساندم و کەچی تووڕەش نەبووم، بەپێچەوانە هاتم بۆئەوەی یارمەتیت بدەم ئەگەر پێویستت پێی هەبێت، ئەگەر باوکت گوێی لەو هاوارە بووایە وەکو کەسێکی بێ دڵ دەخەوتەوە...

ئەدهەم بەتووڕەییەوە وتی:

-چیمان لەچارە نووسرابێت هەر ئەوەیە. ئایا ناتوانی گوێم پێ نەدەیت وەکو من گوێت پێ نادەم؟

- ئەدهەم تۆ ڕقت لێمە، نەك لەبەرئەوەی کە بوومە هۆی دەرکردنت، بەڵکو لەبەرئەوەی لاوازیی خۆتت بیردەخەمەوە. تۆ لەمندا ڕقت لە خودی گوناهکاریی خۆتە، بەڵام من هیچ پاکانەیەکم نییە بۆ ڕقلێبوونەوەت، بگرە ئەمڕۆ تۆ دڵنەوایی و دڵدانەوەمی، ئەوەیشت لەبیر نەچێت کە دراوسێین، یەکەم زیندەوەریش کە لەم چۆڵەوانییەدا نیشتەجێ بووە، منداڵەکانیشمان پێکەوە تێدا هەڵماقۆ دەکەن.

- تۆ چێژ لە ئازاردانم وەردەگریت.

ئیدریس ماوەیەك بێدەنگ بوو، تا ئەدهەم ئاواتەخواز بوو کە لێی ڕزگاربوو، بەڵام بە زمانێکی جیدی پرسیاری لێکردەوە:

- بۆ ڕێکنەکەوین؟

ئەدهەم بە هەناسە هەڵکێشانەوە وتی:

- چونکە من بەگوێرەی حاڵی خۆم فرۆشیارم، تۆیش پیاوێکی ئارەزوومەندی لێدان و دەستدرێژیکردنیت...

هاواری ئومەیمە بەرزبووەوە و توندتربوو، ئەدهەم بە پاڕانەوە سەری هەڵبڕی، ئەوسا هەستی کرد کە خەستیی تاریکییەکە سووکبووەتەوە، دەمەو بەیان بەچیاکەدا هەڵگژا و ئەدهەم وتی:



- ئازار چەند نەگریسە!

ئیدریس بە پێکەنینەوە وتی:

- ناسکیی چەند جوانە، تۆ بۆ بەڕێوەبردنی وقفەکە و نای لێدانی خوڵقاویت.

- چۆنت دەوێت گاڵتە بکە، من ئازارم هەیە!

- بۆ؟ وامزانی ژنەکەت ئازاری هەیە!

ئەدهەم لەزۆر بێزارییدا هاواری کرد.

- لێمگەڕێ.

ئەویدیکە بەهێمنییەکی تووڕەییەوە وتی:

- دەتەوێت بەبێنرخ ببیتە باوك؟

ئەدهەم بێدەنگ بوو، پیشی دەخواردەوە و ئیدریس بە سۆزدارییەوە وتی:

- تۆ کەسێکی دانایت، هاتووم ئیشێکت پیشان دەدەم تا خەڵکانی داهاتووی پێ بەختەوەرکەیت، ئەمەی کە دەیبیستین پێشەکییە بۆ تەشریفهێنانی یەکەم نەك دوایی. شەهوەتەکانمان قەناعەت تەنها بەوە دەهێنن کە گردۆڵکەیەکی زووڕیەتی بەژاوەژاوە لەسەرمان کەڵەکە بکرێت، ڕات چییە؟

- ئەوەتا ڕووناکبووەوە بڕۆ و خەوەکەت تەواوکە.

هاوار بەرزبووەوە، بەدوای یەك و بەردەوام تا ئەدهەم لە هەڵوێستی خۆی دڵتەنگ بوو، گەڕایەوە بۆ کوختەکە کە تاریکی لێی دڕی دابوو. گەیشتە ئەوێ و ئومەیمە هەنیسکی قووڵی دەدا وەکو کۆتایی گۆرانییەکی خەمبار. لە دەرگای کوختەکە نزیکبووەوە پرسیاری کرد:

حاڵتان چۆنە؟

دەنگی مامانەکە هات و وتی: (چاوەڕێکە). دڵی ئامادەی خۆشی بوو هەرکە هەستی کرد دەنگەکە سرووشی سەرکەوتن دەدات. ئەوەندەی پێ نەچوو ژنەکەی لەبەر دەرگاکە دەرکەوت و دەیوت:

- دوو نێرینەت بوو.

- دووانە؟

- خوا بەرزقی ئەوان ڕزقیان بدات.

پێکەنینی ئیدریس لەپشتییەوە گوێی کاس کرد و وتی:

– ئێستا ئیدریس باوکی مێینەیەك و مامی دوو نێرینەیە.

– بەرەو کوختەکەی ڕۆیشت و گۆرانی دەوت: (بەخت و نەسیب لەکوێیە ئەی زەمانە پێم بڵێ).

مامانەکە وتییەوە:

– دایکەکە حەز دەکات ناویان بنێنن قەدری و هەمام:

ئەدهەم ورتەورتی دەکرد و دڵخۆش بوو:

– قەدری و هەمام، قەدری و هەمام...

## -١٣-

(قەدری) بەدەم سڕینەوەی سەروچاوی بەلفکی دیشداشەکەیەوە وتی:

– با دانیشین خواردنەکەمان بخۆین.

(هەمام) تەماشای خۆرئاوای دەکرد و وتی:

– بەڵێ، کات بردمانی...

لەژێر لاپاڵی (موقەتەم)دا لەسەر لمەکە چوارمشقی دانیشتن. (هەمام) گرێی دەسەسڕە سوورەکە خەتخەتەکەی کردەوە نان و فەلافل و ماشی تێدا بەدەرکەوت، دەستیان کرد بە ناخواردن، جارناجارێك تەماشای مەڕەکانیان دەکرد، کە هەندێکیان سەرگەردان ببوون، هەندێکیشیان خەوتبوون بۆئەوەی بە ئیسراحەت و ئاسوودەیی کاوێژ بکەن، دوو براکە شتێك نەبوو لە ڕووخسار و سەروچاویاندا جیایان بکاتەوە، بەڵام نیگایەکی ڕاوچییانە لە چاوی (قەدری)دا دیاربوو، کە توندوتیژییەکی جیاوازی شێوەیەکی تایبەتی دابوویە. قەدری بەدەم هاڕینی ئەو خواردنەی لە زاریدا کەڵەکەبوو، وتی:

– ئەگەر ئەم چۆڵەوانییە بەبێ هاوبەشی هی ئێمە بووایە، مەڕەکانی خۆمان بە مێشك ئاسوودەییەوە دەلەوەڕاند.

(هەمام) بەبزەیەکەوە وتی:

– بەڵام ئەم چۆڵەوانییە جێ مەبەستی شوانەکانی عەتووف و کەفر زەغاری و حوسەینییەشە، دەتوانین دۆستایەتییان لەگەڵدا بکەین و خۆمان لە خراپەیان دووربگرین.

قەدری پێکەنینێکی گاڵتەجاڕیی پێکەنی و لەگەڵیدا پارچە خواردنەکە لە دەمی هاتەدەرەوە و وتی:



– ئەم شارەکییانە یەك وەڵامیان هەیە، هەرکەسێ بیەوێت ببێتە برادەریان ئەویش زللەیە، بەڵام...

– نەخێر، بەڵام کوڕی باوکم، ڕێگایەك پێ دەناسم ئەویش ئەوەیە، دیشداشەی کابرایەك ڕابکێشم و بەسەردەمدا بیخەم یان بەپشتابکەوێت.

– بەوەیش ژمارەی دوژمنەکانی خۆمان نازانین:

– کێ پێی وتی بیانژمێرە...؟!

هەمام بەجدی لەسەری ڕۆیشت و زیاتر دوورکەوتەوە، فیکەی لێدەدا تا وەستا و لە بێدەنگییەکی حەکیمانەدا گەڕایەوە، چیلکەیەکی قەڵداسی هەڵگرت و بە پەنجەکانی سڕییەوە و بەتامەوە خستییە دەمییەوە، پاشان بەدەم ملچەملچەوە وتی:

– بۆیە بەتەنیاین، ماوەیەکی زۆر بەسەرچوو قسەمان نەکردووە.

– چ پێویستت بە قسەکردن هەیە و تۆ بەدرێژایی وەخت گۆرانی دەڵێیت.

هەمام بەدڵنیاییەوە تەماشای کرد و وتی:

– خەیاڵ دەکەم کە تۆ هەندێ جار بەم تەنیاییە دڵتەنگیت.

– هەمیشە هۆ دەدۆزمەوە بۆ دڵتەنگیی یان تەنیایی یان شتی دیکە.

بێدەنگیی باڵی کێشاو ملچەملچەکە ڕوون بوو، لە دوورەوە کۆمەڵە خەڵکێك دەرکەوتن کە لە چیاکەوە بەرەو عەتووف دەگەڕانەوە، یەکێك بە گۆرانی پێشیان کەوتووە وەکو سەرجەلەکێش ئەوانی دیکەیش دەیلێنەوە. هەمام وتی:

– ئەم لایەی چۆڵەوانییەکە درێژەی گەڕەکەکەمانە، ئەگەر بڕۆین بۆ باکوور یان بۆ باشوور پێموایە گەڕانەوەمان نییە...

قەدری پێکەنینێکی بەهاڕە پێکەنی و وتی:

– لە باکوور و لە باشوور خەڵکانێك دەبینیت دەیانەوێت بمکوژن، بەڵام کەسێك نابینیت بوێرێت بەرامبەرم بوەستێت.

هەمام سەیری مەڕەکانی دەکرد و وتی:

– نکوڵیی ئازایەتیت ناکرێت، بەڵام لەبیرت نەچێت کە ئێمە بە سایەی ناوی باپیرمانەوە دەژین و بە ناوبانگە ترسناکەکەی ماممانەوە، سەرەڕای ئەوەی ناخۆشیی هەیە لەنێوانماندا...

قەدری بۆ ناڕەزایی هەردوو برۆی دایە یەکەوە، بەڵام ئەو ناڕەزاییەی دەرنەخست. نیگای بەرەو خانووە گەورەکە کردەوە، کە لەدوورەوە لەنێو خۆرئاوادا وەکو پەیکەرێکی زەبەلاحی ڕەواڵەت شاراوە دیاربوو، وتی:

– ئەم خانووە، لە وێنەیم نەدیوە، لە چۆڵەوانییەکە لە هەموو لایەکەوە و لە نزیك ئاوەدانی و کۆڵانگەلێك دەوریان داوە کە ناوبانگیان بەزۆرداریی و شەڕەنگێزیی هەیە، خاوەنی خانووەکەیش بەبێ قسە زۆردارە، ئەو باپیرەی کە نەوەکانی چاویان پێ نەکەوتووە کە چەند باڵێکیش لێوەی دوورن!

هەمام نیگای ڕووکردە خانووەکە، پاشان وتی:

– تەنها باوکمان بەڕێز و گەورەییەوە ناوی دەهێنێت.

– مامەکەشمان هەر بەنەعلەتەوە ناوی دەبات.

هەمام بە بەزەییەوە وتی:

– بەهەرحاڵ ئەو باپیرەمانە.

– کوڕەکە ئەوە چی سوودی هەیە؟ باوکمان بەدوای عارەبانەوە ڕەنج دەدات، دایکیشمان بە ڕۆژ و بەشێك لە شەویش دەکۆشێ، ئێمەیش بەپێی پەتی و ڕووت و قووتی لەگەڵ مەڕداین، بەڵام ئەویش لەنێو شوورەکاندا خۆی مەڵاسداوە، بێ دڵە، لە ناز و نیعمەتێکدایە کە بە مێشکی کەسدا نایەت.

لە خواردنەکە بوونەوە، هەمام دەسەسڕەکەی تەکاند و پێچایەوە و خستییە گیرفانییەوە، لەسەر پشت پاڵیدایەوە و مەچەکی کردە سەرین. چاوی بڕییە ئاسمانە سامالەکە، کە کپی خۆرئاوای لێ دەتکێ. ترووسکایی لە ئاسۆدا نەما، قەدری هەڵسا و چووە لایەکەوە بۆ میزکردن و وتی:

– باوکمان دەڵا جاران زۆر دەهاتە دەرەوە و لە هاتوچوویدا بەلایاندا ڕەت دەبوو، بەڵام ئەمڕۆ کەس چاوی پێ ناکەوێت، وەك بڵێی لەخۆی دەترسێت.

هەمام بە ڕیتمێکی خەواڵووەوە وتی:

– چەند ئاواتەخواز بووم کە چاوم پێی بکەوێت.

– خەون مەبینە بەوەی کە شتێکی ڕادەبەدەر ببینیت، دەیبینیت ئەویش وەکو باوکمان و مامان وایە، یان وەکو هەردووکیان. سەیرم لە باوکم دێت کە چۆن هەر بەڕێزەوە باسی دەکات، سەرەڕای ئەوەی کە چی بەدەستییەوە دیوە!



دیارە ئەو زۆر گیرۆدەی بووە، یان بڕوای بە دادپەروەریی ئەو سزایە هەیە کە بەسەریدا سەپاندوویەتی.

– یان ئەوەتا هێشتا چاوی لەوەیە کە لێی ببوورێت!

– تۆ باوکمان دەناسی پیاوێکی خۆشمەشرەبە.

قەدری هاتەوە بۆ شوێنەکەی و وتی:

– ئەوم بەدڵ نییە و تۆیشم بەدڵ نییە، بەتەئکید باپیرەمان کەسێکی ئاوێردەیە و شایانی ڕێزگرتن نییە، ئەگەر زەڕەیەك خێری تێدابووایە ئاوها گۆشتی وشك نەدەبوو بەو وشکبوونە سەیرە، منیش وەکو مامم دەیبینم کە نەعلەتێکە لە نەعلەتەکان.

هەمام بە زەردەخەنەوە وتی:

– لەوانەیە نابووتترین شت تێیدا ئەوەبێت کە تۆ شانازیی پێوە دەکەیت، مەبەستم هێز و توندوتیژییە.

قەدری بەتوندیی وتی:

– ئەم زەوییەی بە خۆڕایی و بێ زەحمەت دەستکەوتووە و پاشان زاڵ بووە و خۆی بەزلزانی.

– نکوڵی لەوە مەکە کە ساتێك لەمەوبەر دانت پێدانا، تەنانەت واڵی خۆیشی بەتەنیا نەیدەتوانی لەم چۆڵەوانییە بژێت.

– ئایا ئەو چیرۆکەی گێڕاتەوە هیچ بیانوویەکی ڕاستی هەیە بۆ تووڕەبوونی لە باوکمان؟

– تۆ لەوە ئەهوەنتر دەدۆزیتەوە کە هۆیەکی تەواوبێت بۆ توندوتیژیی دەرهەق بە خەڵکی.

قەدری لە گۆزەکەی گرت و ئاوی خواردەوە تا تینوویەتی شکا، پاشان قرقێنەیەکی دایەوە و وتی:

– گوناهی نەوەکان چییە؟ ئەو نازانێت شوانیی چییە، بەنەعلەت بێت!

حەزم دەکرد بمزانیبا وەسییەتنامەکەی چی تێدایە و چی بۆ داناوین!

هەمام هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە دەنگێکی خەواڵووەوە وتی:

– سامانێك بە ماندوویی قازانج بکرێت بۆئەوەی پیاو دەستی بەتاڵ بێت بۆ دڵی خۆی و تەمەنی بە ئاسانی و ڕابواردنەوە بەرێتە سەر.

- تۆ قسەکەی باوکمان دەڵێتەوە، لە خۆڵ و قوڕدا ڕەنج دەدەین و خەون بەنایەوە دەبینین لە سێبەری باخچەکەدا، ڕاستیت دەوێت من زیاتر مامەم بەدڵە لە باوکم...

هەمام دانیشت و باوێشکی دا، پاشان هەڵسا و دەمی دا بەیەکەوە و وتی:

- بەهەرحاڵ بووین بە شتێکت، داڵدەیەکمان هەیە بمانگرێتەوە، ڕزقێك ژیانمان دەپارێزێت و مەڕمان هەیە دەیلەوەڕێنین، شیرەکەی دەفرۆشین، قەڵەوی دەکەین و دەیفرۆشین، دایکیشمان خورییەکە دەڕێسێت بۆئەوەی بیکەین بە پۆشاك.

- ئەی نای و باخچەکە؟

وەڵامی نەدایەوە، ڕووی قسەکەی کردە خانووە گەورەکە و بە قۆشمەیەوە وتی:

- ئایا ڕێگەمان دەدەیت میراتگرت بین یان دوای مردنیش سزامان دەدەیت وەکو لە ژیاندا سزات داین؟ جەبەلاوی وەڵام بدەرەوە...

زایەڵەی دەنگەکە هات: ((جەبەلاوی وەڵام بدەرەوە)).

-١٤-

لە دوورەوە بینییان کەسێك بۆ لایان دەهات و سەروچاوی لێیان ڕوون نەبوو. هاتووەکە نزیکبووەوە و بەرە بەرە لێیان ڕوون بوو، قەدری بە جووڵەیەکی خۆڕسك بەژنی قیت کردەوە و چاوەکانی بە ڕووناکی دڵخۆشیی درەوشانەوە. هەمام براکەی بینی دەخنایەوە، پاشان تەماشای مەڕەکانی کرد بەبێ بایەخەوە و بە زمانی وریاکەرەوە بەچپەوە وتی:

- تاریکییەکە دوورنییە.

قەدری بە سووکایەتییەوە وتی:

- ئەگەر ویستی با بەرەبەیان بێت.

دوو هەنگاو چووە پێشەوە و هەردوو قۆڵی بەرزکردەوە بۆ بەخێرهێنانی کیژێك، کیژەکەیش لە شوێنەکەیان نزیکبووەوە، لەبەر ڕێکردن ماندوو بوو، لەبەر درێژیی ماوەکە لەلایەك و لەبەر بەرگریکردن نەعلەکانی لەنێو لمەکەدا لەلایەکی دیکەوە، بە چاوێکی گەش بەرەو لایان سەیری کرد، کە لەگەڵ سیحری جووتە چاوە سەوزەکانیدا بوێریی دەنواند، بەکۆڵوانەکەی تا سەرشانی خۆی پێچابووەوە و سەر و ملی ڕووت بوو، بایەکە گەمەی بە ئەگریجەکانی دەکرد، بەخۆشییەوە دەنگی قەدری بەرز بووەوە و لە سەروچاوی خۆیدا نیشانەی تووڕەیی سڕییەوە:



- هند بەخێربێیت.

کیژەکە بە دەنگێکی ناسك وەڵامیدایەوە:

- خۆش بیت (پاشان ڕووی کردە هەمام) ئامۆزا ئێوارەت باش. هەمام بە زەردەخەنەوە وتی:

- ئێوارەی تۆیش باش ئامۆزا، چۆنی؟

قەدری لە دەستی کچەکەی گرت و بەرەو ئەو تاشەبەردە ڕۆیشتن کە بەچەند مەترێك لە شوێنەکەیانەوە دووربوو. بەدەوری تاشەبەردەکەدا سووڕانەوە تا ئەولایەی کە ڕووی لە چیاکەیە و دوورکەوتنەوە لە چۆڵەوانییەکە و ئەوەی لێیەتی، بەرەو لای خۆی ڕایکێشا و باوەشی پێداکرد، پاشان دەمی ماچ کرد ماچێکی درێژ تا بەیەکەوە نووسان و کیژەکە لە ساتێکی خۆبەدەستەوەدانی سەرسوورهێنەردا ون بوو. توانی خۆی لە بازووەکانی دەرباز بکات و بە هەناسەبڕکێیەوە بوەستێ و کۆڵوانەکەی توونە کرد، نیگا هێرشبەرەکانی کوڕەکە ڕووبەڕووی نیگایەکی بەخەندە دەبووەوە، وەلێ خەندەکە وەکو ختوورەیەك ڕەوییەوە، لێوەکان بەهێواشی نووقان، پاشان کیژەکە وتی:

- دوای جەنگێك هاتووم، ئۆف لەم ژیانە کە لە دەرەقەت نایەت.

قەدری چارەی گرژ کرد، چونکە هەستی کرد مەبەستی چییە و بەتووڕەییەوە وتی:

- گوێ بەهیچ نادەیت، ئێمە ڕۆڵەکانی گەمژەیین، باوکم پیاوێکی چاك و گەمژەیە، باوکیشت دڕ و لەو کەم گەمژەتر نییە. ئەوان دەیانەوێت ڕق و کینەمان بۆ بەجێبهێڵن، ئای لەو دەبەنگییە! پێم بڵێ چۆن بۆت ڕەخسا بێیت؟

هەناسەیەکی دا وتی:

- ڕۆژەکە وەکو ڕۆژانی دیکە لەنێوان باوکم و دایکم دەمەقاڵە بوو، جاری دووجار شەقازللەی لەدایکم دا و ئەویش بەنەعلەتی دەکرد و ڕقی خۆی بە گۆزەکە ڕشت و وردوخاشی کرد، بەڵام ڕقی دایکم ئەمڕۆ لەم ڕادەیە وەستا، زۆرجار لە بیناقاقای باوکم دەگرێت و بەرگریی مشتەکۆڵەکانی دەکات، ئەگەر دەرەقەتی نەیەت دوعای لێدەکات، بەڵام ئەگەر سەرخۆش بوو چار نییە دەبێت لە سەروچاوی دوورکەوێتەوە، زۆرجار حەز بەهەڵاتن دەکەم و ڕقی زۆرم لەم ژیانەیە، بەڵام دڵی خۆم بە گریان دەدەمەوە تا چاوەکانم دێنە ئێش. چی بکەین، چاوەڕێ بووم تا جلەکانی لەبەرکرد و ڕۆیشت، منیش کۆڵوانەکەم

هەڵگرت، بەڵام دایکم وەکو هەموو جارێـك ڕێگـەی پـێ گـرتم، بـەڵام لێـی قوتـاربووم و هاتمەدەرەوە.

قەدری دەستی خستە ناو دەستەکانییەوە و لێی پرسی:

- خەملّی ئەوە ناکات کە بۆ کوێ دەڕۆیت؟

- پێموانییە، گوێم لێ نییە، بەهەرحاڵ ئەو ناتوانێت باوکم بڵێت.

قەدری پێکەنینێکی کورتی بۆ کرد و پرسی:

- پێتوایە دەبێت چی بکات ئەگەر پێی بزانێت؟

بە سەرسوورمانەوە پێکەنینەکەی دووبارە کردەوە، بەڵام کیژەکە وتی:

- سەرەڕای توندوتیژییەکەی لێی ناترسم، بگرە پێت دەڵێم خۆشـم دەوێ، ئـەویش لـە سادەیی خۆیدا خۆشی دەوێم کە لەگەڵ سرووشتیدا ڕێك ناکەوێت، گوێشی لێ نییە کە بڵێ بەنرخترین شتم لە دنیاکەی ئەودا، لەوانەیە ئەمـەیش سەرچـاوەی دەردەسـەرییەکانم بێـت. قەدری لە خوارووی تاشەبەردەکە لەسەر زەوییەکە دانیشت و بانگی کرد بەتەنیشت خۆیەوە جێگایەکی بۆ چێکرد، ئەویش دانیشـت و کۆڵوانەکـەی لـە خـۆی سـووککردەوە و بـەلای کیژەکەدا خۆی لارکردەوە و گۆنای ماچ کرد، پاشان وتی:

- وادیارە غەزای باوکت لە غەزای باوکم ئاسانترە، لەگەڵ ئەوەشدا دڕدەبێـت هـەر کـە ناوی باوکت بێت، چونکە خەسڵەتەکانی ئەوی بەدڵ نییە...

کیژەکە پێکەنی و ئەوەی خستەوە بیری کە دوودڵ بوو ئەو باسی بکات:

- بنیادەمە! هەروەها باوکیشم نکوڵی ئەوەی لێدەکات.

تەماشایەکی نارەزاییانەی کرد و کیژەکەیش وتی:

- باوکت دڕییەکەی باوکمی بەدڵ نییە و باوکیشم چـاکییەکەی بـاوکتی بـەدڵ نییـە، گرنگ لەسەر هیچ شتێك ڕێك ناکەون.

سەری قەدری جووڵەیەکی لێوەهات وەك بڵێی قۆچ لـە هەواکـە دەدات و بەتووڕەییـەوە وتی:

- بەڵام ئەوەی دەمانەوێت ئێمە دەیکەین...

(هند) وتی و بە چاوێکی سۆز و بەزەییەوە تەماشای دەکرد:

- باوکیشم دەتوانێت چی بیبەوێت بیکات!

- من شتی زۆرم لەدەست دێت، ئەی ئەو مامە سەرخۆشە چی لەتۆ دەوێت؟



کیژەکە بەناچاریی پێکەنی و بە زمانێکی نارەزایی و گاڵتەئامێزەوە پێکرا وتی:

- بە ئەدەبەوە باسی باوکم بکە...

لە قسەکردنەکەی بەردەوام بوو لە گوێی گرت:

- مادامێکی لەخۆم پرسیوە کە چی دەوێت بۆم، هەندێ جار پێموایە ڕقی دەبێتەوە کـە بەهیچ کەسێکم بەمێرد بدات.

لە کیژەکە بە نکوڵییەوە وردبووەوە و کیژەکەیش وتی:

- جارێکیان بینیم بە نیگایەکی تووڕەوە تەماشای ماڵی باپیرەمانی دەکـرد و دەیـوت: ((ئەگەر ڕازییە بەوەی کوڕەکانی و نەوەکانی لە ناخۆشیدا بن، ئایا ڕازییە بەوەی کە کیـژی کوڕەکەیشی وابێت؟ بۆ هند هیچ جێگایـەك شایسـتە نییـە تـەنها ئـەو خـانووە داخـراوە نەبێت)). جارێکیشیان بە دایکمی وت کوڕانی کەفر زەغـاری حـەز دەکـەن شـوویان پـێ بکەم، دایکیشم پێی خۆش بوو، کەچی ئەو بەتووڕەییەوە هاواری لێکرد: ((هەی نارەسـەن، بێ قیمەت، ئەو کوڕانی کەفر زەغاریە کێن چـەپەڵترین خزمـەتکار لـە ماڵـە گەورەکـەدا لەوان شەریفتر و پاکترن)). دایکیشم بە هەناسەساردییەوە لێی پرسی: ((ئـەی پێتوایـە چ کوڕێك شایانی ئەوە؟)) ئەویش وتـی: ((زانیـاریش لـەلای ئـەو زۆردارەیـە کـە لـەودیوی شوورەکانەوە خۆی شاردووەتەوە، ئەمە کچی کوڕەکەیەتی، لەسەر زەوی کەسـێکی شـایانی ئەوە نییە، مێردێکم بۆی دەوێت وەکو خۆم وابێت)).

دایکم سەرەڕای ئەوەیش وتی: ((دەتەوێت وەکـو دایکـی بەدبـەخت بێـت)). هـەروەکو دڕندە هامبازی بوو و بەشەق کەوتە لێدان لێی تا ڕایکرد بۆ دەرەوەی کوختەکە!

- ئەمە خۆی لەخۆیدا شێتییە.

- ئەو ڕقی لە باپیرەمانە، هەر کە ناوی بهێنێت نەعلەتی دەکات، بەڵام لەناخی خۆیدا ون دەبێت لە شانازیکردنی بە باوکایەتییەوە.

قەدری مشتی خۆی گرمۆڵە کرد و کێشای بەڕانی خۆیدا و وتی:

- لەوانەیە هەموومان بەختەوەربووینایە ئەگەر ئەو کابرایە باپیرەمان نەبووایە...

- لەوانەیە...

بەتووندیی نووسانی بە سنگی خۆیەوە کە شایستەی قسە توندەکـەی بـوو، بـەهێزەوە باوەشی پێداکرد، بەوشێوەیە هێشتییەوە تـا مـاوەی گواسـتنەوە بەسـەر دەچـێت لـەنێوان سەرقاڵبوونە ماندووکەرەکان و تاسەی بەلێندراودا، وتی:

- دەمتم بدەرێ...

لەو دەمەدا هەمام لە شوێنەکەی لەلای تاشەبەردەکە کشایەوە و بەهێواشی بەرەو مەڕەکان ڕۆیشت، بزەیەکی شەرمنانە و خەمباری بۆ کرد. هەستی کرد بایەکە بە هەناسەی خۆشەویستی مەست بووە، خۆشەویستیش نوقلانەی مەرگەساتە، بەڵام لەبەرخۆیەوە وتی: ((سەروچاوی ڕوون و ناسك بووەوە، تەنها لەپشتی تاشەبەردەکەوە بەم حاڵەتەوە دەبینرێت، کێ لە ئێمە هێزی ئەم خۆشەویستییە ئەفسووناوییەی هەیە بۆ نەهێشتنی دەردەسەرییەکەمان؟)). لێرە و ئاسمان بە خۆبەدەستدانەوە کاڵ بووە، هەناسەکانی خۆرئاوایش بەسستییەوە دەنگ دەدەنەوە و ئەفسوونەکان وەکو ئاوازێکی ماڵئاواییکردن کز دەکشێن، تەگەیەك پەڕیی لە بزنێك. هەمام کەوتەوە دواندنی خۆی: ((ئەو ڕۆژەی ئەم بزنە دەزێت دایکم پێی خۆش دەبێت، بەڵام لەوانەیە لەدایکبوونی مرۆڤێك ببێتە مایەی کارەسات، بە سەرسەرمانەوە دەبێتە نەعلەت بەر لەوەی لەدایك ببین. سەیرترین دوژمنایەتی ئەوەیە کە لەنێوان ئەو دوو برایەدایە و هیچ پاکانەیەکیشی نییە، تاکەی بە دەستی ئەم ڕق و کینەیەوە بناڵێنین، ئەگەر ڕابردوو لەبیر بکرێت، هەنووکە دڵی خۆش دەبێت، بەڵام هەر چاومان لەو خانووەیە کە هیچ خۆشیەکمان نییە جگە لەوێ نەبێت، هیچ کلۆڵییەکیش نییە تەنها بەهۆی ئەوەوە نەبێت)). چاوەکانی بەتەگەکەوە گیرسانەوە، بەدەوری مەڕەکاندا دەسووڕایەوە و فیکەی لێدەدا و داردەستەکەی بەرزدەکردەوە. ئاوڕێکی لە تاشەبەردەکە دایەوە کە لە وەستانەکەیدا بێدەنگ بوو وەك بڵێی گوێ بە هیچ شتێکی بوون نادات.

-١٥-

ئومەیمە هەروەکو جاران لەخەو هەڵسا ئەو دەمەی کە تەنها تاقە ئەستێرەیەك بە ئاسمانەوە مابوو. بانگی ئەدهەمی کرد ئەویش بە نقەنق بەخەبەرهاتەوە. کابرا هەڵسا و لە ژوورەکەی بە چاوی خەواڵوو چوو بۆ ئەو ژوورەی دەرەوە کە بەدەمییەوەیەتی و (قەدری و هەمام)ی لێیە هەڵیساندن، کوختەکە لە ڕواڵەتە نوێیەکەیدا وا دیاربوو کە گەشەی کردبێت و وەك بڵێی خانوویەکی بچووکە و شوورەیەکی لە دەورە و بۆشاییەکی پشتەوەی لە خۆی گرتووە بۆ داڵدەی مەڕەکان. لەسەر شوورەکە چڵە لاولاو بڵاوبوونەتەوە، وشکایی



دیمەنەکەیان جوانکردبوو، نیشانەی ئەوەیش بوو کە هێشتا ئومەیمە لە بەدیهێنانی خەونە کۆنەکەی بێئومێد نەبووبوو، بەوەی کە کوختەکەی ڕێکوپێك بکات لە شێوەی خانووە گەورەکە. پیاوان لە حەوشەکە لە دەوری تەنەکەیەکی پڕ لە ئاودا کۆبوونەوە، سەروچاویان شۆری و جلوبەرگی ئیشیان لەبەرکرد و هەواکەی ژوورەوەی کوختەکە بۆنی داری سووتاو و گریانی برا بچووکەکانی هێنا، ئەنجام لە دەوری تەپڵەیەك دانیشتن لەبەر دەرگای کوختەکەدا، لە لەگەنێکدا پاقلەی کوڵاویان دەخوارد، کەشی پاییز لەم کاتە زووەدا شێداربوو، ساردئامێزبوو، بەڵام بەرەنگاری جەستەگەلێکی ئەوتۆ بووەوە کە بە هێز و تۆکمەبوون بەرامبەر بە ئارەزووەکانی، لە دوورەوە کوختەکەی ئیدریس دیاربوو، گەورە و درێژیش ببووەوە، بەڵام خانووە گەورەکە لە بێدەنگیدا ڕاستببووەوە و بەسەرخۆیدا هەڵکورمابوو، وەك بڵێی هۆیەك نەبوو بە جیهانی دەرەوەی ببەستێتەوە. ئومەیمە هات و گۆزەیەك شیری پێ بوو کە تازە دۆشرابوو، لەسەر تەپڵەکەکەی داناو دانیشت ئەوسا قەدری بەگاڵتەجاڕییەوە لێی پرسی:

- بۆ شیر نافرۆشیت بە ماڵی باپیرەی بەڕێزمان؟

ئەدهەم بەسەری ئاوڕی لێی دایەوە و لاجانگی سپی ببوو، وتی:

- نان بخۆ و بێدەنگ بە، بێدەنگی مەبەستە و ئەوەی لە تۆمان دەوێت خێرە...

ئومەیمە بەدەم هاڕینی ئەوەی لە زاریدا بوو وتی:

- کاتی ئەوە هاتووە بۆ ترشاندنی لیمۆ و زەیتوون و بیبەری سەوز، قەدری تۆ وەختی ترشاندنت پێ خۆش بوو هەر خۆت لیمۆت پڕ دەکرد.

قەدری بە تاڵی وتی:

- کاتێ منداڵ بووین بەبێ هۆ خۆشنوود دەبووین.

ئەدهەم کاتێ گۆزەکەی خستەوە جێگاکەی خۆی لێی پرسی:

- باشە ئەمڕۆ چ ناخۆشییەکت هەیە ئەبوو زەیدی هیلالی؟

قەدری پێکەنی و وەڵامی نەدایەوە، بەڵام هەمام وتی:

- ڕۆژی بازاڕ نزیکبووەتەوە دەبێت مەڕەکان جیاکەینەوە.

دایکەکە بە پۆزەتیڤەوە سەری بۆ لەقاند، لەکاتێکدا باوکەکە ڕووی قسەی کردە قەدری و وتی:

- قەدری دڕ مەبە، هەرکەسێکم دیبێت، گازندەی تۆی لێکردووم، دەترسێم لەم ژیانەدا سەربووردی مامەت دووبارەکەیتەوە!

- یان سەربووردی باپیرەم!

چاوەکانی بە نارەزایی گریان گرت و وتی:

- باسی باپیرەت بە خراپی مەکە، ئایا بیستووتە من ئەوە بکەم؟

پاشان هیچ خراپەی بۆت نەبووە.

قەدری بە نارەزاییەوە وتی:

- خراپەی لەگەڵدا کردووین مادامێکی خراپەی لەگەڵ تۆدا کردووە.

- بێدەنگ بە، بە بێدەنگییەك چاکەمان لەگەڵدا بکە...

- بەبۆنەی ئەوەوە ئەم ژیانەمان لەسەر نووسراوە، ئەوەیش چارەنووسی کیژە ئامۆزاکەمانە.

ئەدهەم بە مۆنییەوە وتی:

- چیمان داوە بەسەرییەوە باوکی دەردی کارەساتەکەیە...

قەدری وتی:

- مەبەستم ئەوەیە کە ڕاست نەبوو کە ژن لە خوێنماندا بژی لەم چۆڵەوانییە ڕووت و قووتەدا، دواجار پێم بڵێ کێ ئەو کیژە دەخوازێت؟

- با ئەهریمەن خۆی بێت، هەقمان بەسەرییەوە نییە، بێگومان ئەویش وەکو باوکی دڕندەیە.

چاوی بڕییە ژنەکە وەکو بڵێی بەتەمای پشتگیریی بوو، ئومەیمەیش وتی:

- بەڵێ، وەکو باوکی وایە.

ئەدهەم تفێکی کرد و وتی:

- خۆی و باوکیشی بەنەعلەت بن.

هەمام پرسیاری کرد:

- ئایا ئەم قسەوباسە نانخواردنەکەمان لێ تێك نادات؟

ئومەیمە بە نەرمییەوە وتی:

- زیادەڕۆیی مەکە، بەختەوەرترین کات، دەمی گردبوونەوەمانە.



لێرەدا دەنگی ئیدریس هاتە گوێیان بە هاژەوە و نەعلەتی دەکرد و جنێوی دەدا، ئەدهەم بە قیزەوە وتی:

- نوێژی بەیانی دەستی پێکرد.

دوا پارووی خوارد و هەڵسا، پاشان ڕووی کردە عارەبانەکەی و پاڵیناو دایە پێش خۆی: ((بەخۆشی بەجێتان دەهێڵم)). ئەوانیش وەڵامیان دایەوە (خوات لەگەڵ)، کابراکە دوورکەوتەوە و بەرەو جەمالییە ملی نا. هەمام هەڵسا و بەرەو گەورەکە ڕۆیشت کە لە ڕارەوە لایەکە بوو. ئەوەندەی پێ نەچوو بارەی مەڕ و دەنگی سمیان بەرەو دەرەوە ڕارەوەکەیان پڕکردووە. قەدریش هەڵسا و دارەکەی گرتە دەستەوە و بۆ دایکی بەرزی کردەوە و ماڵئاوایی لێکرد و گەیشتە براکەی. هەر کە لە کوختەکەی ئیدریس نزیکبوونەوە، بەری لێگرتن و بە گاڵتەجارییەوە لێیانی پرسی:

- کوڕە سەری مەڕ بە چەندە؟

قەدری بە چاوێکی حەزی ناساندنەوە تەماشایەکی کرد، لە کاتێکدا هەمام نەیویست تەماشای بکات.

ئیدریس بەنکوڵیکردن پرسیاری کردەوە:

- ئەرێ کەسێکیان نافەرمێ وەڵامێکم بداتەوە ئەی کوڕی ئارووفرۆش؟

قەدری بە تووڕەییەوە وتی:

- ئەگەر کڕیاریت بچۆ بۆ بازاڕ...

ئیدریس بە قاقاوە پرسی:

- ئەگەر بمەوێت دەست بەسەر یەکێکیاندا بگرم؟

دەنگی(هند) لە ژوورەوە هات و دەیوت:

- باوکە، نامانەوێت ڕیسوابین.

باوکی بەگاڵتەوە وەڵامیدایەوە:

- تۆ خەریکی کاری خۆت بە، لە من گەڕێ بۆ ڕەچەڵەکی کەنیزە.

هەمام وتی:

- ئێمە شەڕت پێ نافرۆشین، تۆیش شەڕمان پێ مەفرۆشە.

- ئاه، دەنگی ئەدهەم، دەبووایە لەناو مەڕەکان بووایە نەك لەودیوییەوە...

هەمام بە تووڕەییەوە وتی:

- باوکم پێی وتووین کە وەڵامی شەڕفرۆشتنەکانی تۆ نەدەینەوە.

ئیدریس بە بەرزیی دایە قاقای پێکەنین و وتی:

- خوا پاداشتی چاکەی بداتەوە، ئەگەر ئەم فەرمانەی ئەو نەبووایە، ئێستا تێداچووبووم (پاشان بە زمانێکی زبر)، هەردووکتان لە سایەی ناوی منەوە ئازیزن، نەعلەت لە هەمووتان بێت، لەبەرچاوم ون بن.

بەڕێی خۆیاندا ڕۆیشتن و تاو ناتاوێك داردەستەکانیان بەرز دەکردەوە، هەمام ڕەنگی لە تووڕەییدا ڕەش داگەڕابوو بە قەدری وت:

- ئەم کابرایە قێزەوەنە، چەند چەپەڵە، تەنانەت لەم کاتە زووەیشدا هەناسەکەی بۆنی ئارەقی لێدێت.

قەدری وتی کاتێك هەردووکیان لە چۆڵەوانییەکەدا لەدوای مەڕەکان ون بوون:

- زۆر قسە دەکات، بەڵام دەستی عەزیەتدانی بۆ درێژ نەکردین.

هەمام بە نارەزاییەوە وتی:

- بگرە زیاتر لە جارێك چەند مەڕێکی زەوتکردووین.

- سەرخۆشە، ئەو بەداخەوە مامیشمانە، چاریش نییە کە دەبێت ئەوە بسەلمێنین.

هەندێ بێدەنگی باڵی کێشا و کاتێ بەرەو تاشەبەردە گەورەکە ملیان دەنا، ئاسمان چەند پەڵەهەوری پەرت و بڵاوی پێوە بوو، خۆرەکەیش تیشکی ڕەوانە دەکرد و لە پان و بەرینەکانی پڕ دەکرد، هەمام لەوەی کە دەرینەبڕیبوو، تەنگەتاوی کردبوو، بۆیە وتی:

- هەڵەیەکی گەورە دەکەیت ئەگەر هۆیەکانی خۆت بە هۆیەکانی ئەوەوە ڕایەڵە بکەیت...

چاوەکانی قەدری بە نیگایەکی تووڕە گریان گرت و وتی:

- هەوڵ مەدە وەکو باوکت ئامۆژگاریم بکەیت.

هەمام هێشتا لە سووکایەتیی پێکردنەکانی ئیدریس نەهاتبووەوە سەرخۆی وتی:

- ژیانمان دەردەسەریی زۆرە تۆیش زیادی مەکە.

قەدری وتی:

- با دەردەسەری بتانهاڕێت کە خۆتان دروستی دەکەن، بەڵام من چیم بوێت دەیکەم.

گەیشتنە ئەو شوێنە کە مەڕەکانیانی لێبوو، هەمام ئاوڕی بەرەو براکەی دایەوە و پرسی:



- پێتوایە لە ئەنجامی کردەوەکانت ڕزگارت دەبێت؟!

قەدری بەدەستی شانی گرت و هاواری کرد:

- تۆ کەسێکی تەنها بەخیلیی دەبەیت.

هەمام حەپەسا، قسەی براکەی کە ڕەچاوی نەدەکرد شۆکی کرد، بەڵام لەلایەکی دیکەوە لە قسە کتوپڕەکانی و تەقاندنەوەکانی ڕاهاتبوو. دەستی لەسەر شانی لابرد و وتی:

- خوایە بمانپارێزە.

قەدری هەردوو دەستی لەسەر سنگی تێ گیرکرد و بە گاڵتەجاڕییەوە سەری دەلەقاند و هەمام وتی:

- باشتر وایە لێت بگەڕێم تا خۆت پەشیمان دەبیتەوە، تۆ هەڵە ناسەلمێنی، نایسەلمێنی جگە دوای بەسەرچوونی دەرفەت نەبێت.

پشتی تێکرد و بەرەو لای سێبەری تاشەبەردەکە ڕۆیشت. قەدریش لەژێر گڕی تیشکەکەدا وەستابوو، سەروچاوی تێکچوو بوو.

## -١٦-

خێزانەکەی ئەدهەم لەبەردەم کوختەکەیان دانیشتبوون و لەبەر ڕووناکی کزی ئەستێرەکان شیویان دەکرد.

کەچی ڕووداوێك ڕووی دا کە چۆڵەوانییەکە لەوەتەی ئەدهەم دەرکرابوو وێنەی بەخۆیەوە نەدیبوو. دەرگای خانووە گەورەکە کرایەوە و تارماییەکی لێ هاتە دەرەوە و چرایەکی بەدەستەوەبوو، چاوەکان بە حەپەساوییەکەوە دەیانڕوانییە چراکە کە زمانی دەبەست، چاوەکان شوێنی کەوتن کە لە تاریکییەکەدا کە وەکو هەسارەیەکی سەرزەوی دەجووڵایەوە، کاتێ کەوتە ناوەندی مەوداکەی نێوان خانووەکە و کوختەکە، بینایییەکان لەسەر تارماییەکە چڕبوونەوە بۆئەوەی لەبەر ڕووناکیی چراکە بەدی بکەن، تا ئەدهەم چرپاندی: (ئەوە مام کەریمی دەرگاوانی خانووەکەیە). حەپەسانەکە دوو هێندە بوو، کاتێ دڵنیابوون لەوەی کە بەرەو لای هەموویان دێت، هەندێکیان پارووەکەیان بەدەستەوە بوو، هەندێکیشیان پارووەکەیان لەدەمدا بوو، بەبێ جووڵە. کابراکە گەیشتە شوێنەکەیان وەستا و دەستی هەڵبڕی و وتی:

- ئەدهەم ئاغا ئێوارەت باش.

ئەدهەم بەبیستنی ئەو دەنگەی کە ماوەی بیست ساڵەی لێی دابڕاوە ڕاچڵەکی، لە قووڵایی بیریدا ڕیتمە قووڵەکەی باوکی و بۆن و بەرامەی یاسەمین و خەنە و سۆز و تاسەی هێنایەوە بیر و زەوییان لەبەرچاوی پێ سووڕانەوە، بەدەم بەرگریکردنی فرمێسکەکانییەوە وتی:

- ئێوارەت باش مام کەریم.

کابراکەیش بە کارتێکردنێکی نەشاراوەوە وتی:

- دەبێت خۆت و کەسوکارەکەت باش بن.

- سوپاس بۆ خودا مام کەریم.

کابراکە بەنەرمییەوە وتی:

- دەمەوێت چیم لە دڵدایە بۆتی دەربڕم، بەڵام تەنها ڕاسپێردراوم بۆئەوەی پێت ڕاگەیەنم کە ئاغای گەورەم داوا دەکات ڕاستەوخۆ چاوی بە (هەمام)ی کوڕت بکەوێت.

بێدەنگیی باڵی کێشا، نیگایان گۆڕییەوە، سەر سووڕماویی گرتینییەوە، دەنگێك پرسیاری کرد:

- هەمام بە تەنها؟

بەناڕەزاییەوە ئاوڕیان دایە بەرەو ئیدریس کە لە نزیکەوە گوێی دەگرت، بەڵام مام کەریم وەڵامی نەدایەوە، بەسڵاوەوە دەستی هەڵبڕی و بەرەو خانووە گەورەکە گەڕایەوە و هەموویانی لە تاریکیدا بەجێهێشت، ئیدریس لێی تووڕە بوو هاواری لێکرد:

- هەی کوڕی ژنە نامەردەکە بەبێ وەڵام بەجێم دەهێڵیت؟

قەدری لە واقوڕماوییەکەی بەئاگاهاتەوە و بەتووڕەییەوە پرسی:

- بۆچی هەمام بەتەنها؟

ئیدریسیش پرسیارەکەی دووبارەکردەوە:

- بەڵام بۆچی هەمام بەتەنها؟

ئەدهەم پێی وت، دیاربوو بە قسەکردن لەگەڵیدا هەناسەیەك بوو بۆ تەنگژەکەی:

- بگەڕێرەوە بۆ کوختەکەت و لێمان گەڕێ ئاسوودە بین.

- ئاسوودەیی، بەوێت لەکوێ بوەستم دەوەستم.

هەمام بەبێدەنگی تەماشای خانووە گەورەکەی کرد و دڵی بەتووندیی لێی دەدا، هەستی کرد کە موقەتەم زایەڵەکەی دووبارە دەکاتەوە. باوکی بەخۆ بەدەستدانەوە وتی:



- هەمام بڕۆ بۆلای باپیرەت و بەسەلامەتی.

قەدری ئاوڕی لە باوکی دایەوە و بەتووڕەیی و تەحەداوە لێی پرسی:

- ئەی من؟ ئەی وەکو ئەو کوڕی تۆ نیم؟

- قەدری وەکو ئیدریس قسە مەکە. تۆش وەکو ئەو کوڕی منی بێ هیچ گومانێك، لۆمەم ناکرێت من داواکار نیم...

ئیدریس بەناڕەزاییەوە وتی:

- بەڵام دەتوانیت کە جیاوازیی نەکرێت لەنێوان برایەك و برایەکدا.

- ئەمە ئیشی تۆ نییە (پاشان قسەی لەگەڵ هەمام کرد) دەبێت بڕۆی و لەدوای تۆیشەوە قەدری دێت، لەوە دڵنیام. ئیدریس وتی و دەیویست بڕوات:

- تۆیش باوکێکی زاڵمی وەکو باوکت، قەدری بەستزمانە، بۆچی بەبێ گوناه سزا بدرێت؟ بەڵام نەعلەت یەکجار دابەزێت لە خێزانەکەماندا بەسەر چاکەکاندا دەکەوێت، ئەگینا نەعلەت خوا بێ لەم خێزانە شێتە...

ڕۆیشت و تاریکییەکە قووتی دا، ئەوسا قەدری وتی:

- باوکە تۆ زووڵمم لێدەکەیت.

قسەکانی ئەو دووبارە مەکەرەوە، قەدری وەرە، هەمام تۆ بڕۆ.

هەمام بە ئیحراجەوە هەڵسا:

- حەزم لێبوو براکەشم لەتەك بووایە.

- ئەویش پێت دەگات.

قەدری بە ڕقەوە وتی:

- ئەمە چی زووڵمێکە! بۆچی ئەوی لە من پێ باشتربوو؟ ئەو وەکو من نایناسێت، ئەی بۆچی ئەوی بە تایبەت داواکرد؟

ئەدهەم پاڵی نا بە هەمامەوە و وتی:

- بڕۆ...

هەمام ڕۆیشت و ئومەیمە چرپاندی:

- خوا ئاگادارت بێت.

باوەشی دا لە قەدری و دەستی بە گریان کرد، بەڵام خۆی لە باوەشی دایکی دەرباز کرد و کەوتە دوای براکەی و ئەدهەم بانگی لێکرد:

- قەدری بگەڕێرەوە و قومار لەسەر ئایندەی خۆت مەکە.

قەدری بە تووڕەییەوە وتی:

- هێزێك نییە لەسەر زەوی بمگەڕێنێتەوە.

دەنگی گریانی ئومەیمە بەرزبووەوە و منداڵەکانیش لە ژوورەوە دەگریان، قەدری پێی هەڵگرت تا بگات بە براکەی، لە نزیکەوە لە تاریکییەکەدا تارماییەکەی ئیدریسی بینی دەڕۆیشت و دەستی (هند)ی گرتبوو. هەر کە گەیشتنە بەر دەرگای خانووەکە ئیدریس پاڵی نا بە (قەدری)یەوە بۆلای چەپی هەمام و هندیش بۆ لای ڕاستی، چەند هەنگاوێك گەڕایەوە و بانگی کرد:

- مام کەریم بیکەرەوە، نەوەکان هاتوون بۆ دیدەنی باپیرەیان...

دەرگاکە کرایەوە و مام کەریم لەبەردەرگاکە دەرکەوت و چرایەکی بەدەستەوە بوو، بە ئەدەبەوە وتی:

- با ئاغام هەمام بفەرموێت بێتە ژوورەوە.

ئیدریس وتی:

- ئەوەیش قەدری برایەتی، ئەمەیش (هند)ە و ئەویش وێنەیەکی دووبارەی دایکمە کە بەگریانەوە مرد.

مامە کەریم بەئەدەبەوە وتی:

- ئاغای ئیدریس خۆت دەزانی کەس بۆی نییە بێتە ئەم خانووەوە جگە ئەو کەسە نەبێت کە ڕووخسەت دەدرێت.

ئاماژەی کرد بۆ هەمام و چووە ژوورەوە، قەدری دوای کەوت و لە دەستی (هند)ی گرتبوو، بەڵام دەنگێك لە باخچەکە بەرزبووەوە، ئیدریس ناسییەوە و کە بەتووندیی دەیوت:

- بڕۆن لەگەڵ شوورەیی خۆتاندا ئەی چەپەڵینە.

قاچیان وشك بوون، دەرگاکە داخرا، ئیدریس پەلاماری دان و لە شانی هەردووکیانی گرت و بە دەنگێکی گڕی لە تووڕەیی پرسی:

- مەبەستی چ شوورەییەکە؟

(هند) لەبەر ئازار هاواری کرد، لەپڕێکدا قەدری ئاوڕی دایەوە بەرەو ئیدریس و دەستی لەسەر شانی خۆی و هند هەڵگرت. (هند) دەرباز بوو و لە تاریکییەکەدا ڕایکرد ئیدریس سووك گەڕایە دواوە پاشان بۆکسێکی دا لە قەدری، لاوەکە سەرەڕای هێزی بۆکسەکە خۆی



گرت، ئەویش بۆکسێکی توونـدتری لێ دا، لەژێر شوورەی خانووە گەورەکەدا بەشەق بەتووندیی و دڕندەییەوە کەوتنە لێدانی یەکدی، ئیدریس دەیوت:

- دەبێت بتکوژم هەی کوڕی قەحپە.

قەدریش دەیوت:

- دەتکوژم بەرلەوەی بمکوژیت...

لە یەکدییان دەدا تا خوێن لە دەم و لوتی قەدری هات، ئەدهەم بە ڕاکردنی هات، ڕایدەکرد وەکو شێت بە دەنگی بەرز بانگی کرد:

- ئیدریس واز لە کوڕەکەم بێنە.

ئیدریسیش بە ڕقەوە بانگی کرد:

- بە تاوانەکەی خۆی دەیکوژم.

- لێ ناگەڕێم بیکوژیت، ئەگەر کوشتت لێ ناگەڕێم بژیێت.

دایکی هند بەشیوەن هاتوهاواری دەکرد:

- ئیدریس هند ڕایکرد، فریای کەوە بەرلەوەی ونبێت.

ئەدهەم خۆی فڕێدایە نێوان ئیدریس و قەدری و بانگی لە براکەی کرد:

- وەرەوە سەرخۆت، تۆ بەبێ هۆ شەڕ دەکەیت، کیژەکەت پاکیزەیە و دەستی لێ نەدراوە، بەڵام تۆی ترساند و ئەویش هەڵات، فریای کەوە بەرلەوەی ونبێت.

قەدری ڕاکێشا بۆلای خۆی و خێرا گەڕانییەوە و وتی:

- خێراکە، دایکتم بەجێهێشت لەهۆش خۆی چووبوو.

بەڵام ئیدریس لە تاریکییەکەدا بۆی دەرچوو و بەهەموو دەنگی هاواری دەکرد: ((هند... هند...)).

## -١٧-

هەمام کەوتە شوێن مام کەریم، ڕاڕەوەکەیان تێپەڕاند لەژێر کەپری یاسەمینەکەدا و ڕوویانکردە پەرژینەکە. شەو لەباخچەکەدا شتێکی نوێ دیار بوو، جوان و تەڕوپڕ لە بەرامەی گوڵ و گوڵزار، قەشەنگییەکانی دەرژانە ناخی ڕۆحییەوە. گەنجەکە پڕبوو لە گەورەیی و دڵڕفێنی و سۆزی خۆشەویستییەك بۆ شوێن. ئەو بەرەو دوایین ساتەکانی تەمەنی دەڕوات. لەپشتی شیشی هەندێ لە پەنجەرەکانەوە ڕووناکییەکانی بینی،

ڕووناکییەکی بەهێز و لە دەرگای هەیوانەکەوە دەهات. کە لەسەر زەوی باخچەکەدا لەژێری شێوەیەکی ئەندازیی ڕاخستبوو، دڵی لێیدا کاتێ بەرێزەوە خەیاڵی ژیانی ئەودیوی پەنجەرەکانی کرد، کە چۆن و کێ لێی دەژی. لێدانی دڵی زیادبوو کاتێك ئەم ڕاستییە سەیرە بەمێشکیدا هات، لەکاتێکدا ئەو لە ڕەچەڵەکی ئەم خانووەیە و نوتفەیەکە لەم ژیانە. ئەو هاتووە بۆئەوەی ڕووبەڕوو چاوی بەمە بکەوێت، لەتۆی دیشداشەیەکی شینی سادە و کڵاوێکی کاڵەوەبوو، پێستەی زەوی لەپێ کردبوو، بە پەیژەکەدا سەرکەوت، بەرەو داڵانی بانێژەکەی لای ڕاست وەرچەرخان بۆ دەرگا بچووکەکە، کە بەڕووی پەیژەکەدا کرایەوە، بە بێدەنگییەك سەرکەوتن کە ژیانی تێدا نەبوو، تا گەیشتنە داڵانێکی درێژی ڕووناك بە چرایەك کە لە میچە نەخشێنراوەکە شۆڕببووەوە. لە ناوەڕاستی داڵانەکەدا ڕوویانکردە دەرگایەکی گەورەی داخراو. هەمام بەدڵگرانییەکی ڕادەبەدەرەوە بەخۆی وت: ((لەم جێگایە و لەم داڵانەدا، لەوانەیە ئەو جێگایە بێت کە لەوسەری پەیژەکەوە بەر لە بیست ساڵ دایکم لێی وەستا بێت بۆ چاودێریکردنی ڕێگاکە، چ بیرەوەرییەکی بەدبەختە)).

مام کەریم دای لە دەرگا گەورەکە بۆ ڕێدانی هاتووەکە، پاشان بەنەرمیی پاڵێکی پێوەنا و وەلاکەوت بۆئەوەی ڕێگا بە هەمام بدات و ئاماژەی پێ دا بۆ چوونە ژوورەوە. گەنجەکە لەسەرەخۆ و بە ئەدەب و ترسەوە چووە ژوورەوە، گوێی لە دەنگی دەرگاکە نەبوو کە لەدوایەوە پێوەدرا، بە هەستێکی ئاڵۆز هەستی بەو ڕووناکییە درەوشاوەیە کرد لە میچەکە و سووچەکاندا، بەڵام سەرجەم هۆشی بەرەو پێشەوە ڕادەکێشرا، کە کابرایەکە لەسەر دیوانەکە دانیشتبوو. لەمەوبەر باپیرەی نەدیبوو، بەڵام گومانی لە ناسنامەی ئەوە نەبوو کە لەبەردەمی دانیشتبوو، ئەم زەبەلاحە کێیە ئەگەر باپیرەی نەبێت کە لەبارەیەوە شتی سەیری بیستبوو؟ لەجێ دانیشتنەکەی نزیکبووەوە، کە لەچاوە گەورەکانی نیگایەکی پێ گەیشت کە لەبیریدا هەموو شتێکی هەڵکێشا، بەڵام لەهەمان کاتدا دڵنیایی و ئاشتەوایی خستە دڵییەوە، نووشتایەوە تا خەریك بوو ناوچەوانی بدات لەلایەکی دیوانەکە و دەستی درێژکرد ئەوی دیش دەستی خۆی دایێ، لە ناخەوە ڕایمۆسی، بە ئازایەتییەکی ڕەچاونەکراوەوە وتی:

- باپیرە ئێوارەت باش.

وەڵامی لە دەنگێکی زووڵاڵەوە بۆ هات کە لە ئاوازی بەزەیی خاڵی نەبوو:

- بەخێربێیت کوڕم، دانیشە.



گەنجەکە ڕووی کردە کورسییەکە لەلای ڕاستی دیوانەکەیەوە و لەسەر لێوارەکەی دانیشت و جەبەلاوی وتی:

- بەئیسراحەتی خۆت دانیشە.

هەمام تەکیدایە ناوەوە و دڵی خۆشی دەخواردەوە، لێوەکانی بەسوپاسێکی چرپەوە لەرینەوە، پاشان بێدەنگیی باڵی کێشا. تەماشای نەقش و نیگارەکانی سەر فەرشەکەی ژێر پێی دەکرد، ئەو هەستی بەشوێنی ئەو نیگا ئاڕاستەکراوەی بەرەو ڕووی دەکرد، وەکو چۆن هەست بە شوێنی خۆر دەکەین بێ ئەوەی ببینین.

لەپڕ زەینی ڕوودەکاتە ئەو بۆشاییەی لەلای ڕاستییەوە، بەترس و خەمۆکییەوە سەرنجی دەرگای دا، ئەوە بوو کابراکە لێی پرسی:

- چی لەبارەی ئەم دەرگایەوە دەزانی؟

هەموو ئەندامی هاتە لەرزین و سەیربوو چۆن هەموو شتێ دەبینێت، بە دەستەوسانەوە وتی:

- دەزانم ئەمە دەسپێکی مەرگەساتەکەمانە.

- پێت وابوو باپیرەت چۆن بێ کە کاتێك چیرۆکەکەت بیست؟

دەمی کردەوە قسە بکات و کابراکە دەسپێشخەریی کرد:

- ڕاستم پێ بڵێ.

بە دەم و دوویەکەوە وتی تاڕادەیەك بڵێ بەڕاشکاویی دەچوو:

- هەڵسوکەوتی باوکم هەڵەیەکی گەورە بوو، هەروەها ئەو سزادانەشیان ڕەق و توونـد بوو بەلامەوە.

جەبەلاوی بزەیەکی هاتێ و وتی:

- بەلانی کەمەوە ئەمە هەستی تۆیە، من ڕقم لە درۆ و خەڵەتاندنە، بۆیە هەرکەسێك خۆی لەوتاندووە، لە ماڵەکەمدا دەرمکردووە.

چاوەکانی هەمام پڕبوون لە فرمێسك، باپیرەکە وتی:

- وابزانم تۆ گەنجێکی پاکیت، بۆیە بانگم کردیت...

هەمام بە دەنگێکەوە بە فرمێسك تەڕبوو وتی:

- سوپاس ئاغام.

باپیرەکە بە هێمنی وتی:

- سەیرم کرد بۆئەوەی هەلێکت بدەمێ کـە بـۆ کەسـێکی دەرەوە نەڕەخسـاوە. ئـەویش ئەوەیە لەم ماڵەدا بژیت و لێی ژن بهێنی و تێیدا ژیان نوێ دەست پێ بکەیت.

دڵی هەمام لەخۆشییاندا کەوتە ترپەترپ، چاوەڕێ بوو تا گوێی لە ئاوازی نـوێ بێـت، تا ئەو ئاوازە قەشەنگەی پێ تەواوکات وەکو گوێگرێك کـە چـاوەڕوانی وەڵام دەکـات، دوای ئەوەی بە بڕیارەکە خۆشخوان بوو، بەڵام کابراکە بێدەنگ بـوو، هـەمام تۆزێـك دوودڵ بـوو پاشان وتی:

- سوپاس بۆ نیعمەتەکەت...

- تۆ شایانی ئەوەی...

نیگای گەنجەکە لـەنێوان بـاپیرەی و فەرشـەکەدا دەسـووڕایەوە، پاشـان بـە بەزەییـەوە پرسیاری کرد:

- ئەی خێزانەکەم...

جەبەلاوی بە گلەییەوە وتی:

- ئەوەی ویستم بەڕوونیی وتم.

هەمام بەکرووزانەوەوە وتی:

- ئەوانیش شایانی ڕەحمەت و سۆزی تۆن.

جەبەلاوی بە هەندێ ساردییەوە وتی:

- گوێت لێ نەبوو چیم وت؟

- بەڵێ، بەڵام دایکم و باوکم و براکانم، باوکم پیاوێکە.

- گوێت لێ نەبوو چیم وت؟

دەنگەکە نوقڵانەی بێزاریی بوو، بەڵام بێدەنگیی زاڵ بـوو، کابراکـە وەکـو ڕووخسـەتی تەواوبوونی باسەکە:

— بڕۆرەوە بۆ لایان و ڕووخسەت بخوازە و پاشان بگەڕێرەوە.

هەمام دەستی باپیرەی ماچ کرد و ڕۆیشت، بینی مامە کەریم چاوەڕێیە، کابراکە جـوولاّ و گەنجەکە بەبێدەنگیی شوێنی کەوت، هەر کە لە پەرژینەکە ڕەت بوون، هەمام کیـژێکی بینی لە ناوچەی ڕووناکییەکە لە سەرەتای باخچەکەدا، کیژەکە خێرا خۆی شـاردەوە، بـەڵام تەنها ناوشان و مل و بەژنە زراڤەکەی بینی، دەنگی باپیرەی لە گوێیـدا دەنگیدایـەوە کـە دەیوت:



((لەم ماڵەدا بژیت و ژنی تێدا بهێنی))، بە کیژێکی وەکو ئـەم کیـژە و ژیانێـك کـە باوکم تاقیکردبووەوە، چۆن دڵی هات ئەو قومارە بکات؟ چۆن و بەچ دڵێك دوایی دەرەقەتی ژیان هات لەدوای ئەو عارەبانە دەستەوە؟ ئەم هەڵـە بەختـەوەرە وەك بڵێـی خەونـە. بـاوکم بیست ساڵ بەر لەئێستا خەونی دەبینی، بەڵام سەری قورس بوو.

## -١٨-

هەمام گەڕایەوە بۆ کوختەکە بینی خێزانەکەی دانیشتوون و چاوەڕێی گەڕانەوەی دەکەن و دەورەیان لێی دا، تەماشایان دەکرد و ئەدهەم بەتاسەوە پرسیاری لێکرد:

- ها کوڕم چیت پێیە؟

هەمام سەرنجی دا کە قەدری چـاوی بەسـتراوە و سـەری لـە سەروچـاوی نزیککـردەوە بۆئەوەی بزانێت مەسەلەکە چییە، ئەدهەم بەخەمباریی وتی:

- شەڕ ڕوویدا لەنێوان براکەت و ئەو کابرایە.

دەستی درێژکرد بۆ کوختەکەی ئیـدریس کـە لـە تـاریکی و بێدەنگیـدا نـووقم بـوو، لەپڕێکدا قەدری بە تووڕەییەوە وتی:

- ئەم هەمووە بەهۆی ئەو تۆمەتە چەپەڵە درۆیەوە کە لەناو خانووەکەدا پێیان وت.

هەمام ئاماژەی کرد بۆ کوختەکەی ئیدریس و بە نیگەرانییەوە پرسیاری کرد:

- لەوێ چی ڕوویداوە؟

ئەدهەم بە خەمبارییەوە وتی:

- کابرا و ژنەکەی بەدوای کیژە هەڵاتووەکەیاندا دەگەڕێن.

قەدری هاواری کرد:

- کێ بەرپرسیارە جگە ئەوکابرا دڕ و نەعلەتییە نەبێت؟

ئومەیمە پاڕایەوە و وتی:

- دەنگت نزم کە.

قەدری بە تووڕەیەوە وتی:

- لەچی دەترسیت؟ بۆ هیچ نا تەنها بەتەمای گەڕانەوەیەکی کە بەدی نایەت، بڕوام پێ بکە لەم کوختە دەرناچیت تامردن...

ئەدهەم تووڕە بوو وتی:

- بەسە وڕێنە، بە حەقی خولقێنەری گەردوون تۆ شێتی، بۆ نەتویست دوای ئەو کیــژە ڕاکردووە بکەویت؟

- دوای دەکەوم...

- بێدەنگ بە، وەڕزبووم لە گەمژەییەکانت.

ئومەیمە بە دڵتەنگییەوە وتی:

- ئیدی لەمڕۆ بەدواوە ژیانمان بەتەنیشت ئیدریسەوە باش نابێت.

ئەدهەم ئاوڕی لە هەمام دایەوە و لێی پرسی:

- وتم چیت پێیە؟

هەمام بەدەنگێك وتی شوێنەواری خۆشنوودی پێوە نەبوو.

- باپیرەم داوای لێکردم نیشتەجێ بم لە خانووە گەورەکەدا.

ئەدهەم چاوەڕێی پاشماوەی قسەکە بوو، هەر کە گەنجە ورتەی لێوە نەهات بە بێئومێدییەوە لێی پرسی:

- ئەی ئێمە، چی وت دەربارەمان؟

هەمام بە خەمەوە سەری لەقاند و بەچرپە وتی:

- هیچ.

قەدری پێکەنی وەکو پێوەدانی دووپشك و بە گاڵتەجاڕییەوە لێی پرسی:

- ئەی چی تۆی هێنایەوە؟

- بەڵام چی منی هێنا، هیچ، جگە بەختەوەریی نەبێت کە بۆ کەسانی وەکو من نەخولقاوە تا لە نازونیعمەتدا بژی. بە خەمبارییەوە وتی:

- قسوورم نەکرد لەوەی کە ئێوەی بەبیر بهێنمەوە.

قەدری بە کینەوە وتی:

- سوپاس، بەڵام چی وای لێکرد. کە تۆی لە ئێمە لەبەرتربێت؟

- تۆ دەزانیت من هەقی ئەوەم نییە.

ئەدهەم هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- بێگومان هەمام تۆ لە هەموومان باشتری.

قەدری بە تاڵییەوە هاتە دەنگ:

- باوکە تۆیش هەر بە چاکە ناوی دەبەیت کە شایستەی نییە!



ئەدهەم وتی:

- تۆ هیچ تێناگەیت.

- ئەم کابرایە لە ئیدریسی کوڕی خراپترە.

ئومەیمە پاڕایەوە و وتی:

- تۆ دڵم دەبڕی و دەرگای هیوا بەڕووی خۆتدا دادەخەیت.

قەدری بەسووکایەتییەوە وتی:

- هیچ هیوایەك نییە جگە لەم چۆڵەوانییە نەبێت، بیزانن و خۆتان ئاسوودەکەن. لەو خانووە نەعلەتییە بێ ئومێد بن، من لەم چۆڵەوانییە ناترسم، تەنانەت لە ئیدریسیش ناترسم، دەتوانم ئەوەندەی ئەو لێیدام منیش چەندین ئەوەندەی لێبدەم. تف بکەن لەو خانووە و خۆتان ئاسوودە بکەن.

ئەدهەم لە خۆی پرسی: ((دەکرێت ئەم ژیانە بەم شێوەیە هەتا هەتایە بچێتە سەر؟ باوکە بۆچی تەماحی ئێمەت بۆ خۆت بەئاگاهێنایەوە؟، بەرلەوەی لێمان خۆش بیت؟ دەبێت چ شتێك دڵت نەرم کات ئەگەرچی ئەو سەردەمە دوورودرێژە نەرمی نەکردیت؟ هیوا سوودی چییە ئەگەر ئەم ئەشکەنجەیە پاکمان نەکاتەوە لە خۆشەویستی کەسێك کە خۆشمان دەوێت؟)). کابرا بە دەنگێك وتی وەکو خۆڕئاوابوون:

- هەمام چیت پێیە پێم بڵێ.

هەمام بەشەرمەوە وتی:

- پێی وتم بڕۆ و ڕووخسەت بخوازە و پاشان بگەڕێرەوە.

تاریکییەکە هەوڵێکی سەرنەکەوتووی ئومەیمەی ئاشکرا کرد بۆ کپکردنەوەی گریانەکەی، قەدری بە نامەردییەوە پرسیاری کرد:

- چی دوای خستبوویت؟

ئەدهەم بە سووربوونەوە وتی:

- هەمام بڕۆ سەلامەتی و بەرەکەتت لەگەڵدا بێت.

قەدری بەدەم و دوویەکی جیدی درۆزنانەوە وتی:

- ئەی جوامێر بڕۆ و گوێ بەکەسیش مەدە.

ئەدهەم وتی:

- گاڵتە بەبرا چاکەکەت مەکە.

قەدری بە پێکەنینەوە وتی:

- ئەو بەڵای هەموومانە...

هەمام بەتووندیی وتی:

- ئەگەر بڕیارت دا بمێنیتەوە ئەمە ڕێزنان نییە بۆ تۆ.

ئەدهەم بە بەهێزەوە وتی:

- بگرە بڕۆ و بەبێ دوودڵی.

ئومەیمە بەدەم فرمێسکەوە وتی:

- بەڵێ، بەسەلامەتی بڕۆ.

هەمام وتی:

- نەخێر دایکە ناڕۆم.

ئەدهەم پرسی:

- هەمام شێت بوویت؟

- نەخێر باوکە، مەسەلەکە پێویستی بە بیرکردنەوە و ڕاوێژکردن هەیە.

- پێویستت بەوە نییە، تاوانێکی نوێ مەخەرە ئەستۆم.

هەمام بە سووربوونەوە وتی و ئاماژەی کرد بۆ کوختەکەی ئیدریس.

- وای بۆ دەچم کە هەندێ ڕووداو ڕوو دەدات.

قەدری بە گاڵتەجاڕییەوە وتی:

- تۆ لەوە لاوازتریت خراپە لە کەسێك دوورخەیتەوە نەخوازەڵا لە کەسانی دیکە.

هەمام بە قێزەوە وتی:

- باشتروایە هەرچی دەڵێی گوێی پێ نەدەم.

ئەدهەم بە تکاوە وتییەوە:

- هەمام بڕۆ.

هەمام بەرەو کوختەکە ڕۆیشت و دەیوت:

- لەگەڵتدا دەمێنمەوە.



## -١٩-

خۆرەکە تەنها زەردەی مابوو، ڕێبوار نەما، چۆڵەوانییەکە تەنها قەدری و هەمام و مەڕەکانی لێ مایەوە. بەدرێژایی ئەو ڕۆژە هیچیان لەگەڵ یەکدا نەوت، تەنها ئەوەی کە پێویستە لە بەشداریی ئیشکردندا، قەدری بەشێکی زۆر لە ڕۆژەکە دیارنەبوو، هەمام پێی وابوو بۆنی هەواڵی (هند)ی کردبێت. بەتەنها لە سێبەری تاشەبەردەکە نزیك لە مەڕەکان مایەوە، لەپڕێکا و بەهەندێ تەحەداوە قەدری لە (هەمام)ی پرسی:

- پێم بڵێ بۆچی چووی بۆ لای باپیرەت و لێی پەشیمانبوویتەوە؟

هەمام بە بێزهاتنەوە وتی:

- ئەو ئیشە تایبەت بەخۆمە.

لە دڵی قەدری-دا تووڕەیی شەپۆلی دا و نیشانەکانی لە سەروچاویدا دەرکەوتن، وەکو سەرەتای تاریکی لەسەر (موقەتەم)و پرسی:

- بۆچی مایتەوە؟ کەی دەڕۆیت؟ کەی ئازا دەبیت و نیازی خۆت ڕادەگەیەنیت؟

- بگرە ماومەتەوە بۆئەوەی بەشی خۆمم بەرکەوێت لەو سەریەشەیەی کە تۆ بەڕیسواییەکانت خوڵقاندووتە.

قەدری پێکەنینێکی شکێنەر پێکەنی و وتی:

- بۆیە وا دەڵێی تا بەخیلی پێبردنی خۆتی پێ بشاریتەوە!

هەمام وەکو سەرسووڕمانێك سەری لەقاند و وتی:

- تۆ پێویستت بە شیوەنە نەك بەخیلیی.

قەدری لێی نزیکبووەوە و هەموو ئەندامی لەشی لە تووڕەییدا دەلەرزین و بە دەنگێکی خنکاو بەتووڕەییەوە وتی:

- چەند بە بوغزی کاتێ خۆت بەدانایی پیشان دەدەیت.

هەمام بە نیگایەکی ڕقەوە چاوی تێ بڕی بێ ئەوەی هیچ بڵێت، ئەویدی هەڵگەڕایەوە وتی:

- دەبێت ژیان شەرم لەخۆی بکات کە خەڵکانێکی وەکو تۆ سەر بە ئەون.

هەمام چاوی لە چاوی لاکەل نەکرد لەژێر نیگا گڕاوییەکاندا و بە چەسپاوییەوە وتی:

- بزانە کە لێت ناترسم.

- بۆ شەقاوە گەورەکە بەڵێنی پاراستنی پێداویت؟

- تووڕەیی وات لێدەکات شتێکی چەپەڵ و قێزەوەن بیت.

لەپڕێکدا قەدری مشتێکی کێشا بەسەروچاویدا، مشتەکە لەتری پێ نەداو ئەویش مشتێکی توونتری لێداو وتی:

- لەسەر شێتێتییەکەت زۆر مەڕۆ.

خێرا قەدری داچەمییەوە و بەردێکی هەڵگرت و بەهەموو هێزێکەوە گرتییە براکەی هەمام دەسپێشخەریی کرد و خۆی لێ لادا، بەڵام بەر ناوچەوانی کەوت، ئاهێکی لێوەهات و لە شوێنەکەی خۆی وشك بوو و تووڕەیی لە چاوانی گڕی گرتبوو. لەپڕێکدا ئەو تووڕەییە نەما وەکو گڕێك بەخۆڵ چڕ داپۆشی، بۆشایەکی تاریك جێگەی گرتەوە، هەردوو چاوەکان وا دەرکەوتن وەك بڵێی سەیری ناوەوە دەکەن، هەڵنووت و پاشان بەدەما کەوت، قەدری دەم و دەست دۆخی گۆڕا و تووڕەییەکەی نەما، وەکو ئاسنێکی دوای توانەوە لێی گەڕا، ترسی لێنیشت چاوەڕێ بوو کە هەڵسێتەوە یان بجوولێتەوە، بەڵام پەرۆشییەکەی بەزەیی پێدانەهاتەوە، بەسەریدا نووشتایەوە دەستی بۆ درێژ کرد و بە هێواشی ڕایوەشاند، بەڵام وەڵامی نەبوو، خستییە سەرپشت بۆئەوەی لوت و دەمی لە لمەکە دەربێنێت، ئەویش بەچاوی زەقەوە ڕاکشابوو و جووڵەی نەبوو، قەدری بەتەنیشتییەوە کەوتە سەرچۆك و ڕایدەوەشاند و سنگ و دەستەکانی دەشێلا، بەترسەوە سەیری ئەو خوێنەی دەکرد کە بەخوڕ لە برینەکە دەهات، بەپاڕانەوەوە بانگی لێکرد و وەڵامی نەبوو، بێدەنگییەکەی چڕ و قووڵ بوو، وەك بڵێی بەشێکە و لە قەوارەی جیانابێتەوە، وەکو وشکبوونەکەی کە نامۆ دیار بوو لەگەڵ زیندوویییەکەی و وشکبوونەکەیدا پێکرا، نە هەست و نە وورووژان نە بایەخدان بەهیچ شتێك، وەك بڵێی لە شوێنێکی نادیارەوە توورڕدرا بۆ زەوی، کە هیچ هۆیەك نایبەستێتەوە پێی، قەدری بە فیترەتی خۆی مەرگی دەناسی، بەبێ ئومێدییەوە قژەکەی خۆی ڕادەکێشا، بەترسەوە سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد، بەڵام هیچ زیندەوەرێك لەوێ نەبوو جگە مەڕەکان و مۆرانە نەبێت هەموو پشتگوێیان خستبوو، بەجێیان هێشتبوو، ئەوا شەویش بڵاودەبێتەوە و تاریکیی فەرمانڕەوا دەبێت، بە خۆڕاگرییەوە هەڵسا، داردەستەکەی هێنا، ڕووی کردە ئەو شوێنەی نێوان تاشەبەردە گەورەکە و چیاکە، دەستی کرد بە زەوی هەڵکەندن و بەدەست خۆڵەکەی دەردەهێنا، بە کەڵلەڕەقیی لە ئێشەکە بەردەوام بوو، ئارەقەی لێ دەچۆڕاو هەموو ئەندامی پێی دەهاتە لەرزین. بەرەو براکەی ڕایکرد ڕایوەشاند



و بۆ دواجار بانگی کرد بێ ئەوەی بەتەمای وەڵامەکەی بێت، لە خوارەوە هەردوو قاچی گرت و ڕایکێشا تا خستییە ناو چاڵەکەوە، تەماشایەکی کرد و هەناسەی هەڵکێشا، زۆر دوودڵ بوو، پاشان خۆڵی بەسەردا کرد، وەستا و ئارەقەی سەروچاوی بەقۆڵی کراسەکەی دەسڕییەوە، هەر کە پەڵەخوێنێکی بینی لەسەر لمەکە، بەخۆڵ داپۆشی، لەبەر شەکەتی لەسەر زەوییەکە پاڵکەوت، هەستی کرد هێزی دەستبەرداری دەبێت و ئارەزووی گریانی کرد، بەڵام فرمێسکی نەدەهات، وتی: ((مەرگ بەسەرمدا زاڵ بوو)) بانگی نەکردبوو و مەبەستیشی نەبوو، بەڵام دێت وەکو چۆن خۆی پێی خۆش بێت. ئەگەر بووە تەگەیەك لەناو مەڕەکاندا ون دەبێت، یان زەڕەیەکی لم و لە زەویدا نووقم دەبوو، مادامێکی ناتوانم ژیان بگەڕێنمەوە، کەواتە بۆم نییە هەرگیز لافی هێز لێبدەم، ئەیهۆ کە ئەو نیگایە هەرگیز لەسەرمدا بسڕێتەوە، ئەوەی لە چاڵم نا نە زینەوەر بوو نە بێگیان بوو، بەڵام لە دروستکردنی دەستی خۆم بوو...

## -٢٠-

قەدری گەڕایەوە بۆ ماڵ و مەڕەکانی لێدەخوڕی، عارەبانەکەی ئەدهەم لە شوێنەکەی خۆیدا نەبوو. لەناوەوە دەنگی دایکی هات و دەیپرسی:

- بۆچی وا لەوادەی خۆتان دواکەوتن.

مەڕەکانی دایەبەر لەو ڕێگەیەی کە بەرەو گەورەکە دەڕۆیشت و وتی:

- لە خەودا مامەوە، بۆ هەمام نەهاتەوە؟

ئومەیمە دەنگی هەڵبڕی و بەسەر دەنگی هەردوو منداڵەکەدا زاڵ بوو وتی:

- نەخێر، ئەی لەگەڵ تۆ نەبوو؟

تفێکی وشکی قووت دا و وتی:

- هەر لەنیوەڕۆوە ڕۆیشتووە بێ ئەوەی پێم بڵێ بۆ کوێ دەڕوات، وامزانی هاتووەتەوە بۆ ئێرە.

ئەدهەم پرسیاری کرد گەیشتبووە جێ و عارەبانەکەی بردە حەوشەکەوە:

- ئایا بەشەڕهاتن؟

- هەرگیز...

- پێموایە تۆ هۆی ڕۆیشتنی بوویت، بەڵام لەکوێیە؟

ئومەیمە چووەدەرەوە بۆ حەوشەکە، قەدری لەپڕێکدا دەرگای گەورەکەی داخست و سەروچاو و دەستی لەو تەشتەی ژێر کوپەکە شۆری، دەبێت ڕووبەڕووی هەڵوێستەکە ببێتەوە. دنیا گۆڕاوە و بەڵام بێ ئومێدیی هێزە، لە تاریکییەکەیدا چووە لای دایکی و باوکییەوە و بە چمکی دیشداشەکەی سەروچاوی وشك دەکردەوە. ئومەیمە پرسیاری کرد:

- هەمام بۆ کوی ڕۆیشت؟ لەمەوبەر وەکو ئەمجارە دیار نەبووە.

ئەدهەمیش بۆی سەلماند وتی:

- بەڵێ، پێمان بڵێ چۆن و بۆچی ڕۆیشت.

قەدری دڵی ڕاچەڵەکی لەبەر وێنەیەك کە بەمێشکیدا هات، بەڵام وتی:

- دانیشتبووم لە سێبەری تاشەبەردەکە تەماشایەکم کرد بینیم بەرەو گەڕەکەکەمان دوور دەکەوێتەوە، ویستم بانگی بکەم، بەڵام نەمکرد.

ئومەیمە بە هەناسەساردییەوە وتی:

- خۆزگە بانگت بکردبایە و خۆت نەدابایە دەستی زیزبوونەکەتەوە.

ئەدهەم لە تاریکییەکەدا سەیری دەوروبەری خۆی کرد، ڕووناکییەکی کزی بەدی کرد لەو کلاوڕۆژنەیەی کوختەکەی ئیدریس. نیشانەی ئەوە بوو کە سەرلەنوێ ژیانی تێدا دەگەڕێت، بەڵام گوێی نەدا بەوە، چاوی چەقییە سەر خانووە گەورەکە و پرسیاری کرد:

- تۆ بڵێی چووبێت بۆ لای باپیرەی؟

ئومەیمە بە ئینکارییەوە وتی:

- ئەوە بەبێ ئاگاداریی ئێمە ناکات.

قەدری بە دەنگێکی کزەوە وتی:

- لەوانەیە شەرم ڕێگەی نەدابێت...

ئەدهەم نیگایەکی بەگومانی ئاراستە کرد، سەنگ تەنگ و دەنگی گاڵتەجاڕیی و دوژمنایەتی تێدا نەبوو، وتی:

- ناردمان بڕوا، بەڵام نەیویست.

قەدری بە ماندووییەوە وتی:

- لەبەردەم ئێمەدا ئیحراج بوو کە قبووڵی بکات.

- ئەمە ڕەوشتی ئەو نییە، تۆ چیتە دەڵێی نەخۆشیت؟!

قەدری بەتووندیی وتی:



- تەنها خۆم ئەرکی ئیشەکەم هەڵگرت.

ئەدهەم بە تەنگییەکی فریادڕەسەوە وتی:

- ئەوەی ڕاستیی بێت دەڵێم کە دڵنیانیم.

ئومەیمە بە دەنگێکی کەرخەوە وتی:

- دەچم بۆ خانووە گەورەکە لێی دەپرسم.

ئەدهەم بەبێئومێدییەوە هەردوو شانی هەڵتەکاند و وتی:

- کەس وەڵامت ناداتەوە و بەڵام بۆتی دووپات دەکەمەوە کە نەڕۆیشتووە.

ئومەیمە بەوەڕزییەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- خودایە، لەمەوبەر ئاوها دڵم نەشێواوە، پیاوەکە شتێك بکە...

ئەدهەم لە تاریکییەکەدا هەناسەیەکی بیستراوی هەڵکێشا و وتی:

- با لە هەموو لایەك بۆی بگەڕێین.

قەدری وتی:

- لەوانەیە لەڕێگا بێت بەرەو ئێمە...

- ئومەیمە هەڵێدایێ:

- نابێت چاوەڕێ بکەین...

پاشان بە وەڕزییەوە هەڵدایێ و تەماشای ئاقاری کوختەکەی ئیدریسی دەکرد:

- دەبێت ئیدریس لەڕێگادا ڕێکەوتی بووبێت؟

ئەدهەم بە نابەدڵییەوە وتی:

- دوژمنی ئیدریس قەدرییە نەك هەمام.

- ئەو سڵ ناکاتەوە لەوەی هەریەکێك لە ئێمە لەناوبەرێت، دەچم بۆ لای.

ئەدهەم ڕێگای لێگرت کە بڕوات و وتی:

- کاروبارمان هێندەی دیکە ئاڵۆز مەکە، بەڵێنت دەدەمێ ئەگەر نەماندۆزییەوە، خۆم دەچم بۆلای ئیدریس و بچم بۆ خانووە گەورەکە.

بە نیگایەکی نیگەرانەوە تەماشای تارماییەکەی قەدری کرد، بۆچی وا ماتە؟! ئایا لەوە زیاتری پێ نییە کە وتی؟ هەمام تۆ لەکوێی؟

ئومەیمە ئاژنگی نا بۆئەوەی لە حەوشەکە بچێتە دەرەوە.

ئەدهەم بەرەو لای بووەوە و هەردوو شانی گرت، کەچی لەناکاوێکدا دەرگای خانووە گەورەکە کرایەوە، تەماشایان کرد، دوای تۆزێك تارمایی مام کەریم دەرکەوت و لێیان نزیك دەبووەوە، ئەدهەم بۆی دەرچووە دەرەوە و وتی: ((بەخێربێی مام کەریم))، کابراکەیش سڵاوی لێکرد و وتی:

- ئاغای گەورەم دەپرسێت دوا هەواڵی هەمام چییە؟

ئومەیمە بەنائومێدییەوە وتی:

- نازانین لەکوێیە تەنانەت وامانزانی لای ئێوەیە.

- ئاغام دەپرسێت ئەنجامەکەی چییە...

ئومەیمە هەڵیدایێ:

- نەعوزوبیلا لە وەهمی دڵم...

مام کەریم ڕۆیشت. ئومەیمە بە شڵەژاویی سەری لەقاند و نوقڵانەی تەقینەوەی لێدەدا، ئەدهەم بەرەو ژوورەکەی ناوەوەی، هەردووکیانی دایە بەر خۆی و لەوێ گریانی هەردوو منداڵەکە دەهات و بە دڕندەییەوە بانگی کرد:

- لە ژوورەکە نەیەیتە دەرەوە، دەیهێنمەوە، بەڵام نەکەی لە ژوورەکە بێیتە دەرەوە.

گەڕایەوە بۆ حەوشەکە بینی قەدری لەسەر زەوییەکە دانیشتووە، بەچرپەوە بەسەریدا نووشتایەوە:

- پێم بڵێ چی لەبارەی براکەتەوە دەزانی؟

بەتووندیی بەرەو لای سەری هەڵبڕی، بەڵام شتێك ڕێی لێدەگرت کە قسە بکات، کابراکە دووبارە پرسیاری لێکردەوە:

- قەدری پێم بڵێ چیت لە براکەت کرد؟

لاوەکە بە دەنگێکەوە وتی کە بەحاڵ دەبیسترا.

- هیچ.

کابراکە گەڕایەوە بۆ ژوورەکە پاشان بەچرایەکەوە هاتەوە و هەڵیکرد و خستییە سەر عارەبانە و ڕووناکییەکەی کەوتە سەر سەروچاوی و کابراکە بەترسەوە پشکنی و وتی.

- سەروچاوت نوقڵانەی کوێرەوەرییە...

لە ژوورەوە دەنگی ئومەیمە هات و تێکەڵ بە دەنگی هەردوو منداڵەکە ببوو، بۆئەوەی قسەیەك بڵێ کەس لێی حاڵی نەدەبوو، ئەدهەم بانگی کرد:



- ژنەکە بێدەنگ بە، بمرە ئەگەر ویستت، بەڵام بەبێدەنگیی.

گەڕایەوە سەر پشکنینی کوڕەکەی، لەپڕێکدا هەموو ئەندامەکانی ڕاچەنین، لە چمکی قوڵەکەی گرت و بەترسەوە وتی:

- خوێن، ئەمە چییە؟ خوێنی براکەتە؟!

قەدری تەماشای قوڵی دیشداشەکەی کرد، پاشان بەجووڵەیەکی نائیرادی گرمۆڵە بوو، بە بێئومێدییەوە سەری نەوی کرد، قەدری دانی نا بەجووڵە بێئومێدییەکەیەوە، ئەدهەم ڕایکێشا تا هەڵیساند، پاشان پاڵی پێوەنا بۆ دەرەوە، بە توندییەك پاڵی پێوەنا کە لەمەوبەر واینەکردووە، تاریکییەك چاوی لێڵ کرد سەرباری تاریکییەکەی دەوروبەر...

## -٢١-

بۆ چۆڵەوانییەکە پاڵی پێوەنا وتی:

- بەرەو چۆڵەوانیی خوێندنگاکە شۆڕدەبینەوە، بۆئەوەی لەبەردەم کوختەکەی ئیدریس تێنەپەڕین.

چوونە ناو تاریکییەوە و قەدری وەکو لەتردەر دەڕۆیشت لەژێر چنگی باوکیدا کە لەشانی گیربوو، ئەدهەم پرسی و بەزەحمەت ڕێی دەکرد و بە دەنگێکەوە کە پیریی پێی گەیشتبوو:

- پێم بڵێ ئایا لێت دا؟ بەچی لێت دا؟ بەچ حاڵەتێك بەجێتهێشت؟

قەدری وەڵامیدایەوە، چنگی باوکی توند بوو، بەڵام هەستی پێ نەدەکرد، ئازارەکەی توندبوو، بەڵام دەرینەدەبڕی. حەزی دەکرد خۆر هەرگیز هەڵنەیەت.

- بەزەییت پێمدابێتەوە و قسە بکە، بەڵام تۆ بەزەییت نەزانیوە، ئەو ڕۆژەی کە تۆم خستووەتەوە خۆمم بە ئەشکەنجە لەناوبرد، منم کە ماوەی بیست ساڵە نەعلەت ڕاوەدووم دەنێت، ئەوەتا لە یەکێك داوای بەزەیی دەکەم کە نایزانێت.

قەدری بەگریان تەقییەوە تەنانەت شانی لەژێر چنگە ڕەقەکەی باوکیدا دەلەرزی... دەلەرزی تا نیشانەکەی گەیشتە ئەدهەم، بەڵام وتی:

- ئەمەیە وەڵامت؟ بۆ قەدری بۆ؟ چۆن دڵت هات؟ لەتاریکیدا دانی پیابنێت بەرلەوەی خۆت لەبەر ڕووناکیی ڕۆژدا ببینی.

قەدری هەڵیدایێ:

- ڕۆژ دەرنەچوو!

- ئێمە خێزانی تاریکیین، ڕۆژمان لێ نابێتەوە! وامـدەزانی بـەدکاریی لـە کوختەکـەی ئیدریس-دایـە، کەچـی لـە خـوێنی خۆماندایـە، ئیـدریس قاقـا دەکـات و سـەرخۆش و بەدمەست دەبێت، بەڵام ئێمە یەکتری دەکوژین، خودایە... ئایا براکەتت کوشت؟

- هەرگیز!

- لەکوێیە؟

- مەبەستم کوشتنی نەبوو.

ئەدهەم هاواری کرد:

- بەڵام کوژرا!

قەدری دایە پڕمەی گریان و چنگی باوکی توندتر بوو:

- کەواتە هەمام کوژرا، گوڵی ئیش و خۆشەویستی باپیرە، وەك بڵێی نەبووە، ئەگەر ئەو ئازارە دڕندەیە نەبووایە بڕوام نەدەکرد.

گەیشتنە تاشەبەردەکە، ئەدهەم بە دەنگێکی گڕەوە لێی پرسی:

- هەی تاوانبار لە کوێ بەجێتهێشت.

قەدری بەرەو شـوێنەکە ڕۆیشـت کـە بـۆ براکـەی هەڵیکەنـدووبوو، لـەوێ لـەنێوان تاشەبەردەکە و چیاکەدا وەستا و ئەدهەم پرسی:

- کوا براکەت؟ هیچ نابینم.

قەدری بە دەنگێکەوە وتی بەحاڵ دەبیسترا.

- لێرەدا شاردمەوە.

ئەدهەم قیژاندی:

- شاردتەوە؟!

لە گێرفـانی شـقارتەیەکی دەرهێنـا و دەنکێکـی داگیرسـاند و لەبـەر ڕووناکییەکـەی شوێنەکەی پشکنی، تا پارچـە زەوییـەکی نـاڕێکی بینـی، هـەروەها شـوێنی ڕاکێشـانی تەرمەکە کە لەوێ کۆتایی دەهات. ئەدهەم بەئازارەوە ئاهێکی هەڵکێشـا، بـەدوو دەسـتی لەرزۆك خۆڵەکەی لابرد، لە کەشێکی ترسناکدا لە ئیشەکەی بەردەوام بوو، تا پەنجـەکانی بەر سەری هەمام کەوتن، هەردوو دەستی بردە خوارەوە بۆ ژێر هـەردوو بـاڵی و لەسـەرەخۆ تەرمەکەی ڕاکێشا، بەتەنیشتییەوە کەوتە سەر هەردووچۆکی، هەردوو دەستی خستە سـەر



سەری، چاوی نووقاند، نموونەی بەدبەختیی و نائومێدیی بوو، لەناخـەوە هەناسـەیەکی دا، پاشان ورتەورتێکی کرد:

- ژیـانی چـل سـاڵ لـە تەمـەن ناکەسبەچـەیەکی نەخۆشـە لەبـەردەم تەرمەکەتـدا کوڕەکەم...

لەپڕێکدا تەماشای قەدری کرد و لەبەردەم تەرمەکە لەلایەکی دیکەوە وەستا، تووشـی چەند ساتەوەختێکی ڕقی کوێرانە بوو، بە دەنگێکی گڕەوە وتی:

- هەمام دەگەڕێتەوە بۆ کوختەکە و لەسەر ملی تۆ...

قـەدری ڕاچـەنی و گەڕایـە دواوە، بـەڵام کـابرا فریاکـەوت و خـولێکی دا بـەدەوری تەرمەکەدا، پاشان لە هەردووشانی گرت و هەڵیدایێ...

- براکەت هەڵگرە!

قەدری بە دەنگێکی وەکو ناڵەوە وتی:

- ناتوانم.

- تۆ توانیت بیکوژیت.

- باوکە ناتوانم.

- مەڵێ ((باوکە))، ئەوەی براکەی بکوژێت باوکی نییە، نە دایکی هەیـە، نـە بـرای هەیە.

- ناتوانم.

چنگی توندکرد لێی و وتی:

- بکوژ لەسەریەتی قوربانییەکەی خۆی هەڵگرێت.

قەدری هەوڵیدا لە چەنگی ئەدهـەم ڕزگـاری بێـت، بـەڵام ڕێگـەی نـەدا، بـەتووڕەیی بەمشت بەربووە سەروچاوی و ئەویش خۆی لە هیچ مشتێك لانـەدا یـان لەبـەر ئـیش ئـاه بکات، کابراکە وازی هێنا، پاشان وتی:

- کات بەفیڕۆ مەدە، دایکت چاوەڕییە.

بە ناوهێنانی دایکی قەدری ڕاچەنی، بە پاڕانەوەوە وتی:

- لێمگەڕێ خۆم بشارمەوە.

بەرەو تەرمەکە ڕایکێشا و دەیوت:

- دەی پێکەوە هەڵیگرین.

ئەدهەم چووە لای تەرمەکە و هەردوو دەستی خستە بن هەردوو بن باڵی هەمام، قەدریش چەمایەوە و هەردوو دەستی بن باڵی هەمام، قەدریش چەمایەوە و هەردوو دەستی خستە ژێر هەردوو قاچی، تەرمەکەیان هەڵگرت، لەسەرەخۆ بەرەو چۆڵەوانییەکە ڕۆیشتن، ئەدهەم ڕۆچووە نێو هەستە بەئێشەکانی خۆیەوە، تا هەستی بە ئازارکردنی لەدەست دا یان هی دیکەیە. قەدری تووشی ئازاری دڵەکوتێ و لەرزینی لاق و لەتەری بوو، بۆنێکی کەسکونی خۆڵ چووە لوتییەوە، هەر کە هەستی دەستلێدانی تەرمەکە لە دەستییەوە بۆ ناخی ڕۆیشت. تاریکییەکە خەست بوو، بەڵام ئاسۆکە ڕووناك بوو بە چراکانی گەڕەکە نەخەوتووەکان، قەدری هەستی کرد کە بێ ئومێدیی دواهەناسەکانی دەتاسێنێت، وەستا و بە باوکی وت:

- خۆم بە تەنها تەرمەکە هەڵدەگرم.

باڵێکی خستە ژێر پشتی و ئەویدیکەی خستە ژێر هەردوو ڕانی و ئەدهەم کەوتە شوێنی...

-٢٢-

کاتێ لە کوختەکە نزیکبوونەوە، دەنگی ئومەیمە دەهات و بە وەڕزییەوە پرسیاری دەکرد:

- ئایا دۆزیتانەوە؟

ئەدهەم بە دەنگێکی فەرماندانەوە هاواری کرد:

- پێشم کەوە بۆ ژوورەوە.

قەدری بۆ کوختەکە پێشکەوت بۆئەوەی دڵنیابێت لە دیارنەبوونی. قەدری لەبەر دەرگای کوختەکە وەستا و نایەویست بجوولێت، ئەدهەم ئاماژەی پێدا کە بچێتە ژوورەوە و ناڕازی بوو بە دەنگێکی چرپەوە وتی:

- ناتوانم بیبینم.

باوکی بە تووڕەییەوە چرپاندی:

- توانیت شتی خراپتر بکەیت.

قەدری دامێنگریی هەڵوێستەکەی خۆی بوو، وتی:

- نەخێر، ئەمە خراپترە.



ئەدهەم بەپاڵ دایە پێش خۆی و بەسووربوونەوە، ناچاربوو بجوولێت تا گەیشتە ژوورەکەی دەرەوە. ئەدهەم پەلاماری ئومەیمەی دا و خێرا بەناولەپی هاوارەکەی کپ کرد کە خەریك بوو لێی دەرباز دەبوو، بەتووندیی وتی:

- ژنەکە هاوار مەکە و نابێت سەرنجی گوێیەکان ڕابکێشین تا مەسەلەکە تەگبیر دەکەین، با ئەوەی لە چارەمان نووسراوە بەبێدەنگیی بیچێژین، با بە پشووەوە ئازارەکە تەحەموول بکەین، بەدکارییەکە لە سکی تۆ و لەپشتی من دەرچووە، لەعنەت تووشی هەمووومان بووە.

بەتووندیی دەمی گرت، ژنەکە هەوڵی دا ڕزگاری بێت لە دەستی، بێهوودە بوو، ویستی گازی لێ بگرێت، نەیتوانی هەناسەی تێکچوو و هێزی تێدا نەما کەوت و لەهۆش خۆی چوو. قەدری وەستا و تەرمەکەی لەسەر دەست بوو بەبێدەنگیی و شەرمەزارییەوە، چاوی بڕیبووە چراکە بۆئەوەی سەیری ژنەکە نەکات، ئەدهەم بەرەو لای ڕۆیشت، یارمەتی دا بۆئەوەی تەرمەکە بخەنە سەر نوێنەکە، پاشان ژنەکەی لەسەرخۆ پاڵخست، قەدری تەماشای تەرمە ڕاکشاوەکەی براکەی کرد لەسەر نوێنەکە، کە تەمەنێکیان پێکەوە بردبووە سەر، هەستی کرد لە ماڵەکەدا جێگای نەماوە، ئومەیمە سەری جووڵاندەوە، پاشان چاوەکانی کردەوە، ئەدهەم پێشی کەوت و بە سووربوونەوە وتی:

- نەکەی هاوار بکەیت.

ژنەکە ویستی هەڵسێت و یارمەتی دا لە هەڵساندن و ئاگاداری کردەوە کە هیچ دەنگەدەنگێك نەکات، ویستی خۆی بدات بەسەر نوێنەکەدا، بەڵام پیاوەکەی نەیهێشت ئەوە بکات، بە دەستەوسانی وەستا و بەقڕ ڕنینەوەیەکی توونـد خەمی خۆی دەردا و چەند قەفێکی لێ دەرهێنا، پیاوەکە گوێی نەدا کە چی دەکات، بەتووندیی وتی:

- چیت پێ خۆشە بیکە، بەڵام بەبێدەنگیی.

ژنەکە بە دەنگێکی کەرخەوە وتی:

- کوڕەکەم! کوڕەکەم!

ئەدهەم بە حەپەسانەوە وتی:

- ئەمە تەرمەکەیەتی، نە کوڕی تۆ و نە کوڕی منە، ئەمەیش بکوژەکەیەتی، بیکوژە ئەگەر دەتەوێت.

ئومەیمە کێشای بە هەردوو ڕوومەتی خۆیدا و بەدڕندەییەوە بە قەدری وت:

- بێ قیمەتترین دڕندە لەم کردەوەی تۆ بێبەرییە!

قەدری بەبێدەنگیی سەری نەوی کرد ، کاتێك ئەدهەم بەدڕەندەییەوە وتی:

- ئایا ئەم ڕۆحە بەفیڕۆ بڕوات؟ تۆ نابێت بژییت، ئەمەیە دادپەروەریی.

ئومەیمە وتی:

- دوێنێ هیوایەکی پرشنگداربوو. وتمان بڕۆ کەچی نەیویست، خۆزگە ڕۆیشتبا، ئەگەر بەخشندە و میرخاس و دلۆڤان نەبووایە، دەبێت پاداشتی ئەمە کوشتن بێت؟! چۆن دڵت هات ئەی دڵبەردیین! نە کوڕمی و نە دایکتم!

قەدری قسەی نەکرد، بەڵام بە خۆی وت: ((جارێك کوشتم، ئەو هەمووجار چرکەیەك دەیکوشتم، زیندوو نیم، کێ دەڵێ من زیندووم؟!)). ئەدهەم بە دڕییەوە لێی پرسی:

- چیت لێ بکەم؟

قەدری بەهێمنییەوە وتی:

- وتم کە نابێت بژیم.

ئومەیمە وتی:

- چۆن ڕێگات بە خۆت دا بیکوژیت؟!

قەدری بە بێئومێدییەوە وتی:

- بێسوودە گریان، ئامادەم بۆ سزادان، کوشتن ئەهوەنترە لەوەی پێوەی دەناڵێنم.

ئەدهەم بە ڕقەوە وتی:

- بەڵام ژیانیشت کردین بە ناخۆشتر لە مەرگ.

ئومەیمە هەڵیدایێ و دەیدا لە ڕوومەتەکانی وتی:

- ئەم ژیانەم ناوێت، لەگەڵ کوڕەکەمدا بمنێژن، بۆچی لێ ناگەڕێی هاوار بکەم؟

ئەدهەم بە تاڵی و گاڵتەجارییەوە وتی:

- نەك بەزەییم بەقوڕگتدابێتەوە، بەڵام دەترسم ئەهریمەن گوێی لێمان بێت.

قەدری بە بێباکییەوە وتی:

- با گوێی لێ بێت چۆنی دەوێت، گوێ بە ژیان نادەم.

دەنگی ئیدریس لە نزیك دەرگای کوختەکەوە بەرزبووەوە:

- ئەدهەم برام، وەرە بەستزمان...

هەموو موچڕکیان پێداهات، بەڵام ئەدهەم هاواری کرد لێی:



- بگەڕێرەوە بۆ کوختەکەت، نەکەی تووڕەم کەیت.

ئیدریس بە دەنگێکی بەهێزەوە وتی:

- بەدکاریی ئەهوەنترە لە بەدکاریی، کارەساتەکەتان ڕزگاریکردن لەتووڕەیی من، بەڵام با لەم باسە گەڕێین، هەردوو لامان پێکراوین، تۆ کوڕە ئازیزە بەنرخەکەیت لەدەست دا، منیش کیژە تاقانەکەم. منداڵەکانمان لە تاراوگەکەماندا دڵنەواییمان بوون، بەڵام ڕۆیشتن، وەرە بەستزمان با سەرەخۆشی لە یەکتری بکەین، کەواتە نهێنییەکە بڵاوبووەوە! چۆن بڵاوبووەوە؟! بۆ یەکەمجار دڵی ئومەیمە لەبارەی قەدرییەوە ترسا و ئەدهەم وتی:

- گوێ بە شوکرانەبژێری تۆ نادەم، کێ ئازاری من بچێژێت شوکرانەبژێری ناکات.

- شوکرانەبژێر، بۆ نازانی گریام کاتێ تۆم بینی تەرمەکە لەو چاڵە ڕادەکێشی کە قەدری هەڵیکەندبوو؟!

ئەدهەم بەتووڕەیی هاواری کرد:

- سیخوڕیکردنێکی چەپەڵە.

- تەنها بۆ کوژراوەکە نەگریام، بەڵام بۆ بکوژەکەیش! بە خۆمم وت ئەدهەم کە بەستزمانی، لە شەوێکدا دوو گەنجت لەدەست چوو!

ئومەیمە بێ ئەوەی گوێیداتە کەس هاواری کرد، قەدری لەپڕێکدا چووە دەرەوە و ئەدهەم بەڕاکردن کەوتە دوای و ئومەیمە قیژاندی:

- نامەوێت دووانم لەکیس بچێت.

قەدری ویستی پەلاماری ئیدریس بدات، بەڵام ئەدهەم دوور پاڵی پێوەنا، پاشان بەرامبەر کابراکە بە ڕکابەرەوە وەستاو وتی:

ئیدریس بەهێمنییەوە وتی:

- ئەدهەم تۆ ئەحمەقی، جیاوازیی ناکەیت لەنێوان دۆست و دوژمندا، دەتەوێت لەگەڵ براکەتدا شەڕبکەیت و بەرگریی لە کوڕەکەت بکەیت...

- بڕۆ لەلام.

ئیدریس بە پێکەنینەوە وتی:

- وەکو دەتەوێت، سەرەخۆشیت لێ دەکەم و خواحافیز...

ئیدریس لە تاریکاییەکەدا ون بوو، ئەدهەم ڕووی کرد بەلای قەدرییەوە، دیتی ئومەیمە وەستا و لێی دەپرسێت، پیاوەکە دڵتەنگ بوو و تەماشای تاریکاییەکەی دەکرد و بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

-قەدری... قەدری.. تۆ لەکوێیت؟!

دەنگی ئیدریس هات و بەهێزەوە هاواری دەکرد:

- قەدری... قەدری... تۆ لەکوێیت؟!

## -٢٣-

هەمام لە گۆڕستانی سەر بە وەقفەکە لە دەرگای ((نەسر)) بە خاك سپێردرا، خەڵکێکی زۆر لەگەڵ جەنازەکەدا لە ناسیاوانی ئەدهەم ڕۆیشتن، زۆربەیان فرۆشیارە هاوپیشەکەی بوون، کەم لە کڕیارەکانی کە دڵیان بە ناسکی ڕەوشتی و مامەڵە چاکەکەی خۆش بوو، ئیدریس خۆی سەپاند بەسەر جەنازەکەدا و لە بەخاکسپاردنەکە بەشداربوو، بگرە وەستایش بۆ سەرەخۆشیکردن بەو پێیەی مامی خوالێخۆشبووە، ئەدهەم بە ناچاریی بێدەنگ بوو، زۆرێك لە شەقاوەکان و سەرسەریی و بەرمەکی و دز و ڕێگر کەوتنە شوێن جەنازەکە. لە کاتی ناشتندا ئیدریس لەسەر گۆڕەکە وەستا و بە وشەی سەرەخۆشی هانی ئەدهەمی دەدا، ئەویدیکەیش بەپشوو و بەسەبر بوو، وەڵامی نەدەدایە و فرمێسکەکانی پێش دەکەوتن و بەسەر ڕوومەتیدا دەهاتنەخوارێ، ئومەیمە داخی خۆی بەسنگکوتان و فیزاح و خۆپلکانەوە لە خۆڵدا دەدایەوە. هەر کە جەنازە بەرێخەرەکان بڵاوەیان لێ کرد، ئەدهەم بە ڕقەوە ئاوڕی دایەوە لە ئیدریس و وتی:

- ئایا سنوورێك نییە بۆ دڵڕەقیت؟!

ئیدریس بە سەرسووڕماویی خۆی پیشاندا و پرسی:

- برا بە سزمانەکەم لەبارەی چییەوە قسە دەکەیت؟

ئەدهەم بە توندیی وتی:

- پیموانەبوو هێندە دڵڕەق بیت سەرەڕای خراپیی ڕام بەرامبەرت، مەرگ کۆتایی هەموو زیندوویەکە، چ ڕوویەکی شوکرانە بژێرییت تێدایە؟!

ئیدریس لەپی بەیەکدا دەدات و دەیوت:

- خەم لە ئەدەبی خۆت دەریکردوویت، بەڵام لێت بووراوم...



- کەی بڕیار دەدەیت کە هیچ پەیوەندییەکمان نییە؟

- ئاسمان ڕەحمان پێ بکات، ئەی تۆ برام نییت؟! ئەم پەیوەندییە ناکرێت لەیەك بکرێت.

- ئیدریس...! ئەوەی پێت کردووم بەسە.

- خەم ناشرینە، بەڵام هەردووکمان پێکراوین، تۆ هەمام و قەدریت لەدەست دا و منیش ((هند)) (جەبەلاوی) مەزن کیژە کوڕەزایەکی سۆزانی و کوڕەزایەکی بکوژی هەیە، بەهەرحاڵ تۆ لە من حاڵت باشترە، چونکە زووڕیەتت هەیە، قەرەبووی ئەوەت بۆ دەکەن کە لێت ڕۆیشتوون...

ئەدهەم بەهەناسە ساردییەوە پرسی:

- هێشتا ئێرەییم پێ دەبەیت؟

ئیدریس بە سەرسووڕمانەوە وتی:

- ئیدریس ئێرەیی بە ئەدهەم دەبات!

دەنگی ئەدهەم بەرزبووەوە و هاژەی دەهات:

- ئەگەر پاداشتەکەت لە ڕەگەزی ئیشەکەت بێت با لە دنیا خۆش بێت...

- خۆش بێت، خۆش بێت...

ڕۆژانێکی خەمۆکی پڕ لە ناسۆریی تێپەڕین، خەم کۆڵی بە ئومەیمە دا و تەندروستی خراپ بوو، لاوازیی گوشیبووی.

لە ساڵانێکی کەمدا ئەدهەم گەیشتە ڕادەیەکی پیری، کە لە تەمەنێکی درێژدا نایگاتێ. ژن و مێردەکە تووشی لاوازیی و نەخۆشی بوون، ڕۆژێکیان نەخۆشییەکەیان تاوی لێ سەندن و ئەوە بوو لە جێگا کەوتن، ئومەیمە لەگەڵ هەردوو منداڵەکەی لە ژووری ناوەوە، (ئەدهەم)یش لە ژوورەکەی دەرەوە، ژوورەکەی دەرەوە، ژوورەکەی قەدری و هەمام. ڕۆیشت و شەو هات چرایان هەڵنەکرد، ئەدهەم قەناعەتی بە ڕووناکی مانگ کرد کە لە حەوشەکەدا بوو، هەندێ سەرخەوی دەشکاند و هەندێکیش لەنێوان بەهۆشیی و حەپەساندا بەئاگا دەهاتەوە. گوێی لە دەنگی ئیدریس بوو کە لە دەرەوەی کوختەکە دەهات و بە تەوسەوە لێی پرسی:

- پێویستت بەهیچ خزمەتێك هەیە؟

سنگی تەنگ بوو وەڵامی نەدایەوە، ڕقی لەو سەعاتە بوو کە ئەویدیکە کوختەکەی بەجێدەهێڵێت و دەچێت بۆ شەوچەرەکەی خۆی، جارێکی دیکە هاتەوە و دەیوت:

- خەڵکینە شایەتی کێویی و ناجسنییەکانی بن.

بەدەم گۆرانیوتنەوە ڕۆیشت:

سێ کەس بووین بۆ ڕاو چووین بۆ چیا، یەکێکیان عەشق کوشتی و ئەویدکەیان خۆشەویستان بردیان...

چاوەکانی ئەدهەم پڕبوون لە فرمێسک. ئەم بەدکارییەی کە واز لە یاریکردن ناهێنێت، دەجەنگێ و دەکوژێت و هەموو ڕێزێکی دەگیرێت. توندوتیژیی دەکات و زۆرداریی دەکات و گاڵتە بە ئەنجامەکان دەکات و قاقای پێکەنینێك ئاسۆکان پڕ دەکات، لەزەت لە گاڵتەوگەپکردن بە چەوساوەکان دەبینێت و لە تەعزێکاندا ڕادەبوێرێت، لەسەر کێڵی گۆڕەکاندا گۆرانی دەڵێت. مەرگ لێم نزیك دەبێتەوە، ئەو هێشتا بەگاڵتەوە پێدەکەنێت، دەبینێت و کوژراوەکە لە خاکدایە و بکوژەکەیش ونە و لە کوختەکەیشدا گریانە بۆ هەردووکیان. پێکەنینی منداڵیی لە باخچەکەدا لەگەڵ ڕۆژاندا بووە گرژ و مۆنی و نقووم بوو لە فرمێسکدا، لە ناوەوەیشدا پاشماوەی جەستەم دەیەشێت. بۆچی ئەم هەموو دەردەسەرییە، کوا بێگەردیی خەونەکان کوا؟

ئەدهەم پێی وابوو گوێی لە دەنگی پێیە، دەنگی پێی هێواش و قورس، بیرەوەرییەکی ئاڵۆزی ورووژان وەکو بۆنێکی خۆشی کاریگەر، زەحمەتە کە هەستی پێبکرێت و دیاریی بکرێت. ڕووی بەرەو دەرگای کوختەکە وەرگێڕا و بینی دەرگاکە کراوەتەوە، پاشان بینی بە شتێك و جەستەیەکی گەورە پڕ دەبێت، بە حەپەسانەوە تەماشای کرد، چاوێکی لاکەل کرد بە هیوایەك کە بێ ئومێدیی گرتوویەتییەوە، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و بە ورتەورتەوە پرسیاری کرد.

- باوکە؟!

پێیوابوو کە دەنگە کۆنەکە دەبیستێ و دەڵێت:

- ئەدهەم ئێوارەت باش.

چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسك، ویستی هەڵسێت، بەڵام نەیتوانی، خۆشی و خۆشنوودییەکی بینی کە ماوەی بیست ساڵ زیاترە نەیبینیوە، بە دەنگێکی بە هەنیسکەوە وتی:

- لێمگەڕێ با باوەڕ بکەم.

وتی:



- تۆ دەگرییت و خۆشت هەڵەت کرد.

ئەدهەم بەدەنگێك وتی کە بە فرمێسك دەترووسکایەوە:

- هەڵە زۆرە و سزا زۆرە، بەڵام تەنانەت مۆرانە ئازاردەرەکانیش بێ ئومێد نابن بۆ دۆزینەوەی سێبەر.

- ئاوها فێری داناییم دەکەیت!

- ببوورە، ببوورە، خەم ماندووی کردم و نەخۆشی سواری سەرم بووە، تەنانەت مەڕەکانیشم لەناوچوون هەڕەشەیان لێدەکات.

- جوانە کە ترست لە مەڕەکانت هەبێت.

ئەدهەم بەپاڕانەوە پرسیاری کرد:

- ئایا لێم خۆشبوویت؟

دوای بێدەنگییەك وەڵامیدایەوە:

- بەڵێ...

ئەدهەم بە جەستەیەکی لەرزۆکەوە وتی:

- سوپاس بۆ خودا، تۆزێك بەر لەئێستا بەبێ ئومێدیی بەدەست دەمەدا لەبنی هەڵدێرەکە.

- لەوێ منت دۆزییەوە!

- بەڵێ وەکو هەڵسانەوەی دوای مۆتەکە.

- بۆیە تۆ کوڕێکی چاکیت.

- ئەدهەم ئاهێکی هەڵکێشا و وتی:

- بکوژ و کوژراوت خستووەتەوە.

- مردوو ناگەڕێتەوە داوای چی دەکەیت؟

ئەدهەم هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- حەزم بە گۆرانیوتن دەکرد لە باخچەکەدا، بەڵام ئەمڕۆ هیچم پێ باشی نییە.

وتی:

- وەقفەکە دەبێتە هی وەچەکەت.

- سوپاس بۆ خوا...

وتی:

- خۆت ماندوو مەکە بخەوە...

***

لە مێژوویەکی لە یەکتر نزیك ئەدهەم و ئومەیمە ماڵئاواییان کرد لە ژیان و پاشانیش ئیدریس و منداڵەکان گەورە بوون، دوای نادیارییەکی دوورودرێژ قەدری هاتەوە و (هند)ی لەگەڵدا بوو، لەگەڵ منداڵەکانیاندا، پێکەوە گەورە بوون، تێکەڵ بەکەسانی دیکە بوون و ژمارەیان زیادی کرد، لەسایەی سامانی وەقفەکەوە خانووبەرە بڵاوبووەوە، ئەوە بوو گەڕەکەکەمان کەوتە سەر لاپەڕەی بوون لە وانیشەوە منداڵانی گەڕەکەکەمان هاتن...

# جەبەل





خانووەکانی وەقفەکە بە دوو هێڵی بەرامبەر دروستکران و گەڕەکەکەمانی پێکهێنا، دوو هێڵەکە بە هێڵێك دەست پێدەکەن کە دەکەوێتە بەرامبەر خانووە گەورەکە، بەرەو جەمالیە بەدرێژایی درێژ دەبنەوە، بەڵام خانووە گەورەکە لە هەموو لایەکەوە لەوسەری گەڕەکەکە لەلای بیابانەکەوە بەچۆڵیی مایەوە. گەڕەکەکەمان، گەڕەکی جەبەلاوی، درێژترین گەڕەك بوو لە ناوچەکەدا، زۆربەی خانووەکانی تەلار بوون وەکو زۆربەی گەڕەکی خێڵی حەمدان، لە ناوەڕاستییەوە کوختی زۆری لێ بوو تا دەگەیشتە جەمالیە. وێنەکە تەواو نابێت تەنها بە ناوهێنانی خانووەکەی بەڕێوەبەری وەقفەکە، کە دەکەوێتە سەرووی ڕیزی لای ڕاستی خانووەکانەوە، خانووی شەقاوەکان کە لە سەرووی ڕیزی چەپی بەرامبەرێتی. خانووە گەورەکە دەرگاکانی لەسەر خاوەنەکەی و خزمەتکارە نزیکەکانی داخرابوون، کوڕەکانی جەبەلاوی هەر زوو مردن، لەو ڕەچەڵەکەی کە نشتەجێ بوون و مردن لە خانووە گەورەکەدا، تەنها ئەفەندی بەڕێوەبەری وەقفەکە نەبێت ئەوکاتە. بەڵام خەڵکی گەڕەکەکە بەگشتیی فرۆشیاری گەڕۆك بوون، هەبوو دوکانداربوو یان قاوەخانەی هەبوو، زۆریشیان سواڵکەر بوون، بازرگانییەکی هاوبەشیش هەبوو کە هەموو خاوەن توانایەك ئیشی تێدا دەکرد، ئەویش بازرگانیی مادە بێهۆشکەرەکان بوو، بەتایبەتی تلیاك و ئەفیون و تۆپەکان، ڕەواڵەتی گەڕەکەکەمان- وەکو حاڵی ئێستای- قەرەباڵغ و غەڵبەغەڵب بوو. منداڵانی پێ پەتی و نیوە ڕووت، لە هەموو سووچێکدا یارییان دەکرد. کەشەکەیان پڕ دەکرد لە زیقوزاق و زەوییەکەش لە پیس و پۆخڵی. بەردەم دەرگای ماڵان پڕبوون لە ژنان، ئەمەیان ملووخییەی دەجنی، ئەویتر پیازی پاك دەکرد، سێیەمیان ئاگری دەکردەوە. قسەوباس و نوکتەیان دەگۆڕییەوە، لەکاتی پێویستیشدا توانج و جنێو. گۆرانی و گریان نابڕێنەوە و لێدانی زاریش مایەی بایەخی تایبەتە، عەرەبانە دەستییەکان لە چالاکی بەردەوامن، لێرە و لەوێ شەڕە قسە یان شەڕە دەست بەرپا دەبێت. پشیلەکان دەمیاوێنن و سەگەکان دەمرێنن، لەوانەیە هەردوو جۆرەکە لەسەر کۆمەڵە خاشاك بەشەڕدێن. مشەکەکان لە حەوشە و دیوارەکانەوە دەردەپەڕن، دەگمەنیش کە خەڵکەکە کۆبنەوە بۆ کوشتنی مار و دووپشك. مێش لە زۆریدا هیچ بەرامبەرێکی نەبوو مەگەر ئەسپێ نەبێت، لە قاپەکاندا بەشداریی نانخۆرەکانی دەکرد و لە گۆزە ئاوەکانیش لەگەڵ ئاوخۆرەکاندا، لە

چاواندا يارييان دەكرد و لە دەمەكاندا گيزەگيزيان بوو، وەك بلێی برادەری هەموانن. ئەگەر گەنجێك لە خۆی جورئەتی دیبا، یان ماسوولكەكانی بەهێزبووایە تا بۆ شەڕفرۆشتن بە خەڵكی بێ ئەوەی پەلامار بدات و دەستدرێژیكردنە سەر خەڵكی سڤیل، خۆی وەكو شەقاوە بەسەر گەڕەكێك لە گەڕەكاندا دەسەپاند، سەرانە لە كارگەران وەردەگرێت، دەژێ و بێ ئیشە تەنها شەقاوەیەتی نەبێت. بەوجۆرە شەقاوەی گەڕەكەكان پەیابوون وەكو ((قەدرە و لیسی و ئەبوسەریع و بەرەكات و حەمموودە)). ((زقڵت)) یەكێك بوو لەو شەقاوانە، شەڕێكی زۆری كردبوو لەگەڵ شەقاوە یەك لەدوای یەكەكاندا، تا كۆڵی بە هەموویان دا و بووە شەقاوەی سەرجەم گەڕەك و سەرانەی بەسەر هەموو شەقاوەكاندا سەپاند، بەڕێوەبەری وەقفەكە ئەفەندی سەیری كرد كە پێویستی بەم جۆرە پیاوە هەیە بۆ جێبەجێكردنی فەرمانەكانی یان هەر خراپەیەكی لێ دوورخاتەوە كە هەڕەشەی لێدەكات لە داهاتی وەقفەكەدا، ((زقڵت)) لە خانوویەكدا بەرامبەر خانووی بەڕێوەبەری وەقفەكە نشتەجێ بوو دەسەڵاتی خۆی توووند گرت، ئەوسایش بە دەگمەن شەڕ لەنێوان شەقاوەكاندا ڕووی دەدا، چونكە شەقاوەی گەورەتر ئەمجۆرە شەڕانەی پێ خۆش نەبوو كە بە گەورەكردنی شەقاوەیەك كۆتایی دێت و ئەنجام بەهەڕەشەكردن لە پایەكەی، بۆیە شەقاوەكان هیچ دەلاقەیەكیان نەدۆزییەوە بۆ هەناسەدانی هێزی بەدكارییە سەركوتكراوەكەیان، جگە خەڵكی بەستزمان و سڤیل نەبێت، چۆن مەسەلەی گەڕەكەكەمان بەم حاڵەوە كۆتایی هات؟ جەبەلاوی بەڵێنی دابوو بە ئەدهەم كە وەقفەكە بۆ باشترین نەوەی ئەو بێت، خانووبەرە دروستكران و خێروبێر دابەشكرا. هەر كە باوكەكە دەرگاكەی داخست و لە دنیا دوورەپەرێز بوو، بەڕێوەبەرەكە ماوەیەك چاوی لە نموونە باشەكە كرد، پاشان تەماح كەوتە دڵییەوە، ویستی دەست بەسەر داهاتەكەدا بگرێت، دەستی كرد بە هەڵەكردن لە حیسابكردن و دەستگرتن لە ئازووقە و پاشان دەستگرتنی دڵنیایی و دەستگریی پاراستنی شەقاوەكانی گەڕەك بوو كە كڕییوونی. بۆیە خەڵكی هیچ چارێكیان نەبوو لە دەستدانە چەپەڵترین كاروبار، ژمارەیان زۆر بوو، هەژاریان زیادی كرد و لە كوێرەوەریی و پیسی و پۆخڵێدا نقووم بوون. بەهێزەكان پەنایان بردەبەر تۆقاندن و دەسنەڕۆكانیش بۆ سواڵكردن و هەموویش پەنایان بردە بەر بەنگ، یەكێك ڕەنجی دەدا بۆ چەند پاروویەك كە شەقاوەكان لێی بەشدار دەبوون، نەك بەسوپاس بگرە بەزللە و جنێوو نەعلەت. تەنها شەقاوەكان ژیانیان خۆش و خۆشگوزەران بوو، لەسەری ئەمەوە شەقاوە گەورەترەكە و بەڕێوەبەریش لە سەرووی هەموویانەوە، وەلێ خەڵكی



لەژێر پێیان بوون، ئەگەر بەدبەختێك نەیتوانیبا سەرانە بدات، ئەوا شەقاوەی گەڕەكەكەی خۆی خراپترین تۆڵەی لێدەكردەوە. ئەگەر لەمەڕ شەقاوەی گەورەتر گازندەی كردبایە، شەقاوەی گەورەتر لێیدەدا و ڕادەستی شەقاوەی گەڕەكەكەی خۆی دەكردەوە بۆ دووبارە تەمبێكردنی، ئەگەر ویستبای لەلای بەڕێوەبەر سكاڵای كردبا، بەڕێوەبەر و شەقاوەی گەورەتر و شەقاوەكانی هەموو گەڕەكەكان لێیان دەدا، ئەمە ئەو دۆخە خەمۆكییەیە كە بەخۆم لەدوا ڕۆژەكانماندا بەچاو دیتم، وێنەیەكی ڕاستەقینەیە وەكو حیكایەتخوانەكان لەبارەی دێرزەمانەوە دەیگێڕنەوە، وەلێ شاعیرانی چایخانە پەرتەكانی گەڕەكەكەمان، تەنها سەردەمانی قارەمانییەتی دەگێڕنەوە، خۆیان بەدوور دەگرن لە ئاشكرا وتنی ئەوەی كە پلەوپایەی سەردارەكان ئیحراج دەكەن. گۆرانییان بە خەسڵەتەكانی بەڕێوەبەر و شەقاوەكانەوە دەوت، بە دادپەروەرییەكەوە كە بەرمان دەكەوت، بە ڕەحمەتێكەوە چاومان پێ نەدەكەوت و بەكەڵەمێردیی نەماندەدی و بە زووهەدێك نەماندەبینی و دەستپاكییەك گوێمان لێ نەبووە، دەپرسم چی باوباپیرانی ئێمەی هێشتووەتەوە لەم گەڕەكە نەگریسەدا- یان ئێمەی هێشتووەتەوە-؟ وەڵامەكە ئاسانە، لە گەڕەكەكانی دیكە جگە ژیانێكی خراپتر لەم ژیانەی كە پێوەی دەناڵێنین نادۆزینەوە. ئەمە ئەگەر بە دەستی شەقاوەكانیان تیا نەچین لە تۆڵەی ئەوەی لەسەر دەستی شەقاوەكانیان ئێمە بینیویانە، مەسەلەیەكی خراپتر ئێمە بەخیلیمان پێ دەبرێت، خەڵكی گەڕەكەكانی دەوروبەر دەڵێن كە گەڕەكێكی بەختەوەرە! وەقفێكی هەیە وێنەی نییە، شەقاوەگەلێكی هەیە بەناوهێنانیان جەستەكان موچڕكیان پێدا دێت. ئێمەش لە وەقفەكە چیمان دەستناكەوێت جگە هەناسەساردیی نەبێت و لە هێزی شەقاوەكانیشمان تەنها سووكایەتی و ئازار نەبێت. سەرەڕای ئەم هەمووەیش هێشتا ماوین و لەسەر خەم بەسەبرین، چاومان بڕیوەتە ئایندەیەك نازانین كەی دێت و ئاماژە دەكەین بۆ خانووە گەورە و دەڵێین باوكە دێرینەكەمان لەوێیە تەماشای شەقاوەكانمان دەكەین و دەڵێین ئەوانە پیاوەكانمان بەڕوودوای مەسەلەكەیش بۆ خودایە.

-٢٥-

خێڵی حەمدان، پشوویان لێ بڕا لە گەڕەكەكەیاندا شەپۆلی یاخی بوون مەوجی دا. خێڵی حەمدان لە ترۆپكی گەڕەكەكە نیشتەجێ بوون، دوای ئەویش هەردوو ماڵی ئەفەندی و زقڵت دێ، لە دەوری ئەو پارچە زەوییەی كە ئەدهەم كوختەكەی لەسەر ڕۆنابوو.

سەرۆکەکەیان حەمدان بوو، خاوەن قاوەخانەکە، قاوەخانەی حەمدان جوانترین قاوەخانە بوو لە هەموو گەڕەکەکەدا، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی حەمدان لە سەراکەدا. سەرکار حەمدان[*] لەلای ڕاستی دەرگای قاوەخانەکەوە، لەتۆی عەبایەکی خۆڵەمێشییدا، بەسەرسوخمەیەکی ڕەنگاوڕەنگدا دانیشتبوو، سەرپەرشتی (عەبدون)ی شاگردی قاوەخانەکەی دەکرد کە لە چالاکیی بەردەوامدا بوو. لەگەڵ هەندێ موشتەریدا قسەی دەکرد، قاوەخانەکە پانییەکی تەسکی هەبوو، بەڵام درێژبووەوە تا ئەو کەروێتەیەی شایەر کە لەبەردەمدا بوو، لەژێر وێنەیەکی خەیاڵی ڕەنگینی ئەدهەمدا لەدوا هەڵاژانی و سەیری (جەبەلاوی) دەکات، کە لەبەر دەرگای کوختەکەدا وەستاوە. حەمدان ئاماژەی دا بە شایەرەکە، ئەویش ڕەبابەکەی گرتە دەستەوە بۆ گۆرانیوتن، لەنێوان ئاوازی ژێکاندا سڵاوی کرد لە بەڕێوەبەر خۆشەویستی (جەبەلاوی)و (زقلّت)ی جوانی پیاوان، پاشان ماوەیەکی ژیانی جەبەلاوی گێڕایەوە بەر لە دایکبوونی ئەدهەم. لەکاتی قاوەخواردن و دارسینی و چایدا دەنگەدەنگ پەیدابوو، لە دەوری چراکەدا دووکەڵی گوێز لەو وێنە گەواڵەی تەنك تەنکدا بەرزبووەوە، چاوەکان کەوتنە سەر شایەرەکە و سەرەکان دەلەرینەوە بۆ جوانی یادی تەنیاترین مەتەڵ و کاتی خەیاڵ لە پەرۆشی و تەبابووندا بەسەر دەچوو تا کۆتایی دەهات، شایەرەکە سڵاوی دەستخۆشکەری بەسەردا باری. ئەوسایش لە ناخەوە شەپۆلێکی یاخیبوون خێڵی حەمدانی گرتەوە، (عەتریس ئەلئەعمەش) لە شوێنەکەی خۆی لە ناوەڕاستی قاوەخانەکەدا بەتوانجەوە وتی لەوەی کە لەبارەی چیرۆکەکەی جەبەلاویەوە بیستی:

- دنیا باش بوو، تەنانەت ئەدهەم ڕۆژێك برسی نەبووە.

لەوەدەمە (تەمرحنە)ی پیرێژن لەبەردەم دوکانەکەدا وەستا و قەفەزە پرتەقاڵەکەی لەسەر سەری داگرت، پاشان وتی ڕووی قسەکەی کردە عەتریس ئەلئەعمەش:

- عەتریس دەم خۆش، قسەکەت وەکو پرتەقاڵی شیرین وایە.

سەرکار حەمدان لێی خوڕی وتی:

- ژنێ برۆ و سەر ڕەحمەتمان کە لەقسە پڕوپووچەکەت.

بەڵام(تەمرحنە) لەسەر زەوییەکە بەتەنیشت دەرگای قاوەخانەکەوە دانیشت و وتی:

- سەرکار حەمدان چەند دانیشتن خۆشە لە تەکت (پاشان ئاماژەی کرد بۆ قەفەزە پرتەقاڵەکە) ڕۆژێك و نیوەشەوێك ڕێکردن و بانگکردن بۆ چەند ملیمێك سەرکار...



سەرکار ویستی وەڵامی بداتەوە، بەڵام بینی وا ((زەڵمە)) هات و چارەی گرژ و مۆنە و ناوچەوانی خۆڵاویی بووە، تەماشای کرد تا لەبەردەم دەرگای قاوەخانەکە لەبەردەم سەرکار بەدەنگی بەرزەوە وتی:

- خوا تەشقەڵەچی بگرێت، قەدرە، قەدرە، گەورەترین تەشەقەڵەچییە، پێم وت تا سبەینێ مۆڵەتم بدەرێ تاخوا دەرویەکم لێ دەکاتەوە، فڕییدامە سەر زەوی و سواری سنگم بوو تا هەناسەی لەبەر بڕیم.

دەنگی مامە (دعبس) لەوپەڕی قاوەخانەکەوە هات دەیوت:

- وەرە زەڵمە لەلای خۆم دانیشە، وەرە نەعلەتی خوا لە حەرام زاد بێت، ئێمە سەردارانی ئەم گەڕەکەین، بەڵام وەکو سەگ لێمان دەدرێت، زەڵمە سەرانە فریای ناکەوێت، (تەمرحنە) پرتەقاڵ دەگێڕێت و باڵێك بەردەمی خۆی نابینێت، ئەی تۆ حەمدان کوڕی ئەدهەم کوا ئازایەتییەکەت؟!

زەڵمە بەرەو ژوورەوە ڕۆیشت و تەمرحنە پرسیاری کرد:

- کوا ئازایەتییەکەت کوڕەکەی ئەدهەم؟

حەمدان پێی وت:

- سیکتربە (تەمرحنە) تۆ لە ساڵی پەنجاوە تەمەنی شووکردنت ڕەت کرد و حەزت بەدانیشتنی پیاوان نەبووە؟

ژنەکە پرسی:

- کوا پیاوان؟

حەمدان چارەی گرژ کرد، بەڵام (تەمرحنە) وەکو لێبووردنێك دەستپێشخەریی کرد:

- لێمگەڕێ با گوێم لە شایەرەکە بێت، سەرکار.

دعبس بەتاڵییەوە بە شایەرەکەی وت:

- لەبارەی دەردەسەرییەکانی خێڵی حەمدان لەم گەڕەکەدا قسە بکە.

شایەرەکە بزەیەکی هاتێ و وتی:

- پشووت هەبێ مامە (دعبس)، پشووت هەبێ سەرداری خەڵکیی...

دعبس بە توندیی وتی:

- کێ سەرداری خەڵکە؟ سەرداری خەڵك لە خەڵکی دەدات و زووڵم لە خەڵك دەکات و خەڵك تیرۆر دەکات.

شایەرەکە بە نیگرانییەوە وتی:

- لەوانەیە لەپڕ قەدرە لەنێو خۆماندا ببینین یان ئەهریمەنەکانی دیکە.

- دعبس بەتووڕەییەوە وتی:

- هەموویان نەوەی (ئیدریس)ن.

شایەرەکە بە دەنگێکی نزم وتی:

- پشووت هەبێت مامە (دعبس) بەرلەوەی قاوەخانەکە بەسەرماندا کاول بکرێت.

دعبس لە شوێنەکەی خۆی هەڵسا و قاوەخانەکەی بە هەنگاوی پانەوە بڕی، پاشان لەلای ڕاستی حەمدانەوە دانیشت لەسەر قەنەفەیەك و دەستی کرد بە قسەکردن، بەڵام ژاوەژاوی منداڵان لەپڕ بەرزبووەوە و زاڵ بوو بەسەر دەنگیدا، وەکو کوللە لەبەردەم قاوەخانەکەدا بڵاوبوونەوە و یەکیان بەر جنێو دەدا، دعبس هاواری لێکردن:

- هەی منداڵانی شەیتان کووناتان نییە لە شەواندا بتناگرێتە خۆی؟

بەڵام گوێیان نەدا بە هاوارەکەی، ئەویش وەکو چزەی لێیدرابێت ڕاپەڕی و پەلاماری دان، لە گەڕەکەکەدا کەوتنە ڕاکەڕاك و هاواریان دەکرد (هۆها)، دەنگی ژنانە لە پەنجەرەی چارەکی بەرامبەر قاوەخانەکەوە بەرزبووەوە و دەیانوت (مامە دعبس ناوی خوای لێ بێنە)، (کابرا منداڵەکانت تۆقاند)، بەناڕەزاییەوە دەستی بەرزکردەوە و گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی و دەیوت:

- سەرمان لێ شێواوە، نە لای منداڵان ئیسراحەت هەیە و نە لای شەقاوەکان ئیسراحەت هەیە نە لەلای بەڕێوەبەر ئیسراحەت هەیە.

هەرکەس و بڕوای بە قسەکەی هێنا. خێڵی حەمدان مافیان لە وەقفەکە ون بوو، خێڵی حەمدان لە خۆڵی پیس و پۆخڵی و کلۆڵیدا گەوزان، خێڵی حەمدان شەقاوەکان بەسەریاندا زاڵ بوون، نەك لە خۆیان بێ بگرە لە خوێڕیترین گەڕەکەکان دیکە بوون، چارەنووسی وابوو لەنێوانیاندا بە خۆبادانەوە دەڕۆیشت و بیویستایە شەقازلە لێ بدات لێی دەدا و لەکێ بیەوێت سەرانە وەردەگرێت، بۆیە خێڵی حەمدان پشوویان لەبەر بڕا و گەڕەکەکەیان شەپۆلی یاخیبوون گرتییەوە. دعبس ئاوڕی لە حەمدان دایەوە، وتی:

- حەمدان، هەموو لەسەر یەك ڕاین، ئێمە خێڵی حەمدانین ژمارەمان زۆرە، ڕەچەڵەکمان ناسراوە مافی ئێمەیش لە وەقفەکەدا وەکو مافی بەڕێوەبەرەکە وایە.

شایەرەکە ورتەورتێکی کرد:



- خودایە ئەمشەو بەخێر بڕوات.

حەمدان عەباکەی لەدەوری خۆی لوولدا و هەردوو برۆ سێگۆشە چڕەکەی هەڵبڕی، وتی:

- وتم وەعدمان وایە، مەسەلەکە ڕوودەدات، من ڕووداوەکان بە بۆن بۆنیان دەکەم.

دەنگی (عەلی فەوانیس) بەرزبووەوە کە بەدەم سڵاوکردنەوە دەهاتە ژوورەوە بۆ قاوەخانەکە دیشداشەکەی هەڵکردبوو، کڵاوە خاکییەکەی هاتبووە سەر برۆکانی، ئەوەندەی پێ نەچوو وتی:

- هەموو ئامادەن، ئەگەر مەسەلەکە پێویستی بەپارە بوو دەیدەن، تەنانەت سواڵکەرەکانیش.

خۆی کردە نێوان دعبس و حەمدانەوە و بانگی کرد لە شاگری چاپخانەکە عەبدون:

- چایەکی بێ شەکر.

- شایەرەکە ئاگاداربووەوە و وتی:

- ئحم...

عەلی فەوانیس بزەی هاتێ و دەستی کردە باخەڵییەوە و کیسەیەکی دەرهێنا و پاشان کردییەوە و لەفەیەکی بچووکی دەرهێنا و فڕێیدا بۆ شایەرەکە. دای لە ڕانی حەمدان و پرسیاری کرد و ئەمەی وت:

- دادگامان لەپێشە...

تەمرحنە وتی:

- باشترین شتە بیکەین.

شایەرەکە خەریك بوو شتێکی لە لەفافەکە دەرهێنا و وتی:

- بیر لە دەرەنجامەکان بکەنەوە.

عەلی فەوانیس بەتووندیی وتی:

- خوێڕیترین ناخۆشییە کە واین تێدا، ژمارەیەکی زۆرمان هەیە و دەبێت حیسابی بۆ بکەین، ئەفەندی ناشتوانێت نکوڵی لە رچەڵەك و خزمایەتیمان بۆ خۆی و بۆ خاوەن وەقفەکە بکات.

شایەرەکە بە نیگایەکی بەواتاوە تەماشای حەمدانی کرد و وتی:

- چارەسەرمان لێ نەبڕاوە.

حەمدان وەك بڵێی وەڵامی دادەتەوە وتی:

- بیرۆکەیەکی بەجورئەتم هەیە...

چاوەکان تەماشایان کرد وتی:

- با پەنا بەرینە بەر بەڕێوەبەر!

عەبدون بەدەم چای پێشکەشکردن بە فەوانیس وتی:

- هەنگاوێکی ئازیزە و دواجار گۆڕهەڵکەنە.

تەمرحنە، بەدەم پێکەنینەوە وتی:

- دەبێت بڕۆین، جەماعەت بابڕۆین...

## -٢٦-

بڕێکی زۆر لە ژن و پیاو لە خێڵی حەمدان لەبەردەم ماڵەکەی بەڕێوەبەر کۆبوونەوە، لە سەریانەوە حەمدان و دعبس و عەتریسی ئەلئەعمەش و زەڵمە و عەلی فەوانیس و ڕەزوانی شایەر بوو. ڕەزوان ڕای وابوو کە حەمدان خۆی بەتاقی تەنیا بڕوات، بۆ ڕەوانەوەی گومانی یاخیبوون و خۆپاراستن لە ئەنجامەکانی، بەڵام حەمدان بەڕاشکاویی وتی: (کوشتنم شتێکی ئاسانە، بەڵام کوشتنی خێڵی حەمدانیان بۆ ئەنجام نادرێت).

کۆبوونەوەکە سەرنجی خەڵکی گەڕەکی ڕاکێشا بەتایبەتی دراوسێ نزیکەکان، ژنان لە پەنجەرەکانەوە سەریان دەرهێنا، چاوەکان لەژێر سەبەتە و قەرتاڵەکان و لەسەر عەرەبانەی دەستییەکان تەماشایان دەکرد. زۆرێك لە گەورە و بچووك هاتن و دەیانپرسی کە خێڵی حەمدان چی دەوێت؟ حەمدان لە دەسکە مسەکەی گرت و دای لە دەرگا، دوای تۆزێك دەرگاوانەکە بە سەروچاوی خەمۆکی و لەگەڵ شنەی هەڵگری بۆن و بەرامەی بەیبوون و یاسەمین دەرگاکەی کردەوە، دەرگاوانەکە بەوەڕزییەوە تەماشای عەشاماتەکەی کرد و پرسی:

- چیتان دەوێت؟

حەمدان بە هێزێکەوە کە لەپشتەوە وەریگرتبوو، وتی:

- دەمانەوێت بەڕێز بەڕێوەبەر ببینین.

- هەمووتان؟

- کەسی ئەوتۆمان تێدا نییە لەوانی تر شایانی چاوپێکەوتن بێت.

- چاوەڕێ بن تا ڕووخسەتتان بۆ دەخوازم.



ویستی دەرگاکە داخات، بەڵام دعبس خۆی کرد بە ژووردا و دەیوت:

- چاوەڕێ لە ناوەوە بەخشندەترە.

ئەوانی دیکە دوای کەوتن وەکو ڕەو دوای کۆترە مێیە کەوتبێت.

حەمدان سەرەڕای بێزاربوونی لەنێوانیاندا پاڵی نا بە (دعبس)ەوە خۆپیشاندانەکە ڕووی کرد لە ڕاڕەوە ڕاخراوەکە لەنێوان پەرژینەکە و باخچەکەدا. دەرگاوانەکە بانگی کرد:

- دەبێت دەرچنە دەرەوە.

حەمدان وتی:

- میوان دەرناکرێت، بڕۆ و ئاغات ئاگادار بکەرەوە.

لێوەکانی کابرا بە ناڕەزاییەکی نەبیستراوەوە جووڵانەوە، کە سەروچاوە ڕەشداگەڕاوەکە ئاشکرای کرد، پاشان بەڕاکردن بەرەو پەرژینەکە بایدایەوە، چاوەکانی دوایکەوتن تا لەودیوی ئەو پەردەیەوە ونبوو کە دەرگای داڵانەکەی داپۆشیبوو، چاوەکان نووسان بە پەردەکەوە، چاوەکان بەناو باخچەکەدا سووڕانەوە، لە دەوری حەوزە بە دارخورما دەورگیراوەکە و کەپرەکانی ترێ کە بەدیوارەکانەوە نووساون و چڵەکانی یاسەمین کە بەشوورەکاندا هەڵگژاون، بە نیگای سەرلێشێواو و هەستی داخراو لەسەرخەم دەسووڕانەوە، ئەوەندەی پێ نەچوو بەلای پەردە داخراوەکەی سەر دەرگای داڵانەکەوە گەڕانەوە، پەردەکە لاچوو، ئەفەندی بە سەروچاوێکی گرژومۆنەوە دەرکەوت، بە هەنگاوی توونـد و تـووڕەوە چووە پێشەوە تا لەسەر پەیژەکەدا وەستا. هیچ لە کەسایەتییە بە عەبا پێچراوەکەی دەرنەکەوت. جگە سەروچاوە تووڕە و نەعلە خورییەکەی و تەزبیحە درێژەکەی لای ڕاستی نەبێت. بە نیگایەکی بێزارییەوە تەماشای خۆپیشاندانەکەی کرد، پاشان چاوەکانی لەسەر حەمدان جێگیر بوون، ئەمیش زۆر بەئەدەبەوە وتی:

- بەیانیت باش جەنابی بەڕێوەبەر.

تەنها بە بزووتنێکی دەستی وەڵامی سڵاوکەی دایەوە و پرسی:

- ئەمانە کێن؟

- خێڵی حەمدانن جەنابی بەڕێوەبەر.

- کێ ڕێگای دان بێنە ژوورەوە بۆ ماڵەکەم؟

حەمدان بە زۆرزانیییەوە وتی:

- ئەمە ماڵی بەڕێوەبەرەکەیانە، ماڵی خۆیانە، ئەوان لەپەنای ئەودان.

سەروچاوی ئەفەندی نەرم نەبوو، وتی:

- دەتەوێت لێبووردن بۆ ڕەفتارە خراپەکەتان بهێنیتەوە!

دعبس لە بەئەدەبیی حەمدان دڵتەنگ بوو، وتی:

- ئێمە خێزانێکین، هەموومان کوڕانی ئەدهەم و ئومەیمەین.

ئەفەندی بە نابەدڵییەوە وتی:

- ئەوە مێژوویەك بوو بەسەرچوو، ڕەحمەت لەو کەسەی کە قەدری خۆی دەزانێت...

حەمدان وتی:

- ئێمە لە خەمی هەژاریی و خراپی هەڵسوکەوتین، ڕای هەموومان لەسەر ئەوە کۆك بوو کە پەنا بۆ تۆ بەرین تا ناخۆشییەکەمان چارەکەیت...

لێرەدا (تەمرحنە) وتی:

- بە ژیانی تۆ ژیانمان سیسرکە بێزی لێ دەکاتەوە.

دعبس وتی و بە پەیژەکاندا سەردەکەوت.

- زۆربەمان سواڵکەرین، منداڵەکانمان برسین، سەروچاومان لەبەر لێدانی زللەی شەقاوەکان هەڵزەپاون، ئایا ئەوە شایانی کوڕانی جەبەلاوی و هەقداری وەقفەکەیە؟!

ئەفەندی مشتی گوشی لەسەر تەزبیحەکە و وتی:

- هۆو کام وەقف؟

حەمدان هەوڵی دا کە نەیەڵێت دعبس قسە بکات، بەڵام ئاژنگی نا وەکو یەکێك مەی گێژی کردبێت وتی:

- وەقفە گەورەکە، جەنابی بەڕێوەبەر تووڕەمەبە، وەقفە گەورەکە کە خاوەنی گەڕەکەکەمانە لەمسەر تا ئەوسەر کە هەموو خانووبەرەیەك لە دەوروبەری چۆڵەوانییەکەیش دەگرێتەوە، وەقفەکەی جەبەلاوی جەنابی بەڕێوەبەر...

بڵێسەی تووڕەیی لە چاوەکانی ئەفەندییەوە کڵپەیان کرد و وتی:

- ئەمە وەقفی باوکمە و باپیرمە هیچ پەیوەندیتان پێوە نییە، ئێوە مەتەڵی خورافی دەگێڕنەوە و بڕوای پێ دەکەن، چ نیشانە و بەڵگەیەکتان نییە.

زیاتر لە دەنگێك وتی و لەنێوانیاندا دەنگی دعبس و تەمرحنە ڕوونبووەوە:

- هەموو ئەمە دەزانن.



- هەموو؟ چ نرخێکی هەیە؟ ئەگەر لەنێو خۆتاندا وتتان ئەمە خانووی فلان و فیسارە لە ئێوە، ئەمە بەسە بۆئەوەی ئێوە دەست بەسەر خانووەکەمدا بگرن، ئەرێ ئێوە؟ گەڕەکی حەشیشەخۆرەکان ڕاستییە! پێم بڵێن کەی یەکێکتان یەك میلمی وەرگرتووە لە داهاتی وەقفەکە؟

بێدەنگیی قەدەرێك باڵی کێشاو پاشان حەمدان وتی:

- باوکمان وەریاندەگرت.

- بەڵگەتان هەیە؟

حەمدان گەڕایەوە وتی:

- پێیان وتین و ئێمەش بڕوامان پێکردن.

ئەفەندی هەڵیدایێ:

- درۆ بەدرۆیە و فەرموون تا دەرنەکراون.

دعبس بەسووربوونەوە وتی:

- دە مەرجەکەمان پێ نیشاندە.

ئەفەندی هاواریکرد:

- بۆچی پیشانتان بدەم؟ ئێوەکێن؟ چ پەیوەندیتان پێوەی هەیە؟

- ئێمە هەقدارین.

لەو دەمە دەنگی (هودا)خانم خێزانی بەڕێوەبەرەکە لەودیوی دەرگاکەوە بەرزبووەوە و دەیوت:

- لێیان گەڕێ و وەرە ژوورەوە، دەنگی خۆت بە قسەکردن لەگەڵیاندا مەنووسێنە.

تەمرحنە وتی:

- خانم لایەنگرێکی چاکەیە.

هودا خانم بە دەنگێکی گڕی تووڕەوە وتی:

- ڕێگاگرتن ڕۆژ نابێت و خۆرکەوتووە!

تەمرحنە بە بێزارییەوە وتی:

- خودات لێ خۆشبێت خانم، خەتای باپیرەمانە کە دەرگاکانی لەسەر خۆی داخستووە.

دعبس سەری هەڵبڕی و بە دەنگێك وەکو گرمەی هەور هاواری کرد:

- جەبەلاوی! وەرە و سەیری حاڵمان بکە، بەجێتهێشتووین لەژێر ڕەحمەتی ئەوانەی کە ڕەحمەتیان نییە.

هاوارەکەی بەهێز دەنگیدایەوە تا هەندێك وایان هەست کرد کە دەگاتە لای باپیرەکە لە ماڵەکەی خۆیدا، بەڵام ئەفەندی بە دەنگێکی لەرزۆکی تووڕەییەوە وتی:

- دەرچنە دەرەوە، بەبێ ئەملاو ئەولا دەرچنە دەرەوە.

حەمدان بە دڵتەنگییەوە وتی:

- دەی بابڕۆین.

لە شوێنەکەی خۆی وەرگەڕایەوە و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت، ئەوانیش بەبێدەنگیی دوای کەوتن، تەنانەت (دعبس)یش دوای کەوت، بەڵام جارێکی دیکە سەری هەڵبڕی و بەهەمان بەهێزیی هاواری کرد:

- هۆ جەبەلاوی!...

## -٢٧-

ئەفەندی چووە ژوورەوە بۆ داڵانەکە و ڕەنگی لە تووڕەییدا زەرد هەڵگەڕابوو، بینی ژنەکەی بەچارەی گرژەوە وەستاوە وتی:

- جووڵانەوەیەکی سەیرە لەدوای خۆیەوە شت دەهێنێت، دەبێتە قسەوباسی سەرجەم گەڕەکەکە، ئەگەر لێی ساردبین لە مەسەلەکە دەبێت فاتیحە بۆ خۆمان بخوێنین.

ئەفەندی بەبێزهاتنەوە وتی:

- هەرچی و پەرچی کوڕی هەرچی و پەرچین و تەماحیان لە وەقفەکە کردووە، کێ لە گەڕەکەکەدا ئەسڵ و فەسڵی خۆی دەزانێت، کە دڵێی پوورەی هەنگە؟

- مەسەلەکە یەکلاییکەرەوە، زقڵت بانگکە و تەگبیری کاروباری خۆت بکە، زقڵت لە داهاتەکە هاوبەشمانە و بێ ئەوەی شتێك بکات، بانگی کە با ئەوەی دەیدزێت لە سامانەکەمان بۆ خۆی حەڵاڵی بکات.

ئەفەندی بە نیگایەکی درێژەوە تەماشای کرد و پاشان پرسی:

- ئەی جەبەل؟

- جەبەل! ئەو پەروەردەی ئێمەیە، بگرە کوڕی خۆمە، لە ماڵی ئێمە زیاتر لەدنیادا هیچ نازانێت. خێڵی حەمدان ناناسێت و ئەوانیش ناینناسن، ئەگەر سەربەخۆیان حیسابیان



کردابایە لەلای ئێمە شەفاعەتیان بۆ دەکرد، لە لایەن ئەوەوە دڵنیابە، لە گەڕانەکە لەلای کرێچییەکان دێتەوە و ئامادەی کۆبوونەوەکە دەبێت...

زقڵت هات لەسەر داوای بەڕێوەبەرەکە. باڵا مامناوەندیی بوو، قەڵەو بوو، دامەزراو بوو، سەروچاوی سادە و ڕەق بوو، مل و چەناگەی چاڵیان تیابوو، لەنزیك یەکەوە دانیشتن و زقڵت وتی:

- هەواڵی ناخۆشم بیستووە.

هودا بەڕقەوە وتی:

- چ خێرا هەواڵی خراپ دەگات.

ئەفەندی وتی و بەزۆرزانییەوە سەرنجی زقڵتی دەدا:

- ئەوە هەیبەتی ئێمە دەڕووشێنێت هەروەها هەیبەتی تۆیش.

زقڵت بە دەنگێکی وەکو قۆڕەوە وتی:

- ماوەیەکی زۆر بەسەرچوو کە نە تێلامان ڕاوەشاندووە و نە خوێنمان ڕشتووە.

هودا بزەیەکی هاتێ و وتی:

- خێڵی حەمدان کە لەخۆبایین، شەقاوەیەکیان تێدا هەڵنەکەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا چەپەڵترین کەسیان لافی ئەوە لێدەدات. کە سەرەگەورەی گەڕەکەکەیە.

زقڵت بەبێزهاتنەوەوە وتی:

- فرۆشیار و سواڵکەرن، شەقاوە لە خەڵکی خوێڕی هەڵناکەوێت!

ئەفەندی پرسیاری کرد:

- ئەی کار چییە زقڵت؟

- بەپێم وەکو سیسرکە پانیان دەکەمەوە.

(جەبەل) گوێی لە قسەکەی زقڵت بوو کاتێ هاتە ژوورەوە بۆ بەر داڵانەکە، سەروچاوی سوورە سووری بوو دوای پیاسەکەی لە چۆڵەوانییەکەدا، چالاکیی گەنجانە بەجەستە بەلەباریکە بەهێزەکەیدا دەگەڕا، سەروچاوی سیمایەکی ڕاشکاوانەی هەیە، بەتایبەتی لوتە ڕاستەکەی و جووتە چاوگەورە زیرەکەکانی، بەئەدەبەوە سڵاوی لە ئامادەبووان کرد، دەربارەی خانووبەرەکان دەستی بە قسە کرد، کە ئەمڕۆ بەکرێ درابوون، هانم قسەی پێ بڕی وتی:

- جەبەل دانیشە، ئێمە چاوەڕێی مەسەلەیەکی مەزنین.

جەبەل دانیشت چاوەکانی نیگایەکی ئیحراجیات دەدایەوە کە لە چاوەکانی خانم ون نەبوو، وتی:

- دەبینم تۆ هەستی ئەوە دەکەیت کە جێگای بایەخی ئێمەیە.

جەبەل بە دەنگێکی هێمن وتی:

- هەموو لە دەرەوە قسە دەکەن.

خانم سەیری مێردەکەی کرد و وتی:

- گوێت لێبوو؟ هەموو چاوەڕێی وەڵامی ئێمە دەکەن.

زەقڵت وتی و ڕووخساری زیاتر گەمژەیی پێوەدیار بوو.

- کڵپەیەك مشتێ خۆڵ دەیکوژێنێتەوە، پێم خۆشە دەستبەکاربم!

هودا ئاوڕی لە (جەبەل) دایەوە وتی:

- جەبەل هیچت هەیە بیڵێی؟

بە تەماشاکردنی زەوییەکە دڵتەنگی خۆی دەدایەوە و وتی:

- خانمەکەم مەسەلەکە لە ئێوەوەیە و بۆ ئێوەیە...

- گرنگە ڕای تۆ بزانم...

زۆر بیری کردەوە و هەستی بە نیگای تیژەکانی ئەفەندی و نیگای بێزارەکانی زقڵت دەکرد و پاشان وتی:

- خانمەکەم، من پەروەردەی نیعمەتی تۆم، بەڵام نازانم چی بڵێم، جگە یەکێك لە کوڕەکانی حەمدان نەبێت هیچی دیکە نیم.

هودا بەتووندیی وتی:

- بۆچی ناوی حەمدان دەهێنی نە باوك و نە دایك و نە خزمت تێیاندا هەیە؟

ئەفەندی دەنگێکی بە گاڵتە و کورتی لێوەهات بە پێکەنین دەچوو، بەڵام قسەی نەکرد، لە سەروچاوی ((جەبەل))دا دیار بوو کە ئازارێکی ڕاستگۆی تووش بووە، بەڵام وەڵامیدایەوە:

- باوك و دایکم لەوان بوو، ناکرێت حاشا لەوە بکرێت.

هودا وتی:

- ئای بێئومێد خۆم لە کوڕەکەم.



- مەعازەڵا، موقەتەم بەخۆی ناتوانێت لە بەوەفاییم بۆ تۆ بمجوولێنێت، بەڵام حاشاکردن لە ڕاستییەکان نایانگۆڕێت. ئەفەندی سەبری نەما و هەڵسا و بە زقڵتی وت:

- کاتی خۆت بەم گلەییانە بەفیڕۆ مەدە.

زقڵت بە زەردەخەنەوە هەڵسا، خانم پێی وت و سەرنجێکی شاراوەی (جەبەل)ی دا و پێی وت:

- سەرکار زقڵت لە ماقووڵ دەرمەچۆ، دەمانەوێت تەمێیان بکەین، نەك قەڵاچۆییان بکەین...

زقڵت لە بەردالانەکە چووە دەرەوە، ئەفەندی نیگایەکی لۆمەکردنی گرتە جەبەل و بەگاڵتەوە پرسی:

- کەواتە تۆ لە خێڵی حەمدانیت جەبەل؟

جەبەل بێدەنگ بوو، بەڵام زەحمەت بوو کە لەبەردەم زقڵت حاشا لە ڕەچەڵەکی خۆی بکات. جەبەل بە خەمێکی دیارەوە وتی:

- خانمەکەم ئەوان بەدبەختن، گەرچی بەخشندەترین خەڵکی گەڕەکەکەن...

ئەفەندی وتی:

- گەڕەکەکە... بێ ئەسڵە.

جەبەل بەجدیی وتی:

- ئێمە کوڕانی ئەدهەمین، هێشتا باپیرەمان زیندووە خوا تەمەندرێژی کات و بیهێڵێت.

ئەفەندی پرسی:

- کێ دەتوانێت بیسەلمێنێت کە کوڕی باوکی خۆیەتی؟ قسەیەکە قەیناکە هەندێ جار دەکرێت، بەڵام نابێت بکرێتە ئامرازێك بۆ بەتاڵانبردنی سامانی کەسانی دیکە...!

هودا وتی:

- ئێمە خراپەی ئەوانمان ناوێت بەمەرجێك تەماح لە ماڵی ئێمە نەکەن.

- ئەفەندی ویستی کۆتایی بە باسەکە بهێنێت و بە (جەبەل)ی وت:

- بڕۆ بۆ ئیشەکەت و لەوە زیاتر بیر لە هیچ مەکەرەوە.

جەبەل لە بەردالانەکە ڕۆیشت و چوو بۆ بەڕێوەبەرایەتی وەقفەکە لەبەردەم باخچەکەدا. دەبوو لە دەفتەرەکاندا ژمارەیەك لە گرێبەستی کرێکاران تۆمار بکات و دەبێت حیسابی کۆتایی مانگانەی پێدابچێتەوە، بەڵام خەم ئەقڵی پەرت کردبوو. سەیر لەوەدایە کە خێڵی

حەمدان خۆشیان ناوێت، خۆی ئەوە دەزانێت و باسی ئەوە دەکات کە چۆن لە قاوەخانەی حەمدان بەساردییەوە چەند جارێکی کەم ڕووبەڕوو دەبووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خەمبار بوو لەبەر ئەو بەدکارییەی کە بۆیان سازدرابوو. زۆر خەمباری بوو زیاتر لەوەی کە ڕەوشتە جەربەزەکەیان بێزاری کردبوو، ویستی ئەو خراپەیەیان لێ دووربخاتەوە، ئەگەر لەبەر بەزەیی هاتنەوە نەبووایە. بە تووڕەکردنی ئەوماڵەی کە پەنایان داو بەخێویان کرد و کردیان بە کوڕی خۆیان. چی دەبوو ئەگەر سۆزی هودا خانم نەیگرتایەتەوە؟ بەر لە بیست ساڵ خانم منداڵێکی ڕووتی بینی لە چاڵێکی پڕ لە باراناوا مەلەی دەکرد. بەدیتنی گەمەی دەکرد، ئەوەبوو دڵی بۆی نەرم بوو، چونکە نەزۆکیی لە چێژی دایکاتی بێبەریی کردبوو. کەسێکی نارد هەڵیگریت و بۆی بهێنێت و لەترساندا دەگریا، لێی پرسی و بۆی دەرکەوت کە منداڵێکی هەتیوە و ژنێکی مریشکفرۆش بەخێوی دەکات، خانم ناردی بەشوێن ژنە مریشك فرۆشەکەدا و داوای لێ کرد واز لە منداڵەکە بهێنێت بۆ ئەو، ژنەکەیش پێی خۆش بوو، بەو شێوەیە (جەبەل) لە ماڵی بەڕێوەبەر پێگەیشت و لەژێر سەرپەرشتی جەنابیدا خۆشترین دایکایەتی هەبوو لە سەرجەم گەڕەکەکەدا. خرایە حوجرە و خوێندنەوە و نووسین فێربوو، هەر کە باڵق بوو ئەفەندی بەڕێوەبەرێتی وەقفەکەی پێ سپارد، لە هەر پارچە زەوییەك موڵکی وەقفەکەی لێبووایە پێیان دەوت (جەنابی بریکار، بۆ هەر کوێیەك ڕۆیشتبا بە چاوی ڕێز و ئیعجابەوە تەماشایان دەکرد، ژیانی ڕۆحسوك و مژدەبەر دیاربوو بە هەموو جوانییەکەوە، تەنانەت یاخیبوونی خێڵی حەمدانیش).

جەبەل خۆی بینی کە تاکەکەسێك نییە وەکو بەدرێژایی تەمەنی وای بۆ دەچوو، بەڵام دووکەس بوو. یەکێکیان بڕوای بە وەفا هەبوو بۆ دایکی و ئەویدیکەیان بە سەرسووڕمانەوە دەیپرسی:

ئەی خێڵی حەمدان؟؟!

-٢٨-

ڕەبابەکە کەوتە گێڕانەوەی کوژرانی هەمام بەدەستی قەدری. چاوەکان ڕوویان کردە ڕەزوانی شایەر بە سەرنجدانێکی نیگەرانیی ئامێزەوە. شەوەکە وەکو شەوانی دیکە نەبوو، شەوێك کۆتایی بە ڕۆژێکی ورووژاو هێنا. زۆر لە خێڵی حەمدان دەیانپرسی ئایا بە سەلامەتی ڕەت دەبێت؟ تاریکیی گەڕەکەکەی گرتەوە، تەنانەت ئەستێرەکانیش لەپشتی



هەوری پاییز خۆیان شاردەوە، هیچ ڕووناکییەك دیار نەبوو تەنها ئەوەی کە لە دەرگا داخراوەکانەوە دەهاتە دەرێ، یان ئەوەی چرای عارەبانە دەستییە لە یەکتر دوورەکانی کۆڵانەکانی گەڕەکەکە دەیاننارد. گۆشەکان پڕ بوون لە غەڵبەغەڵبی منداڵە کۆبووەکان، وەکو پەپوولەی گردەوەبووی دەوری چرای عارەبانەکان. کاتێ تەمرحنە لەسەر حەسیرێك لەبەردەم یەکێك لە سەراکانی حەمدان دانیشتبوو، مزەمزەی دەهاتێ:

- لەبەر دەرگای گەڕەکەکەمان حەسەن قاوەچییە.

میاوە میاوی پشیلەکان بە نۆرە و پچڕپچڕ بەرزبوونەوە و کە نوقڵانەی کێبڕکێی سێکسی بوو، یان ناکۆکیی بوو لەسەر خۆراك. دەنگی شایەرەکە توونِدبوو کاتێ دەیگێڕایەوە و دەیوت: ئەدهەم بەڕووی قەدری-دا هاواریکرد: ((چیت لە براکەت کرد؟)) لەو ساتەدا (زقلّت) لە بازنەی ئەو ڕووناکییە دەرکەوت کە چرای چایخانەکە لەسەر زەوییەکە دروستیکردبوو. لەپڕێکدا دەرکەوت وەك بڵێی تاریکییەکە شەق بوو. مۆن و کاربەر و ڕقاویی دیاربوو، خراپە لە چاوەکانی دەتەقییەوە و بەتووندیی تێڵا ترسناکەکەی گرتبووە دەستەوە. لە قوڵایی چاوەکانییەوە نیگایەکی قورس و ترسناك بەرەو چایخانەکە و دانیشتووەکانی دەکشا و دەتوت مۆرانەیەکی ژەهرڕێژە، قسە لە قوڕگی شایەرەکە وشك بوو. خۆشیی زەڵمە و عەتریس تێکچوو، چپەچپی دعبس و عەلی فەوانیس بڕایەوە، عەبدون لە جووڵە کەوت، بەڵام حەمدان بەتووڕەیی دەستی توونِد کرد لەسەر قەمچی نەرگیلەکە، وەکو مەرگ بێدەنگیی باڵی کێشا. جووڵە کتوپڕەکان بەدوای یەکدا دەهاتن، موشتەرییەکان بەپەلە قاوەخانەکەیان بەجێدەهێشت، ئەوانەی کە سەر بە خێڵی حەمدان نەبوون. شەقاوەکانی گەڕەکەکان قەدرە، لەیسی و ئەبو سەریع و بەرەکات و حەموودە هاتن لەدوای (زقلّت)ەوە، دیوارێکیان دروست کرد. هەواڵەکە خێرا لە گەڕەکەکەدا بڵاوبووەوە، وەکو بڵێی خانوویەك ڕووخا و پەنجەرەکان کرانەوە، منداڵان بەڕاکردن دەهاتن و گەورەکانیش دڵیان لە بەزەیی و شوکرانەبژێردا لە ناکۆکیدا بوون، حەمدان یەکەم کەس بوو کە بێدەنگیی بەزاند، لە شێوەیەکی پێشوازیکردندا هەڵسا و وتی:

- سەرکار زقلّت بەخێربێیت شەقاوەی گەڕەکەکەمان، فەرموون.

بەڵام زقلّت گوێی پێ نەدا. وەك بڵێی نە گوێی لێ بوو نە بینیشی. بەچاوە دڕەکانی بەردەوام بوو لە چەقۆ وەشاندن، پاشان بە دەنگێکی گڕ پرسیاری کرد:

- کێ شەقاوەی ئەم گەڕەکەیە؟

حەمدان وەڵامیدایەوە گەرچی پرسیارەکە ئاراستەی ئەو نەکرابوو:

- شەقاوەی ئێمە (قەدرە)یە...

(زقڵت) ئاوڕی لە (قەدرە) دایەوە و بە گاڵتەپێکردنەوە لێی پرسی:

- تۆ پارێزەری خێڵی حەمدانیت؟

(قەدرە) چەند هەنگاوێکی بەجەستە کورت کەپسکراوەکەی چووە پێشەوە و بە سەروچاوە بەگوڵمەزەکەی وتی:

- من لە هەموو خراپەکارییەك پارێزەریانم، سەرکار...

زقڵت بزەیەکی هاتێ و وەکو بێزهاتنەوەیەك و وتی:

- بۆ گەڕەکێکی دیکەت نەدۆزییەوە جگە گەڕەکی ژنان نەبێت کە لە سەری ببیتە شەقاوە؟

پاشان ڕووی کردە قاوەخانەکە و بانگی کرد:

- هۆ ژنان، کوڕانی قەحپە، دان بەوەدا نانێن کە گەڕەکەکە شەقاوەی هەیە؟

حەمدان بە ڕەنگزەردییەوە وتی:

- سەرکار زقڵت، لەنێوان ئێمە و تۆدا لەخێر بەولاوە هیچی دیکە نییە.

بانگی لێکرد:

- بێدەنگ بە هەی پیرەمێردی گەڕوگول، ئێستا دەکرووزێیتەوە دوای ئەوەی هێرشت کردە سەر ئاغاکانت و ئاغای کەسوکارت.

حەمدان بە دەنگێکی بە ئازارەوە وتی:

- مەسەلەکە هێرشکردن نەبوو، بەڵام گازندەیەك بوو لەلای جەنابی بەڕێوەبەر کردمان.

زقڵت هەڵیدایێ:

- گوێتان لێبوو کە کوڕی قەحپە چی وت؟ حەمدان لەبیرت چوو هەی بۆگەن کە دایکت چی دەکرد؟ وەڵا کەستان بەئاسوودەیی لەم گەڕەکە دەرناچێت تا بە دەنگی بەرز نەڵێت: من ژنم. خێرا تێلاکەی بەرزکردەوە و بەتووندیی کێشای بەسەر مێزەکەدا، فنجان و کوپ و سینی و کەوچك و قووتوی شیر و چای و شەکر دارسینی و زەنجەفیل و کونجی پەرش و بڵاوبوونەوە، عەبدون بەرەو دواوە داپەڕی و خۆی کێشا بەمێزێکەوە و هەردووکیان پێکەوە کەوتن، لەپڕێکدا زقڵت مشتێکی کێشا بە سەروچاوی حەمدانەوە، کابراکەیش



لەنگەری لەدەست دا و بەلاداکەوت بەسەر نەرگیلەکەدا کە ورد و خاش ببوو، زقڵت جارێکی دیکە تێلاکەی بەرزکردەوە و هاواری کرد:

- هیچ گوناهێك بێ سزا نابێت هەی کوڕانی قەحپە...

دعبس کورسییەکی هەڵگرت و گرتییە چرا گەورەکە و شکاو ئەوناوە تاریك بوو بەرلەوەی تێلاکە بەر ئاوێنە گەورەکەی پشتی مێزەکە بکەوێت. تەمرحنە هاواری کرد و ژنەکانی حەمدانیش بۆیان سەندەوە لە پەنجەرە و دەرگاکانەوە وەکو بڵێ گەڕەکەکە ژێروژوور بوو، وەکو بڵێی گەرووی سەگێکە و بەر بەرد دراوە. زقڵت شێت و هار بوو، بەهەموو لایەکدا دەستی دەوەشاند، خەڵك و کورسی و دیوارەکەیانی دەپێکا، تەوژمی هات و هاوار فریاکەوتن و ئاه و ناڵە بەیەکدادەهاتن، لە هەموو لایەکەوە تارماییەکان پەرت دەبوون، تارماییەکان دەیانکێشا بەیەکدیدا، زقڵت وەکو گرمەی هەور هاواری کرد:

- هەرکەس و لە ماڵی خۆی نەیەتە دەرەوە.

هەر کەسە و لەلای خۆیەوە دەستپێشخەریی کرد بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکە، لە خێڵی حەمدان یان لە کەسانی دیکە، دەنگی پێ دەهات لە پاشەکشەدا، ((لەیسی)) چرایەکی هێنا و زقڵت لەبەر ڕۆشناییەکەی دەرکەوت و شەقاوەکان لەدەوری بوون لە گەڕەکێکی چۆڵدا هیچ دەنگێك نابیسترێت تەنها دەنگی ژنان نەبێت.

بەرەکات بەڕووخۆشییەوە وتی:

- سەرکار، خۆت هەڵگرە بۆ کاتی تەنگانە، دەبێت سیسرکەکان تەمێ بکەین...

ئەبوو سەریع وتی:

- ئەگەر بتەوێت خێڵی حەمدان دەکەین بە خۆڵ و بە ئەسپەکەت بەسەریدا بڕۆیت.

(قەدرە)ی شەقاوەکەی حەمدان وتی:

- سەرکار ئەگەر ڕامبسپێری بۆ تەمێکردنیان ئاواتێکی گەورەم بەدی دەهێنی، ئەویش ئەوەیە کە خزمەتت بکەم.

دەنگی تەمرحنە لەودیوی دەرگای سەراکەوە هات:

- خوا بەسەر زاڵمەوەیە...

زقڵت هاواری لێکرد:

- هۆ تەمرحنە تەحەدای هەر پیاوێك دەکەم لە خێڵی حەمدان ژمارەی ئەوانە بزانێت کە زینایان لەگەڵدا کردوویت.

(تەمرحنە) دوا قسەی نیشانەی ئەوە بوو کە دەستێك خراوەتە سەردەمی بۆئەوەی بەردەوام نەبێت لە قسەکردن.

- خودا لەنێوان ئێمە و تۆدایە، حەمدان ئاغای...

زقڵت ڕووی قسەی کردە شەقاوەکان و بە دەنگێکی بەرز وتی تا خێڵی حەمدان گوێیان لێ بێت:

- هیچ پیاوێك لە خێڵی حەمدان ماڵەکەی بێتەدەرێ لێدان دەخوات...

(قەدرە) بە هەڕەشەوە وتی:

- ئەوەی خۆی بە پیاو دەزانێت با بێتەدەرێ...

حەمموودە پرسیاری کرد:

- سەرکار، ئەی ژنان؟

زقڵت بەتووندیی وتی:

- زقڵت مامەڵە لەگەڵ پیاواندا دەکات نەك ژنان...

خۆر کەوت و پیاوێك لە خێڵی حەمدان لە سەراکە نەهاتەدەرێ، هەر شەقاوەیەك لەبەر دەرگای چایخانەی گەڕەکەکەی خۆی دادەنیشت و چاودێریی ڕێگاکەی دەکرد.

زقڵت چەند سەعات جارێك بە گەڕەکەکەدا ڕەت دەبوو، خەڵکیش خێرا سڵاویان لێ دەکرد و مەراییان لەبەردەکرد و مەدحیان دەکرد، ((وەڵا شێری نێوان پیاوانی هەی شەقاوەی گەڕەکەکەمان))، ((ئافەرین بۆ تۆ هەی جوانی پیاوان، ئەوەی کە سەرپۆشت کردە سەر حەمدان)). ((حەمدولیلا خێڵی حەمدانی ناکەسبەچەت ڕەزیل کرد بەدەستە بەهێزەکانت ئەی زقڵت)). بچووکترین بایەخی بە کەس نەدەدا.

-٢٩-

- ئایا (جەبەلاوی) بەم زووڵمە ڕازیت؟!

(جەبەل) پرسیاری کرد کە لەسەر زەوییەکە لە خوارەوەی تاشەبەردەکە دانیشتبوو، چیرۆکەکان ئەوە دەگێڕنەوە کە لەلای ئەو  تاشەبەردە قەدری (هند)ی دەبردە پەناوە، هەر لەوێش هەمام کوژرا. تەماشای زەردەپەڕی کرد بە چاوێك کە هیچی نەدەبینی جگە لەوەی ڕوونیی تێکدەدات. لەو کەسانە نەبوو کە لەبەر زۆر سەرقاڵی بچێتە خەڵوەتەوە، بەڵام دواجار هەستی کرد کە ئارەزوویەکی، بەجەختی هەیە بۆئەوەی خەڵوەتێك بۆ خۆی بکات،



لەبەرئەوەی کە خێڵی حەمدانی هێنایە هەژان، بەشکو لە چۆڵەوانییەکە ئەو دەنگانە کپ دەبن کە لۆمەی دەکەن و ئازاری دەدەن و لە پەنجەرەکانەوە هاواری لێدەکەن هەر کە بەوێدا ڕەت بێت:

(هەی حەمدانی خائینی نامەرد)، دەنگانێك لە ناخییەوە پێی دەڵێن ((ژیان لەسەر حیسابی کەسانی دیکە خۆش نییە)).

خێڵی حەمدان کەسوکاری ئەون، دایك و باوکی لەناو ئەوان لەدایك بوون و لە گۆڕستانەکەی ئەواندا نێژراون، ئەوان ستەمدیدەن، زووڵمم چەند ناشیرینە، سەروەت و سامانیان دەستی بەسەردا گیرا، بەڵام کێ زاڵمەکەیە؟ کە خاوەن نیعمەتەکەیەتی ئەو پیاوەی کە ژنەکەی لە قوڕدەری هێنا و بەرزی کردەوە بۆ ئاستی خانووە گەورەکە. هەموو کاروبارێك لە گەڕەکەکەدا بە سوونەتی تۆقاندن بەڕێوەدەچێت، سەیریش نییە کە سەردارەکانی لە ماڵەکانی خۆیاندا بەند بکرێن. گەڕەکەکەمان ڕۆژێك دادپەروەریی و ئاشتی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەمە بەشیەتی لەوەتەی ئەدهەم و ئومەیمە لە خانووە گەورەکە دەرکران، ئایا جەبەلاوی بەوە نازانێت؟ وادیارە کە زووڵمم چڕتر دەبێت هەر کە بێدەنگ بوویت، تاکەی بێدەنگ دەبیت جەبەلاوی؟ پیاوان لە ماڵەکانیاندا بەندکراون و ژنان لە گەڕەکدا دووچاری گاڵتەپێکردن دەبنەوە و منیش بەبێدەنگیی ڕیسوایی دەجووم. سەیر لەوەدایە کە هوتاف بۆ سەرکەوتوو لێ دەدەن، سەرکەوتوو و هەر کەسێك بێت، هەلهەلە بۆ بەهێز لێ دەدەن، بەهێز هەر کەسێك بێت، لەبەردەم تێلاکاندا کڕنووش دەبەن، بەمەیش ئەو هەموو ترسەی ناخیان دەشارنەوە، پاروو تێگوشین لە گەڕەکەکەی ئێمەدا سەرشۆڕییە، کەس نازانێت کەی کاتی ئەوەی دێت کە قەڵافەتی بەر تێلا بکەوێت، سەری بۆ ئاسمان بەرزکردەوە، بینی ئەویش بێدەنگ و خەواڵووە، قەراغەکانی بە پەڵە هەور دەوری گیراوە. دوامەلیش ماڵئاوایی لێ کرد. ڕێبواران نەمان کاتی ئەوە هات مۆرانەکان بکشێن، لەپڕێکدا (جەبەل) گوێی لە دەنگێکی گڕ بوو لە نزیکەوە هاواری دەکرد:

((کوڕی قەحپە بوەستە)) لەبیرکردنەوەکانی بەئاگابووەوە و هەستایە سەرپێ و هەوڵیدا بیری بکەوێتەوە ئەم دەنگەی لە کوێ بیستووە، پاشان ڕووی کردە تاشەبەردەکەی (هند) لەلای باشوور، بینی کابرایەك بەترسەوە ڕادەکات و یەکێکی دی لەدواوە ڕاوەدووی دەنێت و خەریکە پێی بگات، تەماشای کرد ڕاکردووەکە (دعبس)ەو ڕاونەرەکەیش (قەدرە)ی شەقاوەکەی گەڕەکی حەمدانە. دەرحاڵ هەستی بە هەڵوێستەکە کرد، ئەوە بوو کەوتە

چاودێریکردنی ڕاوەدوونانەکە کە بە دڵێکی نیگەرانەوە لێی نزیك دەبووەوە. هەر کە قەدرە گەیشت بە (دعبس) و لە شانی گرت و هەردووکیان لە ڕاکردن وەستان و لەبەر ماندوویی هەناسکەهەناسکیان بوو، قەدرە بە دەنگی بچڕبچڕ لەبەر هەناسکەبڕکێ وتی:

- هەی کوڕی مار چۆن دەتوانی لە کوونەکەی خۆت بێیتە دەرەوە؟ بە ساغی دەرناچیت...

دەعبس دەیوت و بەقوڵی سەری خۆی دەپاراست:

- قەدرە لێمگەڕێ، تۆ شەقاوەی گەڕەکەکەمانی و دەبێت پارێزگاریمان لێ بکەیت.

قەدرە ڕاوەشاندنێك ڕایوەشاند کڵاوەکەی سەری فڕی و پێی وت:

- کوڕی ژنە نامەردەکە تۆ دەزانی دژی هەر خەڵەقەندەیەك بەرگریتان لێ دەکەم تەنها زقڵت نەبێت.

دعبس نیگایەکی لێوە دەرکەوت ڕووە و شوێنەکەی (جەبەل) بینی و ناسییەوە و بانگی لێکرد و وتی:

- جەبەل فریام کەوە، فریام کەوە تۆ بەرلەوەی لەئەوان بیت، لە ئێمەیت...

قەدرە بەڕەقی و توونددییەوە وتی:

- لەلای منەوە هیچ فریات ناکەوێت هەی کوڕی ژنە گێژەکە.

جەبەل خۆی بینی لێیان نزیك دەبێتەوە و بەهێمنی وتی:

- سەرکار قەدرە بەزەییەکت بەم کابرایەدا بێتەوە.

قەدرە بە نیگایەکی سارد تەماشای کرد و وتی:

- من دەزانم دەبێت چی بکەم.

- لەوانەیە مەسەلەیەکی زەرووری پاڵی پێوەنابێت کە لە ماڵ دەرچێتە دەرەوە.

- هیچ پاڵی پێوە نەناوە جگە چارەنووسە مسۆگەرەکەی نەبێت.

بەتووندیی لە شانی گرت تا دعبس ناڵەیەکی بیستراوی لێوەهات، جەبەل بەتووندیی وتی:

- بەزەییت پێدابێتەوە، نابینی لە تۆ بەتەمەنتر و لاوازترە؟

قەدرە دەستی لەسەر شانی هەڵگرت و زەللەیەکی بەهێزی کێشا بەپشتەملییەوە لەبەری پشتی چەمایەوە، پاشان بە ئەژنۆی کێشای بە قنگییەوە و بەدەماکەوت، خێرا



خۆی هەڵدایە سەری و بەلێدان تێی بەربوو و بە دەنگێك کە ڕق و کینەی لێوە دەهاتە دەرێ:

- گوێت لێ نەبوو زقڵت چی وت؟!

تووڕەیی لە خوێنەکەی (جەبەل)دا گڕی گرت و پێی وت:

- نەعلەت لە تۆ و زقڵتیش بێت، لێی گەڕێ بێ حەیا!

قەدرە وازی هێنا لە لێدانی دعبس و سەری بەلای (جەبەل)دا بەرزکردەوە بە سەروچاوێکی حەپەساوە و پاشان وتی:

- تۆ ئەمە دەڵێی هەی جەبەل! تۆ جەنابی بەڕێوەبەرت نەبینی کە فەرمانی دا بە زقڵت تەمێی حەمدان بکات؟

جەبەل هەڵیدایێ و تووڕەییەکەی لە زیادبووندا بوو:

- وازی لێ بێنە ئەی بێ حەیا.

قەدرە بە دەنگێکەوە وتی کە لە تووڕەییدا دەلەرزی:

- پێت وانەبێت کە خزمەتەکەت لە ماڵی بەڕێوەبەر لە منت دەپارێزێت ئەگەر بمەوێت لێت بپێچمەوە!

جەبەل پەلاماری دا وەکو یەکێك بێ هۆش بووبێت و شەقێکی تێ هەڵداو بەلادا کەوت و پێی وت:

- بچۆرەوە بۆ لای دایکت بەر لەوەی ڕەشت بۆ بپۆشێت.

قەدرە هەڵسایە سەر پێ و تێلاکەی لە زەوییەکە هەڵگرت پاشان بەسووکی بەرزی کردەوە، بەڵام (جەبەل) دەسپێشخەریی کرد و کێشای بە ورگییەوە بە دەستێکی بەهێزەوە و لەبەر ئازار هەڵنووت، جەبەل ئەم هەلەی قۆستەوە و تێلاکەی لە دەستی ڕفاند و وەستا و بە وریاییەوە تەماشای دەکرد. قەدرە دوو هەنگاو گەڕایە دواوە، پاشان خێرا چەمایەوە و بەردێکی هەڵگرت، بەڵام بەرلەوەی بیوەشێنێت، تێلاکە کێشرا بەسەریدا و هاواری کرد و بەدەوری خۆیدا خوولایەوە پاشان بەدەما کەوت و خوێن بەخووڕ لە ناوچەوانی فیچقەی کرد. شەو دادەهات و جەبەل بەدەوری خۆیدا چاوی گێڕا و کەسی نەبینی جگە دعبس نەبێت، کە دیشداشەکەی خۆی دەتەکاند و دەستی دەدا لەو جێگایانەی لەشی کە ئازاریان هەبوو. پاشان لە جەبەل نزیك بووەوە و بە سوپاسگوزارییەوە وتی:

- جەبەل لە برایەکی باشەوە بەخشرایت...

جەبەل، وەڵامی نەدایەوە و بەسەر قەدرەدا داهاتەوە و لەسەر پشتی ڕاستی کردەوە، پاشان ورتەورتێکی کرد:

- لەهۆش خۆی چووە!

دعبس بەسەریدا چەمایەوە پاشان تفێکی کرد سەروچاوی، جەبەل بەڕاکێشان لێی دوورخستەوە، جارێکی دیکە بەسەریدا چەمایەوە و لەسەرەخۆ ڕایدەوەشاند، بەڵام هیچ هیوایەکی هاتنەوە سەرخۆی نەبوو، پرسیاری کرد:

- چییەتی؟

دعبس بەسەریدا چەمایەوە و گوێی نا بە سنگییەوە، پاشان سەروچاوی لە سەروچاوی نزیککردەوە و تەڵە شقارتەیەکی داگیرساند، پاشان وەستا و بەچپییەوە وتی:

- مردووە.

جەستەی جەبەل لەرزی لێهات و وتی:

- درۆ دەکەیت!

- بەگیانی تۆ مردووی کوڕی مردووە.

- خەبەرێکی ناخۆشە.

دعبس وتی بۆئەوەی مەسەلەکە ئاسان بکات!

- چەند لە خەڵکی داو چەندی کوشت با بڕوات بۆ دۆزەخ.

جەبەل بە دەنگێکی خەماوییەوە وتی وەك بڵێی قسە لەگەڵ خۆیدا بکات:

- بەڵام لە کەسم نەداوە و کەسیشم نەکوشتووە.

- بەرگریت لە خۆت دەکرد.

- بەڵام مەبەستم نەبوو بیکوژم و نەشمدەویست.

دعبس بە بایەخەوە وتی:

- جەبەل دەستت توندە، ترست لەوان نییە، دەتوانیت ببیتە شەقاوە ئەگەر بتەوێت.

جەبەل بەدەست دای لە ناوچەوانی خۆی و وتی:

- ئای قوڕبەسەرم، ئایا لە یەکەم لێدان دەبم بە بکوژ؟

- ئاگات لەخۆت بێت، دەی با بینێژین ئەگینا دەبێتە قیامەت.

- قیامەت هەڵدەسێت ئەگەر بینێژین یان نەینێژین.

- بەداخەوە نیم، نوخشە لەوانەبێ کە ماون، یارمەتیم بدە با ئەم حەیوانە بشارینەوە.



دعبس تێلاکەی هەڵگرت و دەستی کرد بە زەوی هەڵکەندن دوور نەبوو لەو جێگایەی کە قەدری لەوەوبەر هەڵیکەندبوو، (جەبەل)یش ئەوەندەی پێ نەچوو بە دڵێکی خەمۆکییەوە خۆی پێگەیاند، بەبێدەنگیی لە ئیشکردن بەردەوام بوو تا دعبس وتی بۆئەوەی گرانیی هەستی جەبەل سووک بکات:

- خەم مەخۆ کوشتن لە گەڕەکەکەمان وەکو ترێ خواردن وایە.

جەبەل بە هەناسە هەڵکێشانەوە وتی:

- هەرگیز حەزم لێ نەبووە ببمە پیاوکوژ. ئەی خودایە پێم وانەبوو تووڕەییەکەم ئاوها ناشیرینە.

هەر کە لە هەڵکەندن بوونەوە، دعبس وەستا بۆئەوەی ناوچەوانی وشك کاتەوە بە قۆڵی دیشداشەکەی و هەنگ بکات بۆئەوەی لووتی پاککاتەوە کە پڕی ببوو لە خۆڵ، بە کینەوە وتی:

- ئەم چاڵە جێگای ئەم کوڕی قەحبەیە و شەقاوەکانی دیکەی لێ دەبێتەوە.

جەبەل بەبێزارییەوە وتی:

- ڕێزی مردوو بگرە هەموومان مردووین.

دعبس بەتووندیی وتی:

- کاتێ بەزیندوویی ڕێزمان لێ بگرن، ئێمەیش بەمردوویی ڕێزیان لێ دەگرین.

تەرمەکەیان هەڵگرت و خستییانە چاڵەکەوە، جەبەل تێلاکەی خستە تەنیشتییەوە، پاشان خۆڵیان بەسەردا کرد. هەر کە جەبەل سەری هەڵبڕی بینی شەو دنیای شاردووەتەوە و ئەوەی لەسەریەتی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و هەستی گریانێکی شاردەوە.

## -٣٠-

قەدرە لەکوێیە؟

زقڵت لە خۆی پرسیاری کرد هەروەها لە شەقاوەکانی دیکەی پرسی، بەڵام شەقاوەکانیش دەیانپرسی لە برادەرەکەیان کە لە بووندا نەمابوو، وەکو پیاوەکانی حەمدان لە گەڕەکەکە نەمابوو، (قەدرە) نشتەجێی گەڕەکەکەی ئەولای گەڕەکەکەی حەمدان بوو. ڕەبەن بوو شەوان لە دەرەوە دەمایەوە و بۆ ماڵەکەی نەدەگەڕایەوە تەنها دەمەوبەیان نەبێت یان دوای ئەوەیش. دەگمەن بوو شەوێك یان دوو شەو لە ماڵەکەی دیار نەبێت، بەڵام

هەرگیز ڕووینەداوە کە هەفتەیەکی تەواو دیار نەبێت، بێ ئەوەی کەس بە شوێنەکەی بزانێت و بەتایبەتی لەم ڕۆژانی گەمارۆیەدا کە پێویستی کرد لەسەری زەحمەتییەك بکێشێت، کە گاڵتەی پێ نەدەکرا لە وریایی و چاودێریکردندا، گومان کەوتە سەر حەمدان، بۆیە ماڵەکانیان پشکنین، شەقاوەکان پەلاماری سەراکانیان دا لەسەرروویانەوە زقڵت بوو، لە ژووری نووستنەوە دەستیان کرد بە پشکنینێك تا سەربان، حەوشەکانیان هەڵکەند بە درێژیی و بە پانی، پیاوانی حەمدان تووشی سووکایەتیی هەمەجۆر بوون، کەسیان لە بۆکس و شەق و تفیان ڕزگاری نەبوو، بەڵام شتێکیان نەدۆزییەوە جێگای گومان بێت، لە دەوروبەری چۆڵەوانییەکەدا بڵاوەیان لێ کرد دەیانپرسی و کەس نەبوو ڕێگەیان پێ نیشانبدات بە مەسەلەیەك جێگای بایەخ بێت. قەدرە بووە ئەو بابەتەی کە گۆزەی نەرگیلەی پێ دەخوولایەوە لەژێر کەپری مێوی باخچەی ماڵەکەیدا. تاریکیی باخچەکەی لێڵ کردبوو تەنها ڕووناکی ئەو چرایە بچووکە نەبێت کە لەسەر زەوییەکە دانرابوو، لە دووریی دوو بست لە کوانووەکەوە کە ڕووناکی لە بەرەکات دەکرد و حەشیشە دەبڕی و پانی دەکردەوە، پشکۆکانی کەرت دەکرد و بەردەکانی ڕیز دەکرد و زبری دەکردن بۆ ئامادەکردنی نەرگیلەکە، ڕووناکی چراکە کە لەبەر شنەبایەکە دەلەرییەوە دەیدا لە سەروچاوی زقڵت و حەمموودە و لەیسی و ئەبوو سەریع، کە ڕەنگ زەرد بوون لەبەر چاو وادیار بوون پێڵوەکانیان شل بوون، لە نیگاکانیاندا گیربوون و نیازەکانیان سەرگەردان و تاریك بوون، قیڕەقیڕی بۆقەکان بەرز بووەوە وەك بڵێی بانگەوازی فریاکەوتنی کەڕوڵاڵە لە کپی شەودا. (لەیسی) گۆزە نەرگیلەکەی لە بەرەکات وەرگرت و ئاڕاستەی (زقڵت)ی کرد و وتی:

- ئەو پیاوە بۆ کوێ ڕۆیشت؟ دەڵێی زەوی قووتی دا.

زقڵت مژێکی قووڵی لێدا و بە پەنجەی دۆشاومژە دەیدا لە جۆزەکە...؟

پاشان چڕە دووکەڵێکی دەردا و وتی:

- قەدرە زەوی قووتی دا کە ئێستا بۆ هەفتەیەك دەچێت لە ناوجەرگەیدا ڕاکشاوە.

چاوەکان بە بایەخەوە تەماشایان دەکرد جگە بەرەکات نەبێت، کە دیاربوو بە ئیشەکەی چەوسێنرابووەوە. زقڵت وتییەوە:

-شەقاوە بەبێ هۆ دیار نامێنێت، مەرگ بۆنێکی هەیە دەیناسمەوە.



ئەبوو سەریع دوای کۆکینێك کە پشتی لەبەر چەمایەوە وەکو گوڵەگەنمێك لەبەر بایەکی توووند بێت، پرسیاری کرد:

- سەرکار دەبێ کێ بکوژەکەی بێت؟

- سەیرە! دەبێ کێ جگە پیاوێك لە حەمدان؟

- بەڵام لە ماڵەکانیان دەرناچنە دەرەوە و ئەوانمان پشکنی.

زقلت بە دەستی دای لەلایەکی سەکۆکە و پرسیاری کرد:

- خەڵکانی دیکەی گەڕەکەکە چی دەڵێن؟

حەمموودە وتی:

- گەڕەکەکەمان پێی وایە کە دەستی حەمدان هەیە لە ونبوونی ((قەدرە))دا.

- تێ بگەن، هەی زماندرێژەکان، مادامێکی خەڵکی پێیان وایە کە بکوژەکەی ((قەدرە)) لە حەمدانە. ئەرکی ئێمە ئەوەیە دەبێت وای دابنێین.

- ئەگەر بکوژەکە لە ((عەتووف)) بووایە؟

- ئەگەر لە کەفر زەغاری بووایە، ئێمە باکمان بە سزادانی بکوژەکە نییە بەقەد ئەوەی باکمان بە تۆقاندنی ئەوانی دیکەیە.

زقلت بە ئیعجابەوە وتی:

- ئەڵاهو ئەکبەر.

((لیسی)) کە فووی لە بەردەکان دەکرد لە جۆزەکەدا و جۆزەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ بەرەکات و وتی:

- خێڵی حەمدان خواتان لێخۆش بێت.

زارەکان پێکەنینی وشکیان لێ هاتەدەرێ و لەگەڵ قیڕەقیڕی بۆقەکان تێکەڵ بوون و سەرەکان بە هەڕەشەوە دەجووڵانەوە، لەناکاو شنەبایەکی کتوپڕ هەڵیکرد و بەدوایدا خشەی گەڵا وشکەوەبووەکان هات. حەمموودە بە هەردوو دەستی چەپڵەیەکی لێدا و وتی:

مەسەلەکە ململانێ نییە لەنێوان حەمدان و بەڕێوەبەردا، بەڵام کەرامەتی شەقاوەکانە.

زقلت بە مشتی دای لەلایەکی نەرگیلەکە و وتی:

- لەمەوبەر شەقاوە بەدەستی گەڕەکەکەی خۆی نەکوژراوە.

لە تووڕەیدا سەروچاوی ڕق بوو، تا هاودەمەکانیشی لە خراپەی ترسیان لێ نیشت، بۆیە وریابوون نەبا وشەیەك یان جووڵەیەکیان لێوەدەرچێت کە تورەییەکەی بەلایاندا

وەرچەرخێت، بێدەنگیی باڵی کێشا تەنها بڵقەبڵقی نەرگیلەکە و کۆکە و مشەمش نـەبێت.
ئەوە بوو بەرەکات پرسیاری کرد:

- ئەگەر قەدرە گەڕایەوە بە پێچەوانەی ئێمەوە؟

زقلت بە ڕقەوە وتی:

- سمێڵی خۆم دەتاشم هەی کوڕی ژنە زماندرێژەکە.

بەرەکات یەکەم کەس بوو کە پێکەنی پاشان بێدەنگ بووەوە، چاوەکان خەیاڵی کوشـتن و دارِزانـی سـەرەکان بـەدەم تـێلاوە و خۆێنڕشـتنیان دەکـرد کـە لـە زەوی ڕێبکـات و بەرزبوونەوەی هاوار لە پەنجـەرە و سـەربانەکان و دەیـان پیـاوان بەسـەر لرخـەی مەرگـدا سەردەکەوتن، ((قەدرە))یان مەبەست نەبوو بۆ خۆی، بگرە کەسـیان خۆشـی نەدەویسـت، هەرگیز کەسیش ئەویدیکەی خۆش نەدەویست، بەڵام تاکە ئارەزوویەك کۆی کردبوونەوە لـە تۆقاندن و بەرگریکردن لە شەقاوەیەتی و (لەیسی) پرسیاری کرد:

- ئەی دواجار؟

- زقلت وتی:

- دەبێت بگەڕێمەوە لای بەڕێوەبەر بەپێی ئەو بەڵێنەی لەنێوانماندایە...

-٣١-

زقلت وتی:

- جەنابی بەڕێوەبەر، خێڵی حەمدان ((قەدرە))ی شەقاوەکەیانی کوشتووە.

چاوی بڕیە بەڕێوەبەرەکە، بەڵام لە هەمان کاتدا بینی هودا خانم لەلای ڕاسـتییەوەیە و (جەبەل)یش لەلای ڕاستی هودا خانمەوەیە. دیاربوو هەواڵەکە لەلای ئەفەندی کتوپڕ نەبوو، چونکە وتی:

- هەواڵم پێگەیشت لەبارەی دیارنەمانییەوە، بەڵام ئایا بێ ئومێد بوون لە دۆزینەوە؟

تیشکی خۆر لە زەردە کـە دەرگـای هەیوانەکـەی گرتبـووەوە، بـێ واتـایی سەروچـاوی دووپات دەکردەوە زقڵت وتی:

- نادۆزرێتەوە و من شارەزای ئەم تەڵەکەبازییانەم.

هودا بەتوڕەییەوە وتی و سـەرنجی سەروچـاوی (جەبـەل)ی دا کـە سـەیری دیوارەکـەی بەرامبەری دەکرد:



- ئەگەر ڕاست بێت کوژرابێت دەبێتە ڕووداوێکی ترسـناك. زقلـت وتـی و پەنجـەکانی تێکهەڵکێشابوو و توووند گوشی:

- پێویست بە سزایەکی گشتگیری دەکات یان بڵێن سەلام لە ئێمە و لە ئێوەیش...

پەنجەکانی ئەفەندی گەمەیان بە دەنکەکانی تەزبیحەکە دەکرد و وتی:

- ئەو نمایندەی هەیبەتی ئێمەیە.

زقلت بە چڕییەکی بەمەبەستەوە وتی:

- نمایندەی هەموو وەقفەکەیشە...

جەبەل لە بێدەنگیی خۆی هاتە دەرەوە و وتی:

- لەوانەیە تاوانێکی هەڵبەستراو بێت و ڕووینەدابێت.

تووڕەیی لە سنگی گڕی گرت، کاتێ گوێی لە دەنگی جەبەل بوو، وتی:

- نابێت کاتی خۆمان بە قسە بەفیڕۆ بدەین.

- بەڵگەیەکم بۆ بێنە لەسەر کوشتنی...

ئەفەندی بە زمانێکی دەستکردی بـەهێز قسـەی کـرد بۆئـەوەی لەودیوییـەوە گومـان بشارێتەوە:

- هیچ کوڕێکی گەڕەکەکەمان بەم شێوەیە دیار نابێت تەنها مەگەر کوژرابێت!

ئەو هەناسە پاییزە تەڕانە سەرکەوتوو نەبوون بۆ فێنککردنـەوەی ئـەو کەشـە پـڕ لـە نیازی خوێناوییە و وتی:

- تاوان بانگمان دەکات بـە دەنگێـك کـە گەڕەکـەکانی دراوسـێ گوێیـان لێ دەبێـت، قسەکردنیش کاتبەفیڕۆدانە.

بەڵام ((جەبەل)) بە سووربوونەوە وتی:

- پیاوانی حەمدان لە ماڵەکانی خۆیاندا بەندکراون!

زقڵت بەدەنگ پێکەنی نەك بە سەروچاوی و بەگاڵتەوە وتی:

- مەتەڵێکی خۆشە!

پاشان لە دانیشتنەکەی ئیسراحەتی وەرگرت و بە نیگایەکی تیژەوە ڕکابەری کرد:

- باکت نییە تەنها بێبەریکردنی کەسوکارەکەت نەبێت!

لەگەڵ ئەوەشدا جەبەل هەواڵێکی ڕاسـتگۆی دا بـۆ جڵـەوکردنی تووڕەییەکـەی، بـەڵام دەنگی توووند بوو، دەیوت:

- هەقم لا مەبەستە، ئێوە بۆ لاوازترین هۆ دەستدرێژیی دەکەن، هەندێ جاریش بەبێ هۆ، ئێستا خەمت چییە تەنها ڕووخستوەرگرتن نەبێت بۆ ڕوودانی کوشتار لەنێوان خەڵکی بێ وەیدا.

لەچاوانی ڕق و کینە بەدەرکەوت و دەیوت:

- کەسوکارت تاوانبارن، (قەدرە)یان کوشت، چونکە بەرگریی لە وەقفەکە دەکرد!

جەبەل ئاوڕی لە ئەفەندی دایەوە و وتی:

- بەڕێز بەڕێوەبەر ڕێگە مەدە ئەم کابرایە نەوسی خوێناویی خۆی تێرکات.

ئەفەندی وتی:

- ئەگەر هەیبەتمان لەدەست بچێت، ژیانیشمان لەدەست دەچێت.

هودا خانم پرسیاری کرد و سەیری (جەبەل)ی دەکرد.

- دەتەوێت بەزیندوویی لە گەڕەکەکەی خۆماندا بنێژرێین؟

زقڵت بەڕقەوە وتی:

- تۆ چاکەی خاوەن چاکە لەبیر دەکەیت لە سەرت و ناوی تاوانباران دەبەیت.

تەوژمێکی تووڕەیی لە سنگی (جەبەل)دا بەرزبووەوە تا ڕەگوڕیشەی ئیرادەی هێنایە هەژان و بە دەنگێکی توندەوە وتی:

- ئەوان تاوانبار نین، گەرچی گەڕەکەکەمان پڕیەتی لە تاوانبار!

هودا بە توندیی چمکی کۆڵوانە شینەکەی خۆی گرت، هەردوو کونە لووتی ئەفەندی کرانەوە، زەردایەك بەسەروچاویدا ڕەت بوو، زقڵت بەم ڕەواڵەتانە ئازابووەوە و بە کینەیەکی گاڵتەجاڕەوە وتی:

- مەعزەرەتی خۆت هەیە بۆ بەرگریکردن لە تاوانباران مادامێکی خۆت یەکێکی لەوان!

- هێرشکردنت بۆ سەر تاوانباران شتێکی باوەڕپێنەکراوە و تۆیش شێخی تاوانبارانی لە گەڕەکدا.

زقڵت هەڵسانێکی توندوتیژ هەڵسا و سەروچاوی تێکچوو و وتی:

- لەبەر پلە و پایەت نەبێت لەلای ئەم خانەوادەیەدا، ئەگینا لەم دانیشتنەدا پارچەپارچە دەرم دەکردیت!

جەبەل بە هێمنییەکی ترسناك کە شتێکی لەژێرەوە بێت، وتی:



- زقڵت تۆ یاغییشی!

ئەفەندی وتی:

- لەبەردەم مندا جورئەتی ئەوە دەکەن؟

زقڵەت بە نامەردییەوە وتی:

- من لەبەر هەیبەتی تۆ شەڕەقۆچی لەگەڵدا دەکەم.

پەنجەکانی ئەفەندی خەریك بوون تەزبیحەکە داغان بکەن، بەتوندیی قسەی لەگەڵ (جەبەل)دا کرد و وتی:

- ڕێگە نادەم بەرگریی لە حەمدان بکەیت.

- ئەم کابرایە درۆ هەڵدەبەستێت بۆ مەبەستێکی خراپە لەلای خۆی.

- ئەمە لێگەڕێ بۆ خەملاندنی خۆم.

تۆزێك بێدەنگیی باڵی کێشا. لە باخچەکەدا جریوەجریوێکی بەگەمە دەهات، لە گەڕەکیشدا تەوژمێکی تالیلەی بەژاوەژاوی تێکەڵ بە جنێوی ناشرین بەرزبووەوە.

زقڵت بزەی هاتێ و وتی:

- ئایا جەنابی بەڕێوەبەر ڕووخسەتم دەدات بۆ تەمێکردنی تاوانباران؟

جەبەل دڵنیابوو کە ساتەوەختی مەرگەکان نزیکبووەتەوە و ئاوڕی لە خانم دایەوە و بە بێئومێدیی وتی:

- خانمەکەم، ناچارم بگەمە کەسوکارەکەم لە بەندیخانەکەیاندا بۆئەوەی تووشی هەمان چارەنووس بم.

هودا بەتوڕەییەکی دیارەوە وتی:

- ئای بێئومێدبوونم لە خواستەکەم!

جەبەل دڵگران بوو تا سەری دانەواند، هەستێکی ناسك پاڵی پێوەنا تا سەیری بکات، بینی بزەیەکی پێ خۆشبوونی ناشرینی بۆ کرد، بەڕقەوە لێوەکانی لەیەك نا، پاشان بە هەناسەساردییەوە وتی:

- هیچ چارێکم نییە، تا ماوم چاکەی تۆ لەبیر ناکەم...

ئەفەندی بە نیگایەکی ڕەقەوە تەماشای کرد و لێی پرسی:

- دەبێت بزانم کە لەگەڵماندایت یان دژی ئێمەیت؟

جەبەل بە خەمەوە وتی و هەستی کرد لە دواساتەکانی ژیانی ئێستایدایە:

- من چیم تەنها پەروەردەیەکی نیعمەتی تۆ نەبێت و نابێت دوژمنی تۆ بم، بەڵام شوورەییە لێگەڕێم کەسوکارم لەناوبرێن و منیش لە سایەی نیعمەتی تۆدابم.

(هودا) بەدەم گینگڵدانی تێورووژانی تەنگژەکەوە کە هەڕەشەی لە دایکایەتییەکەی دەکرد، وتی:

- سەرکار زقڵت با باسەکە دواخەین بۆ کاتێکی دیکە.

زەقڵت چارەی دایە یەکەوە وەك بلێی سواری سەروچاوی سمی هێستربووە، نیگای دەگێڕا لەنێوان ئەفەندی و ژنەکەیدا، پاشان ورتەورتێکی لێوەهات:

- نازانم سبەینێ لە گەڕەکەکەدا چی ڕوودەدات!

ئەفەندی خۆی لە تەماشاکردنی (هودا) دوور گرت و پرسی:

- جەبەل وەڵامم بدەرەوە تۆ لەگەڵمانی یان دوژمنمانی؟

تەوژمی توڕەیی زۆری بۆ هێنا تا گەیشتە تەوقی سەری، بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بکات، وتی:

- یان ئەوەتا وەکو یەکێك لەگەڵماندا دەمێنیتەوە، یان ئەوەتا دەڕۆی بۆ لای کەسوکارت!

جەبەل ورووژا، بەتایبەتی لە سەرنجی شوێنەواری ئەو قسەیەی دا لەسەر سەروچاوی و بە سووربوونەوە وتی:

- گەورەم تۆ دەرم دەکەیت و منیش وا دەڕۆم...

(هودا) بە دەنگێکی بە ئەشکەنجەوە وتی:

- جەبەل...!

زقڵت بە گاڵتەپێکردنەوە وتی:

- پیاوێکتان لەبەردەمە کە وەکو دایکی خۆی خستوویەتییەوە.

جەبەل بە دانیشتنەکەی دڵتەنگ بوو، هەڵسا، پاشان بە هەنگاوی چەسپاوەوە بەرەو دەرگای بەردالانەکە ڕۆیشت. هودا ڕاوەستا، بەڵام باڵی ئەفەندی ڕێگای جوولانەوەی لێ گرت و لەپڕ جەبەل لەچاو ونبوو، لە دەرەوە بایەك هەڵیکرد و پەردەکانی دەلەرانەوە و دەرووی پەنجەرەکانی دا بەیەکەوە، کەشی بەردەلانەکە پڕ بوو لە شڵەژان و گرژیی و بە هێمنی وتی:

- دەبێت کاربکەین.

بەڵام (هودا) بە سووربوون و تووڕەییەکەوە وتی کە نوقلانەی کەللەڕەقی بوون:



- نەخێر، ئێستا گەمارۆیان بەسە، وریا بن خراپە لەگەڵ جەبەلدا بکەن...

زقڵت تووڕە نەبوو، چونکە هێشتا ئەو سەرکەوتنەی کە بەدەستی هێنابوو هەزمی نەکردبوو، چاوێکی بە پرسیاری هەڵبڕی بەرەو بەرێوەبەرەکە.

ئەفەندی وتی وادیار بوو کە وەکو لیمۆیەك بژێت:

- جارێکی دیکە دێینەوە سەر باسەکە...

## -٣٢-

جەبەل نیگایەکی ماڵئاوایی بڕییە باخچەکە و بەڕێوەبەرێتییەکە و مەرگەساتی (ئەدهەم)ی بیرکەوتەوە، وەکو ڕەبابەکە هەموو ئێوارەیەك دەیگێڕێتەوە. بەرەو دەرگاکە ملی نا و لەلای دەرگاوانەکە وەستا و پرسی:

-بەڕێز چی وات لێدەکات جارێکی دیکە بچیتە دەرەوە؟

جەبەل بە وەڕزیی وتی:

- مام حەسەنێن دەڕۆم و بێگەڕانەوە!

کابراکە دەمی داپچڕی و وای لێکرد بە بێزاریی زۆر تەماشای بکات، پاشان بۆڵەبۆڵێکی لێوەهات و وتی:

- بەهۆی خێڵی حەمدانەوە؟

جەبەل بە بێدەنگیی سەری نەوی کرد، دەرگاوانەکە وتییەوە:

- کێ بڕوا بەمە دەکات؟ چۆن خانم ڕێگەی پێ دەدات؟ ئای خودای ئاسمان! کوڕم چۆن دەژیت؟

جەبەل بەر دەرگاکەی تێپەڕکرد و چاوی بڕییە گەڕەکەکە کە سیخناج بوو لە خەڵك و ئاژەڵ و خۆڵ و خاشاك و وتی:

- وەکو چۆن خەڵکی گەڕەکەکەمان دەژێت.

- بۆ ئەمە نەخوڵقاوی...

جەبەل بزەیەکی وا قورماویی هاتێ و وتی:

- ئەمە ڕێکەوتە کە تەنها ئەو دەریهێنام.

ڕۆیشت و لە خانووەکە دوورکەوتەوە و دەنگی دەرگاوانەکە بە حەسرەتەوە ئاگاداری کردەوە کە تووشی تووڕیی شەقاوەکان ببێتەوە...

گەڕەکەکە لەبەرچاوی درێژبووەوە بە خاك و خۆڵ و ولاخ و پشیلە و مێردمندالاّن و کونەکانییەوە، هەستی بەو وەرچەرخانە زۆرە کرد کە بەسەر ژیانیدا هات و چ دەردەسەرییەك چاوەڕێیەتی، چ ناز و نیعمەتێکی لەکیس چوو، بەلاّم تووڕەییەکەی زاڵ بوو بەسەر ئازارەکەیدا، وادیاربوو کە گوێ نادات بە گوڵزار و چۆلەکەو دایکایەتییە بەسۆزەکە. لەڕێگادا بەلای حەمموودەی شەقاوەدا ڕەت بوو، بە گاڵتەجاڕییەکی لووسەوە پێی وت:

- خۆزگە هێزی خۆتمان دەدەیتێ تا خێڵی حەمدانی پێ تەمێ بکەین.

ئاوڕیشی لێ نەدایەوە و بەرەو ئاوەدانییەك لە ئاوەدانییەکانی حەمدان ملی نا و لە دەرگای دا، حەمموودە پێی گەیشت و لێی پرسی بە سەرسووڕمان و ناڕەزاییەوە:

- چیت دەوێت؟

بە هێمنی وەلاّمیدایەوە:

- دەگەڕێمەوە بۆ لای کەسوکارم.

سەرسوڕماویی لە چاوە تەسکەکانی حەمموودەدا وێنابوو، وادیار بوو بڕوای بەوە نەبوو کە گوێی لێبوو. زقڵت کاتێ لە ماڵی بەڕێوەبەر دەرچووە دەرەوە هەردووکیانی بینی و بەرەو ماڵەکەی خۆی دەڕۆیشت و بانگی لە حەمموودە کرد:

- لێگەڕێ بچێتە ژوورەوە، دوای ئەوە ئەگەر هاتەدەرەوە زیندەبەچاڵی بکە.

حەمموودە سەرسووڕمانەکەی نەما و بزەیەکی گەمژانەی پێ خۆشبوونی هاتێ. جەبەل لە دەرگای دا تەنانەت پەنجەرەکانی خانووەکە و خانووەکانی دەوروبەریش کرانەوە، سەرێکی زۆر هاتنەدەرێ لەوانەیش حەمدان و عەتریس و زەڵمە و عەلی فەوانیس و عەبدون و ڕەزوانی شایەر و تەمرحنە، زەڵمە بە گاڵتەجاڕییەوە پرسیاری کرد:

- کوڕی پیاوی گەورە چیت دەوێت؟

حەمدان لێی پرسی:

- لەگەڵماندایە یان؟

حەمموودە وتی:

- دەریانکردەوە و گەڕاوەتەوە بۆ لای ئەسڵە چەپەڵەکەی...

حەمدان بە پەرۆشەوە پرسیاری کرد:

- بەڕاستی دەریانکردیت؟



جەبەل بەهێمنی وتی:

- مامە حەمدان دەرگا بکەرەوە...

تەمرحنە هەلهەلەی لێداو پاشان وتی:

- باوکت پیاوێکی باش و دایکیشت ژنێکی بەناموس بوو.

حەمموودە پێکەنی و وتی:

- شایەتی قەحپەیەکت پیرۆز بێت...

(تەمرحنە) بە تووڕەیی بانگی کرد:

- ماشەلاّ لە دایکت و شەوە خۆشەکانی لەلای حەمامی سوڵتان.

خێرا پەنجەرەکەی داخست، بەردەکەی کە لەدەستی حەمموودە دەرچوو لە دەرەوە دای لە جەمسەرەکە و ناڵەیەکی کرد و مندالاّن لە سووچەکاندا هەلهەلەیان لێدا. دەرگای حەوشەکە کرایەوە و جەبەل چووە ژوورەوە و پێشوازیی کەشێکی تەڕوهەوایەکی بۆنی سەیری کرد. کەسوکارەکەی بە ئامێز پێشوازییان لێکرد و قسە چاکەکان تێکەڵ بوون، بەخێرهێنانەکە کێشمەکێشی ئەو شەڕەی ئەوسەری حەوشەکە پێی بچڕاند، جەبەل تەماشای کرد و بینی (دعبس) لەگەڵ کابرایەکدا دەستەویەخە بووە کە ناوی (کەعبلها) بوو، بەرەو لایان ڕۆیشت و خۆی کردە ناویانەوە و بە توندیی وتی:

- شەڕ دەکەن و وا دەزانن لە ماڵی خۆماندان...!

دعبس بە هەناسەبڕکێیەوە وتی:

- لە پەنجەرەکەمدا پەتاتەی لە سەبەتەکەم دزیوە...

کەعبلها وتی:

- ئایا بینیت من دزی بکەم؟ دعبس عەیبە بۆ تۆ...

جەبەل بە تووڕەییەوە وتی:

- بارەحم بە خۆمان بکەین بۆئەوەی ئاسمان ڕەحمان پێ بکا!

بەلاّم دعبس بەسووربوونەوە وتی:

- پەتاتەکەم لە سکیدایە و بەدەستی خۆم لێی دەردێنم.

(کەعبلها) کلاّوەکەی لەسەرکردەوە و وتی:

- وەلاّ حەفتەیەکیشە تامی پەتاتەم نەکردووە...

- تۆ تاقە دزی لەم دەوروبەرەدا...

جەبەل وتی:

- تۆیش بەبێ بەڵگە حوکم مەدە وەکو زقڵت لەگەڵ ئێوەدا دەیکات...

دعبس وتی:

- دەبێت کوڕی ئەو ژنە ڕفێنەرە تەمێ بکرێت...

(کەعبلها) هاواری کرد:

- دعبس کوڕی ژنە توورفرۆش!

دعبس پەلاماری (کەعبلها)ی دا کەللەیەکی لێدا و کەعبلها لە تەری داو خوێن بە ناوچەوانیدا هاتە خوارەوە، کەوتە لێدانی بێ ئەوەی گوێ بدات بەوانەی وەستابوون و لۆمەیان دەکرد، تا جەبەل تووڕە بوو و پەلاماریدا و بە توندیی ملی گرت و دعبس بێهوودە هەوڵیدا لە چنگی جەبەل ڕزگاری بێت و بە دەنگێکی کەرخەوە وتی:

- دەتەوێت بمکوژیت وەکو چۆن (قەدرە)ت کوشت؟!

جەبەل بە توندیی پاڵی پێوەنا و کەوت بەسەر دیوارەکەدا و بە ڕق و تووڕەییەوە سەیری کرد و پیاوەکان لەنێوان دوو کابراکەدا چاویان دەگێڕا، پرسیاریان کرد ئایا بەڕاستی ئەم (قەدرە)ی کوشتووە؟ زەڵمە ماچی کرد، عەتریس وتی: (بەرەکەت لێت دا هەی پیاوچاکی خێڵی حەمدان).

جەبەل بە ڕقەوە بە (دعبس)ی وت:

- نەمکوشتووە جگە لەپێناوی تۆدا نەبێت!

دعبس بە دەنگێکی نزمەوە وتی:

- بەڵام کوشتنت حەڵاڵ کردووە.

زەڵمە وتی:

- دعبس ئای کە سپڵەیت، کابرا شەرم لە خۆت بکە.

پاشان لە قۆڵی جەبەلی گرت:

- لە ئاپارتمانەکەمدا میوانم دەبیت... بەڕێز حەمدان وەرە!

جەبەل بەدەم دەستی (زەڵمە)وە هات، بەڵام هەستی کرد ئەمڕۆ هەڵدێرێکی بێ بن لەژێر پێیەکانیدایە. دەمی بۆ داپچڕیوە، پێکەوە ڕێیان دەکرد و بەپرسیارەوە چپاندی بە گوێیەوە:

- ئایا هیچ ڕێگایەکی ڕاکردن نییە؟



زەڵمە بەناڕەزاییەوە وتی:

- جەبەل دەترسی کەسێك لەلای دوژمنەکانمان دەمت لێ بدات؟!

- دعبس گەمژەیە.

- بەڵێ، بەڵام ناکەسبەچە نییە!

- دەترسم بەهۆی منەوە تاوانەکەتان لەسەر بسەلمێنن.

زەڵمە بە دڵنیاییەوە وتی!

- ئەگەر بتەوێت ڕێگای ڕاکردنت پێ نیشان دەدەم، بەڵام بۆ کوێ دەڕۆیت؟

چۆڵەوانییەکە پان و بەرینە هیچ بیرکردنەوەیەك بەلایدا ناچێت.

## -٣٣-

تەنها لە دواساتەکانی شەودا نەبێت جەبەل هەلی ڕاکردنی بۆ نەڕەخسا، لە کش و ماتی شەودا لەم سەربان دەچوو بۆ ئەو سەربان، لە سایەی خەوی پەیوەستی پێڵوەکاندا، تا خۆی لە (جەمالیە)بینییەوە، سەرەڕای تاریکییە ئەنگوستەچاوەکە بەرەو (دەڕاسە) ملی نا بەرەو چۆڵەوانییەکە شۆڕبووەوە، ئەنجا بەرەو تاشەبەردەکەی هند و قەدری، هەر کە لەبەر ڕووناکیی کزی ئەستێرەکان پێی گەیشت نەیتوانی خۆی لەبەر خەو بگرێت، لەبەر زۆر ماندوویی و شەوخوونی خۆی بە عەباکەی پێچایەوە و لەسەر لمەکان پاڵکەوت و خەو بردییەوە. لەگەڵ یەکەم تیشکی سەر تاشەبەردەکە چاوی کردەوە، یەکسەر هەڵسا تا بگاتە شاخەکە بەر لەوەی ڕێبوارێك بە چۆڵەوانییەکەدا تێپەڕبێت، بەڵام سەرنجی چوو بەلای ئەو پەڵە زەوییەوە کە (قەدرە)ی تێدا نابووە چاڵ بەر لەوەی بیەوێت بڕوات، ئەترەشی چوو هەر کە چاوی تێبڕی تا دەمی وشك بوو، پاشان قووچاندی، چونکە زۆر دڵی تەنگ بوو، ئەو تەنها تاوانبارێکی کوشتووە، بەڵام وەکو ڕاونراوێك دەهاتە پێش چاو، کاتێ لە گۆڕەکە دووردەکەوتەوە بە خۆی وت: (نەخوڵقاوین بۆ کوشتن، گەرچی ژمارەی کوژراوەکانمان بێ ژمارەیە). سەیری لەخۆیدا هات چۆن جێگایەکی نەدۆزییەوە لێی بحەوێت، تەنها ئەو شوێنە نەبێت کە کوژراوەکەی لێ نێژرا، هەستی کرد ئارەزووی دوورکەوتنەوەی لە زیادبووندا بوو، دەبێت بۆ هەتا هەتایە ئەوەی کە خۆشی دەویستن و ڕقی لێدەبوونەوە وەکو یەك ماڵئاوایییان لێ بکات، دایکی و حەمدان و شەقاوەکان بۆ هەتا هەتایە. گەیشتە لاپاڵی (موقەتەم) و دەروونی پڕ بوو لە پەژارە و تەنیایی، بەرەو پاشوور ڕۆیشت تا گەیشتە

بازاڕی (موقەتەم) لە ناوەندی خۆر لە زەردەدا بە درێژیی تەماشایەکی چۆڵەوانییەکەی کرد لەدوای خۆیەوە و بە هەندێ دڵنیاییەوە وتی:

(ئێستا دووریی نێوان من و ئەوانە)). لەبەردەمییەوە لە بازاڕەکەی (موقەتەم) وردبووەوە، ئەو گۆڕەپانە بچووکە کە بڕە گەڕەکێك ڕووی تێدەکەن لە هەموو لایەکەوە، لەملاو لەولای غەڵبەغەڵبێك بەرزبووەوە، دەنگی ئادەمیزادەکان و زەڕینی گوێدرێژ تێکەڵ بوون، نیشانەیەك هەبوو کە وەکو مەولودێك هەبێت، لەبەر قەرەباڵغی مەیدانەکە لە ڕێبوار و فرۆشیار و شێت و دەروێش و لیبۆکەکان، گەرچی جموجوولی مەولوودی ڕاستەقینە بەر لە خۆرئاوا دەست پێ بکات، چاوەکانی لەنێوان تەوژمی بەیەکاهاتووی ئادەمیزادەکان ڕێشکەوپێشکەیان دەکرد، لە قەراغی چۆڵەوانییەکە کوختێکی تەنەکەی بەرچاوکەوت و لە دەوری کورسی دارین دروستکرابوون، سەرەڕای چەپەڵییەکەی شیاوترین قاوەخانە بوو لە بازاڕەکە و پڕتر بوو لە موشتەری، ڕووی کردە کورسییەکی بەتاڵ، بە جەستەیەکەوە دانیشت کە زۆر تاسەی ئیسراحەت بوو. خاوەن کوختەکە بەرەو لای هات و دڵخۆش بوو بە ڕواڵەتی جیاوازی لەنێوان دانیشتووەکاندا بە عەبایەکی نایاب و عەمامەیەکی بەرز و پێڵاوێکی گرانبەهاوە، داوای پیاڵەیەك چای کرد و بە چاودێریی خەڵکەکە گەمەی دەکرد، ژاوەژاوێك بەر گوێی کەوت لەدەوری کوشکی بۆرییەکی ئاوی گشتی، بینی خەڵکی پاڵەپەستۆیانە بۆ پڕکردنی دەفرەکانیان لە ئاو، پاڵەپەستۆیەکە لە توندوتیژ و قوربانییەکانی وەکو کوشتار وابوو، غەڵبەغەڵب بەرزبووەوە و نەعلەت دابارین، پاشان هاواری باریك و تیژ لەو دوو کیژەکە بەرزبووەوە، کە لە گێژەنی قەرەباڵغییەکە نقووم ببوون، پاشەکشەیان کرد بۆئەوەی خۆیان ڕزگار بکەن، تا لەناو شەڕەکە بە دوو تەنەکەی بەتاڵەوە دەرچوونە دەرەوە، لە دووتوێی دوو دیشداشەی ڕەنگبواردوودا بوون کە لە ملەوە تا پاژنەیانی داپۆشیبوو، تەنها سەروچاویان بەدەرەوە بوو کە لاوان تەماشای دەکردن، بەبێ وەستان چاوی بەکورتەکەیاندا گێڕا، پاشان لەسەر ئەویدیکە جێگیربوو، کە دوو چاوی ڕەشی هەبوو چاوی لەسەر هەڵنەبڕی، چوون بۆ شوێنێکی چۆڵ لە نزیك شوێنی دانیشتنەکەی ئەو، لە سەروچاویان ڕا دیاربوو لەیەك دەچن لەگەڵ جودایی سەرنجڕاکێشی ئەو، بە بەشێکی زیاتر لە جوانیی جەبەل بەدڵخۆشییەوە لەبەر خۆیەوە وتی: (ئەم شۆخییە چەند قەشەنگە، لە گەڕەکەکەدا وێنەم نەدیوە)، هەردوو کیژەکە وەستان و قژە گڤەکەیان چاککرد و سەرپۆشەکەیان دادایەوە



سەرخۆیان، پاشان هەردوو تەنەکەکەیان لە نزیك یەکترەوە دانا و لەسەریان دانیشتن، کورتەکەیان بە گازندەوە وتی:

- چۆن لەم قەرەباڵغییە تەنەکە پڕکەین؟

ئەوەی کە سەرنجی (جەبەل)ی ڕاکێشابوو، وتی:

- مەولوودە خوا یارمەتیت بدات! باوکیشمان تووڕە بووە و ئێستا چاوەڕێمان دەکات!

جەبەل خۆی لە قسەکە تێوەر دا بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت و پرسی:

- باشە بۆ خۆی نەهات تا دوو تەنەکەکە پڕکات؟!

دوو کیژەکە بەناڕەزایی ئاوڕیان لێی دایەوە، بەڵام دیمەنە جیاوازەکەی بێ شوێنەواری ئارامبەخشی نەبوو، کیژەکە هەر هێندەی وت:

- کاری تۆ بەمە چییە! ئایا گلەییمان لەلات کردووە؟!

جەبەل دڵی بەقسەکەی خۆش بوو بەلێبووردنەوە وتی:

- ویستم بڵێم ئەو پیاوە و بەتواناترە بۆ چوونە نێو قەرەباڵغی مەولوودەکەوە!

- ئەمە ئیشی ئێمەیە، ئەو ئیشی زەحمەتتری هەیە.

بە زەردەخەنەوە پرسیاری کرد:

- باوکت چی دەکات؟

- ئەمە ئیشی تۆ نییە.

جەبەل هەڵساو بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو چاوانەی کە تەماشای دەکەن، تا لەبەردەم هەردووکیاندا وەستا و بە ئەدەبەوە وتی:

- من هەردوو تەنەکەکەتان بۆ پڕ دەکەم.

ئەو کیژەی کە مایەی سەرنجی بوو، ڕووی لێ وەرگێڕاو وتی:

- پێویستمان بە تۆ نییە!

بەڵام کورتەباڵاکەیان بە جورئەتەوە وتی:

- وابکە و سوپاست دەکەین.

کیژەکە هەڵسا و ئەویدی لەگەڵ خۆیدا ڕاکێشا بۆئەوەی لەگەڵیدا هەڵسێت، جەبەل دەسکی هەردوو تەنەکەکەی گرت، بەجەستە بەهێزەکەیەوە ڕۆیشت، قەرەباڵغییەکەی بڕی و خۆی دەکێشا بە پیاوانەوە، زەحمەتی دەبینی، تاگەیشە بۆرییەکە کە لەپشتییەوە سەقاکە لە کوشکە دارینەکەی دانیشتبوو، دوو میلیمی پێدا، هەردوو تەنەکەکەی پڕکرد و

هێنانییەوە بۆ لای دوو کیژەکە، پێی ناخۆش بوو کە بینی هەردوو کیژەکە لەگەڵ چەند گەنجێك کەوتوونەتە شەڕە قسە، لەبەرئەوەی کە شەڕیان پێ فرۆشتبوون. هەردوو تەنەکەکەی لە زەوییەکە دانا، بەهەڕەشە بەرەنگاری گەنجەکان بووەوە، یەکێکیان پەلاماری دا، بەڵام کێشای بە سنگیدا و خستی، گەنجەکان گەلەکۆمەیان لێکرد و جنێویان پێی دەدا:

- بڕۆ هەی چرووکی پیاوان.

هەردوو چاوەکان بەرەو ڕووی کابرایەکی پیر بووەوە، کورتەباڵا و تۆکمەبوو، چاو درەوشاوە، دیشداشەکەی لەناو تەنگای خۆی بەستبووە بەپشتوێنێك و هەموو بە شەرمەوە وتیان (سەرکار بەڵقیتی)و خێرا بڵاوەیان لێ کرد و بە قینەوە تەماشای (جەبەل)یان دەکرد و هەردوو کیژەکە خۆیان دایە پەنای کابراکە و کورتەکەیان وتی:

- ئەمڕۆ زۆر سەختە بەهۆی مەولوودەکە و ئەو ناکەسبەچانەوە. (بەڵقیتی) بەدەم تەماشاکردنی (جەبەل)ەوە وەڵامی دەداتەوە:

- بەهۆی دواکەوتنتانە مەولوودەکەم بیرکەوتەوە، بۆیە هاتم، لە کاتی خۆیدا هاتم.

پاشان لەگەڵ (جەبەل)دا قسەی کرد و وتی:

- تۆ لە ئەهلی کەڵەمێردی، لەم ڕۆژانەماندا دەگمەنن.

جەبەل بەشەرمەوە وتی:

- تەنها یارمەتییەکی پووچە و شایانی سوپاس نییە.

لەو کاتەدا دوو کیژەکە دوو تەنەکەکەیان هەڵگرت و لەوێ ڕۆیشتن. جەبەل حەزی لێبوو چاوەکانی پڕکات لەو جوانییە، بەڵام نەیوێرا چاوی لە چاو تیژەکانی (بەڵقیتی) دەربهێنێت، پێی وابوو کە ئەم کابرایە دەتوانێت ناخ ببینێت و ترسا ئارەزووەکانی بخوێنێتەوە، بەڵام سەرکار بەڵقێتی وتی:

- بەدکارانت لێ دوورخستنەوە، وێنەی تۆ شایانی خۆشەویستییە. ئەو گەنجانە چۆن وێرایان شەڕ بە دوو کچەکەی بەڵقیتی بفرۆشن؟ ئەمەیش (بۆزە)یە! نەتبینی سەرخۆشن!

جەبەل بە ڕەتکردنەوە سەری لە قاند و ئەویدیکە وتی:

- وەکو جنی سوور بۆن دەکەم، چیمان داوە! ئەی نامناسیت؟

- نەخێر سەرکار، ئەو شەرەفەم پێ نەبڕاوە.

بە دڵنیاییەوە وتی:



- کەواتە تۆ خەڵکی ئەم ناوە نیت.

- بەڵێ...

- بەڵقیتی مارگرم.

سەروچاوی جەبەل بە ڕووناکییەك بیرکردنەوەی لەناکاو گەشایەوە و وتی:

- مایەی شەرەفە بۆ من زۆر لە گەڕەکەکەماندا تۆ دەناسن.

- ئەی گەڕەکی ئێوە کامەیە؟

- گەڕەکی جەبەلاوی...

بەڵقیتی دوو برۆ تەنکە سپییەکەی هەڵبڕی و بە دەنگێکی نەغمەخوانەوە وتی:

- پایەداربێت، کێ جەبەلاوی خاوەن وەقفەکە ناناسێت؟ یان (زقلّت)ی شەقاوەکەتان! ئایا سەرکار بۆ مەولوودەکە هاتووی؟

- جەبەل...

پاشان بە مەکرێکەوە وتی:

- هاتووم بەدوای پایەیەکی نوێدا دەگەڕێم.

- گەڕەکی خۆتانت بەجێهێشت؟

- بەڵێ...

بە پشکنینێکی بەڵقیتی لەسەری ڕۆیشت پاشان وتی:

- مادامێکی شەقاوە هەیە دەشێ کۆچبەریش هەبێت! بەڵام پێم بڵێ پیاوت کوشتووە یان ژن؟

جەبەل دڵی گوشرا و بە خۆڕاگرییەوە وتی:

- گاڵتەکەت وەکو خۆت خۆش نییە!

بەڵقیتی بە دەمێکی تێکچووەوە پێکەنی و وتی:

- من لە هەرچی و پەرچییەکان نیم تا شەقاوەکان یارییم پێ بکەن، نەتۆیش پیاوی دزیت، وەکو تۆیش گەڕەکی خۆی بەجێناهێڵێت تەنها لەبەر پیاوکوشتن نەبێت.

جەبەل بە توندیی و دڵتەنگییەوە وتی:

- پێم وتی:

قسەکەی پێی بڕی و وتی:

- گەورەم من باکم نییە کە تۆ پیاو کوژبیت، بەتایبەتی دوای ئەوەی کەڵەمێردیی خۆتت بۆ سەلماندم، پیاوێك لێرە نییە دزی و تاڵان و بڕۆ و پیاوی نەکوشتبێت، بۆئەوەی لە ڕاستیی قسەکەم دڵنیا بیت داوەتت دەکەم بۆ خواردنەوەی قاوە لە ماڵەکەمدا!

جەبەل هیوای هاتەوەبەر و وتی:

- بۆ خۆشەویستی و شەرەف...

لە هاوشانی یەکتر دەڕۆیشتن بەناو بازاڕەکەدا بەرەو گەڕەکی (قوللە) هەر کە قەرەباڵغییەکەیان بەجێهێشت بەڵقیتی لێی پرسی:

- هاتووی بۆ لای کەسێك لە گەڕەکەکەماندا؟

- کەس ناناسم...

- داڵدەشت نییە؟

- نە داڵدەیش...

بەڵقیتی بە سادەیی وتی:

- میوانی من بە ئەگەر بتەوێت داڵدە بۆ خۆت بدۆزیتەوە.

جەبەل لە خۆشیاندا دڵی کەوتە هەلەکەسەما و وتی:

- بەڕاستی سەرکار بەڵقیتی کەسێکی میرخاسی.

کابرا بە پێکەنینەوە وتی:

- ئەوەت پێ سەیر نەبێت، لە ماڵەکەی مندا مارومێروو دەژێت ئیدی چۆن جێگای مرۆڤی تێدا نابێتەوە؟!

ئایا قسەکەم ترساندتی؟ من خۆگرم و دەشزانی کە چۆن لەگەڵ مارەکاندا ئاشنا دەبیت!

گەڕەکەکەیان بڕی و گەیشتنە چۆڵەوانییە بێ سنوورەکە...

لە سەرەتای چۆڵەوانییەکەدا (جەبەل) خانوویەکی بچووکی دوور لە گەڕەکەکەی بەرچاو کەوت، دیوارەکانی بەرد بوو و کەفماڵ نەکرابوون، بەڵام نوێ بوو بە بەراورد لەگەڵ خانووە داتەپیوەکانی گەڕەکی ((قوللە))دا، بەڵقیتی ئاماژەی بۆ کرد و بەشانازییەوە وتی:

- خانووەکەی بەڵقیتی مارگرە...



-٣٤-

هەر کە گەیشتنە ماڵەوە (بەڵقیتی) وتی:

- ئەم شوێنە دوورەم هەڵبژارد بۆ خانووەکەم، چونکە خەڵکی لە مارگر هیچ نابینن تەنها مارێکی گەورە نەبێت.

پێکەوە چوونە ئەو بەردالانەی کە تۆزێك درێژە و لە دامێنەوە دەچێتە سەر ژوورێکی داخراوە. هەر لەوێش بەملاو بەولادا دوو ژووی داخراو هەبوو. (بەڵقیتی) ئاماژەی کرد بۆ ئەو ژوورەی کە ڕووی لە ناوەوەیە وتی:

- لەم ژوورەدا کەرەسەکانی کارکردنی لێیە، زیندوو و بێ گیان، لە هیچ مەترسە، دەرگاکە بە باشی دادەخرێت، بۆت دووپات دەکەمەوە کە مارەکان چاکترن لە ئاشنایەتی زۆرکەس، بۆ نموونە لە وانەی کە لە دەستیان ڕاتکردووە!

پاشان پێکەنی و دەم و دانە خراپەکەی ئاشکرا کرد و وتی:

- خەڵکی لە مار دەترسن، تەنانەت شەقاوەکان لێی دەترسن، بەڵام من قەرزاربارى ڕزقی ئەوانم، لە سایەی ئەوانەوە ئەم خانووەم دروستکردووە.

ئاماژەی کرد بۆ ژوورەکەی لای ڕاست و وتی:

- هەردوو کچەکەم لێرە دەخەون، دایکیان دەمێکە مردووە و منی جێهێشت بۆ پیریی و ناشتوانین سەرلەنوێ ژن بهێنینەوە، (پاشان ئاماژەی کرد بۆ ژووری لای چەپ) لێرەیش پێکەوە دەخەوین:

دەنگی کیژە کورتەبالاکە لە پەیژە لایەکەوە دەهات کە سەردەکەوێت بۆ سەربان و بانگی دەکرد:

- شەفیقە، لە جلشۆرین یارمەتیم بدە وەکو بەرد مەوەستە بەبێ ئیش.

بەڵقیتی بانگی کرد:

- هۆ خانم، دەنگەکەت مارەکان بەئاگا دێنێتەوە، تۆیش شەفیقە وەکو بەرد مەوەستە!

ناوی شەفیقەیە! چەند جوان دروستی کردووە و تووڕەبوونەکەیشی بریندارکەر نییە، سوپاسگوزارییەکی بێدەنگ لە چاوەڕەشەکانیدا بوو، کێ پێی دەڵا کە ئەم میواندارییە ترسناکەی تەنها لەبەر چاوەکانی ئەو قبووڵ نەکردووە؟

بەڵقیتی پاڵی نا بە دەرگای ژوورەکەی لای چەپەوە و ڕێگای بۆ جەبەل کردەوە تا چووە ژوورەوە، پاشان دوای کەوت و دەرگاکەی داخست، کابرا چوو بۆ لای قەنەفەکە کە لەلای ڕاستەوە بەدرێژیی ژوورە بچووکەکەیە، لە قۆڵی (جەبەل)ی گرتبوو تا پێکەوە دانیشتن، جەبەل چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا، لەلایەکی دیکەوە چاوی بە نوێنێك کەوت بە بەتانییەکی خاکی ڕەنگ داپۆشرابوو، لەسەر زەوییەکەیش حەسیرێکی بەنەقش ڕاخرابوو لەنێوان قەنەفە و نوێنەکەدا و سینیەکی مسی ڕەنگ کاڵەوە بوو لەبەر پەڵە لە ناوەڕاستیاندا بوو، لە ناوەڕاستیدا کوانوویەکی هەرەمی خۆڵەمێشی هەبوو، پاڵی دابوو بە بنی گۆزەی نەرگیلەکەوە، لەسەر لێوارە تەختەکەی سیخ و مەقاش و مشتێ لە مەعسەلی وشك دانرابوو، لە تاکە پەنجەرە کراوەکەوە تەنها چۆڵەوانییەکە و ئاسمانێکی ڕەنگ زەرد و دیوارێکی بڵند لە دیوارەکانی موقەتەم دیاربوو، لەپڕ لەنێو ئەو بێدەنگییەی کە باڵی کێشابوو زیقەی کیژە شوانەکە و شنە پڕ لە گەرمای خۆرە درەوشاوەکە دەهات، بەڵقیتی تاڕادەی تەنگ پێ هەڵچنین لێی ورد دەبووەوە، بیری کردەوە کە بەقسەکردن سەرقاڵی بکات، بەڵام میچەکەی سەر سەریان هاتە لەرزین لەبەر شوێن پێ کە لە سەربانەکە ڕێی دەکرد، دڵی (جەبەل)یش هاتە لەرزین، هەستی کرد کە قاچەکانی کچەکەیە و دڵی پڕ بوو لە ئارەزوویەکی بەخشندە لەوەی کە ماڵەکە پڕ بێت لە بەختەوەریی و ئەگەر مارەکانی کابرایش بەرەڵا بن و بەخۆی وت: (لەوانەیە ئەم کابرایە تیرۆرم بکات و لە چۆڵەوانییەکە بمنێژێت وەکو چۆن (قەدرە)م ناشت، بێ ئەوەی کیژەکە بزانێت کە من کوشتەی ئەوم)...

دەنگی بەڵقیتی بەئاگای هێنایەوە کە لێی پرسی:

- ئایا کارت هەیە؟

وەڵامیدایەوە و دوا دراوی بیرکەوتەوە کە لە گیرفانیدا ماوە:

- کار دەدۆزمەوە، هەر کارێك بێت...

- لەوانەیە پێویستییەکی بەپەلەت نەبێت بۆ کار؟

بەم پرسیارە هەندێ نیگەرانیی تێکەوت و وتی:

- بەڵکو وا چاکە بۆ من ئەمڕۆ بەر لە سبەینێ بەدوای کاردا بگەڕێم...

- جەستەی شەقاوەکانت هەیە!

- بەڵام ڕقم لە دوژمنکارییە!

بەڵقیتی پێکەنی و پرسیاری کرد:



- لە گەڕەك چ کارە بوویت؟

تۆزێك دوو دڵ بوو پاشان وتی:

- کارم بەڕێوەبردنی وەقفەکە بوو.

- وەی هاوار، چۆن ئەو بەهەشتە بەجێ دەهێڵی؟

- بەختم وابوو!

- ئایا چاوت بڕیبووە یەکێك لە خانمەکان؟

- پیرەمێرد لە خوا بترسە...

- تۆ زۆر وریایت، بەڵام زوو لە گەڵمدا ڕادێیت و هەموو نهێنییەکانی خۆتم بۆ دەدرکێنی...

- ئەگەر خوا بیەوێت...

- پارەت پێیە؟

نیگەرانی دایگرتەوە، بەڵام دەرینەبڕی و بە بەرائەتەوە وتی:

- بەڵام هەندێکم پێیە، ڕێگەی هەوڵدانم لێ ناگرێت.

بەڵقیتی بە چاوترووکانەوە وتی:

- تۆ وەکو عفریتەکان زیرەکیت، دەزانی تۆ بۆ مار بەخێوکردن دەست دەدەیت؟ لەوانەیە پێکەوە هاوکاریی بکەین، سەرت لە قسەکەم سووڕنەمێنێت، من پیرم و پێویستم بە یاریدەدەر هەیە.

قسەکەی بەجدی وەرنەگرت، بەڵام ئارەزوویەکی قووڵی هەبوو بۆ توونودتۆڵکردنی پەیوەندیی لەگەڵیدا، ویستی قسە بکات، بەڵام ئەویدی دەسپێشخەریی کرد و وتی:

- لەسەرخۆ لەمە بیردەکەینەوە، بەڵام ئێستا...

کابراکە هەڵسا، بەسەر کوانووەکەدا چەمایەوە و هەڵیگرت، بردییە دەرەوە وەکو بڵێی هەڵی دەکرد...

***

بەر لە عەسر هەردوو کابراکە چوونە دەرەوە، بەڵقیتی چوو بەلای پیاسەکردنەوە و (جەبەل)یش چوو بۆ دیتنی بازاڕ و بازاڕکردن، لەگەڵ ئێوارەدا گەڕایەوە بۆ چۆڵەوانییەکە و ماڵە تەریکەکەی دۆزییەوە لەبەر کزە ڕووناکییەکدا کە لە پەنجەرەکەوە دەهات. هەر کە

گەیشتە ماڵەکە، دەنگەدەنگی دەمەتەقێی گەرم دەهاتە گوێی، نەیتوانی گوێ نەگرێت، گوێی لێبوو (سەیدە) دەیوت:

- باوکە ئەوەی دەیڵێی ئەگەر ڕاست بێت لەپشتییەوە تاوانێك هەیە، ئێمە شەقاوەکانی گەڕەکمان نەدیوە.

شەفیقە وتی:

- بەوە ناچێت تاوانبار بێت.

بەڵقیتی بەگاڵتەجاڕییەکی دیارەوە وتی:

- هەی کچی مار ئا بەم ڕادەیە ناسیوتە؟

سەیدە وتی:

- ئەی بۆچی لەو بەهەشتە ڕادەکات؟

شەفیقە وتی:

- سەیر نییە ئەگەر مرۆڤ لە گەڕەکێك ڕابکات کە بە شەقاوە زۆرەکانی بەناوبانگە...

سەیدە بەگاڵتەوە پرسی:

- ئەو توانایەت لەکوێوە بۆ هاتووە تا غەیب زان بیت؟

بەڵقیتی بە هەناسە هەڵکێشانەوە وتی:

- ژیان لەگەڵ مارەکاندا وای لێکردووم جووتە مارێك بخەمەوە...

- باوکە میوانداریی دەکەیت و هیچیش لەبارەیەوە نازانیت؟

- شتم لەبارەیەوە زانیوە و هەموو شتێکیش دەبێت بزانم. دوو چاوم هەیە لەکاتی پێویستدا پەنایان بۆ دەبەم، پاشان میوانداریم کرد، چونکە کەڵەمێردییەکەی کاری تێکردم و لەڕای خۆشم ناگەڕێمەوە.

لە ڕۆیشتن دوو دڵ نەدەبوو لەم دۆزەخەدا، ئایا ماڵی بەهەشتی بەجێنەهێشت بێ ئەوەی دوو دڵ بێت؟ بەڵام ملکەچی هێزێکە کە بۆ ئەم ماڵە ڕایدەکێشێت، دڵ بۆی هاتە گۆرانی تا بەبیستنی دەنگەکە سەرخۆش بوو و بەرگریی لێ کرد، دەنگە بەسۆزەکە لە تەنیایی شەوی چۆڵەوانییەکەدا ڕەوییەوە، وایکرد کە مانگەکە مەلەکردووەکەی سەرچیاکە بزە بیگرێت، وەکو یەکێك لە تاریکیدا مژدە بدات. لە تاریکییەکەدا چاوەڕێ بوو، پاشان کۆکی و گەیشتە لای دەرگاکە و لە دەرگای دا، دەرگا بەڕووی بەڵقیتیدا کرایەوە، ڕووناکی چراکەی دەستی دای لە سەروچاوی. هەردوو کابراکە چوون بۆ ژوورەکەی خۆیان، جەبەل



دانیشت دوای ئەوەی بابۆڵەکە کە بۆی هاتبوو لەسەر سینیەکەی دانا، بەڵقیتی تەماشای بابۆڵەکەی کرد و پرسی، جەبەل وتی:

- خورما و پەنیر و شیرینی و تەحین و فەلافلی گەرمە.

بەڵقیتی بزەی هاتێ و جارێ بۆ جۆزەکە ئاماژەی دەکرد و جارێك دەیوت:

چاکەی شەو ئەوەی بوو کە لەنێوان ئەم و ئەودا بەسەرچوو بەدڵنەواییەوە دای بەسەر شانیدا و پرسی:

- وانییە کوڕی خاوەن وەقف؟

دڵی بەناچاریی تەنگ بوو، وێنەی ئەو خانمەی کە پەروەردەی کردبوو یەك لەدوای یەك دەهاتنە بەرچاوی، هەروەها باخچە دەوڵەمەندەکە بە کەپری یاسەمین و چۆلەکە و ئاوی لەبەر ڕۆیشتوو و دڵنیایی و ئاشتی و خەونی نەرمونیان، دنیای بەهەشتێکی بەسەرچوو، تا خەریك بوو ژیان گەندەڵ دەبوو. تەوژمێك پاڵ دەنێت بە یادگارییە نقوومبووەکانی لەنێو خەم و خەفەت بەرەو وشکایی ئارامیدا، بەرەو ئەم کیژۆڵە ڕووخۆش و باشە. بەرەو هێزێکی ئەفسووناویی کە بەرەو ئەم ماڵەی لانەی مارەکانە کەمەنکێشی دەکات، بە حەماسەتێکی چاوەڕواننەکراوە و وەکو گەشانەوەی چرا لەبەر هەڵکردنی شنەبایەك وتی:

- مامە ژیان لەتەك تۆدا چەند خۆشە.

## -٣٥-

خەو تا بەرەبەیان نەچووە چاوی، چونکە تووشی ترسێکی زۆر هاتبوو، لەنێو وەسوەسەی ترسدا تارماییەکەی هاتە بەرچاوی، وەکو هەڵوەرینی گەڵاکانی یاسەمینەکە بۆسەر گژوگیایە وشکەوەبووەکە کە مۆرانە تێیدا دێن و دەچن. تووشی هەمگەلێك بوو کە تاریکیی لە ماڵێکی نامۆدا دەیزێنێ. لە تاریکییەکدا بەخۆی وت: (تۆ چیت جگە نامۆیەك نەبێت لە ماڵی مارەکاندا، تاوان ڕاوەدووت دەنێت و دڵت بە ئەشق دەهەژێت). ئەگەر لێی بگەڕێن هیچی ناوێت جگە ئاسوودەیی و بێ وەیی نەبێت. هێندە لە مارەکان ناترسێت بەقەد ئەوەی لەو پیاوە دەترسێت کە لە نوێنەکەدا پرخەپرخێتی، کێ چوزانێ کە پرخەکەی ڕاستییە؟ لە ڕاستگۆیی هیچ شتێك دڵنیا نەبوو. تەنانەت (دعبس)یش کە بە ژیانی قەرزارییەتی، گەمژەییەکەی نهێنییەکەی دەدرکێنێت و (زقلت) هار دەبێت و دایکی دەست بەگریان دەکات و ئاگر بەر دەبێتە گەڕەکە بەدبەختەکە. ئەو خۆشەویستییەیش کە

بەم ماڵەی دەبەستێتەوە، بەو ژوورەی هاوڕێ مار بەخێوکەرەکەی، کێ چوزانێ دەژێ تا ئەوەی لە دڵیدایە بیدرکێنێت. بەو جۆرە خەو نەچووە چاوی، جگە پێش بەرەبەیان نەبێت، دوای ئەوەی تووشی ترسێکی زۆر بوو. کاتێک هەندێك ڕووناکی بەیانی لە پەنجەرە داخراوەکەوە دزەی کرد، هەردوو چاوە قورسەکەی کردەوە، بینی بەڵقیتی لەسەر نوێنەکە دانیشتووە و پشتی چەماوەتەوە، لەژێر لێفەکەوە بە دوو دەستە دەماراوییەکانی هەردوو قاچی دەشێلا، بە ئاسوودەییەوە بزەی هاتێ، سەرەڕای ئەو سەرەگێژکەیەی کە ئەنجامی کەمخەویی تووشی هاتبوو. نەعلەتی لەو وەهمانە کرد کە لەسەروو تاریکیدا لانەیان کردووە و لە ڕووناکیدا وەکو شەمشەمەکوێرە دەڕەوێنەوە. ئایا وەهم گەلێك نین کە شایانی بەدگومانیی پیاوکوژبێت؟ بەڵێ، خانەوادە نەمرەکەمان هەر لە دێرزەمانەوە تاوان لە خوێنەکەیاندا ڕێدەکات. گوێی لێبوو بەڵقیتی بە دەنگی بەرز باوێشکی دەدا، وەکو مارێکی سەماکەر پێچی دەخوارد، سنگی ورووژا و بەتووندودرێژیی دەکۆکی، تاوایزانی کە ڕووخساری چاوەکانی تووڕ دەدەن، هەر کە کۆکەکە کپ بوو، کابرا لە ناخەوە ئاهێکی هەڵکێشاو جەبەل وتی:

- بەیانیت باش.

لەسەر قەنەفەکە دانیشت و بەڵقیتی ئاوڕی لێیدایەوە، هێشتا سەروچاوی لەبەر کۆکینەکە هەڵزەپابوو، وتی:

- بەیانیت باش هەی سەرکار جەبەل، ئەوەی کە شەو نەنووستووە جگە تۆزێك نەبێت.

- لەوانەیە سەروچاوم گۆڕابێت؟

- بەڵکو ئاگام لە گینگڵدانت لە تاریکییەکەدا و ئاوڕدانەوەکانت بەرەو ڕووم وەکو ترساوێك هەبوو!

ئای کە چ مارێکیت! بەڵام مارێکی بێ ژەهر بە، تەنانەت چاوەکانیشی ڕەشن.

- بەهەقەت لەبەر جێگۆڕین تووشی شەونخوونی بووم.

بەڵقیتی پێکەنی و وتی:

- بۆ تاکە هۆیەك خەوت لێ نەکەوت، ئەویش ئەوە بوو لە من دەترسای، وتت دەمکوژێت و پارەکەم دەدزێت و پاشان لە چۆڵەوانییەکە دەمنێژێت، وەکو خۆم کە ئەو پیاوەی کوشتم...

- تۆ...



- جەبەل گوێبگرە، ترس زۆر بەئێشە، مار پێوە نادات جگە لە ترسا نەبێت.

جەبەل بەشکستێکی شاراوەوە وتی:

- تۆ ئەوەی لە سنگدا نییە دەیخوێنێتەوە.

- تۆ دەزانیت من بەسەر هەقدا بازم نەداوە، هەی فەرمانبەری پێشووی وەقفەکە!

گوێی لە دەنگێك بوو لە ژوورەوە دەهات و بەتووندیی بانگی کرد: (سەیدە وەرە) ڕۆحی بە سادەییەکەی چاوەڕواننەکراوە گەشایەوە. ئەم کۆترە نامەبەرە لەلانەی مارەکاندایە، کە بە بەرائەتەوە دادی داو ڕایکێشا بەرەو درەختی ئاواتە گلاگرتووەکە، بەڵقیتی وتی وەك بڵێی توانجی دەدا لە چالاکیی شەفیقە:

- هەر لە بەیانی زووەوە ماڵەکەمان چالاکی تێدا کەوتووە، ئەم دوو کیژە دەکەونە ڕێگا بۆئەوەی ئاو و پاقلە بۆ خواردنی باوکە پیرەکەیان بهێنن، پاشان بە تورەکەی مارەکانەوە دەینێرن بۆئەوەی ڕزقی خۆی پەیدا کات.

ئاسوودەیی کەوتە دڵییەوە، هەستی کرد کە ئەندامێکی ئەم خێزانەیە، دڵی پڕ بوو لە ئاشنایەتی، ئەوە بوو چوو بەلای کردنەوەی دڵی خۆی و خۆبەدەستەوەدان بە خۆڕسکییەوە بۆ چارەنووسەکانی کە بەرگریی پێ نەدەکرا و وتی:

- سەرکار، بەڕاستی چیرۆکی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە.

بەڵقیتی بزەی هاتێ و خۆی بەشێلانی هەردوو قاچییەوە خەریك کرد، جەبەل هەڵیدایەوە وتی:

- من پیاوکوژم وەکو وتم، بەڵام چیرۆکێکم هەیە.

ئەوە بوو چیرۆکی خۆی بۆ گێڕایەوە، هەر کە لێبووەوە کابرا وتی:

- ئای کە خەڵکێکی زاڵمن، بەڵام تۆ پیاوێکی کەڵەمێردی و دیدم لێت بێ ئومێد نەبوو.

بەشانازییەوە ڕێك دانیشت و پاشان وتی:

- مافی خۆتە ئێستا لەگەڵتدا بەڕاشکاویی ڕابگۆڕینەوە، دەزانم کە خۆم بە ڕەچەڵەك دەچمەوە سەر گەڕەکی جەبەلاوی.

- تۆ...!

- بەڵێ، لە سەردەمی لاوی لێی هەڵاتم لە بەرتەنگ پێ هەڵچنینی شەقاوەکان!

جەبەل هێشتا حەپەسان بەرینەدابوو، وتی:

- ئەوانە بەدبەختیی گەڕەکەکەمانن...

- بـەڵێ، بـەڵام گەڕەکەکـەمان لـە بیرناچـێت سـەرەڕای شەقاوەکانیشـی، بۆیـە تـۆم خۆشویست کاتێك ئەسڵتم بۆ دەرکەوت...

- لە چی گەڕەکێك بوویت؟

- لە گەڕەکی حەمدان وەکو تۆ...

- سەیرە!

- هیچ شتێك لەم دنیایە سەیر نییە، بەڵام مێژوویەکە دەمێکە ڕۆیشتووە، ئێستا کەس نامناسێت و نە (تەمرحنە)یش، کە خزمایەتیمان هەیە.

- ئەو ژنە ئازایە دەناسم، بەڵام کێ لە شەقاوەکان نەیارت بوو؟ زقڵت؟

- ئەو سەردەمە لە شەقاوەیەکی چەپەڵ هیچی دیکە نەبوو.

- وتم ئەوانە بەدبەختیی گەڕەکەکەمان بوو.

- تف لە ڕابردوو بکە بەو هەمووەیشی کە تێدا بوو.

پاشان بە زمانێکی فریودانەوە وتی:

- هەر لە ئێستاوە خۆت بە ئایندەوە سەرقاڵ بکە و ئەوەتا بۆت دووبارە دەکەمـەوە تـۆ شیاوی مار بەخێوکەرێکی لێهاتووی، بـواری خۆشمـان هەیـە لـە باشـوور لێـرە دوور لـە گەڕەکەکەمان، بەهەرحاڵ شەقاوەکانیان و دەستوپێوەنەکانیان لەم گەڕەکەدا دەرناکەون...

بە تەبیعـەتی حـاڵیش هیچـی لـە بـارەی هونـەری ماربەخێوکردنـەوە نـازانی، بـەڵام پێشوازیی لێکـرد بـەو پێیـەی ئامرازێکـە و پێـوەی دەلکێـت، بـە زمانێـك پرسـی کـە ڕەزامەندییەکەی ئاشکرا کرد:

- وامدەبینی کە بەڕاستی بەکەڵکی ئەوە بێم؟

کابرا لە زەوییەکە بەخێرایی سـێرکبازییەوە ڕاپـەڕی و بـە جەسـتە کورتەکەیـەوە لـە بەردەمی وەستا و یەخەی دیشداشەکەی موویەکی سپی چڕی ئاشکرا کرد و وتی:

- تۆ ڕازیت، هەرگیز دیدم لە شتێك بێئومێد نەبووە.

دەستی درێژ کرد و تەوقەیان کرد و پاشان کابراکە وتی:

- بەڕاشکاویی پێت دەڵێم زۆرتر لە مارێك لەلام خۆشم دەوێت.



جەبەل بەخۆشی منداڵێکـەوە پێکـەنی، بەتوونـدیی دەسـتی کـابرای گـرت بۆئـەوەی نەیەڵێت بڕوات تا بە پرسیارکردنەوە وەستا، پاشان بەگوژمێکەوە وتی کـە هـیچ چـارێکی نەبوو ڕێگای لێ بگرێت:

- سەرکار، جەبەل داوای نزیکیت لێدەکات.

چاوە سورهەڵگەڕاوەکانی بەڵقیتی بزەیان تێکەوت و پرسی:

- بەڕاستتە؟

- بەڵێ، بەخوای ئاسمانەکان.

بەڵقیتی پێکەنینێکی کورت پێکەنی و وتی:

- دەمپرسی کەی بێت ئەو باسەم لەلا بکاتەوە. بەڵێ جەبەل گەمژە نیم، بەڵام پیاوێکی دڵنیام لێی کە کیژەکەمی پێ بسپێرم، خۆشبەختانە (سەیدە) کیـژێکی نایابـە هـەروەکو دایکە ڕەحمەتییەکەی...

بزەیەکی خۆشنوودی کەوتـە سـەر زاری پەشـۆکاویی نەشـاراوەی جەبـەل، وەکـو چـۆن لێوارەکانی گوڵێکی گەش سیس دەبن، ترسا خەونەکەی بڕەوێتەوە و دوای کەوتە مشتییەوە و ورتەورتێکی کرد:

- بەڵام...

بەڵقیتی دایە قاقای پێکەنین و وتی:

بەڵام داوای شـەفیقە دەکـەیت! ئەمـە دەزانم هـەی کـوڕی بـاوکم، چـاوەکانت و قسـە بچکۆلەکە و تێکەڵ بوون لەگەڵ مارەکاندا پێیـان وتم، لـێم مـەگرە ئەمـە شـێوازی مـار بەخێوکەرە کاتێ گرێبەست ئەنجام دەدەن...

جەبەل لە دڵەوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو هەسـتی بەسـاردیی دڵنیـایی و ئاسـوودەیی کرد، هەستی شەقاوەیەتی و حەماسەت و ئاژەنگنان لە سنگیدا ڕاپەڕین، تەنانـەت گـوێی بەخانووی بەهەشتیش نەدەداو نە بـە سـامانی یـەزدان، نەدەترسـا لـەوەی کـە ڕەنجـدان و قوڕبەسەری چاوەڕێیەتی، با پەردەیـەك بکێشـێت بەسـەر ڕابـردوودا و ڕوونـاکیی نەیەتـە ژوورەوە، با لەبیرچوونەوە هەموو دەردەسەریی و ئێش و ئازاری ڕابردوو هەڵلووشێت، با ئەوە هەڵلووشێت لەوەی کە سۆزی دڵ هەڵیدەلووشێت بۆ دایکایەتییەکی ون بوو. (سەیدە) لـە چێشتەنگاودا هەڵهەلەی لێدا و هەواڵەکە گەیشتە گەڕەکەکانی دەوروپشت، پاشان بـازاڕی (موقەتەم)و هەردوو گەڕەکەکە زەماوەندەکەی (جەبەل)یان بینی...

-٣٦-

بەڵقیتی بەدەم و دوویەکی ڕەخنەیی گاڵتەجاڕییەوە وتی:

– بۆ پیاو جوان نییە پەنا بەرێتە بەر ژیانی کەروێشك و کەڵەشێر! ئەوەتا تۆ هیچ فێر نەبووی و خەریکە پارەکەت تەواو دەبێت!

هەردووکیان لەسەر فەروەیەك لەبەردەم دەرگای خانووەکە دانیشتوون، جەبەل هەردوو قاچی لەسەر لەکەی بەرخۆرەکە درێژ کرد، لە چاوانی خۆشی و ڕۆحسۆکی دیاربوو ئاوڕی لە خەزووری دایەوە و بە زەردەخەنەوە وتی:

– ئەدهەمی باوکمان ژیا و مرد و ئاواتی ژیانێکی بێوەی و ڕابواردن بوو لە باخچە تەروبڕەکەدا.

بەڵقیتی پێکەنینێکی بەرز پێکەنی و بە دەنگی بەرز بانگی کرد:

– شەفیقە! فریای مێردەکەت کەوە بەر لەوەی تەمەڵیی بیکوژێت...

شەفیقە لەبەر دەرگاکە دەرکەوت و لە سینییەکدا کە بەدەستییەوە بوو نیسکی بژار دەکرد، سەری بەسەرپۆشێکی ئەرخەوانی بەستبووەوە کە گەشی سەروچاوی دەنواند، پرسی بێ ئەوەی سەری لەسەر سینییەکە هەڵبڕێت:

– باوکە چییەتی؟

– ئاواتی دوو شتە: ڕەزامەندیی تۆ و ژیانێکی بێکارییە.

ژنکە پێکەنی و بە نکوڵییەوە پرسی:

– چۆن ڕەزامەندیی من و کوشتنم لە برساندا کۆ دەکاتەوە؟ جەبەل وتی:

– ئەوە نهێنی مار بەخێوکەرە!

بەڵقیتی لە لاوە سیخوڕمەیەکی پیاکێشا و وتی:

– گاڵتە مەکە بە سەختترین پیشە. چۆن هێلکەیەك لە گیرفانی تەماشاکەرێك دەشارێتەوە و لەو گیرفانەکەی دیکەی یەکێکی دیکە کە لە ڕیزەکەی ئەوبەرەوەیە دەردەهێنێت؟

چۆن تەڕیی دەکەیتە جووجەڵە؟ چۆن سەما بە مار دەکەیت؟

شەفیقە کە لە بەختەوەرییدا ڕووناك دیاربوو وتی:



– باوکە فێری کە، ئەو لە ژیاندا جگە لە دانیشتن لەسەر کورسی نەرمونۆڵ لە بەڕێوەبەرایەتی وەققفەکەدا، هیچ نازانێت.

بەڵقیتی هەڵسا و وتی:

(کاتی ئیشکردن هاتووە) پاشان چووە ماڵەوە و (جەبەل)یش بە ئیعجابەوە دەیڕوانییە ژنەکەی و وتی:

– ژنەکەی زقڵت هەزار جار ئەوەندی تۆ جوان نابێت، بەڵام ئەم ڕۆژگارە لەسەر قەنەفەی نەرمونیان بەسەر دەبات و کەسی ڕەسەنیش لە باخچە بۆنی گوڵ هەڵدەمژێت و بەئاوەڕێکردووەکان گەمە دەکات.

بە گاڵتەجاڕیی و تاڵییەوە پێکەنی و وتی:

– ئەمە حاڵی ئەوانەیە کە بە ڕزقی خەڵك تێربوون.

ئەویش لایەکی سەری خوراند و بە بیرکردنەوە وتی:

– بەڵام ڕێگایەك هەیە بۆ بەختەوەریی گشتگیری.

– خەون مەبینە، خەوناویی نەبووی کاتێ هەڵساین تا لە بازاڕ لە دەستم بگرێت، خەناوی نەبوویت کاتێ مێشی بنیادەمت لێ دەرکردم، بۆیە چوویتە دڵمەوە.

بەپەرۆش بوو ماچێکی بکات و لە نرخی قسەکەی کەم نەکردەوە، لەبەر ئەوەی قەناعەتی وابوو کە لەو زیاتر دەزانێت و وتی:

– بەڵام من بێ هیچ هۆیەك تۆم خۆش دەوێت.

لەم گەڕەکانەی دەوروبەرماندا تەنها شێتەکان خەون دەبینن.

– جوانیی چیت لێم دەوێت؟

– وەکو باوکم بیت.

بەگلەییەوە پرسی:

– ئەم جوانییە لە تۆ دەتکێت و ئەو کاری چییە؟

لێوەکانی ژنەکە بە زەردەخەنەیەك کرانەوە و پەنجەکانی دەستی لەنێو دەنکە نیسکەکاندا خێرا بوون...

– کاتێ لە گەڕەکەکە ڕامکرد بەدبەختترین خەڵك بووم، بەڵام ئەگەر ئەوە نەبووایە تۆم نەدەخواست!

ژنەکە پێکەنی و وتی:

- ئێمە لە بەختەوەریماندا قەرزباری شەقاوەکانی گەڕەکەکەمانین وەکو چۆن باوکم بە ڕزقەکەی قەرزباری مارەکانە...

جەبەل هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- لەگەڵ ئەوەشدا ئەمین بوو لە باشترین کەس کە گەڕەکەکەمان ناسیبێتی لە ڕۆڵەکانی خۆی، ڕێگایەکیش هەیە کەفیل بێ بۆ ڕزقی خەڵك و ئەوانیش لە باخچەکاندا گۆرانی دەڵێن.

- ئەوەتا هەردووکیان گەڕانەوە! ئەوەتا باوکم هات بەخۆی و توورەکەکەیەوە، هەڵسا خوا بتپارێزێت.

بەڵقیتی بە توورەکەیەکەوە هات و جەبەل هەڵسا و هەردووکیان ڕۆیشتن بە ڕێگای خۆیانەوە.

وای لە بەڵقیتی کرد کە پێی بڵێ:

– به چاو فێربە وەکو بە ئەقڵ فێر دەبیت، سەیرکە چی دەکەم و لەبەردەم کەس پرسیارم لێ مەکە، سەبرت هەبێت تا بۆتی ڕوون بکەمەوە ئەوەی لە تێگەیشتندا لات ئالۆزە.

بەڕاستی جەبەل پیشەیەکی زەحمەتی دۆزییەوە، بەڵام گاڵتەی پێ نەدەکرا، لە سەرەتاوە و خۆی لەسەر لێوەشاوەیی لێی ڕاهێنا، لە واقیعدا پیشەیەکی دیکەی لەبەردەم نەبوو، یان ئەوەتا بە پیشەی دێوەرە یان شەقاوەیەتی یان دزی و ڕێگریی ڕازی بێت. گەڕەکەکان لەو گەڕەکە نوێیە جیاوازیی نییە لەگەڕەکەکەی خۆی، جگە وەقفەکە و چیرۆکەکانی نەبێت کە دەربارەی دروستکراون. لە قوڵایی ناخیدا حەسرەتێکی پاشماوەی خەونەکانی ڕابردووی و بیرەوەرییەکانی سەروەرییە دێرینەکەی و ئەو ئاواتانەی کە خێڵی حەمدان ئازاریان پێوە دەبینی وەکو ئەدهەم لەمەوبەر دیبووی جێگیر ببوو. سوور بوو لەسەر ئەوەی کە لە بیری کات بە خۆفرێدانە نێو جەنگەی ژیانێکی نوێ و بەسنگفراوانییەوە قەبووڵی بکات و پەنا بەرێتە بەر ژنە خۆشەویستەکەی، هەر کە خەم یان ناخۆشییەك لە گەڕانەکەیدا بەبیریدا بهاتبایە، بەسەر خەمەکان و بیرەوەرییەکانیدا زاڵ دەبوو، لێهاتوو بوو لە فێربووندا تا بەڵقیتی پێی سەرسام بوو، لە چۆڵەوانییەکەدا لە مەشقکردن بەردەوام بوو و بەڕۆژ و بەشەو کاری دەرکرد، ڕۆژان و هەفتە و مانگەکان بەسەرچوون، بێ ئەوەی ورەی کزببێت یان ماندوو بێت، گەڕەك و کۆڵانەکان شارەزا بوو، ئاشنای مارەکان بوو، لەبەردەم هەزاران



مندالّدا گەمەی دەکرد. تامی سەرکەوتن و قازانجی کرد و مژدەی باوکایەتیی ئایندەی بۆهات و لەسەر گازی پشت کەوت، ئەستێرەکانی بەسەردەکردەوە لە کاتی پشووداندا، شەوچەرەی دەکرد و لەگەڵ بەڵقیتی نەرگیلەیان دەستاودەست دەکرد و چیرۆکی دەگێڕایەوە کە ڕەبابەکە لە قاوەخانەکەی حەمدان دەیگێڕایەوە، جار ناجارێك پرسیاری دەکرد کوا جەبەلاوی. ئەگەر شەفیقە بەزەیی پێدا هاتبایەوە و ڕابردووی ژیانی لێ تێك نەدا پێی دەوت: ئەوەی لە سکتدایە سەر بە ئەوانە و خێڵی حەمدان خێڵی ئەون، ئەفەندی سەری دەستدرێژیکردنە و زقلّتیش سەری تیرۆرە، ئیدی چۆن ژیان خۆش دەبێت کە خەڵکی لەو جۆرەی تێدایە؟

***

ڕۆژێکیان لە (زێنهم) گەمەکانی پیشان دەدا لە ناوەڕاستی بازنەیەکی تووندوتۆڵی منداڵاندا، هەر کە ئاوڕێکی دایەوە لەبەردەمیدا (دعبس)ی بینی کە ڕێگای کردبووەوە بۆ ڕیزی پێشەوە و بە حەپەساوییەوە تەماشای کرد. جەبەل پەشۆکا و خۆی لێ لادا کە سەیری چاوی بکات. نەیتوانی لە ئیشەکەی بەردەوام بێت و کۆتایی پێ هێنا، سەرەڕای نارەزایی منداڵەکان و توورەکەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت، ئەوەندەی پێنەچوو (دعبس) پێی گەیشت و بانگی کرد:

- جەبەل! ئەوە تۆی جەبەل!

وەستا و ئاوڕی لێدایەوە و وتی:

- بەڵام، دعبس چی تۆی هێنا؟

دعبس لە حەپەسانەکەی بەئاگا نەهاتبووەوە و وای لێکرد بڵێ:

- جەبەل ماربەخێوکەر! کەی و لەکوێ ئەمە فێربوویت؟

جەبەل بە سوکایەتییەوە وتی:

- ئەمە سەیرتر نییە لەوەی لە دنیادا ڕوو دەدات.

جەبەل کەوتەڕێ و ئەویدیکەیش دوای کەوت تا گەیشتە قەراخ چیاکە، پاشان لە سێبەری کەپکە شاخێك دانیشتن، جێگاکە هیچی لێ نەبوو تەنها مەڕەکان نەبێت دەلەوەڕان و شوانەکەیش دانیشتووە و ڕووتە و دیشداشەکەی لوول دەدا. دعبس لە سەروچاوی برادەرەکەی وردبووەوە و وتی:

جەبەل بۆچی ڕاتکرد؟ چۆن دڵت لێم پیس بوو تا وا بزانیت کە خیانەتت لێدەکەم؟ وەڵا خیانەت لە کەسێکی حەمدان ناکەم ئەگەریش (کەعبلها)یش بێت! بۆ کێ خیانەتت لێ بکەم؟ بۆ ئەفەندی یان زقڵت؟! با خوای ئاسمان هەموویان بسووتێنێت، زۆر پرسیاریان کردی، گوێم لێیان بوو دەیانپرسی و لە ئارەقەدا نووقم دەبووم...

جەبەل بە بایەخەوە لێی پرسی:

- پێم بڵێ چۆن خۆت دووچاری تۆڵەسەندنەوە دەکەیت بە خۆدزینەوە لە کەسوکارەکەت؟

دعبس بە سووکایەتییەوە دەستی هەڵبڕی و وتی:

- دەمێکە گەمارۆمان لەسەر هەڵگیراوە، ئەمڕۆ کەس لە چارەنووس و بکوژی خۆی ناپرسێت و دەڵێن (هوداخان) لە مردن بەبرسێتی ڕزگاری کردین، بەڵام هەتا هەتایە بەزەلیلی لەناوچووین، نە قاوەخانەمان هەیە و نە کەرامەتمان هەیە، لە دوور گەڕەکەکەی خۆمان تەقەلا دەدەین و ئەگەریش بگەڕێینەوە دەبێت لەودیوی دیوارەکان خۆمان بشارینەوە، ئەگەر شەقاوەکان یەکێکمان بدۆزنەوە، بە شەقازلە و تف هێڵەی پێدەکەن، جەبەل ئەمڕۆ خۆڵی گەڕەکەکەمان بۆ ئەوان بەخشندەترە لە ئێمە... لە غوربەتەکەتدا چەند بەختەوەری.

جەبەل بە بێزهاتنەوەوە وتی:

- واز لە بەختەوەریی و بێکاریی ئەو بێنە و پێم بڵێ کەس تووشی خراپە نەبووە؟

دعبس وتی و بەردێکی گرتە دەستەوە و کێشای بە زەویدا:

- لە کاتی گەمارۆدا دە کەسیان لێ کوشتین!

- ئەی خوای ئاسمان!

- بوونە قوربانی (قەدرە)ی چەپەڵی کوڕی ژنە چەپەڵەکە، بەڵام برادەری ئێمە نەبوون.

جەبەل بە تووڕەییەوە وتی:

- دعبس بۆ لە خێڵی حەمدان نەبوون؟

دعبس بەشەرمەوە چاوی ترووکاند و بە مەعزەرەتێکی نەبیستراوەوە لێوەکانی جولانەوە و جەبەل دیسان وتی:

- ئەوانی دیکەیش شەقازلە و تفیان بەردەکەوێت.



کابرا هەستی کرد بەرپرسیارە لەو ڕۆحانەی کە لەناوچوون، ئازار دڵی دەگوشی، لە هەرساتێکی ئەو ئاسوودەیی کە لەوەتەی کۆچی کردووە پەشیمانییەکی خوێناویی دەبینی.

دعبس بە قسەکەی بە ئاگای هێنایەوە:

- لەوانەیە ئەمڕۆ تۆ لە خێڵی حەمدان بەتەنیا بەختەوەر بیت.

هەڵیدایێ:

- ڕۆژ نەبووە بیر لە ئێوە نەکەمەوە.

- بەڵام لە خەم و خەفەت دووریت.

بەتووندیی وتی:

- هەرگیز لە ڕابردوو دەرباز نەبووم.

- بەبێ هیوا ڕەحەتی مێشکی خۆت بەبا مەدە، ئێمە هیوامان نەماوە.

جەبەل دوا قسەی خۆی کرد، بەڵام بە نەبرەی ئالۆزەوە:

- ئێمە هیوامان نەماوە!

دعبس بە بایەخێکی وردبینییەوە تەماشای کرد، بەڵام هیچی نەوت بۆ ڕێزگرتن لەو خەمەی کە بەسەروچاویەوە بوو. سەیری زەوییەکەی کرد، قالۆنچەیەکی بەرچاوکەوت خێرا دەرۆیشت تا لەژێر کۆمەڵە بەردێکدا ون بوو، شوانەکە دیشداشەکەی خۆی تەکاند تا جەستەی خۆی داپۆشی کە خۆرەکە سووتاندبووی، جەبەل دیسان وتی:

- بەڕاستی بەختەوەر نەبووم تەنها لە ڕوو نەبێت.

بەموجامەلەوە وتی:

- تۆ بەلێهاتووانەوە شایستەی بەختەوەرییت.

- ژنم هێنا و ئیشێکی نوێم بۆ خۆم دۆزییەوە وەکو دەبینی بانگەوازێکی شاراوە زۆرم بۆ دێنێت و خەوم تێکدەدات.

- خوا پیرۆزت کات، لە کوێ نیشتەجێیت؟

وەڵامی نەدایەوە وادیاربوو وەك بڵێی لەگەڵ خۆی قسە دەکات پاشان وتی:

- ژیان خۆش نابێت کە کەسی وەکو ئەو ناکەسبەچانەی تێدابێت.

- ڕاست دەکەیت، بەڵام چۆن لێیان ڕزگار بین؟

دەنگی شوانەکە بەرزبووەوە کە داردەستە درێژەکەی خستبووە ژێر هەنگڵی، پاشان دەنگی گۆرانییەکی ناڕوون هات و دعبس پرسی:

- چۆن دەتوانم چاوم پێت بکەوێت؟

- لە ماڵی بەڵقیتی مارگر لەلای بازاڕی موقەتەم بپرسە، بەڵام تاماوەیەك هەواڵی من بشارەوە.

دعبس هەڵساو دەستی گوشی و ڕۆیشت و ئەویدیکە بە هەردوو چاوە خەمبارەکەی دوای کەوت.

## -٣٧-

خەریك بوو نیوەشەو دەهات و گەڕەکی جەبەلاویش لە تاریکیدا نوقم دەبوو، ئەگەر ئەو کزە ڕووناکییانە نەبوایە، لەو دەرگا داخراوانەی قاوەخانەکانەوە دەهات کە لەبەر سەرما داخرابوون، یەك ئەستێرە لە ئاسمانی زستاندا دیار نەبوو، مێردمنداڵەکان چووبوونە ژوورەکانەوە، تەنانەت سەگ و پشیلەکانیش خۆیان کردبوو بە حەوشەکاندا، لەنێو بێدەنگییەکی گشتگیرییدا ئاوازی سستی ڕەبابە بەرزبووەوە و مەتەڵی دەگێڕایەوە، وەلێ گەڕەکی حەمدان خۆی بە تاریکییەکی کەڕولاڵ پێچابووەوە، دوو تارمایی لەلای چۆڵەوانییەکەوە هاتن، بەژێر شوورەی خانووە گەورەکەدا دەڕۆیشتن، تا لە سەراکەی ناوەڕاست وەستان و یەکێکیان دای لە دەرگا و دەرگا لە ڕووی حەمدان خۆی کرایەوە کە لەبەر ڕووناکی چراکە ڕەنگی زەرد دیاربوو، چراکەی بەرزکردەوە بۆئەوەی سەروچاوی دەرگا لێدەرەکە ببینێت، بە سەرسوڕمانەوە وتی:

- جەبەل...!

لە دەرگا لاچوو، جەبەل چووە ژوورەوە بووخچەیەکی گەورە و توورەکەیەکی پێبوو، دوو کابراکە باوەشیان بەیەکدا کرد، حەمدان چاوێکی خێرای بڕییە ژنەکە و سکی بینی و وتی:

- ژنتە؟ بەخێربێن، لەسەرخۆ دوام کەون.

دالانێکی درێژی میچداریان بڕی تا گەیشتنە حەوشە پانە بێ میچەکە، پاشان وەرچەرخان بۆ لای پەیژەیەکی تەسك، حەمدان جەبەلی برد بۆ ژوورێکی بەرین کە بەدەم ئەو بانیژەیەوە بوو کە دەڕوانێتە سەر حەوشی حەسارەکە، ئەوەندەی پێ نەچوو هەواڵی هاتنەوەی جەبەل بلاوبووەوە و زۆر لە پیاوانی حەمدان هاتن لە سەرروویانەوە دعبس و عەتریس و زەڵمە و فەوانیس و ڕەزوانی شایەر و عەبدون، لەگەڵ جەبەل-دا بەگەرمی



تەوقەیان کرد، لە ژوورەکە لەسەر شڕەوپڕ دانیشتن و بە بایەخ و حەزی لێ وردبوونەوە نیگای خەماوییان گۆڕییەوە. جەبەل بینی کە ڕۆحیان تێکشکاوە و بەسەر جەستە بنێسەکانیاندا ڕەنگدەدەنەوە و لەناوچوون بەلەش و لاریاندا تەشەنەی کردووە، ناخۆشیی خۆیان بۆی گێڕایەوە و دعبس وتی: کە ئەو هەموو شتێکی بۆ گێڕاوەتەوە لەو چاوپێکەوتنەی هەردووکیان بەر لە مانگێك و بۆیە ئەو پێی سەیرە کە ئەوە هێناویەتی و بەگاڵتەوە لێی پرسی:

- هاتووین بۆئەوەی بانگەشەمان بکەیت بۆ کۆچکردن بۆ جێگە و ڕێگە نوێیەکەت؟

جەبەل بە توندیی وتی:

- جێگەوڕێگەمان نییە جگە لێرە نەبێت.

گوێیەکان لە دەنگیدا نەبرەیەکی بەهێزیان بیست، تا لە چاوی حەمداندا لێی وردبوونەوە دەرکەوت و وتی:

- ئەگەر مار بووایە بەرەنگاربوونەوەیان بەلاتەوە زەحمەت نەبوو.

(تەمرحنە) بە پیاڵەی چای هاتە ژوورەوە و بەگەرمی بەخێرهاتنی (جەبەل)ی کرد و مەدحی ژنەکەی کرد و پێشبینی کرد کە کوڕی دەبێت، بەڵام بە وریاییەوە ژنەکە وتی:

- جیاوازیی لەنێوان ژن و پیاواندا نەماوە!

حەمدان لێی توڕە بوو، ئەویش لە ژوورەکە چووە دەرەوە، بەڵام چاوی پیاوەکان بە قسەی ژنەکە قەناعەتێکی زەلیل تێیاندا ڕەنگیدایەوە، ئەو خەمەی کە بەسەر دانیشتنەکەدا باڵی کێشابوو، چڕ بووەوە، کەس تامی چایەکەی نەکرد، ڕەزوانی شایەر پرسیاری کرد:

- جەبەل بۆ هاتیتەوە تۆ لەگەڵ سووکایەتی پێکردن ڕانەهاتووی؟

حەمدان بە دەنگێك وتی کە سەرکەوتنی تێدا بوو:

- چەند جار پێم وتوون سەبر لەوەی کە بەسەرمان هاتووە، باشترە لە بەرەڵایی لەنێو غەریبیاندا کە ڕقیان لێمانە.

جەبەل بە توندیی وتی:

- مەسەلەکە وانییە کە دەیبینی.

حەمدان سەرێکی لەقاند بێ ئەوەی هیچ بڵێ و بێدەنگیی باڵی کێشا و دعبس وتی:

- برادەران با لێیگەڕێین ئیسراحەت بکات...

بەڵام ئاماژەی پێدان کە بمێننەوە و وتی:

- نەهاتووم ئیسراحەت بکەم، بەڵام دەربارەی مەسەلەیەکی ترسناك قسەت بۆ بکەم، ترسناکترە لەوەی بۆی دەچوون.

چاوەکان بەحەپەسانەوە سەیریان دەکرد، ڕەزوان ورتەورتێکی کرد و داوای کرد ئەوەی کە گوێی لێ دەبێت بەخێر بگێڕێت. وەلێ جەبەل بە جووتە چاوە بەهێزەکەی سەروچاوەکانی دەپشکنی، پاشان وتی:

- دەمتوانی هەموو تەمەنم لەنێو خێزانە تازەکەمدا بەرمەسەر، بێ ئەوەی بیر لە گەڕانەوە بکەم بۆ گەڕەکەکەمان.

هەندێ بێدەنگ بوو پاشان دیسان وتی:

- بەڵام چەند ڕۆژێك لەمەوبەر هەستم کرد بە تەنیا حەزم لە پیاسەکردنە سەرەڕای سەرماو تاریکیی، دەرچوومە دەرەوە بۆ چۆڵەوانییەکە، ئەوەندەم زانی پێیەکانم بەرەو ئەو پارچە زەوییە دەمبەن، دەڕوانێتە سەر گەڕەکەکەمان، کە لەوەتەی ڕامکردبوو لێی نزیك نەبووبوومەوە.

بایەخدان لە چاوەکان بەدیارکەوت، کابراکە لە قسەکەی بەردەوام بوو وتی:

- لەو تاریکونتکەدا پیاسەم کرد، تەنانەت ئەستێرەکانیش لەودیوی هەورەکانەوە ون بوون، نەمزانی و خەریك بوو خۆم بکێشم بە تارماییەکی زەبەلاحەوە، یەکەمجار پێم وابوو کە یەکێکە لە شەقاوەکان، وەلێ کەسەکە وام بۆ دەرکەوت کە یەکێکی دیکەیە وەکو ئەو نییە نە لەگەڕەکەکەمان و نە لەناو هەموو خەڵکیشدا، درێژ و پانوپۆڕ دەتوت کەرتە شاخە، ترسم لێنیشت و ویستم بگەڕێمەوە وەلێ بە دەنگێکی سەیر وتی: (کێیە؟ تۆ کێی؟).

جەبەل لە قسەکردن وەستا، سەرەکان بە بایەخەوە بۆ پێشەوە لاربوونەوە و زەڵمە پرسیاری کرد:

- لە گەڕەکەکەماندا؟

وەلێ عەتریس خێرا بە بەرپەرچدانەوەوە وتی:

- وتی کە یەکێکی دیکە وەکو ئەو نییە لە گەڕەکەکەماندا و نە لەناو هەموو خەڵکیشدا...

بەڵام جەبەل وتی:

- بگرە لە گەڕەکەکەماندایە!



هەموویان لە ناسنامەکەیان پرسی و جەبەلیش وتی:

- بە دەنگێکی سەیرەوە پێی وتم: (مەترسە، من جەبەلاوی باپیرەتم!).

هاواری حەپەسان لە هەموویان بەرزبووەوە و بە نیگای گومانەوە چاویان تێبڕی و حەمدان وتی:

- تۆ بێگومان گاڵتە دەکەیت.

- بەڵکو هەق دەڵێم بەبێ زیاد و بەبێ نوقسان!

فەوانیس لێی پرسی:

- خۆ سەرخۆش نەبوویت؟

جەبەل بە تووڕەیی وتی:

- مەی هەرگیز ئەقڵی نەبردووم.

عەتریس وتی:

- مەی وای هەیە ئەزیزم کەس نایزانێ و بە تایبەتی جۆری باش!

تووڕەیی لە سەروچاوی جەبەلدا بەدیارکەوت وەکو هەورێکی تاریك، وتی:

- بەگوێی خۆم گوێم لێبوو وتی: (مەترسە، من جەبەلاوی باپیرەتم)).

حەمدان بەناسکییەوە وتی بۆئەوەی تووڕەییەکەی هێورکاتەوە:

- بەڵام دەمێکە لەماڵەکەی خۆی نەهاتووەتە دەرەوە و کەس نەیبینیوە!

-لە وانەیە هەموو شەوێك دەرچووبێتە دەرەوە بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت.

حەمدان بە وریاییەوە پرسیاری کردەوە:

- بەڵام جگە لە تۆ کەس ڕێکەوتی نەکردووە!

- من ڕێکەوتم کرد.

- جەبەل تووڕە مەبە، مەبەستم گومانخستنەسەر ڕاستگۆییت، نەبوو، بەڵام وەهم خەڵەتێنەرە، توخوا پێم بڵێی ئەگەر ئەو پیاوە دەتوانێت لە ماڵ بێتە دەرەوە، بۆچی وازی لە نووسینگەکە هێنا بۆ کەسێکی دیکە؟ بۆچی لێدەگەڕێ دەست وەردەنە مافی ڕۆڵەکانییەوە؟!

جەبەل بە ڕووگرژییەوە وتی:

- ئەمە نهێنی ئەوە و خۆی دەیزانێت.

- ئەوەی دەربارەی وازهێنانی لەبەر بەساڵاچوویی و بێ تواناییەوە وتراوە نزیکە لە ماقووڵەوە.

دعبس وتی:

- ئێمە لە قسەکردندا پەلەقاژە دەکەین، لێگەڕێن با گوێمان لە چیرۆکەکە بێت، ئەگەر ماویەتی.

جەبەل وتی:

- پێم وت: ((خەونی ئەوەم نەدەبینی کە لەم ژیانەدا چاوم پێت بکەوێت))، وتی: ((ئەوەتا چاوت پێم دەکەوێت))، بینینی خۆم ئاراستە کرد بۆئەوەی سەروچاوە بڵندەکەی لە تاریکییدا ببینم و پێی وتم: (ناتوانی ممبینی لەبەر ئەوەی تاریکییە)) تەقەللادانم بۆ بینینی: ((بەڵام لە تاریکیدا دەمبینی))، وتی: ((من لە تاریکییدا دەبینم لەوەتە ڕاهاتووم تێیدا پیاسە بکەم و بەر لەوەی گەڕەکەکە هەبێت)). بە ئیعجابەوە وتم:

((سوپاس بۆ خوای ئاسمانەکان کە تۆ هێشتا تەندروستیت باشە)).

وتی: ((جەبەل تۆ ئەو کەسەی کەخەڵك پەنای بۆ دەبەن، بۆچی لەبەر تووڕەیی بنەماڵەکەت و بەهەشت بەجێ بهێڵی، بنەماڵەکەی تۆ بنەماڵەی منیشە، ئەوان لە وەقفەکەی مندا مافیان هەیە و دەبێت وەریبگرن، کەرامەتیان هەیە دەبێت پارێزراو بێت، دەبێت ژیان جوان بێت))، یەکسەر بە حەماسێکەوە لێمپرسی کە تاریکییەکەی ڕووناککردەوە: ((چۆن بگەین بەوە؟))، وتی : ((بەهێز زۆردار ڕاودەنێن و مافی خۆتان وەردەگرن و ژیانێکی خۆش بژین)) لە دڵەوە وتم: ((بەهێز دەبین)) وتی: ((سەرکەوتن هاوپەیمانت دەبێت)).

دەنگی جەبەل لەدوای خۆیەوە بێدەنگییەکی بەجێهێشت وەکو خەون، هەموویان پێی بە ئەفسوون بوون.

سەیری یەکدیان کرد پاشان چاویان بڕییە حەمدان تا ئەویش لە بێدەنگیی خۆی هاتە دەرەوە و وتی:

- بە ئەقڵ و دڵمان تەگبیرێکی ئەم چیرۆکە بکەین.

دعبس بەتووندیی وتی:

- پێ ناچێت وەهمێك بێت لە وەهمەکانی مەی و ئەو هەمووەی تێیدایە هەقە.

زەڵمە بە بڕواوە وتی:



- وەهم نابێت مەگەر مافەکانمان وەهم بێت.

حەمدان بەهەندێ دوو دڵییەوە وتی:

- لێت نەپرسی چی ڕێگای نادات کە خۆی عەدالەت بەرقەرار بکات؟ یان چی وای لێکرد نووسینگەکە بداتە خەڵکێکی دیکە کە نازانن بە مافی خەڵکی هەڵسن؟

- لێم نەپرسی، بۆم نەکرا لێی بپرسم، تۆ لە چۆڵەوانی و تاریکییەکەدا چاوت پێ نەکەوت و لە حزووریدا هەستت بە ترس نەکرد، ئەگەر ئەوەت بەسەرهاتبا بیرت لە باسکردنی حیساب نەدەکردەوە و نە گومانیشت دەکرد لە مەسەلەکە.

حەمدان سەرێکی ڕاوەشاند وەکو خۆبەدەستەوەدانێك و وتی:

- بەڕاستی ئەم قسەیە هەر لەجەبەلاوی دەوەشێتەوە، بەڵام بۆچی خۆی جێبەجێی نەکردووە.

دعبس وتی:

- چاوەڕێ بن تا لە ناخۆشیی خۆتاندا دەمرن!

ڕەزوانی شایەر لەقەلەقێکی کرد و بەوریاییەوە سەیری سەروچاوەکانی کرد و وتی:

- قسەکەی جوانە، بەڵام بیرکەنەوە لەوەی بەسەرمان دێت.

حەمدان بەخەمەوە وتی:

- جارێکیان ڕۆیشتین سواڵی هەندێ مافی خۆمانی لێبکەین، ئیتر ئەوەی بوو، بوو.

بە عەبدونی بچووکیش هاواریکرد:

- بۆ لەچی بترسین، لەوەی تێیدابین خراپتر نابێت؟!

حەمدان وەکو لێبووردنێك وتی:

- لەخۆم ناترسم، بەڵام لەئێوە دەترسم.

جەبەل بەبێزارییەوە وتی:

- خۆم بەتەنیا دەچم بۆ لای بەڕێوەبەرەکە.

دعبس لە دانیشتنەکەی جوڵا و نزیکبووەوە و وتی:

- ئێمەیش لەگەڵتاین، لەبیرتان نەچێت کە جەبەلاوی بەسەرکەوتن بەڵێنی داوەتێ...

جەبەل وتی:

- بەتەنیا خۆم دەچم کاتێ بڕیار بدەم، بەڵام دەمەوێت دڵنیابم، بەڵام ئێوە لەدواوەم دەبن بە یەکگرتوویی شایانی ڕووبەڕووبوونەوە بن و بەرەنگاری ببنەوە...

عەبدون بە حەماسەوە ڕاپەڕییە سەرپێ و وتی:

- لە دواتەوەین تا مردن...

حەماسەتی مێردمنداڵەکە گەیشتە دعبس و عەتریس و زەڵمە و فەوانیس. ڕەزوانی شایەر بەهەندێ زۆرزانییەوە پرسی کە ژنەکەی جەبەل دەزانێت بەوەی مێردەکەی لەپێناویدا هاتووە، جەبەل بۆی گێڕانەوە کە چۆن نهێنییەکەی لەلای بەڵقیتی درکاندووە و چۆن کابراکە ئامۆژگاریی دەکرد بۆ ئەنجامەکان و چۆن سوور بوو لەسەر گەڕانەوە بۆ گەڕەکەکەی، چۆن ژنەکەی ئەوەی هەڵبژارد کە تا کۆتا دوایکەوێت. ئەوسا حەمدان بە دەنگێك وتی کە ئەو لەگەڵ ئەوانی دیکەیە:

- کەی دەڕۆی بۆ لای بەڕێوەبەر؟

جەبەل وەڵامیدایەوە:

- کاتێ پلانەکەم پێ دەگات.

حەمدان هەڵسا و وتی:

- لە ماڵەکەی خۆم جێگایەکت بۆ تەگبیر دەکەم، تۆ ئازیزی کوڕەکانیت، ئەمشەو ئەوەی هەیە بەدواوەیەتی، لەوانەیە ڕەبابەکە سبەینێ ئەوە بگێڕێتەوە کە پەیوەستە بە چیرۆکی ئەدهەمەوە، کاتێ بە زمانێکی سەرخۆش و لەتردانەوە دەڵێت:

ئەی کوڕی شیرین تەنجەلی دەخۆیتەوە.

دەچیتە گەڕەکەوە، دەترسی گەڕەکەکە لێبدات و فڕێتدەن، خۆت دەکەیتە فەنجەری، مەزەت ڕۆبیانە، جگە ساتەوەختێك گوێیان لێگرت، دواجار بە حەماس و بە خواستەوە دەستیان درێژکرد بۆ ڕێکەوتن...

-٣٨-

گەڕەکەکە بەهاتنەوەی جەبەلیان زانی، بینییان بە دیشداشەیەکەوە دەسووڕێتەوە و ژنەکەیان بینی کە بەرەو جەمالیە دەڕۆیشت بۆئەوەی شتومەك بکڕێت. دەربارەی پیشە نوێیەکەی قسەیان دەکرد کە لەمەوبەر هیچ یەکێك لە کوڕانی گەڕەکەکە نەیانکردووە. گەمەکانی خۆی لە گەڕەکەکانی دەوروبەر پیشان دەدا نەك لە گەڕەکەکەی خۆی، مارەکانی لە گەمەکان بەکار نەدەهێنا و کەسیش درکی بەوە نەکردبوو کە لەوەدا شارەزایە، چەندجارێك بەلای ماڵی بەڕێوەبەرەکەدا ڕەت ببوو، وەکو بڵێی کە بە ژیانی پێدانەچووە و



سۆزێکی بەئێشی هەبوو لەناخەوە بۆ دایکی، شەقاوەکانی وەکو حەموودە و لەیسی و بەرەکات و ئەبو سەریع بینییان، بێ ئەوەی بەر شەقازللەی بدەن وەکو لەگەڵ کەسانی دیدا دەیانکرد لە خێڵی حەمدان، بەڵام توانجیان تێ دەگرت و گاڵتەیان بە دیشداشەکەی دەکرد، جارێکیان ڕێکەوتی زقلّت بوو بە نیگایەکی ڕەقەوە تەماشای کرد، پاشان بەدەم ڕێگەوە لێی پرسی:

- دیار نەبوویت، لەکوێ بوویت؟

بە حیلمەوە وتی:

- لەوزەیە پان و بەرینە...

کابراکە بە شەڕفرۆشتنەوە وتی:

- من شەقاوەی تۆم و مافی خۆمەوە پرسیارت لێ بکەم و دەبێت وەڵام بدەیتەوە...

- وەڵامم دایەوە بەوەی وتم.

- ئەی چی تۆی هێنایەوە؟

بەهێمنییەوە وتی:

- ئەوەی کە مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ گەڕەکەکەی خۆی!

بە دەنگێکی هەڕەشەئامێزەوە وتی:

- ئەگەر لەجێی تۆ بوومایە نەدەهاتمەوە.

بەهێزەوە لەپڕێکا ڕۆیشت، خەریك بوو خۆی پێدابکێشێت، ئەگەر جەبەل خێرا لەڕێگاکەیدا لانەچووایە، رق و کینەی خۆی دەشاردەوە، ئەوەبوو دەنگی دەرگاوانی ماڵی بەڕێوەبەر بانگی کرد، جەبەل بە سەرسووڕمانەوە ئاوڕی لێی دایەوە، پاشان ڕۆیشت بۆ لای. لەبەردەم ماڵەکەدا چاویان بە یەك کەوت و بە گەرمی تەوقەیان کرد، پیاوەکە وای لێکرد لە ئەحواڵی بپرسێت، پاشان پێی وت خانم دەیەوێت چاوی پێت بکەوێت، جەبەل لەوەتەی لە گەڕەکەکە پەیابببوو پێشبینی ئەوەی دەکرد، دڵی پێی دەوت کە خانم بێگومان دێت. سەرەڕای ئەوەیش بڕیاری دا داوای دیداری نەکات، بۆئەوەی گومان دەربارەی ژنەکە نەورووژێت بەرلەوەی ڕووبدات، چ لەلای خودی بەڕێوەبەر یان لەلای خودی شەقاوەکان، بەڵام خەریك بوو دەچووە خانووەکەوە تا هەواڵەکە لە سەرجەم گەڕەکەکە بڵاوبووەوە، نیگایەکی خێرای بڕییە باخچەکە، کاتێ لەلای پەرژینەکەوە ڕەت بوو، هەروەها بۆ درەختەکانی قەڵەمتۆز و تووە بەرزەکان و دارگوڵەکان کە ئەو ناوەیان داپۆشیوە،

بۆنەئاساییەکە لەژێر چنگی زستاندا شارابووەوە، ڕووناکییەکی هێمن و ڕۆحسووك کەشەکەی داپۆشیبوو، وەکو زەردەپەڕ وەکبڵێی لە هەورە سپیە بلاوبووەکەوە دەچۆڕاوە، بە پەیژەکەدا سەرکەوت و بەهێزەوە ڕەوەبیرەوەریی لە دڵی خۆیدا دەردەکرد، چووە بەر دالآنەکەوە و خانم و مێردەکەی بینی لە بەردەمییەوە دانیشتبوون و چاوەڕێی دەکەن، تەماشای دایکی کرد و نیگاکانیان لەیەك گیربوون، ژنەکە بە ورووژاوییەکی زۆرەوە، هەڵسا بۆ پێشوازیکردنی بەسەر هەردوو دەستی ژنەکەدا کەوت و ماچی کردن، ئەویش بە سۆزەوە ناوچەوانی ڕامۆسی، لە هەڵوێستەکەی خۆیدا هەستێکی خۆشەویستی و بەختەوەریی دایگرت، سەرێکی ڕووە و بەرێوەبەرەکە وەرچەرخان، بینی لەتۆی عەباکەیدا دانیشتووە و بە دووچاوی ساردەوە تێیان دەڕوانێت، دەستی بۆ درێژکرد، نیوە هەڵسانێك هەڵسا تا تەوقەی لەگەڵدا بکات و خێرا دانیشتەوە. هودا بە سەرسووڕمانێکی تێکەڵ بە وەڕزیی چاوێکی بە جەبەل-دا گێڕا بە جەستە باریکەکەی کە لە دیشداشە زبر و ناوتەنگای خۆی بەپشتێنێکی ئەستوور بەستبوو، پووزەوانەیەکی نیمچە کۆنی کردبووە پێیەکانی و کلاوێکی تاریکی خستبووە سەر قژە چڕەکەی، لە چاوانی ژنەکەدا بەزەییەك دیاربوو، چاوەکانی-نەك زمانی- قسەیان دەکرد و خەمباریی خۆی بەدەرخست بۆ دیمەنی و بۆ ئەو ژیانەی کە پێی ڕازی بووە، وەکو بڵێی سەیری هیوایەکی مەزنی دەکرد و هەرەسی هێنا و بووە وێرانە، ئاماژەی پێدا کە دانیشێ و لەسەر کورسییەکی نزیك خۆی دانیشت، ژنەکەیش وەکو ماندووبێت دانیشت و هەستی کرد چی لە دەروونی ژنەکەدا دەخولێتەوە. بە دەنگێکی بەهێزیەوە دەربارەی ژیانی خۆی لە بازاڕی موقەتەم و پیشەکەی و ژنهێنانەکەی قسەی بۆ کرد، وەکو کەسێکی ڕازی لە ژیانی خۆی قسەی بۆ کرد سەرەڕای زبرییەکەی و قەناعەتهێنان پێی. ژنەکە بە قسەکەی بێزی هاتەوە و وتی:

- ژیان چۆن دەبت بابێت، بەلام چۆن ماڵەکەی منت نەکردە یەکەم ماڵ، کە سەری لێ بدەیت لەکاتی گەڕانەوەتدا بۆ گەڕەکەکە؟ خەریك بوو پێی بڵێی کە گەڕانەوەی بۆ گەڕەکەکە تەنها ئامانجی ماڵەکەی ئەو بوو، بەلام ئەوەی دواخست، چونکە کاتەکە شیاوی ئەوە نەبوو، هێشتا لەژێر کاریگەریی دیدارەکەدا بەئاگا نەهاتبووەوە وەلامیدایەوە:

- ماڵەکەی تۆ ئاواتم بوو، بەلام ئازایەتی ئەوەتۆم نەبوو بێمەوە بۆی دوای ئەوەی کە ڕوویدا...

ئەفەندی بە دەنگێکی ساردەوە لێی پرسی:



- بۆچی گەڕایتەوە کاتێك ژیانی دەرەوەت لەلا خۆشبوو؟

خانم بە نیگایەکی گلەییەوە تەماشای مێردەکەی کرد کە پشتگوێخستبوو، بەلام جەبەل بە بزەیەکەوە وتی:

- ئاغام لەوانەیە گەڕامەوە بۆ دیدەنی تۆ!

هودا بەگلەییەوە وتی:

- نەهاتی بۆ سەردانمان تا دەعوەتمان نەکردیت هەی سپڵە.

جەبەل بەسەردانەواندنەوە وتی:

- خانمەکەم بڕوات هەبێت هەر کە ئەو بارودۆخەم بیرکەوتایەوە کە ناچاری کردم ئەم ماڵە بەجێبهێڵم لە ناخی دڵمەوە نەعلەتم لێ دەکرد.

ئەفەندی بە نیگایەکی گومانەوە سەیری کرد و بە پرسیارەکەی ویستی کە واتای چییە، بەلام هودا پێشکەوت و وتی:

- بێگومان بە لێبووردنەکەی ئێمەت زانی دەربارەی خێڵی حەمدان لەبەر خاتری تۆ...

جەبەل هەستی کرد ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئەم هەڵوێستە چاکە خێزانییە کۆتایی پێ بێت، هەروەکو یەکەم جار مەسەلەکە وابوو، کاتی ئەوە هات و خەبات دەست پێ بکات وتی:

- بەڕاستی خانمەکەم، بەلام ئەوان تووشی ڕەزاڵەتێك هاتوون لە مەرگ نەگریسترە، ئەوەی کوڕژا لێیان کوژرا.

ئەفەندی بەتووندیی تەزبیحەکەی گوشی و بەتووڕەیی وتی:

- ئەوانەی تاوانبارن، ئەوەی موستەحەقی بوون، وەریانگرت.

هودا دەستی هەڵبڕی بەتکاوە وتی:

- با هەموو ڕابردوو لەبیر بکەین.

ئەفەندی بەسووربوونەوە وتی:

- نەدەبوو خوێنی (قەدرە) بەفیڕۆ بڕوات.

جەبەل بەخۆڕاگرییەوە وتی:

- بەڕاستی شەقاوەکان تاوانبارن...

ئەفەندی بەتووڕەییە هەڵسا و ڕووی قسەکەی کردە ژنەکەی و بەلۆمەوە وتی:

- ئەمە ئەنجامی بەقسەکردنی تۆیە کە بانگمان کرد بۆ ماڵەکەمان؟

جەبەل بە دەنگێکەوە وتی کە نەبرەکان ئەودیوی سووربوونەکەیان ڕوون دەکردەوە:

- ئاغام، بەهەرحاڵ نیازم بوو بێم بۆلات، لەوانەیە دانپیانان بە چاکە بۆ ئەم ماڵە وای لێکردم چاوەڕێ بکەم تا بانگێشت دەکرێم...

بەڕێوەبەرەکە بە نیگایەکی هەستیار و گومانەوە سەیری کرد و پاشان لێی پرسی:

- بە هاتنەکەت چیت دەوێت؟

جەبەل هەستا و بەئازایەتییەوە بەرەو ڕووی بەڕێوەبەرەکە وەستا، دەیزانی دەرگایەك دەکاتەوە کە زریانی سەرکێشی لێوە هەڵدەکات، بەلام لە دیدارەکەی چۆڵەوانییەکە ئازایەتییەکی وەردەگرت کە هیچ نایلەقێنێت، وتی:

- هاتووم داوای مافەکانی خێڵی حەمدان لە وەقفەکە و ژیانێکی ئاسوودە دەکەم...!

سەروچاوی ئەفەندی لە تووڕەییدا ڕەش داگەڕا، لەکاتێکدا خانم لەبێ ئومێدیدا زاری دابچڕی، کابراکە بە نیگایەکی سووتێنەر تەماشای کرد وتی:

- جورئەتی ئەوەت هەیە بەڕاستی کە ئەم قسەیە دووبارە بکەیتەوە؟

لەبیرت چوو کە بەڵای یەك لەدوای یەك تووشیان دەبێت لەوەتەی شێخە خەڵەفاوەکەتان کە ئەم داواکارییە خورافییانەی پێشکەشکرد؟! سوێند دەخۆم کە تۆ شێت بوویت، داواکراو نیم کە کاتی خۆم لەگەڵ ئەم شێتانەدا بەفیڕۆ بدەم...

هودا بە دەنگێکی گریانەوە وتی:

- جەبەل، بەنیازبووم کە داوات لێ بکەم تۆ و ژنەکەت بێن لەگەڵماندا نشتەجێ بن.

بەڵام بە دەنگێکی بەهێزەوە وتی:

- حەزی کەسێکم بەگوێتدا دا، ئارەزووی کەسێکە کە ڕەتناکرێتەوە، ئەویش باپیرەت جەبەلاویە.

ئەفەندی بە وردیی و لێ پشکنین و حەپەسانەوە سەیری جەبەلی کرد، هودا بە وەڕزییەوە هەڵساو دەستی خستە سەر شانی جەبەل و لێی پرسی:

- جەبەل، چیت بەسەرهاتووە؟!

- جەبەل بە بزەوە وتی:

- هیچم نییە خانمەکەم.

ئەفەندی بە حەپەسانەوە وتی:

- هیچت نییە، تۆ هیچت نییە! ئەقڵت چی لێهاتووە؟



جەبەل بە هێمنی و لەسەرەخۆ وتی:

- گوێ بگرە لە چیرۆکەکەم و ئەوجا حوکمی خۆت بدە.

ئەوەی بۆ گێڕانەوە کە لەمەوبەر بۆ خێڵی حەمدانی گێڕابووەوە.

هەر کە چیرۆکەکەی تەواوکرد، ئەفەندی کە بەدرێژایی کات لە سەروچاوی ورد دەبووەوە وتی:

- خاوەن وەقفەکە لە ماڵەکەی هەرگیز نەهاتووەتە دەرەوە لەوەتەی گۆشەگیر بووە.

جەبەل وتی:

- لە چۆڵەوانییەکە چاوم پێی کەوت.

بە تەوسێکەوە لێی پرسی:

- ئەی بۆ لە ئارەزووەکانی خۆی ئاگاداری نەکردمەوە؟

جەبەل وتی:

- ئەوە نهێنی خۆیەتی و خۆی دەیزانێت.

ئەفەندی پێکەنینێکی ڕقاوی پێکەنی و وتی:

- بەڕاستی تۆ مارگرێکی بەتوانایت، بەڵام بڕوات بە گەمەکانی مارگرەکان نییە، بەڵام دەتەوێت بە هەموو وەقفەکە گەمە بکەیت!

جەبەل بێ ئەوەی هێمنیی خۆی لەدەست بدات وتی:

- خوا دەیزانێ کە من لە هەق لام نەداوە، با جەبەلاوی خۆی بکەین بە ناوبژیوانی ئەگەر دەتوانی، یان ئەوەتا دە مەرجەکەی.

ئەفەندی لە تووڕەییدا تەقییەوە، سەروچاوی ڕەش داگەڕا و هەموو لاق و لەتەری دەلەرزین و هاواری کرد:

- هەی دزی فێلاویی! لە چارەنووسە ڕەشەکەت ڕزگارت نابێت ئەگەریش لە لوتکەی چیاکەش یاخی بیت.

هودا هەڵیدایێ:

- چ بەدبەختییەکە! جەبەل پێشبینی ئەم هەموو کلۆڵییەم نەدەکرد کە لەگەڵ خۆتدا هێناوتە.

جەبەل بەسەیرەوە پرسیاری کرد:

– ئەم هەمووە ڕوودەدات لەبەر هیچ نا تەنها لەبەرئەوەی داوای مافی ڕەوای خێڵەکەم دەکەم؟!

ئەفەندی بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

– لاڵ بە هەی فێڵباز، هەی حەشاش، ئەی گەڕەکی حەشاشەکان ئەی کوڕانی سەگ، لە ماڵەکەم دەرچۆ دەرەوە، ئەگەر بگەڕێیتەوە سەر وڕێنەکەت خۆت و کەسوکارت بەسەربڕین لەناو دەبەین وەکو مەڕ.

جەبەل لەتووڕەییدا چارەی گرژ کرد و هاواری کرد:

– وریابە بەر تووڕەیی جەبەلاوی نەکەویت.

ئەفەندی هێرشی کردە سەر جەبەل و مشتێکی کێشا بە سنگە پانەکەیەوە هەتا هێزی هەبوو، بەڵام جەبەل بەخۆڕاگریی و سەبرەوە وەریگرت، ئاوڕی لە خانم دایەوە و وتی:

– بگرە لەبەر خاتری تۆ ڕێزی دەگرم...

پاشان پشتی تێکردن و ڕۆیشت...

## -٣٩-

خێڵی حەمدان پێشبینی خراپەیەکی لەپڕیان کرد. (تەمرحنە) پێچەوانەی هەمووان بوو، پێی وابوو ئەمجارە مادامێکی جەبەل سەرداری خێڵی حەمدانە، خانم ڕێگای نادات لەناویان بەرێت، بەڵام جەبەل خۆی بڕوای بە بۆچوونی (تەمرحنە) نەبوو، ئەگەر تەماحکارێك هەڕەشە لە وەقفەکە بکات و جەبەل هیچ وەزنێکی نابێت و نەهیچ یەکێك لە خەڵکەکەیش تەنانەت نزیکترینیشیان لە ئەفەندییەوە، جەبەل وەسییەتەکەی باپیرەیانی بیرهێنایەوە دەبێت بەهێز بن و خۆیان لەبەردەم ناخۆشیدا بگرن. دعبس وتی بەهێزبن و خۆیان لەبەردەم ناخۆشیدا بگرن. دعبس وتی جەبەل لە نازونیعمەتدا دەژیا و لەبەر خاتری ئەوان وازی لێ هێنا و ناشبێت ئەوان شەرمەزاری بکەن. پەنابردنە بەر هێز ئەگەر سوودی نەبێت پاڵیان پێوە نانێت بۆ خراپتر لەوەی ئێستا. بەڕاستی خێڵی حەمدان هەستیان بەترس کردبوو و مێشکیان جەنجاڵ بوو، بەڵام هێز و خۆڕاگرییان لە بێئومێدیدا دۆزییەوە و ئەو پەندەیان دەوتەوە کە دەڵێت: (دوو کوێر ڕێکدەکەوتن)، تەنها ڕەزوانی شاعیر بە هەناسەساردییەوە دەیوت: (ئەگەر خاوەن وەقفەکە بیەوێت وشەی دادپەروەریی ڕادەگەیاند و حەقی خۆمانی دەداینێ و لە لەناوچوونی مسۆگەر ڕزگاری دەکردین)... جەبەل تووڕە بوو



هەر کە قسەکەی ئەوی پێگەیشت، بە مۆنی و ورووژاویی چوو بۆلای و پاشان لە هەردوو شانی گرت و ڕایوەشاند، خەریك بوو لە دانیشتنەکەی دەربیهێنێت هاواری لێکرد: (ڕەزوان ئەمە حاڵی شاعیرەکانە؟! چیرۆکی قارەمانەکان دەگێڕنەوە و لەسەر ڕەبابە گۆرانی پێوە دەڵێن، ئەگەریش بوو بەڕاستی دەکشێنەوە بۆ کونەکانی خۆتان و دوودڵیی و دۆڕان بڵاودەکەنەوە، نەعلەت لە ترسنۆکەکان بێت) و ئاوڕی لە دانیشتووان دایەوە وتی: (جەبەلاوی هیچ گەڕەکێکی لە گەڕەکەکان وەکو ئەم گەڕەکەی ئێوە ڕێزی لێ نەگرتووە، ئەگەر بەخێزانی تایبەتی خۆی دانەنایە پێم نەدەگەیشتن و قسەی لەگەڵدا نەدەکردم، بەڵام ڕێگای ڕووناك کردەوە و بەڵێنی پشگیریی دا وەڵا ئەگەر بەتەنیا خۆشم بم خەبات دەکەم، بەڵام دیاربوو خۆی بەتەنیا نەبوو، هەموو پیاوێك، هەموو ژنێك پشتگیریی کرد، هەمووان چاوەڕێی مەینەتییەکە بوون، وەك بڵێی گوێ نادەن بە دەرئەنجامەکان. جەبەل بەشێوەیەکی خۆڕسك شوێنی سەرکردایەتی لە گەڕەکەکەی خۆیدا گرتەوە، ڕووداوەکان پێویستیان کردبوو بەبێ مەبەستی خۆی یان تەگبیرێك و بەبێ ڕێگریی حەمدان کە پێی خۆش بوو وازی لە جێگەکەی خۆی هێنا، کە دەبێتە ئامانجی هێرشێك و نازانێت چەند دەخایەنێت، جەبەل لە حەسارەکەدا نەمایەوە بگرە دەرچووە دەرەوە و سەرپێچیی ئامۆژگارییەکەی حەمدانی کرد کە وەکو عادەتی خۆی پیاسە بکات. لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا پێشبینی خراپەی دەکرد، بەڵام هیچ یەکێك لە شەقاوەکان خراپەی لەگەڵ نەکرد، ئەمەیشی زۆر پێ سەیر بوو، هیچ شیکردنەوەیەکی بۆ نەدۆزییەوە، جگە ئەوە نەبێت کە ئەفەندی هەواڵەکەی شاردووەتەوە، بەرامبەر ئەوەی بەو هیوایەی کە ئەویش لە داواکارییەکەی خۆی بێدەنگ بێت و مەسەلەکە کۆتایی بێت وەکوبڵێی هیچ نەبووە. لەپشتی ئەم سیاسەتەوە سەروچاوی خەماویی خانم و دایکایەتییە ڕاستەقینەی بەدی کرد. ترسا سۆزەکەی بسەلمێنێت، چونکە ئەوە سەختترە لە ڕەقی مێردەکەی، بە دووروودرێژیی بیری کردەوە بۆئەوەی چی بکات کە ئەو خۆڵەمێشە لە پشکۆکە بتەکێنێت، لە گەڕەکەکەدا ڕووداوی سەیر ڕوویان دا. ڕۆژێکیان هاواری ژنێك لە ژووری نووستنەوە هات، دەرکەوت مارێك لەنێوان قاچەکانی کشابوو، بەڕاکردن هاتبووە سەر شەقامەکە و پیاوان هاتنە دەرەوە بۆ گەڕان بەدوای مارەوە، بەدارەوە خۆیان کرد بە ماڵەکەیدا و بەدوای مارەکەدا گەڕان تا دۆزییانەوە، بەلێدان تێی بەربوون تا کوشتیان و فڕێیان دایە سەر زەوی گەڕەکەکە و منداڵەکان گرتیانەوە و بەهەڵهەلەوە کەوتنە گەمەکردن پێی، ڕووداوەکە لە گەڕەکەکەدا نامۆ نەبوو، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو

تا هاواری فریاکەوتن جارێکی دیکە لە ماڵێك لە سەرەتای ئەو گەڕەکە بەرزبووەوە کە دوابەدوای جەمالییە بوو. هەر کە شەو داهات هاوار لە دەوروبەری حەمدان بەرزبووەوە، چونکە خەڵکی ماریان دیبوو، بەڵام بەرلەوەی کەس فریای کەوێت، ون ببوو، هەوڵی خەڵکەکە بۆ دۆزینەوەی بەفیڕۆ چوو، ئەوجایش جەبەل خۆی خۆبەش کرد بۆ دەرهێنانی و پەنابردنە بەر شارەزایی خۆی کە لە بەڵقیتی وەریگرتبوو، خێڵی حەمدان دەربارەی سەیری جەبەلیان دەکرد بەڕووتی لە حەوشەکەدا و زمانە نهێنییەکەی کە قسەی پێ دەکرد لەگەڵ مارەکەدا، تا بە ملکەچییەوە بۆی هات، خەریك بوو لەگەڵ بەیانی ڕۆژی دواتردا ڕووداوەکان لەبیر بچنەوە، ئەگەر لە ماڵی کەسانی بەدەسەڵات ڕوویان نەدابایە، وا بڵاوبووەوە و گوێیەکان پڕبوون کە مارێك داویە بە حەمودەی شەقاوەوە، کاتێ بەو سەرایەدا ڕەت دەبوو کە لێی نیشتەجێیە، کابرا ناچار بوو هاوار بکات تا هاوڕێکانی پێیان زانی فریای کەوتن، ئەم ڕووداوە بووە مەتەڵی خەڵکی و باسی مارەکانیان دەکرد و دەیانووتەوە، بەڵام چالاکیی سەیری مارەکان نەوەستا. هەندێ لە برادەران لە چەرداخەکەی بەرەکاتی شەقاوە لەنێوان کاریتەکەی میچەکەیدا مارێکیان بینیبوو، نیو دەقیقەیەك دیارکەوت و دواجار ونبوو، بەترسەوە هەڵسان و دانیشتنەکە تێکچوو، هەواڵی مارەکان مەتەڵی شاعیرەکانی لە چایخانەکاندا داپۆشی، دیاربوو چالاکییەکانیان سنووری ئەدەبی تێپەڕاندبوو، چونکە مارێکی گەورە لە ماڵی بەڕێوەبەر پەیابوو، لەگەڵ ئەوەی خزمەتکارێکی زۆری ماڵەکە لە هەموو کون و قوژبنێکدا بڵاوببوونەوە بۆ گەڕان بەدوای مارە شاراوەکەدا، بەڵام هیچ شوێنەوارێکیان نەدۆزییەوە، ترس بەڕێوەبەری داگرت، تەنانەت خانم بەڕاستی بیریکردبووەوە کە ماڵەکە بەجێبهێڵێت تا دڵنیا دەبێت کە ماڵەکە ماری تێدا نییە.

لەکاتێکدا ماڵەکە ژێروژوور کرابوو، لە ماڵەکەی زقڵت شەقاوەی گەڕەکەکە هاوار و ژاوەژاو بەرزبووەوە، دەرگاوانەکە ڕۆیشت بزانێت هەواڵ چییە پاشان گەڕایەوە بۆ لای ئاغاکەی وتی کە مار داویە بە یەکێك لە منداڵەکانی زقڵتەوە و دیار نەماوە. هەموو ترسیان لێ نیشت، بانگەوازی فریاکەوتن لە هەموو دەوروبەرێك بەرزدەبووەوە و هاتم سوور بوو لەسەر ئەوەی کە گەڕەکەکە بەجێ بهێڵێت، مامە حەسەنەینی دەرگاوان وتی جەبەل مارگرە و مارگرەکان شارەزان لە ڕاوکردنی ماردا، دووپاتی کردەوە کە مارێکی لە کۆڵانێکی حەمدان دەرهێنا، ئەفەندی ڕەنگی تێکچوو و هیچی نەوت، بەڵام خانم فەرمانی



دا بە دەرگاوانەکە کە بانگی جەبەل بکات، دەرگاوانەکە بەڕووخسەتەوە سەیرێکی ئاغای کرد، ئەفەندیش بەچەند وشەیەکی ڕقاوییەوە بێ ئەوە دەربخاتە ورتە ورتێکی لێوەهات، خانمیش سەرپشکی کرد لەنێوان بانگکردنی جەبەل و بەجێهێشتنی ماڵەکە و ڕێگای دا بە کابراکە کە بەدەم دەرهێنانی ڕق و تووڕەییەوە و خەڵکێکی زۆر لەنێوان ماڵەکەی بەڕێوەبەر و شەقاوەکەدا کۆبوونەوە و خەڵکی پایەبەرز هاتن بۆ ماڵەکەی بەڕێوەبەر لە پێشییانەوە شەقاوەکانی وەکو: زقڵت و حەموودە و بەرەکات و لەیسی و ئەبوسەریع بوون، دانیشتووانەکان بێجگە لە مار هیچ قسەوباسێکی دیکەیان نەبوو، ئەبو سەریع وتی:

- دەبێت لە جەبەلدا شتێك هەبێت کە پاڵی ناوە بە مارەکانەوە بێن بۆ ماڵەکانمان.

زقڵت بانگی کرد وادیاربوو وەك بڵێی لەگەڵ خۆیدا شەڕ دەکات، چونکە کەسی نەدۆزییەوە لەگەڵیدا شەڕ بکات.

- بەدرێژایی تەمەنمان دراوسێی جەبەل بووین و هیچی لێ ڕووینەداوە...

زقڵت لەبەرئەوەی بەسەر کوڕەکەی هاتبوو ورووژابوو. حەموودەیش هێشتا لەبەر قاچی دەشەلێ، لەپڕێکدا هەموو ترس دایگرتن و وتیان ماڵەکەیان شیاوی ئەوە نییە تێدا بمێنێتەوە، دانیشتووانەکان لە گەڕەکەکەدا کۆبوونەوە. جەبەل هات و توورەکەکەی پێ بوو، سڵاوی لە هەمووان کرد، بە ئەدەب و بڕواوە لەبەردەم ئەفەندی و خانمدا وەستا. بەڕێوەبەر نەیتوانی سەیری بکات، بەڵام خانم پێی وت:

- پێیان وتین جەبەل کە تۆ دەتوانیت مار لە ماڵەکانمان دەربێنی؟

جەبەل بەهێمنی وتی:

- ئەوە فێربووم کە فێربووم خانمی خاوەنی چاکە...

- بانگم کردوویت بۆئەوەی ماڵەکە لەمار پاك بکەیتەوە.

جەبەل سەیری ئەفەندی کرد و پرسیاری کرد:

- ئایا جەنابی بەڕێوەبەر ڕووخسەتم دەدات؟

بەڕێوەبەر مڕەمڕێکی لێوەهات و تووڕەیی و قەهری خۆی دەشاردەوە:

- بەڵێ.

لێرەدا (لەیسی) بە هاندانێکی شاراوەی زقڵت پرسیاری کرد:

- ئەی ماڵەکانی ئێمە و ماڵەکانی دیکە؟

جەبەل وتی:

- شارەزایەکەم لە ئۆغری هەمواندایە.

دەنگی سوپاس بەرزبووەوە، پاشان جەبەل دووچاوە گەورەکەی زۆر بە سەروچاوەکاندا گێڕا و پاشان وتی:

- وابزانم پێویست ناکات بەبیرتانی بخەمەوە کە هەمووشتێ نرخی خۆی هەیە، هەروەکو مامەڵە لە گەڕەکەکەماندا بەوجۆرە بەڕێوە دەچێت!

شەقاوەکان بە حەپەساوییەوە سەیریان کرد و وتی:

- بۆچی سەرتان سووڕدەمێنێت؟ ئێوە گەڕەکەکان بەخاوە دەپارێزن و جەنابی بەڕێوەبەریش وەقفەکە بەڕێوە دەبات لەبری داهاتەکەی...

دیاربوو سەغڵەتی هەڵوێستەکە ڕێگای نەدا چاوەکان ئەوە ڕوون بکەنەوە کە لە سنگەکاندایە، وەلێ زقڵت لێی پرسی!

- چی داوا دەکەی لەبری ئیشەکەت؟

بەهێمنی وتی:

-داوای پارە ناکەم، بەڵام قسەی شەرەفم دەوێ کە ڕێز لە کەرامەت و مافی خێڵی حەمدان بگرن لە وەقفەکەدا.

بێدەنگیی باڵی کێشا، دیاربوو کەشەکە بە ڕقێکی کپەوە هەناسەی دەدا، خانم نیگەرانییەکەی زیادی کرد، لەکاتێکدا بەڕێوەبەر چاوانی لە زەویدا شاردەوە، جەبەل دیسان وتی:

- پێتان وانەبێت کە من تەحەداتان دەکەم بەوەی کە لەسەرتانە هەق و دادپەروەریی بەرامبەر بە برا پرزە براوەکانتان، ئەو ترسەی کە لە ماڵ و حاڵی خۆتان دەریکردوون، قومێکە لەوەی کە براکانتان هەموو ڕۆژێك لە ڕۆژە کلۆڵەکانیان دەیچێژن...

لە چاوەکاندا نیگای تووڕەیی خێرا وەکو هەورەتریشقە دەبریسکایەوە و لەپڕێکدا لەژێر هەوری شاردنەوەدا ون دەبوو، بەڵام ئەبو سەریع وتی:

- دەتوانم یەکێك لە ڕفاعیەکانتان بۆ بێنم با دوو سێ ڕۆژ لە دەرەوەی ماڵەکانمان بین تا لە گوندەکەی خۆیانەوە دێن.

خانم پرسیاری کرد:

- چۆن گەڕەکێك هەمووی بۆ دوو سێ ڕۆژ لە دەرەوەی ماڵەکانیان بنوون؟



ئەفەندی بە هەموو هێزێکەوە بیری دەکردەوە، بەزاڵ بوون بەسەر سۆزی تووڕەیی و کینەدا لە سنگیدا کە گڕی گرتبووە، هاتە قسەو بە جەبەلی وت:

- من قسەی شەرەفت دەدەمێ بەوەی کە داوای دەکەیت و ئیشی خۆت بکە...

شەقاوەکان حەپەسان، بەڵام هەڵوێستەکە ڕێگەی نەدان بەوەی کە لە دەروونیاندا هەیە ئاشکرای بکەن، لەسەر سنگیان خەمێکی کوشندە هەبوو. وەلێ جەبەل فەرمانی دا تا ئەو پەڕی باخچەکە دوورکەونەوە، جێگا و ماڵەکەی بۆ چۆڵ بوو. جلوبەرگی داکەند وەکو ئەو ڕۆژەی خانم لە چاڵە پڕ ئاوی بارانەکە دەریهێنا، لەم جێ دەچوو بۆ ئەوجێ، لەم ژوور بۆ ئەو ژوور و جارجارێك فیتۆیەکی کزی لێدەدا یان هەندێ وتەی ناڕوونی دەوت.

زقڵت نزیکبووەوە لەبەڕێوەبەر و پێی وت:

- ئەو خۆی مارەکانی ناردووە بۆ ماڵەکانمان.

بەڕێوەبەر ئاماژەی پێدا کە بێدەنگ بێت و ورتەورتێکی کرد:

- لێی گەڕێ با مارەکان دەرکات.

ئەو مارەی کە لە چراخانەکەدا خۆی شاردبووەوە بە قسەی جەبەلی کرد، یەکێکی دیکەی لە ژووری بەڕێوەبەرایەتی وەقفەکە دەرهێنا، مارەکانی ئاڵاندە مەچەکییەوە و لە پەریژینەکەوە دەریانی خست و خستنییە توورەکەکەیەوە، جلوبەرگەکەی لەبەرکرد و چاوەڕێ بوو تا هەموو هاتن و پێی وتن:

- دەی بڕۆن بۆ ماڵەکانتان تا پاکی بکەمەوە.

ئاوڕی لە خانم دایەوە و بە دەنگێکی کزەوە وتی:

- ئەگەر بەدبەختی کەسوکارم نەبووایە لە خزمەتی تۆدا هەرگیز یەك مەرجم دانەدەنا.

لە بەڕێوەبەر نزیکبووەوە و دەستی هەڵبڕی و بە ئازایەتییەوە وتی:

- بەڵێنی پیاوی ئازاد قەرزە لە سەری.

چووە دەرەوە و هەموو بەبێدەنگیی لەدوایەوە دەڕۆیشتن...

## -٤٠-

جەبەل لە پاککردنەوەی گەڕەك لە مارەکان لە بەرچاوی هەموو خەڵکەکەی سەرکەوتوو بوو، هەر مارێك بە قسەی کردبایە دەنگی هوتاف و هەلهەلە بەرز دەبووەوە، تا بووە قسەوباسی گەڕەکەکە لە خانووە گەورەکەوە بۆ جەمالییەوە، هەر کە لە کارەکەی بووەوە و

چووه بۆ کۆڵانەکەی خۆیان مێردمنداڵ و لاوان لێی کۆبوونەوە و گۆرانییان دەوت و چەپڵەیان لێدەدا:

جەبەل لایەنگیری لیقەوماوان

جەبەل ڕاونەری ماران...

تا ڕۆیشت گۆرانی و چەپڵە بەردەوام بوو، وەلێ ئەوە کاردانەوەی توندی هەبوو لەسەر دەروونی شەقاوەکان، حەمموودە و لەیسی و ئەبوو سەریع دەرچوون بۆ خۆپیشاندەران، بەنەعلەت و جنێو و شەقازللە و شەق تێیان بەربوون تا بڵاوەیان لێکرد و پەنایان بردە ماڵەکانیان، لەڕێگادا هیچ نەمایەوە تەنها سەگ و پشیلە و مێش نەبێت. خەڵکی پرسیاری نهێنی ئەم هەڵمەتەیان کرد، چۆن شەقاوەکان چاکەکەی جەبەل دەدەنەوە بەوەی دەستدرێژیی بکەنە سەر ئەوانەی کە لەپێناوی ئەودا خۆپیشاندانیان کردووە، ئایا ئەفەندی بەڵێنەکەی خۆی بۆ جەبەل دەباتەسەر، یان هەڵمەتی شەقاوەکان سەرەتای هەڵمەتێکی توندی تۆڵەسەندنەوەیە؟ ئەم پرسیارانە لەسەری جەبەلدا دەسووڕانەوە، پیاوانی حەمدانی بانگ بۆ ئەو شوێنەی کە لێی نشتەجێیە، تا پێکەوە مەسەلەکە تەگبیر بکەن، لەهەمان کاتدا زقڵتیش کۆببووەوە لەگەڵ بەرێوەبەر و ژنەکەیدا، بەسووربوونەوە دەیوت و کینە دەیخواردەوە:

-کەسیان لێ ناهێڵین.

ئاسوودەیی بە سەروچاوی ئەفەندییەوە دیاربوو، بەڵام هانم پرسیاری کرد:

- ئەو قسەی شەرەفەی کە بەرێوەبەر داویەتی؟

زقڵت مۆنبووەوە تا سەروچاوی ناشیرینتر بوو لە هەر سەروچاوێکی ئادەمییانەی دیکە و وتی:

- خەڵکی ملکەچی هێز دەبن نەك شەرەف.

ژنەکە بە بێزهاتنەوە وتی:

- قسەمان پێ دەڵێن و دووبارەی دەکەنەوە.

- چیان پێ خۆشە بابیڵێن، ئەوان کەی لە ئێمە و ئێوە بێدەنگ بوون؟ چەرداخەکە هەموو شەوێك پڕدەبێت لە گاڵتەپێکردن و نوکتە لە سەرمان، بەڵام ئەگەر بچینە دەرەوە لەرێگا دەستەوسان بۆمان دەوەستن، لە ترسی تێلا مل کەچ دەکەن، نەك ئیعجابیوون بە شەرەف...



ئەفەندی بە نیگایەکی وەڕزییەوە سەیری دەکرد:

- جەبەل خۆی پلانی مارەکانی داناوە بۆئەوەی مەرجەکانی بەسەرماندا بسەپێنێت، هەموو کەسێك ئەوە دەزانێت، کێ داوای ڕێزگرتن لە قسەیەك دەکات کە درابێت بە کەسێکی فێڵباز و ساختەچی؟

زقڵت سەروچاوی خۆی گرژ کرد و هێشتا ناشیرینییەکەی پێوە دیاربوو:

- خانم لەبیرت بێت ئەگەر جەبەل سەرکەوتوو بوو لە وەرگرتنی هەقی خێڵی حەمدان لە وەقفەکە، کەس لە گەڕەکەکەدا سەرڕەحەت نابێت، تا ئەوانیش هەقی خۆیان وەرنەگرن، بەوەش وەقفەکە لەناودەچێت و هەموویشمان لەناودەچین.

ئەفەندی بەتوندیی تەزبیحەکەی دەستی گوشی تا دەنکەکانی تەقەتەقیان لێوەهات و بە زقڵتی وت:

- کەسیان لێ مەهێڵە...

شەقاوەکان بانگ کران بۆ ماڵەکەی زقڵت، پاشان دەستوپێوەندە نزیکەکانیشیان هاتن. وا بڵاوبووەوە لە گەڕەکەکەدا کە مەسەلەیەکی ترسناك بۆ خێڵی حەمدان تەگبیرکراوە، پەنجەرەکان پڕبوون لە ژنان و ڕێگایش پڕبوون لە پیاوان، جەبەل پلانەکەی خۆی ئامادەکردبوو، پیاوانی حەمدان لە حەوشەی سەرای ناوەڕاست و هەموو تێلایان و بەردەقانیان بەدەستەوە بوو، ژنانیش لە ژوورەکانی سەربان بڵاوبوونەوە، هەرکەسە و کاری دیاریکراوی خۆی هەبوو، بەڵام هەر هەڵەیەك لە بەجێبەجێکردندا یان گۆڕینێك لە تەگبیرکردنەکەیان واتای هیچ نییە جگە لەناوچوونیان نەبێت بۆ هەتا هەتایە، بۆیە شوێنی خۆیان گرت لە دەوری جەبەل و زۆر پەشۆکاو بێتاقەت بوون. حاڵیان لە زیرەکی جەبەل نادیار نەبوو، ئەو پشتگیرییەی خاوەن وەقفەکە و بەڵێندانی بە بەهێزەکان بۆ سەرکەوتنیان بۆ دووپات دەکردنەوە، تێیاندا دڵی ڕاستگۆی بینی، هەندێکیان لە ئیمانەوە و هەندێکیان لە بێ ئومێدییەوە بوو.

ڕەزوانی شایەر لاربووەوە بەلای گوێچکەی سەرکار حەمداندا و پێی وت:

- دەترسم پلانەکەمان سەر نەگرێت، پێم باشترە بەچاکی دەروازەکە داخەین و سەنگەر لەسەربان و پەنجەرەکان بگرین. حەمدان بەبێزارییەوە هەردووشانی هەڵتەکاند و وتی:

- کەواتە خۆمان بە گەمارۆ لەناودەبەین و تا لەبرساندا تیادەچین!

حەمدان ڕووی کردە جەبەل و وتی:

- باشتر نییە دەروازەکە بەکراوەیی بهێنیتەوە؟

جەبەل وتی:

- لێگەڕێ با وەکو خۆی بێت ئەگینا دەکەونە گومانەوە.

بایەکی ساردی تووند هەڵیکرد و دەیلووراند و هەروەکان لە ئاسمان ڕایان دەکرد وەك بڵێی ڕاودەنران، پرسیاریان کرد ئایا باران دەبارێت؟ دەنگی زەڵەی خەڵکە کۆبووەوەکە لە دەرەوە دەهات تا میاوی پشیلەکان و وەڕینی سەگەکانی هەڵلووشی، (تەمرحنە) بە ئاگادارکردنەوە وتی: (ئەهریمەنەکان هاتن).

بەڕاستی زقڵت لە ماڵەکەی خۆی هاتە دەرەوە و خەرمانەیەکی شەقاوەی لە دەور بوو، دەستوپێوندەکان دوایان کەوتبوون، دەستیان لەسەر تێلاکانیان بوون، لەسەرخۆ دەڕۆیشتن تا خانووە گەورەکە، پاشان ڕوویان کردە گەڕەکی حەمدان و خەڵکە کۆبووەوەکە بە هەلهەلە و هوتافدانەوە پێشوازییان لێکردن، هەلهەلە لێدەر و هوتافدەرەکان بڕبڕ بوون، کەم بوون ئەوانەی کە حەزیان بە شەڕ و ڕابواردن بوو، بە دیتنی خوێنڕشتن و ڕقبوونەوەیان لە خێڵی حەمدان، چونکە داوای جێگایەکیان دەکرد کە کەس بۆیان دانی پیا نەدەنا و زۆریان ڕقیان لە شەقاوەیەتیی و زۆردارییە، ڕقهەڵگرتووە و لە ترسان و دووڕووییدا پشتگیریی دەردەبڕن، زقڵت گوێی بە کەسیان نەدەدا و لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو تا لەبەردەم سەراکەی حەمدان وەستا و وتی:

- ئەگەر پیاوێکتان تێدایە با بۆم بێتە دەرەوە.

دەنگی تەمرحنە لەودیوی پەنجەرەکەوە هات:

- قسەی شەرەفی نوێمان بدەرێ تا لە دەرەوە غەدارێك غەدر نەکات.

زقڵت تووڕە بوو لەبەرئەوەی کەلامی شەرەفیان خستە بەردەمی و وتی:

- کەسێکی دیکەتان نییە، وەڵام بداتەوە جگە ئەو قەحپەیە نەبێت؟

تەمرحنە بانگی کرد:

- ڕەحمەت لە دایکت زقڵت.

زەقڵت بە فەرماندانەوە هاواری لە پیاوەکانی کرد کە هێرشبەرنە سەر دەروازەکە. پیاوان هێرشیان کردە سەر دەروازەکە، ئەوانی دیکە بەردیان دەگرتە پەنجەرەکان، تا کەس نەوێرێت بیانکاتەوە و بۆ بەرگریکردن بەکاریان بهێنن و هێرشبەرەکان لەبەردەم دەروازەکە کۆبوونەوە و بەتووندیی بەشان پاڵیان پێوەدەنا، بەتووندیی لە پاڵدان بەردەوام بوون، تا



دەرگاکە کەوتە جووڵە و ورەیان توونددتربوو تا دەرگاکە لەق بوو، گەڕانە دواوە پاشان بەهێزەوە ئاژنگیانا و بەیەکەوە پاڵیان پێوەنا تا دەرگاکە لەسەر هەردوولا کرایەوە، لەڕێگای دالانە درێژەکە لەودیوی دەرگای حەوشەکەوە جەبەل و پیاوانی حەمدان هەموویان تێلایان بەرزکردووەتەوە، زقڵت بە بزووتنێکی ئاشکراوە دەستی هەڵبڕی و پێکەنینێکی گاڵتەپێکردنی بۆ کرد، پاشان بەرەو دالانەکە ئاژەنگی ناو لەدوایەوە پیاوەکانی، نەگەیشتنە ناوەڕاستی دالانەکە تا لەپڕێکدا زەوییەکە لەژێر پێیاندا داتەپێ و هەموو کەوتنە چاڵێکی قووڵەوە، لە خێراییەکی سەرسووڕهێنەردا پەنجەرەی خانووەکانی هەردوو لای دالانەکە کرانەوە و بەگۆزە و تەنەکە و تەشت و کونە ئاویان پێداکردن، پیاوانی حەمدانیش بەبێ دوودڵیی چاڵەکەیان بەردەباران کرد، بۆ یەکەمجار گەڕەکەکە گوێی لە هاواری شەقاوەکانی بوو، بینیان خوێن لەسەری زقڵت دەهات و بەتێلا بەربوونە سەری حەمموودە و بەرەکات و لەیسی و ئەبو سەریع و لەناو قوڕەکەدا پەلەقاژەیان بوو، دەستوپێوەنەکان کە بینیان چی بەسەر شەقاوەکانیان هات، ئەوانیش هەڵاتن و شەقاوەکانیان جێهێشت بۆ چارەنووسی خۆیان ئاوپیاکردنەوە و بەردهاویشتن توونددبوون و تێلاکان بەبێ بەزەییانە دادەبارین و خەڵکی گوێیان لە هاواری ئەو قوڕگانە بوو کە بەدرێژایی ژیانیان فێری هیچ نەبوون تەنها جنێو نەبێت، ڕەزوانی شایەر بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد: کەسیان لێ دەرنەکەن...

قوڕوخوێن تێکەڵ بوون، حەمموودە یەکەمین تیاچووەکان بوو، هاواری لەیسی و ئەبوسەریع بەرزبووەوە و زقڵت دەستی لە دیواری چاڵەکە گیرکردبوو، دەیویست خۆی بگرێت و ڕق و کینە لە چاوی دیاربوو، بەزۆر خۆی لەبەر ماندوویی و بێتاقەتی دەگرت، وەکو گا دەیبۆڕاند، بەرتێلایان دا گەڕایە دواوە و دەستی لە دیوارەکە شل بوو. کەوتە ناو ئاوەکەوە هەردوو دەستی پڕبوو لە قوڕ و بێدەنگیی باڵی کێشا لە چاڵەکەدا نووزەی لێوە نەهات و نەجووڵەیەك سەر ئاوەکە بووە خوێن و قوڕاو، پیاوانی حەمدان بە هەناسکەبڕکێوە وەستابوون. خەڵك کۆبوونەوە لە دەوری چاڵەکە، بە حەپەسانەوە تەماشایان دەکرد و ڕەزوانی شایەر وتی:

- ئەمە کۆتایی زاڵمانە...

هەواڵەکە وەکو ئاگر لە گەڕەك بڵاوبووەوە، عەشاماتەکە دەیانوت جەبەل شەقاوەکانی لەناوبرد، وەکو چۆن مارەکانی لەناوبرد، هەموو وەکو گرمەی هەور هوتافیان بۆی دەدا،

حەماس گڕی دابوون، گوێیان لە بایە ساردەکە نەبوو، پێیانوت شەقاوەی گەڕەکی جەبەلاوی، دوای ئەوەی لاشەی شەقاوەکانیان دەکرد تا پارچە پارچەی بکەن، بووە چەپڵەڕێزان و سەماکردن، جەبەل ساتێ لەبیرکردنەوە نەکەوتبوو، هەموو لە مێشکیدا تەگبیرکردبوو بانگی لە خەڵکەکەی کرد: دەی- دەی ئیستا بابڕۆین بۆ ماڵی بەڕێوەبەر...

-٤١-

لە چەند خولەکێك پێش هاتنەدەرەوەی جەبەل و کەسوکارەکەی لە شوێنەکەی خۆیان و دەروونەکان بە گڕکانی سوورەوە بوو تەقینەوە، ژنەکان لە ماڵەکان هاتنەدەرێ و چوونە پاڵ پیاوان و هەموان هێرشیان بردە سەر ماڵی شەقاوەکان و بەدەست و قاچ لە کەسوکارەکانیان دا تا ڕۆحی خۆیان دەربازکرد و دەستیان بەپشتەمل و سەروچاوی خۆیانەوە گرتبوو، هەناسەیان هەڵدەکێشا و فرمێسکیان دەڕشت، بەڵام ماڵەکان تالآن کران لە کەلوپەل و خۆراك و جلوبەرگ و ئەوەی بشکێنرایە، دەیانشکاند لە تەختە و شووشە تا بووە وێرانەیەکی چۆڵ و هۆڵ. حەشاماتە تووڕەکە بەرەو ماڵەکەی بەڕێوەبەرەکە ملیان نا لەبەردەم دەروازە داخراوەکەدا کۆبوونەوە و لەودیوەوە بە دەنگی وەکو گرمەی هەور بانگیان دەکرد.

- بەڕێوەبەر بێنن...

- ئەگەریش نەهات...

پاشان هوتافەکە بە هەلهەلەیەکی گاڵتەجاڕیی تەواو دەکەن، هەندێك ڕوویانکردە ماڵە گەورەکە و بانگی جەبەلاوی باپیرەیان دەکرد، کە لە گۆشەگیرییەکەی خۆی بێتە دەرەوە و کاروبارە خراپەکان و کاروباری گەڕەکەیان چاك بکات. ئەوانی دیکە دەیان دا لە دەرگای بەڕێوەبەرەکە بەدەست و بەشان پاڵیان پێوەدەنا هانیان دەداو دەیانوت بۆ پەلاماردانی. لەو ساتە ناخۆشەدا جەبەل بە سەرۆکایەتیی کەسوکارەکەی لە ژن و پیاو هات، بە بەهێز و سووربوونەوە ڕێیان دەکرد بەو سەرکەوتنەی کە بەدەستیان هێنابوو، خەڵکەکە ڕێگەیان بۆیان کردەوە و هوتافدان و هەلهەلە بەرزبووەوە، تا جەبەل ئاماژەی پێدان کە بێدەنگ بن، ئەوە بوو دەنگیان بەرە بەرە کز دەبوو تا بێدەنگیی بەرپابوو، لوورەی بایەکە دیسانەوە گوێی کەڕ دەکرد. جەبەل سەیری ئەو سەروچاوەی دەکرد کە تێیاندەڕوانی و وتی:



- ئەی خەڵکی گەڕەکەکەمان سلاوتان لێبێت و سوپاستان دەکەم.

دەنگی هوتافدان دووبارە بەرزبووەوە تا دەستی بەرزکردەوە و داوای کرد بێدەنگ بن، پاشان وتی:

- کارەکەمان تەواو نابێت ئەگەر بەهێمنی بلآوەی لێ نەکەن...

لە جۆرەها قوڕگەوە دەنگی بۆ هات:

- ئەی گەورەی گەڕەکەکەمان دادپەروەریمان دەوێت.

بە دەنگێك وتی کە هەموو گوێیان لێبوو:

- بەهێمنی بڕۆن و بەڕێوەبەرێتی خاوەن وەقفەکە لێی دەکۆڵێتەوە.

دەنگی هوتافدان بۆ خاوەن وەقفەکە و جەبەلی کوڕی بەرزبووەوە... جەبەل وەستا و بەچاوانی هانی حەشاماتەکەی دەدا کە بڕۆن و حەزیان لێبوو لە جێگەکانی خۆیان بمێننەوە، بەلآم هیچ کەڵکێکیان لەبەردەم نیگاکانی نەبینییەوە لە بلآوەکردندا، ئەوە بوو یەك لەدوای یەك دەڕۆیشتن تا جێگاکە لێیان چۆڵ بوو. ئەوکاتە جەبەل ڕۆیشت بەرەو دەرگای بەڕێوەبەرەکە و لێی داو بانگی کرد:

- مامە حەسەنەین دەرگاکە بکەرەوە.

دەنگی کابراکە بەنەرەوە هات و وتی:

- خەڵك... خەڵك...

- لێرەدا لە من و تۆ زیاتر کەسی لێ نییە.

دەرگاکەی کردەوە و جەبەل چووە ژوورەوە و کەسوکارەکەی لەدوایەوە چوونە ژوورەوە، ڕاڕەوە بەکەپرەکەیان بڕی بەرەو پەرژینەکە، هانمیان بینی لەبەردەم دەرگای بەردەلآنەکە بە خۆبەدەستدانەوە وەستابوو، لەپڕێکدا ئەفەندی لەبەردەرگا دەرکەوت، سەری شۆڕکردبوو، ڕەنگی زەرد بوو، وەکو بڵێی کفنێکی سپی پۆشیوە، هەر کە چاویان پێ کەوت زارەکان بە بۆڵەبۆڵێك کرانەوە و هوداخان بەدەم ئاههەڵکێشانەوە وتی:

- جەبەل حاڵم خراپە...

جەبەل بە وەڕزییەوە ئاماژەی بۆ ئەفەندی کرد و وتی:

- ئەگەر پیلانەکەی ئەم کابرا بێ شەرەفە سەری گرتبایە، ئێستا هەموومان لاشەی داڕزاوبووین.

خانم بە هەناسەهەڵکێشانێکی بیستراوی بێ قسە وەڵامیدایەوە، جەبەل بە نیگایەکی تووندوتیژ تەماشای بەڕێوەبەرەکەی کرد و وتی:

- ئەوەتا خۆت بە زەلیلی دەبینی هیچ چارە و هێزێکت نییە، نە شەقاوە هەیە تا بتپارێزێت و نە ئازایەتییەك تا پشتگیریت بکات، نە پیاوەتییەك تا شەفاعەتت بخوازێت، ئەگەر بمەوێت ڕێگا چۆڵ بکەم لەنێوان تۆ و خەڵکی گەڕەکدا پارچە پارچەت دەکەن و بەپێ دەچنە سەرت.

کابرا زەندقی چوو وادیاربوو وەکو بلێی گرمۆڵە بوو و بچووك بووەوە، بەڵام خانم هەنگاوێك لە جەبەل چووە پێشەوە و بەپاڕانەوە و وتی:

- حەز ناکەم گوێم جگە لەوەبێت کە قسەت خۆش بێت، ئێمە لە حاڵێکی ناخۆشین و شایانی ئەوەیە لەپیاوەتیت بەڕەحمەوە هەڵسوکەوت بکەیت.

جەبەل چارەی گرژ کرد بۆئەوەی دڵگرانیی خۆی بشارێتەوە، وتی:

- ئەگەر ڕێزت لەلام نەبووایە، مەسەلەکان وەکو پێویست بەڕێوە نەدەچوون.

- جەبەل لەوەدا گومانم نییە، تۆ پیاوێکی کە لە داواکاری لێی بێ ئومێد نابیت.

جەبەل بەداخەوە وتی:

- ئاسانتر وابوو کە دادپەروەریی بەرقەراربووایە بەبێ ڕشتنی تنۆکێك خوێن...

ئەفەندی بزاوتێکی ئاڵۆزی لێوەهات کە سەرشۆڕییەکەی هەڵماڵی و زیاتر گرمۆڵە بوو، خانم وتی:

- ئەوەی بوو، بوو، ئێمەیش بۆ تۆ گوێڕایەڵین.

دیاربوو بەڕێوەبەرەکە دەیویست لە بێدەنگیی خۆی بێتەدەرەوە بە هەرنرخێك بێت و بە دەنگێکی لاوازەوە وتی:

- هەلێك هەیە بۆ چاککردنەوەی ئەو هەڵانەی پێشوو.

گوێیەکان شل بوون بۆ بیستنی قسەکەی وەکو ئارەزوویەك بۆ ئاگاداربوون لە حاڵی زۆردارێك کە واز لە جەبەرووتی خۆی بهێنێت و بەپێخۆشییەکی کەم و بە نکوڵیکردن و حەزی ئاگاداربوونی ڕادەبەردەرەوە سەیریان کرد. ئەفەندی ورەی هاتەوە بۆ زاڵبوونی بەسەر بێدەنگییەکەدا و وتی:

- ئەمڕۆ دەتوانی بەلێهاتووییەوە شوێنی زقڵت بگریتەوە.

جەبەل سەروچاوی تێکچوو و بەوەڕزییەوە وتی:



- خواستی من شەقاوەیەتی نییە، بەدوای کەسێکی دیکدا بگەڕێ بتپارێزێت، ئەوەی کە دەمەوێت سەرجەم مافی خێڵی حەمدانە.

- بەبێ کەم و زیاد هی ئێوەیە، بەڕێوەبەرایەتی وەقفەکەیش بۆ تۆ ئەگەر بتەوێت...

هودا بە داواکردنەوە وتی:

- جەبەل وەکو جاران چۆن بووی.

لێرەدا دعبس لەنێوان خێڵی حەمدانەوە وتی:

- ئەی بۆچی هەموو وەقفەکە بۆ ئێمە نەبێت؟

سرتەسرتێك لەنێوان خێڵی حەمدان هات و چوو، تاسەروچاوی بەڕێوەبەر و ژنەکەی تاڕادەی مردن زەرد هەڵگەڕان، بەڵام جەبەل بە هێزێکی تووڕەوە وتی:

- خاوەن وەقفەکە فەرمانی پێکردووم مافەکەتان وەرگرمەوە، نەك دەست بگرم بەسەر مافی ئەوانی دیکەدا.

دعبس پرسیاری کرد:

- بەچی دەزانی کە ئەوانی دیکە مافی خۆیان وەردەگرن؟

جەبەل بانگی لێکرد:

- هەقم بەسەر ئەوەوە نییە و تۆ ڕقت لە زووڵم نابێتەوە تا بەرۆکی خۆت نەگرێت.

خانم بە دڵگرانییەوە وتی:

- بەڵێ، جەبەل تۆ پیاوێکی ئەمینی، زۆر داوات لێدەکەم کە بگەڕێیتەوە بۆ ماڵەکەم.

جەبەل بە سووربوونەوە وتی:

- لە سەراکەی حەمدان نیشتەجێ دەبم.

- ئەوە شایانی پایەی تۆ نییە.

- کاتێ خێرمان دەست دەکەوێت بەرزی دەکەینەوە بۆ پایەی ماڵە گەورەکە، ئەمەیش ئارەزووی جەبەلاوی باپیرەمانە...

بەڕێوەبەرەکە بە هەندێ دوودڵییەوە چاوی بەرەو سەروچاوی جەبەل هەڵبڕی و وتی:

- ئەوەی ئەمڕۆ لە خەڵکی گەڕەکەوە ڕوویدا، هەڕەشە لە ئاساییشمان دەکات.

جەبەل بە ڕقەوە وتی:

- هەقم بەسەر ئەوەوە نییە کە لەنێوان تۆ و ئەواندا چی هەیە.

دعبس هاتە قسە:

- ئەگەر ڕێزت لە بەڵێنەکەمان بگرتایە، کەس نەیدەوێرا تەحەدات بکات.

بەڕێوەبەر بە حەماسەوە وتی:

- مافتان بەبانەیەکەوە تۆمار دەکرێت.

لێرەدا هودا بەداواوە وتی:

- ئەمشەو لەگەڵ مندا پێکەوە شام دەکەین، ئەمەیش حەزی دایکە!

جەبەل زانی مەبەستی چییە بۆ ڕاگەیاندنی دۆستایەتی لەنێوان ئەو و ماڵی بەڕێوەبەردا، نەیتوانی ئارەزووەکەی ڕەتکاتەوە، بۆیە وتی:

- خانمەکەم وەکو تۆ دەتەوێت باوابێت...

## -٤٢-

ڕۆژەکانی دواتر سپی هەڵگەڕان بەخۆشی خێڵی حەمدان یان خێڵی جەبەل وەکو وایان ناو نابوون، دەرگای قاوەخانەکەیان کرایەوە، ڕەزوانی شایەر لەسەر قەنەفەیەک دانیشت و بە ژێکانی ڕەبابەکە گەمەی دەکرد و بۆزە وەکو ئاو دەهات و دەچوو، لە ئاسمان گەواڵەی دووکەڵی حەشیشە پێچی دەخواردەوە، تەمرحنە ئەوەندە سەمای کرد تا ناوقەدی شل بوو، گوێیان نەدا بە دۆزینەوەی بکوژەکەی (قەدرە)، دیدارەکەی جەبەلاوی لەگەڵ جەبەلدا بە خەرمانەی ڕووناکی خەیاڵ لە قەڵەم دەدرا. ئەو ڕۆژانە بۆ جەبەل و شەفیقە خۆشترین ڕۆژان بوون. بە ژنەکەی وت:

- چەند جوانە ئەگەر داوا لە بەڵقیتی بکەین بێت لەگەڵمان نشتەجێ بێت.

ژنەکەیشی وتی و دووچاری کێشەی ژانی منداڵبوونێکی نزیک ببوو:

- بەڵێ، بۆئەوەی بە بەرەکەتی خۆی پێشوازیی لە نەوەکەی بکات.

پیاوەکە بە سوپاسەوە وتی:

- شەفیقە تۆ پێ و قەدەمت خێرە و (سەبیدە)یش لە خێڵی حەمدان پیاوێکی لێهاتوو دەدۆزێتەوە.

- بەڵام خێڵی جەبەل وەکو دەڵێن تۆ باشترین کەسی کە ئەم گەڕەکەی ناسیوە.

پیاوەکە بە زەردەخەنەوە وتی:

- بگرە ئەدهەم لە هەمووومان چاکتر بوو، چەند حەزی لە ژیانی خۆش بوو، ئەو شوێنەی کە مرۆڤ ئیش ناکات تەنها گۆرانیوتن نەبێت و خەونە گەورەکەی بۆمان دێتەدی.



دعبس بەدەرکەوت و سەرخۆش بوو لەنێو کۆمەڵێك لە خێڵی حەمدان-دا سەمای دەکرد، هەر کە بینی جەبەل واهات تێلاکەی هەڵبڕی بە خۆبادانەوە وتی:

- تۆ شەقاوەبیت ناوێت، من دەمە شەقاوە.

بانگی لێکرد بۆئەوەی هەموو گوێیان لێبێت:

- لە حەمداندا شەقاوەیەتی نییە، بەڵام دەبێت هەموو شەقاوەبن ئەگەر کەسێك چاوی تێبڕین.

پیاوەکە ڕۆیشت بۆ قاوەخانەکە و هەموو دوایکەوتن و بەدەم سەرخۆشییەوە لە یەکیان دەدات، جەبەل بەختەوەر بوو پێی وتن:

- ئێوە خۆشەویستترن لە خەڵکی گەڕەکەکە بۆ باپیرەتان. ئێوە بەبێ هاوتا سەرداری گەڕەکەکەن، بۆیە دەبێت خۆشەویستی و دادپەروەریی و ڕێزگرتن لەنێوانتان بەرقەراربێت و تاوانێك هەرگیز لە گەڕەکەکەتاندا نەکرێت...

دەنگی دەهۆڵ و گۆرانی لە ماڵەکانی حەمدانەوە دەهات و ڕووناکی شایی و خۆشی لە گەڕەکەکەیاندا دەبریسکایەوە، لەپڕێکدا گەڕەکەکە لە تاریکییە باوەکەی خۆی نووقم بوو، منداڵەکان لە دەوروبەری گەڕەکی حەمدان کۆبوونەوە و لە دوورەوە سەیریان دەکرد، پیاوانێك لە خەڵکی گەڕەك خۆیان کرد بە قاوەخانەکەدا و سەروچاویان تێکچووبوو، بە موجامەلەوە پێشوازیی کران و چایان پێشکەش کردن، جەبەل هەستی کرد ئەوانە تەنها بۆ پیرۆزبایی نەهاتوون و هەستەکەی ڕاست بوو، چونکە (زەناتی) وتی کە لە هەموویان بەتەمەنتر بوو:

- جەبەل، ئێمە کوڕی گەڕەکێکین و باپیرەمان یەکە، ئەمڕۆ تۆ سەرداری گەڕەکەکە و بەهێزترین پیاویت، هەموو گەڕەکەکان دادپەروەرییان تێدا بەرقەراربێت نەك تەنها بۆ گەڕەکی حەمدان...

جەبەل قسەی نەکرد، ساردیی بە سەروچاوی خێڵی جەبەلەوە دیار بوو، بەڵام کابراکە بە عەزمەوە وتی:

- بە دەستی تۆیە کە دادپەروەریی لە هەموو گەڕەکەکەدا بەرقەرار بێت.

جەبەل لە سەرەتاوە گوێی نەدا بە خەڵکی گەڕەکەکە و نە بە کەسێکی خێڵەکەی خۆیشی. بگرە هەستیان کرد خۆی لەوان بەگەورەتر دەزانێت تەنانەت لە ڕۆژانی مەینەتییەکەشیاندا، جەبەل بە نەرمی وتی:

- باپیرەم ئامۆژگاریی کردووم بۆ کەسوکاری خۆم.

- بەڵام جەبەل باپیرەی هەمووانە.

حەمدان وتی:

- ئەم قسەیە جێگای لە سەروەستانە.

لە سەروچاوەکان وردبووەوە و بۆئەوەی بزانێت شوێنەواری قسەکەی چییە، بینی گرژییەکەی زیاد دەبێت، بۆیە هەڵیدایە:

- بەڵام پەیوەندیمان بەوەوە خۆی لە کۆبوونەوەکەی چۆڵەوانییەکەدا دووپاتی کردەوە.

(زەناتی) بۆیە دیاربوو کە ویستی بڵێت: (ئەم قسەیە جێگای لەسەروەستانە)، بەڵام تێکشکان زۆری بۆ هێنا و بەپرسیارەوە بە جەبەلی وت:

- ئایا ڕازییت بەو ڕەزالەت و هەژارییەی کە ئێمەی تێداین؟

جەبەل بەبێ حەماسەوە وتی:

- نەخێر، بەڵام ئێمە هەقمان بەسەر ئەوەوە نییە.

کابراکە بە سووربوونەوە پرسیاری کرد:

- چۆن هەقتان بەسەرەوە نییە؟

جەبەل لەخۆی پرسی بەچی هەقێ ئەو کابرایە ئاوها قسەی لەگەڵدا دەکات؟ بەڵام تووڕە نەبوو. لەلایەکیشەوە خۆی بینی کە خەریکە بەزەیی بە کابراکەدا بێتەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە لەخۆی ڕانەبینی کە بچێتە ناو گێرمەوکێشەی ترەوە لەپێناوی کەسانی دیکەدا. ئەوکەسانی دیکەیە کێن؟ وەڵامەکە لەسەر زاری دعبسەوە هات و بانگی لە کابراکە کرد وتی:

- لەبیرتان چوو ڕۆژانی مەینەتییەکەمان چۆن مامەڵەتان لەگەڵدا دەکردین؟

کابرا زۆر چاوی لاکەل کرد و پاشان وتی:

- کێ دەیتوانی لە ڕۆژانی شەقاوەکاندا ڕای خۆی دەربڕێت یان سۆزێك بنوێنێت؟ ئایا لە کەس خۆش دەبوون ئەگەر کەسێك مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکات بەگوێرەی دڵی ئەوان نەبووایە؟

دعبس بە فیز و نکوڵییەوە دەمی نووقان وتی:

- ئێوە ئەوسا و بە ئێستایشەوە بەخیلیی بە پلەوپایەی ئێمە دەبەن لە گەڕەکەکەدا، لەمەیشدا پێشی شەقاوەکان کەوتبوون.



زەناتی بە ناچارییەوە سەری نەوی کرد و وتی:

- دعبس خوا عەفوت کات.

دعبس بەبێ بەزەییەوە وتی:

- سوپاسی پیاوەکەمان بکەن کە ڕێگای نەدا دەستی تۆڵەتان بگاتێ.

بیروباوەڕی جیاجیا بڵاوبووەوە و جەبەل بێدەنگ بوو. بە بەزەیی بوو لەوەی دەستی یارمەتی درێژکات و حەزی نەکرد ڕەتکردنەوەی خۆی ئاشکرا بکات. پیاوان خۆیان بەرامبەری لۆمەکردنەکەی دعبس بینییەوە و ئەو نیگاساردانەی کە چاوانی دیکە ڕەنگیان دەدایەوە، بێدەنگیی لەلای جەبەل هیچ هیوایەکی تێدا نەبوو، بەبێ ئومێدییەوە هەڵسان، لەکوێوە هاتبوو ڕۆیین، بۆ ئەوە دعبس سەبری کرد تا لە چاو ونبوون، پاشان دەستی ڕاستی بە ناشیرینییەوە ڕاوەشاند و وتی:

- بۆ کوێ دەڕۆن بڕۆن هەی کوڕانی بەراز...

- شوکرانەبژێری خەسڵەتی پیاوانی سەردار نییە.

-٤٣-

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی دیاربوو کە جەبەل بەشی خێڵەکەی لە وەقفەکە وەرگرت. حەوشەی سەراکە -سەرای نەسر-ی کرد بە دیوەخان و بانگی خێڵی حەمدانی کرد. سەرژمێریی بۆ هەر خێزانێك کرد و وەکو یەك پارەکەی بەسەردا دابەش کردن. تەنانەت هیچ ئیمتیازێکیشی بەخۆی نەدا. لەوانەیە حەمدان زۆر ئەم دادپەروەرییەی پێ خۆش نەبێت، بەڵام بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ هەستی خۆی دەربڕی و قسەی لەگەڵ جەبەلدا کرد، وتی:

- ئەمە دادپەروەریی نییە جەبەل کە زوولم لەخۆت بکەیت.

جەبەل چارەی گرژ کرد وتی:

- بەشی دووکەسم وەرگرت خۆم و شەفیقە.

- بەڵام تۆ سەرۆکی ئەم گەڕەکەیت.

جەبەل بە دەنگێك وتی هەمووان گوێیان لێبوو:

- سەرۆکی خەڵك نابێت دزییان لێ بکات.

دیار بوو دعبس بە نیگەرانییەوە چاوەڕێی قسەکردن بوو، پاشان وتی:

- جەبەل حەمدان نییە و حەمدان دعبس نییەو دعبسیش (کەعبلها) نییە.

- دەتەوێت لە خێزانێکدا ئاغا و خزمەتکار دروست بکەیت!

بەڵام دعبس وازی لەڕای خۆی نەهێنا و وتی:

- تێماندا هەیە خاوەن قاوەخانەیە و دێوەرەیە و سواڵکەرە چۆن نێوان ئەمانە یەکبخەین، من یەکەم کەس بووم لە گەمارۆکە دەرچووم تا تووشی ڕاوەدوونانی (قەدرە) بووم و یەکەم کەس بووم لە غەریبییەکەتدا و یەکەم کەس بووم بە حەماس بوو بۆ ڕایەکەت و دوای ئەوە خەڵکی دوودڵ بوون.

تووڕەییەکەی جەبەل زیادی کرد و بانگی لێ کرد:

- ئەوەی مەدحی خۆی بکات درۆزنە، وەڵا کەسانی وەکو ئەو شایستەی ئەو زووڵمەن کە تووشی هاتوون.

دعبس ویستی بەردەوام بێت لە دەمەتەقێکە، بەڵام لە چاوی جەبەلدا تووڕەییەکی ئاگراویی بەدیکرد، بۆیە پاشەکشەی کرد، بێ ئەوەی هیچ بڵێت دانیشتنەکەی بەجێهێشت، دەمەوئێوارە چوو بۆ چەرداخەکەی (عەتریسی ئەعمەش)، لە بازنەی دانیشتووان دانیشت و جگەرەی دەکێشا و خەمەکانی خۆی دەجووی. ویستی یاریی بکات بۆیە داوای لە (کەعلبها) کرد کە قومار بکەن، یاریی بیستویەکیان کرد، نیو سەعاتی پێ نەچوو تا بەشەکەی خۆی لە داهاتی وەقفەکە دۆڕاند، عەتریس پێکەنی کاتێ ئاوی نەرگیلەکەی دەگۆڕی و وتی:

- هەی بەدبەخت دعبس، هەژارییت لەسەر نووسراوە، سەرباری ئیرادەی خاوەن وەقفەکەیش...

دعبس بە ڕقەوە بۆڵەبۆڵێکی لێوەهات، دۆڕانەکە مەیەکەی لەسەر فڕاند:

- بەم ئاسانییە سامان لەناو ناچێت!

عەتریس نەفەسێکی دا لە نەرگیلەکە بۆئەوەی بڕی ئاوەکە ڕێکبخات پاشان وتی:

- بەڵام کوڕی باوکم ون بوو...

کەعبلها بەجوانیی دراوەکانی ڕێکدەخست، پاشان دەستی هەڵبڕی تابیخاتە باخەڵی، بەڵام دعبس بەدەستی ڕێگای لێگرت و بەو دەستەکەی دیکە ئاماژەیەکی تایبەتی بۆ کرد کە پارەکە بگەڕێنێتەوە و (کەعبلها) چارەی گرژ کرد و وتی:

- ئەوە پارەی تۆ نییە مافت بەسەرییەوە نییە.

دعبس هاواری کرد:



- پارەکە دانێ هەی کوڕی زبڵهەڵگر.

عەتریس تەماشای هەردووکیانی کرد بەنیگەرانییەوە وتی:

- لە ماڵەکەی مندا شەڕ مەکەن...

دعبس هاواری کرد و دەستی (کەعبلها)ی دەگوشی:

- کوڕی قەحبەیە پارەکەم لێ نادزێت.

- دعبس دەستم بەردە، من دزیم لە تۆ نەکردووە...

- واتا لە بازرگانیدا قازانجی کردووە؟

- ئەی بۆچی قومارت کرد؟

بەتووندیی مشتێکی پێداکێشا و وتی:

- پارەکەم، بەرلەوەی ئێسك و پرووسکت داڕزێنم...

کەعبلها لەپڕێکدا دەستی سڕییەوە و دعبسیش تووڕە بوو تاڕادەی شێتایەتی و پەنجەی دۆشاومژەی کرد بە چاوی ڕاستیدا، کەعبلها هاوارێکی بەرز هاواری کرد و ڕاپەڕییە سەرپێ، پاشان بە هەردوو دەستی هەردووچاوی داپۆشی و لێگەڕا کاغەزەکان بەربنەوە بۆ کۆشی دعبس و  لەبەر ئازار لەتری دەدا، پاشان کەوت و تلی دەدا و نوزانەوەیەکی بەئێش دەنوزایەوە. دانیشتووەکانی دەوری ئاوڕیان دایەوە، لەپڕێکدا دعبس پارەکانی کۆکردەوە و کردی بە باخەڵییەوە، عەتریس بەترسەوە لێی نزیکبووەوە و پێی وت:

- دعبس پارەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ کەعلبها.

جەبەل بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

- جارێ با چاوی بۆ بگەڕێنێتەوە.

(کەعبلها) دەستی بە گریان کرد و ڕەزوانی شایەر بە ئاههەڵکێشانەوە وتی:

- خۆزیا دەتوانرا چاوی بگەڕێنرێتەوە.

جەبەل سەروچاوی وەکو ئاسمانێکی بە هەورەتریشقە تاریك بوو، وتی:

- بەڵام دەتوانرێت چاوێك بەچاوێك بدرێتەوە.

دعبس بەترسەوە سەیری سەروچاوی جەبەلی کرد، پارەکەی دایە حەمدان و وتی:

- لەتووڕەییدا ئەقڵم نەمابوو، مەبەستم ئازاردانی نەبوو.

جەبەل بە ڕقەوە و بەدووردودرێژ سەیری سەروچاوی کرد، پاشان بە دەنگێکی ترسێنەرەوە وتی:

- چاوبەچاو دەستپێشکەریش زووڵمی کرد...

بە سەرسووڕمانەوە نیگاکان گۆڕدرانەوە، جەبەل لەو ڕۆژە تووڕەتر نەبینرابوو، ڕووداوەکان بەهێزیی تووڕەییەکەیان سەلماند، وەکو تووڕەیی ئەو ڕۆژەی کە شەقی دا لە دەرگای خێر و خۆشی، وەکو تووڕەییەکەی ئەو ڕۆژەی کە(قەدرە)ی کوشت، بەڕاستی زۆر تووڕەیە، ئەگەر تووڕە بێت هیچ لە ئامانجەکەی ڕێگریی لێ ناکات، حەمدان ویستی قسە بکات، بەڵام پێشی کەوت وتی:

- خاوەن وەقفەکە خۆشەویستی بەئێوە نەداوە تا دەستدرێژیی بکەنە سەر یەکدی، یان ئەوەتا ژیانێك لەسەر سیستەم پێکدێت، یان ئەوەتا ئاژاوە و کەس نەمێنێت. بۆیە دعبس سوورم لەسەر ئەوەی کە چاوت کوێر بکەم...

ترس سوارکۆڵی دعبس بوو هاواری کرد:

- دەستم تێوە نادرێت ئەگەریش لەگەڵ هەمووواندا بەشەڕبێم.

جەبەل وەکو گایەکی هاروهاج پەلاماری دا و بە مستەکۆڵە بەربووە سەروچاوی، ئەنجام کەوت و بی جووڵە بوو، هەڵیسانەوە و لە هۆش خۆی چوو بوو، لەپشتەوە لە باوەشی گرت و هەردوو مەچەکی لەدەوری جەستەی هێنایەوە یەك، ئاوڕی دایەوە لە کەعبلها و بەدەم و دوویەکی فەرماندانەوە پێی وت:

- هەڵسەو هەقی خۆت بسەنەوە...

کەعبلها هەڵسا، بەڵام بە دوودڵییەوە وەستا، لەپڕێکدا هاوار بەرزبووەوە لە ماڵەکەی (دعبس)ەوە و جەبەل بە نیگایەکی ڕەقەوە تەماشای (کەعبلها)ی کرد و بانگی لێکرد:

- وەرە پێشەوە بەر لەوەی زیندەبەچاڵت بکەم...

کەعبلها بەرەو دعبس ڕۆیشت، بە پەنجەی دۆشاومژەی دای لە چاوی ڕاستی تا چاوی لەبەردەم هەمووواندا دەرچوو، لە ماڵەکەی (دعبس)ەوە قیژە بەرزبووەوە و هەندێ لە برادەرەکانی دعبس دەستیان کرد بە گریان وەکو عەتریس و عەلی فوانیس، جەبەل هاواری لێکردن:

- ئای کە ترسنۆك و شەڕەنگێزن، وەڵا لەبەر ئەوە ڕقم لە شەقاوەیەتی بوو، چونکە بەسەر ئێوەدا بوو، هەرکەسێك لەئێوە خۆی بینی کە خاوەن هێزە، دەست دەکات بە زووڵم و دوژمنایەتی. ئەو شەیتانانەی لە ناختاندا هەیە دەبێت بەبێبەزەییانە لێبدرێن، یان ئەوەتا سیستەم یان لەناو چوون.



(دعبس)ی لەبەردەست برادەرەکانی بەجێهێشت و ڕۆیی. ئەو ڕووداوە کاریگەریی خراپی هەبوو لەسەر خەڵکەکە.

جەبەل لەوەوبەر سەرۆکێکی خۆشەویستبوو، خێڵەکەی بە شەقاوەیان دادەنا و نەیدەویست ناوی شەقاوە و دروشمەکەی هەڵگرێت، دوای ئەو بووە ترسێنەر و ترسناك و خەڵکی بە چپەوە باسی دڵڕەقی و زووڵمەکەیان دەکرد، بەڵام ئەوانە هەمیشە یەکێکیان دەبینییەوە بەرپەرچی قسەکەیان بداتەوە، لەلایەکی دیکەوە باسی توونددوتیژییەکەیان دەکرد، ئەویش ڕەحمکردن بەوەی دەستدرێژیی دەکاتە سەریان، ئارەزوویەکی ڕاستگۆیانە بۆ بەرقەرارکردنی سیستمێك کە دادپەروەریی ڕێکوپێکی و برایەتی لەنێو خێڵی حەمداندا. ئەم ڕایەی دژییەوە کە هەموو ڕۆژێك کردەوەکانی پیاوێك و وتەکانی پشتگیریی دەکرد، تا ئەوەیشی تەنیا بوو ئاشنایی بوو، ئەوەی دەترسا لێی دڵنیابوو، ئەوەی دووربوو نزیکبووەوە، هەموو ئاگایان لەو سیستمە بوو، کەس سنووری نەبەزاند، لە ڕۆژانی ئەودا ڕاستی و ئەمانەت بەرقەراربوو، وەکو سیمبولێکی دادپەروەریی و ڕێکوپێکی لەنێوانیاندا مایەوە، تا ئەم دنیایەی بەجێهێشت کەس بە تاڵە موویەك لەڕێگای ئەو لای نەدا...

***

ئەمەیش چیرۆکی جەبەلە...

یەکەم کەس بوو لە گەڕەکەکەماندا شۆڕشی دژ بە زۆرداریی کرد و یەکەم کەسیش بوو چاوی بە خاوەن وەقفەکە کەوت دوای گۆشەگیرییەکەی، هێندە بەهێزبوو کەس خۆی لە قەرەی نەدەدا، لەگەڵ ئەوەشدا حەزی لە شاقاوەیەتی و چەقۆوەشێنی و دەوڵەمەندیی نەبوو لەڕێگای سەرانە و بازرگانی مادەی بێهۆشکەرەوە، لەنێو خێڵەکەی خۆیدا نموونەی دادپەروەریی و هێز و ڕێکوپێکی بوو، بەڵێ، بایەخی بە کوڕانی دیکەی گەڕەکەکەمان نەدەدا، دیاربوو ڕقی لێیان بوو وەکو هەموو کەسوکارەکەی دەیبوغزاندن، بەڵام نە دەستدرێژیی کردبووە سەر کەس و نە خراپەیەکی لەگەڵدا کردبوو، نموونەیەکی بۆ هەمووان داهێنا کە شایانی چاولێکردن بوو.

ئەگەر ئافەتی لەبیرچوونەوەی گەڕەکەکەمان نەبووایە، ئەو نموونەی چاکەیە و ئەوی نەدەبوو، بەڵام ئافەتی گەڕەکەکەمان لەبیرچوونەوەیە.

***

# ڕەفاعە



-٤٤-

خەریك بوو بەرەبەیانی دەدا، هەموو گیانلەبەرێك لە گەڕەکەکەدا چووبوونە نێو جێیوە، تەنانەت شەقاوە و سەگ و پشیلەکانیش. تاریکی لە هەموو قوژبنێك جێگیربوو، وەکوبڵێی هەرگیز بەجێی ناهێڵێت و بە سەرپەرشتی بێدەنگییەکی گشتگیریی دەرگای سەرای نەسر لە گەڕەکی خێڵی جەبەلدا زۆر بە وریایی کرایەوە، دوو تارمایی خۆیان کرد بەژوورا، لە بێدەنگیی ماڵە گەورەکەدا ڕێیان دەکرد، پاشان بەدەم شوورە بەرزەکەیەوە تا چۆڵەوانییەکە بەردەوام بوون، بە وریاییەوە هەنگاویان دەنا جارناجارێك ئاوڕی پشتی خۆیان دەدایەوە بۆئەوەی دڵنیابن کە کەس بەدوایانەوە نییە، لەبەر ڕووناکیی ئەستێرە پەرشوبڵاوەکاندا چوونە ناو چۆڵەوانییەکەوە، تا تاشەبەردەکەی (هند)یان بەرچاو کەوت، وەکو پارچەیەکی زۆر تاریك چڕتر لەوەی لەدەورێتی. دووانەکە کابرایەکی لە ناوەڕاستی تەمەندا و ژنێکی گەنجی سکپڕ بوون. هەریەکەیان بوخچەیەکی پڕی پێ بوو، ژنەکە لەلای تاشەبەردەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەماندووییەوە وتی:

- مامە شافعی، ماندوو بووم.

پیاوەکە لە ڕێوڕۆیشتن وەستا و بە ڕقەوە وتی:

- ئیسراحەت بکە، خوایە ماندووکەیت!

ژنەکە بوخچەکەی لە زەوی داناو لەسەری دانیشت و هەردوو لنگی کردەوە تا سکە هەڵزەپاوەکەی ئیسراحەت بکات، کابراکە ساتەوەختێك وەستا و سەیری دەوروپشتی خۆی کرد، پاشان ئەویش لەسەر بوخچەکەی دانیشت، شنەیەکی تەڕ بە بۆن و بەرامەی دەمەوبەیان بەسەریاندا هەڵیکرد، بەڵام ژنەکە بێئاگا نەبوو لەوەی کە سەرقاڵی کردبوو، پرسیاری کرد:

- دەبێت لە کوێ منداڵم ببێت؟

شافعی بەوەڕزییەوە وتی:

- عەبدە چ جێیەك لە گەڕەکە نەعلەتییەکەمان باشترە؟

چاوی هەڵبڕی بۆ چیاکە کە لەوپەڕی باکوورەوە بۆ ئەوپەڕی باشوور درێژ ببووەوە وتی:

- دەچین بۆ بازاڕی موقەتەم، کە جەبەل ڕۆژانی مەینەتییەکەی رووی تێدەکرد، دووکانێکی دارتاشی دەکەمەوە وەکو چۆن لە گەڕەکەکە کارم دەکرد، کار دەکەم، دوو

دەستم هەیە ئالتوون دەردێنن، پارەشم پێیە بۆ دەستپێکردن خراپ نییە... ژنەکە سەرپۆشەکەی لە دەوری سەری و هەردوو شانی پێچایەوە و بە خەمەوە وتی:

- لە غەریبیدا دەژین وەکو کەسمان نەبێت وایە، کەچی ئێمە لە خێڵی جەبەلین و سەرداری گەڕەکین...

کابراکە بە ئۆفەوە تفێکی کرد و بە ڕقەوە وتی:

- سەرداری گەڕەگ! عەبدە ئێستا کۆیلەی زەلیلین. جەبەل خۆی سەردەمە خۆشەکەی ڕۆیشت (زەنفل) هاتووە خوا لەناوی بەرێت، بووەتە شەقاوە لەسەرمان نەك بۆ ئێمە و ڕزقەکەمان هەڵدەلووشێت و کێ سکاڵای لە لا بکات دایدەڕزێنێت.

عەبدە نکوڵی لە قسەکانی نەکرد، وەکو بڵێی هێشتا ڕۆژانی تاڵی و شەوانی خەم دەژێت، بەڵام کاتێ ئەوەی زامن کرد کە لە خراپەکانی گەڕەکەکە دوورکەوێتەوە، دڵی سۆز دەیگرت بۆ بیرەوەرییە خۆشەکانی و بە حەسرەتەوە وتی:

- گەڕەك نییە وەکو گەڕەکی خۆمان، ئەگەر بەدکارەکان نەبووایە، چ ماڵێك دەدۆزیتەوە وەکو ماڵی باپیرەمان؟ یان دراوسێ وەکو دراوسێکانمان؟ لە کوێ گوێت لە چیرۆکەکانی ئەدهەم و جەبەل و تاشەبەردەکەی (هند) دەبێت؟ بەڵام نەعلەتم دا لە بەدکاران...

کابرا بە دەنگێکی تاڵەوە وتی:

- تێڵاکان لەبەر پڕوپووچترین هۆ دەوەشێنرێن، خاوەنی سەروچاوی بەفیز وەکو قەزاوقەدەر لەنێوانماندا خۆیان بادەدەن.

باسی (زەنفل)ی نەگریسی کرد کە چۆن لە یەخەی ئەمی گرت و ڕایدەوەشاند بەتووندیی و خەریك بوو باڵەکانی دەربێنێت، پاشان چۆن لەبەردەم خەڵك لەخۆڵدا گەوزانی، لەبەر هیچ نا تەنها لەبەرئەوەی جارێکیان ناوی وەقفەکەی هێنابوو، پێی لە زەویداو وتی:

- ئەو تاوانبارە نەعلەتییە منداڵە ساواکەی (سیدهم)ی سەروپێ فرۆشی ڕفاند، دوای ئەوە هەرگیز کەس لەبارەی ئەو ساوایەوە هیچی نەبیست، بەزەیی بە منداڵێکی یەك مانگاندا نەهاتەوە و دەپرسی لە کوێ منداڵت ببێت، لەنێوان ئەو خەڵکە منداڵت دەبێت کە منداڵ ناکوژن.

عەبدە هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەنەرمییەوە وتی وەك بڵێی ناوەڕۆکی قسەکەی هێور دەکاتەوە:



- خۆزگە ڕازی دەبوویت بەوەی کە کەسانی دیکە پێی ڕازی بوون.

- لەودیوی دەمامکی تاریکییەکەوە چارەی گرژ کرد و وتی:

- عەبدە چیت دەسکەوت؟ هیچ، دەمپرسی کوا جەبەل و سەردەمی جەبەل، کوا هێزی دادپەروەریی؟ چی خێڵی جەبەلی گەڕانەوە بۆ نەبوونی و ڕەزالەت؟ دوکانەکەمی وێران کرد و لێی دام ئەگەر دراوسێیەکان نەبووایە لەناوی دەبردم، ئەگەر لە ماڵەکەماندا بماینایەتەوە تا منداڵت دەبوو، پەلاماری منداڵەکەی دەدا و چی لە منداڵی ((سیدهم)) کرد وایشی لەو دەکرد.

ژنەکە بە خەمەوە سەرێکی لەقاند وتی:

- ئاه سەرکار شافعی ئەگەر پشووت هەبووایە، ئەی گوێت لێ نەبوو دەیانوت دەبێت جەبەلاوی ڕۆژێك لە گۆشەگیرییەکەی بێتە دەرەوە و نەوەکانی لە زوولم و ناخۆشیی ڕزگار بکات؟

سەرکار شافعی بەدرێژیی هەناسەیەکی هەڵکێشا و گاڵتەجاڕییەوە وتی:

- وا دەڵێن؟ هەر لە منداڵیمەوە وا دەڵێن، بەڵام ڕاستییەکەی باپیرەمان لە ماڵەکەیدا گۆشەگیرە، بەڕێوەبەری وەقفەکەیش دەستی بەسەر داهاتەکەیدا گرتووە، تەنها ئەوە نەبێت کە دەیدات بە شەقاوەکان بۆئەوەی پارێزگاریی بکەن و (زەنفل) شەقاوەی خێڵی جەبەلە و بەشەکەیان وەردەگرێت و دەیکاتە سکییەوە، وەکو بڵێی جەبەل لەم گەڕەکە پەیا نەبووە و وەك بڵێی چاوی برادەرەکەی (دعبس)ی نەبرد لەجیاتی چاوی (کەعبلها)ی بەستزمان.

ژنەکە بێدەنگ بوو بۆئەوەی لە تەوژمەکانی تاریکییدا مەلە بکات، بەیانی لێدەبێتەوە لەنێو خەڵکێکی غەریبدا، غەریبەکانیش دراوسێ نوێیەکانییەتی و دەستەکانی منداڵەکەیان پێشوازیی دەکات و منداڵەکەیش لە زەوییەکی نامۆ وەکو چلێکی براوەی درەختێك پێدەگات. قەناعەتی بە خێڵی جەبەل نەبوو. خواردنی برد بۆ مێردەکەی لە دوکانەکەدا، شەویش لەودیوی پەنجەرەکەوە دادەنیشێت بۆئەوەی گوێی لە ڕەبابەکەی مامە جەوادی شایەری کوێر بێت، ڕەبابە چەند خۆشە و چیرۆکی (جەبەل)یش زۆر خۆشە، ئەو شەوەی کە چاوی بە جەبەلاوی کەوت و پێی وت ناترسیت، بە سۆز و پشتگیرییەوە سڵاوی لێکرد تا سەرکەوت و دواجار بە خاترجەمییەوە گەڕایەوە بۆ گەڕەکەکەی خۆی، چەند گەڕانەوە خۆشە دوای نامۆبوون، شافیعی چاوی دەگێڕا بە ئاسمانەوە، لە ئەستێرە نەخەوتووەکانەوە تەماشای سەرەتای دەرکەوتنی ڕووناکی دەکرد

لەسەر چیاکە، وەکو گەواڵەیەکی سپی لە ئاسۆی ئاسمانێکی تاریکدا و بە وریاکردنەوە وتی:

- دەبێت بڕۆین تا بەر لە خۆرکەوتن بگەینە بازاڕەکە.

- هێشتا پێویستم بە ئیسراحەتە.

- خودا مانووکەر ماندووکات.

ژنەکە ورتەورتێکی لێوەهات.

- خوا بە حاڵی دەزانی.

پیاوەکە بە حەسرەت و تووڕەییەوە وتی:

- یا جەبەلاوی...

دەنگەکەی دەنگیدایەوە و پیاوەکە هەڵسا و وتی:

- ناوی خوای لێ بێنە.

(عەبدە) هەڵسا و دەستی دایە پیاوەکە و بەرەو باشوور ملیان نا، بەرەو بازاڕی موقەتەم...



-٤٥-

عەبدە بەخۆشییەکەوە وتی کە لە چاوەکانی و زاریدا درەوشایەوە:

- ئا ئەوە گەڕەکەکەمانە، ئەوەتا دوای غەریبیی بۆی دەگەڕێینەوە، ئەلحەمدولیلا بۆ ڕەبولعالەمین.

مامە شافعی بزەیەکی هاتێ و ناوچەوانی بە قۆڵی عەباکەی وشککردەوە و بە ئاغرییەوە وتی:

- بەڕاستی گەڕانەوە چەند خۆشە.

(ڕەفاعە) گوێی لە دایك و باوکی دەگرت و لە سەروچاوە ڕوون و جوانەکەیدا سەرسووڕمانێکی تێکەڵ بە خەم ڕەنگی دەدایەوە و بە ناڕەزاییەوە وتی:

- ئایا بازاڕی موقەتەم و دراوسێکەی لەبیر دەکات؟!

دایکەکە بزەیەکی هاتێ و لایەکی کۆڵوانەکەی تووند کرد لەدەوری قژەکەی کە سپی ببوو، هەستی کرد کوڕەکە سۆزی هەیە بۆ شوێنی لەدایکبوونی، ئەو ناسکی و دۆستایەتییەی لە جەبەلدا هەیە ناتوانێت ئەو برادەریان بسڕێتەوە و ژنەکە وەڵامیدایەوە:

- شتی باش هەرگیز لەبیر ناکرێت، بەڵام ئەمە گەڕەکی ئەسڵی خۆتە، کەسوکاری تۆ لێرەیە، سەردارانی گەڕەکی ئەسڵی خۆتە، دواجار خۆشیانت دەوێ و خۆشیاندەوێی، چەند گەڕەکی جەبەل دوای مردنی زەنفل خۆش بووە.

شافعی بە وریاکردنەوە وتی:

- خەنفس باشتر نابێت لە زەنفل.

- دوژمنایەتی شەقاوەکان خێرا دروست دەبێت وەکو دروستبوونی قوڕی دوای باران...

عەبدە بە تکاوە وتی:

- سەرکار ئاوها بیرمەکەرەوە، هاتینەوە بۆئەوەی بە ئاسوودەیی بژیین و دوکان دەکەیتەوە و ڕزقت بۆ دێت، لەبیرت نەچێت کە تۆ لەژێر دەسەڵاتی شەقاوەکانی بازاڕی موقەتەمدا ژیایت، لە هەموو شوێنێك شەقاوە هەیە و خەڵکی ملکەچیان دەبن...

خێزانەکە لە ڕێکردنەکەی بەردەوام بوو بەرەو گەڕەکەکە، شافعی پێشیان کەوتبوو جەواڵێکی هەڵگرتبوو، عەبدە و ڕەفاعە بەدوایەوە بوون و ڕەفاعە بوخچەیەکی زەبەلاحی هەڵگرتبوو. ڕەفاعە بە باڵابەرز و لاوازەکەی و سەروچاوە ڕووناکەکەی گەنجێکی دیمەن سەرنجڕاکێش دیاربوو، ڕوحسووکی و نەرمونیانی لێ دەتکا، غەریب بوو لەو زەوییەی کە لەسەر ڕێی دەکرد، بەچاو لە دەوروبەری خۆی تێ ڕاما و بە پەرۆشەوە تا سەرنجیان دایە ئەو خانووە گەورەیەی کە لەوسەری گەڕەکەوە بەتەنیا بەپێوەیە و سەری درەختەکانیش لەسەر شوورەکەی دەلەرێنەوە بەدوور و درێژیی لێی ورد بووەوە و پاشان پرسیاری کرد:

- ماڵی باپیرەمانە؟

عەبدە بەدڵخۆشییەوە وتی:

- بەڵێ، دەبینی لە بارەی چییەوە قسەم بۆ دەکرێت؟ باپیرەت لەوێیە، خاوەنی ئەم زەوی و ئەو هەمووەی کە لە سەریەتی خێر خێری خۆیەتی، پیاوەتی خۆیەتی، ئەگەر گۆشەگیر نەبووایە، گەڕەکەکەی پڕ دەکرد لە ڕووناکی.

مامە شافیعی بە گاڵتەجاڕییەوە تەواوی کرد:

- بەناوی ئەویشەوە بەڕێوەبەری وەقفەکە سەروەتی گەڕەکەکەمان تالآن دەکات و شەقاوەکانی دەستدرێژیمان دەکەنە سەر...

بەرەو گەڕەکەکە ملیان نا لە هاوشانی شورەکەی باشووری خانووە گەورەکە، چاوەکانی ڕەفاعە لە خانووە داخراوەکە لاکەل نەبوون. پاشان چاویان کەوت بە خانووەکەی بەڕێوەبەری وەقفەکە دز و دەرگا کراوەکە لەسەر قەنەفەیەك دانیشتووە، لە بەرامبەری خانووی شەقاوەکەی گەڕەك (بەیومی)یە، کە لەبەردەم عارەبانەکەی کارۆکەی وەستاوە کە پڕیەتی لە گونیە برنج و سەبەتە میوە و خزمەتکارەکان هەڵیاندەگرت و یەك لەدوای یەك دەیانبردە ژوورەوە، گەڕەکەکە ببووە یاریگای مندالە پێخاوسەکان، لەپڕێکدا ڕایەخ یان حەسیر لەبەردەم دەرگای مالآندا ڕادەخران بۆ بژارەکردنی پاقلەیان بۆ ئەنجنینی ملووخیە و قسە و نوکتەکان گۆڕدرانەوە و هەروەها جنێو و لێتووڕەبوون و پێکەنین و قیژەکان بەرزبوونەوە. خێزانەکەی مامە شافعی بەرەو گەڕەکی جەبەل شۆڕبوونەوە، لە چەقی ڕێگادا تووشیان بوو بە تووشی پیرێکی کوێرەوە لەسەرخۆ بە داردەستەکەی ملی ڕێگای گرتووە، مام شافعی جەواڵەکەی لە کۆڵی داگرت و بەڕووخۆشییەوە بەرەو ڕووی ڕۆی، تا لەبەردەمی وەستا و وتی:

- مامە جەوادی شایەر، سلاوتان لێبێت...

شایەرەکەیش وەستا و بە وریاییەوە گوێی شل کرد پاشان بە سەرسووڕمانەوە سەرێکی بادا و وتی:

- سلاو لە خۆشتان، ئەم دەنگە بە من نامۆ نییە.

- شافعی دارتاشی برادەرت لەبیرچوو؟

پیاوەکە سەروچاوی گەشایەوە و وتی:

- مامە شافعی بە خودای ئاسمانەکان...

باوەشی کردەوە و هەردوو کابراکە باوەشیان لەیەك دا بە تاسە و سۆزەوە، تا نیگا نزیکەکان تەماشای کردن و دەستلەملانەکەیان دەتوت دوو هەرزەکاری چەتوونن، جەواد بەدەم دەستگوشینی برادەرەکەیە وتی:

- زیاتر لە بیست ساڵ دەبێت بەجێتهێشتووین. ئای کە تەمەنێکە، ئەی ژنەکەت چۆنە؟ عەبدە وتی:



- مامە جەواد باشە داوای لەشساغیت بۆ دەکات، ئەوەتا (ڕەفاعە)ی کوڕیشمان، دەستی مامە شایەرت ماچکە.

ڕەفاعە لە شایەرەکە نزیکبووەوە بە خۆشییەوە و لە دەستی گرت و ماچی کرد، کابراکەیش دەستی بەشانیدا هێنا و دەستی بەسەریدا هێنا بۆ لێوردبوونەوە، هەروەها سیماکانی سەروچاوی و وتی:

- قەشەنگە، قەشەنگە، زۆر بە باپیرت دەچی.

سەروچاوی عەبدە بەو مەدحە گەشایەوە و مام شافعی پێکەنی و وتی:

- ئەگەر لەشە لاوازەکەی ببینی وات نەدەوت.

- خۆزگە وەرینەگرتبایە، جەبەلاوی دووبارە نابێتەوە، ئەم کوڕە چی دەکات؟

- فێری دارتاشیم کردووە، بەلام کوڕە تاقانە نازدارە، تۆزێك لە دوکانەکەمدا دەمێنێتەوە و زۆربەی کات سەرگەردانی چۆڵەوانییەکە و شاخەکە دەبێت.

شاعیرەکە بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

- پیاو تا ژن نەهێنێت ئۆقرە ناگرێت، ئەی سەرکار شافعی لە کوێ بوویت؟

- لە بازاڕی موقەتەم...

پیاوەکە بە دەنگێکی بەرزەوە پێکەنی و وتی:

- وەکو جەبەل وەهای دەکرد، بەلام بە مارگری و فێری دارتاشی بوو وەکو ڕۆیشتن، بەهەرحاڵ دوژمنەکەت مرد، بەلام نەوە وەکو باپیرە وایە.

عەبدە خێرا وتی:

- هەموویان هەروان، چاومان لە هیچ شتێك نییە تەنها ئەوە نەبێت کە بە ئاسوودەیی بژین.

پیاوانی شافعی پێیانزانی و خێرا چوون بۆ لای و دەستلەملان دەستی پێکرد و دەنگەکان بەرزبوون و ڕەفاعە بە بایەخ و تاسەوە سەیری دەوروپشتی خۆی کرد و هەناسەی خەڵکەکەی لە دەوری دەهات و دەچوون، ئەو تەنیایی دڵەکەی زۆر سووك بوو، کە لەوەتەی بازاڕی موقەتەمی جێهێشتبوو دڵی گرتبوو، چاوانی کەوتنە گەڕان هەتا لەلای پەنجەرەیەکی سەرای یەکەمدا وەستان، کیژێکی لێوەدەرکەوت و بە بایەخەوە سەیری سەروچاوی ئەمی کرد، هەر کە چاویان بەیەك کەوت کیژەکە نیگای هەڵبڕی بۆ ئاسۆ، پیاوێك لە برادەرەکانی باوکی چاوی بەوە کەوت و بەچرپەوە وتی:

- ئەوە عەیشێی کچی خەنفسە، تەماشاکردنی دەبێتە هۆی کوشتارێك...

سەروچاوی ڕەفاعە سوورهەڵگەڕا و دایکی وتی:

- ئەو لەو جۆرە لاوانە نییە، بەڵام بۆ یەکەمجارە گەڕەکەکەی دەبینێت.

لە سەرای یەکەم دەتوت گایە هاتەدەرەوە، لە دیشداشە فشۆڵەکەیدا خۆی بادەدا، بەسەر زارییەوە سمێڵێکی فش بوو لە سەروچاوێکی پڕ لە زیبکە و چاڵدا، خەڵك بە چپەوە دەیانوت (خەنفس... خەنفس). جەواد دەستی مام شافعی گرت و بەرەو سەراکە ملی نا و دەیوت:

- سڵاوی خوا لە شەقاوەی خێڵی جەبەل بێت، بۆ تۆ ئەی برامان سەرکار شافعی دارتاش، دوای بیست ساڵ غەریبی گەڕایەوە بۆ گەڕەکەکەی خۆی...

خەنفس نیگایەکی کونکەری گرتە شافعی، دەستدرێژکردنەکەی زۆر پشتگوێخست، بێ ئەوەی سەروچاوی نەرم بێت، پاشان بە ساردییەکەوە ورتەورتێکی کرد:

- بەخێر بێی...

ڕەفاعە بە بێزهاتنەوە تەماشای کرد و دایکی چرپاندی بەگوێیدا کە بڕوات سڵاوی لێ بکات، ڕەفاعە بە دڵتەنگییەوە ڕۆی و دەستی بۆ درێژکرد و مام شافعی وتی:

- ڕەفاعەی کوڕمە.

خەنفس بە نیگایەکی نارەزایی و بوغزاندنەوە تەماشای ڕەفاعەی کرد، ئامادەبووان پێیانوابوو ئەوە تەماشاکردنی ڕق و کینەیە بۆ نەرمونیانییە نەشیاوەکەی ئەو لە گەڕەکەکەدا، بەبێ گوێدان تەوقەی لەگەڵدا کرد پاشان ئاوڕی لە باوکی دایەوە و وتی:

- ئایا دەبێت لە غەریبیدا یاسای ژیانی گەڕەکەکەمانت لەبیرچووبێتەوە؟

شافعی هەستی کرد مەبەستی چییە و دڵتەنگییەکەی خۆی شاردەوە و وتی:

- سەرکار ئێمە هەمیشە لە خزمەتداین.

بە گومانەوە وردی سەروچاوی بووەوە و لێی پرسی:

- بۆچی گەڕەکەکەت بەجێهێشت؟

شافعی بێدەنگ بوو بۆئەوەی وەڵامێکی شیاو بدۆزێتەوە، خەنفس وتی:

- لە زەنفل ڕاتکرد؟

جەوادی شایەر بە دەستپێشخەرییەوە وتی:

- ئەوە هەڵەیەك نییە کە لێخۆشبوونی نەبێت.



خەنفس بە وریاکردنەوە بە شافعی وت:

- کە تووڕەبووم لە دەستم دەرناچیت.

عەبدە بەپاڕانەوە وتی:

- سەرکار دەمانبینی کە باشترین کەسین.

شافعی و خێزانەکەی لەنێوان برادەرەکانی لە داڵانی سەرای نەسر ڕۆیشتن، بۆئەوەی خانوویەکی چۆڵ وەرگرێت کە مام جەواد پێشانیدا، لەو پەنجەرەیەی کە دەڕوانێتە سەر داڵانەکە کیژێکی شۆخی خاوەن جوانییەکی چەپەڵ لەبەردەم شووشەی پەنجەرەکەدا قژی بەشانە دەکرد. هەر کە هاتووەکانی بینی بەنازەوە پرسیاری کرد.

- ئەوە کێیە هاتووە دەڵێی زاوای شاییە؟

هەمووان پێکەنین و پیاوەکە وتی:

- دراوسێیەکی نوێیە یاسەمینە لە داڵانەکەی لای بەردەمت نیشتەجێ دەبێت.

کیژەکە بە پێکەنینەوە وتی:

- خوا پیاوان زۆرکات...

بە بێبایەخییەوە تەماشایەکی (عەبدە)ی کرد، بەڵام چاوانی لەسەر ڕەفاعەوە بە بایەخ و ئیعجابەوە وەستان، ڕەفاعە بە نیگاکەی حەپەساو پتر لە حەپەسان لە نیگاکەی عەیشێی کچی خەنفس، دوای باوك و دایکی کەوت تا دەرگای نشتەجێیەکەیان کە بەرامبەر دەرگای ماڵەکەی یاسەمینە بوو لەلایەکەی دیکەی داڵانەکە، دەنگی یاسەمینە بوو گۆرانی دەوت:

- ئای دایکە لەو جوانییە...

-٤٦-

مام شافعی لە دەروازەکەی ئاوەدانی سەرای نەسر دوکانی دارتاشی کردەوە، عەبدە لەگەڵ بەیاندا دەرچووە دەرەوە بۆئەوەی بازاڕ بکات، مام شافعی و ڕەفاعەی کوڕی چوون بۆ دوکان و لەبەردەرگای دوکانەکە دانیشتن و چاوەڕێی ڕزق بوون، کابرا ئەوەندە پارەی پێبوو بەشی مانگێك یان زیاتر بکات، نیگەران نەبوو، سەیری داڵانە بە خانووە سەرگیراوەکەی دەکرد، کە دەچووە سەرحەوشە گەورەکە و وتی:

- ئەوەتا داڵانە پیرۆزەکە کە جەبەل دوژمنەکانمان تێدا نوقم کرد.

ڕەفاعە بە دووچاوی خەوناوی و زارێکی بەبزەوە تێی ڕاما، کابراکە دیسان وتییەوە:

- لەم پارچە زەوییەدا ئەدهەم کوختەکەی خۆی دروستکرد و ڕووداوەکان ڕوویان داو جەبەلاوی کوڕەکەی پیرۆز کرد و لێی بوورا...

زارە جوانەکە بزەی زیاتر بوو و چاوانی پڕبوون لە خەون، بیرەوەرییە جوانەکان هەمووی لەم جێگایەدا لەدایك بوون، ئەگەر زەمانە نەبووایە ئێستا شوێنپێیەکانی دەگەڕاندەوە، لەم پەنجەرانەوە ئاو دەڕژانە بەسەر شەقاوەکاندا. لە پەنجەرەکەی یاسەمینەوە ئاو دەڕژا بەسەر دوژمناندا، ئەمڕۆیش تەنها نیگای ترسناکیان لێوە دەڕژێت، زەمان بە هەموو گەورەییەك گەمە دەکات، بەڵام جەبەل لەنێو پیاوە بێدەسەڵاتەکاندا لەناو حەوشەکە چاوەڕێ بوو، بەڵام سەرکەوت...

- باوکە جەبەل سەرکەوت، بەڵام سوودی سەرکەوتنەکە چی بوو؟

کابراکە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- بەڵێنمان داوە کە بیر لەوە نەکەینەوە، ئەرێ خەنفست بینی؟

دەنگی بەناز بەرزبووەوە و بانگی کرد:

- ئەی مامەی دارتاش.

باوك و کوڕ بە نکوڵیکردنەوە سەیری یەکدیان کرد، باوکەکە هەڵسا و سەری هەڵبڕی و یاسەمینەی بینی لەبەر پەنجەرەکە، هەردوو کەزیە درێژەکەی شۆڕببوونەوە و دەلەرینەوە و کابرا وتی:

- ئا بەڵێ...

دەنگەکە کە لە گەمەوە بێهوودەییدا شەکەت ببوو، وتی:

- شاگردەکەت بنێرە با ئەم مێزە بەرێت بۆ چاککردن.

پیاوەکە گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی بە کوڕەکەی وت: (ناوی خوای لێ بێنە). ڕەفاعە بینی دەرگای خانووەکە کراوەتەوە چاوەڕێی ئەوە بوو بە ورتەورتێکی وتی: (ئحم)، کیژەکەیش ڕێگای دایە بچێتە ژوورەوە. بینی کیژەکە دیشداشەیەکی قاوەیی قەراغ سپی لە دەوری تەوقەکەی لەبەرکردبوو، هەروەها لەسەر هەردوو مەمکە قووتەکەیدا و پێیەکانیشی پەتی بوون، کیژەکە ماوەیەك بێدەنگ بوو، وەك بڵێی شوێنەواری دیمەنی لە دەروونی کوڕەکەدا تاقی دەکاتەوە، هەر کە بینی چاوەکانی بێگەردن و نەگۆڕن، ئاماژەی کرد بۆ مێزێکی بچووك کەسێ قاچی هەبوو لە سووچێکی هۆڵەکەدا وتی:

- قاچی چوارەم لەژێر قەنەکەیە، تو گیانی خۆت دایکوتەرەوە و مێزەکە بۆیە بکەرەوە.



بە ڕیتمێکی خۆشەوە وتی:

- خانم لە خزمەتداین.

- ئەی نرخەکەی؟

- لە باوکم دەپرسم.

بە پرسیارەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا:

- ئەی خۆت؟ نرخەکەی نازانیت؟

- ئەو قسەی تێدا دەکات.

کیژەکە بە هێزەوە لە سەروچاوی وردبووەوە و لێی پرسی:

- ئەی کێ چاکی دەکات؟

- من، بەڵام بە سەرپەرشتی و یارمەتی ئەو.

کیژەکە بەبێ گوێپێدان وتی:

- (بەتیخە) بچووکترین شەقاوەکانی ئێمەیە و لەتۆ مندالترە، بەڵام دەتوانێت سەرجەم زەماوەندێك گێژ بکات، تۆیش ناتوانی بە تەنیا قاچی مێزێك چاك بکەیت...!

ڕەفاعە بە دەنگێکەوە وتی وەکو یەکێك بیەوێت قسەکە کۆتایی پێ بهێنێت:

- گرنگ ئەوەیە بەچاکی بۆت دەگەڕێتەوە.

قاچی چوارەمی لەژێر قەنەفەکە دەرهێنا و مێزەکەی خستە سەرشانی و بەرەو دەرگاکە ڕۆی و وتی:

- بمێنە بەخێر...

هەر کە لە دوکانەکەدا مێزەکەی خستە پێش باوکی، کابرا بەوەڕزییەوە وتی و مێزەکەی دەپشکنی:

- ڕاستی دەڵێم دەبوو ڕزقی باشتر لە لایەکی پاکترەوە بووایە.

ڕەفاعە بە سادەیی وتی:

- باوکە بەهەرحاڵ کیژێکی چەپەڵ نییە، بەڵام وادیارە تەنیایە.

- لە ژنی تەنیا ترسناکتر نییە.

- لەوانەیە پێویستی بە دەستگرتن هەبێت!

مام شافعی بەگاڵتەوە وتی:

- پیشەمان دارتاشییە نەك دەستگرتن، غەراکە بێنە...

لەگەڵ ئێوارەدا مامە شافعی و ڕەفاعە چوون بۆ قاوەخانەکەی جەبەل، جەوادی شایەر لەسەر قەنەفەیەك چوارمشقی دانیشتبوو، قاوەی دەخواردەوە. (شەڵزم) خاوەن قاوەخانەکە لەبەر دەرگاکە دانیشتبوو، کەچی لە پرێکدا خەنفس لەسەرەوە لە ناوەڕاستی خەرمانەیەکی موعجیبدا جێگای خۆی داگیرکرد.

شافعی و کوڕەکەی چوون بۆ لای شەقاوەکە سڵاوی ملکەچی لێ بکەن، پاشان لەتەنیشت (شلّزم)ەوە دانیشتن، ئەوەندەی پێ نەچوو مام شافعی نەرگیلەکەی گرتە دەستەوە و کوڕەکەیشی پەرداخێك دارسینی بە فستقیان بۆ هێنا و کەشی قاوەخانەکە خەواڵو بوو، لەسەرەوەیدا دووکەڵی جگەرەی پلوورەی بەستبوو، لە هەوا ئەوقبووەکەیدا بۆنی موعەسیل و نەعناع و مێخەك بڵاوبووەوە، بەڵام سەروچاوە خاوەن سمێڵ فشەکان ڕەنگ زەرد و پێڵوو قورس دیاربوون، کۆکە و قخەقخ تێکەڵ بوون بە پێکەنینی توند و نوکتەی حەشەرییانە، لە ناوجەرگەی گەڕەکەکەوە دەنگی هوتافی منداڵان دەهات و دەیانوت:

کوڕانی گەڕەکمان — توت توت
ئێوەی نەسرانی — نەك جوولەکە
چی دەخۆن — کێك دەخۆین
چی دەخۆنەوە — قاوە دەخۆینەوە...

لەبەر دەرگای قاوەخانەکەدا پشیلەیەك ماتە ماتی بوو، پەلاماری ژێر قەنەفەکەی دا، زیکەزیکێك بەرزبووەوە پاشان بە ڕاکردن دەرکەوت و بە دانەکانی مشکێکی گرتبوو. ڕەفاعە بەبێزهاتنەوە کوپە مێخەکەکەی لە زاری دوورخستنەوە، چاوی هەڵبڕی و خەنفسی بینی تف دەکات، خەنفس بانگی کرد لە جەوادی شایەر:

– کەی دەست پێ دەکەیت سەری گۆبەن؟

جەواد بزەیەکی هاتێ و سەرێکی بادا، پاشان ڕەبابەکەی گرتە دەستەوە، لە ژێکانییەوە ئاوازی سەرەتایان لێ بەرزبووەوە و بە سڵاوکردن بۆ بەڕێوەبەر دەستی پێکرد، سڵاوی دووەم بۆ (بەیومی) شەقاوەی گەڕەك و سێیەم بۆ خەلیفەی جەبەل شەقاوە خەنفس دەستی پێکرد:

(ئەدهەم لە بەڕێوەبەرایەتی وەقفەکە دانیشت و پێشوازیی کرێچییە نوێیەکانی خانووبەرەکانی دەکرد، تەماشای دەفتەرەکەی کرد کاتێ دەنگی دوا پیاوی بۆ هات و وتی و ناوی خۆی ئاشکرا کرد:

– ئیدریس جەبەلاوی.



ئەدهەم سەری هەڵبڕی لە ترساندا و بینی براکەی لەبەردەمیدا وەستاوە)...

شایەرەکە بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە لە کەشێکی گوێگرتندا و ڕەفاعە بەتاسەوە گوێی لێ دەگرت، ئەمە شاعیرە و ئەمە چیرۆکە. چەند گوێی لەدایکی بوو کە دەیوت: (گەڕەکەکەمان گەڕەکی چیرۆکە) بەڕاستی شایانی خۆشەویستی ئەم چیرۆکانە بوو. لەوانەیە دڵدانەوەیەکی یاریگاکانی بازاڕی موقەتەم و چۆڵەوانییەکانی تێدا بێت، ئاسوودەیەکە بۆ دڵی سووتاوی بە ئەشقێکی ئاڵۆز، ئاڵۆز وەکو ئەم خانووە گەورە داخراوە، هیچ شوێنەوارێکی ژیانی تێدا نییە جگە سەری دار قەڵەمتۆزەکان و تووی دارخورماکان نەبێت. چ نیشانەیەکی تێدایە لەسەر ژیانی جەبەلاوی جگە لە درەختەکان و چیرۆکەکان نەبێت؟ چ نیشانەیەك هەیە کە ئەو نەوەی ئەوە جگە ئەو لێکچوونە نەبێت کە جەوادی شایەر بەدەستی دەستنیشانی کرد؟ شەو دەچووە پێشێ، مام شافعی سێیەم نەرگیلەی دەکێشا، لە گەڕەکەکە بانگی فرۆشیارەکان و هوتافی منداڵان نەما، تەنها ئاوازەکانی ڕەبابەکە و لێدانی تەپڵێك کە دەهات لە دوورەوە، قیژەی ژنێك کە مێردەکەی لێی دەدا، بەڵام ئەدهەم ئیدریسی بەرەو چارەنووسی خۆی ڕایکێشا بۆ چۆڵەوانییەکە و ئومەیمە بەگریانەوە دوایکەوتبوو، هەروەها دایکم لە گەڕەکەکە دەرچوو منی لە سکدا بووم لنگەفرتێم بوو، نەعلەت بێ لە شەقاوەکان و لە پشیلەکان کە بە دانەکانیان هەناسە لەبەر مشکان دەبڕن، لە هەموو نیگایەکی گاڵتە و یان پێکەنینێکی ساردوسڕ و لەوەی کە پێشوازیی لەبرا گەڕاوەکەی دەکات و پێی دەڵێت لە تووڕەییدا لە دەستم دەرناچێت و لەوانەی کە تۆقاندن دروست دەکەن و خولقێنەری دووفاقین. ئەدهەمیش هیچی بۆ نەمایەوە جگە لە چۆڵەوانییەکە نەبێت. ئەوەتا شایەر گۆرانییەك لە گۆرانییە سەرخۆشییەکانی ئیدریس دەڵێت، بەسەر گوێی باوکیدا چەمایەوە و وتی:

– دەمەوێت سەردانی قاوەخانەکانی دیکە بکەم.

مامە شافعی بەسەیرەوە وتی:

– قاوەخانەکەمان باشترین قاوەخانەیە لە گەڕەکەکەدا.

– شایەرەکان لەوێ چی دەڵێن؟

– هەمان چیرۆکەکان، بەڵام لەوێ کە گوێت لێیان دەبێت وەك بڵێی ئەم چیرۆکانە نین...

چپەچپەکە گەیشتە (شەڵزم) و بەلای ڕەفاعەدا نووشتایەوە و وتی:

- له خەڵکی گەڕەکەکەمان درۆزنتر نییە و شایەرەکان لە درۆزن درۆزنترن، لە قاوەخانەیەکی دیکە گوێت لێ دەبێت کە جەبەل کوڕی گەڕەکەکە نییە، وەڵا ئەوەی وت کە تەنهاخواوەندی کوڕی حەمدان وتوویەتی.

مام شافعی وتی:

- شایەر دەیەوێت گوێگرەکانی ڕازی بکات بە هەرنرخێك بێت.

شەڵزم، بەچپەوە وتی:

- بگرە دەیەوێت شەقاوەکان ڕازی بکات.

- لەنیوەشەودا کوڕ و باوك قاوەخانەکەیان بەجێهێشت، تاریکییەکە چڕ بوو خەریك بوو بەرجەستە دەبوو، دەنگی پیاوان دەهات لەوێ وەك بڵێی ئەو دەنگە لە هیچەوە دەهات. جگەرەیەك لە دەستێکی نەبینراوەوە دەگەشایەوە وەك بڵێی ئەستێرەیەك بەرەو زەوی دەکەوتە خوارەوە و باوکەکە پرسی:

- چیرۆکەکەت بەدڵ بوو؟

- بەڵێ، چیرۆکەکان چەند جوانن...

باوکەکە پێکەنی و وتی:

- مامە جوادت تۆی خۆش دەوێت، لەکاتی پشوودا چی پێ وتیت؟

- داوای لێکردم لە ماڵەوە سەردانی بکەم.

- چەند خێرا خۆشەویست دەبیت، بەڵام منداڵێکی بەهێواشی فێردەبیت.

بە داوای لێبووردنەوە وتی:

- تەمەنێکی تەواوم هەیە لە دارتاشیدا، بەڵام ئەوەی بەلامەوە گرنگە کە سەردانی هەموو قاوەخانەکان بکەم.

ڕێگاکەی خۆیان بەرەو دالانەکە گرتەبەر، لە ماڵەکەی یاسەمینەوە غەڵبەغەڵبێکی سەرخۆشی دەهات و دەنگێك گۆرانی دەوت:

ئەی کلاو لار کێ بۆی چنیوی

دڵت گرتم خودا هەراسانت کا...

ڕەفاعە چپاندی بەگوێی باوکییەوە؟:

- بەتەنیا نییە وەکو پێموابوو:

باوکە کە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:



- چ تەمەنێکی زۆرت لە چۆڵەوانییەکاندا بەفیڕۆ دا.

لەسەرەخۆ و بەوریاییی بە پەیژەکەدا سەرکەوتن و ڕەفاعە وتی:

- باوکە سەردانی مام جەوادی شایەر دەکەم.

## -٤٧-

ڕەفاعە دای لە دەرگای ماڵی جەوادی شایەر لە سەرای سێیەم لە گەڕەکی جەبەل، لە حەوشەکەدا جنێوێکی توند لە حەوشەکە بەرزبووەوە کە ژنان بەیەکدیان دەدا کە لە دەوری جلشتن و چێشتلێنان کۆببوونەوە، لەسەر پەرژینەکە تارمەیەکی خڕ دەیڕوانییە سەر حەوشەی سەراکە، شەڕە بنەڕەتییەکە لەنێوان دوو ژن بوو، منداڵەکانیان لەپشتی تەشتی جلشۆرینەکە وەستابوون، ژنێکیان هەردوو دستی بە کەفی سابوونەوە بوو ڕایدەوەشاندن، ئەو ژنەکەی دیکە لە دەروازەی دالانەکە هەردوو قۆڵی هەڵکردبوو بە ناشیرینترین شێوە وەڵامی جنێوەکەی دەدایەوە و کەمەری خۆی بادەدا بۆ گاڵتەپێکردن، وەلێ ژنەکانی دیکە بوونە دوو تیمەوە، دەنگەکان بەیەکدا هاتن تا دیوارەکانی سەراکەیش جنێوە ناشیرین و ناتۆرە حەشەرییەکانیان دەسەندەوە، لەپڕ داچەڵەکی لەوەی کە دەیبینێت و گوێی لێ دەبێت، لە شوێنەکەی خۆی وەرچەرخا بەبێزهاتنەوە بەرەو دەرگای ماڵی شایەرەکە. تەنانەت ژنان، تەنانەت پشیلەکان و لێگەڕێ لە شەقاوەکان، هەموو دەشتێك چڕنووکی هەیە و هەموو زمانێك ژەهری هەیە و ترس و کینەی لە دڵدایە، بەڵام هەوای پاك لە چۆڵەوانییەکەی موقەتەمە یان لە خانووە گەورەکە، ئەو شوێنەی کە خاوەن وەقفەکە بەتەنیا بە ئاسوودەیی دەژی، دەرگا بەڕووی کابرای کوێرە کرایەوە و سەیری کرد و سڵاوی لێی کرد، سیمای پیاوەکە بزەی دەهاتێ، ڕێگای بۆ کردەوە و پێی وتی:

- بەخێر بێی برازاکەم.

ڕەفاعە هەر کە چووە ژوورەوە بۆنی مخوورێکی تیژی کرد دەتوت هەناسەی فریشتەیە، کەوتە دوای کابرا بۆ ژوورێکی بچووکی چوارگۆشەیی دیوارەکانی شەلتیان پێدارپێزکرابوو، لە زەوییەکەیشی حەسیرێکی ڕەنگاوڕەنگ ڕاخرابوو، کەشەکە لەودیوەوە لە درزی پەنجەرە داخراوەکان لێڵایی دەمەو عەسر دیاربوو، میچەکەی بەدەوری چرا شۆڕەوەبووەکەدا وێنەی چۆلەکە و کۆتر کێشرابوون، شایەرەکە لەسەر سەکۆکەی خۆی چوارمشقی دانیشت و ڕەفاعەیش بە تەنیشتییەوە دانیشت، پیاوەکە وتی:

- قاوەمان ئامادە دەکرد...

بانگی ژنەکەی کرد، ژنێك سینییەکی قاوەی هەڵگرتبوو، جەواد وتی:

- وەرە دایکی (بیخاترها)* ئەمە ڕەفاعەی مامە شافعییە.

ژنەکە لەلایەکی دیکەوە بەتەنیشت مێردەکەیەوە دانیشت، قاوەی تێکردە فنجانەکان و وتی:

- بەخێربێی کوڕم.

ژنەکە لە ناوەڕاستی دەیەی شەشەمدا بوو، ڕپ و ڕاست و تێکسمڕاو بوو، بەجووتێ چاوی تیژ و خاڵێکی کوتراوی سەر چەناگەوە سەرنجڕاکێش بوو، جەواد بۆ لای میوانەکە ئاماژەی کرد وتی:

- ئەو گوێگرە، دایکی ((بیخاترها)) پەرۆشی چیرۆکەکانیشە، شایەریش حەماسی بۆ کەسانی وەکو ئەو هەیە و لێی ڕازییە، وەلێ ئەوانی دیکە لەبەر حەشیشە خەو دایاندەگرێت.

ژنەکە بە سوعبەتەوە وتی:

- چیرۆکەکانی تۆ لەلای ئەو نوێن و بۆ ئەوانی دی دووبارەیە.

شایەر بەتووڕەییەوە وتی:

- ئەوە دەنگی عفریتێکە لە عفریتەکانت... ((پاشان ڕووی قسەکەی کردە ڕەفاعە)). ئەم ژنە (کۆدیەی زار)ە.

بە بەیاخەوە ڕەفاعە سەیری ژنەکەی کرد و چاویان بڕییە یەکدی و بەدەستی قاوەیەکی بۆ درێژ کرد. چەند هەرای زیکر و سەما لە بازاڕی موقەتەم سەرنجی ڕادەکێشا. دڵی بە هەلەکەسەماوە بەدوایدا دەچوو، لەڕێگادا دەوەستێ و بەرەو پەنجەرەکان سەری هەڵبڕی، چاوی دەبڕییە ئەو بخورەی لە ئاسماندا پلوورەی سەرەکان و لەتریان دەداو شایەر لێی پرسی:

- ئایا لە غوربەتەکەتدا شتێکت لەبارەی گەڕەکەکەمانەوە نەدەزانی؟

- باوکم لەبارەیەوە قسەی بۆ کردووم و هەروەها دایکیشم، بەڵام دڵم لەوێ بوو، زۆر گوێم بە وەقفەکە و گیروگرفتەکانی نەدەدا و سەیرم هات بەقوربانییە زۆرەکانی، بۆیە ڕام بەلای دایکمەوە بوو، بۆ بەرقەرارکردنی خۆشەویستی و ئاسوودەیی.

---

* بخاترها/بخاطرها: ناوە لێرەدا... شەلت: جۆرە پارچە بەردێکی هەڕەمەکانە.



جەواد پرسیاری کرد و بە خەمەوە سەری دەلەقاند:

- خۆشەویستی و ئاسوودەیی چۆن دەتوانێت بژێت لەنێوان هەژاریی و تیلای شەقاوەکاندا؟

ڕەفاعە وەڵامی نەدایەوە، نەك لەبەرئەوەی هیچ وەڵامێك نییە، بەڵام چاوەکانی بۆ جاری یەکەم وێنەیەکی سەیری بینی لەسەر دیوارێکی لای ڕاستی ژوورەکە. وێنەیەك بە زەیت لەسەر دیوارەکە وێناکێشرابوو، وەکو ئەو وێنانەی کە لەسەر دیواری قاوەخانەکاندا شێوەی کابرایەکی زەبەلاح بوو، بەتەنیشتییەوە سەرای گەڕەکەکە بچووك دیار بوو، دەتوت یاریی منداڵانە، گەنجەکە پرسی:

- خاوەنی ئەو وێنەیە کێیە؟

دایکی(بیخاترها) وەڵامیدایەوە:

- جەبەلاویە...

- ئایا کەس بینویەتی؟

جەواد وتی:

- نەخێر، کەس لە نەوەکەی ئێمە نەیدیوە، تەنانەت جەبەلیش لەتاریکیی چۆڵەوانییەکەدا نەیبینیوە، بەڵام سپیکار بەگوێرەی ئەوەی لە چیرۆکەکاندا بیستوویەتی وێنەی کێشاوە.

ڕەفاعە بە هەناسەهەڵکێشانەوە پرسی:

- بۆچی دەرگای لەڕووی نەوەکانی داخستووە؟

- دەڵێن پیرییە، کەس نازانێت چۆن ڕۆژگارەکانی بەسەردەچن!

وەڵا ئەگەر دەرگاکانی بکاتەوە کەس لە خەڵکی گەڕەکەکەماندا لە خانووە چەپەڵەکەی خۆیدا نامێنێت.

- ئایا ناتوانی کە...

وەلێ دایکی ((بیخاترها)) قسەکەی پێ بڕی و وتی:

- خۆتی پێوە خەریك مەکە، ئەگەر خەڵکی گەڕەکەکەمان دەست بە قسە بکەن لەبارەی خاوەن وەقفەکەوە، قسە بەرەو وەقفەکە ڕایاندەکێشێت، پاشان جۆرەها بەلای هەمەڕەنگ ڕوو دەدات...

بە سەرسوورمانەوە سەرێکی بادا و پرسیاری کرد:

- چۆن خۆمان خەریك نەكەین بەم جۆرە باپیرە سەیرەوە؟!

- با ئێمەیش وەكو ئەو بكەین، چونكە ئەو خۆی بە ئێمەوە خەریك ناكات.

ڕەفاعە چاوی هەڵبڕی بۆ وێنەكە پاشان وتی:

- بەڵام چاوی بە جەبەل كەوتبوو و قسەی لەگەڵدا كردبوو.

- بەڵێ، هەر كە جەبەل مرد (زەنفل) هات و پاشانیش (خەنفس)، وەكو بڵێی مانگی چوارده نەڕۆیشتین و نەهاتین...

جەواد پێكەنی و بە ژنەكەی وت:

- گەڕەكەكە پێویستی بە كەسێك هەیە لە ئەهریمەنەكانی ڕزگاریان بكات، وەكو چۆن شێتەكان لە عفریتەكانیان ڕزگار دەكەیت...

ڕەفاعە زەردەی هاتێ و وتی:

- پوورێ بەڕاستی عفریت ئەو كەسانەن، بینیت دیدارەكەی خەنفس چۆن بوو لەگەڵ باوكمدا!

- كارم بەسەر ئەوكەسانەوە نییە، عفریتەكانی كەسانی دیكە ملكەچم دەبن وەكو چۆن مارەكان ملكەچی جەبەل دەبوون، بۆ هەموویان مخووری سۆدانی و نوشتەی حەبەشی و گۆرانی سوڵتانیم هەیە.

ڕەفاعە بە بەیاخەوە لە ژنەكەی پرسی:

- ئەم توانایەت بەسەر عفریتەكاندا لە كوێوە هێناوە؟

بە نیگایەكی وریاوە تەماشای كرد و وتی:

- ئەمە پیشەمە وەكو چۆن دارتاشیی پیشەی باوكتە، لە بەخشندەی هونەرەوە بۆم هاتووە...

ڕەفاعە دوا چۆڕی قاوەكەی خواردەوە ویستی قسە بكات، وەلێ دەنگی مامە شافعی لە گەڕەكەكەدا بەرزبووەوە و بانگی كرد:

- ڕەفاعە، هەی كوڕی تەمبەڵ...

ڕەفاعە هەڵسا بەرەو پەنجەرەكە و كردییەوە و سەری لێوە دەرهێنا تا چاوی كەوت بە چاوی باوكی و وتی:

- باوكە نیو سەعاتێك مۆڵەتم بدە.



كابراكە شانی هەڵتەكاند وەكو بێئومێدبوونێك و گەڕایەوە بۆ دوكانەكەی. هەر كە ڕەفاعە ویستی پەنجەرەكە دابخات (عەیشێ)ی بینی لە پەنجەرەكەدا وەستاوە، وەكو یەكەمجار كە بینی لەوێ، كیژەكە بەبایەخەوە سەیری دەكرد، پێیوابوو بزەی دەیگرێت بۆی یان بە چاوی قسەی دەكرد، ساتەوەختێك دوودڵ بوو، وەلێ پەنجەرەكەی داخست و گەڕایەوە بۆ جێگاكەی خۆی، جەواد دەستی كرد بە پێكەنین، وتی:

- باوكت حەزی لێیە ببیتە دارتاش، بەڵام تۆ حەزت لە چییە؟

ڕەفاعە زۆر بیری كردەوە پاشان وتی:

- دەبێت وەكو باوكم ببمە دارتاش، بەڵام حەزم لە چیرۆكەكانە، ئەویش نهێنییەكە دەربارەی عفریتەكان، پوورێ لەبارەیانەوە قسەم بۆ بكە...

ژنەكە زەردەی هاتێ دیاربوو وەك بڵێی ڕێگەی دا (هەندێ) لە زانستەكەی خۆی پێ ببەخشێت و وتی:

- هەموو مرۆڤێك عفریتی هەیە و ئاغایەتی، بەڵام هەموو عفریتێك ئادەمیزاد نییە و دەبێت دەرچێت.

- چۆن جودایی دەكەین لەنێوان ئەم و ئەودا.

- ئیشەكەی دەستنیشانی دەكات، بۆ نموونە تۆ كوڕێكی چاكیت، ئاغاكەیشت تەنها شایانی شتی جوانە، نەك عفریتەكانی بەیومی و خەنفس و بەتیخە!

بە بەرائەتەوە وتی:

- ئەی عفریتەكەی یاسەمینە ئایا دەبێت دەرچێت؟

دایكی (بیخاترها) پێكەنی وتی:

- دراوسێكەتان؟ بەڵام پیاوانی جەبەل دەیانەوێت وەكو خۆی.

بە بایەخێكی جدییەوە وتی:

- دەمەوێت ئەم شتانە بزانم بەخیلیم لەگەڵدا مەكە.

جەواد وتی:

- كێ دەتوانێت بەخیلی لەگەڵ كوڕی چاكدا بكات؟

دایكی بیخاترها وتی:

- جوانە ئەگەر لەگەڵمدا بیت بەپێی بوونی کات، بەڵام بەمەرجێك باوکت توورە نەبێت، چونکە خەڵکی دەپرسن ئەم کوڕە چاکە چی داوە بەسەر عفریتەکانەوە، بەڵام دەزانم تەنها نەخۆشی خەڵك عفریتەکانە.

ڕەفاعە گوێی دەگرت و تەماشای وێنەکەی جەبەلاوی دەکرد.

-٤٨-

دارتاشیی پیشە و دواڕۆژیەتی، وادیارە ناتوانێت لێی ڕزگاربێت. گەرچی خۆی پێی خۆش نییە، ئەی خۆی چی پێ خۆشە؟ وەلێ ئەوە باشترە لە گەڕانی زەحمەتکێش بەدوای عارەبانەی دەستییەوە، یان لە هەڵگرتنی بەرچنە و سەبەتەکان، بەڵام پیشەکانی دیکە وەکو سەرسەرییەتی و شەقاوەیەتی چەند قێزەوەنە و ڕقم لێیەتی.

دایکی بیخاترها خەیاڵی ورووژان وەکو هیچ شتێك لەمەوبەر نەیورووژاندبێت، مەگەر وێنەکەی خاوەن وەقفەکە کە لەسەر دیواری ژوورەکە لە ماڵی جەوادی شایەر وێنەی کێشراوە. هانی باوکی دا کە ڕۆژێکیان وێنەیەکی لەو شێوەیە بکات لە ماڵەکەی خۆیان یان لە دوکانەکەدا، کابرا وتی ئێمە لەپێشترین بۆ پارە تێچوونەکەی و ئەوە خەیاڵە و خەیاڵیش چ نرخێکی هەیە؟ هیچی پێ نەبوو تەنها پێی بڵێ کە دەمەوێت بیبینم، کابرا پێکەنینێکی بەرز پێکەنی و بەگلەییەوە پێی وت ئایا باشتر نییە ئیشی خۆت ببینی! من هەتا هەتایە بۆ تۆ ناژیم و دەبێت خۆت ئامادە بکەیت بۆ ئەو ڕۆژەی کە خۆت ئەرکی دایکت و ژنەکەت و منداڵەکانت لەئەستۆ بگریت، بەڵام بیری لە هیچ نەدەکردەوە، بگرە بیری دەکردەوە لەوەی کە دایکی (بیخاترها) دەیوت و دەیکرد. قسەکانی ژنەکە دەربارەی عفریتەکان بەلایەوە زۆر گرنگ بوون و لەبیری دەرنەدەچوون، تەنانەت لەوکاتە خۆشانەشیدا کە دەگەڕا بەسەر یەکە بەیەکەی قاوەخانەکانی گەڕەکەکەوە. تەنانەت هەمان ئەو چیرۆکانەیش لە دەروونیدا جێگر نەبوو وەکو ئەوەی کە قسەکانی دایکی بیخاترها تێدا جێگیر دەبوون، هەموو مرۆیەك عفریتێکی هەیە و ئاغایەتی و وەکو دەبێت و کۆیلەیشی دەبێت...

دایکی بیخاترها ئاوهای دەوت.

چەندها شەوی لە حزووری خانمەکەدا بەسەربرد و چاودێری هەرای زیکر و سەماکان دەکرد و کەویکردنی عفریتەکانی دەبینی. ئەوەی نەخۆش کەوێت لە حاڵەتی بێهۆشی و



ماندوویدا دەیبەن بۆ ماڵەکە و هەن کۆت و زنجیر دەکران بۆ خۆپاراستن لەدەست وەشاندنەکانی. بخووری بۆ شیاوی دەسووتێنرا، چونکە هەر حاڵەتێك بخووری تایبەتی خۆی هەبوو، لێدانێکی پێویست لێدەدرا، چونکە هەر عفریتێك و لێدانی خۆی هەبوو، پاشان شتی سەیر ڕوویدەدات. کەواتە زانیمان هەر عفریتێك و دەرمانی خۆی هەیە، بەڵام دەرمانی بەڕێوەبەری وەقفەکە و شەقاوەکانی چییە؟! ئەو شەڕەنگێزانە گاڵتە بەزیکر دەکەن و ڕزگار بوون لێیان، بەڵام عفریت بە بخووری بۆنخۆش و ئاوازی خۆش ئاسوودە دەبێت، چۆن عفریتی شەڕەنگێز بەجوانی چاك دەگیرێت؟! جگە لەوە جوانتر کە لە زیکر و عفریتەوە فێردەبین. بە دایکی بیخاترهای وت کە ئەو لە ناخی دڵەوە حەزی لێیە نهێنییەکانی زار بزانێت، ژنەکە لێی پرسی تەماحی پارەی زۆرت هەیە؟ وەڵامیدایەوە کە بۆ پاکژکردنەوەی گەڕەکەکە، حەزی لە پارەیەکی زۆرە و ژنەکە پێکەنی و وتی: من لە ئیشەکەتدا حوکمی ئەوە دەدەم کە تۆ بەدکاریی بەخۆشی جوان ڕاودەنێی. هەر کە ژنەکە لە درکاندنی نهێنییەکان بەردەوام بوو بۆی دەروونی ئاسوودە بوو. بۆ دەربڕینی خۆشحاڵییەك دەچوو کە لە سەربانی سەراکە لە جۆشوخرۆشی بەرەبەیاندا بوو بۆئەوەی دەرکەوتنی ڕووناکی ببینێت، بەڵام حەزی لە ماڵە گەورەکەیە بەبێ ئەستێرە و هێمنیی و قووقەی کەڵەشێر، تەماشای ئەو خانووە ڕاکشاوە دەکات کە لەنێوان درەختە درێژەکاندایە، پاشان دەپرسێت: ئەی باپیرە تۆ لەکوێی؟ بۆچی دەرناکەوێت بۆ ساتەوەختێکیش بێت، بۆچی جارێك نایەیتە دەرەوە؟

بۆچی قسەیەك ناکەیت؟ دەزانی کە قسەیەك لە تۆوە گەڕەکەکەمان لە حاڵێکەوە دەگۆڕێت بۆ حاڵێك؟ یان ڕازییت لەوەی کە ڕوودەدات؟ ئەو درەختانەی دەوری ماڵەکەت چەند جوانن، من خۆشیانم دەوێت، چونکە تۆ خۆشیانت دەوێت، تەماشایان دەکەم بۆئەوەی نیگاکانت کە لەسەریان چاپ بووە، ببینم. هەرچەندێ دڵی خۆی بۆ باوکی بکاتەوە گوێی لە گلەیی دەبێت و پێی دەڵێت:

- ئەرێ ئیشەکەی هەی تەمەڵ! لاوانی وەکو تۆ لە گەڕەکەکاندا دەسووڕێنەوە بەدوای کاردا.

ڕۆژێکیان خێزانەکە دوای نیوەڕۆژە کۆببوونەوە. ئەوە بوو عەبدە بە زەردەخەنەوە بە مێردەکەی، وت:

- سەرکار پێی بڵێ.

ڕەفاعە هەستی کرد کە مەبەستی قسەکە ئەوە و سەیری باوکی کرد بە لێوردبوونەوە، بەڵام کابراکە قسەی لەگەڵ ژنەکەی کرد و وتی:

- تۆ قسەی لەگەڵدا بکە گەر هەرچییەکت هەیە.

عەبدە بە ئیعجابەوە تەماشای کوڕەکەی کرد و وتی:

- ڕەفاعە هەواڵێکی بەختەوەرە، زەکیەخان ژنەکەی شەقاوەکەمان خەنفس سەردانی کردم و منیش سەردانەکەیم دایەوە و بەگەرمی پێشوازیی لێکردم و (عەیشێ)ی کیژی پێ ناساندم، کچێکی جوانە دەڵێی مانگە، پاشان جارێکی دیکە سەردانی کردمەوە و (عەیشێ)یشی لەگەڵدا بوو...

مام شافعی بە لایەکی چاو سەرنجێکی کوڕەکەی دا و فنجانە قاوەکەی هەڵدەبڕی بۆ زاری بۆئەوەی کاریگەریی چیرۆکەکە لەسەری ببینێت، پاشان سەرێکی بادا بەگوێرەی ئەو زەحمەتەی کە چاوەڕێی بوو، بە فیزەوە وتی:

- ئەمە شەرەفێکە بەری هیچ ماڵێك نەکەوتووە لە گەڕەکی جەبەلدا، تەسەورکە ژنەکەی خەنفس و کچەکە سەردانی ئەم ماڵەی ئێمە دەکەن.

ڕەفاعە بەسەرسوورمانەوە چاوی هەڵبڕی بۆ دایکی و بە حەماسەتەوە وتی:

- خانووەکەیان چەند قەشەنگە، قەنەفەکانیان نەرمونیانن، فەرشێکی فاخیر، تەنانەت ئەو پەردانەیش کە دادرێنەوە بەسەر پەنجەرە و دەرگاکاندا.

ڕەفاعە بە نابەدڵییەوە وتی:

- ئەم هەموو خێرە لە پارە و سامانی زەوتکراوی خێڵی جەبەلە.

مام شافعی بە زەردەخەنەیەکەوە مەسەلەکەی ڕاگرت و وتی:

- بەڵێنمان داوە کە لەم بابەتە نەدوێین.

عەبدە بە بایەخەوە وتی:

- با تەنها باسی خەنفس بکەین کە ئاغای خێڵی جەبەلەو برادەری کەسوکارەکەی دوعایەکە و قبووڵ بووە.

ڕەفاعە بە وەڕزییەوە وتی:

- ئەم برادەرییەت پیرۆزبێت!

دایکەکەو مێردەکەی بە واتاوە سەیری یەکدییان کرد، ژنەکە لەدوایدا وتی:

-هاتنی (عەیشێ) و دایکی ڕووداوێکە و واتای خۆی هەیە.



ڕەفاعە پرسی و هەستی بە دڵتەنگیی کرد:

- دایکە واتای چییە؟

شافعی دەستی کرد بە پێکەنین و بەبێ ئومێدییەوە دەستی هەڵبڕی و بە عەبدەی وت:

- دەبووایە باسی ئەوەمان بۆ کردبایە کە چۆن بووین بە ژن و مێرد...

ڕەفاعە بە دڵتەنگییەوە وتی:

- نەخێر! باوکە نەخێر.

-مەبەستت چییە؟ چییە دەڵێی کیژی سەر و عوزرنەشۆری؟

عەبدە بە حەشەرییانە و داواوە وتی:

- بەدەستی تۆیە کە بمانبەیتە ژووری بەڕێوەبەرایەتییەکەی خێڵی جەبەلەوە، کە چوویت بەخێرهاتنت دەکەن، تەنانەت خەنفسیش بەخێرهاتنت دەکات، چونکە ئەگەر بڕوای بە پایەی ئەو ژنە نەبووایە لەلای ئەو هەنگاوەی نەدەنا، سامانێکت لەبەردەمدایە کە گەڕەکەکە لە یەکەمەوە تا دوایی بەخیلیت پێ دەبەن.

باوکەکە بە پێکەنینەوە وتی:

- کێ چووزانێ، لەوانەیە ڕۆژێك بتبینین کە بەڕێوەبەری وەقفەکەی جەبەل، یان خۆت یەکێك لە کوڕەکانت دەبینی لەوێ.

- باوکە تۆ ئەمە دەڵێی؟ ئایا لەبیرت چوو کە بەر لە بیست ساڵ بۆچی گەڕەکەکەت بەجێهێشت؟

مامە شافعی چاوی ترووکان و بەهەندێ شڵەژانەوە وتی:

- ئێمە ئەمڕۆ دەژین وەکو کەسانی دیکە دەژین، نابێت قۆستنەوەی ئەم هەلە کە خۆی بۆمان هاتووە پشتگوێ بخەین.

ڕەفاعە ورتەورتێکی لێوەهات وەك بڵێی لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات...

-چۆن لەگەڵ عفریتدا بتوێمەوە، کەچی منیش ئەمڕۆ هیچ خەمێکم نییە جگە ڕاونانی عفریت نەبێت:

شافعی بەتوندییی وتی:

- هیچ ڕۆژێك خواستم ئەوە نەبووە جگە لەوەی کە بتکەم بە دارتاش، بەڵام بەخت پلەیەکی شایستەیە لە گەڕەکەماندا و خۆی دەخاتە پێشت، بەڵام دەتەوێت (کۆدیەی

زار)بیت، چ شوورەبییەکە، بووی بە چ چاوێکەوە؟ بڵێ ئەو کچە دەخوازم بۆت و لەگاڵتە گەڕێ.

- باوکە نایخوازم.

شافعی بە خەمساردییەکەوە وتی:

- سەردانی خەنفس دەکەم و داوای خزمایەتی لێدەکەم.

ڕەفاعە بەگەرمییەوە وتی:

- نەکەی باوکە.

باوکی بە وەڕزییەوە لێی پرسی:

- پێم بڵێ کوڕە تۆ کارت چییە؟!

عەبدە لە مێردەکەی پاڕایەوە و وتی:

- توند مەبە لەگەڵی تۆ لە حاڵی ئاگادارتری.

- من ئەوەی خراپە دەیزانم، کە گەڕەکەکەمان تانەمان لێدەدەن بەوەی کە نەرمونیانە...

پاشان بە نیگایەکی تووڕەیی سەیری کرد و بەتوندیی وتی:

- بۆچی خوێن لە سەروچاوت نامێنێت؟ تۆ لەپشتی پیاو هاتووی!

ڕەفاعە هەناسەیەکی هەڵکێشا، سنگی تارادەی گریان تەنگ بوو. تووڕەیی سۆزی باوکایەتی وخروبخر دەکرد و ماڵەکەیش هەندێ جار دڵڕەق دەبوو، دەبووە بەندیخانەیەکی خەمۆکی، خواستی تۆ لەم جێگایەدا نییە ونە لەنێو ئەو خەڵکەیشدا.

بە دەنگێکی کەرخەوە وتی:

- باوکە ئەشکەنجەم دەدەی، وەکو لەوەتەی لەدایکبووم ئەشکەنجەم دەدەیت...

ڕەفاعە سەری نەوی کرد تا سەروچاوی لە باوکی شاردەوە. کابراکە دەنگی نەوی کرد و ئەوەی توانی تووڕەییەکەی هێورکردەوە، پاشان لێی پرسی:

- ئایا لە ژنهێنان دەترسیت؟ بۆ حەزناکەیت ژن بێنیت؟ بەڕاشکاویی پێم بڵێ ئەوەی لەدڵتدایە، یان بڕۆم بۆلای دایکی (بیخاترها) لەوانەیە ئەوەی ئەو دەیزانێت ئێمە نەیزانین.

- ڕەفاعە بەتووڕەییەوە وتی:

- نەخێر.

لەپڕێکدا هەڵسا و ژوورەکەی بەجێهێشت...



## -٤٩-

مام شافعی هاتە خوارەوە بۆئەوەی دوکانەکەی بکاتەوە، وەکو پێشبینی کرد ڕەفاعەی لەوێ نەبینی، بەڵام بانگی لێ نەکرد و بەخۆی وت: ئەوە داناییە کە لە دیارنەبوونی ساردیی بنوێنێت. ڕۆژ بەرە بەرە دەکشا و ڕووناکی لە دەوری قاچی شافعی کۆ دەبووەوە بێ ئەوەی ڕەفاعە دەرکەوێت، ئێوارە داهات و کابرا دوکانەکەی داخست و زۆر دڵتەنگ و تووڕە بوو، وەکو عادەتی جارانی ڕوویکردە (شەڵزم) و جێگای خۆی گرت، هەر کە بینی جەوادی شایەر هات بەتەنیا سەرسووڕماو بوو و لێی پرسی:

- کەواتە کوا ڕەفاعە؟

کابراکە وەڵامیدایەوە و ڕێگاکەی خۆی گرت بەرەو قەنەفەکەی:

- لە دۆینێوە نەمدیوە...

شافعی بە نیگەرانییەوە پرسی:

- لەوەتەی دوای نیوەڕۆژە بەجێیهێشتین، نەمدیوە...

جەواد هەردوو برۆ سپییەکەی هەڵبڕی پاشان پرسی و لەسەر قەنەفەکەی چوارمشقی دانیشت و ڕەبابەکەی خستە تەنیشتییەوە:

- ئایا شتێ لەنێوانتان ڕوویداوە؟

شافعی وەڵامی نەدایەوە و لەپڕێکدا هەڵسا و قاوەخانەکەی بەجێهێشت و (شەڵزم) لە نیگەرانییەکەی شافعی سەری سووڕما و بەگاڵتەجاڕییەوە وتی:

- گەڕەکەکەمان ئەم تەڕیی و پڕییەی بەخۆیەوە نەدیوە، لەوەتەی ئیدریس کوختەکەی لە چۆڵەوانییەکە دروستکردووە، لە منداڵیمدا لە گەڕەکەکە چەند ڕۆژ دیارنەبووم و کەسیش لێی نەدەپرسیم، هەر کە گەڕاشمەوە باوکم خوای لێی خۆشبێت بانگی لێکردم: ((چی تۆی هێنایەوە هەی کوڕی ژنە بەدفەساڵەکە؟)).

خەنفس لەبەردەمی قاوەخانەکەدا توانجێکی لێدا و وتی:

- لەڕاستیدا ئەو دڵنیا نەبوو کە تۆ کوڕی ئەویت.

قاوەخانەکە بە پێکەنین سیخناخ بوو، زۆریان دەمخۆشیان لێکرد بۆ ئەو قسە عەنتیکە جوانەی، بەڵام مام شافعی ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی و لە عەبدەی پرسی: ئایا ڕەفاعە نەهاتەوە؟ نیگەرانیی ژنەکەی داگرت و ژنەکە وتی: عادەتەن وایدەزانی لە دووکانەکەیە،

نیگەرانییەکەی توندتر بوو کاتێك پێی وت کە نەچووە بۆ ماڵی جەوادی شایەریش و ژنەکە بە نیگەرانییەوە پرسیاری دەکرد:

- کەواتە بۆ کوێ ڕۆیی؟

گوێی لە دەنگی یاسەمینە بوو دەیقیژاند و بانگی هەنجیرفرۆشێکی دەکرد، نیگاکانی عەبدە بۆ شافعی نیگای گومان بوو، کابراکە بە وەڕزییەکەوە سەری ڕاوەشاند و پێکەنینێکی وشك پێکەنی بە کورتی و گاڵتەجارییەوە، بەڵام ژنەکە وتی:

- وەڵێ کچێکی وەکو ئەو گرێکان دەکاتەوە...

پیاوەکە ڕۆیی بۆ ماڵی یاسەمینە تەنها بێ ئومێدییش پاڵی پێوە نابوو بۆ ئەوە. لە دەرگای دا و یاسەمینە خۆی دەرگای کردەوە، هەر کە کچەکە ئەوی ناسی سەری کێشایە دواوە بە واقووڕماوییەکی تێکەڵ بەسەرکەوتن، وتی:

-تۆی! دایکە لەژێر کاوە ئاگر هەیە!

کابراکە لەبەردەم تەنکیی کراسەکەیدا چاوی داخست و بە تێکشاوییی وتی:

- ڕەفاعە لای تۆیە؟

کیژەکە هێندە دیکە واقوڕماو بوو وتی:

- ڕەفاعە! بۆ؟

کابراکە پەشۆکاویی پێوە دیاربوو، کیژەکە ئاماژەکەی کرد بۆ ژوورەوە و وتی:

- بەخۆت بەدوایدا بگەڕێ.

بەڵام کابراکە وەرچەرخا بۆئەوەی بڕوات و کیژەکە بەگاڵتەوە لێی پرسی:

- ئایا بالق بووە؟

گوێی لێبوو کیژەکە لەگەڵ کەسێکی ژوورەوە قسە دەکات و وتی:

- لەم سەردەمەدا کوڕ زیاتر ترسی لەسەرە لە کچ...

مام شافعی بینی عەبدە لە دالانەکە چاوەڕێیەتی و ژنەکە وتی:

- پێکەوە دەڕۆین بۆ بازاڕی موقەتەم.

کابراکە بەتووڕەییەوە وتی:

- خودا دوایکەوێت، ئەمە پاداشتی منە دوای ڕۆژێکی ئیشی سەخت!

سواری عارەبانەی کارو بوون بۆ بازاڕی موقەتەم و لەلای دراوسێ کۆنەکانیان هەواڵیان پرسی و لەلای ناسیاوەکان هیچ ئاسەوارێکیان نەدۆزییەوە. بەڵێ چەندین سەعات دیار



نابوو لە عەسران یان لە زەردەپەڕ لە چۆڵەوانییەکان و چیاکەدا- چۆن ڕۆیشتن ئاوها هاتنەوە بۆ گەڕەکەکە، بەڵام بە حاڵەتێکی زۆر بێتاقەتەوە، ئیدی ونبوونی لەژێر زەمانەکاندا بووە بنێشتەخۆشە، بەتایبەتی دوای ئەوەی چەند ڕۆژێکی بەسەردا ڕەت بوو، بووە مایەی گاڵتەوگەپ لە قاوەخانەکە و ماڵی یاسەمینە و گەڕەکی جەبەلدا. هەموو گاڵتەیان بەتۆقیویی باوك و دایکیان دەکرد، تەنها دایکی بیخاترها و مام جەواد هاوبەشی خەمی دایك و باوکی بوون و مام جەواد وتی: (ئەم کوڕە بۆ کوێ ڕۆیی؟ ئەو لەو جۆرە گەنجانە نییە، ئەگەر وەکو ئەوان وابووایە، وەرز نەدەبووین)، جارێك (بەتیخە) بەسەرخۆشییەوە بانگی کرد: (کوڕانی حەڵاڵ زادە، کوڕەکە ونبووە). وەك بڵێی بانگی لە منداڵێکی ونبوو دەکرد، گەڕەکەکە دەستیان کرد بە پێکەنین و مێردمنداڵانیش دەیانوتەوە. عەبدە نەخۆشکەوت، شافعیش لە دوکانەکەیدا بە ئەقڵێکی سەرگەردان و جووتێ چاوی سوورهەڵگەڕاوی لە شەونخونییەوە کاری دەکرد، بەڵام زەکیە ژنەکەی خەنفس لە سەردانیکردنی عەبدە بچڕا و لەڕێگادا گوێی پێ نەدەدا. ڕۆژێکیان شافعی خەریکی بڕینەوەی پارچە تەختەیەك بوو، یاسەمینە بانگی لێکرد کە لەسەروکارێك دەهاتەوە:

- مامە شافعی... تەماشاکە.

بینی کچەکە ئاماژە بۆ کۆتایی گەڕەکەکە دەکات لەلای چۆڵەوانییەکە، لە دوکانەکەی هاتە دەرەوە و مشارەکەی بەدەستەوە بوو، بۆ بینینی ئەوەی کە ئاماژەی بۆ دەکات، ڕەفاعەی کوڕی بینی بە شەرمەوە بەرەو سەراکە دەهات و کابرا مشارەکەی لەبەردەم دوکانەکە بەجێهێشت و بەرەو کوڕەکەی ڕایکرد و بە حەپەسانەوە دەیپشکنی، پاشان لە هەردوو باڵی گرت و پێی وت.

- ڕەفاعە! لەکوێ بووی؟ نازانی نادیاریت بۆ ئێمە واتای چییە؟ دایکە بەستزمانەکەت خەریك بوو لەبێ تاقەتیدا بمرێت؟

لاوەکە نقەی نەکرد و لاوازبوونەکەی بۆ باوکەکە دەرکەوت و لێی پرسی:

- ئایا نەخۆشبوویت؟

بە شڵەژاوییەوە وەڵامیدایەوە:

- نەخێر، لێمگەڕێ با دایکم ببینم.

یاسەمینە لە هەردووکیان نزیکبووەوە و بەگومانەوە لە لاوەکەی پرسی:

- بەڵام لەکوێ بووی؟

سەیری ئەوی نەکرد و مێردمنداڵەکان لە دەوری کۆبوونەوە. باوکی بەرەو ماڵ بردییەوە و مامە جواد و دایکی بیخاترها خێرا دوایان کەوت. هەر کە دایکی چاوی پێ کەوت و لە نوێنەکەیدا مایەوە و نووسانی بە سنگییەوە و بە دەنگێکی کزەوە وتی:

- خودات لێی خۆشبێت... چۆن دڵت هات دایك لەبیرکەیت؟

دەستی دایکی خستە ناو هەردوو دەستییەوە و لەسەر نوێنەکەدا داینیشاند و بەتەنیشتییەوە دانیشت و وتی:

- داوای لێبووردن دەکەم...

باوکی سەروچاوێکی گرژی هەڵبڕی، ناکۆك لەگەڵ ئەو ناخۆشییەی کە لەناخیدا هەیە، وەکو پەڵەهەورێکی ڕەش ڕووی مانگ بگرێت و بەگلەییەوە وتی:

- ئێمە تەنها مەبەستمان بەختەوەریتە...

عەبدە بەدوو چاوی پڕ فرمێسکەوە پرسی:

- واتزانی ئێمە بۆ ژنهێنان زۆرت لێدەکەین؟

بە خەمبارییەوە وتی.

- ماندووم.

زیاتر لە دەنگێك پرسیاریان لێ کرد:

- لەکوێ بوویت؟

هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- لە ژیانم وەڕز بووم چووم بۆ چۆڵەوانییەکە، هەستم کرد حەزم لە تەنیایی و چۆڵەوانییە، بەجێم نەدەهێشت تەنها بۆ کڕینی خۆراك نەبێت.

باوکەکە بەدەستی کێشای بە ناوچەوانییەوە و بانگی کرد:

- پیاوی ئاقڵ چۆن وا دەکات.

دایکی(بیخاترها) بە بەزەییەوە وتی:

- لێگەڕێن، من شارەزای ئەم دۆخانە هەم، ناکرێت شتێك بەسەر کەسانی وەکو ئەودا بسەپێنی کە نایەوێت...

عەبدە توند دەستی کوڕەکەی گوشی، وتی:

- بەختیاریی ئەو، ئاواتمان بوو، بەڵام ئەوە چارەنووس بوو، بوو، کوڕەکەم چەند لاواز بوویت.



مام شافعی بە ڕقەوە پرسیاری کرد:

- شتێکی وەکو ئەمەم پیشان بدەن کە لە گەڕەکەکەماندا ڕوویدابێت.

دایکی بیخاترها بە لۆمەوە وتی:

-مام شافعی حاڵەتەکەی ئەمم بەلاوە نامۆ نییە، بڕوام پێ بکە، ئەو گەنجێکە نموونەی دەگمەنە.

- لە گەڕەکەکەدا بووینەتە پەند...

دایکی بیخاترها بەتووڕەییەوە وتی:

- لە هەموو گەڕەکەکەدا گەنجێك لە وێنەی ئەو نییە...

مام شافعی وتی:

- ئەمە جێگای داخە...

دایکی بیخاترها هەڵیدایە:

- کابرا مەمنوونی خودایە، تۆ نازانی چی دەڵێی ناشزانی چی دەوترێت...

-٥٠-

دوکانەکە دیمەنێکی چالاکیی و سەرکەوتنی دەبەخشی. لەلایەکی مێزەکەوە مام شافعی وەستابوو تەختەی دەبڕییەوە، لەلاکەی دیکەیەوە ڕەفاعە لە قاچەکانی گرتبوو و بزماری دادەکوتی، بەڵام لەژێری مێزەکە شووشەیەکی غەرە هەبوو تانیوە لە ئاردەدار چەقی بوو، چەپەری پەنجەرەکانی و دولای دەرگاکانی دارابوو بە دیوارەکەوە، لە ناوەڕاستیاندا ڕیزێکی ستوونی سندووقی نوێی بە ڕەنگێکی کاڵی دار مشتومالکراوبوو دانرابوون، لە هیچیان کەم نەبوو تەنها بۆیەکردن نەبێت. کەشەکە پڕبوو لە بۆنی تەختە و دەنگی مشار و داکوتین و ڕنین و بلقەبلقی نەرگیلە کە چوار موشتەری دانیشتبون و لەبەر دەرگای دوکانەکە دەیانکێشا و قسەیان دەکرد، حیجازی بە مام شافعی وت:

- دەستڕەنگینیت لەم قەنەفەیەدا تاقی دەکەمەوە ئینشاڵا ئیشی داهاتوو جیازی کچەکە دەبێت (پاشان قسەی لەگەڵ هاوڕێکانیدا کرد)... دەگەڕێمەوە دەڵێم لە ڕۆژانێك دەژین ئەگەر جەبەل بۆی هاتەوە شێت دەبێت.

هەموویان بە خەمبارییەوە سەریان بۆ لەقاند و نەرگیلەیان دەکێشا، بەڵام بەرهەمی گۆڕهەڵکەن بە زەردەخەنەوە لە مام شافعی پرسی:

- بۆ ناتەوێت دارەمەیتێکم بۆ دروست بکەیت؟ ئایا هەمووشتێ بە نرخی خۆی نییە؟

مام شافعی دەستی لە مشارەکە هەڵگرت بۆ چرکەساتێك و بە پێکەنینەوە وتی:

- خوابدات، بوونی دارەمەیت لە دوکاندا موشتەرییەکان ڕاودەنێت، (فەرەحات) بۆ پشتگیرییکردنی قسەکەی وتی:

- ڕاست دەکەیت، دەنگی مەرگ و سەربووردی بڕێت.

حیجازی وتییەوە:

- عەیبی ئێوە ئەوەیە لە مەرگ دەترسن زیاتر لە پێویست، بۆیە خەنفس بەسەرتاندا زاڵ بووە، بەیومی بووەتە خاوەن سەڵتەنەت و ئیهابییش ڕزقتان دەستی بەسەردا گرتووە.

- ئەی تۆ وەکو ئێمە لە مەرگ ناترسیت؟

تفێکی کرد و پاشان وتی:

- عەیبەکە عەیبی هەموومانە، جەبەل بەهێزبوو و بەهێز و تووندوتیژیی ئەو مافەی بۆ گەڕاندینەوە کە ترس ونی کردبوو.

ڕەفاعە لە بزمارداکوتان وەستا و بزمارەکانی لە دەمی دەرهێنا و وتی:

- جەبەل ویستی مافەکانمان بەخۆشیی وەرگرێت و پەنای نەبردە بەر هێز تەنها بۆ بەرگریکردن نەبێت.

حیجازی بەگاڵتەوە پێکەنی و بە پرسینەوە وتی:

- کوڕم پێم بڵێ دەتوانی بەهێز بزمارەکان داکوتیت؟

ڕەفاعە بە بایەخێکی جدییەوە وتی:

- سەرکار مرۆڤ وەکو تەختە نییە.

باوکی تەماشایەکی کرد و گەڕایەوە سەر ئیشەکەی و حیجازی هەڵیدایێ و وتی:

- بەڕاستی جەبەل لەو شەقاوانە شەقاوەتر بوو کە من ناسیبووم لە گەڕەکەماندا و خێڵی جەبەلی هاندابوو بۆ شەقاوەیەتی.

فەرەحات بە ڕاستکردنەوەوە بۆی وتی:

- ویستی شەقاوەی گەڕەکەکەبن، نەك بەسەر خێڵی جەبەلدا.

مام شافعی پرسی و بەپشتە دەستی لووتی وشك دەکردەوە:

- مام حیجازی حەزت لەچی ڕەنگێکە؟

- ڕەنگێك هەڵبژێرە زوو پیس نەبێت، ئەوە مسۆگەرترە بۆ پاکوخاوێنی.



لە قسەکردن بۆ برادەرەکانی بەردەوام بوو، وتی:

- ئەو ڕۆژەی دعبس چاوی (کەعبلها)ی دەرهێنا و جەبەلیش چاوی ئەوی دەرهێنا بە جەبەرووت دادپەروەریی بەرقەراربوو. ڕەفاعە بە دەنگێکی بیستراوەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- پێویستمان بە جەبەرووت نییە، هەموو سەعاتێکی ڕۆژ و شەو خەڵکانێك دەبینین لێدەدرێن و برینەدار دەکرێن و دەکوژرێن، تەنانەت ژنانیش نینۆکەکانیان دەچەقێنن بۆئەوەی خوێن بڕژێت، بەڵام دادپەروەریی کوا؟ ئای ئەم هەموو چەند نابووتە!

هەموویان بۆ ساتەوەختێك مت بوون، پاشان (حەنوورە) وتی و بۆ جاری یەکەم بوو قسەی دەکرد:

- ئەم سەرکارە بچووکە ڕقی لە گەڕەکەکەمانە! لە ڕادەی پێویست زیاتر ناسکە و هۆیەکەیشی تۆی سەرکار شافعی.

- من؟!

- بەڵێ، ئەو گەنجێکی بەناز بەخێوکراوە.

حیجازی بەرەو ڕەفاعە ئاوڕی دایەوە و بە پێکەنینەوە وتی:

- باشتر وایە ژنێك بۆ خۆت بدۆزیتەوە...

پێکەنین بەرزبووەوە، شافعی چارەی گرژکرد و سەروچاوی ڕەفاعە سورهەڵگەڕا و حیجازی بەدووپاتکردنەوە وتییەوە.

- هێز... هێز، بەبێ ئەو دادپەروەریی بەرقەرار نابێت.

ڕەفاعە بەسووربوونەوە سەرباری چاوتێبڕینەکانی باوکی وتی:

- بەڕاستی گەڕەکەکەمان پێوستی بە ڕەحمە...

بەرهەمی گۆڕهەڵکەن پێکەنی و وتی:

- دەتەوێت ماڵم وێرا بکەیت؟

هەموو پێکەنین، دوای دەستیان بەکۆکین کرد، تا حیجازی وتی و ڕەنگی چاوەکانی بووە بە ڕەنگی غەدرە:

- جاران جەبەل دەرویشت بۆ لای ئەفەندی و داوای دادپەروەریی و ڕەحمی لێ دەکرد و زقڵت و پیاوەکانی بۆی نارد و ئەگەر کوتەك نەبووایە- نەبەزەیی- ئەگینا جەبەل و خێلەکەی تیادەچوون...

مام شافعی بە وریاکردنەوە وتی:

- هۆو، دایواریش گوێی هەیە، ئەگەر گوێیـان لێتـان بێـت کـەس نابێـت سـۆراختان بکات.

(حەنورە) وتی:

- پیاوەکە ڕاست دەکات، ئێوە جگە حەشیشەکێش بەولاوە هیچی دیکەنین و بێ خێرن، ئەگەر ئێستا خەنفس بە بەردەمتاندا ڕەت بێت هەمووتان لەبەردەستی کڕنۆشی بۆ دەبەن.

پاشان ئاوڕی لە ڕەفاعە دایەوە:

- لێمان مەگرە کوڕم، حەشیشەخۆر لێـی ناگیرێـت، ئایـا ڕەفاعـە حەشیشـەت تـاقی نەکردووەتەوە؟

مام شافعی بەپێکەنینەوە وتی:

- حەزی بە دانیشتەکانی نییە، ئەگەر دوو نەفەسی لێ بدات هەناسکەبڕکێ دەکـات و دەخەوێت.

فەرەحات وتی:

- ئەم گەنجە چەند خۆشە، هەندێ وا هەست دەکەن کە (کۆدیەی زار)ە، چونکە لەگـەڵ دایکی بیخاترهایە، هەندێکیش هەست دەکەن شایەرە کە حەزی لە مەتەڵەکانە...

حیجازی بە پێکەنینەوە وتی:

- ڕقی لە دانیشتنەکانی حەشیشەیە وەکو چۆن ڕقی لە ژنهێنانە.

(بەرهوم) شـاگردی قاوەخانەکـەی بـانگ کـرد بۆئـەوەی نەرگیلەکـە بـەرێت، پاشـان بەسەلاوکردنەوە هەڵسان و دانیشتنەکە بلاوەی لێ کرد. مام شافعی وازی لە مشارەکە هێنا و بەگلەییەوە تەماشای کوڕەکەی کرد و پاشان وتی:

- خۆت تێ وەرمەدە لە قسەوباسی ئەو خەڵکانە.

منداڵەوردکە هاتن تا لەبەر دەرگای دوکانەکە یاریی بکەن، ڕەفاعە بەدەوری مێزەکەدا سووڕایەوە تا بەرامبەر باوکی وەستا، پاشان لەدەستی گـرت و گەڕانییـەوە بـۆ قـوژبنێکی دوکانەکـە و دوور لـە گوێیـەکان. ورووژاو دیـاربوو، نیگـەران بـوو، بـەلام لێوەکـانی بەرێکوپێکی لەیەك نا، لەچاوەکانیدا ڕووناکییەکی سەیر گەشایەوە، تا چاوەکانی پیاوەکـە کەوتنە پرسیار و ڕەفاعە وتی:

- ئیتر لەمرۆ بەدواوە ناتوانم بێدەنگ بم.



باوکەکە دڵتەنگ بوو، ئای کە ئەم کوڕە ئازیزە کە ماندووکـەرە، ئـەو کاتـە بەنرخـەی خۆی لە ماڵی دایکی بیخاترها بەسـەر دەبـات، کـاتێکی زۆریـش لـەلای تاشـەبەردەکەی (هنـد) بەتـەنیا بەسـەر دەبـات. ئەگـەر سـەعاتێکیش لـە دوکانەکـە بمێنێتـەوە بـە دەمەتەقێکانی کێشە دەنێتەوە.

- ئایا چ ماندوویەك دەبینی؟

بە هێمنییەکی سەیرەوە وتی کە جێگەی نیگەرانی گرتەوە:

- ناکرێت ئەوەی لە دڵمدا هەیە لێتی بشارمەوە.

- چیت هەیە؟

- دوێنێ دوای ئەوەی لە ماڵی شایەر دەرچووم لـەنیوە شـەودا هەسـتم بـە ئـارەزووی دەرچوون کرد و ڕوومکردە چۆڵەوانییەکە، لە تاریکیدا ڕێمکرد تا مانـدووبووم، شـوێنێکم هەڵبژارد لەژێر شوورەی خانووە گەورەکەدا کە دەڕوانێتە سەر چـۆڵەوانییەکە و دانیشـتم و پشتم دایە شوورەکەوە.

بایەخ لە چاوانی پیاوەکەدا بەدەرکەوت بـە نیگایـەك هـانی دا تـا لەسـەر قسـەکەی بەردەوام بێت و وتی:

- گوێم لە دەنگێکی سەیر بوو قسەی دەکرد، وەکو بڵێی لە تاریکیـدا لەگـەڵ خۆیـدا قسەی دەکرد، هەستێکی گەشاوە دایگرتم کە ئەوە دەنگی جەبەلاوی باپیرەمانە؟

پیاوەکە سەیری دەموچاوی کوڕەکەی کرد و بە حەپەسانەوە ورتەورتێکی کرد:

- دەنگی جەبەلاوی؟ چی تۆی گەیاندە ئەو هەستە؟

ڕەفاعە بە گەرمی وتی:

- نەك هەستی منە باوکە، بگرە ئاماژەشت بۆ دێ، هەر کە گـوێم لـە دەنگەکـە بـوو بەرەو ماڵ وەرگەڕامەوە و گەڕامە دواوە بۆئەوەی بتوانم بیبینم، وەلێ هیچم نـەبینی تـەنها تاریکیی نەبێت.

- حەمد بۆ خوا!

سەبرت هەبێت باوکە، گوێم لە دەنگەکە بوو کە دەیوت:

((وەلی جەبەل ئەرکەکەی خۆی ئەنجامدا و جێگای متمانە بوو، بەلام کاروبار گەڕایـەوە سەر ئەوەی کە لە جاران ناشیرینتربوو)).

شافعی هەستی کرد سنگی گڕ دەگرێت و ناوچەوانی ئارەقەی دەکرد و بە دەنگێکی گرەوە وتی:

- چەندین کەس وەکو تۆ لەژێر ئەو شوورەیە دانیشتن و گوێشیان لە هیچ نەبوو.

- بەڵام باوکە من گوێم لێبوو.

- لەوانەیە کەسێك بێت لە تاریکییدا ڕاکشابێت!

بەسووربوونەوە سەری لەقاند و وتی:

- بگرە دەنگەکە لە خانووەکەوە دەهات.

- چۆن ئەوەت زانی؟

- هاوارم کردو وتم: (باپیرە، جەبەل مرد، لەدوای ئەوەوە کەسانی دیکە هاتن و دەستیان بۆ درێژکە...).

شافعی بە شڵەژانەوە وتی:

- داوام لە خودایە کە کەس گوێی لێت نەبووبێت...

ڕەفاعە بەدوو چاوی گەشەوە وتی:

- باپیرەم گوێی لێم بوو، گوێم لە دەنگی بوو وتی: (چەند ناشیرینە کە لاوێك داوای ئیش لە باپیرە پیرەکەی بکات. کوڕی خۆشەویست ئەوەیە ئیش دەکات). لێم پرسی:

((چی دەسەڵاتێکم هەیە منی لاواز بەرامبەر بەو شەقاوانە؟)). وەڵامی دامەوە: (لاواز دەبەنگە کەنهێنی هێزی خۆی نازانێت و منیش پیاوی دەبەنگم خۆش ناوێت)).

مام شافعی بەترسەوە پرسیاری کرد:

- پێتوایە ئەم قسەیە لەنێوان تۆ و جەبەلاویدا کرابێت؟

- بەڵێ بەخوای ئاسمانەکان.

کابراکە نووزەیەکی لێوە هات و بە ئێشەوە وتی:

- ئای لە واهیمە کە خوڵقێنەری کارەساتەکانە.

- باوکە بڕوام پێ بکە، ئەوەی دەیڵێم گومانی تێدا نییە.

بە حەسرەتەوە وتی:

- هیوابڕم مەکە لەوەی کە گومانی لێ بکەیت.

ڕەفاعە بە سەروچاوێکی درەوشاوەی خۆشی وەکو ئاوازێکی خۆش وتی:

- دەزانم ئێستا چی لە من داواکراوە.



کابراکە بە تووڕەییەوە کێشای بە ناوچەوانی خۆیدا و بە پرسیارکردنەوە هاواری کرد:

- ئایا هیچ لەتۆ داواکراوە؟

- بەڵێ، من لاوازم، بەڵام دەبەنگ نیم، کوڕی خۆشەویشت ئەو کەسەیە کە ئیش دەکات...

شافعی هەڵیدایێ هەستی کرد وەك بڵێی مشارەکە سنگی دەبڕێتەوە:

- کارەکەت ڕەشە، لەناودەچێت و ئێمەش لەگەڵ خۆتدا ڕادەکێشی بۆ لەناوچوون.

ڕەفاعە بە زەردەخەنەوە وتی:

- ئەوان کەس ناکوژن تەنها ئەوانە نەبێت کە چاویان لە وەقفەکەیە.

- ئایا لە وەقفەکە بەولاوە چاوت لە هیچی دیکەیە؟

ڕەفاعە بە دەنگێکی پڕ لە بڕواوە وتی:

- ئەدهەم حەزی لە ژیانێکی ڕوونی دەوڵەمەندبوو، هەروەها (جەبەل)یش داوای مافی خۆی نەکرد لە وەقفەکە، جگە ئەوە نەبێت هەوڵیدابوو بۆ ژیانێکی ڕوونی دەوڵەمەند، بەڵام ئەو بۆچوونە بەسەرماندا زاڵ بوو کە ئەم ژیانە بۆ کەس نارەخسێت، مەگەر وەقفەکە بەسەر هەمووواندا دابەش بکرێت و ژیانێکی ڕوونی دەوڵەمەند بۆ هەموو کەسێك برەخسێت. لە زەحمەتکێشیی ڕزگاری دەکات، بەڵام وەقفەکە چەند پڕوپووچە ئەگەر بەبێ ئەو نەگەیتە ئەو ژیانە، ئەوەیش مەسەلەیەکە دەکرێت هەرکەسێك بیەوێت، دەتوانین هەر لە ئێستاوە دەوڵەمەند بین. مامە شافعی هەناسەیەکی هەڵکێشا بەهەندێ ئاسوودەییەوە و پرسیاری کرد:

- ئایا باپیرەت وای پێ وتی؟

- وتی کە ئەو دەبەنگی خۆشناوێت، وتی دەبەنگ ئەو کەسەیە کە نهێنی هێزی خۆی نازانێت. من دوا کەسم داوای جەنگ دەکەم لەپێناوی وەقفەکەدا، باوکە وەقفەکە هیچ نییە و بەختیاریی ژیانێکی دەوڵەمەند هەموو شتێکە، تەنها عفریتەکانی ناوەوەمان کۆسپن لەنێوان ئێمە و بەختەوەریدا، بۆیە حەزم بە پزیشکی عفریتەکان بوو، پاش زانینی بێهوودە نەبوو، لەوانەیە ئیرادەی خوای ئاسمانەکانی لەسەر بووبێت کە بۆ ئەوە هانیدام...

شافعی دوای ئازار ئاسوودە بوو، بەڵام دوای ئەوەی کە ئازار هێزی لەبەر بڕیبوو، خۆی دادایە سەر وردەدارەکە و هەردوو قاچی درێژ کرد و پشتی دایە دەرکەی پەنجەرەیەکەوە کە چاوەڕێی چاککردن بوون، پاشان بەهەندێ گاڵتەجارییەوە لە کوڕەکەی پرسی:

- چۆن نەگەیشتووینەتە ژیانێکی دەوڵەمەند و دایکی بیخاترهامان تێدایە بەرلەوەی تۆ لەدایك بیت؟

ڕەفاعە بە دەنگێکی پڕ لە بڕواوە وتی:

- چونکە چاوەڕێیە نەخۆشە خواداوەکانی بۆ بێت، نەك خۆی بڕوات بۆ ماڵەکان.

مام شافعی چاوێکی بە هەموو قوژبنەکانی دوکانەکەیدا گێڕا و بە گومانەوە وتی:

- تەماشای هاتنی ڕزق بکە بۆمان، بزانە کە سبەی لەژێر سەری تۆ چی بۆ حەشارداوین؟

ڕەفاعە بەخۆشییەوە وتی:

- باوکە هەموو خێرێك، چاکبوونەوەی نەخۆشەکان کەس نیگەران ناکات، تەنها عفریتەکان نەبێت.

لە دوکانەکەدا ڕووناکییەك درەوشایەوە کە لە ئاوێنەیەکی مەرمەڕی تەنیشت دەرگاکەوە دەهات، تیشکی خۆرێکی خواری دەگەڕاندەوە...

## -٥١-

لە شەودا نیگەرانی گوێزرایەوە بۆ ماڵی مام شافعی، لەگەڵ ئەوەشدا قسەکە لە چوارچێوەیەکی دڵنیاییدا گەیشتە گوێی (عەبدە)، گەرچیش تەنها ئەوەی دەزانی کە ڕەفاعە گوێی لە دەنگی باپیرەی بووە کە قسەی کردووە، دوای ئەوەیش بڕیاری داوە کە سەردانی دەستکورتەکان بکات بۆئەوەی عفریتەکانیان لێ دەربکات، بەڵام ژنەکە نیگەرانیی دایگرت و سەروچاوی دەرئەنجامەکانی ئەمدیو و ئەودیو دەکرد، ڕەفاعە لە دەرەوە بوو، لەوپەڕی گەڕەکەوە بوو -دوور لە گەڕەکی جەبەل- دەنگی دەهۆڵ و زوورنا و هەلهەلەی زەماوەندێك دەهات. ژنەکە ویستی ڕووبەڕووی حەقیقەتەکە ببێتەوە، بە خەمەوە وتی:

- ڕەفاعە درۆ ناکات.

شافعی بە قێزەوە وتی:

- بەڵام واهیمەکان دەیخەڵەتێنن، هەموو دووچاری ئەوەین...

- چی دەبینی لەوەی کەبیستراوە؟

- چۆن بتوانم یەکلایی بکەمەوە.



- مەسەلەکە مەحاڵە مادامێکی باپیرەمان زیندووە.

- قوڕبەسەرمان ئەگەر هەواڵەکە بزانێت.

ژنەکە بە تکاوە وتی:

- با هەواڵەکە بشارینەوە، با شوکری خوا بکەین کە ئەو بایەخی خۆی داوەتە خەڵك نەك وەقفەکە، مادامێکی کەس ئەزیەت نادات، کەسیش ئەزیەتی ئەو نادات.

شافعی بەبێ تاقەتییەوە وتی:

- چەند زۆرن ئەوانەی کە ئەزیەت دەدرێن لە گەڕەکەکەماندا، بێ ئەوەی کەس ئەزیەت بدەن.

ئاوازەکانی زەماوەندەکە لەودیوی هەرایەك کە لە داڵانەکەدا تەقییەوە، ون بوو. سەریان لە پەنجەرەکەوە دەرهێنا بینییان داڵانەکە سیخناخە لە پیاو، لەبەر ڕووناکیی چرای دەستی یەکێکیان، سەروچاوی حیجازی و بەرهەم و فەرەحات و حەفورە و کەسانی دیکەی دەرکەوتن، هەموو زمانێك قسەی دەکرد یان هاواری دەکرد و دەنگەکان تێکەڵ بوون و ژاوەژاو بەرپا بوو، دەنگێك هات و وتی: ((شەرەفی خێڵی جەبەل لە تەرازوودایە، ڕێگە بە کەس نادەین بیلەوتێنێ)).

عەبدە دەلەرزی و چرپاندی بەگوێی مێردەکەیدا:

- نهێنی کوڕەکەمان ئاشکرا بوو.

شافعی بە ئاهەڵکێشانەوە لە پەنجەرەکە گەڕایەوە و وتی:

- دڵم هەرگیز درۆی نەکردووە.

کابراکە چووە دەرەوەی ماڵەکەی و بێ ئەوەی گوێ بە مەترسی بدات، ژنەکەیشی دوایکەوت. کابراکە لە قەرەباڵغییەکەدا ڕێگای بڕی و بە دەنگی بەرز پرسیاری کرد:

- ڕەفاعە... ڕەفاعە تۆ لە کوێی؟

کابراکە لە بواری ڕووناکیی چراکەدا کوڕەکەی نەبینی، گوێی لە دەنگی نەبوو، بەڵام حیجازی لێ نزیکبووەوە و بە دەنگی بەرز لێی پرسی بۆئەوەی سەرەڕای غەڵبەغەڵبەکە گوێی لێبێت:

- ئایا کوڕەکەت جارێکی دیکە ون بوو؟

فەرەحات هاواری کرد:

- وەرە گوێبگرە لەوەی دەوترێت و سەیرکە چۆن تێکدەران لە ئاخری زەماندا گاڵتە بە خێڵی جەبەل دەکەن.

عەبدە بە وەڕزییەوە وتی:

- شوکری خوا بکەن، لێبووردە و بەخشندەیە.

- دەنگی تووڕەیی بەرزبووەوە، هەندێك دەیانوت: (ژنەکە شێتە)، هەندێکی دیکە دەیانوت: ((واتای شەرەف نازانی چییە)). شافعی دڵی پڕبوو لە ترس و حیجازی بە بەزەییەوە پرسیاری کرد:

- کوڕەکە لە کوێیە؟

حیجازی ڕێگای خۆی کردەوە تا دەرگاکە و بە دەنگی بەرز بانگی کرد:

- هۆ ڕەفاعە، وەرە کورە قسە بکە لەگەڵ مامە شافعی.

مەسەلەکە لەلای مام شافعی تێکەڵ بوو، کە هەستی کرد کوڕەکەی لە سوچێکی دالانەکەدا دەستبەسەرکراوە، بەڵام ڕەفاعە لە بواری ڕووناکییەکە دەرکەوت و باوکی قۆڵی گرت و ڕایکێشا و گەڕانییەوە بۆ شوێنەکەی عەبدە. خێرا چرایەك لە دەستی (شەلزم) بە دیارکەوت، لەبەردەم (خەنفس) دەڕۆیی کە سەروچاوی لەبەر ڕق و مۆنی تێکچوو بوو، چاوەکان ڕوویانکردە شەقاوەکە و بێدەنگیی بەرقەرار بوو، خەنفس بە دەنگێکی گڕەوە پرسیاری کرد:

- چیتان بە دواوەیە؟

پتر لە دەنگێك لە یەك کاتدا وەڵامیاندایەوە:

- یاسەمینە ئێمەی لەوتاند...

خەنفس وتی:

- با شایەتێك لە ئێوە قسە بکات.

زەیتوونە -لێخوڕی عارەبانەکەی کارو- چووە پێشەوە تا بەرامبەر خەنفس وەستا و وتی:

- تۆزێك دەبێت بینیم لە دەرگای پشتەوەی ماڵی (بەیومی) هاتەدەرەوە، دوای کەوتم بۆ ئێرە پاشان لێم پرسی کە چی دەکرد لە ماڵی شەقاوەکە و بۆم دەرکەوت کە سەرخۆشە، بۆنی مەی لە دەمی دەهات و دالانەکەی پڕکردبوو، لێم دەرباز بوو و دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست، ئێستا لە خۆتان بپرسن ژنێکی سەرخۆش چی دەکات لە ماڵی شەقاوە...



لە لایەکەوە مێشکی شافعی و عەبدە ئیسراحەتیان کرد و لە لایەکی دیکەوە مێشکی خەنفس تێکچوو. کابراکە هەستی کرد کە شەقاوەیەتییەکەی تووشی تاقیکردنەوەیەکی سەخت بووە. ئەگەربێت و لە سزادانی یاسەمینە سارد بێت، ئەوا کەرامەتی خۆی لەدەست دەدات بەرامبەر خێڵی جەبەل. ئەگەر لێگەڕێت کە تووڕەکان دەست درێژ بکەنە سەر کچەکەی خۆی دەخاتە هەڵوێستی ڕکابەرییەوە بەرامبەر بە بەیومی شەقاوەی هەموو گەڕەکەکە. کەواتە کار چییە؟ پیاوانی جەبەل لە ئاوەدانییەکەوە دەهاتن و لە حەوشەکە کۆدەبوونەوە، لە گەڕەکەکەدا و لە بەرامبەر سەرای نەسر، بۆیە پایەی خەنفس کەوتە ئیحراجییەوە، دەنگەکان بە تووڕەییەوە یەك لە دوای یەك دەهاتن...

- ئەو کچە لە گەڕەکی جەبەل دەرکەن.

- دەبێت بەرلەوەی دەرکرێت بەر جەڵدە بدرێت.

- بە کوشتن بیکوژن.

دەنگی قیژەی یاسەمینە دەهات کە لەودیوی پەنجەرەکەوە لە تاریکییدا گوێی دەگرت. چاوەکان سەیری (خەنفس)یان دەکرد، بەڵام ڕەفاعە گوێی لێبوو و لە باوکی دەپرسی:

- ئایا باشتر نییە بۆ ئەوان باوکە تووڕەیی خۆیان هەڵڕێژنە سەر بەیومی دەستدرێژکەر؟

زۆریان تووڕە بوون لەوانە زەیتوونە کە وەڵامیدایەوە و وتی:

- ئەو خۆی ڕۆیشت بۆ ماڵەکەی.

یەکێکی دیکە بانگی کرد:

- ئەگەر کەرامەتت نییە بێدەنگ بیت باشترە.

باوکی بە نیگایەك لێی تووڕە بوو، بەڵام ڕەفاعە سووربوو وتی:

- بەیومی چی کردووە ئەوەی کە ئێوە کردووتانە...

زەیتوونە شێتانە هاواری لێ کرد:

- ئەوە هی خێڵی جەبەلە و هی کەسی دیکە نییە.

- ئەم کوڕە هیچ و پووچە و کەرامەتی نییە.

مام شافعی سیخورمەیەکی لێدا تا بێدەنگ بێت.

لە پڕێکدا بەرهوم هاواریکرد:

- ئێستا قسەی سەرکارە...

تووڕەیی لە دڵی خەنفس-دا هاتە جۆش تا خەریکبوو دەخنکا، یاسەمینە هاواری فریاکەوتنی لێ بەرزبووەوە. تووڕەیی بڵاوبووەوە و چاوەکان ڕوویانکردە ماڵی کچەکە و هێرش هاتە سەرپێ، یاسەمینە بەردەوام دەیقیژاند و بەنی دڵی ڕەفاعەی دەپساند، لە وزەیدا نەبوو خۆی ڕاگرێت، لە دەستی باوکی دەربازبوو و بەرەو ماڵی یاسەمینە ڕێگای بڕی و بە تکاوە دەیوت:

- بەزەییتان بە لاوازیی و تۆقینەکەیدا بێتەوە...

زەیتوونە بانگی لێکرد...

- تۆ ژنیت...

شافیعی بە گەرمی بانگی لێکرد و گوێی پێ نەدا و وەڵامی زەیتوونەی دایەوە:

- خوات لێخۆش بێت ((پاشان بۆ هەمووان)) بەزەییتان پێدابێتەوە چیتان دەوێت بە منی بکەن، ئایا ئەو پاڕانەوەیە دڵتان ناجووڵێنێت؟!

زەیتوونە دووبارە بانگی کرد:

- ئاوڕ لەو ڕووتەیە مەدەنەوە ((ڕووی دەمی کردە خەنفس)) سەرکار قسە قسەی تۆیە...

ڕەفاعە پرسیاری کرد:

- ئایا ڕازین کە بیخوازم؟

دەنگی هاواری تووڕەیی و قیژە گاڵتەپێکردن تێکەڵ بوون، زەیتوونە وتی:

- گوێمان لێ نییە تەنها دەبێت سزا بدرێت...

ڕەفاعە وتی:

- سزادان ئیشی منە...

- بگرە ئیشی هەموومانە...

خەنفس پێشنیازەکەی ڕەفاعەی بە فریادڕەس زانی بۆی لەو گێچەڵەدا. کە لە دڵەوە قەناعەتی پێی نەبوو، بەڵام لەوە باشتری لەلا نەبوو، لە مۆنبوونەکەی زیادەڕۆیی کرد بۆئەوەی لاوازیی خۆی بشارێتەوە، وتی:

- کوڕە بەڵێنی دا لە بەردەماندا بەوەی کە بیخوازێت چی دەوێت با وابێت.

چاوی زەیتوونە خواروخێچ بوو، تووڕەیی کوێری کردبوو، هاواری کرد:

- ترسنۆکی شەرەفی ونکرد!



ئەوە بوو مشتی خەنفس نووکی لووتی شکاند، بەلالانەوە گەڕایە دواوە و خوێن بەخوڕ لە هەردوو کونەلووتی دەهات. هەموو هەستیان کرد کە خەنفس هەڵویستی لاوازی خۆی دادەپۆشێت، بە ترساندنی ئەوەی کە سەرپێچیی دەکات. چاوی گێڕا بەو سەروچاوانەدا کە ڕووناکیی چراکە ترسەکەیانی ئاشکرا کرد، کەسێك جووڵەیەکی بەزەیی لێوە نەهات بۆ شکاندنی لووتەکە. بگرە فەرەحات توانجی دا لە زەیتوونە و وتی: (عەیبی تۆ زمانتە).

بەرهوم بە خەنفسی وت: ((ئەگەر تۆ نەبوویتایە هیچ چارەیەکمان نەدەدۆزییەوە)). حەنورە پێی وت: ((سەرکار زیزبوونی تۆ بە دنیایە)). هەموو بڵاوەیان لێکرد لە کۆتاییدا، تەنها خەنفس و شەڵزم و شافیعی بۆئەوەی سڵاوی لێ بکات و دەستی بۆ درێژکرد، وەلێ ئەویدیکە تووڕە بوو، دەستی کێشا بەسەر دەستیدا و کابرایش ئاهێکی بۆ کرد و گەڕایە دواوە. کوڕەکەی و ژنەکەی بەهانایەوە چوون، ئەو دەمەی کە خەنفس داڵانەکەی بەجێهێشت و جنێوی بەپیاو و ژن و خێڵی جەبەل، بەڵکو بە جەبەل خۆیشی دەدا. مام شافعی لەبەر ئازارەکەی خۆی ئەو گێچەڵەکەی کە کوڕەکەی تێکەوتبوو، لەبیری چووەوە. کابرا دەستی خستە نێو ئاوێکی گەرمەوە عەبدەیش بۆی دەشێلا و دەیوت:

- تۆ بڵێی زەکییە مێردەکەی لە ئێمە پڕکردبێت؟

مام شافعی بەدەم ئێشەوە وتی:

- ئەو ترسنۆکە لەبیری چوو کە کوڕەکەی ئێمە بوو لە تێلای بەیومی ڕزگاری کرد...

-٥٢-

ڕەفاعە جێگای هیوای دایك و باوکی بوو بێئومێدی کردن، بە خواستنی یاسەمینە لاوەکە دەبێتە هیچ، خێزانەکەیش ئەگەر زەماوەندەکە ڕوودات دەبێتە بنێشتەخۆشەی سەر زاران، عەبدە بەدزییەوە دەگریا تا گریان زیانی پێ گەیاند: سەروچاوی شافعی گرژ و مۆن بوو، چونکە دنیا گرژ و مۆنی کردبوو، بەڵام بەرامبەر بە گەنجەکە بەسەر خۆیاندا دەشکان و خۆیان لە بوغزاندن بەدوورگرت. دیاربوو یاسەمینە لە قسەوباس بێزار بوو سەبارەت بە ڕەوشتی دوای خۆپیشاندانەکە، هانای برد بۆ ماڵی مام شافعی و لەبەر پێی پیاوەکە و ژنەکەیدا بەگریانەوە کەوت، ئەو سوپاسگوزارییەی کە لە دڵیدا بوو ڕژاندییە بەر پێی هەردووکیان. پاشان گەرموگوڕیی وەجدی تۆبەی خۆی ڕاگەیاند، ئیدی نەدەکرا لە زەماوەند پەشیمان بێتەوە، دوای ئەو لەبەردەم خێڵی جەبەلدا مارەی بڕا، مام شافعی و ژنەکەی

مەسەلەکەیان وەرگرت و دڵی خۆیان دایەوە بەوەرگرتنی، دڵی دایك و باوکەکە دوو ئارەزوو دەیهێنان و دەیبردن، یەکێکیان دەیویست زەماوەندی ڕەفاعە بە کەژاوەیەك بەڕێوەبچێت، ئەویدی کە زەماوەندەکە لە ماڵەوە بێت، تا کەژاوەکە نەبێتە گاڵتەجاڕیی خێڵی جەبەل، ئەوانەی کە لە هەموو جێگایەك بە خراپە باسی ژنهێنانەکە دەکەن. عەبدە بە حەسرەتەوە وتی، کە دەربڕیبوو لە سۆزە سەرکوتکراوەکانی:

– گەرچی ئاواتم بینینی زەماوەندی ڕەفاعە بوو، کە کوڕە تاقانەمە و بە گەڕەکەکاندا گەڕابایە.

مام شافعی بە بێزهاتنەوە وتی:

– ڕازی نین کەس لە خێڵی جەبەل بەشداریی بکات.

عەبدە چارەی گرژ کرد و وتی:

– بگەڕێینەوە بۆ بازاڕی موقەتەم باشترە لە مانەوە لەنێوان ئەم خەڵکەدا کە خۆشیان ناوێین.

ڕەفاعە قاچی لەژێر پەنجەرە کراوەکەدا درێژکرد بوو دابوویە بەر خۆر و وتی:

– دایکە گەڕەکەکە بەجێناهێڵین.

شافعی بەتووڕەییەوە بانگی کرد:

– خۆزگە نەدەهاتینەوە (پاشان لەگەڵ کوڕەکەیدا قسەی کرد). ئایا ئەو ڕۆژەی هاتینەوە خەمبار نەبوویت؟

ڕەفاعە بزەی هاتێ و وتی:

– ئەمڕۆ دوێنێ نییە، ئەگەر ڕۆیشتین، کێ خێڵی جەبەل لە عفریتەکان ڕزگار دەکات؟

شافعی بەتوندیی وتی:

– باعفریت تاهەتایە سواری کۆڵیان بێت.

پاشان دوای دوودڵیی:

– تۆ خۆت دێیت بۆ ماڵەکەمان...

ڕەفاعە قسەکەی پێ بڕی:

– کەس بۆ ماڵەکەمان ناهێنم، من دەچم بۆ خانوویەکی دیکە...

دایکەکە هەڵیدایێ:

– باوکت مەبەستی ئەوە نییە.



– بەڵام دایکە من مەبەستمە، ماڵە تازەکەیش دوورنییە، هەموو بەیانییەکیش دەتوانین لە پەنجەرەکەوە تەوقە بکەین.

سەرەڕای خەمەکانی مام شافعی بڕیاری ڕۆژی زەماوەندی دا لە سنوورێکی تەسکدا، داڵانەکە و هەردوو دەرگای دوو خانووەکە ڕازێنرانەوە و گۆرانیبێژێك و ئاشپەزێکیان هێنا. بانگێشتی هەموو ناسیاو و برادەرانی کرد، تەنها مام جەواد و دایکی بیخاترها و مامە حیجازی و خێزانەکەی و هەندێ لە هەژاران کە وریای خواردن بوون بەدەم بانگێشتەکەوە هاتن. ڕەفاعە یەکەم کوڕ بوو کە بەبێ زەماوەند ژنبهێنێت، خێزانەکەی لە داڵانەکەوە ڕۆیی بەرەو ماڵی بووکێ و گۆرانیبێژەکە بەبێ خوڵقەوە لەبەر کەمیی داوەتکراوەکان گۆرانی دەوت. لەکاتی نانخواردندا جەوادی شایەر باسی کەڵەمێردیی و ڕەوشتی ڕەفاعەی کرد و وتی کوڕێکی زیرەك و داناو ڕەوشتپاکە، وەلێ لە گەڕەکدا سەنگ بۆ هیچ کەسێك دانانێت جگە لە شەلاتی و کوتەك نەبێت. مێردمنداڵان لەبەردەم سەراکە دەوەستن و پێکەوە گۆرانی دەڵێن:

ئەی ڕەفاعە هەی سەروچاوی ئەسپێ
کێ پێی وتی ئیشی وابکە.

بە هەلهەلە و عەربەدەوە کۆتاییان هێنا، ڕەفاعە تەماشایەکی زەوی کرد و لەپڕ سەروچاوی شافعی زەرد هەڵگەڕا، مام شافعی تووڕە بوو وتی:

– سەگی کوڕی سەگن.

وەلی مام جەواد وتی:

– گەڕەکەکەمان پیس و پاتاڵی زۆری تێدایە، بەڵام پیاوی چاك هەرگیز لەبیر ناکرێت، چەند لە شەقاوەکان تێدا خۆیان بەزل زانی؟ وەلێ تەنها ئەدهەم و جەبەل بەچاکە باس دەکرێن، ئاهەنگەکە زاڵ بوو بەسەر گرژییەکەدا تا هەموان ڕۆیشتن. کەس لە ماڵەوە نەمایەوە تەنها ڕەفاعە و یاسەمینە نەبێت، کیژەکە لە جلوبەرگی بووکێنیدا ئایەتێك بوو لە جوانی، ڕەفاعە بەتەنیشتییەوە دانیشت لە تۆی دیشداشەیەکی ئاوریشمی خاودا، کڵاوێکی چنراوی لەسەربوو، سۆڵێکی بەڵەك بەڵەکی زەردی لەپێ بوو، لەسەر کەروێتەکە دانیشتن، کە بەرامبەری لەلایەکی دیکەی نوێنە گوڵینەکەبوو، لە ئاوێنە جەلموودەکەدا وێنەی تەشتێك و مەسینەیەك دیاربوو لەژێر نوێنەکەدا، دیاربوو پێشبینی هێرشێکی دەکرد لەلای خۆیەوە، یان بەلانی کەم ڕێخۆشکەرێك بوو بۆ هێرشێکی چاوەڕوانکراو، وەلێ

چاوی دەگێڕا لەنێوان چرا هەڵواسراوەکەی میچەکە و حەسیرە ڕەنگاوڕەنگەکەدا، هەر کە چاوەڕوانییەکە درێژەی کێشا ویستی خەستی بێدەنگییەکە بڕەوێنێتەوە و بە ناسکی وتی:

- چاکەی تۆم لەبیر ناچێت، بە ژیانم قەرزاری تۆم.

بە ڕووخۆشییەوە تەماشای ژنەکەی کرد و بە دەنگێکەوە وتی کە نەیویست بگەڕێتەوە بۆ ئەو قسەیە و وتی:

- هەموومان قەرزارباری کەسانی دیکەین.

چەند خۆشە! شەوی ڕووداوەکە نەیویست دەستەکانی خۆی بداتێ تا ماچیان بکات، ئەو ئێستا نایەوێت ئەو چاکەیەی بیرخاتەوە کە کردوویەتی. تەنها سەبرەکەی وەکو چاکەکەیەتی. وەلێ تۆ بڵێی لە چی بیر بکاتەوە؟ ئایا خراپی کرد کاتێ باشییەکەی پاڵی پێوەنا کە کچێکی لەوجۆرە مارە بکات؟

- تۆ هێندە شەڕەنگێز نیت وەکو خەڵکی پێیانوایە، وەلێ ئەوان لەبەر شتێك منیان خۆشویست و ڕقیان لێم بووەوە.

بەدڵدانەوە پێی:

- ئەمە دەزانم، ئای کە هەڵەیەکی زۆر لە گەڕەکەکەماندا هەیە.

ژنەکە بە ڕقەوە وتی:

- شانازیی بەوەوە دەکەن لەپشتی ئەدهەم هاتوون، لەهەمان کاتیشدا شانازیی بە گوناهکردنەوە دەکەن.

کابراکە بەیەقینەوە وتی:

- مادامێکی ڕزگاربوون لە عفریتەکان، ئاسانە کەواتە لە بەختەوەرییەوە نزیکن.

ژنەکە هەستی بە مەبەستەکەی نەکرد، بەڵام لەپڕێکدا هەستی بەڕادەی ئەوگاڵتەجارییە کرد کە دەوری داوە لە دانیشتنەکەدا، بۆیە بەپێکەنینەوە وتی:

- قسەی شەوی بووك و زاوایی چەند سەیرە.

ژنەکە بەهەندێ کبریاوە سەری هەڵبڕی، دیاربوو حاڵەتی سوپاسگوزارییەکەی لەبیر چووبوو، کۆڵوانەکەی لەسەر شانی لادا. تەماشایەکی ئەوی کرد، تەماشاکردنێك کە پڕبوو لە ناز، بە داواکارییەوە وتی:

-تۆ یەکەم کەس دەبیت کە گەڕەکەکەمان بەختەوەر بکات.

یاسەمینە وتی:



- بەڕاست؟ شەرابیشم هەیە.

- لەگەڵ خواردنی ئێوارەدا تۆزێکم خواردەوە و بەسە.

ژنەکە کەمێك بە سەرسووڕمانەوە بیری کردەوە و پاشان وتی:

- تاقیم کردووەتەوە و حەزی پێ ناکەم...

ژنەکە بە ئاسوودەییەوە وتی:

- باوکت تلیاککێشێکی بەڵایە، جارێکیان بینیم لە چەرداخەکەی (شەڵزم) دەهاتە دەرەوە و شەو و ڕۆژی لەیەك جیا نەدەکردەوە.

بزەیەکی هاتێ بێ ئەوەی هیچ بڵێت، ژنەکە بە لاچاوێکەوە سەیری کرد و تووڕەییەکەی بەدیکرد، هەڵسا و تا دەرگاکە ڕۆیی پاشان وەرچەرخایەوە و گەڕایەوە و لەژێر چراکەدا وەستا، تا جلوبەرگە تەنکەکەی لەشە قەشەنگەکەی بەدەرخست، بە دوو چاوی هێمنەوە تەماشای کرد تا ژنەکە بێ ئومێدیی دایگرت و پرسیاری کرد:

- بۆچی ڕزگارت کردم؟

- حەزم بە ئەشکەنجەدانی مرۆڤ نییە.

تووڕەیی بەسەریدا زاڵ بوو و ژنەکە بەتووندییەوە وتی:

- لەپێناوی ئەوەدا منت خواست، تەنها لەبەر ئەوە.

بە تکاوە وتی:

- مەگەڕێرەوە بۆ ڕۆژانی تووڕەیی.

بە لێوگەستنەوە وەکو نیمچە پەشیمانییەك بە دەنگێکی نزمەوە وتی:

- پێم وابوو خۆشت ویستووم.

بەڕاستگۆیی و ئاسانییەوە وتی:

- یاسەمینە تۆم خۆشدەوێت.

سەرسووڕمان لە چاوەکانی ژنەکەدا بەدەرکەوت و ورتەیەکی لێوەهات:

- بەڕاست؟!

- بەڵێ، مەخلووقێك نییە لە گەڕەکەکەماندا خۆشم نەوێت.

ژنەکە بە نائومێدییەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەگومانەوە تەماشایەکی کرد و وتی:

- تێگەیشتم، چەند مانگێك لە تەکمدا دەمێنیتەوە پاشان تەلاقم دەدەیت.

چاوەکانی کرانەوە و ورتەورتێکی کرد:

- مەگەڕێرەوە بۆ بیرۆکەکانی ڕابردوو.

- سەرسووڕماوم دەکەیت، چیت بۆم هەیە؟

- بەختەوەریی ڕاستەقینە.

بە بێزهاتنەوە ژنەکە وتی:

- ئەوەم دەزانی هەندێجار بەرلەوەی بیبینم.

- بەختەوەریی نییە بەبێ کەرامەت.

ژنەکە بەزۆر پێکەنی و وتی:

- بەڵام تەنها بە کەرامەت بەختەوەر نابین.

ئەویش بە دەنگێکی خەمناکەوە وتی:

- کەس لە گەڕەکەکەماندا بەختەوەریی نەزانیوە.

بە هەنگاوی قورسەوە بەرەو نوێنەکە ملی نا، بە نابەدڵییەوە لەسەر قەراغەکەی دانیشت، بەسۆزەوە لە ژنەکە نزیکبووەوە و وتی:

- تۆ وەکو هەموو خەڵکی گەڕەکەکەمان وایت، تەنها لە کاتی بەسەرچوودا بیردەکەیتەوە...

لە سەروچاوی ژنەکەدا ناڕەزایی بەدەرکەوت و وتی:

- خوا توانام بداتێ بۆ هەڵێنانی مەتەڵەکانت...

- خۆیان بەخۆیان هەڵدێنن کاتێ لە عفریتەکەت ڕزگارت دەبێت.

بەتووندییەوە هەڵیدایێ:

- من لە خۆم ڕازیم وەکو خۆی.

ڕەفاعە بە هەناسەساردییەوە وتی:

- خەنفس و کەسانی دیکە وەها دەڵێن.

بە تەنگییەوە هەناسەیەکی دا و پرسیاری کرد:

- ئایا تا بەیانی بەم شێوەیە قسە بکەین؟

- بخەوە، خودا خەونەکانت بەختەوەر کات...

ژنەکە تەکی دایە دواوە پاشان لەسەر پشت کەوت، چاوانی گێژ دا لەنێوان بۆشاییەکەی تەکی و چاوانی ئەودا، پیاوەکە وتی:



- ئیسراحەتی خۆت وەرگرە، من لەسەر قەنەفەکە دەخەوم.

ژنەکە نۆرەیەکی پێکەنین دایگرت، وەڵا زۆر خۆی بۆی نەدایە دەستەوە و بە گاڵتەجارییەوە وتی:

- دەترسم کە سبەینێ دایکت سەردانمان بکات و وریات دەکاتەوە کە زیادەڕۆیی نەکەیت...

تەماشای کرد بۆئەوەی بە بینینی شەرم لە سەروچاویدا تا دڵی داکەوێت، بەڵام ئەویش بە جووتێ چاوی هێمن و ڕوونەوە وتی:

- دەمەوێت لە عفریتەکەت ڕزگارت بکەم.

بەتووڕەییەوە هاواری کرد:

- لێگەڕێ لە کاری ژنان بۆ ژنان.

- ڕووی کردە دیوارەکە، سنگی بە ڕق و نیگەرانی گڕی گرتبوو، ڕەفاعە هەڵسا بۆ لای چراکە و پڵیتەکەی نەوی کرد، پاشان فوویەکی لێکرد و کوژایەوە و تاریک بوو...

## -٥٣-

ڕۆژانی دواتر دوای زەماوەندەکە جموجووڵێکی بەردەوام ڕوویدا لە ژیانی ڕەفاعەدا. پێی لە دوکانەکە برا، ئەگەر خۆشەویستی باوکی و سۆزی نەبووایە، هیچێك نەبوو ژیانی پێ بگرێت. هەرکەسێکی لە خێڵی جەبەل ڕێکەوت کردبایە، داوای لێ دەکرد بۆئەوەی بڕوای پێ بکات تا لە عفریتەکەی ڕزگاری بکات، بۆئەوەی بەختەوەرییەکی پاکی بۆ بەدی بێت، کە لەمەوبەر خەوی پێوە نەبینیوە، خەڵکی جەبەل کەوتنە چرپەچرپ کە ڕەفاعەی کوڕی شافعی ئەقڵی سووك بووە و بووەتە زوومرەی شێتان، هەندێك ئەوەیان بۆ ئەوە دەگێڕایەوە کە ڕەوشتی سەیروسەمەرە بوو، ئەوانی دیکەش دەیانگێڕایەوە بۆ زەماوەندکردنی لەگەڵ ژنێکی وەکو یاسەمینەدا، ئەم قسەوباسانەیش لە قاوەخانەکە و ماڵان و لە دەوری عارەبانەکانی دەست و چەرداخەکاندا دەکران. هێندەیش دایکی (بیخاترها) سەری سووڕما کاتێ ڕەفاعە لاربووەوە بەلای گوێیدا و بە ناسکییە ئاساییەکەی خۆی پێی وت:

- ئایا ڕێگەم دەدەیت پاقژت بکەمەوە؟

ژنەکە بە دەستی کێشای بە سنگی خۆیەوە و وتی:

- چۆن دەزانیت کە من عفریتێکی شەڕەنگێزم هەیە؟ ئەمە ڕای تۆیە بەرامبەر بە ژنێك کە وەکو کوڕی خۆی خۆشیویستی؟!

ئەویش بەجدییەوە وتی:

- من خزمەتەکانی خۆم بەو کەسانە پێشکەش دەکەم کە خۆشم دەوێن و ڕێزیان دەگرم، تۆ سەرچاوەی خێروبەرەکەتی، بەڵام بێ تەماح نیت کە بازرگانی بکەیت بە نەخۆشەکانەوە، ئەگەر لە ئاغاکەت ڕزگارت بێت، بەبێ نرخ خێرت دەبەخشانەوە.

ژنەکە لەبەر پێکەنین خۆی نەگرت و وتی:

- دەتەوێت ماڵم کاول بکەیت! ڕەفاعە خوات لێ خۆشبێت.

خەڵکی بە پێکەنینەوە قسەی دایکی بیخاترهایان دەگێڕایەوە، تەنانەت مام شافعی پێکەنینێکی بێ دڵخۆشی پێکەنیبوو، بەڵام ڕەفاعە پێی وت:

- باوکە تۆ خۆت پێویستت پێمە، باشتر وایە لە تۆوە دەست پێ بکەم.

کابراکە بە خەمەوە سەرێکی بۆ لەقاند، بەتوندیی بزمارەکانی نێو دەستەکانی دادەکوتی کە ئاماژە بوو بۆ هەڵچوونی، پاشان وتی:

- خودایە سەبرم بدەیتێ.

گەنجەکە هەوڵیدا قەناعەتی پێ بهێنێت، کابرایش بە ئێشەوە پرسیاری کرد:

- بەس نییە کە ئێمەت کردە قسەوباسی گەڕەکەکە؟!

ڕەفاعە چووە قوژبنێکی دوکانە بە خەمۆکییەوە و کابراکەیش بە گومانەوە سەیری کرد و لێی پرسی:

- ڕاستە ئەوەی لە ئێمەی داوادەکەیت لە ژنەکەیشت داوا کردووە؟

بە ئەسەفەوە وتی:

- ئەویش وەکو ئێوەیە حەزی لە بەختەوەریی نییە.

ڕەفاعە چوو بۆ چەرداخەکەی (شەڵزم)، حیجازی و بەرهوم و فەرەحات و حەنوورە و زەیتوونەی بینی، بە سەرسووڕمانەوە سەیریان کرد و شەڵزم وتی:

- کوڕی مام شافعی بەخێربێیت، ئایا دەبێت ژنهێنان قەناعەتی پێهێنابیت بە قازانجی چەرداخەکە؟!

ڕەفاعە لەفەیەکی کەنافەی خستە سەر تەبڵەکەکە و شوێنی خۆی گرت:

- ئەم سلاوەم هێناوە بۆ دانیشتنەکە.



شەڵزم نەرگیلەکەی دەگێڕا و وتی:

- ئەم بەخشندەییە بەخێربێت...

وەلێ بەرهوم لە پڕێکدا پێکەنی و بەبێ وەستان وتی:

- دوای ئەویش ئەوەمان دەخاتە پێش کە ئاهەنگی زار بکەین بۆئەوەی لە عیفریت پاکمان کاتەوە...

زەیتوونە بە قینەوە و بە دەنگێکی منگن دەیوت و بە نیگایەکی ڕەقەوە هەڵێدەلووشی:

- ژنەکەت عفریتێکی هەیە و ناوی (بەیومی)یە ئەگەر دەتوانیت ڕزگاری بکە لێی...

پیاوەکان واقیانوڕما و تەنگەتاوی لە سەروچاوی ڕوونبووەوە، زەیتوونە وتی و ئاماژەی بۆ لووتە شکاوەکەی خۆی کرد.

- بەبۆنەی ئەوەوە لووتی خۆم لەدەست دا.

دیاربوو ڕەفاعە تووڕە نەبوو، فەرەحات بە خەمناکی تەماشای ئەوی کرد و وتی:

- باوکت پیاوێکی باشە و دارتاشێکی دەستڕەنگینە، بەڵام بەم هەڵسوکەوتەت تووشی بگرەوبەردە و گاڵتەپێکردنی دەکەیت، پیاوەکە هێشتا لە زەماوەندەکەت نەهاتبووەوە سەرخۆی تا دوکانەکەیت بەجێهێشت بۆئەوەی خەڵکی لە عفریت قوتار بکەیت، کوڕم خوا شیفات بدات...

- نەخۆش نیم، بەڵام بەختەوەریی ئێوەم دەوێت...

زەیتوونە هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا و بەدڕییەوە تەماشای کرد و پاشان دووکەڵی دەردا و پرسیاری کرد:

- کێ پێی وتوویت کە ئێمە بەختەوەر نین؟!

- باپیرەمان ئەوەی بۆمان نەدەویست کە واین لە سەری...

فەرەحات بە پێکەنینەوە وتی:

- لە باپیرەت گەڕێ بە حاڵی خۆیەوە، چۆن دەزانی کە ئەو لەبیری نەکردووین!

زەیتوونە بە نیگایەکی کینەوڕقەوە تەماشای کرد، بەڵام حیجازی سیخوڕمەیەکی لێداو بە ورپاکردنەوە وتی:

- دەبێت ڕێزی دانیشتنەکە بگریت و بە دەستدرێژیی بیرمەکەرەوە.

کابراکە ویستی کەشەکە بگۆڕێت و سەرێکی لەقاند و ئاماژەی کرد بۆ برادەرەکانی بە ئاماژەیەکی تایبەت و دەستیان کرد بە گۆرانیوتن:

((بەلەمی خۆشەویستەکەم لە ئاودایە
وا دێت هەستی بەسەر ئاوەکە خاوکردووەتەوە)).

شوێنەکەی بەجێهێشت و هەندێکیان بە نیگای بەزەییەوە سەیریان کرد. بە دڵێکی شکاوەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی و یاسەمینە بە بزەیەکی هێمنەوە پێشوازیی لێکرد، یەکەمجار لۆمەی دەکرد لەبەر ئەو هەڵسوکەوتەکە -کە دواجار- کردی بە گاڵتەجاڕ، بەڵام بە نائومێدییەوە وازی لە لۆمەکردنی هێنا و سەبری گرت لەسەر ئەو ژیانە کە نەیدەزانی بە چ ئاقارێك کۆتایی دێت، بگرە بە لوتف و ناسکییەوە لەگەڵیدا دەجووڵایەوە، لە دەرگا درا، خەنفس شەقاوەی خێڵی جەبەل هات و کابراکە بەبێ ڕووخسەت چووە ژوورەوە، ڕەفاعە بە بەخێرهاتنەوە لەبەری هەڵسا و شەقاوەکە دەستی بە توندیی لە شانی گرت، وەك بڵێی قەپاڵی سەگێکی تووڕەیە، بەبێ پێشەکی لێی پرسی:

- لە چەرداخەکەی شەڵزم چیت لە بارەی وەقفەکەوە وتووە؟ یاسەمینە تۆقی و خوێنی تێدانەما، بەڵام ڕەفاعە گەرچی وەکو چۆلەکەیەك وابوو لەنێوان چڕنووکی داڵێکدا بەهێمنیی وتی:

- وتم باپیرەمان بەختەوەریی بۆ دەوێین.

- کێ بەوە دەزانێت؟

- ئەوە لە دووتۆی قسەکانی جەبەلدا هاتووە.

دەستی توندتر گوشی لەسەر شانی، وتی:

- ئەو لەبارەی وەقفەکەوە قسەی لەگەڵ جەبەل کرد.

ڕەفاعە کە بەرگەگرتنی ئازارەکە شەکەتی کردبوو، وتی:

- وەقفەکە بەلامەوە هیچ نییە، ئەو بەختەوەرییەی کە نەمتوانی بۆ کەسی بەدی بهێنم شتێك جگە لە وەقفەکە، جگە لە مەی و جگە لە حەشیشە، ئەمەم لە هەموو شوێنێك لە گەڕەکی جەبەل وتووە، ئەوەی وتوومە هەموو کەس گوێی لێبووە.

جارێکی دیکە ڕایوەشاند و وتی:

- باوکت کابرایەکی یاخی بوو پاشان تۆبەی کرد، وریابە کە سەربووردەکەی دووبارە بکەیتەوە، ئەگینا دەتهەنجێنم چۆن مێشوولەیەك دەپلقێنمەوە...

پاڵی پێوەنا و لەسەر پشت بەسەر قەنەفەکەدا کەوت، پاشان یاسەمینە بە هەڵەداوان بۆی ڕۆیشت بۆئەوەی دڵی بداتەوە و شانەکانی بشێلێت کە سەری لەبەر ئازار بەسەریاندا



لاربببووەوە، نیوە لە هۆشخۆچوویەك دیاربوو، ورتەورتێکی لێوەهات وەکو بڵێی لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد:

- ئەو دەنگی باپیرەم بوو کە گوێم لێبوو...

بە بەزەیی و ترسەوە سەیری سەروچاوی کرد و پرسی تۆ بڵێی بەڕاستی ئەقڵی لەدەست دابێت؟!

ئەوەی وتی بۆی نەوتەوە و تووشی نیگەرانییەك بوو کە لەمەوبەر هەستی پێ نەکردبوو، ئەو ڕۆژەی کە سەراکەی بەجێهێشت ژنێك کە لە خێڵی جەبەل نەبوو ڕێگای پێ گرت و بە سۆزەوە پێی وت:

- بەیانیت باش سەرکار ڕەفاعە.

لەو لەرەی ڕێزگرتنەی دەنگی ژنەکە حەپەسا و بۆ ئەو نازناوەی کە بەخشییە ناوەکەی و لێی پرسی:

- چیت دەوێت؟

ژنەکە بە پاڕانەوە وتی:

- کوڕێکی شێتۆکەم هەیە تکات لێدەکەم ڕزگاریکەی لێی...

وەکو خێڵی جەبەل ڕقی لە هەموو خەڵکی گەڕەك بوو، لە خۆی نەگرت خۆی بخاتە خزمەتی ژنەکەوە، چونکە ڕقبوونەوەی خوداوەند پتر دەکات لێی، بۆیە بە ژنەکەی وت:

- ئایا ژنێکی کۆدیە لە گەڕەکەکەدا نییە؟

ژنەکە بە دەنگێکی بە گریانەوە وتی:

- بەڵێ، بەڵام ژنێکی هەژارم...

دڵی بۆی نەرم بوو، هەروەها پەنابردنی بۆ ئەو دامێنگیری کرد، ئەو کە خواوەند جگە لە گاڵتەپێکردن و ڕق هیچی دەست نەکەوتووە و بە سووربوونەوە تەماشای ژنەکەی کرد و وتی:

- من لە ئۆغرت دام...

## -٥٤-

یاسەمینە لە پەنجەرەکەوە دیروانییە سەر گەڕەکەکە و بە دیمەنە نوێیەکە ڕایدەبوێرا... لە خوارەوە ئاوەدانییەکەوە منداڵان یارییان دەکرد، ژنە (دوم) فرۆشەکە بانگی دەکرد، لە

پرێکدا (بەتیخە) لە سەروپۆتاکی کابراکەی گرت و بە مشتی کەوتە لێدانی سەروچاوی، ئەویدیکە لێی دەپاڕایەوە و بێسوود بوو. ڕەفاعە کە لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو و نینۆکی پێیەکانی دەکرد و لێی پرسی:

- ئایا خانووە تازەکەمانت بەدڵە؟

ژنەکە ئاوڕی لێی دایەوە و وتی:

- لێرەدا ژێرەوەمان گەڕەکەکەیە، بەڵام لەوێ هیچمان نەدەبینی تەنها داڵانە تاریکەکە نەبێت...

ڕەفاعە بە هاناسەساردییەوە وتی:

- خۆزگە داڵانەکەمان بۆ دەمایەوە، چونکە داڵانێکی پیرۆزە، لەوێدا سەرکەوتن بۆ جەبەل نووسرا بەسەر دوژمنەکانیدا، بەڵام نەدەکرا لە نشتەجێبوون بەردەوام بین لەنێو خەڵکێکدا کە لە هەر هەنگاوێکدا گاڵتەمان پێدەکەن، بەڵام لێرەدا هەموو هەژار و باشن، چاك خۆی ئاغایە نەك خێڵی جەبەل...

یاسەمینە بە سووکایەتییەوە وتی:

- لەوەتەی کە ویستیان دەرمکەن ڕقم لێیانە.

بە زەردەخەنەوە لە ژنەکەی پرسی:

- بۆچی کەواتە لای دراوسێکان دەڵێی کە تۆ لە خێڵی جەبەلی...!

ژنەکە پێکەنینێك پێکەنی کە دانە مرواریییەکانی ئاشکرا کرد و بە فیزەوە وتی:

- بۆئەوەی بزانن کە من لە سەرووی هەموویانەوەم.

مەقەسەکەی خستە سەر قەنەفەکە و هەردوو قاچی لەسەر حەسیرەکە درێژ کرد و وتی:

- جوانتر و باشتر دەبێت کاتێك کۆڵ بە لەخۆباییبوون دەدەیت، خێڵی جەبەل خەڵکی باشی گەڕەکەکەمان نین، باشترین خەڵك چاکەکەیانە و منیش وەکو تۆ هەڵەبووم و بایەخی تایبەتیم دا بە خێڵی جەبەل، بەڵام بەختەوەریی شایستەی ئەو کەسەیە کە بە دڵسۆزییەوە داوای دەکات، تەماشای چاکەکان بکە چۆن دێن بۆ لام و چۆن لە عفریتەکان پاك دەبنەوە!

ژنەکە بە ناڕەزایییەوە وتی:

- بەڵام لێرە هەموو کەسێك بەکرێ ئیش دەکات تەنها تۆ نەبێت.

- ئەگەر من نەبوومایە هەژارەکان کەسیان نەبوو چاکیان بکاتەوە، ئەوان ڕێزی چاکبوونەوەکەیان دەگرت، بەڵام پارەکەیان نییە، منیش تا ئەوانم نەناسی برادەرم نەبوو.



ژنەکە بە سەروچاوێکی گرژەوە وازی لە دەمەتەقێ هێنا و ڕەفاعە وتی:

- ئاه ئەگەر مل بدەیت وەکو ئەوان مل دەدەن! کەواتە ڕزگارم دەکردی ئەوەی کە ڕوونی ژیانت لێڵ دەکات.

ژنەکە بە تووڕەییەوە پرسیاری کرد:

- بەم ڕادەیە بە موزعیجم تێدەگەیت؟

- خەڵکێك هەن ئاشقی عفریتەکەی خۆیەتی و پێی نازانێت.

ژنەکە بە تووڕەییەوە وتی:

- ئەم قسەیە چەند بەلامەوە قێزەونە!

ئەویش بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

- تۆ لە خێڵی جەبەلی، هەموویان نەیانویست بڕوا بە دەرمانەکەم بهێنن، تەنانەت خودی باوکیشم...

کاتێ لە دەرگا درا هەستیان کرد کە موشتەرییەکی نوێ هات، ڕەفاعە خۆی ئامادەکرد بۆ پێشوازییکردنی...

بەڕاستی ڕەفاعە بە تەمەنی ڕۆژانی وەها بەختەوەریی بەخۆیەوە نەدیبوو. لە گەڕەکە تازەکەدا پێیان دەوت سەرکار، بە دڵسۆزیی و خۆشەویستییەوە وایان پێی دەوت.

بەوە ناسرابوو کە خەڵکی لە عفریت ڕزگار دەکات و لەڕای خوا تەندروستی و بەختەوەریی دەبەخشێت... ئەمەیش ڕەوشتێکی بێگەردە و کەس لەمەوبەر نەیبووە، بۆیە هەژاران خۆشیانویست، وەکو هەرگیز کە کەسیان خۆش نەویستبێت. ئاسایی بوو کە (بەتیخە) تازە شەقاوەی گەڕەکەکە بوو و حەزی لێ نەدەکرد، لەبەر ڕەوشتە چاکەکەی لەلایەك، چونکە یەکێك بوو لەوانەی کە نەیدەتوانی هیچ خاوەیەك بدات لەلایەکی دیکەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا هیچ پاکانەیەکی نەبوو بۆئەوەی دەستدرێژیی بکاتەسەری، بەڵام ئەوانەی لەسەر دەستی ئەو چاکببوونەوە، وەك بڵێی هەریەکێك لەوانە چیرۆکێکی هەبوو و دەیگێڕایەوە (دایکی دواد) نۆرە تووڕەییەکەی تووشهاتبایە قەپاڵی لە منداڵەکەی دەگرت، کە نموونەی هێمنی و سەنگینی بوو، (سناره)یش کە تەنها ئارەزووی شەڕ و دەمەقاڵە بوو ئارام و دڵفراوان ببوو وەکو بڵێی سڵاوی ئاشتییە. (تولبە)ی دز کە تۆبەیەکی ڕاستەقینەی کردبوو و بووە شاگردی مسگەر. (عویس) دوای ئەوەی کە بوو ژنیهێنا، ڕەفاعە لەگەڵ چوار نەخۆشەکەیدا زەکی و حسێن و عەلی و کەریم پاك بووەوە،

لەبەر برادەرایەتی لەگەڵیاندا پاك بووەوە و بوون بە برا... کەسیان نە برادەری و نە خۆشەویستییان نەدەزانی بەرلەوەی بیناسن. زەکی بەرمەجی بوو، حسێن ئەفیون زەردە بوو بە هۆش نەدەهاتەوە، عەلیش لەسەر شەقاوەیەتی و مەشقی دەکرد و کەریم گەواد بوو، بوونە پیاوانی دڵگەورە و لەلای تاشە بەردەکەی (هند) ئەو شوێنەی چۆڵە و هەوای پاکە کۆبوونەوە، بە خۆشەویستی و دڵسۆزییەوە تەماشای پزیشکەکەیان دەکرد، هەموو خەونیان بە بەختەوەرییەوە دەبینی کە بەباڵە سپییەکانی سێبەر لە گەڕەکەکە دەکات، ڕۆژێکیان ڕەفاعە لە دانیشتنەکەیاندا پرسیاریان دەکرد و تەماشای خۆر لە زەردەی هێمنی خۆرئاوابوونیان دەکرد:

- بۆچی ئێمە بەختەوەرین؟

حسێن بە حەماسەوە وەڵامیدایەوە:

- تۆ، ئیتر نهێنی بەختەوەریمانی.

زەردەخەنەیەکی سوپاسی بۆ وتی:

- بگرە ئێمە لە عفریتەکان ڕزگارمان بوو لە ڕق و تەماح و کینە و هەموو بەدکارییەك کە خەڵکی گەڕەکەکەمانی پەرێشان کردووە پاك بووینەوە.

عەلی بۆ دڵنیایی قسەکەی وتی:

- بەختەوەرین سەرەڕای ئەوەی هەژار و دەسەپاچەین و بێبەختین لە وەقفەکە یان لە شەقاوەییدا.

ڕەفاعە بەداخەوە سەری ڕاوەشاند و وتی:

- خەڵکی چەند ئەشکەنجە دەبینن لە پێناوی وەقفە ونبووەکە و هێزێکی کوێرانەدا، نەعلەت بکەن لە وەقفەکە و شەقاوەیەتی...

بۆ نەعلەتکردنیان دەستپێشخەرییان کرد، عەلی تۆپەڵێکی هەڵگرت و بە هەموو هێزێکەوە سرەواندییە چیاکە و ڕەفاعە گەڕایەوە و وتی:

- لەوەتەی شایەرەکان وتیان جەبەلاوی چیاکەی هانداوە کە دەوروبەری چیاکە بکرێت بەخانوو و برەوی خۆیان بدەن لە هاوشانی خانووە گەورەکە لە هەیبەتی و جوانیدا، وایکرد خەڵکی تەماحیان لە هێز و گەورەیی جەبەلاوی بێت، خەسڵەتەکانی دیکەیان لەبیر کرد، بۆیە جەبەل نەیتوانی بە وەرگرتنی مافی خۆی لە وەقفەکە خودی خەڵکی بگۆڕێت، کاتێ لە دنیا کۆچی کرد بەهێزەکان بوون بە زۆردار و بێدەسەڵاتەکانیش بوون بە کینە لە دڵ و



دەردەسەریی یەخەی هەمووانی گرت، وەلێ من دەرگای بەختەوەرییم بێ وەقف و بێهێز و بێ سامان کردەوە.

کەریم سەروچاوی خۆی خستە بەر دەستی و ماچی کرد و لەسەری ڕۆیشت و وتی:

- سبەینێ کاتێ بەهێزەکان بەختەوەریی بێدەسەڵاتەکان دەبینن، هەست دەکەن کە هێز و سەروەت و سامانە دەستەبەسەرکراوەکەیان هیچ نییە.

لە برادەرانەوە وشەی پیاهەڵدان و خۆشەویستی هات، هەوا گۆرانی شوانەکەی لەو پەڕی چۆڵەوانییەکەوە دەهێنا، لە ئاسمان ئەستێرەیەك بەدەرکەوت، ڕەفاعە سەیری دەموچاوی برادەرەکانی کرد و وتی:

- بەڵام تەنها من بەس نیم بۆ چارەسەرکردنی خەڵکی گەڕەکەکەمان، کاتی ئەوە هاتووە بە خۆتان ئیش بکەن، نهێنییەکان بزانن بۆئەوەی نەخۆشەکان لە عفریت ڕزگار بکەن.

خۆشی لە سەروچاوەکان بەدیارکەوت و زەکی هەڵیدایێ:

- ئەمە ئازیزترین ئاواتتانە...

بۆیان زەردەی هاتێ و وتی:

- دەبنە کلیلی بەختەوەریی لە گەڕەکەکەماندا.

هەر کە گەڕانەوە بۆ گەڕەکەکەیان، بینییان لە یەکێك لە سەراکاندا چرای زەماوەندیان هەڵکردووە، زۆریان ڕەفاعەیان بینی چوون بۆ لای و تەوقەیان لەگەڵدا کرد و (بەتیخە) تووڕە بوو، لە شوێنەکەی خۆی هەڵسا لە قاوەخانەکە و جنێوی دەداو نەعلەتی دەکرد و شەقازللەی لەم و لەو دەدا، پاشان ڕووی کردە ڕەفاعە و بە بێزهاتنەوە وتی:

- هەتیو خۆت بەچی دەزانیت؟

ڕەفاعە بە نەرمی وتی:

- سەرکار برادەری لێقەوماوان...

کابراکە وتی:

- کەواتە بڕۆ وەکو بەستزمانەکان دەڕۆن، نەك وەکو زاوای زەماوەند. لەبیرت چوو کە تۆ لە گەڕەك دەرکراویت و مێردی یاسەمینە و کۆدیەی زاریت؟!

بەشەرفرۆشتنەوە تفێکی کرد و خەڵکی دوورکەوتنەوە و ماتیی بەرپابوو، بەڵام هەلهەلەی خۆشی هەموو شتێکی داپۆشی...

بەیومی شەقاوەی گەڕەك لەپشتەوەی باخچەكەی ،كە لەسەر چۆڵەوانییەكەدا دەكرێتەوە، وەستا، هێشتا سەرەتای شەو بوو و پیاوەكە چاوەڕێ بوو و گوێی دەگرت، هەر كە پەنجەیەك لە دەرگای دا بە هێواشی دەرگاكە كرایەوە و ژنێك خۆی كرد بەناو باخچەكەدا، بە سەرپۆش و پەچەكەی دەتوت پارچەیەكە لە شەو، لە دەستی ژنەكەی گرت و بە ڕێپێڵگەی باخچەكەدا بردی و خۆی لە خانووەكە دوور دەگرت، تا گەیشتە نووسینگەكە و پاڵی نا بە دەرگاكە و چووە ژوورەوە، ژنەكەیش دوای كەوت، مۆمێكی هەڵكرد و لە قەراغ پەنجەرەكە داینا، نووسینگەكە وەكو نیوە خۆرئاوابوونێك وابوو و قەنەفەكان دەسكەكانیان بەتەك یەكەوە ڕیزكرابوون و لە ناوەڕاستیشدا سینییەكی گەورە و نەرگیلە و پێداویستییەكانی لەسەر بوو لە بازنەیەكی (شلت)دا ، ژنەكە سەرپۆش و پەچەكەی لادا، بەیومی بەتووندیی بە خۆیەوە گوشی و ڕۆچووە ئێسقانەكانییەوە. تا ژنەكە بە نیگایەكی بە بەزەییەوە تەماشایەكی كرد، بە بەلەباریكییەوە لێی قوتار بوو، پێكەنینێكی كز پێكەنی و لەسەر سەكۆكەی خۆی دانیشت، بەیومی بە پەنجەی گەمەی بە خۆڵەمێشی كوانووەكە كرد تا پشكۆیەكی گەش بدۆزێتەوە. ژنەكە بەتەنیشتییەوە دانیشت و گوێی ماچ كرد و ئاماژەی بۆ كوانووەكە كرد و وتی:

- خەریك بوو بۆنەكەیم لەبیر دەچووەوە.

پیاوەكە ڕوومەت و ملی ژنەكەی ماچباران كرد، پاشان وتی و پارچەیەكی فڕێدایە كۆشییەوە:

- ئەم جۆرە كەس لە گەڕەك نایكێشێت، جگە لە بەڕێوەبەرەكە و بەندە نەبێت.

لە گەڕەكەكە دەنگی شەڕی هەڵایسا و جنێو و شەقەی داردەست و شووشەشكاندن دەهات و دەنگی پێ ڕاكردوو و قیژەی ژن و پاشان وەڕینی سەگ... پرسیارێكی بێزاركەر لە چاوی ژنەكە بەدیاركەوت، بەڵام پیاوەكە جۆرەكەی بەبێ گوێدان دەبرێ و ژنەكەی وتی:

- چەند هاتن بەلامەوە زەحمەتە! بۆئەوەی لە چاوان بەدوور بم لە گەڕەكەكەوە دەچم بۆ جەمالیە، لە جەمالیەوە بۆ دەڕاسە و لە دەڕاسەوە بۆ چۆڵەوانییەكە تا دەرگای پشتەوە... بەرەو ژنەكە نوشتایەوە بەبێ ئەوەی دەستی لەكار بكەوێت و بنباڵی ژنەكەی بۆن دەكرد و چێژی وەردەگرت و وتی:



- گوێ نادەم ئەگەر لە ماڵەكەی خۆت سەردانت بكەم...

ژنەكە بزەی هاتێ و وتی:

- ئەگەر وا بكەیت كەسێك لە ترسنۆكەكان توخنت ناكەون، تەنانەت (بەتیخە)یش لمت بۆ ڕادەخات، پاشان تووڕەیی خۆیان بە تەنها هەڵدەڕێژنە سەرمن...

ژنەكە گەمەی بە سمێڵە قەوییەكەی دەكرد و بە گاڵتەوە وتی:

- بەڵام ئەی بۆ لە ترسی ژنەكەت لە نووسینگەكەوە خۆت كرد بە ماڵەوەدا...

وازی لە پارچەكە هێنا و باوەشی بە ژنەكەدا كرد و بەتووندیی بەخۆیەوە گوشی، تا نكەی لێوەهات، پاشان ژنەكە چرپاندی:

- خوایە بمانپارێزی لە عەشقی شەقاوەكان.

هەر كە ژنەكە ئەوەی وت و كابرا سەری هەڵبڕی و وەكو عەلەشیش سنگی دەرپەڕاند و وتی:

- یەك شەقاوە هەیە، بەڵام ئەوانی دیكە منداڵە وردكەن.

ژنەكە بە مووەكانی سنگی گەمەی دەكرد لە تەوقی دیشداشەكەی خستبوویە دەر و وتی:

- شەقاوەی بەسەر خەڵكەوە نەك بەسەر مندا.

بە هێواشی نووقرچێكی گرتت لە سنگی ژنەكە و وتی:

- تۆ تاجی سەری شەقاوەكانی.

دەستی درێژكرد بۆ ئەودیوی سینییەكەوە و مەسینەیەكی هەڵگرت و وتی:

- بۆزەیش سەیرە!

ژنەكە بە لێبووردنەوە وتی:

بۆنێكی بەهێزی هەیە مێردە ئازیزەكەم بۆنی دەكات!

لە مەسینەكەی خواردەوە تا تێر بوو و بەدەم ڕیزكردنی بەردەكانەوە بە چارەگرژییەوە وتی:

- ئای لەو مێردە، چەند جارێك دیومە وەكو شێت سەرگەردان بوو، یەكەم كۆدیەی زارە لە پیاوان لە گەڕەكە سەیرەكەماندا...

ژنەكە سەیری دەكرد كە دەیكێشا و وتی:

- به ژیانم قەرزارباری ئەوم، بۆیە بەسەبرم لەگەڵیدا بژیم و زیانی نییە، چونکە خەڵەتاندنی ئاسانە...

نەرگیلەی دا بە ژنەکە و بەتاسە و هەناسەی قووڵی چلێسییەوە مژی لێدەدا و پاشان دووکەڵەکەی بە چاونووقاندن و حەواسی سەرخۆشەوە دەردا، ئەویش لەلای خۆیەوە نەرگیلەی کێشا، نەفەسی پچڕ پچڕی لێدەدا، لەنێوان هەر نەفەسێکدا قسەی دەکرد و دەیوت:

- لێشی دەگەڕێیت گەمەت... پێ بکات... گەمەی... منداڵانە...

ژنەکە بە گاڵتەپێکردنەوە هەردوو شانی هەڵتەکاند و وتی:

- مێردەکەم لەم دونیایەدا هیچ ئیشێکی نییە تەنها ڕزگارکردنی خەڵکی هەژار نەبێت لە عفریتەکان...

- ئەی تۆ لە هیچ شتێك ڕزگاری ناکەیت؟

- بەگیانی تۆ مەزلوومم! تەنها تەماشاکردنێکی سەروچاوی لە قسەکردنت دەخات.

- نە مانگی جارێکیش؟

- ساڵی جارێکیش، ئەو ئاگای لە ژنەکەی نییە لەبەر عفریتەکانی خەڵك...

- باعفریتەکان سواری بن! چ قازانجێکی لێدەست دەکەوێت؟

بە سەرسووڕمانەوە سەرێکی لەقاند و وتی:

- هیچی لێ دەست ناکەوێت، ئەگەر باوکی نەبێت لە برساندا دەمرین، ئەو پێی وایە کە ڕاسپێردراوە بۆ بەختەوەرکردنی خەڵك و پاقژکردنەوەیان.

- کێ ڕایسپاردووە.

- دەڵا خاوەن وەقفەکە وای دەوێت بۆ منداڵەکانی...

بایەخ لە چاوە تەسکەکانی (بەیومی)یەوە بەدیارکەوت و نەرگیلەی خستەوە نێو گۆزەکە و لێی پرسی:

- وتی کە خاوەن وەقفەکە وای دەوێت؟

- بەڵێ...

- چۆن زانی کە خاوەن وەقفەکە وای دەوێت؟

ژنەکە هەستی بە دڵتەنگیی و بێزاریی کرد و ترسا کەشەکە تێکبدات، یان مەسەلەی ترسناك ڕووبدەن، وتی:



- قسەکانی وا دەگەیەنن کە شایەرەکان گۆرانی پێوە دەڵێن.

بەردێکی نوێی ڕیزکرد و وتی:

- گەڕەکێکی سەگە و گەڕەکی جەبەل فریای کەوە، گەورەترین دەجالی تێدا پەیابووە، هەواڵی سەیر سەیر بڵاودەکەنەوە لە بارەی وەقفەکە و دە مەرجەکە، وەکو بڵێی خاوەن وەقفەکە تەنها باپیرەی ئەوانە، دوێنێکە جەبەل دەجالەکەیان درۆیەکی هێنا و وەقفەکەی پێ دزی، ئەمڕۆیش ئەم گەمژەیە قسەی سەیری پێیە و هیچ وردکردنەوەیەك قبووڵ ناکات، دەڵا گوایە خۆی لە جەبەلاوی بیستووە...

ژنەکە بە نیگەرانییەوە وتی:

- ئەو هیچی ناوێت جگە لە قووتارکردنی خەڵکی هەژار نەبێت لە عفریتەکان...

شەقاوەکە مرخەیەکی گاڵتەپێکردنی کرد پاشان پرسی:

- چووزانین لەوانەیە لە وەقفەکە عفریتێك هەبێت!

پاشان بە دەنگێك بەڕادەیەك بەرزبووەوە کە ڕێکەوت و نهێنی کۆبوونەوەکە نەبوو:

- خاوەن وەقفەکە مردووە یان لە حوکمی ئەوەدایە کوڕی سەگینە.

یاسەمینە وەڕز بوو، ترسا هەلە ڕەخساوەکە لەدەست بچێت و جەوەکە لێخن بێت، دەستی بۆ فستانەکەی درێژ کرد و بەرە بەرە دایکەند، پیاوەکەیش سەروچاوی گەشایەوە دوای ئەوەی مڕومۆچ ببوو و بە دوو چاوی ئامادەوە تەماشای کرد...

## -٥٦-

بەڕێوەبەر لە تۆی عەباکەی لاواز دیاربوو، بایەخدان لەسەروچاوە سپییە خڕەکەی وەکو پەژمووردەیی دیاربوو، کە دەوری پێڵوەکانی دابوو، پیرییەکی ناوەختی دیاریش لە نیگای چاوەکانی و لە لۆچەکانی ژێریان دیاربوو ئەنجامی تامەزرۆیی شەهوەتبازی. وەلێ سەروچاوە پڕەکەی (بەیومی) دیار بوو کە هەستی بە ئاسوودەیی ناوەوە نەدەکرد ئەنجامی نیگەرانی ئاغاکەی، ئەو نیگەرانییەی کە نیشانەی ترسناکیی ئەو هەواڵانە بوو کە بۆی هێنابوو، دواجاریش نیشانەی ترسناکیی ئەو ڕۆڵە بوو کە بۆ بەڕێوەبەر و وەقفەکە ئەنجامی دەدا... بە بەڕێوەبەرەکەی دەوت:

- سەرەڕای ئەوەی بەم هەواڵانە ناڕەحەتت دەکەم، بەڵام نەمتوانی بەبێ گەڕانەوە بۆ تۆ هیچ بکەم بۆ ئەو مەسەلەیە کە پەیوەندیی بە وەقفەکەوە هەیە، لە لایەکی دیکەیشە ئەو

گێرەشێوێنە شێت و وێتەی خێڵی جەبەل. بەڵێنمان داوە کە کەس بەبێ ڕووخسەتی تۆ دەستدرێژیی نەکاتە سەر ئەویدیکە.

ئیهابی بەڕێوەبەر بە سەروچاوێکی گرژەوە پرسیاری کرد:

- ئایا بەڕاستی لافی ئەوەی لێدا کە پەیوەندیی کردووە بە خاوەن وەقفەکەوە؟

- زیاتر لە سەرچاوەیەك ئەوەیان بۆ دووپاتکردمەوە، کە نەخۆشەکانی بڕوایان بەوە هەیە، گەرچی مەسەلەکە زۆر وریایانە دەشارنەوە.

- بەشکو شێتە، وەکو جەبەل کابرایەکی دەجال بوو، بەڵام ئەم گەڕەکە چەپەڵە حەزی لە شێت و دەجالەکانە.

خێلی جەبەل چییان دەوێت دوای ئەوەی بە نارەوا وەقفەکەیان تالآن کرد؟ بۆچی خاوەن وەقفەکە جگە لەوان پەیوەندیی بە کەسێکی دیکەوە ناکات؟ بۆچی پەیوەندیی بە منەوە ناکات کە لێوەی نزیکترین کەسم؟ ئەو لە ژوورەکەی خۆی دانیشتووە و دەرگا لە کەس ناکاتەوە، تەنها کاتی پێویستییەکانی بۆ دەبەن، کەس نایبینێت و ئەویش کەس نابینێت تەنها کەنیزەکەی نەبێت، بەڵام خێڵی جەبەل چەند ئاسانە کە چاوی پێیان بکەوێت یان گوێیان لێ بگرێت.

بەیومی بە کینەوە وتی:

- ئیسراحەت ناکەن هەتا دەست بەسەر هەموو وەقفەکەدا نەگرن...

سەروچاوی بەڕێوەبەرەکە لە تووڕەییدا زەرد هەڵگەڕا و خۆی ئامادەکرد بۆ دەرکردنی فەرمانەکان، بەڵام پەشیمان بووەوە و پرسی:

- هیچی دەربارەی وەقفەکە وت، یان چالاکیی خۆی لە دەرکردنی عفریتەکاندا کورتکردووەتەوە؟

پاشان بە تەوسەوە:

- خاوەن وەقفەکە چی داوە بەسەر عفریتەکانەوە؟!

ئیهاب هەڵسا و بە تووڕەییەوە وتی:

- نامەوێت بەر لەعنەت کەوم و وەکو بەر ئەفەندی کەوت.

بەیومی جابر و حەندوسە و خالید و بەتیخەی بانگ کرد بۆ چەرداخەکەی خۆی، پێی وتن دەبێت چارەیەك بۆ شێتییەکەی ڕەفاعەی کوڕی شافعی دارتاش بدۆزنەوە.

بەتیخە بەوەڕزیی پرسی:



- سەرکار هەر بۆ ئەمە بانگت کردین؟

بەیومی بە پۆزەتیڤەوە سەرێکی بۆ لەقاند، بەتیخە دەستی دا بە یەکەوە و وتی:

- هەیهوو، شەقاوەکانی گەڕەك کۆدەبنەوە لەبەر خەڵقەندەیەك، نە نێرە و نەمێیە.

بەیومی بە نیگایەکی وەڕزیی تەماشای کرد و وتی:

- بە بەرچاوی تۆ و بیستنی تۆدا چالاکی خۆی دەنواند و هەستت بە ترسناکیی نەکرد. بێگومان گوێت لە لاف و گەزافەکانی نەبوو کە پەیوەندیی کردووە بە خاوەن وەقفەکەوە.

لەنێو چڕەدووکەڵەکەدا نیگای گڕاوییان گۆڕییەوە و بەتیخە بە حەپەسانەوە وتی:

- کوڕی ژنە قەڵتاخە! خاوەن وەقفەکە چی داوە بەسەر عفریتەکانەوە، ئایا باپیرەمان (کۆدیەی زار) بوو؟...

دەستیان کرد بە پێکەنین، بەڵام لەپڕ وازیان لێهێنا لەبەر مۆنبوونی (بەیومی) و وتی:

- بەتیخە تۆ بۆنکەریت، شەقاوە سەرخۆش دەبێت و بەنگ دەکێشێ، بەڵام شایانی بۆنکردن نییە!

بەتیخە بەرگریی لەخۆی کرد و وتی:

- سەرکار من لە زەماوەندەکەی عەنتەر بووم، بوومە نیشانی تێلاّی بیست زەلام سەروچاوم و ملم خەڵتانی خوێن بوون، بەڵام تێلاّکەم لە دەستم نەکەوتە خوارەوە.

لێرەدا حەندوسە بە تکاوە وتی:

- با لە مەسەلەکە گەڕێین بۆخۆی و چارەی بکات، ئەگینا هەیبەتی خۆی لە دەست دەدات، خۆزیا ڕێبازێك بدۆزنەوە جگە لە دەستدرێژیکردنە سەر ئەو شێت و وێتە، دەستدرێژییکردنە سەر کەسی وەکو ئەو سوکایەتیکردنە بە شەقاوەکان!

گەڕەکەکە خەوت و کەس نەیدەزانی لە چەرداخەکەی بەیومی چ خۆی مەڵاسدابوو. بۆ بەیانی دواتر ڕەفاعە سەراکەی بەجێهێشت و لەڕێگا تووشی بەتیخە هات و سڵاوی لێکرد و وتی:

- بەیانیت باش سەرکار بەتیخە...

کابرا بە نیگایەکی قینەوە تەماشای کرد وتی:

- بەیانی قەترانی کوڕی کۆنە ژنەکەی باشە، بگەڕێرەوە بۆ ماڵەکەی خۆت و لێی دەرنەچیتەدەرەوە ئەگینا سەرت دەشکێنم.

ڕەفاعە بە سەرسووڕمانەوە پرسی:

- چی شەقاوەکەمانی توورەکردووە؟

بە نەڕەوە هاواری کرد:

- تۆ ئێستا لەگەڵ بەتیخە قسە دەکەیت، نەك لەگەڵ خاوەن وەقفەکە بەبێ ئەملاو ئەولا برۆ بەرێی خۆتەوە...

ڕەفاعە ویستی قسە بکات و کابرای شەقاوە مشتێکی پێدا کێشا و بەرەو دیواری خانووەکە پاڵی ناو لەتری پێدا، ژنێك چاوی بەڕووداوەکە کەوت و پڕ بە گەڕەکەکە قیژاندی و ژنانی دیکەیش لەدوای ئەوەوە. دەنگی فریاکەوتن لەپێناوی ڕەفاعەدا بەرزبووەوە، لە چاوترووکانێکدا زۆرێك بەرەو شوێنەکە هاتن، لەنێوانیاندا زەکی و عەلی و حسێن و کەریم بوون، پاشان مامە شافعی هات، هەروەها جەوادی شایەریش بە داردەستەکەی ڕێگای گرتبوو هات، ئەوەندەی پێ نەچوو شوێنەکە سیخناخ بوو لە خۆشەویستانی ڕەفاعە بە ژن و پیاوەوە. بەتیخە حەپەسا پێشبینیی ئەوەی نەکرد کە ڕوویدەدا، دەستی هەڵبڕی هاویشتی بۆ سەروچاوی ڕەفاعە، بێ ئەوەی بەرگریی بکات بەریکەوت، بەڵام ئەوانی لەوێ وەستابوون بە بێزارییەوە هاواریان دەکرد و زۆر وورووژابوون، هەندێکیان لە بەتیخە پاڕانەوە کە وازی لێ بێنێت، ژمارەیەکی دیکە باسی چاکە و خەسڵەتەکانی ڕەفاعەیان دەکرد و زۆریش لە هۆی دەستدرێژییەکەیان دەپرسی و ناڕەزایی بەرزبووەوە، بەتیخەش زۆر توورە بوو و هاواری کرد:

- لەبیرتان چوو من کێم؟

بەڕاستی خۆشەویستیی گردەوەبووەکان بۆ ڕەفاعە کە پاڵی پێوە نابوون بەبێ ئاگایی کۆببنەوە، هانی دابوون کە بەتیخە ئاگادار بکەنەوە، یەکێك لە وەستاوەکان لە ڕیزی یەکەم وتی:

- شەقاوەمانی و تاجی سەرمانی، هاتووین تەنها بۆئەوەی داوای لێبووردن بکەین بۆ ئەو پیاوە باشە...

کابرایەك لە ناوەڕاستی خۆپیشاندانەکەوە کە قەرەباڵغییەکە پشتئەستووری کردبوو لە جێگاکەی خۆیەوە وتی:

-شەقاوەکەمان لەسەر چاو و لەسەر سەرە، بەڵام ڕەفاعە چی کردووە؟

کەسی سێیەم لە کۆتایی خۆپیشاندانەکەوە دڵنیا بوو لەوەی کە شەقاوەکە چاوی لێی نییە:



- ڕەفاعە بێتاوانە و قوڕ بەسەر ئەوەی بەخراپی دەستی لێدەدات.

بەتیخە توورە بوو تێلاکەی بەرزکردەوە بۆ سەری و هاواری کرد:

- ئەی ژنەکان، دەتانکەم بە پەند...

لە هەموو قوژبنێکەوە قیژەی ژنان بەرزبووەوە تا گەڕەکەکە بووە شیوەن و زارە توورەکانیش ئاگاداری خوێناویان هەڵدەدا، ئەوەبوو بەردباران دەستی پێکرد و لەبەردەم بەتیخە بەردەکان لە زەوییان دەدا و ڕێگەیان لێ دەگرت بێتە پێشەوە، کابراکە خۆی لە ناوەندی ئیحراجدا بینییەوە، تەنانەت لە مۆتەکەیشدا لێی ڕووی نەداوە. مەرگی بەلاوە چاکتر بوو لەوەی کە پەنابەرێتە بەر یەکێك لە شەقاوەکان، هێرشەکە لەژێر بەردەبارانەدا هەڕەشەی لەناوچوونی لێدەکرد، بێدەنگییش لەناوچوونی شەقاوەیەتییەکەی بوو، لە چاوانی گردەباری، بەردەباران بەردەوام بوو، لە تەحەداکردنەکەیان بەردەوام بوون، هیچ یەکێك لە شەقاوەکان وای بەسەرنەهاتووە لەمەوبەر، لەپڕێکدا ڕەفاعە هەڵمەتی برد تا لەبەردەم بەتیخە وەستا و دەستی بۆ خەڵکەکە بەرزکردەوە، تا بێدەنگیی باڵی کێشا و بە دەنگێکی بەهێز وتی:

- شەقاوەکەمان هەڵەی نەکردووە من خەتابارم...

لە چاوەکانییەوە نیگای ناڕەزایی بەدیارکەوت، بەڵام کەس فزەی لێوە نەهات و ڕەفاعە وتی:

- بڵاوەی لێبکەن بەر لەوەی بەر غەزەبی بکەون.

خەڵکەکە تێگەیشتن کە دەیەوێت کەرامەتی شەقاوەکە بپارێزێت، بۆ چارەی تەنگژەکە بڵاوەیان لێکرد و ئەوانی دیکە بەدوایدا هاتن و سەریان سوورمابوو، پاشان ئەوانی دیکە خێرا بڵاوەیان لێکرد، لەترسی ئەوەی بەتیخە یەخەی یەکێکیان بگرێت، گەڕەك چۆڵ بوو.

## -٥٧-

دوای ئەو ڕووداوە پشێوییە لە گەڕەکەدا توند بوو، ئەوەی کە زۆر بەڕێوەبەری دەترساند گەڕەکەکە پێیان وابوو کە هاوکارییان کەفیلە بەوەی بەرامبەر شەقاوەکان خۆی ڕابگرێت. بۆیە -لەدیدی ئەودا- دەبوو ڕەفاعە لەناوببرێت و ئەوانەیش پشتگیریی دەکەن و لەگەڵیدا وەستاون و دەشێ ئەمە بە ڕێکەوتن بێت لەگەڵ خەنفس و شەقاوەی خێڵی جەبەلدا، بۆ خۆبەدوورگرتن لە بەرپابوونی شەڕێکی سەتاسەریی لە گەڕەکدا. بەڕێوەبەر بە

بەیومی وت: (پیتوانەبێ کە ڕەفاعە هیندە لاوازبێت، خۆشەویستان لەپشتین و توانییان قوتاری بکەن بە کوێرایی چاوی شەقاوەکانیشەوە. چی دەبێت ئەگەر هات و گەڕەکەکە گەرەکیان بوو وەکو کۆلانەکەی خۆی گەرەکیانە؟ هەیە واز لە عفریتەکان دەهێنێت و ڕایدەگەیەنێت کە ئەو مەبەستی وەقفەکەیە!). بەیومی تووڕەیی خۆی هەلڕشتە سەر بەتیخە و بەتووندیی لە هەردوو شانەوە ڕایوەشاند و پێی وت: (مەسەلەکەمان بۆ تۆ بەجێهێشت، تۆ چیت هەی هەشبەسەری شەقاوەکان). بەتیخە بە ڕقەوە دانی بردە جیڕەوە وتی: (ئاسوودەتان دەکەم ئەگەریش بە کوشتنی بێت)، بەیومی هاواری بەسەردا کرد (باشتر شت کە بیکەیت ئەوەیە کە لە گەڕەکەکە ونبیت بۆ هەتا هەتایە). ناردی بە شوێن خەنفسدا بۆئەوەی چاوی پێ بکەویت، وەلێ مام شافعی ڕێگای بە خەنفس نەدا ئەو لەم حالەتە ترسناکەدایە کە لەمەوبەر تووشی نەهاتووە. هەولی دا کوڕەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ دوکانەکە و وازبینی لەو کارەی کە تووشی سەریەشەی دەکات، بەلام لە هەولەکەی سەرکەتوو نەبوو و بەبێئومێدیی گەڕایەوە. هەر کە زانی خەنفس لەلایەن بەیومییەوە داواکراوە، بۆیە ڕێگای نەدا و پێی وت: (سەرکار خەنفس، تۆ شەقاوە و پارێزەرمانی و ئەوان داوات دەکەن بۆئەوەی واز لە ڕەفاعە بهێنی و تۆیش وازی لێ مەهێنە، بەلێنیان بدەرێ کە چییان دەوێت، وەلێ وازی لێ مەهێنە، لەگەل ئەودا گەڕەکەکە بەجێبهێلە ئەگەریش بە هێزبوویت، بەلام وازی لێ مەهێنە)، خەنفس بە وریایی و ئیحتاتەوە وتی: (لە هەموو باشتر دەزانم کە دەبێت چی بکەم و بەرژەوەندیی خێلی جەبەل چی پێویستە)، بەڕاستی خەنفس لەلایەن ڕەفاعەوە زۆر ئاگای لێبوو، کاتێ بە شەڕەکەی بەتیخەی زانیبوو، بە خۆی وت ئەو کە دەبێت ئاگای لەخۆی بێت نە بەڕێوەبەرە، نە بەیومیە... چوو بۆ مالی بەیومی لە نووسینگەکە لەگەلیدا کۆبووەوە، شەقاوەکە بەڕاشکاویی پێی وت کە بۆیە داوای کردووە، چونکە ئەو شەقاوەی خێلی جەبەلە بۆئەوەی لەسەر ڕایەك ڕێبکەون بۆ کیشەی ڕەفاعە. وتی:

- گالتە بە ئیشی مەکە، چونکە ڕووداوەکان بە ترسناکی شوێنی دەکەون.

خەنفس ئەوەی پەسەند کرد، بەلام بە تکاوە وتی:

- تکام وایە لەبەردەممدا دەستدرێژیی نەکەنە سەری.

بەیومی وتی:



- ئێمە پیاوین ئەی سەرکار، بەرژەوەندیمان یەکە، لە مالەکانی خۆماندا دەستدرێژیی ناکەینە سەر کەس، با ئەو کوڕە بێت و لەبەردەمی تۆدا لێپرسینەوەی لەگەلدا دەکەم.

ڕەفاعە هات بە سەروچاوێکی گەشەوە و سلاوی لە هەردوو پیاوەکە کرد، لەو شوێنە دانیشت کە بەیومی ئاماژەی بۆ کردبوو لەسەر سەکۆکەی خۆی دانیشت لە بەرامبەریان. بەیومی لە ڕووخسارە جوانە ئارامەکەی وردبووەوە، بەلایەوە سەیر بوو کە چۆن ئەم مندالە ڕۆحسووکە بووەتە سەچاوەی پشێویی ترسێنەر و بە دەنگێکی گڕەوە لێی پرسی:

- بۆچی گەڕەك و کەسوکارەکەی بەجێهێشت؟

بە ئاسانی پێی وت:

- چونکە کەس بە دەنگمەوە نەهات.

- چیت لێیان دەویست؟

- لە عفریتەکانیان ڕزگاریان بکەم کە بەختەوەرییان لێ تێکداون.

دەنگی بەیومی تووڕەییەکەی ئاشکرا کرد و پرسی:

- بۆ تۆ بەرپرسیاری بەختەوەریی خەلکیت؟

ڕەفاعە بە ڕاشکاویی و بێتاوانییەوە وتی:

- بەلێ، مادامێکی لە توانامدا هەیە کە بەدیبهێنم.

سەروچاوی بەیومی گرژ بوو و وتی:

- گوێیان لێت بووە کە تۆ ڕقت لە سامان و هێزە؟

- بۆئەوەی بۆیان بسەلمێنم کە بەختەوەریی ئەوە نییە وای بۆ دەچن، بەلکو ئەوەیە کە دەیکەم.

خەنفس بە تووڕەییەوە پرسیاری کرد:

- بۆ ئەوە ڕقبوونەوە نییە لە خاوەن هێز و سامان؟

بێ ئەوەی بە تووڕەبوونی کابرا بشلەژێت، وتی:

- نەخێر سەرکار، بەلام ئاگادارییەکی تێدایە کە بەختەوەریی ئەوە نییە کە هەتانە لە هێز و سامان.

بەیومی بەچاوێکی تیژەوە لێی وردبووەوە و لێی پرسی:

-گوێیشان لێت بوو کە ئەوەت دووپات کردووەتەوە کە خاوەن وەقفەکە ئەوەی دەوێت.

بایەخدان لە دوو چاویدا ڕوون دیاربوو، وتی:

- ئەوان وا دەڵێن!

-ئەی تۆ چی دەڵێیت؟

دوای دوودڵیی بۆ یەکەمجار وتی:

- بەگوێرەی تێگەیشتن قسە دەکەم.

خەنفس بە تەوسەوە وتی:

- بەڵام لە ئەقڵی بۆگەنەوە دێت.

بەیومی چاوەکانی تەسککردەوە و وتی:

- بەڵام دەڵێن تۆ ئەوەیان بۆ دووپات دەکەیتەوە کە لە جەبەلاویەوە بیستووتە.

لە چاوانی سەرسوورڕمان بەدیارکەوت و بۆ جاری دووەم دوودڵ بوو، پاشان وتی:

- ئاوها لە قسەکانی تێگەیشتم بۆ ئەدهەم و جەبەل.

خەنفس بە تووڕەییەوە هاواری کرد:

- قسەکانی جەبەل تەحەموولی لێکدانەوەی نییە.

تووڕەیی بەیومی توندتر بوو، بە خۆت وتت: (هەموویان درۆزنن و جەبەل یەکەم درۆزنە لەناوتان هەی دزەکان)، وتی:

- تۆ دەڵێی گوێم لە جەبەلاوی بووە و دەڵێی ئەمە ئەوەیە کە جەبەلاوی دەیەوێت و کەس بۆی نییە بە ناوی جەبەلاویەوە قسە بکات جگە لە بەڕێوەبەری وەقفەکەی و میراتگرەکانی نەبێت. ئەگەر جەبەلاوی بیستبایە شتێك بڵێ بەوی دەوت، ئەو ئەمینداریی وەقفەکەیەتی و جێبەجێکەری دە مەرجەکەیەتی. هەی گێلەپیاو چۆن سووکایەتی بە هێز و سامان و دەوڵەمەندییەوە دەکەیت بە ناوی جەبەلاویەوە کە خەسڵەت و سیفەتەکانی ئەوە!

سەر و ڕووخسارە پاکەکەی ئازاری دەنواند و وتی:

- من قسە لەگەڵ خەڵکی گەڕەکەکە دەکەم، نەك لەگەڵ جەبەلاوی، ئەوان عفریت سواری کۆڵیان دەبێت، ئەوان داواکاریی ئەشکەنجەیان دەکرد.

- تۆ چیت، کەسێکیت لە هێز و سامان دەسەپاچەیت، بۆیە نەعلەتیان لێدەکەیت بۆئەوەی پایە چەپەڵەکەت بەرزکەیتەوە لە چاوی دەبەنگەکانی خەڵکی گەڕەك



لە سەرووی پایەی ئاغاکانەوە، هەر کە دەبینی کەوتوونەتە دەستت هێز و سامانیان پێ دەدزیت.

چاوەکانی ڕەفاعە بە حەپەساوییەوە زەق بوون و پرسی:

- هیچ مەبەستێکم نییە جگە بەختەوەریی خەڵکی گەڕەکەکە نەبێت.

بەیومی وتی:

- هەی کوڕی ژنە مەکربازەکە، تۆ وا لە خەڵك دەگەیەنیت کە نەخۆشن، کە گوایە هەموومان نەخۆشین، کەس ساغ نییە لە گەڕەکەدا تەنها تۆ نەبێت!

- بۆچی ڕقتان لە بەختەوەرییەکە کە لە بەردەستتاندایە؟

- هەی کوڕی ژنەمەکربازەکە بە نەعلەت بێت ئەو بەختەوەرییەی کە لە کەسێکی وەکو تۆوە دێت.

- بۆچی خەڵك ڕقیان لێمە و منیش هەرگیز ڕقم لە کەس نییە!

بەیومی وتی:

- بەوە مەمانخەڵەتێنە بەوەی کە گەمژەکانی پێ دەخەڵەتێنی، وازبێنە لە هەڵخەڵەتاندنەکەت. بزانە کە سەرپێچی لە فەرمانی من ناکرێت، مەمنوونی خوا بە کە لە ماڵەکەی مندایت، ئەگینا بە ساغی دەرناچیت.

ڕەفاعە بە بێئومێدیی ڕاوەستا، سڵاوی لێکردن و ڕۆیشت.

خەنفس وتی:

- لێی گەڕێ بۆ من.

- ئەو گێلەپیاوە خۆشەویستانی زۆرن و ئێمەیش کوشتارمان ناوێت.

## -٥٨-

ڕەفاعە لە ماڵەکەی بەیومی هاتەدەرەوە و بەرەو ماڵەکەی خۆی ملی نا و ڕۆیشت. ئاسمان بە پۆشاکی پاییز خۆی داپۆشیبوو، کەشەکەیش شنەیەکی فێنك بوو، گەڕەکەکە لەدەوری سەبەتەی لیمۆ گردبببوونەوە دەتوت ئاهەنگی وەرزی سرکە دروستکردن دەگێڕن، دەنگی قسە و پێکەنین دەهات، لەپڕێکدا منداڵان بە یەکدا هەڵپڕژان و خۆڵیان بەیەکدا دەکرد و ڕەفاعە سڵاوگەلێکی زۆری دەسەندەوە و هەندێ خۆڵی پیاهەڵڕژاو بەرەو ماڵ بووەوە و سەرشان و لاجانگی خۆی دەتەکاند، زەکی و عەلی و حسێن و کەریمی بینی چاوەڕێی

بوون، باوەشیان بەیەکدا کرد وەکو هەمموو جارێك کە چاویان بەیەك دەکەوت وایان دەکرد، پاشان چی ڕوویدابوو لەنێوان خۆی و بەیومی و خەنفس هەمووی بۆ گێڕانەوە -هەروەها ژنەکەیش کە ئەویش هاتە دانیشتنەکە-. بە بایەخ و نیگەرانییەوە گوێیان لێی دەگرت، هەر کە لە باسەکەی بووەوە سەروچاوەکان مۆن بوون. یاسەمینە لە خۆی پرسی دەبێت ئەم هەڵوێستە ناسکە بە چی بگەڕێت؟ ئایا لێرەدا چارەیەك نییە بۆ ئەم پیاوچاکە بپارێزێت لە لەناوچوون، بێ ئەوەی هەڕەشە لە بەختەوەرییەکەی بکات؟ لە چاوی هەمموانـدا پرسیار دەرکەوت، وەلێ ڕەفاعە سەری بە هەندێ ماندووییەوە خستە سەر دیوارەکە و یاسەمینە وتی:

- ناکرێت مەسەلەی بەیومی گاڵتەی پێ بکرێت.

بێگومان کە عەلی یەکێکیان بوو وتی:

- ڕەفاعە دۆستانی وای هەیە کە بەتیخەیان ڕاونا و لە گەڕەکەکەدا ون بوو.

یاسەمینە بەچارە مۆنکردنەوە:

- بەتیخە نەك بەیومی، ئەگەر تەحەدای بەیومی بکەیت، دەست لە خۆتان بشۆرن...

حسێن ئاوڕی لە ڕەفاعە دایەوە و وتی:

- یەکەمجار با گوێ لە سەرکار بگرین.

ڕەفاعە بە نیوە چاونووقاندنێکەوە وتی:

- بیر لە شەڕکردن مەکەنەوە، ئەوەی تێبکۆشێت بۆ بەختەوەریی خەڵك حەز ناکەن خوێنیان برژێت.

یاسەمینە سەروچاوی گەشایەوە، ڕقی لە بیرۆکەی بێوەژنکەوتن بوو، لە ترسی ئەوەی چاوتێنەبڕن و هیچ دەروویەکیش نەبوو بۆ پیاوە ترسناکەکەی و وتی:

- باشتر وایە کە بەزەییت بەخۆتدا بێتەوە لەو ماندووییە.

زەکی بە ناڕەزاییەوە وتی:

- واز لەم ئیشە ناهێنین و وازیش لە گەڕەکەکە ناهێنین.

لە وەڕزییدا یاسەمینە دڵی داخورپا و لەبەر دوورکەوتنەوە لە گەڕەکەکە و مێردەکەی و بەتووندیی وتی:

- بە غەریبی و ونیی دوور لە گەڕەکەکەمان ناژیین.



چاوەکانی خەستبوونەوە سەر سەروچاوی ڕەفاعە و سەری ڕاستکردەوە و لەسەرەخۆ وتی:

- حەز ناکەم گەڕەکەکەمان بەجێبهێڵم.

لێرەدا یەك لەدوای یەك لە دەرگا درا، یاسەمینە بە پەرۆشی ڕۆی و کردییەوە، دانیشتووان گوێیان لە دەنگی مام شافعی و عەبدە بوو کە لە کوڕەکەیان دەپرسی. ڕەفاعە هەڵسا و باوەشی بە دایك و باوکیدا کرد. شافعی و ژنەکەی بە هەناسکەبڕکێ دانیشتن، سەروچاوی هەردووکیان هەواڵی ناخۆشیان هەڵگرتبوو، بۆیە باوکەکە خێرا وتی:

- کوڕم خەنفس وازی لێ هێنای، ژیانت لە مەترسیدایە، برادەرەکانم پێیان ڕاگەیاندم کە شەقاوەکان لەدەوری ماڵەکەت دەسووڕێنەوە.

عەبدە دوو چاوە سووڕهەڵگەڕاوەکانی سڕییەوە و وتی:

- خۆزیا نەدەهاتینەوە بۆ ئەم گەڕەکە کە بێنرخانە ڕۆحەکان دەفرۆشن.

- عەلی بە حەماسەوە وتی:

- خانمەکەم مەترسێ، گەڕەکەکەمان هەموویان برادەرن و خۆشیان دەوێم.

ڕەفاعە بە هەناسەهەڵکێشانەوە وتی:

-چیمان کردووە کە شایانی سزادان بین؟

مام شافعی بە وەڕزییەوە وتی:

- تۆ لە گەڕەکی جەبەلی و قیزەوەنی، چەند دڵم دەترسێت لەوەتەی باسی خاوەن وەقفەکە بەسەر زارتدا هاتووە.

- ڕەفاعە بە تەعجوبەوە وتی:

- تا دوێنێ جەنگی جەبەلیان دەکرد کە داوای وەقفەکەی دەکرد، ئەمڕۆیش جەنگی من دەکەن، چونکە ڕقم لە وەقفەکە دەبێتەوە.

شافعی بە وەڕزییەوە دەستی هەڵبڕی و وتی:

- چۆنت دەوێت پێیان بڵێ، ئەمە هیچ شتێ لەوان ناگۆڕێت، وەلێ من دەزانم ئەگەر لە ماڵەکەت دەرچیتە دەرەوە تیاچوویت، ئەگەر لەوێ بمێنیتەوە ئاسوودە نابیت.

کەریم یەکەم کەس بوو ترس کەوتە دڵییەوە، وەلێ بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە دڵی ڕاگرت و بە ڕەفاعەی وت:

- ئەوان لە دەرەوە لە مەلاسدان بۆت، ئەگەر لێرەدا بمێنیتەوە دێنە سەرت، وەکو ناسیومانە ئەوان شەقاوەی گەڕەکەکەمانن، با لە سەربانەوە ڕابکەین بۆ ماڵەکەی من و لەوێ بیری لێدەکەینەوە کە چی بکەین.

شافعی وتی کرد:

- شەو لێرەوە ڕادەکەن لە گەڕەکەکە.

ڕەفاعە هەناسەیەکی هەڵکێشا و پرسی:

- لێم گەڕێن ساختمانەکەم برووخێت؟

دایکی بە گریانەوە لێی پاڕایەوە:

- ئەوە بکە ئاماژەت پێدەکات و بەزەییشت بە دایکتدا بێتەوە.

باوکەکە بە تووڕەییەوە وتی:

- لەودیوی چۆڵەوانییەکە دەست بە کارەکەت بکە ئەگەر دەتەوێت.

کەریم بە بایەخدانەوە وتی:

- با تەگبیری مەسەلەی خۆمان بکەین، تۆزێك سەرکار شافعی و ژنەکەی دەمێننەوە و پاشان دەڕۆن بۆ سەرای نەسر، وەکو بڵێی لە سەردانێکی ئاسایی گەڕاونەتەوە، خاتوو یاسەمینەیش دەڕوا بۆ جەمالیە وەکو بڵێی دەچێت بۆ بازاڕییکردن، هەر کە گەڕایەوە خۆی دەکات بە ماڵەکەی مندا، ئەمەی باشترە لەوەی لە سەربانەکانەوە ڕابکات.

شافعی پلانەکەی پێ خۆش بوو، کەریم وتی:

- نابێت خولەکێك لە دەستی خۆمان بدەین، دەڕۆم سەربانەکان تاقی دەکەمەوە.

لە ژوورەکەوە چووە دەرەوە، شافعی هەڵسا و دەستی ڕەفاعەی گرت، عەبدە فەرمانی دا بە یاسەمینە کە جلوبەرگەکانی لە بوخچەکەیدا کۆکاتەوە. یاسەمینە بە سنگێکی تەنگ و دڵێکی خەمبارەوە جلوبەرگە کەمەکانی کۆکردەوە و شۆڕشێکی تووڕەیی لە ناوەوەیدا پەنگی دەخواردەوە، عەبدە چوو بەلای کوڕەکەیەوە، ماچی کرد و بە چاوی بە گریانەوە دوعای بۆ دەکرد. ڕەفاعەیش بە دڵێکی خەمبار بیری لە حاڵی خۆی دەکردەوە، کە چەند بە هەموو دڵێکەوە خەڵکی خۆشویست و بۆ بەختەوەرییان سەختیی بینی و چۆن تووشی ڕق و بووغزیان کرد، ئایا جەبەلاوی خۆی دەدات بە دەستی شکستییەوە؟ کەریم گەڕایەوە و بە ڕەفاعە و هاوڕێکانی وت:



- دوامکەون.

عەبدە وتی و لە گریاندا ڕەشهەڵگەڕابوو:

- ئێمەیش دوای تۆزێك پێت دەگەین.

شافعی پێی وت و چاوی بەسەر فرمێسکەکانیدا نووقاند:

- ڕەفاعە خوات لەگەڵ بێت.

ڕەفاعە باوەشی کرد بە دایك و باوکیدا، پاشان ئاوڕی لە یاسەمینە دایەوە و وتی:

- عەباو پەچە بکە بۆئەوەی کەس نەتناسێت. تەحەمولی ئەوە ناکەم کەس بە خراپە دەستت تێوەدات.

-٥٩-

یاسەمینە لە سەراکە چووە دەرەوە خۆی ڕەشپۆشی کردبوو و وشەکانی لە گوێیەکانیدا دەنگی دەدایەوە هەر کە ماڵئاوایی کرد و پێی وت:

- (خوات لەگەڵ کچەکەم، خوابتپارێزێت و ئاگادارت بێت، ئەمانەتیی تۆ و ڕەفاعە شەو و ڕۆژ دوعاتان بۆ دەکەم). سەرەتای شەو دەکشا و چرای قاوەخانەکان هەڵبوون و منداڵان لە دەوری ڕووناکیی عارەبانەدەستییەکان دەستیان بە یاریی کرد، لەپڕێکدا شەڕەسەگ و پشیلە دەستی پێکرد لەسەر کۆمەڵە خۆڵ و خاشاك. یاسەمینە بەرەو جەمالیە ڕۆیشت و دڵە ئاشقەکەی شوێنێکی بۆ بەزەیی تێدا نەمابوو. دوودڵ نەبوو، وەلێ ترسی لێ نیشتبوو، پێیوابوو کە چاوگەلێك چاودێریی دەکەن، وەلێ دڵنیایی ڕاستەقینەی نەدۆزییەوە جگە لە نووسینگەکە نەبێت و لە باوەشی بەیومی نەبێت، هەر کە پەچەکەی لادا بە بایەخەوە لێی وردبووەوە و لێی پرسی:

- دەترسێی؟

- بەڵێ.

- نەخێر، ترس لە خەسڵەتی تۆ نییە، پێم بڵێ چیت بە دواوەیە؟

بە دەنگێکەوە وتی بە حاڵ دەبیسترا:

- لە سەربانەوە ڕایانکرد بۆ ماڵی کەریم، لە بەرەبەیاندا گەڕەکەکە بەجێدەهێڵن.

بەیومی بە گاڵتەجارییەوە بڵمەبڵمێکی کرد:

- له بەرەبەیاندا هەی کوڕانی کەوڵەکۆن!
- قەناعەتیان پێکرد تا بڕوات، بۆ ڕێگای نادەیت کە بڕوات؟

به گاڵتەوە بزەیەکی هاتێ و وتی:

- زوو جەبەل ڕۆیشت و پاشان گەڕایەوە، ئەم مۆرانانە شایانی ژیان نین.

ژنەکە بە سەرگەردانییەوە وتی:

- ئەو نکوڵی لە ژیان دەکات، وەلێ شایانی مردن نییە.

بە قێزەوە دەمی دایە یەکەوە و وتی:

- گەڕەکەکە شێتی خۆی بەسە...

ژنەکە بە چاوی بەزەییەوە تەماشای کرد، پاشان چاوی داگرت و چرپاندی وەك بڵێی لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد:

- ئەوەتا خۆت دەبیدیتە دەست فەوتانەوە، یەك بە یەك و زاڵمیش دەسپێشخەرە.

ژنەکە هەستی بە نیگەرانییەکی بەئێش کرد وەکو نەخۆشییەك و بە گلەییەوە تەماشای کرد و وتی:

-ئەوەی کە کردوومە تۆ لە ژیانم بەنرختریت...

ئەویش دەستی دا لە ڕوومەتی و بە نەرمی پێی وت:

- جەوەکەمان بۆ چۆڵ دەبێت، ئەگەر بارودۆخ تەنگی پێ هەڵچنیت، ئەوا لەم ماڵەدا جێگای خۆت هەیە.

ژنەکە لەگەڵ دابەزینی لە قالدرمەکان ڕۆحی بەرزدەبووەوە و وتی:

- ئەگەر خانووی خاوەن وەقفەکەم بخەنە بەردەمم، بەبێ تۆ نامەوێت.
- تۆ کیژێکی دڵسۆزیت.

(دڵسۆزەکە) گازندەی کرد و وەکو نەخۆشیی نیگەرانی بۆ گەڕایەوە و پرسی ئایا کابراکە گاڵتەی پێ دەکات؟

ئەوەندە کات بە بەرەوە نەبوو بۆ قسەکردن، هەڵسا و ئەویش هەڵسا بۆ ئەوەی خواحافیزیی بکات تا لە دەرگای پشتەوە چووە دەرەوە، بینی مێردەکەی و هاوڕێکانی چاوەڕێی دەکەن، بەتەنیشت مێردەکەیەوە دانیشت و بە ڕەفاعەی وت:

- ماڵەکەمان لەژێر چاودێرییدایە، دایکت باشی کرد کە چراکەی بە هەڵکراویی بەجێهێشت، لە دەمە و بەیاندا ڕاکردن ئاسانە.



زەکی بە یاسەمینەی وت و سەرنجی خەمبارییی ڕەفاعەی دەدا:

- بەڵام خەمبارە، ئایا لە هەموو شوێنێك نەخۆش نییە، ئایا ئەوان پێویستیان بەو جۆرە شیفایە نییە؟

ڕەفاعە وتی:

-لە کوێ نەخۆشیی تەشەنەی کرد، پێویستی دەرمان لەوێ زۆر دەبێت.

یاسەمینە بە بەزەییەوە تەماشای کرد و بە خۆی وت زووڵمە کە بکوژرێت، ئاواتی ئەوە بوو لایەنێکی تێدا بووایە کە شایانی سزادان بووایە. بیری کەوتەوە کە ئەو یەکەم کەس بوو چاکەی لە بەرامبەر کرد لەم دنیایەدا و پاداشتەکەیشی ئەوەیە کە بکوژرێت. لەبەر خۆیەوە ئەم بیرۆکانەی بە نەعلەت کرد، باخێر بکات بۆئەوەی کە لە ژیانیدا خێر هەیە، هەر کە بینی نیگای لەگەڵدا دەگۆڕێتەوە. بە بەزەییەوە وتی:

- ژیانت لە هەموو گەڕەکە نەگریسەکەمان بەنرخترە.

ڕەفاعە بە زەردەخەنەوە وتی:

- ئەمە زمانت وا دەڵێ، بەڵام لە چاوانتدا خەم دەخوێنمەوە.

موچڕکی پێدا هات، بە خۆی وت قوڕ بە سەرم ئەگەر توانای چاو خوێندنەوەی نەبێت بۆ دەرهێنانی عفریتەکان، وتی:

- خەمم نییە، بەڵام ترسم لە تۆیە...

کەریم هەڵسا و وتی:

- خواردنی ئێوارە ئامادە دەکەم.

گەڕایەوە تەپڵەکێکی پێ بوو داوای لێکردن دانیشن، ئەوانیش لە دەوری تەپلکەکە دانیشتن، خواردنەکەی ئێوارەیش لە نان و پەنیر و لە قەیسی و خەیار و توور پێکهاتبوو، گۆزەیەکی (بوزە)یش هەبوو، کەریم کوپەکانی پڕکرد و وتی:

- شەوەکەمان پێویستی بە گەرمبوونەوە و هاندان هەیە.

خواردیانەوە و پاشان ڕەفاعە بە زەردەخەنەوە وتی:

- مەی عفریتەکان بەئاگا دەهێنێتەوە، وەلێ ئەوەی لە عفریتەکەی قوتاری بوو دەبووژێتەوە.

ڕەفاعە بەرەو لای یاسەمینە تەماشای کرد و یاسەمینە هەستی بە واتای نیگاکەی کرد و وتی:

- ئەگەر تەمەندرێژ بیت، سبەی لە عفریتەکەم ڕزگارم دەکەیت.

سەروچاوی ڕەفاعە بە خۆشیی گەشایەوە و برادەرەکان پیرۆزباییان لە یەکدی کرد، دەستیان کرد بە خواردنی ئێوارە، نانیان کەرت کرد، دەستەکان لەسەر دەورییەکان بە یەکگەیشتن و دەستیان پێکرد وەکو بڵێی ئەو مەرگەیان لەبیرچووەوە کە دەوری دابوون، ڕەفاعە وتی:

- خاوەن وەقفەکە ویستی کوڕەکانی وەکو خۆیان وابن، بەڵام نەیانویست وەکو عفریتەکان بن، ئەوانە گەمژەن، ئەو گەمژەیی خۆش ناوێت وەکو پێی وتم.

کەریم بە داخەوە سەرێکی لەقاند، پارووەکەی قووت دا پاشان وتی:

- ئەگەر وەکو جاران هێزێکی مابووایە هەموو شتێك وەکو خۆی بەرێوە دەچوو وەکو دەیویست.

عەلی بە ڕقەوە وتی:

- ئەگەر... ئەگەر... ئەگەر، چ سوودێکمان بینی لە ئەگەر! دەبێت ئیش بکەین.

ڕەفاعە بە هێزەوە وتی:

- هەرگیز تەخسیرمان نەکردووە، بێ ڕەحمانە دژی عفریتەکان دەجەنگاین، هەر کە عفریتێك بۆشاییەکی جێهێشتبایە خۆشەویستی پڕی دەکردەوە، لەپشتی ئەمەیشەوە چ مەبەستێك نییە.

زەکی بە حەسرەتەوە وتی:

- ئەگەر لێمان گەڕابان ئیش بکەین گەڕەکەکەمان پڕ دەکرد لە لەشساغیی و خۆشەویستی و ئاشتی.

عەلی بە بەرهەڵستکارییەوە وتی:

- من سەیرم دێت چۆن بیر لە ڕاکردن دەکەینەوە، سەرەڕای ئەوەی برادەریشمان زۆرن.

ڕەفاعە بە زەردەخەنەوە وتی:

- هێشتا ڕقی عفریتەکەت لە هەناوت گیربووە، لەبیرت نەچێت کە مەبەستمان چاکبوونەوەیە نەك کوشتن، باشتروایە مرۆڤ بکوژرێت نەك بکوژێت.

ڕەفاعە لەپڕ ئاوڕی لە یاسەمینە دایەوە و وتی:



- تۆ نەدەخۆیت و نەگوێیش دەگریت!

دڵی ژنەکە لەترساندا گرژ بووەوە، بگرە بەسەر ورووژانی خۆیدا زاڵ بوو، وتی:

- من سەیرم لەوە دێت کە چۆن بە خۆشی قسەدەکەن وەك بڵێی لە شاییدان!

- لەسەر دڵخۆشیی ڕادێیت هەر کە سبەی لە عفریتەکەت ڕزگارت دەبێت.

پاشان تەماشای براکانی کرد و وتی:

- هەندێکتان لە ئاشتەوایی شەرم دەکات، ئێمە خەڵکی گەڕەکێکین تەنها ڕێزی شەقاوەکان دەگرێت، بەڵام شەقاوەییەتی تەنها بۆ تۆقاندن نییە، ململانێ لەگەڵ عفریتەکاندا، دەیان قات خەسترە لە دەستدرێژییکردنە سەر بێدەسەڵاتەکان و یان زۆرانگرتن لەگەڵ شەقاوەکاندا.

عەلی بە داخەوە سەری لەقاند و وتی:

- پاداشی چاکە ئەم هەڵوێستە بەدبەختەیە کە تیاکەوتووین.

ڕەفاعە بە یەقینەوە وتی:

- جەنگەکە تەواو نابێت وەکو پێیانوایە، ئێمە لاوازین وەکو وای بۆدەچن، بەڵام جەنگەکەمان لە مەیدانێکەوە گواستەوە بۆ مەیدانێکی دیکە، مەیدانەکەمان ئازایەتییەکی فراوان و هێزی توندتری دەوێت.

لە نانخواردن بەردەوام بوون و بیریان لەوە دەکردەوە کە بیستبوویان. لەبەر چاویان هێمن و دڵنیا و بەهێز دیاربوو، بەقەد ئەوەی جوان و ڕۆحسووك بوو. لە ماوەی بێدەنگیی دەنگی شایەری گەڕەکەکە دەهات کە دەیگێڕایەوە و دەیوت: (جارێکیان ئەدهەم لە گەڕەکی شەمشەمەکوێرەکان دانیشت لە نیوەڕۆدا بۆئەوەی پشوو بدات خەوی لێکەوت. بەدەم جوولانەوەیەکەوە بەخەبەرهاتەوە و بینی چەند مێردمنداڵێك خەریکن عارەبانەکەی دەدزن، بەهەڕەشەکردنەوە هەڵسا، یەکێك لە مێردمنداڵەکانی بینی و ئەوانەی دیکەی ئاگادارکردەوە بە فیکەیەك و عارەبانەکەی پاڵ پێوەنا تاوەکو خەریکی بکات لە ڕاونانی منداڵەکان و خەیارەکەی هەمووی ڕژایە سەر زەوییەکە، لەپڕێکا منداڵەکان بڵاوەیان لێکرد و وەکو کوللە ڕایانکرد. ئەدهەم زور تووڕە بوو تا دەمە بە حورمەتەکەی بڕێك جنێوی ناشرینی لێوە دەرچوو، پاشان کەوتە چنینەوەی، خەیارەکە قوڕاویی بوو، تووڕەییەکەی هێندەی دیکە زیادی کرد بێ ئەوەی دەلاقەیەك بدۆزیتەوە، ئەوە بوو بە دڵگرانیی و ورووژانەوە وتی: (بۆچی تووڕەییەکەت وەکو ئاگر سووتێنەر بوو بە بێ ڕەحمانە؟

بۆ کبریائەکەت لەلات خۆشەویستتر بوو لە گۆشت و خوێنەکەت؟ ئیدی چۆن ژیانی خۆش دەبینی کە دەزانیت ئێمە وەکو مۆرانە دەمانخەنە ژێر پێیەوە؟ لێبووردەیی و نەرمی و لێخۆشبوون لە ماڵە گەورەکەتدا چی دەکات ئەی زۆردار). لە دەسکی عارەبانەکەی گرت و ویستی دوور لە گەڕەکەکە پاڵی پێوەنێت، گوێی لێبوو دەنگێك بە بە تەوسەوە دەیوت:

- مامە خەیار بەچەندە؟

بینی ئیدریس وەستاوە و بە گاڵتەجاڕییەوە بزە دەگرێت، دەنگی بەرزی ژنێك دەنگی شایەرەکەی داپۆشی و هاواری دەکرد ((خەڵکی حەلالزادە منداڵەکە ونبوو)).

-٦٠-

هەردوو براکە کاتیان بە ڕابواردن بەسەر دەبرد و یاسەمینەیش لە ئازاردا بوو. حسێن ویستی چاوێك بە گەڕەکەکەدا بگێڕێت، بەڵام کەریم ڕێگەی نەدا کە کەس بیبینێت و گومان لە مەسەلەکە بکات. زەکی پرسیاری کرد ئایا هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی ڕەفاعە، ڕەفاعە وتی گوێیان لە هیچ نییە جگە گریەی ڕەبابە و هەلهەلەی مێردمنداڵان نەبێت. گەڕەکەکە ژیانی خۆی دەژیا، هیچ شتێك نییە کە ئاماژەبێت بۆئەوەی کە تاوانێك تەگبیر دەکرێت. یاسەمینە کەوتە گێژاوی بیرکردنەوە تا ترسا کە چاوەکانی ئاشکرای بکەن. ئاواتەخواز بوو کە ئەشکەنجەکەی کۆتایی بێت بە هەر ڕوویەك و بەهەر نرخێك بێت. بە ئاواتەوە بوو کە هەناوی پڕ لە مەی بکات، بۆئەوەی هەرچی لە دەورێتی حەپەساو بکات. لەبەرخۆیەوە وتی کە ئەو یەکەم ژن نییە لە ژیانی (بەیومی)دا و دوا ژنیش نییە، لە دەوری کۆمەڵە خۆل و خاشاکدا سەگی بەرەڵا کۆدەبێتەوە، بەڵام با ئەم ئەشکەنجەیە تەواو بێت بە هەرنرخێك بێت. پێشکەوتنی کات بەرە بەرە بێدەنگیی غەڵبەغەڵبی قووت دەدا، دەنگی منداڵان و بانگەوازی فرۆشیارەکان، تەنها گریەی ڕەبابەکە مایەوە، ڕقێکی کتوپڕ ئەو پیاوانەی گرتەوە، نەك لەبەر هیچ تەنها بە شێوەیەك ئازاری بدەن. کەریم پرسیاری کرد:

- پشکۆدانەکە ئامادە بکەم؟

ڕەفاعە بە سووربوونەوە وتی:

- ئێمە پێویستان بە هۆشی خۆمان هەیە.

- پێیوابوو پەنای بۆ دەبەیت بۆ بەرگەگرتنی کات.



- تۆ زیاد لە پێویست دەترسیت.

تۆمەتەکەی لە خۆی ڕەتکردەوە و وتی:

- دیارە پێویست بە ترس ناکات.

نەخێر هیچ ڕووداوێك ڕووی نەداوە و هێرش نەکراوەتە سەر ماڵی ڕەفاعە. ئاوازەکان کپ بوون و شایەرەکان ڕۆیشتن. دەنگی دەرگاکان دەهات کە دادەخران و قسەوباسی گەڕاوەکان بۆ ماڵەکانیان و پێکەنین و کۆکە و پاشان بێدەنگیی باڵی کیشا، چاوەڕوانی و چاودێریی بەردەوام بوو تا یەکەم کەڵەشێر قووقاندی. زەکی هەڵسا بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشت و سەیری ڕێگاکەی کرد پاشان ئاوڕی لێیان دایەوە و وتی:

- بێدەنگیی و چۆڵەوانیی، وەکو ئەو ڕۆژە وایە کە ئیدریس لە گەڕەك دەرکرا.

کەریم وتی:

- کاتی ئەوە هاتووە بڕۆین.

یاسەمینە بێزاریی دایگرت و لەبەرخۆیەوە پرسی مەسەلەی ئەو چی دەبێت ئەگەر (بەیومی) لە ژووانەکەی دواکەوت یان لێ پەشیمان بووەوە؟ پیاوان هەڵسان و هەرکەسە و بوخچەی خۆی پێ بوو. حسێن وتی:

- ماڵئاوا ئەی گەڕەکە دۆزەخییەکەمان.

لەپێشەوە ڕۆیشت، ڕەفاعە بە نەرمی یاسەمینەی دایە پێش خۆی و دوای کەوت دەستی خستە سەر شانی، وەکو بڵێی دەترسا لە تارییکیدا ونی کات، پاشان کەریم هات و ئینجا حسێن پاشان زەکی. یەك لەدوای یەك خۆیان کرد بە دەرگای ئاپارتمانەکەوە، بە قاڵدرمەکەدا سەرکەوتن و بە چەپەرەکەی لەو تاریك و نتکەدا ڕێگایان گرت. سەربانەکە ڕووناکتر بوو گەرچی ئەستێرەیەکیش دیار نەبوو، گەواڵەیەك بە ڕووناکی مانگەکە کە لەپشتییەوە دیار نەبوو، گەشایەوە، تابلۆکەی ڕاکردنی گەواڵەکانی تۆمار دەکرد، عەلی وتی:

- شوورەی سەربانەکان نیمچە پێکەوەنووساون، ئەگەر پێویستی کرد یارمەتی خاتوون دەدەین.

یەك لەدوای یەك چوونە ژوورەوە، هەر کە زەکی چووە ژوورەوە -کە دوا کەس بوو- لەدوای خۆیەوە گوێی لە جووڵەیەك بوو، هەر کە ئاوڕی لە دەرگاکە دایەوە چوار تارمایی بینی، بەترسەوە پرسی:

- ئەوە کێیە لەوێ؟

هەموو وشك وەستان و ئاوڕیان دایەوە. دەنگی بەیومی هات و وتی:

- کوڕانی زینا بوەستن.

لە لای ڕاست و چەپی جابر و خالید و حەندوسە بڵاوبوونەوە. یاسەمینە هەناسەیکی هەڵکێشا و لە دەستی ڕەفاعە دەرباز بوو، پاشان بۆلای دەرگای سەربانەکە ڕایکرد و کەس لە شەقاوەکان ڕێگایان لێی نەگرت، تا عەلی بە حەپەسانەوە بە ڕەفاعەی وت:

- ژنەکەت خیانەتی لێکردی.

لەپڕیکدا دەوریان لێدان، بەیومی لە نزیکەوە یەك یەك لێیان نزیکبووەوە و پرسی:

-ئەی کۆدیەی زار کوا؟

تا چاوی پێکەوت و هەردوو شانی گرت بە دەستێکی ئاسنین و بە تەوسێکەوە لێی پرسی:

- هاودەمی عفریتەکان بۆ کوێ دەڕۆیت؟

ڕەفاعە بە مۆنییەوە وتی:

-لە بوونمان بێزار بوون و دەمانەوێت بڕۆین.

کورتە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕی بۆ کرد و پاشان ئاوڕی لە کەریم دایەوە و وتی:

- ئایا حەشاردانی ئەمانە لە ماڵەکەتدا سوودی بۆت هەبوو؟

کەریم تفە وشکەکەی قووت دا و زەندەقی چووبوو:

- نەمدەزانی کە چی لەنێوان تۆ و ئەواندا هەیە.

بە دەستەکەی دیکەی مشتێکی کێشا بە سەروچاویدا و بەدەما کەوت، بەڵام خێرا هەڵسایەوە و بەترسەوە ڕایکرد بۆ سەربانی سەراکەی هاوشان. خێرا حسێن و زەکیش بەدوایدا ڕایانکرد. حەندوسە پەلاماری عەلی دا و شەقێکی کێشا بە سکیدا و کەوتە سەر زەوییەکە و لە ناخەوە دەیناڵاند. لەهەمان کاتدا جابر و خالیدیش ویستیان خۆیان بگەیەننە ڕاکردووەکان، بەڵام بەیومی بە سوکایەتییەوە وتی:

- ترس لەمانە نییە و کەسیان فزەیان لێوە نەهاتووە، ئەگینا فەوتاون.

- ڕەفاعە وتی و سەری نەوی کردبوو بۆ مشتەکۆڵەی بەیومی لەبەر توونديی گوشینەکەی:

- هیچیان نەکردووە کە شایانی سزا بێت.



بەیومی مشتێکی کێشا بە سەروچاویدا و بە تەوسەوە وتی:

- پێم بڵێ ئەوان گوێیان لە جەبەلاوی بوو وەکو تۆ گوێت لێبوو.

پاشان دایە پێش خۆی و وتی:

- بکەوە پێشم و دەم نەکەیتەوە.

ڕۆیشت و خۆی دابووە دەستی قەدەرەوە. بە پەیژە تاریکەکەوە چووە خوارەوە و ئاگای دەنگی شوێن پێی قورس بوو کە لەدوایەوە بوو. تاریکیی و سەرسووڕمان و بەدکاریی هەڕەشەی لێدەکرد و بیری نەدەکردەوە کە کێ ڕایکردووە و کێ خیانەتی کردووە. خەمێکی سەرتاپا و قووڵ دایگرت تەنانەت ترسەکانیشی داپۆشی. پێیوابوو کە ئەو تاریکییە دەبێتە سیفەتی هاوشانی دنیا. گەیشتنە گەڕەکەکە و ئەو گەڕەکەشیان بڕی کە لە سایەی ئەوەوە نەخۆشی تێدا نەمابوو. حەندوسە کەوتە پێشیان بەرە و گەڕەکی جەبەل، لەژێر سەرای داخراوی (نەسر)وە ڕەتبوون، تا وایزانی کە گوێی لە هەناسەی دایك و باوکێتی. بۆ ساتێك لە خۆی پرسی دەربارەیان، هەستی کرد لە شەوێکی بێدەنگدا گوێی لە گریانی (عەبدە)یە، بەڵام تاریکی و سەرسووڕمان و بەدکاریی هێنایەوە سەرخۆی، کە هەڕەشەی لێدەکەن. گەڕەکی جەبەل دەتوت پەیکەری تارماییە زەبەلاحەکانە و لە تاریکییدا نووقم بووە. تاریکییەکە چەند خەستە و خەویش چەند قووڵە، بەڵام دەنگی پێی جەلادەکان لە تاریك و تنوکییەکەدا و دەنگی تەپەی نەعلەکانیان وەکو بڵێی پێکەنینی ئەهریمەنەکانە لە شەودا گەمە دەکەن. حەندوسە لە هاوشانی شوورەی خانووە گەورەکەدا بەرەو چۆڵەوانییەکە ڕۆیی، ڕەفاعە بەرەو خانووەکە چاوی هەڵبڕی، بەڵام بینی وەکو ئاسمان تاریکە. لە کۆتایی شوورەکەدا تارماییەکی بینی، حەندوسە پرسی:

- سەرکار خەنفس؟

کابراکە وەڵامیدایەوە:

- بەڵێ.

ئەویش بەبێ قسە کەوتە تەك پیاوەکان. چاوەکانی ڕەفاعە هێشتا دەیانڕوانییە خانووەکە. تۆ بڵێی باپیرەی بە حاڵی بزانێت؟ قسەیەك لەوەوە دەتوانێت لە چڕنووکی ئەو دوو زۆردارە ڕزگاری بکات و لە تەڵەکەیان دووری بخاتەوە. ئەو دەتوانێت گوێ لە دەنگی بگرن وەکو چۆن لەم جێگایەدا گوێی لێبوو. جەبەل خۆی لە تەنگژەدا بینییەوە وەکو تەنگژەکەی ئەم و پاشان لێی دەرباز ببوو و سەرکەوت، بەڵام شوورەکەی ڕەت کرد بێئەوەی

گوێی لە هیچ بێت، جگە دەنگی پێی دوو زۆردارەکە و هەناسکە هەناسکیان نەبێت. چوونە ناو چۆڵەوانییەکەوە و هەنگاوەکانیان لەسەر لمەکە قوورس بوون. ڕەفاعە لە چۆڵەوانییەکەدا هەستی بە نامۆیی کرد و بیری کەوتەوە کە ژنەکەی خیانەتی لێکرد و هاوڕێکانیشی هەڵاتن. ویستی ئاوڕی دواوە بداتەوە بەرەو خانووەکە، بەڵام دەستی بەیومی پاڵی پێوەنا لەپشتییەوە و بەدەما کەوت، بەیومی تێلاکەی هەڵگرت و بانگی کرد:

- سەرکار خەنفس؟

کابرا تێلاکەی بەرزکردەوە و وتی:

- تا کۆتایی لەگەڵتدام سەرکار.

ڕەفاعە بە نائومێدییەوە پرسی:

- بۆ دەتانەوێت بمکوژن؟

بەیومی بەهێزەوە تێلاکەی کێشا بەسەریەوە و ڕەفاعە بەرز قیژانی و لە ناخییەوە بانگی کرد: (ئەی جەبەلاوی!).

لە ساتی دواییدا تێلاکەی خەنفس بەر ملی کەوت، پێش تێلاکان کەوت. بێدەنگیی باڵی کێشا تەنها لەودەمەدا دەنگی لرخە دەهات. دەستەکان بە هێزەوە کەوتنە زەوی هەڵکەندن لە تاریکییەکەدا.

-٦١-

بکوژەکان شوێنەکەیان بەجێهێشت و بەرەو گەڕەکەکە ملیان نا و خێرا لە تاریکییەکەدا توانەوە. چوار تارمایی دوور نەبوون لە شوێنی تاوانەکە هەڵسانەوە. هەناسکە هەناسك و دەنگی گریانی تاساویان لێ بەرزبووەوە تا یەکێکیان وتی:

- هەی ترسنۆکینە، منتان گرت و هەناسەمتان گرت و ئەویش بێ بەرگریکردن کوژرا.

ئەویدی وتی:

- ئەگەر بە قسەی تۆمان بکردایە، هەموومان دەفەوتاین بێئەوەی خۆمان ڕزگار بکەین.

عەلی گەڕایەوە بە تووڕەییەوە وتی:

- ئەی ترسنۆکان، ئێوە لە ترسنۆك بەولاوە هیچی تر نین.

کەریم بە دەنگی گریانەوە وتی:



- وەخت بە قسەوە مەکوژن، ئیشێکی سەختمان لەبەردەمدایە و دەبێت بەر لە بەیان تەواوی بکەین.

حسێن سەری هەڵبڕی بۆ ئاسمان هەردوو چاوە بەگریانەکەی لێ گێژ دا و بە بێزارییەوە ورتەورتێکی هاتێ:

- بەرەبەیان نزیکە با خێراکەین.

زەکی بانگی کرد و هەناسەیەکی هەڵکێشا:

- کە کاتێکی کورتە وەکو خەون وایە، بەڵام ئازیزترین کەسمان تێدا لە کیس چوو کە لە ژیاندا ناسیمان.

عەلی بەرەو شوێنی تاوانەکە ڕۆیی و دانە جیرەی بوو و ورتەورتی لێوەهات:

-هەی ترسنۆکانە.

لەدوایەوە ڕۆیشتن، پاشان هەموویان لەسەر ئەژنۆ دانیشتن، بە شێوەیەکی نیوبازنەیی و دەستیان بە زەوییەکەدا دەهێنا و دەگەڕان، کەریم لەپڕیدا وەکو پێوەی درابێت قیژاندی:

- لێرە.

بۆنی دەستی خۆی کرد و وتی:

- ئەمە خوێنەکەیەتی!

لە هەمان کاتدا زەکیش هاواری کرد:

- ئەم شوێنە نەرمە گۆڕەکەیەتی.

لە دەوری کۆبوونەوە و بەناو لەپیان لمیان هەڵدەدایەوە. لە زەویدا لەوان بەدبەختتر نەبوو، بۆ لەکیسچوونی ئازیزترین کەسیان، بۆ هەڵوێستی دەسەپاچە وەستانیان لە کاتی کوشتنیدا. کەریم لە ساتێکی شێتیدا بە گێلییەوە وتی:

- لەوانەیە بە زیندوویی بیدۆزینەوە!

عەلی بە بێزارییەوە دەیوت و دەستەکانی لە ئیشکردن نەدەکەوتن:

- گوێبگرن لە وەهمی ترسنۆکەکان!

لووتەکانیان پڕبوون لە بۆنی خۆڵ و خوێن. لەلای چیاکەوە دەنگی لوورە دەهات، عەلی بە بەزەییەوە بانگی کرد:

- لەسەرخۆ، ئەمە جەستەیە.

دڵیان داخورپا، دەستیان شل بوو، بە ترس و لەرزەوە دەستیان بەر قەراغەکانی جلوبەرگەکەی کەوت، پاشان دەنگی گریانیان بەرزبووەوە و لە دەرهێنانی لاشەکە لەژێر لەکەدا و لەسەرخۆ هاوکارییان کرد، دەنگی قووقەی کەڵەشێر لە گەڕەك و کۆڵانەکاندا دەهات. هەندێ دەیانویست پەلە بکەن، بەڵام عەلی ئاگاداریکردنەوە کە دەبێت چاڵەکە پڕبکەنەوە، کەریم دیشداشەکەی خۆی داکەند و لە سەر زەوییەکە ڕایخست و تەرمەکەیان خستە سەری، دیسان هاوکارییان کرد لە پڕکردنەوەی چاڵەکەدا. حسێنیش دیشداشەکەی داکەند بۆئەوەی تەرمەکەی پێ داپۆشێت، پاشان هەڵیانگرت و بەرەو دەرگای نەسر بردیان. تاریکیی لەسەر چیاکە تەنك بووەوە و هەورەکان دەرکەوتن، ئاونگ دەرژایە سەر ناوچەوان و فرمێسکەکان. حسێن ڕێگای گۆڕستانەکەی پێ نیشان دەدان تا پێی گەیشتن. بە بێدەنگیی کەوتنە گۆڕهەڵکەندن و بەرە بەرە ڕووناکی بڵاودەبووەوە، تا چاوەکان تەرمە ڕاکشاوەکەیان بەدیکرد و دەستەکانیان خوێناویی بوو، چاوەکانیان لەبەر گریان سووربوون. تەرمەکەیان هەڵگرت و دایانگرتە ناو گۆڕەکەوە. لە دەوری بە سەرردانەواندنەوە وەستان و پێڵوەکانیان دەنووقاند بۆ نەهێشتن فرمێسکەکان کە نەیاندەهێشت ببینن. کەریم بە چپەوە وتی و هەنسك تاساندبووی:

- ژیانت خەونێکی کورت بوو، بەڵام دڵی پڕکردین لە خۆشەویستی و پاقژیی. قەت بۆچوونی ئەوەمان نەدەکرد کە بەم زووە بەجێمان بهێڵی، سەرەڕای ئەوەیش بە دەستی یەکێك لە خەڵکی بکوژرێیت، کەسێك لە گەڕەکە سپڵەکەمان کە تیمارت کرد و خۆشتویست، گەڕەکەکەمان کە نەیویستووە خۆشەویستی و بەزەیی بکوژێت، کە لەتۆدا بەرجەستە بوو، تا کۆتایی زەمانە خۆی خستە بەر نەعلەت.

زەکی بەدەم گریانەوە پرسی:

- بۆچی پیاوچاکان دەڕۆن؟ بۆچی تاوانباران دەمێننەوە؟

حسێن ئاهێکی هەڵکێشا و تی:

- ئەگەر خۆشەویستییەکەی تۆ نەبووایە کە لە دڵماندا ماوەتەوە، ئەگینا هەتا هەتایە ڕقمان لە خەڵك دەبووەوە.

ئەنجا عەلی وتی:

- ئاسوودە نابین تا لە ترسنۆکیمان خۆش نەبیت.



هەر کە گۆڕستانەکەیان بەجێهێشت و ڕوویان کردە چۆڵەوانییەکە ڕووناکی وەکو ڕیشاڵی گوڵی سوور ئاسۆی ڕەنگ دەکرد.

## -٦٢-

ئیدی هیچ یەکێك لە چوار برادەرەکە لە گەڕەکی جەبەلاوی دەرناکەوتن. کەسوکاریان پێیان وابوو کە بەدزییەوە لەدوای ڕەفاعە گەڕەکەکەیان بەجێهێشتووە، بۆئەوەی خۆیان لە شەڕی شەقاوەکان بپارێزن و هاوڕێکان لە دەوروبەری چۆڵەوانییەکەدا لە حاڵەتێکی دەروونیی شێواودا دەژیان، بەهەموو هێزێکیان ململانێیان بوو لەگەڵ ئازار و هەستی شەرمەزارییدا. دووریی ڕەفاعە لەسەر دڵیان لە سەربڕین توندتر بوو، وازهێنانیان لێی، ئەشکەنجەیەکی کوشندە بوو بۆیان، هیچ هیوایەکیان نەمابوو تەنها بەوە نەبێت کە بە زیندووکردنەوەی پەیامەکەی تەحەدای مردنەکەی بکەن و سزای بکوژەکانی بدەن وەکو سووربوو لەسەر ئەوە. بەڵێ، نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە گەڕەکەکە، بەڵام دەیانتوانی لە دەرەوەی کێ ببینن دەیانبینی. بەیانییەکیان لە سەرای نەسر گەڕەگەکە بەدەم قیژەی (عەبدە)وە بە خەبەر هاتنەوە و دراوسێکان ڕایانکرد بۆ لای تا بزانن دەنگوباس چییە، ئەویش بە دەنگێکی نووساوەوە وتی:

- ڕەفاعەی کوڕم کوژرا.

دراوسێکان واقیانوڕما و سەیری مام شافعیان کرد و چاوی دەسڕییەوە و کابراکە وتی:

- شەقاوەکان لە چۆڵەوانییەکە کوشتیان.

عەبدە گەڕایەوە و دەگریا و بانگی دەکرد:

-کوڕەکەم لە دنیا ئازاری کەسی نەدابوو.

هەندێك پرسیان:

- ئایا شەقاوەکەمان خەنفس بەمەی زانیوە؟

شافعی بە تووڕەییەوە وتی:

- خەنفسیش یەکێك بوو لە بکوژەکان.

عەبدە بەدەم گریانەوە وتی:

- یاسەمینە خیانەتی لێکرد و بەیومی بردە سەری.

ناڕەزایی لە سەروچاوەکاندا بەدیار کەوت و دەنگێك وتی:

- بۆیە لە ماڵەکەی ئەودایە دوای ئەوەی ژنەکەی بەجێیهێشتووە.

هەواڵەکە لە گەڕەکی جەبەل بڵاوبووەوە، خەنفس هات بۆ ماڵی شافعی و هاواری لێکرد و وتی:

- کابرا تۆ شێت بوویت، چیت لەبارەمەوە وتووە؟

شافعی لە بەردەمی وەستا بەبێ گوێدان و بە توندیی وتی:

- تۆیش بەشدار بوویت لە کوشتنی، تۆ شەقاوەکەی و پارێزەرەکەی بوویت!

خەنفس خۆی بە تووڕەیی نیشان دا و هاواری کرد:

-شافعی تۆ شێت بوویت، نازانی چی دەڵێی، نامێنمەوە بۆئەوەی ناچار نەبم کە تەمێت بکەم.

سەراکەی بەجێهێشت و کەفی دەچاند. هەواڵەکە گەیشتە گەڕەکی ڕەفاعە کە دوای ئەوەی گەڕەکی جەبەلی بەجێهێشتبوو، لەوێ نیشتەجێ بوو، خەڵکی حەپەسان و دەنگی بێزاریی و گریان بەرز بووەوە، بەڵام شەقاوەکان بە تێلاکانیانەوە هاتنە دەرەوە، لە گەڕەکەکەدا دەهاتن و دەچوون و تێلاکانیان بە دەستیانەوە بوو، ئاگر لە چاویان دەبووەوە. پاشان هەواڵێك بڵاوبووەوە کە دەیوت: لە لمەکانی خۆرئاوای تاشەبەردەکەی (هند) خوێنی ڕەفاعەی بەسەرەوە بوو. مام شافعی ڕۆیشت و بەتایبەتی برادەرەکانی بۆ گەڕان بەدوای تەرمەکەوە لەوێ، گەڕان و زەوییان هەڵکەند، بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە. خەڵکی هەواڵەکەیان دەوتەوە و بیرۆکەکان تێکەڵ بوون و زۆریش پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە لە گەڕەك شت ڕووبدات. خەڵکی لە گەڕەکی ڕەفاعە دەیان پرسی، دەبێت ڕەفاعە چی کردبێت تا بەکوشتن لە ناوی بەرن؟ خێڵی جەبەل دەیان وت: ڕەفاعە کوژرا و یاسەمینەیش لە ماڵەکی (بەیومی)یە. بەشەو شەقاوەکان دزەیان کرد بۆ ئەو شوێنەی کە ڕەفاعەی لێکوژرا بوو، گۆڕەکەیان لەبەر ڕووناکی شاپڵێتەیەك هەڵکەند، بەڵام تەرمەکە هیچ شوێنەوارێکی نەبوو، بەیومی پرسی:

- ئایا شافعی بردوویەتی؟

خەنفس وەڵامیدایەوە:

-بەڵام هیچی نەدۆزیوەتەوە وەکو چاوەکان پێیان وتم.

بەیومی بەقاچی کێشای بە زەوییەکەوە و هاواری کرد:



- ئەوانە برادەری بوون نەدەبوو لییانگەڕێین دەربازبن، ئەوەتا لەپشتەوە دژایەتیمان دەکەن.

هەر کە گەڕانەوە خەنفس بەسەر بەیومی-دا چەمایەوە و بەگوێیدا چپاندی و وتی:

- هێشتنەوە یاسەمینە لەلای سەرکار خۆی سەرئێشەمان بۆ دەنێتەوە.

بەیومی بە وەڕزییەوە وتی:

- بگرە دان بەوەدا بنێ کە تۆ لە گەڕەکەکەی خۆتدا شەقاوەیەکی لاوازیت.

خەنفس بە وەڕزی جێیهێشت، پشێویی لە گەڕەکی جەبەل و ڕەفاعەدا تووند بوو، دەستدرێژیکردنی شەقاوەکان بۆ سەر بێزاربووان دووبارە بووەوە، تۆقاندن لە گەڕەکەکە باڵی کێشا تا خەڵکەکەی ڕقیان دەبووەوە بچنە دەرەوە، مەگەر بۆ پێویستی نەبێت. شەوێك لە شەوان -کە بەیومی لە قاوەخانەکەی شەڵزم بوو- کەسوکاری ژنەکەی دزەیان کرد بۆ ماڵەکەی بە مەبەستی دەستدرێژیکردنە سەر یاسەمینە، ئەویش هەستی پێیان کرد و بەدیشداشەکەیەوە بۆی دەرباز بوو بۆ چۆڵەوانییەکە، ئەوانیش دوایکەوتن، وەکو شێت لە تاریکییەکەدا ڕایدەکرد، تادوای ئەوەیش کە وازیان لە ڕاونانی هێنا، هەر ڕایدەکرد تا خەریك بوو هەناسەی ببڕێت، ناچار بوو بوەستێ و هەناسکەبڕکێی بوو، سەری بردە دواوە و هەردوو چاوی نووقاند. ئاوها مایەوە تا هەناسەی هاتەوە بەر. سەیری دواوەی خۆی کرد و هیچی نەبینی، بەڵام داچەڵەکی بەبیرکردنەوە لە گەڕانەوە بە شەو بۆ گەڕەکەکە، سەیری پێشی خۆی کرد لە دوورە ڕووناکییەکی کزی بینی لەوانەیە لە کوختێکەوە دەهات، بەرەو لای ڕۆیشت بەو ئاواتەی داڵدەیەك بدۆزێتەوە تا بەیانی ئۆقرەی تێدا بگرێت. ڕۆیشتنەکەی درێژەی کێشا تا پێیگەیشت، وەکو بۆی چووبوو کوختێك بوو، لە دەرگاکەی نزیکبووەوە و بانگی لە خەڵکەکەی کرد، لەپڕێکدا خۆی لەبەردەم برادەرە گیانی بەگیانییەکانی مێردەکەی عەلی و زەکی و حسن و کەریم-دا بینییەوە.

-٦٣-

یاسەمینە لە شوێنەکەی خۆی وشك بوو، کاتێ بە چاوێکی کەیلەوە سەروچاوی دەپشکنین، وەکو دیوارێك هاتنە بەرچاوی کە ڕێگا لە ڕاونراوێك لە مۆتەکە بگرێت. بە قێزەوە تەماشایان دەکرد، قێز لە چاوەکانی عەلی لە چوارچێوەیەکی ئاسنین بەدەرکەوت، بە بێهۆشیی وتی:

- من بێتاوانم، بەو خوای ئاسمانە بێتاوانم، لەگەڵتاندا بووم تا هێرشیان کرد منیش وەکو ئێوە ڕامکرد.

سەروچاوەکان زەردبوون و عەلی بە ڕقەوە پرسی:

- چۆن دەزانی کە ئێمە ڕامانکرد؟

ژنەکە بە دەنگێکی گرەوە وتی:

- ئەگەر ڕاکردن نەبووایە لە ژیاندا نەمابوون، بەڵام بێتاوانم، هیچم نەکردووە تەنها ئەوەنەبێت کە ڕامکرد!

عەلی بەدەم دانەجیڕەوە وتی:

- ڕاتکرد بۆ لای بەیومی ئاغات.

- هەرگیز، لێمگەڕێن بابڕۆم... بێتاوانم.

عەلی بانگی لێکرد:

- دەرۆی بۆ ناوجەرگەی زەوی.

ویستی ڕابکات، بەڵام پەلاماری دا و لە هەردوو شانی گرت بە توونديی و ژنەکەیش هاواری کرد:

- بەرەڵام کە بۆ خاتری ئەو، چونکە ئەو نە کوشتن و نە پیاوکوژانی خۆش دەویست.

بە هەردوو دەستی لە ناقرەی گرت، تا کەریم بە وەڕزییەوە وتی:

- چاوەڕێکە تا بیرێك لە مەسەلەکە دەکەینەوە.

بانگی لێکرد:

- بێدەنگ بن ئەی ترسنۆکەکان.

بە هەموو قینێك و ئازار و پەشیمانییەك کە لە سنگیدا پەنگی خواردبووەوە توونند لە ناقرەی گرت، ژنەکە ویستی خۆی لە چنگی دەرباز بکات، بەڵام بێ هوودە بوو، توونند هەردوو مەچەکی گرت، ژنەکە بە شەق لێی دا و سەری ڕاوەشاند، هەموو تەقەلایەکی بە فیڕۆچوو و هێزی لەبەر برا، چاوانی زەق بوون، پاشان لە لووتییەوە خوێن فیچقەی کرد، جەستەی بە توونديی دەلەرزی و بۆ هەتا هەتایە بێدەنگ بوو، وازی لێهێنا و لاشەکە کەوتە بەر پێی. بۆ ڕۆژی دواتر تەرمەکەی یاسەمینە لەبەردەم ماڵەکەی بەیومی فڕێدرابوو. هەواڵەکە وەکو گەردەلوول بڵاوبووەوە، خەڵکی بە ژن و پیاوەوە بەرەو خانووی



شەقاوەکە ڕایانکرد و بوو بە غەڵبەغەڵب، توانجەکان تێکەڵ بوون، هەموو هەستی ڕاستەقینەی خۆیان ڕاگرت، دەرگای ماڵەکەی بەیومی کرایەوە، کابرا وەکو گا ئاژنگی نا، بە تێلاکەی کێی تووش بهاتایە لێی دەدا، هەموو لەترساندا ڕایان دەکرد، خۆیان دەکرد بە ماڵ و قاوەخانەکاندا، کابرا لە گەڕەکە چۆڵەکەدا وەستا و جنێوی دەدا و لەعنەتی دەکرد و هەڕەشە و گوڕەشەی دەکرد، داری دەکێشا بە هەواو دیوارەکان و زەویەوە. لە هەمان ڕۆژدا مام شافعی و ژنەکەی گەڕەکەکەیان بەجێهێشت، هەموو شوێنەوارێکی ڕەفاعە نەما، بەڵام هەندێ شت هەبوون کە ئەویان بە بەردەوامی دەهێنایەوە یاد، وەکو ماڵەکەی مام شافعی لە سەرای نەسر و دوکانی دارتاشییەکە و خانووەکەی ڕەفاعە لەو گەڕەکەی کە ناویان نابوو خانووی شیفاو، کوشتنەکەی لە خۆرئاوای تاشەبەردەکەی (هند)ەوە. سەرباری ئەم هەمووەش برادەرە دڵسۆزەکانی، کە بەردەوام بوون لە پەیوەندیکردن بە خۆشەویستانییەوە و نهێنییەکانی زانستەکەی ئەویان فێر دەکردن، بۆ خۆرزگارکردن لە عفریتەکان و بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان، پێیان وابوو کە ڕەفاعە دەگەڕێننەوە بۆ ژیان، بەڵام عەلی مێشکی ئارام نەدەبوو تا تاوانبارەکان بەسزا نەگەیەنێت. حسێن بە گلەییەوە پێی وتبوو:

- تۆ هیچی ڕەفاعەت پێوە نییە!

عەلی بەهێزەوە وتی:

- من ڕەفاعە لە ئێوە باشتر دەناسم، ژیانە کورتەکەی خۆی لە کوشتاری عفریتەکان بەسەربرد.

کەریم وتی:

- تۆ دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ شەقاوەیەتی و ئەویش چەند ڕقی لێبوو.

عەلی بە حەماسەوە وتی:

- شەقاوەیەك بوو هیچ شەقاوەیەك وەکو ئەو نەبوو، بەڵام ناسکییەکەی ئێوەی خەڵەتاند.

هەر تیمێك و خۆی ئامادەکرد بۆ کارکردن و بەڕای ئەو و بە بڕوایەکی ڕاستگۆوە. گەڕەکەکە باسی چیرۆکی ڕاستەقینەی ڕەفاعەیان باس دەکرد کە زۆر کەس نەیاندەزانی. باسی ئەوەشیان دەکرد کە تەرمەکەی لە چۆڵەوانی فڕێدرابوو تا جەبەلاوی خۆی هەڵیگرتبووەوە و لە باخچە ڕازاوەکەیدا بە خاکی سپاردبوو. خەریك بوو لەوەدا ڕووداوە ترسناکەکان دەڕەوینەوە، ئەگەر حەندوسە ونبوونێکی گومانلێکراو ون نەبووایە. ئەوەبوو

تەرمەکەی بەیانییەکیان شێوێندرابوو لەبەردەم ماڵەکەی بەڕێوەبەر ئیهاب دۆزرایەوە، ماڵی بەڕێوەبەر هاتە لەرزین وەکو چۆن ماڵی بەیومی هاتە لەرزین. گەڕەکەکە ماوەیەکی تۆقاندنی ترسناکی بە خۆیەوە بینی. ئیدی لێدان هەر کەسێکی دەگرتەوە کە پەیوەندیی یان نیوە پەیوەندیی بە ڕەفاعە یان بە یەکێك لە پیاوەکانییەوە هەبووایە، سەرەکان بەر تێلا دەکەوتن و سکەکان بە پێلەقە دادەڕزان و مشتەکان سنگەکانیان هەڵدەکۆڵی، دەستەکان بە ئاسۆیی گڕیان گرتبوو، تا ئەوەی خۆی لە ماڵەوە بەند دەکرد. ئەوەی گەڕەکەکەی بەجێهێشت، بەجێیهێشت، ئەوەیش گاڵتەی بە مەترسییەکە هات لە چۆلەوانییەکەدا کوژرا، گەڕەکەکە پڕبوو لە هاوار و گریان، ڕەشی و تاریکی دایپۆشی، بۆنی خوێنی لێدەهات. سەیر بوو ئەو هەمووە کردەوەی ئەوانەی لەناو نەبرد، شەقاوەکان خالیدیان کوشت کاتێ لە ماڵی بەیومی هاتە دەرەوە، تووڕەیی تۆقاندن توندبوو تا گەیشتە ڕادەی شێتیی، لە درەنگە شەودا گەڕەکەکە لەبەر ئاگرێکی گەورە بەئاگا هاتەوە، کە ماڵی جابری شەقاوەی هەڵلوشی و هەموو خێزانەکەی لەناو دا. بەیومی بانگی کرد:

- شێتەکانی ڕەفاعە وەکو مێشوولە بڵاوبوونەتەوە، وەڵا دەبێت بکوژرێن لە ماڵەکانی خۆیاندا. لە گەڕەکەکە وا بڵاوبووەوە کە بە شەو دەدرێت بەسەر ماڵاندا، خەڵکی ترسیان لێ نیشت و شێت و هار بوون. لە سەراکانەوە بە شۆڕشێکی هەڵایساوەوە هاتنەدەرەوە دار و کورسی و بە چەقۆو قاپقاپ و بەردیان پێ بوو، بەیومی سوور بوو کە دەست بوەشێنێت بەر لەوەی مەسەلەکە لە دەست دەرچێت، تێلاکەی هەڵگرت و لەنێو خەرمانەیەکی دەستوپێوەندەکانی لە ماڵ هاتە دەرەوە. یەکەم جار عەلی پەیابوو کۆمەڵێك پیاوی ئازای لەگەڵدا بوو بە سەرکردایەتی شۆڕشگێڕەکان. هەر کە بینی بەیومی واهات فەرمانی دا بە بەرد وەشاندن، تێورووژاوەکانیش وەکو کوللە بەردیان دەهاویشت و بەر بەیومی پیاوەکانی دەکەوتن و خوێن فیچقەی کرد. بەیومی وەکو شێت هێرشی برد و وەکو دڕندە هاواری دەکرد، بەڵام بەردێکی بەرکەوت و بەر سەرەوەی سەری کەوت، وەستا و سەرەڕای تووڕەیی و بەهێزیی و شەقاوەیەتی، پاشان لەتری دا وکەوت و لە خوێنی خۆیدا گەوزا، دەست و پێوەکانی هەر زوو هەڵاتن و شەپۆلی تووڕەبووەکان دای بەسەر ماڵی شەقاوەکاندا و دەنگی شکان و وێرانکردن گەیشتە شوێنی بەڕێوەبەر لە ماڵەکەیدا. شەڕ تەشەنەی کرد و سزا گەیشتە پاشماوەی شەقاوە و دەست و پێوەنەکانیان و ماڵەکانیان کاول بوون، مەترسی بڵاوبووەوە، خەریك بوو کار لە کار دەترازا. ئەوسا بەڕێوەبەر ناردی بە شوێن



عەلی و ئەویش ڕۆی بۆ دیدەنی. پیاوانی عەلی دەستیان لە تۆڵەسەندنەوە و وێرانکردن هەڵگرت و چاوەڕێ بوون بزانن ئەو چاوپێکەوتنە دەگات بەچی، بارودۆخ هێمن بووەوە و دەروونەکان ئارام بوون. چاوپێکەوتنەکە سەردەمێکی نوێی لێکەوتەوە لە گەڕەکەکەدا. ئەوە بوو دان بە ڕەفاعیەکاندا نرا وەکو گەڕەکێکی نوێ وەکو گەڕەکی جەبەل لە ڕووی هەموو ماف و ئیمتیازێکەوە. عەلی بووە بەڕێوەبەری وەقفەکەی خۆیان و بە واتای شەقاوەکەشیان، بەشی خۆیان لە وەقفەکە وەردەگرێت و وەکو یەك بەسەریاندا دابەشی دەکات، هەموو ئەوانەی کە گەڕەکەکەیان لە کاتی تۆقاندن بەجێهێشتبوو، بۆی گەڕانەوە، لە سەروویانەوە مام شافعی و ژنەکەی و زەکی و حسێن و کەریم بوون. ڕەفاعە دوای مەرگی ڕێز و گەورەی و خۆشەویستی بەرکەوت کە لە ژیاندا خەونی پێوە نەدەبینی، تا بووە چیرۆکێکی درەوشاوە و کەوتە سەر هەموو زارێك و ڕەبابەژەن گۆرانی پێوە دەوت، بە تایبەتی کە جەبەلاوی تەرمەکەی هەڵگرتەوە و لە باخچەکە دەوڵەمەندەکەی خۆیدا بە خاکی سپارد. هەموو ڕەفاعیەکان لەسەر ئەوە کۆك بوون، هەروەها لەسەر پیرۆزکردنی دایك و باوکیشی کۆك بوون، بەڵام ناکۆك بوون تەنها کەریم و حسێن و زەکی سووربوون لەسەر ئەوەی کە دەبێت پەیامەکەی ڕەفاعە تەنها بۆ تیمارکردنی نەخۆش و ڕقبوونەوە لە سامان و هێز بێت، کەوتنەڕێ و ئەوانەیش کە لەژیاندا دوای کەوتبوون، هەندێك زیادەڕۆییان کرد و وازیان هێنا لە ژنهێنان بۆ خۆشەویستی ئەو و گەڕانەوەی سەربوردی ئەو، بەڵام عەلی وازی لە هەموو مافەکانی خۆی نەهێنا لە وەقفەکە و ژنی هێنا و داوای کرد کە گەڕەکی ڕەفاعە خۆی تازە بکاتەوە. لەبەر خۆی ڕقی لە وەقفەکە نەبوو، وەلێ بۆئەوەی بیسەلمێنێت کە بەختەوەریی ڕاستەقینەیش مسۆگەر دەبێت بە بێ ئەوەیش. بەسەر ئەو بەدکارییانەدا زاڵ بێت کە چاوچنۆکی دەیانووروژێنن، ئەگەر داهاتەکەی بە یەکسانی دابەش بکات و ئاراستەی بکات بۆ بنیاتنان و چاکە، ئەمەیان زۆر چاکە. بەهەرحاڵ خەڵکی زۆریان پێ خۆش بوو و بەڕووی گەشاوەوە پێشوازییان لە ژیان کرد، دەیانوت بە بڕوا و دڵنیاییەوە کە ئەمڕۆ باشترە لە دوێنێ، سبەینێ باشتر دەبێت لە ئەمڕۆ، بۆچی ئافەتی گەڕەکەکەمان لەبیرچوونەوە بوو؟!...

# قاسم



-٦٤-

هیچ شتێك لە گەڕەکەکە نەگۆڕابوو. هێشتا پێیەکان پێخاوسیّ بوون و شوێن پێی گەورەیان لەسەر خۆلەکە چاپ دەکرد. هێشتا مێش لە گۆڤك و چاوەکاندا گەمە دەکەن، سەروچاوەکان هێشتا پەژمووردە و بنێسن، جلوبەرگەکان پیناویین و جنێو وەکو سڵاو دەگۆڕدرێنەوە، دووفاقی گوییەکان کاس دەکەن. خانووە گەورەکەیش هێشتا لەودیوی شوورەکانەوەیە و لە بێدەنگیی و بیرەوەرییەکاندا نووقمە، لەلای ڕاستەوە ماڵەکەی بەڕێوەبەرە، لەلای چەپیشەوە خانووی شەقاوەیە. پاشان گەڕەکی جەبەل دێت، دوای ئەوەیش گەڕەکی ڕەفاعە کە لە ناوەڕاستی گەڕەکەکەدایە، بەڵام ئەو دوای گەڕەکەکە ناوچەیەکی سەرەوخوارە بەرەو جەمالیە، شوێنی ئەو کەسانەیە کە سیفەت و ڕەچەڵەکیان نییە، یان مشکەکوێرەکان وەکو پێیان دەوتن، ئەوانە بەدبەختترین و ڕیسواترین خەڵکی گەڕەکەکە بوون. لەم سەردەمەدا سەرگەورەی بەڕێوەبەرایەتییەکە بەڕێز ڕەفعەت بوو، وەکو بەڕێوەبەرەکانی پێشی خۆی بوون، شەقاوەکەی (لەهیتە) بوو، پیاوێکی کورتەباڵا و گەڕیلە بوو، ڕواڵەتی ئەوەی نەدەگەیاند کە بەهێز بێت، بەڵام لەکاتی شەڕدا دەبووە زمانێکی ئاگر لە خێرایی و توونديی و وێرانکردندا، دوای زنجیرەیەك لە شەڕوشۆڕ کە لە هەموو گەڕەکەکاندا خوێنی تێدا ڕژا، پلەی شەقاوەی وەرگرت، بەڵام شەقاوەکەی جەبەل ناوی (جەڵتە) بوو، هێشتا گەڕەکەکەی بەوەوە دەنازێت کە خزمایەتی لەگەڵ خاوەن وەقفەکەدا هەیە و باشترین گەڕەکیشە، پیاوەکەیان جەبەل یەکەم و دواکەس بوو کە لەگەڵ جەبەلاوی قسەی کربوو، چونکە ئەوی لە لاباشتر بووە، بۆیە کەم کەس خۆشی دەویستن. (حەجاج)یش شەقاوەی خێڵی ڕەفاعە بوو، بەڵام لە ڕەونەقدا خۆی لە قەرەی عەلی نەدەدا، بگرە شوێن پێی خەنفس و جەڵتە و کەسانی زۆرداری هەڵگرت. دەستی گرتبوو بەسەر داهاتەکەوە و ئەوەی ناڕازیبووایە لێی دەدا، هانی خێڵەکەی خۆی دەدا کە شوێنی ڕەفاعە بکەون لە ڕقبوونەوە لە سامان و دەوڵەمەندیی! تەنانەت مشکەکوێرەکانیش شەقاوەیان هەبوو ناوی (سوارس) بوو، بەڵام بەڕێوەبەری وەقف نەبوو، بەو شێوەیە بارودۆخ جێگیر بوون، تێڵابەدەست و شایەرەکانی ڕەبابە ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە سیستمێکی دادپەروەرە، مەرجەکانی خاوەن وەقفەکە دە مەرج بوو، دەبوو بەڕێوەبەر و شەقاوەکان جێبەجێی بکەن و سەرپەرشتی بکەن. لە گەڕەکی مشکەکوێرەکاندا مام زەکەریا بە پەتاتەفرۆش و پیاوچاك

ناسرابوو، لە ناوخەڵکیدا ناسرابوو کە دوورە خزمایەتییەکی هەبوو لەگەڵ سوارس شەقاوەی گەڕەکەکە، لە کۆڵانەکانی گەڕەکەکە عارەبانەکەی پاڵ دەدا و بانگی پەتاتەی دەکرد، لە ناوەڕاستی عارەبانەکە تەنوورێك هەبوو دووکەڵێکی بۆنخۆشی بە تامی دەردەهێنا، منداڵانی گەڕەکی ڕەفاعە و جەبەلی ڕادەکێشا وەکو چۆن منداڵانی گەڕەکەکانی جەمالیە و عەتوف و دەراسە و کەفر زەغاری و ماڵی قازی ڕاکێشابوو. ماوەیەکی زۆر بەسەر ژنهێنانی مام زەکەریادا ڕەت ببوو و منداڵی نەدەبوو، بەڵام لەو سەردەمەدا هاودەمی تەنیاییەکەی منداڵێکی هەتیو بوو ناوی (قاسم) بوو، -برازای زەکەریا بوو- دوای مردنی دایك و باوکی. کابرا هیچ ئەرکێك نەبوو کە منداڵەکە بیکات، چونکە ژیان بە تایبەتی لەو کۆڵانەی گەڕەکەکە زیاتر نەبوو لە ژیانی سەگ و پشیلە و مێش، کە ڕزقی خۆیان لە بەرماوە و کۆمەڵە زبڵدا دەدۆزییەوە. زەکەریا قاسمی وەکو چۆن لەمەوبەر باوکی خۆشویست و هەر کە ژنەکەی سکی پڕ بوو دوای ئەوەی کە منداڵە هاتە ناو خێزانەکەوە، پێی گەشبین بوو و سۆزی زۆری هەبوو بۆی، هەر کە (حەسەن)ی کوڕیشیان بوو سۆزی بۆی کەمی نەکرد. ئیدی قاسم نیمچە تەنیا دەژیا، کە ڕۆژ بەسەر دەچوو مامەی لێی دوور بوو ئامۆژنەکەیشی سەرقاڵی ماڵ و منداڵەکەی بوو، پاشان جیهانەکەی لەگەڵ گەشەکردنیدا فراوان دەبووەوە، ئەوە بوو لە حەوشەی سەراکەدا یان لە گەڕەك یاریی دەکرد، بووە برادەری هاوتەمەنەکانی خۆی لە گەڕەکەکەیان و گەڕەکی ڕەفاعە و جەبەلدا، چوو بۆ چۆڵەوانییەکە و لە دەوروبەری تاشەبەردەکەی هند یاریی دەکرد، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی بیابانەکە و ڕۆژئاوای و سەرکەوتە سەر چیاکە، لەگەڵ منداڵەکاندا سەیری خانووە گەورەکەی دەکرد و شانازیی بە باپیرەی و پایەکەیەوە دەکرد، بەڵام نەیدەزانی چی بڵێت ئەگەر هەندێ باسی جەبەل یان ڕەفاعەیان کردبایە، یان نەیدەزانی چی بکات ئەگەر قسەکردنە ببووایەتە جنێودان و یەخەگرتن و شەڕ، چەند بە سورسوڕمان و ئیعجابەوە تەماشای ماڵی بەڕێوەبەری دەکرد، چەند بەحەز و ئیشتیهاوە تەماشای بەری سەردرەختەکانی دەکرد، ڕۆژێکیان بینی کە دەرگاوانەکە خەوتووە و بەدزییەوە خۆی کرد بەناو باخچەکەدا، بێ ئەوەی کەس ببینێت و کەس بیبینێت، بەکەیف و خۆشییەوە لە ڕاڕەوەکان پیاسەی دەکرد، بەری گەوافەی لەسەر گژوگیاکان هەڵدەگرتەوە و بە تامەوە دەیخواردن، تا خۆی لەبەردەم حەوزێك بینییەوە و چاوی گیربوو لە ستوونێکی ئاوی هەڵچوو لە نافورەیەکەوە، لە خۆشیاندا دیشداشەکەی داکەند و دابەزییە ناو ئاوەکەوە و چووە ناوییەوە بە هەردوو دەستی



دەیدا لەسەر ڕووی ئاوەکە، بەدەست جەستەی دەساوی و حەپەسابوو بەوەی دەوروبەری، نەیزانی دەنگێکی توند بە تووڕەیی هاواری کرد: (عوسمان کوڕی سەگ، وەرە هەی کوێر کوڕی کوێر)، هەر کە ئاوەڕی دایەوە بەرەو سەرچاوەی دەنگەکە کابرایەکی بینی لەسەر پەیژەکە خۆی بە عەبایەکی سوور پێچابووەوە، بە پەنجەی لەرزۆك ئاماژەی بۆ کرد، سەروچاوی لە تووڕەییدا گڕی گرتبوو، بەرەو قەراغی حەوزەکە ئاژنگی نا بە یارمەتی هەردوو ئانیشکی سەرکەوت بۆ زەوی باخچەکە، ئەوسا دەرگاوانەکەی بەرچاوکەوت بەڕاکردن هات، بەرەو کەپری یاسەمینەکە کە لە هاوشانی شوورەکە بوو، ڕایکرد، دیشداشەکەی لەبیرچوو کە دایکەندبوو، بەرەو دەرگاکە ڕایکرد، بەرەو گەڕەکەکە دەرپەڕی، بە هەموو هێزێکی ڕایکرد و منداڵان بینییان دوایکەوتن و هەڵهەڵەیان لێدەدا و سەگەکانیش دەوەڕین. پاشان عوسمانی دەرگاوان هاتە دەرەوە بۆ گەڕەکەکە، بەدوایدا ڕایکرد تا لە ناوەڕاستی گەڕەکەکەی دەستگیری کرد، مەچەکی گرت و وەستا و هەناسکەبڕکێی بوو، هاواری قاسم بەرزبووەوە تا گەڕەکی پڕکرد. ئامۆژنی خێرا هات و منداڵەکەی پێبوو، سەرکار سوارس لە قاوەخانەکە هاتەدەرەوە، ئامۆژنی بە دیمەنەکەی حەپەسا، لە دەستی گرت و بە دەرگاوانەکەی وت:

- مامە عوسمان ناوی خوای لێ بێنە کوڕەکەت تۆقاند، چی کردووە و دیشداشەکەی لە کوێیە؟

دەرگاوانەکە بەفیزەوە بانگی کرد:

- جەنابی بەڕێوەبەر چاوی لێبوو کە لە حەوزەکە مەلەی کردووە، ئەم عفریتە دەبێت بەر جەڵدە بدرێت، ئەم نەگریسە من خەوتبووم هاتووەتە ژوورەوە، بۆ لە عفریتەکانتان ئاسوودەمان ناکەن!

ژنەکە بە پاڕانەوەوە وتی:

- مام عوسمان، کوڕەکە هەتیوە، هەقت لەسەرمە.

ژنەکە لە دەستی دەرهێنا و وتی:

- لەباتی تۆ لێی دەدەم، بەڵام تو ئەو ڕیشە سپییەت ئەگەر ئەو تەنیا دیشداشەیەی نەدەیتەوە.

دەرگاوانەکە بە ناڕەزاییەوە دەستی هەڵتەکاند و پشتی تێکرد و گەڕایەوە و دەیوت:

- بە بۆنەی ئەم مۆرانەیەوە نەعلەتم کرد و جنێوم دا، منداڵی عفریتن و گەڕەکەکەیش کچی سەگە.

ژنەکە گەڕایەوە بۆ سەراکە و حەسەنی بە باوشەوە بوو قاسمی پەلکێش کردبوو، ئەویش هەنیسکی دەدا و دەگریا.

## -٦٥-

مام زەکەریا بە ئیعجابەوە سەیری قاسمی دەکرد و وتی:

- قاسم تۆ منداڵ نیت، تۆ نزیك دە ساڵی و دەبێت ئیش بکەیت.

دوو چاوە ڕەشەکانی قاسم لە خۆشیدا دەبریسکانەوە، وتی:

- چەند تکام لێکردی مامە کە بمبەیت لەگەڵ خۆتدا.

پیاوەکە پێکەنی و وتی:

- مەبەستت یاریکردن بوو نەك ئیش، بەڵام ئەمڕۆ تۆ کوڕێکی ئاقڵی و دەتوانیت یارمەتیم بدەیت، مێردمنداڵەکە بەرەو عارەبانەکە ڕایکرد پاڵی پیوەنا، بەڵام مام زەکەریا ڕێگای نەدا، ئامۆژنەکەی وتی:

- وریا بە پەتاتەکە نەڕژێت ئەگینا لەبرسان دەمرین.

زەکەریا هەردوو دەسکی عارەبانەکەی گرت و پێی وت:

- تۆ بڕۆ بەردەم عارەبانەکە و بانگ بکە (پەتاتەی کوێخا... پەتاتەی تەنوور)، ئاگات لێبێت چی دەڵێم و چی دەکەم، دەبێت پەتاتە سەرخەیت بۆ قاتەکانی سەرەوە بۆ کڕیارەکان، بەهەرحاڵ چاوت بکەرەوە.

قاسم بە حەسرەتەوە سەیری عارەبانەکەی دەکرد، وتی:

- بەڵام دەتوانم پاڵی بنێم.

پیاوەکە پاڵی نا بە عارەبانەکەوە و وتی:

- چیم پێوتی و کەللەڕەق مەبە، باوکت چاکترین پیاو بوو.

عارەبانەکە بەرەو جەمالیە خواربووەوە و قاسم بە دەنگێکی باریك وەکو فیکە بانگی دەکرد:



(پەتاتەی کوێخا، پەتاتەی تەنوور). وەکو ئەو خۆشییەی نەبوو کاتێ بەرەو گەڕەکەکانی ڕۆژئاوا دەڕۆیشت و وەکو پیاوان کاری دەکرد. هەر کە عارەبانەکە گەیشتە گەڕەکی شەمشەمەکوێرەکان، قاسم سەیری دەوروپشتی خۆی کرد و بە مامەی وت:

- لێرەدا ئیدریس ڕێگای بە ئەدهەم دەگرت.

زەکەریا سەری بەرزکردەوە بەبێ گوێدان بە منداڵەکە بە پێکەنینەوە وتی:

- ئەدهەم وەکو مامەم پاڵی دەنا بە عارەبانەکەوە.

عارەبانەکە لە سووڕانەوەی ڕۆژئانەیدا بەردەوام بوو، لە حوسەینەوە بۆ ماڵی قازی، لە ماڵی قازیەوە بۆ دەڕاسە، قاسم بە حەپەساویی سەیری ڕێبوارەکان و دوکانەکان و مزگەوتەکانی دەکرد، تا گەیشتە گۆڕەپانێکی بچووك مامەکە وتی ئەمە بازاڕی موقەتەمە، منداڵەکە بە ئیعجابەوە تێڕاما و وتی:

- بەڕاستی ئەمە بازاڕی موقەتەمە؟ جەبەل بۆ ئێرە ڕایکرد، لێرەیش ڕەفاعە لەدایك بوو.

زەکەریا بە بێ حەماسەوە وتی:

- بەڵێ، نە ئەمە هی ئێمەیە و نە ئەوە.

قاسم وتی:

- بەڵام هەموومان کوڕی جەبەلاوین بۆ وەکو ئەوان نەبین؟

پیاوەکە بەگاڵتەجارییەوە پێکەنی و وتی:

- بەلانی کەمەوە هەموومان وەکو یەك هەژارین!

کابرا ڕووی عارەبانەکەی کردە دەوروبەری ئەو بازاڕەی کە ڕووی لە چۆڵەوانییەکەیە، بە تایبەتی بەرەو ئەو کوختە تەنەکەیەی کە وەکو دوکانی تەزبیح و بخوور و دوعافرۆشتن وابوو، لەبەردەمی پیرەمێردێکی ڕیش سپی لەسەر فەروەیەك دانیشتبوو. زەکەریا عارەبانەکەی لەبەردەم کوختەکە وەستان و بەگەرمی تەوقەی لەگەڵ پیرەمێردەکەدا کرد. پیاوەکە وتی:

- ئەمڕۆ بەشی خۆم پەتاتەم هەیە.

زەکەریا لەتەنیشتییەوە دانیشت و وتی:

- دانیشتن لەگەڵ تۆدا لەلام باشترە لە قازانج.

پیرەمێردەکە سەیری منداڵەکەی کرد و زەکەریا بانگی کرد.

- وەرە قاسم و دەستی سەرکار یەحیا ماچکە.

منداڵەکە لە پیرەمێردەکە نزیکبووەوە و دەستە دەماراوییەکەی گرت و بە ئەدەبەوە ماچی کرد. یەحیا گەمەی بە کاکۆڵەکەی قاسم کرد و تەماشای ڕووخسارە جوانەکەی دەکرد و پاشان پرسی:

- ئەم منداڵە کێیە زەکەریا؟

زەکەریا پێی لەبەر خۆرەکە درێژکرد و وتی:

- کوڕی ڕەحمەتیی برامە.

لەتەنیشت خۆیەوە لەسەر فەروەکە داینیشاند و لێی پرسی:

- کوڕم باوکت لەبیرە؟

قاسم سەری ڕاوەشاند، وتی:

- نەخێر مامە.

- باوکت برادەری من بوو، پیاوێکی چاك بوو.

قاسم چاوی هەڵبڕی بۆ کاڵاکان و سەیری ڕەنگەکانی دەکرد و یەحیا دەستی درێژکرد بۆ ڕەفێکی نزیك و دوعای هێنا و کردییە ملی منداڵەکە و پێی وت:

- هەڵیگرە لە هەموو خراپەیەك دەتپارێزێت.

مام زەکەریا بە قاسمی وت:

- سەرکار یەحیا خەڵکی گەڕەکی خۆمان بوو، لە گەڕەکی ڕەفاعە.

قاسم سەیری یەحیای کرد و پرسی:

- ئەی مامە بۆچی گەڕەکەکەی ئێمەت بەجێهێشت؟

زەکەریا وەڵامیدایەوە و وتی:

- شەقاوەکانی ڕەفاعە لە سەردەمێکی زوودا لێی تووڕەبوون، بۆیە بەجێیهێشت.

قاسم بەحەپەسانەوە وتی:

- تۆیش وەکو مام شافعیت کرد باوکی ڕەفاعە.

یەحیا بە دەمێکی بۆشەوە بەدرێژیی پێکەنی پاشان وتی:

- ها منداڵەکە ئەوەت زانی؟ منداڵانی گەڕەکەکەمان چیرۆکەکان نازانن و باکیان پێی نییە.



شاگردی قاوەخانەکە هات و سینییەك چای پێبوو، لەبەردەم یەحیا داینا و پاشان گەڕایەوە و یەحیا لە باخەڵی کیسەیەکی بچووکی دەرهێنا و کردییەوە و بە ڕەزامەندییەوە وتی:

- شتێکی بەنرخم پێیە، کارکردنەکەی تا بەیانە.

زەکەریا بە بایەخەوە وتی:

- با تاقی بکەینەوە.

یەحیا پێکەنی و وتی:

- گوێم لێ نەبووە هەرگیز بڵێی نا.

- مامە چۆن ڕەتی نیعمەت دەکەمەوە.

پارچەکەیان دابەشکرد، دەستیان بە جوینی کرد، قاسمیش بە پەرۆشییەوە چاودێریی دەکردن تا مامەی دەستی بە پێکەنین کرد. پیرەمێردەکە چای فڕەدەکرد و لە قاسمی پرسی:

- تۆیش وەکو خەڵکی گەڕەك خەون بە شەقاوەیەتییەوە دەبینیت؟

قاسم بە زەردەخەنەوە وتی:

- بەڵێ.

زەکەریا دایە قاقا و وەکو داوای لێبووردن بکات، وتی:

- بیبوورە سەرکار یەحیا لە گەڕەکەکەماندا پیاو دەبێت یان شەقاوە بێت، یان ئەوەتا پشتەملی خۆی ئامادە بکات بۆ شەقازللە.

یەحیا بە هەناسە هەڵکێشانەوە وتی:

- خوات لێخۆش بێت ڕەفاعە چۆن لە گەڕەکە دۆزەخییەکەمان ڕووا!

- بۆیە ئەوە کۆتایی بوو وەك دەزانی.

یەحیا چارەی گرژ کرد و وتی:

- ڕەفاعە لە ڕۆژی کوشتنەکەیەوە نەمرد، بگرە ئەو ڕۆژە مرد کە جێگر و شەقاوەکەی پشتی تێکرد!

قاسم بە بایەخەوە پرسیاری کرد:

- مامە لە کوێ بەخاکیان سپارد. کەسوکاری دەڵێن تەرمەکە باپیرەمان لە باخچەکەی بە خاکی سپاردووە و خێڵی جەبەل دەڵێن تەرمەکەی لە چۆڵەوانییەکە ون بوو.

یەحیا بە تووڕەییەوە وتی:

- نەگریسە شەقییەکان تا ئەمڕۆیش ڕقیان لێیەتی!

پاشان پرسیاری کرد:

- قاسم پێم بڵێ، ئایا ڕەفاعەت خۆش دەوێت؟

منداڵەکە بە وریاییەوە سەیری مامەکەی کرد، بەڵام بە ئاسانی وتی:

-بەڵێ مامە زۆر خۆشم دەوێت.

- حەز دەکەیت وەکو ئەو بیت یان شەقاوە بیت؟

هەردوو چاوی هەڵبڕی سەرسووڕمان و زەردەخەنەیان تێدا تێکەڵ بوو، لێوەکانی بۆ قسەکردن جووڵان، بەڵام هیچی نەوت، زەکەریا بە قاقاوە وتی:

- با وەکو من قەناعەتی بە پەتاتەفرۆشتن هەبێت.

لەنێوانیاندا بێدەنگیی باڵی کێشا لە کاتێکدا غەڵبەغەڵب لە بازاڕەکە لە دەوری گوێدرێژێك بەرپابوو کە کەتبووە زەوی و عارەبانەکەی لارببووەوە کە پێوەی بەسترابووەوە، سەرپشتەکانی لێی دابەزین، بەڵام لێخوڕەکەی بە لێدان بەربووە گوێدرێژەکە. زەکەریا هەڵسا و دەیوت:

- ڕێگایەکی درێژمان لەبەردەمە، سەرکار خواحافیز.

یەحیا وتی:

- منداڵەکە لەگەڵ خۆتدا بێنە هەر کە هاتی.

تەوقەی لە گوڵ قاسم کرد و دەستی بە کاکۆڵەکەیدا هێنا، وتی:

- چەند عەنتیکەی...

-٦٦-

چۆڵەوانییەکە لە شوێنێك نەبوو کە خۆیبداتە بەر سێبەرێ لە گڕەی ئەو خۆرە تووڕەیە، تەنها تاشەبەردەکەی هند نەبێت، قاسم لەوێ لەسەر زەوییەکە دانیشت هیچ هاودەمێکی نەبوو، تەنها مەڕەکان نەبێت. لە تۆی دیشداشەیەکی شیندا کە پاکوخاوێن دیار بوو - پاکوخاوێن وەکو شوانێك کە هەیەتی- سەری پێچابووەوە بە کلێتەیەکی ئەستوور بۆ پاراستن لە خۆرەکە، پێڵاوێکی کۆنی چواردەور دڕاوی لەپێ کردبوو، جارێك بەسەر خۆیدا دەهاتەوە و جارێکیش چاودێریی بەرخ و مەڕ و بزنەکانی دەکرد. دارەکەی لەتەنیش خۆیەوە دانابوو، لە دانیشتنەکەیدا موقەتەمی لە دوورەوە لێ دیار بوو، بەرز و زەبەلاح و تووڕە



دیار بوو، وەکو بڵێی مەخلوقێکی تەنیایە لەژێر گومەتێکی ڕوون و بەشەکەتی و سووربوونەوە ڕکابەری تووڕەیی خۆرەکەی دەکرد، چۆڵەوانییەکە تا ئاسۆگەلێك درێژببووەوە و بێدەنگیی قورس و هەوایەکی گەرم گرتبوویەوە. ئەگەرچی بیرکردنەوە و خەونەکانی و خواستە هەڵچووەکانی لاوێتی ماندووی کردبوو، چاوی وەرگێڕا بەلای مەڕەکانەوە و سەرنجی گەمە و یارییەکانیان و شەڕ و دڵنەوایی و چالاکیی و تەمەڵییەکانیانی دەدا، بەتایبەتی ئەو ئاژەڵ و بەرخانەی کە سۆز و خۆشەویستی بۆیان هەبوو. چاوە ڕەنگ بەکلییەکانی بەدڵ بوو و بە نیگاکانیان دڵیان دەلەرزانەوە، وەکو بڵێی قسەیان لەگەڵدا دەکرد، ئەویش قسەی لەگەڵدا دەکردن، بەراوردی دەکرد لەنێوان ئەوەی کە لەلایەن شەقاوەکانەوە تووشی دەردیسەریی هاتووە، گوێی نەدەدا بەو خۆبەزلزانییەی خەڵکی گەڕەك بەرامبەر بە شوانەکان، چونکە بڕوای بەوە هەبوو کە لە سەرەتاوە شوان باشترە لە سەرسەری و بەرمەجییەکان و سواڵکەرەکان، سەرەڕای ئەوەیش حەزی لە چۆڵەوانییەکە و هەوای پاك و هاودەمی موقەتەم و تاشەبەردەکەی هند و ترۆپکی ئاسمانی خاوەن ئەتواری سەیروسەمەرە بوو، بەڵام هەمیشە شوانیی بەرەو لای سەرکار دەیبرد، یەکەمجار کە سەرکار یەحیا چاوی پێکەوت کە شوانە و پرسی:

-لە پەتاتەفرۆشتنەوە بۆ شوانیی؟

قاسم بەبێ ئیحراج وتی:

- بۆ نا سەرکار! ئەمە کارێکە دەیان خەواڵوو لە گەڕەکەکەماندا پێی بەخیلییم پێ دەبەن...

- بۆچی وازت لە مامەت هێنا؟

- حەسەنی ئامۆزام گەورە بووە ئەو لەبەرترە بۆ هاوڕێتی مامەم لە گەڕانەکانیدا و مەڕ لەوەڕاندن باشترە لە سواڵکردن.

ڕۆژ نەبوو سەردانی مامۆستاکەی نەکات، خۆشیدەویست و بە قسەکانی بەختەوەر بوو. بینی کە کابرایەکە ئاگای لە دەنگوباسی گەڕەکەکەی هەیە بە ئێستا و ڕابردووشەوە، ئەوەشی دەزانی کە شایەرەکانی ڕەبابە بە چییەوە گۆرانی دەڵێن، زیاتریش ئەوەیشی دەزانی کە هەندێ جار چییان پشتگوێ دەخست. بە یەحیای دەوت: (من مەڕەکانی هەموو گەڕەکێك دەلەوەڕێنم، مەڕێکی جەبەلم لەلایە یەکێکی دیکە هی ڕەفاعەیە و سێیەمیش هی خواپێداوی گەڕەکەکەمانە، هەمووشیان بە برایەتی دەلەوەڕێن و خاوەنە دڵڕەقەکانیانی

گەڕەکەکەمان وەکو ئەوان لە خۆشیدا نین)، هەروەها پێی وت: (هەمام شوان بوو، ئەوانەی کە ڕقیان لە شوانییە خەڵکی سواڵکەر و بێکار و کاسبی و بەدبەختن، لە هەمان کاتدا ڕێز لە شەقاوەکان دەگرن، شەقاوەکانیش دزی خوێڕی و خوێنڕێژن! خواتان لێخۆش بێت ئەی کوڕانی گەڕەکەکەمان).

جارێکیان بەگاڵتەوە پێی وت:

- من هەژارێکی بە قەناعەتم، دەستی ئەزیەتدانم بۆ هیچ مرۆڤێك نەبردووە، تەنانەت مەڕەکانم لە خۆشەویستی بەولاوە هیچیان لێ نەدیوم، نابینی کە منیش وەکو ڕەفاعەم؟

کابراکە بە نارەزاییەوە سەیری کرد و وتی:

- ڕەفاعە! تۆ وەکو ڕەفاعەیت! ڕەفاعە هەموو تەمەنی بەسەربرد لە ڕزگارکردنی براکانی لە عفریتەکان بۆ دەستەبەرکردنی بەختەوەریی بۆیان.

پاشان پیرەمێردەکە پێکەنی و وتی:

- تۆ گەنجێکی حەزت لە ژنانە، لە دەمەو خۆرئاوادا لە چۆڵەوانییەکە چاودەبڕیتە کچان.

- قاسم بزەیەکی هاتێ و پرسی:

- بۆ ئەوە عەیبە مامۆستا؟

- تۆ و کاری خۆت، بەڵام مەڵێ تۆ وەکو ڕەفاعە وایت!

زۆر لە قسەکەی ڕاما و پاشان وتی:

-ئایا جەبەل وەکو ڕەفاعە کوڕانی باشی گەڕەکەکەمان نەبوون؟ مامۆستاکەم وابوو ئەویش خۆشەویستی کرد و ژنی هێنا و مافی خێڵەکەی خۆیشی وەرگرت لە وەقفەکە و بە یەکسانی دابەشی کرد.

یەحیا بە توندیی وتی:

- بەڵام وەقفەکەی کردە ئامانجی خۆی.

گەنجەکە تۆزێك بیری کردەوە پاشان بە ڕاشکاویی وتی:

- بگرە خۆشمەشرەبی و یەکسانی و سیستمیش مەبەستی بوون.

یەحیا بە بێزارییەوە وتی:

- کەواتە تۆ جەبەل بە باشتر دەزانیت لە ڕەفاعە؟

دوو چاوە ڕەشەکانی پڕبوون لە سەرسووڕمان، بە دووردرێژیی دوودڵ بوو پاشان وتی:



- هەردووکیان پیاوی چاك بوون، لە گەڕکەکەماندا پیاوی چاك کەمن، وەکو ئەدهەم و هەمام و ڕەفاعە، ئەوانە هەموویان لە چاکییدا بەختی ئێمە بوون، شەقاوەکان چی لەوان زۆرترن!

یەحیا بە هەناسەساردییەوە وتی:

- ئەدهەم بە داخەوە مرد، هەمام کوژرا، ڕەفاعەیش کوژرا. بەڕاستی ئەوانە خەڵکی باشی گەڕەکەکەمان بوون، سەربووردێکی بۆندار و کۆتاییەکی بەداخ بوو، بەم جۆرە قسەی لەگەڵ خۆیدا دەکرد کاتێك لە سێبەری تاشەبەردەکە دانیشتبوو، لە سنگیدا ئارەزوویەکی گەرم هەڵقولا بۆئەوەی ئەویش وەکو ئەوان بێت، بەڵام شەقاوەکان ڕەفتاریان چەند ناشرینە، خەمێکی ئاڵۆز دایگرت و نیگەران بوو. بەخۆی وت بۆئەوەی دڵی خۆی بداتەوە، ئەم تاشەبەردە چەند ڕووداو و خەڵکی دیوە، وەکو دڵداریی قەدری و هند و کوشتنی هەمام و دیداری جەبەل و جەبەلاوی و قسەو باسی ڕەفاعە و باپیرەی، بەڵام ڕووداوەکان لەکوێن و خەڵکەکان لەکوێن؟ بیرەوریی باش دەمێنێتەوە و بەنرخترە لە مێگەلی بزن و مەڕ... هەروەها باپیرەمانی دیوە کە بە تەنیا لەم ئاسۆیانەدا هاتوچۆی کردووە، چی بوێت هەیەتی و شەقیەکان دەترسێنێت. دەبێت حاڵی چۆن بێت لە گۆشەگیرییدا؟ لە زەردەپەڕدا هەڵسا و باوێژکێکی دا و دارەکەی گرتە دەستەوە فیتۆیەکی بە ئاوازی لێدا، پاشان دارەکەی هەڵبڕی و بانگی لە مەڕەکان کرد و ئەوانیش گردبوونەوە و بەرەو ئاوەدانیی ڕیگایان گرت. هەستی کرد برسیەتی و بەو ڕۆژە تەنها پەنیرێك و نانێکی خواردبوو، وەلێ شامێکی خۆش چاوەڕێیەتی لە ماڵی مامی، پێی هەڵگرت و تا لە دوورەوە خانووە گەورەکەی بەرچاو کەوت بە شوورە بەرزەکانییەوە بە پەنجەرە داخراوەکانییەوە و نووکی درەختەکانییەوە. دەبێت شێوەی ئەو باخچەیە چۆن بێت کە شایەرەکان گۆرانییان پێوە وتووە و ئەدهەم بەحەسرەتییەوە سەری نایەوە؟ هەر کە لە گەڕەکەکە نزیکبووەوە و گوێی لە غەڵبەغەڵب بوو، لە هاوشانی شوورەکە چووە ژوورەوە و خۆرئاوایش ڕەشتاڵەیی بەسەر دیمەنەکەدا دابوو. لەنێوان بڕە مێردمنداڵێکدا ڕێگەی بڕی کە شەڕەقوڕیان دەکرد، گوێی پڕبوو لە بانگەوازی فرۆشیار و قسەی ژنان و گاڵتەوگەپ و جنێوی جنێوفرۆشان، هاواری شێتەکان و زەنگی عارەبانەکەی بەڕێوەبەر، لە پڕێکدا لووتی پڕ بوو لە بۆنی موعەسلی کەسکون و خۆڵ و خاشاکێکی بۆگەن و سوورکردنەوەیەکی ورووژێنەر. بەرەو سەراکەی گەڕەکی جەبەل ملینا و مەڕەکانی گەڕانەوە، وایشی کرد لەگەڵ گەڕەکی ڕەفاعە،

تەنها مەڕێکی لەلا مایەوە کە هی خاتوو قەمەر بوو، خانمێکی تەنیا بوو کە سامانی هەبوو لە گەڕەکی مشکەکوێرەکان. لە خانوویەك دانیشتووە یەك نهۆم و حەوشەیەکی هەیە و لە ناوەڕاستدا دارخورمایەك هەیە و لەوپەڕیشیدا گەوافەیەکی تێدایە. چووە حەوشەکەوە و (نیعمە)ی دابووە پێش، لە ڕێگادا تووشی بوو بە تووشی (سەکینە)ی کەنیزەوە بە قژە لوولەکەی کە سپی ببوو. سلاوی لێکرد ئەویش سلاوەکەی سەندەوە بە بزەیەکەوە و لێی پرسی:

- حاڵی نیعمە چۆنە؟

ئیعجابی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە مەڕەکە و بۆی بەجێهێشت و ڕۆی بە ڕێگای خۆیدا. ژنە خاوەن مەڕەکە پێکەوە هاتنە ژوورەوە و لە گەڕەك دەهاتنەوە، بە کۆڵوانەیەك کە لەشە پڕەکەی داپۆشیبوو، بینی و لە پەچەکەیەوە دووچاوی ڕەشی بەدیکرد کە پڕبوون لە سۆز و خۆی لادا و چاوی لێ لاکەل کرد و ژنەکەیش بەنەرمییەوە پێی وت:

- ئێوارەت باش.
- ئێوارەت باش خانمەکەم.

ژنەکە لەسەرخۆ دەڕۆیشت و سەیری نیعمەی دەکرد، پاشان سەیری ئەوی کرد و وتی:

- نیعمە ڕۆژبە ڕۆژ قەڵەو دەبێت ئەویش لە سایەی تۆوەیە.

تێروانینە بە سۆزەکەی کاری تێکردبوو بە قسە خۆشەکانی و وتی:

- لە سایەی مەولا و سەرپەرشتی جەنابتەوەیە.

خاتوو قەمەر ئاوڕی لە سەکینە دایەوە وتی:

- شیوی بۆ ئامادەکە.

بە سوپاسەوە دەستی بۆ سەری بەرزکردەوە، وتی:

- خانمەکەم خێرت دەسپێشخەرە.

نیگایەکی دیکەی بەرکەوت کاتێ ژنەکە ماڵئاوایی لێکرد و پاشان ئەو ڕۆیشت، ڕۆیشت و زۆر نەرمی و نیانی و سۆزەکەی کاری تێکرد، هەر کە بە دیداری بەختەوەربووایە. ئەو سۆزەی کەنەیناسیوە، وەکو دەڵێن جگە لە دایکان نەبێت هەندێ جار کە تاقی نەکردبووەوە. ئەگەر دایکی تەمەن درێژ بووایە ئێستا لە تەمەنی ئەم خانمە چل ساڵییەدا دەبوو، ئەم سۆزە چەند سەیر بوو لە گەڕەکەکەیدا کە شانازیی بە بەهێزیی و تووندوتیژییەوە دەکات. لەوە سەیرتر جوانییە بە حیشمەتەکەی بوو چ خۆشییەکی دەخستە



دڵییەوە، نەك سەرچڵییەکانی لە چۆڵەوانییە سووتێنەرەکە، ژنەکەیش بە تینوویەتییە کوێرانەکەی و تێربوونە کپ و خەمۆکییەکەی. بەڕاکردن بەرەو ماڵی مامەکەی ڕایکرد و دارەکەی خستبووە سەرشانی، هێندە ورووژابوو، نەیدەزانی چی لەناو دەستەکانیدا هەیە، بینی خێزانەکە لە بانیژەی سەراکە کۆبووەتەوە و چاوەڕێی دەکەن. لەگەڵ هەرسێکیاندا لە دەوری تەپڵەکەکە دانیشت، خوانی ئێوارەی لەسەر ئامادە کردبوو لە فەلافل و کوڕاس و شووتی، حەسەن تەمەنی شانزە ساڵ بوو تێکسمڕاو و باڵابەرز بوو، تا مامە زەکەریا خەونی بەوەوە دەبینی کە ڕۆژێك ببێتە شەقاوەی گەڕەکی مشکەکوێرەکان، هەر کە نانخواردنی ئێوارە تەواو بوو ژنەکە تەپڵەکەکەی هەڵگرت، مام زەکریا سەراکەی بەجێهێشت، هەردوو برادەرەکە لە بانیژەکە مانەوە، تا گوێیان لێ بوو کە دەنگێك لە حەوشەکەوە بانگیان دەکات:

- قاسم...

هەردوو گەنجەکە هەڵسان و قاسم وەڵامیدایەوە:

- سادق وا هاتین.

سادق بە سەروچاوێکی گەشەوە بینیانی، لەگەڵ قاسم لە تەمەن و بالا وەکو یەك وابوون، وەلێ لەو لاوازتر بوو، شاگردی مزگەر بوو لە یەکەم دوکانی گەڕەکی مشکەکوێرەکاندا دوای جەمالیە. برادەرەکان چوون بۆ قاوەخانەی دەنگل، لەگەڵ چوونە ژوورەوەیان (تازە)ی شایەریان بەر چاوکەوت لەسەر قەنەفەکەی لەبەردەمەوە دانیشتبوو، سوارس لە نزیك شوێنەکەی دەنگل لە دەرگاکە دانیشت، چوون بۆ لای شەقاوەکە و بە دەستەوسانییەوە تەوقەیان لەگەڵدا کرد، گەرچی قاسم و حەسەن شانازییان بە خزمایەتی ئەوەوە دەکرد، هەردووکیان لەسەر قەنەفەیەك دانیشتن و ئەوەندەی پێ نەچوو شاگردی قاوەخانەکە داوا ئاساییەکانی بۆ هێنان، قاسم حەزی لە نەرگیلە و چای بە نەعنا بوو، سوارس بە نیگایەکی بێزهاتنەوە لە قاسم وردبووەوە و لێی پرسی،

- چییە کورە وەکو کچ خۆت ڕێکپۆش کردووە؟

قاسم سەروچاوی سوور هەڵگەڕا لە شەرمان و بە نەبرەیەکی لێبووردنانەوە وتی:

- سەرکار پاکوتەمیزی عەیبی تێدا نییە.

ئەویش بەناڕەزاییەوە چارەی گرژکرد و وتی:

- بەڵام لە تەمەنی تۆدا بێ ئەدەبییە..

بێدەنگیی لە قاوەخانەکە باڵی کێشا وەکو بڵێی دانیشتووەکانی و ئامرازەکانی و دیوارەکانی گوێ لە شەقاوەکە دەگرن، سادق بە سۆزەوە سەرنجی برادەرەکەی دا کە دەیزانی هەست ناسکە، بەڵام حەسەن سەروچاوی خۆی لە بەرداخە زەنجەبیلەکەدا شاردەوە، بۆئەوەی شەقاوەکە تووڕەبوونەکەی نەبینێت. (تازە) ڕەبابەکەی گرتە دەستەوە و ئاواز لە ژێکانی بەرزبووەوە، سڵاوکردن بەرزبووەوە بۆ (ڕەفعەت)ی بەڕێوەبەر و (لەهیتە)ی شەقاوە و (سوارس) سەرداری گەڕەکەکە. شایەرەکە وتی: (ئەدهەم پێی وابوو کە گوێی لە دەنگی پێیە، شوێن پێی سوك و قورس کە بیرەوەریی نەزانراوی دەورووژاند، وەکو بۆنێکی خۆشی کاریگەر کە زەحمەت بوو هەستی پێ بکرێت و دیاریی بکرێت، ڕووی کردە دەرگای کوختەکە و دەرگاکە کرایەوە، پاشان بینی بە شتێك پڕ دەبێت وەکو جەستەیەکی زەبەلاح، بە حەپەساوییەوە سەیری کرد، چاوی تێبڕی بە هیوایەك کە بێئومێدیی لە خۆی گرتبوو، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا، بە ورتەورتەوە وتی:

- باوکە؟

پێیوایە کە دەنگە کۆنەکە دەبیستێت و دەڵێت:

- ئەدهەم ئێوارەت باش...

چاوی پڕبوو لە فرمێسك و ویستی هەڵسێت وەلێ نەیتوانی، خۆشییەکی بینی کە ماوەی بیست ساڵە نەیبینیبوو).

## -٦٧-

سەکینەی کەنیزە وتی:

- قاسم چاوەڕێ بە شتێکم پێیە بۆت.

قاسم لەو شوێنەی کە مەڕەکەی بەستبووەوە بە دارخورماکەوە وەستا، چاوەڕێی کەنیزەکە بوو کە چووە ژوورەوە، دڵی ترپەترپی بوو، لە دڵی خۆیدا وتی ئەوەی کە کەنیزەکە بەڵێنی پێدابوو لەوەوە دێت کە میرخاسترە لە دڵی ژنە خاوەن ماڵەکە. بەقووڵی بە تاسەوە بوو کە ژنەکە ببێنی یان گوێی لە دەنگی بێت بۆئەوەی خۆشیی جەستەی ساردکاتەوە کە بەدرێژایی ڕۆژ لە چۆڵەوانییەکە دەسووتا. سەکینە هاتەوە و پریاسکەیەکی دایەدەستی وتی:

- ئەوە کولێرەیە نۆشی گیانت بێت.



بە هەردوو دەستی گرتی و وتی:

- لەجیاتی من سۆپاسی ئەو خانمە بەخشندەیە بکە.

لەودیوی پەنجەرەکەوە دەنگێك هات و وتی:

-سوپاس بۆ مەولا هەی کوڕی پیاوچاکان.

دەستی بە سوپاسەوە هەڵبڕی بێ ئەوەی تەماشا بکات و ڕۆیی. بە بەختەوەرییەکی بەنجکراوەوە قسەی ژنەکەی وتەوە (ئەی کوڕی پیاوچاکان). شوانەکە لەمەوبەر قسەی ئاوهای نەبیستبوو، کێش وتی، خانمێکی بەڕێز لە گەڕەکە کلۆڵەکەی ئەودا، نیگایەکی پەمەیی بڕیە گەڕەکەکە، کە بەرەو خۆرئاوابوون دەخزا بە خۆی وت: (سەرەڕای بەدبەختی گەڕەکەکەمان، بەڵام بەبێ شت نییە کە بیەوێت بەختەوەریی دەخاتە دڵە ماندووەکانەوە). لە خەونەکەی بە وەڕزییەوە بە ئاگاهاتەوە لەبەر دەنگێك کە هاواری کرد: (پارەکەم، پارەکەم دزرا)! بینینی پیاوێکی عەمامەبەسەر بە جبەیەکی سپی فشۆڵەوە ڕایدەکرد و خۆی کرد بە گەڕەکەکەدا کە لەوسەری گەڕەکەکەیانەوە دەهات، گەڕەکەکە بەرەو لای ئەو پیاوە ڕۆیشتن کە هاواری دەکرد، منداڵان بەرەو لای ڕایانکرد، فرۆشیار و ئەوانەی لەبەر دەرگاکان دانیشتبوون کەوتنە ملەقوتێ، سەرەکان لە پەنجەرەکانەوە دەرکەوتن، سەروچاوەکان لەژێر زەوی لە کلاوڕۆژنەی هیوانەکانی بەرزبوونەوە و موشتەری قاوەخانەکان هاتنە دەرەوە، لە هەموو لایەکەوە دەوری پیاوەکەیان دا و قاسم پیاوێکی بینی لە نزیك خۆیەوە پشتی خۆی بە دارێك لە یەخەی دیشداشەکەیەوە دەخوراند، بە دوو چاوی کزەوە چاودێریی دیمەنەکەی دەکرد، لە بارەی پیاوەکەوە لێی پرسی و وتی:

- ئەو پیاوە کێیە؟

وەڵامیدایەوە و دەستی لە خوراندن نەوەستا:

- ئەوە نەجادە لەلای بەڕێوەبەر کاری دەکرد.

سوارس شەقاوەی مشکە کوێرەکان و حەجاج شەقاوەی ڕەفاعە و جەڵتە شەقاوەی جەبەل بەرەو لای پیاوەکە ڕۆیشتن، خێرا فەرمانیان دا بە خەڵکەکە دوورکەونەوە، بە هەندێ دوودڵیی چەند هەنگاوێك گەڕانە دواوە، ژنێك لە پەنجەرەیەکی سەرایەکەوە لە گەڕەکی ڕەفاعە وتی:

- ئەو پیاوە بوو بە چاوەوە.

ژنێکی دیکە لە پەنجەرەیەکەوە لە سەرەتای سەرای جەبەلەوە وتی:

- ڕاست دەکەیت، هەموو کەسێك حەسوودییان بە داهاتەکەی دەبرد کە دەستی دەکەوت لە یارمەتیدانی عەرشی بەڕێوەبەر، خوایە بمانپارێزی لە چاوی بەد.

ژنی سێیەم کە لەبەر دەرگای خانوویەك دانیشتبوو و سەری منداڵێکی دەدۆزی، وتی:

- کاتێك چاوەکەم کە لەماڵی بەڕێوەبەر هاتە دەرەوە، پێدەکەنی، نەیدەزانی کە هاوار دەکا و دەگریی، دوای پارە بڕێت بە خۆی و گێچەڵیییەوە.

پیاوەکە بەهەموو دەنگی هاواریدەکرد:

- هەرچی پارەم پێ بوو دزرا، کرێی هەفتەیەك بوو، ئەویدیکە لە گیرفانمدا بوو، پارەی ماڵ و دوکان و منداڵەکان بوو، بیست جونەیی و قروش بوو، خوا ماڵی حەرامزادە وێران کات.

جەڵتە شەقاوەی جەبەل:

- وس بن، هەموو بێدەنگ بن، بێدەنگ بن مەڕەکان، سومعەی گەڕەك لە تای تەرازوودایە، ئەنجام هەر عەیبەیەکی بەرۆکی شەقاوەکان دەگرێت.

حەجاج، شەقاوەی ڕەفاعە وتی:

- بە خواکەت هیچ عەیبەیەکی تێدا نییە، بەڵام ئێمە چوزانین کە ئەو پارەکەی لە گەڕەکی ئێمەدا ون نەکردووە؟

نەجاد بە دەنگێکی کەرخەوە وتی:

- بە تەلاقم لە گەڕەکەکەی ئێوە دزرا، لە دەرگاوانەکەی جەنابی بەڕێوەبەر وەرمگرت، لە کۆتایی گەڕەکەکە دەستم دا لە باخەڵم نەمابوو.

دەنگەدەنگ بەرزبووەوە و حەجاج هاواری کرد:

- هەی مەڕومالآت بێدەنگ بن، کابرا گوێبگرە، لە کوێ زانیت کە پارەکەت نەماوە؟

کابرا ئاماژەی کرد بۆ کۆتایی گەڕەگی مشکەکوێرەکان و وتی:

- لەبەردەم دوکانی مسگەرەکە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت لەوێ کەس لێم نزیك نەبووەوە.

سوارس وتی:

- کەواتە بەرلەوەی بێتە گەڕەکەکەمان لێی دزراوە.

حەجاج شەقاوەی ڕەفاعە وتی:



- من لە قاوەخانەکە دانیشتبووم کە لەوێوە ڕەت بوو نەمبینی کە کەس لێی نزیکبێتەوە.

جەڵتە بە توورەیی هاواری کرد:

- لە خێڵی جەبەل دز نییە، ئەوان سەرداری گەڕەکن.

حجاج بە توورەیی وەڵامیدایەوە:

- سەرکار جەڵتە ئاگات لە قسەی خۆت بێت کە دەڵێی سەرداری گەڕەکەکەن.

- کەس نکوڵیی لەوە ناکات تەنها خۆ بەزلزان نەبێت.

حەجاج بە دەنگێك وەکو گرمەی هەور هاواری کرد:

- عفریتەکانم بە خەبەر مەکەرەوە! هەی ئایین مەلعونی بێ زەوق.

جەڵتە بەهەمان هێزەوە هاواری کرد:

-هەزارجار نەفرەت، هەزارجار نەفرەت لە بێ زەوق کە لە گەڕەکەکەماندا نییە.

لێرەدا نەجاد وتی:

- ئەی پیاوەکان پارەکەم لە گەڕەکەکەی ئێوە ون بووە، هەمووتان سەردارن بەسەر سەر و بەسەر چاو، بەڵام کوا پارەکانم، فەنجەری ماڵت کاول بوو.

حەجاج بەتووندیی وتی:

- لەسەرتانە بپشکنن، با هەموو گیرفانێك بگەڕێین، هەموو پیاوێك، هەموو ژنێك، هەموو منداڵێك، هەموو قوژبنێك؟

جەڵتە بە بێزارییەوە وتی:

-بپشکنن، بێجگە لە ڕووی ئێمە ڕووەکان ڕەش دەبن.

حەجاج وتی:

- پیاوەکە لە ماڵی بەڕێوبەرەوە هاتەدەرەوە، یەکەمجار هات بۆ گەڕەکی جەبەل با پشکنین لە گەڕەکی جەبەلەوە دەست پێبکەین.

جەڵتە مرخاندی و وتی:

- ئەمە نابێت و جەڵتە زیندوو بێت، حەجاج بیرکەرەوە کە تۆی کێیت و من کێم.

- جەڵتە، شوێنی برینی چەقۆی جەستەم لە مووەکانی زۆرترە.

- بەڵام من جەستەم مووی پێوە نییە.

- خوایە شەیتان دوورت خاتەوە.

- ئەی شەیتانەکانی دنیا وەرن بۆ لای من.

فەنجەری دەستی بە هاوار کردەوە:

- ئەی هاوار پارەکەم، ئایا بۆ ئێوە خراپ نییە کە بڵێین لە گەڕەکەکەی ئێوە دزییم لێکراوە؟

ژنێك تووڕە بوو و هاواری کرد:

- سیکتر بە هەی سەروچاوی پەپوو، بە بۆنەی تۆوە خەریکە گەڕەکەکە کاول بێت.

دەنگێك پرسیاری کرد :

- بۆ پارەکە لە گەڕەکی مشکەکوێرەکان نەدزرابێت و زۆربەیان دز و سواڵکەرن؟

سوارس هاواری کرد:

-دزەکانمان لە گەڕەکی خۆمان دزیی ناکەن.

- چۆن بزانین وایە؟

سوارس بە دوو چاوی سوورهەڵگەڕاوی تووڕەییەوە وتی:

- پێویستمان بە بێئەدەبیی زیاتر نییە، پشکنین دزەکە دیاریی دەکات، ئەگینا بڵێن گەڕەکەکەمان خۆش.

زیاتر لە دەنگێك بانگی کرد:

- بە گەڕەکی مشکەکوێرەکان دەست پێ بکەن.

سوارس بانگی کرد:

- هەر دەرچوونێك لە تەرتیبە سرووشتییەکە ڕووبەڕووی تێلاکەی دەبێتەوە.

سوارس تێلاکەی بەرزکردەوە و پیاوەکانی پشتگیریی کرد، حەجاجیش وەهای کرد و جەڵتە گەڕایەوە بۆ گەڕەکەکەی خۆی ئەویش وەکو ئەوانی کرد، نەجاد پەنای بردەبەر دەرگای سەراکە و دەگریا، خەریك بوو شەو دادەهات. زۆر کەس پێشبینی شەڕێکی خوێناویی دەکرد و قاسم خۆی کرد بە ناوەڕاستی گەڕەکەکەدا و بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد:



- چاوەڕێکەن، خوێن پارە ونبووەکە ئاشکرا ناکات، ئەگینا لە گەڕەکی جەمالیە و دەراسە و عەتوف دەوترێت لە گەڕەکی جەبەلاوی لێ دزراوێك هەیە، هەرچەندێك پەنای بردووەتە بەر بەڕێوەبەرەکەی و شەقاوەکانی!

یەکێك لە پیاوانی جەبەل پرسیاری کرد:

- ئەم شوانە چی دەوێت؟

قاسم بە لێبووردەییەوە وتی:

- فێڵێکم هەیە بۆ گەڕانەوەی پارەکە بۆ خاوەنەکەی بەبێ شەڕ.

نەجاد بەڕاکردن چوو بۆلای و دەیوت: (دەستم دامێنت). قاسم قسەی بۆ هەموان دەکرد:

- پارەکە بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە بێ ئەوەی دزەکە ئاشکرا بکرێت.

بێدەنگیی باڵی کێشا، بە بایەخێکی زۆرەوە چاوەکان بڕدرانە قاسم و وتییەوە:

- با چاوەڕێکەین تا تاریکیی دادێت و نزیکیشە، نابێت یەك مۆمیش لە گەڕەکەکە داگیرسێت، پاشان هەموومان پێکەوە لەم سەری گەڕەکەکەوە دەڕۆین بۆ ئەوسەری، بۆئەوەی گومانەکە لە گەڕەکێك کۆنەبێتەوە بەبێ گەڕەکێکی دیکە، لەو کاتەیشدا ئەوەی پارەکەی بردووە لە تاریکییەکەدا هەلی بۆ دەڕەخسێت بێ ئەوەی مەسەلەکەی ئاشکرا بێت، ئەوجا پارەکە دەدۆزینەوە و گەڕەکەکەیش بەبێ شەڕ ڕزگاری دەبێت.

نەجاد بەتووندیی قۆڵی قاسمی بە پاڕانەوەیەکی بێئومێدانە گرت و وتی: (باشترین چارەسەرە، بۆ خاتری من بەزۆر قبووڵی بکەن). دەنگێك بانگی کرد: (کوڕینە چارەسەرێکی ماقووڵە). یەکێکی دیکە وتی: (ئەمە دەرفەتێکە بۆ دزەکە بۆئەوەی ڕزگاری بێت و گەڕەکەکەیش ڕزگاری بێت). ژنێك بە دوور و درێژی هەلهەلەی لێدا. خەڵکی چاویان لەنێوان سێ شەقاوەکەدا دەهێنا و دەبرد لەنێوان داواکردن و ترسدا. هیچ یەکێك لە شەقاوەکان لەبەر لووتبەرزیی و خۆبزلزانی نەیویست دەسپێشخەریی بکات، خەڵکی گەڕەکەکە دەیانپرسی ئایا ئەقڵ زاڵ دەبێت یان ئەوەتا تێلاکان دەکەونە کار و خوێن دەڕژێت. ئەوە بوو دەنگێك هاواری کرد کە هەموو دەیانناسی:

- هۆو.

هەموو سەرەکان بەرەو دەنگەکە وەرچەرخان، لەو شوێنەی کە لەهیتە شەقاوەی گەرەك وەستابوو لە ماڵەکەی خۆی دوور نەبوو، بێدەنگیی باڵی کێشا و بەوەوە هەڵواسرا کە بزانرێت هەموو دڵەکان چی دەڵێن و کابراکە بە گاڵتەپێکردنەوە وتی:

– ئەی قەرەجەکان چارەسەرەکە قبووڵ بکەن. ئەگەر دەبەنگ نەبوونایە شوانێك نەدەبووە فریادڕەستان.

غەڵبەغەڵبێکی ئاسوودەیی بەر خەڵکەکە کەوت و هەڵهەڵە بەرزبووەوە. قاسم بە توندیی دڵی لێیدەدا. سەرنجی ماڵەکەی قەمەری دەدا و دڵنیا بوو کە ئێستا بەجووتە چاوی لە یەکێك لەو دوو پەنجەرەیەوە کە دەڕواننە سەر گەڕەکەکە چاودێریی دەکەن، بۆیە زۆر دڵخۆش بوو و هەستی بە لەزەتی سەرکەوتنێك کرد کە لەمەوبەر نەیدیبوو. دیاربوو هەموو چاوەڕێی تاریکیی بوون، جارێك سەیری ئاسمانیان دەکرد و جارێکیش سەیری لای چۆڵەوانییەکەیان دەکرد. پلە بەپلە چاودێریی داهاتنی تاریکیان دەکرد. ڕووکەشەکان لەبەین دەچوون و سەروچاوەکان و خەڵکەکە دەبوونە تارمایی، بەڵام هەردوو ئەو ڕێپێڵگەیەی کە دەچوو بۆ چۆڵەوانییەکە تاریکیی دایگستبوون. تارماییەکان جووڵەیان تێکەوت بەرەو خانووە گەورەکە دەڕۆیشتن و و پاشان بەڕاکردن گەڕەکەکەیان بڕی تا گەیشتنە جەمالیە، پاشان هەریەکە و بۆ گەڕەکەکەی خۆی بڵاوەی لێکرد، ئەو دەمە لەهیتە بە دەنگێکی فەرماندانەوە بانگی کرد:

- ڕووناکی بکەنەوە.

یەکەم خانوو کە ڕووناك بووەوە، ماڵەکی قەمەر بوو لە گەڕەکی مشکەکوێرەکاندا، پاشان چرای عەرەبانە دەستییەکان ڕووناك بوونەوە. پاشان گڵۆپەکانی قاوەخانەکان. گەڕەکەکە گەڕایەوە بۆ بوون. ئەوە بوو خەڵکەکە لەبەر ڕووناکی گڵۆپ زەوییەکەیان دەپشکنی تا دەنگێك بەرزبووەوە و وتی:

- ئەوە جزدانەکەیە!

فەنجەری خێرا ڕایکرد بەرەو ڕووناکییەکە و جزدانەکەی هەڵگرتەوە و پارەکەی بژارد و پاشان ڕایکرد و هیچ پێشی نەدەگرت بەرەو جەمالیە و لەدوای خۆیەوە ژاوەژاوێکی بەرزی پڕ لە پێکەنین و هەلهەلەی بەجێهێشت، قاسم خۆی بینییەوە بووەتە جێگای سەرنجەکان و ناوەندی وەرگرتنی پیرۆزبایی و گاڵتەکردن و تەوەری توانجە هەمەجۆرەکان کە وەکو گوڵ



بەسەریدا دەڕژان. هەر کە قاسم و حەسەن و سادق چوون بۆ قاوەخانەکەی مشکەکوێرەکان، ئەو ئێوارەیە، سوارس بە بزەیەکی پێشوازیی کرد و وتی:

- نەرگیلە لەسەر حیسابی قاسم.

-٦٨-

سەروچاو سوور و نیگا گەش، سەروچاو ڕوون و دڵخۆش، چووە حەوشەکەی قەمەرەوە تا مەڕەکەی ببات و وتی (بمانپارێزی) پەتەکەی لە پەیژەکە کردەوە، ئەوە بوو گوێی لە جیڕەی دەرگای ژووری ژنان بوو کە دەکرایەوە و دەنگی خانم وتی:

- بەیانیت باش

دڵی لەسەر زمانییەوە وتی:

- بەیانیت باش گەورەم، خانمەکەم.

- دوێنێ ئیشێکی باشت کرد بۆ گەڕەکەکەمان

ئەمەی وت و ڕۆحی لە خۆشیاندا سەمای دەکرد

- خوا خۆی یارمەتیدەرە.

ژنەکە بە نەغمەیەکەوە وتی کە ئیعجاببوونی پێی دەگەیاند:

- حیکمەت وای فێرکردووین کە ئەجەل لە شەقاوەیەتییەوەیە.

لوتفی تۆ ئەجەلی لە حیکمەتەوە، ئاوهای بە خۆی وت، پاشان بە ژنەکەی وت:

- خوا ڕێزدارتکات.

ژنەکەیش دەنگی زەردەخەنەیەکی نواند و وتی:

- بینیمان شوانی منداڵانی گەڕەکت دەکرد وەکو شوانی مەڕبکەیت، خوات لەگەڵ.

بە ناز و نیعمەتەوە ڕۆیشت و هەر کە بەسەراکەدا ڕەت بووایە، بزن و مەڕ و گیسك و تەگە دەکەوتنە تەك ڕانەکەی. تابوورێکی درێژی مەڕ ڕێگای خۆی گرتبوو بەرەو چۆڵەوانییەکە، پێشوازیی لە خۆرێکی سووتێنەر دەکرد لەسەر ترۆپکی چیاکە، کەشەکەیش هەناسەیەکی گەرمی دەردەدا لەو خۆرهەڵاتەی بەیاندا. هەندێ شوان لە لاپاڵی چیاکە بەدی دەکران، پیاوێکی جلشڕ بەوێدا ڕەت بوو نای لێدەدا، لە ترۆپکە ڕوونەکەوە نرکەیەکی بەناڵە هات، لە هەر شنەیەکدا بێگەردییەکی پاکی هەڵدەمژی، چیا

چۆڵە زەبەلاحەکە گەنجینەیەکی هیوای مژدەبەری لەخۆگرتبوو، بە ئاسوودەییەکی سەیرەوە بیری چوو بەلای چۆڵەوانییەکەوە، تەنانەت گۆرانییەکەی جەواد دڵی خۆش کرد کە دەیوت:

ئەی کوڕی جوان قەشەنگی صەعیدی ناوت لەسەر دەستم هەڵکەنراوە.

چاوی گێڕا لەنێوان تاشەبەردەکەی قەدری و هند و لەو شوێنەی کە هەمام و ڕەفاعەی لێ کوژرابوو، شوێنی دیدارەکەی جەبەلاوی و جەبەل. لێرە خۆر و چیاو لم و سەروەریی و خۆشەویستی و مەرگ هەیە، دڵ و خۆشەویستی لێ هەڵدێ، بەڵام لەم هەمووە دەپرسێت، ئەوەی ڕۆیشت و ئەوەی دێت، لەو گەڕەکە دژانە و شەقاوە جنێوفرۆشەکان، لەبارەی ئەو چیرۆکانەی کە لە هەر قاوەخانەیەك و بەشێوەیەك دەگێڕدرێنەوە. بەر لە نیوەڕۆ مەڕەکانی برد بەرەو موقەتەم و دواجار ڕۆی بۆ کوختەکەی مامۆستا یەحیا و دانیشت و پیرەمێردەکە وتی:

- ئەوە چییە ئەوەی کە دوێنی دەڵێن لە گەڕەکەکەدا کردووتە؟

قاسم بەدەم چاخواردنەوەوە شەرمی خۆی شاردەوە و مامۆستا وتی:

- واباش بوو لێیان بگەڕێی شەڕ بکەن تا هەموویان دەفەوتان.

بێ ئەوەی چاو هەڵبڕێت، وتی:

- ئەمە تەنها بە زمانت دەڵێی.

یەحیا بە وریاکردنەوە وتی:

-دوورکەوەرەوە لەوانەی کە تۆیان بەدڵە با شەقاوەکان نەورووژێن.

- بۆ شەقاوەکان کەسانی وەکو من نارەحەت دەکەن؟

پیرەمێردەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- کێ بۆ ئەوە دەچوو کە غەدارێك غەدر لە ڕەفاعە بکات؟

قاسم بە حەپاسەنەوە وتی:

- چ ڕوویەکی لەیەکچوو هەیە لەنێوان من و ڕەفاعەی مەزندا؟

هەر کە ویستی بڕواتەوە، پیرەمێردەکە ماڵئاوایی لێکرد و وتی:

- نووشتەکەی من لەلای خۆت بپارێزە.

دەمەو عەسر لە سێبەرێکی سنووردار لەلای تاشەبەردەکەی (هند) دانیشت، گوێی لە دەنگی سەکینە بوو کە بانگی دەکرد، هەستایە سەر پێ و بەدەوری خۆی سووڕایەوە و بینی



کەنیزەکە بەدیار سەری مەڕێکەوە وەستاوە و یاریی بە بەرەگنەکەی دەکات و سڵاوێکی لێکرد و کەنیزەکەیش بە دەنگە مسینەکەی وەڵامیدایەوە:

- دەڕۆم بۆ دەڕاسە ئیشێکم هەیە لێرەوە ڕەت بووم بۆئەوەی ڕێگا قەدبڕکەم.

قاسمیش وتی:

- بەڵام ڕێگاکە زۆر گەرمە.

بە پێکەنینەوە وتی:

- بۆیە تۆزێك لە سێبەری تاشەبەردەکە پشوویەك دەدەم.

پێکەوە نزیك یەکتر هەردووکیان دانیشتن لەو شوێنەی کە دارەکەی لێ دانا، سەکینە وتی:

- دوێنێ ئەوەی لە تۆم دی وتم دایکت لە هەموو دڵییەوە دوعای بۆ کردوویت.

ئەویش بە بزەیەکەوە وتی:

-ئەی تۆ دوعام بۆ ناکەیت؟

بەدەم شاردنەوەی نیگا مەکراوییەکەیەوە وتی:

-کەسی وەکو تۆ کچی حەڵاڵی پێ ڕەوایە.

ئەویش بە پێکەنینەوە وتی:

-کێ بەشوانی مەڕ ڕازی دەبێت؟

بەخت شتی سەیر دروست دەکات، ئەمڕۆ تۆ لە جێگەی شەقاوەکانیت بێ ئەوەی پێویستت بە خوێنڕشتن هەبێت.

- سوێند دەخۆم کە زمانت لە هەنگوین شیرینترە.

بە دوو چاوی پەژمووردەوە تەماشای کرد و وتی:

- ڕێگایەکی سەیرت پێ نیشان دەم؟

ئەویش ورووژانێکی کتوپڕ گرتییەوە و وتی:

- بەڵێ.

بەڕاشکاوییەکی ڕەشپێستانەوە وتی:

- بەختی خۆت تاقی بکەرەوە و داخوازیی خانمی گەڕەکەکەمان بکە.

هەموو شتێك لەبەرچاوی وەکو خۆی نەبوو، پرسی:

- سەکینە مەبەستت کێیە؟

- خۆت گێل مەکە لەوەی کە دەیڵێم تەنها خانمێك لە گەڕەکەکەماندا هەیە.

- خاتوو قەمەر؟

- کەسی دیکە نییە.

بە دەنگێکی خنکاوەوە وتی:

- مێردەکەی لە گەورە پیاوانی خێڵ بوو، منیش لە شوانێك بەولاوە هیچ نیم.

- بەڵام ئەگەر بەخت پێکەنی، هەموو شتێك لەگەڵیدا پێدەکەنێت، تەنانەت هەژارییش.

پرسی وەکو بڵێی لە خۆی دەپرسێت:

- ئایا داواکەم تووڕەی ناکات؟

سەکینە هەڵسا، وتی:

- کەس نازانێت ژن کەی ڕازی دەبێت و کەی تووڕە دەبێت و ناوی خوای لێبێنە.

پاشان کە دەڕۆیشت، وتی:

- بەخێر بەجێمهێشتی.

سەری بۆ ئاسمان بەرزکردەوە و هەردوو چاوی نووقاند وەکو بڵێی خەوگرتی.

## -٦٩-

مام زەکەریا بە حەپەسانەوە سەیری سەروچاوی قاسمی کرد، ژنەکەیشی وایکرد، حسێنیش وایکرد کاتێك لە دالانەکە دانیشتبوون لەبەردەم شووقەکەیان دوای نانخواردنی ئێوارە.

مامەکە وتی:

- قسەیەکی دیکە بکە، سەرەڕای ئەوەی هەژاریت، بە نموونەی ئەقڵ و کەرامەت دامناویت. سەرەڕای ئەوەی کە هەژارین، ئەقڵت چی لێهاتووە؟

لە چاوانی ئامۆژنەکەی تاسەیەکی ئاگاداربوون دیار کەوت، قاسم وتی:

- شتێکم هەیە کە هانم بدات کەنیزەکەی دەرگاکەی بۆ کردمەوە.

- کەنیزەکەی؟

قسەکە لە ئامۆژنەکەیەوە بوو چاوانی داوای زیاتریان دەکرد، بەڵام مامەکە پێکەنینێك لە زارییەوە دەرچوو، دووپاتکردنەوەی سەرسووڕمانەکەی بوو، پاشان بە گومانەوە وتی:



- دیارە خراپ لێی گەیشتووی؟

قاسم بە هێمنییەوە وتی بۆئەوەی هەڵچوونی خۆی داپۆشێت:

- نەخێر مامە.

ئامۆژنەکەی وتی:

- تێگەیشتم، ئەگەر کەنیزەکە بێڵێ واتا خانمەکە وتوویەتی.

حەسەن خۆشەویستییەکەی بۆ ئامۆزاکەی کە لە کەس شاراوە نییە، هانیدا بڵێ:

- قاسم پیاوێکەو نە گاڵتە.

مامە زەکەریا سەرێکی بادا و ورتەورتێکی لێوە هات (پەتاتەی کوێخا... پەتاتەی تەنوور).

- بەڵام فلسێکت نییە.

ژنەکەی وتی:

- ئەو شوانی مەڕەکەیەتی، ژنەکە ئەوە لەبیر ناکات (پاشان پێکەنی) قاسم وریابە لە ژیانتدا مەڕ سەر نەبڕیت لەبەر خاتری نیعمە.

حەسەن بە بیرکردنەوەوە وتی:

- مام عەویسی بەقاڵ مامەی خاتوو قەمەرە، دەوڵەمەندترین پیاوە لە گەڕەکەکەمان، دەبێتە غەزوورمان، وەکو چۆن سوارس خزممانە، ئەمە چەند جوانە؟

دایکی وتی:

- قەمەر خانم خزمی ئامینە خانی ژنی بەڕێوەبەرە. مێردە خوالێخۆشبووەکەی خزمی خانم بوو.

قاسم بە نیگەرانییەوە وتی:

- ئەمەیش مەسەلەکە زەحمەت دەکات.

مامە زەکەریا بە حەماسێکی کتوپڕەوە، وەکو بڵێی ئەوەی لەبەرچاو گرتبوو لەو خزمایەتییە کە پایەبەرز دەبن. وتی:

- قسە بکە کە چۆن لە ڕووداوەکەی نەجاد قسەت کرد، تۆ ئازا و دانایت، پێکەوە دەچین لەگەڵ خانمدا قسە دەکەین دواجار قسە لەگەڵ عەویسدا دەکەین، ئەگەر بە عەویس دەست پێ بکەین، ڕەوانەی شێتخانەمان دەکات.

کاروبار چۆن زەکەریا نەخشەی بۆ کێشابوو، ئاوها بەڕێوەچوو. لەبەر ئەوە مام عەویس لە ژووری میوانیماڵی قەمەرخان دانیشت و چاوەڕیی ژنەکە بوو و لەبەر شەڵەژاویی و بیرکردنەوە سمێڵەکەی بادەدا، قەمەر لە تۆی جلێکی موحتەشەمانە هات، سەری بە سەرپۆشێکی قاوەیی داپۆشیبوو، بە ئەدەبەوە ژنەکەی تەوقەی لەگەڵدا کرد و دانیشت و لە چاوانیدا نیگایەك لەنێوان هێمنی و سووربوونی کۆببووەوە. عەویس وتی:

- کیژم سەرسووڕماوت کردووم دوێنێ (مام مورسی)یت ڕەتکردەوە بریکاری ئیشەکانم بە بیانووی ئەوەی کە شایانی تۆ نییە، ئەمڕۆیش ڕازی دەبیت بە شوانێکی مەڕ!

وەڵامیدایەوە و لەبەر شەرم ڕووی سوور هەڵگەڕا:

- مامە، ڕاستە ئەو پیاوێکی هەژارە، بەڵام هەموو کەسێك لە گەڕەکەکەمان شایەتی بۆ دەدەن و بۆ کەسوکارە چاکەکەی.

مام عەویس چارەی گرژکرد و وتی:

- بەڵێ، بەڵام شایەتی دەدەین بۆ خزمەتکار بەوەی کە دەسپاك و خاوێنە، لێهاتوویی لە ژنهێناندا شتێکی دیکەیە.

قەمەر بە ئەدەبەوە وتی:

- مامە پیاوێکم پیشاندە لە گەڕەکەکەمان کە سەنگین بێت وەکو ئەو، پیاوێکم پێ پیشاندە کە شانازیی نەکات بە بەڵتەجێتی و بێقیمەتی یان بە دڕندەییەوە؟

کابرا خەریك بوو لە تووڕەییدا بتەقێتەوە ئەگەر بیری نەکەوتایەوە کە ئەو نەك قسە لەگەڵ برازاکەیدا دەکات، بگرە لەگەڵ ئەو ژنەی کە بە پارەیەکی باش بەشداریی لە بازرگانییەکەیدا دەکات، بۆیە بە تکاوە وتی:

- قەمەر بتەوێت بەمێردت دەدەم بە کام شەقاوە گەر بتەوێت لە گەڕەکەکەدا، (لەهیتە) ئەو خۆی تۆی دەوێت، ئەگەر بتەوێت لەگەڵ ژنەکانیدا بەشی بکەیت.

- حەزم لەو شەقاوانە نییە و نە ئەو جۆرە پیاوانە، باوکم وەکو تۆ پیاوێکی باش بوو، چەند دەردەسەریی بە دەستیانەوە بینی تا ئەو ڕقەی بۆ منیش بەجێهێشت، بەڵام قاسم پیاوێکی باشە وەکو تۆ، لە سامانم کەم نییە و سەر و زیادمە.

عەویس هەناسەیەکی هەڵکێشاو بە دوور و درێژی تەماشای کرد و پاشان بەدوا داواوە وتی:



- من پەیامی ئامینەخانم خێزانی بەڕێوەبەرت پێڕادەگەیەنم، پێی وتم با قەمەر ئاقڵ بێت، ئەو بەسەر هەڵەیەکدا دەڕوات دەمانکاتە گاڵتەجاڕی گەڕەك.

قەمەر بە توندیی وتی:

-من فەرمانەکانی خانم بەلامەوە گرنگ نییە، دیارە بە داخەوە نازانێت ئەوانە کێن کە بە کردەوەکانیان دەیانکەنە گاڵتەجاڕی گەڕەك.

- کچم ئەو کەرامەتی تۆی دەوێت.

- مامە بڕوامەکە کە ئەو بایەخمان پێدەدات یان تەنانەت بیری دەکەوینەوە، ماوەی دە ساڵە خوالێخۆشبوو مردووە تا ئێستا بەبیریدا نەهاتووین.

کابرا زۆر دوودڵ بوو بە ئیحراجێکی دیارەوە پاشان بە ئاخ و ئۆفێکی دیارەوە وتی:

- ئەوەیش دەڵێ کە ئەوە ئەقڵ نییە کە ژنێك مێرد بکات بە پیاوێکی ناشایستە، بەتایبەتی ئەگەر دۆخێکیش هەیە کە هاموشۆی ماڵەکەی دەکات.

قەمەر هەڵسایە سەرپێ و لە تووڕەییدا زەردهەڵگەڕا و وتی:

- زمانی بەبڕین چێت لەم گەڕەکە لەدایك بووم و پەروەردە بووم و مێردم کرد و بێوەژن کەوتم، هەموو دەمناسن و سەربووردەم وەکو عەترە لە هەموو زارێکدا.

- بێگومان کچم بێگومان، ئەو تەنها ئاماژە بەوە دەکات کە دەوترێت.

-مامە وازبێنە لە خانم لە سەریەشە بەولاوە هیچی تێدا بەسەر نییە، پێت دەڵێم و تۆ مامەمی کە من بە قاسم ڕازیم مێردی پێ بکەم، بە ڕەزامەندیی و ئامادەبوونی تۆ...

عەویس بێدەنگ بوو بیری دەکردەوە، نەیدەتوانی ڕێگای لێبگرێت یان تووڕەی بکات و پارەکەی لە بازرگانییەکەی بکێشێتەوە، ئەوە بوو بە شەڵەژان و خەمەوە سەیری نێوان هەردوو قاچی خۆی دەکرد، دەمی کردەوە شتێك بڵێ، بەڵام هیچی نەوت تەنها ورتەورتێکی نەزانراوی لێوەهات، قەمەریش بە خۆڕاگریی و سەبرەوە تەماشای دەکرد...

-٧٠-

مام زەکەریا هەندێ پارەی دایە برازاکەی —کە هەمووی بەقەرز وەریگرتبوو- بۆئەوەی باری خۆی چاك بکات بۆ ژنهێنان، مامەکە وتی:

- قاسم ئەگەر توانیبام بە پارە دامدەپۆشیت، باوکت پیاوێکی بەخشندە بوو، ئەوەیم لەبیر ناچێت ئەو ڕۆژەی کە ژنم هێنا.

قاسم دیشداشەی کڕی، جلی ژێرەوە، پشتوێنکی ڕەنگاوڕەنگ و پێڵاوێکی زەردی تۆخ و داردەستێکی حەیزەران و دوای ئەوە چوو بۆ گەرماو، خۆیدایە بەر هەڵمەکە، خۆی خستە حەوزەکەوە، پاشان چوو بۆ لای پشتشۆر، پاشان خۆی شۆری، دوایی خۆیدایە بەر هەڵمەکە، لەلایەکەوە پاڵکەوت و چای خواردەوە و خەونی خۆشی دەبینی، بەڵام قەمەر زەماوەندەکەی خستە ئەستۆی خۆی، سەربانی خانووەکەی ئامادە کرد بۆ پێشوازیی ژنە میوانەکان، ژنە گۆرانیبێژێکی ناسراوی بانگ کرد، دەستڕەنگینترین ئاشپەزی هێنا لە ناوچەکەدا، لە حەوشەکە کەپری دروستکرد بۆ داوەتکراوەکان و گۆرانیبێژەکان، کەسوکاری و برادەرەکانی و خەڵکی گەڕەك هاتن لە سەروویانەوە سەرکار سوارس بوو. پەرداخی بۆزە و بیست نەرگیلە پێشکەشکران، تا گلۆپەکان لە دووکەڵ نقووم بوون، بۆنی حەشیشەی فاخیر بڵاوبووەوە، سووچەکان هەلهەلە و قاقایان لێ بەرزبووەوە، مام زەکەریا وەکو یەکێك مەی سەری گێژکردبێت بە فیزەوە وتی:

- ئێمە لە بنەماڵەیەکی خانەدان و ڕەچەڵەکێکی دێرینین.

مام عەویس توڕەیی خۆی کپ کرد کە لەنێوان سوارس و مام زەکەریا دانیشتبوو، بە کورتی وتی:

- لەبەرئەوەی خزمی سەرکار سوارسن!

زەکەریا بەهێزەوە بانگی کرد و وتی:

- سەرکار سوارس هەزار جار.

خێرا سڵاوی کرد لە تەختەکەی سوارس و کابرایش بزەیەکە هاتێ و دەستی هەڵبڕی. شەقاوەکە لەمەوبەر بێزار دەبوو ئەگەر زەکەریا خۆی کردبایەتە خزمی، بەڵام هەستی خۆی گۆڕی بوو لەوەتەی زانی کە قاسم و قەمەر زەماوەند دەکەن. بگرە لەگەڵ خۆیدا بڕیاری دابوو کە قاسم لە سەرانە ئازاد نەکات. زەکەریا وتی:

- قاسم گەنجێکی خۆشەویستە و کەس نییە لە گەڕەکەکەمان خۆشی نەوێت.

وەکو بڵێی شتێك بێزاریی خوێندبێتەوە لە نیگاکەی سوارس، بۆیە هەڵیدایێ، وتی:

- ئەگەر داناییەکەی ڕۆژی دزییەکە نەبوایە، کەسی نەدەبینی لەسەری ڕەفاعە و جەبەل کە تیێلای شەقاوەکەمان سوارس بەرگریی لێ بکات.

سەروچاوی سوارس گەشایەوە، عەویس-یش قسەکەی زەکەریای بەڕاست سەلماند و وتی:

- بەهەقی ئەرز و ئاسمان ڕاست دەکەیت.



گۆرانیبێژ گۆرانی وت: کاتی بەیەکگەیشتن بە پیرۆزبایی نزیکبووەوە. قاسم زیاتر پەشۆکا و سادق هەستی بە حاڵی کرد وەکو هەمیشە هەمووجارێك کە وابوو، بادەیەکی تازەی شەرابی پێدا و هێشتا تا بەدمەستی هەڵێڕشتە ناوسکییەوە. هێشتا نەرگیلەکەی بەدەستەوە بوو.

حەسەن شەرابی زۆر خواردەوە تا کۆڵەکەی کەپرەکان لەبەرچاوی سەمایان دەکرد، مام عەویس سەرنجی ئەوەی دا و لەگەڵ مام زەکەریا قسەی کرد و وتی:

- حەسەن زیاتر لە تەمەنی خۆی دەخواتەوە.

زەکەریا وەستاو بادەکە بەدەستییەوە بوو و بە کوڕەکەی وت وەکو بڵێی ئامۆژگاریی دەکرد:

- حەسەن بەو شێوەیە مەخۆرەوە.

(بەو شێوەیە) وەریگێڕا بە بەتاڵکردنی بادەکە لەناو سکیدا، لەگەڵ غەڵبەغەڵبێکی پێکەنین و خۆشنوودیدا، ڕقبوونەوە لە ناوەوەی عەویسدا پێچی خواردەوە تا لەبەر خۆیەوە وتی: (ئەگەر گەمژەیی کیژی براکەم نەبوایە ئەگینا ئەو هەمووەی ئەمشەو خواردەتەوە، هەرچیت هەبوو لەسەرت دادەنا...).

لە نیوەشەودا قاسم بانگکرا بۆ زەماوەندەکە و دەعوەتکراوەکان چوون بۆ قاوەخانەکەی (دنجل) و لە سەروویانەوە سوارس خاوەن زەماوەند و پارێزەرەکەی بوو. گەڕەکەکە لە دەرەوەدا پڕبوو لە مێردمنداڵان و سواڵکەر و پشیلە کە چووبوون بە دەنگی بۆنی چێشتەکانەوە.

قاسم لەنێوان حەسەن و سادق دانیشت و دنجل سڵاوی لێ کردن و بە شاگردەکەی وت:

- دەی ئەم شەوە خۆشییە، کورە نەرگیلە بۆ کوڕانی مەرد.

پاشان هەر خۆشحاڵێك نەرگیلەی لەسەر حیسابی خۆی دەدا بە هەمووان. گۆرانیبێژەکان هاتن و لەپێشەوەیان دەهۆڵ و زوورنا لێدەرەکان بوون، سوارس وەستا و بە دەنگێکی فەرماندانەوە وتی:

- با بیکەین بەشایی.

پێشکەوت وەکو دەستپێکردنی شاییەکە، لەتۆی دیشداشەیەکی لەسەر گۆشتەکەی، بەپێی پەتی سەمای دەکرد و تێلایەکی خستبووە سەر سەری. لەدوایەوە گۆرانیبێژەکان دەڕۆیشتن، ئەنجا سوارس، پاشان کەژاوەی زاوا لەنێوان هەردوو برادەرەکەیدا، هەڵگرانی شاپلێتەکان لە دەوری هەمووان بوون، گۆرانیبێژێك بە دەنگێکی خۆش دەیوت:

یەکەم وای لەم چاوەم
دووەم وای لەم دەستەم
سێیەم وای لەم قاچەم
ئەسڵەن کە لەگەڵ یاردا تێکەڵ بووین
هەر کە سڵاوم لێی کرد بەم دەستەم سڵاوم لێی کرد
ئەوەی بردمی بۆلای خۆشەویستەکەم ئەم قاچەم بوو.

ئاه و ئۆف لە زارە سەرخۆشە سڕەکانەوە بەرزبووەوە و کەژاوەکەیش ڕێگای خۆی گرتبووە بەر بەرەو جەمالیە، ماڵی قازی حسێن لە دەڕاسە بوو، شەویش بەدزیی بەختەوەرانەوە خۆی دەپێچایەوە. شاییەکە وەکو چۆن ڕۆیی ئاوها بەخۆشی و بێشییەوە گەڕایەوە. شاییەکە یەکەم شایی بوو کە بە ئاسوودەیی لە گەڕەکەکەدا بەڕێوەچوو، نە تێڵا بەرزکرایەوە و نەخوێن ڕژا. گۆرانی تاوی لە زەکەریا سەندبوو، بۆیە داردەستەکەی گرتە دەستەوە و دەستی کرد بە سەماکردن، بە داردەستەکەی یاریی دەکرد و خۆی بادەدا، جارێك سەری ڕادەوەشاند و جارێك سنگی و جارێکیش ناوتەنگای بادەدا. بە جووڵانەوە نەرمەکانی وێنای شێوەی کوشتار و شێوەی بەیەکگەیشتنی دەکرد، پاشان بەدەوری خۆیدا سووڕایەوە، بانگەشە بوو بە باشترین کۆتاییهێنان لەنێوان هەلهەلە و چەپڵەڕێزاندا... ئەوسا قاسم چوو بۆلای ژووری ژنان. بینی قەمەر دانیشتووە لەلای دوو ڕیزی لە ژنە داوەتکراوەکان، لەنێوان شەپۆلی هەلهەلەدا بەرەو ڕووی ڕۆیشت، لە دەستی گرت و ئەویش هەڵسا، پاشان پێکەوە ڕۆیشتن و ژنە سەماکەرێك پێشیان کەوت وەکو بڵێی دوا وانەیان دەداتێ، تا ژووری زاوا و بووکێنی لەخۆی گرتن، هەر کە دەرگای ژوورەکەیان داخست، بەتەواوەتی لە جیهانی دەرەوەیان دابڕان کە بێدەنگیی گرتییەوە، جگە چرپەچرپی هێواش یان دەنگی پێ نەبێت. لەچاو ترووکاندنێکدا چاوی خشاند بە نوێنێکی گوڵێن و قەنەفەیەکی نەرمونیان و بەڕەیەکی نیتك نیتکەوە، ئەو شتانەی کە بەخەیاڵی ئەودا نەهاتووە، پاشان چاوی لەسەر ئەو ژنە جێگیربوو کە دانیشتبوو، ئاڵاو واڵاکەی لەسەری خۆی دادەماڵی. بینی ژنێکی دامەزراوە و توونددوپڕ و خرپن و جوان و نازدارە. دیوارەکان سەیریان دەکرد کە ڕووناك و



درەوشاوەیە، هەموو شتێکی لەنێوان شڵەژان و خرۆشان و خۆشنوودییەکدا دەبینی کە ڕادەبەدەر بوو.

بە دیشداشە ئاوریشمەکەیەوە لە ژنەکە نزیك بووەوە و جەستەی گڕی لێ هەڵدەستا و تێکەڵ بە درەوشانەوە بوو، تا لەبەردەمیدا وەستا و لە بەرزییەوە تەماشای دەکرد و چاوی ڕۆچووبوو وەکو بڵێی چاوەڕێکردن بوو، بە هەردوو دەستی سەروچاوی گرت پاشان ویستی شتێك بڵێت، بەڵام دیاربوو پەشیمان بووەوە. هێندە چەمایەوە تا کەزیەکانی قژەکەی بە هەناسەی لەرینەوە، پاشان ناوچەوان و هەردوو گۆنای ڕامۆسی. بۆنی مخوور هات بەلووتیدا، کە لەپشتی دەرگاکەوە دەهات، دەنگی (سەکینە) هاتە گوێی کە دوعایەکی نەزانراوی دەخوێند...

## -٧١-

شەوان و ڕۆژانێك لە خۆشەویستی و دڵنەوایی و سەر ڕەحەتیی بەسەرچوون، بەختەوەریی چەند خۆشە لەم دنیایەدا. لە ماڵ نەدەهاتە دەرەوە، جگە لەبەر شەرم نەبێت نەبا پێی بڵێن نایەتە دەرەوە، لەوەتەی ژنی هێناوە، دڵی پڕبوو لە جۆشی خۆشی تا مەست بوو. هەرچی ویست لە سۆزوحەنین و بایەخپێدان، بۆی دەستەبەر بوو، حەزی لە پاکوتەمیزیی بوو، دەبینرا پەرداخ و ڕێکپۆش بوو، لە کەسێکی پڕ لە مخووڕ بوو، ژنێکیش کە بە خۆڕازانەوە نەبێت خۆی بۆ دەرناخات، سەروچاوگەش، ڕووخۆش، ڕۆژێکیان ژنەکەی پێی وت کاتێك بەتەك یەکەوە دانیشتبوون لە ژووری دانیشتندا:

- دەتبینم بەرخێکی ڕۆحسووکی، نە داوادەکەیت و نە فەرمان دەدەیت و نە بێزار دەبیت، هەرچیش لە ماڵەکەدا هەیە هی تۆن.

گەمەی بە کەزیەکی قژەکەی کرد کە بە خەنە بۆیاغی کردبوو، وتی:

- گەیشتوومەتە دۆخێك کە پێویستی هیچ شتێك ناکات.

ژنەکە بەتووندیی دەستی گوشی و وتی:

- پێشەکی دڵم قسەی بۆ کردم کە تۆ باشترین پیاوی لە گەڕەکەکەماندا، بەڵام لەبەر بەئەدەبیت وا دەردەکەوێت کە نامۆیت لە ماڵەکەی خۆتدا. بۆ نازانیت ئەوە ئازارم دەدات؟

- تۆ لەگەڵ پیاوێکدا قسەی دەکەیت کە بەختەوەرییەکەی هەڵیگرتووە لە لمە سووتێنەرەکانەوە بۆ بەهەشتی ئەم ماڵە بەختەوەرە.

خۆی بەجدی دەرخست ئەگەرچی بزە بەسەریدا زاڵ بوو، وتی:

- پێت وا نەبێت کە لە ماڵەکەمدا ئاسوودەیی دەبینی، ئەمڕۆ یان سبەی لە بەڕێوەبردنی موڵکەکانمدا جێگای مامەم دەگریتەوە، ئایا ئەوە گرانە؟

پێکەنی و وتی:

- ئەوە بەگوێرەی شوانی گەمەیە.

بۆ سەرپەرشتیاری ماڵ و موڵکەکەی ژنەکە کە لە هەردوو گەڕەکی مشکەکوێرەکان و جەمالیە بوو. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو خەڵکە دڕانەدا پێویستی بە زمانشرینی بوو، ئەوەبوو بە زمانشیرینییەکەی بەباشی مەسەلەکانی چارەسەرکرد. ئیشەکە هێندە کاتەکەی نەدەگرتەوە جگە چەند ڕۆژێك نەبێت لە مانگێکدا، جگە لەوە دەستبەتاڵییەکی ئەوتۆی هەبوو کە لەمەوبەر ئاشنای نەبووبوو. بێگومان گەورەترین سەرکەوتن کە بەدەستی هێنا، ئەویش دەسکەوتنی متمانەی عەویس مامەی ژنەکەی بوو. سەرەتا ڕێز و حورمەتێکی بۆ دانا و خۆی تەرخان کرد بۆ یارمەتیدانی لە هەندێ کاروباردا:

تا کابراکە ئاشنای بوو خۆشەویستی بە خۆشەویستی و ڕێزی بەڕێز دایەوە، کابرا خۆی نەگرت کە ڕۆژێکیان بەڕاشکاویی پێی وت:

- بەڕاستی هەندێ جار گومانکردن گوناهە! ئایا نازانیت کە هەستم دەکرد تۆ لە بەرمەجییەکانی گەڕەکەکەمانیت؟ سۆزی کچە برازاکەم دەورووژێنی بۆئەوەی ماڵ و موڵکەکەی لەدەست بکەیتەوە و تەخشان و پەخشانی بکەیتەوە لە ڕابواردنی خۆتدا یان ژنێکی دیکەی پێ بهێنیت! بەڵام سەلماندت کە تۆ پیاوێکی سەر ڕاستیت، ئەویش هەڵبژاردنی چاکی کردووە.

لە قاوەخانەکە (دنجل) سادق بەخۆشی و بێدەنگی پێی دەوت:

- نەرگیلەمان بۆ بێنە لەسەر حیساب، کە دەبێت پیاوانی سەرگەورەی وەکو تۆ بیکات.

حەسەن پێی دەوت:

- بۆچی نامانبەیت بۆ مەیخانە؟

بەڵام بەجدییەوە وەڵامیدایەوە!

- پارەم نییە تەنها ئەوە نەبێت کە بەرامبەر بەڕێوەبردنی موڵکەکانی ژنەکەم وەریدەگرم، یان لەبری ئەو خزمەتانەی کە بۆ مام عەوەیسی دەکەم.



سادق سەیری هات پاشان بە ئامۆژگاریکردنەوە وتی:

- ژنی عاشق گەمەی دەستی پیاوە...

-جگە لەوە مەگەر پیاوەکەیشی خۆشی بوێت وەکو ئەو.

پاشان کە بە نیگایەکی گلەییەوە تەماشای کرد!

- سادق تۆیش وەکو خەڵکی گەڕەکەکەمان خۆشەویستیی تەنها لەوەدا دەبینن کە بۆ دەسخەڕۆکردنە.

سادق بەشەرمەوە بزە گرتی و وەکو یەکێك داوای لێبووردن بکات وتی:

- کەسانی بێدەسەڵات ئاوها بیردەکەنەوە، هێزی حەسەنمان نییە، تەنها وەکو هێزی تۆیش، بەتەمای شەقاوەیەکیش دەستلێوەشێنراو بێت...

قاسم تۆنی تووڕەبوونەکەی گۆڕی وەکو بڵێی لێبووردنەکەی قبووڵ کرد و وتی:

- کە گەڕەکێکی سەیرە، ڕاست دەکەیت سادق، حاڵی گەڕەکەکەمان مایەی بەزەیی پێداهاتنەوەیە...

حەسەن بە زەردەخەنەوە وتی:

- ئای ئەگەر وابووایە کە خەڵکی لە دەرەوە هەستی پێ دەکەن!

سادق بڕوای بە قسەکەی کرد و وتی:

- دەڵێن گەڕەکی جەبەلاویە! گەڕەکی شەقاوە ئازاکانە.

خەمۆکیی لە سەروچاوی قاسم بەدەرکەوت، چاوێکی بڕیە دانیشتنەکەی سوارس لەبەردەم قاوەخانەکەدا بۆئەوەی دڵنیابێت کە دوورە لە بیستنی ئەوانەوە و وتی:

- وەکو بڵێی بەدبەختی ئێمە نابیستن.

خەڵکی هێز دەپەرستن، تەنانەت قوربانییەکانیشی.

قاسم زۆر بیری کردەوە و پاشان وتی:

- عیبرەت لەهێز ئەوەیە کە خێر دروست دەکات، وەکو هێزەکەی جەبەل و هێزەکەی ڕەفاعە، نەك هێزی بەڵتەجییەکان و تاوانبارەکان.

(تازە)ی شایەریش بەردەوام بوو لە چیرۆکەکەی و دەیوت:

((ئەدهەم پێی وت:

قەدری بە دەنگێکی نووزەوە وتی:

- ناتوانم...

- تۆ دەتوانیت بیکوژیت.

- باوکە ناتوانم...

- مەڵێ ((باوکە)) ئەوەی بکوژی برای خۆی بێت باوکی نییە، دایکی نییە، برای نییە.

- ناتوانم...

بەتووندیی چنگی لێ گیرکرد و وتی:

- دەبێت بکوژ قوربانییەکەی خۆی هەڵگرێت...

پاشان شایەرەکە ڕەبابەکەی گرتە دەستەوە و دەستی بەگۆرانیوتن کرد، ئەوسا سادق بە قاسمی وت:

- ئەمڕۆ تۆ ئەو ژیانە دەژیت کە ئەدەهەم خەونی پێوە دەبینی.

نارەزایی لە سەروچاوی قاسم دەرکەوت و وتی:

- بەڵام لە هەر هەنگاوێکدا تووشی هۆیەك لە هۆیەکانی ناخۆشی و شپرزەیی دەبم، ئەدهەم بیری لە دەسبەتاڵی و زۆربوونی ڕزق کردەوە بەوەی کە ڕێگایەکن بۆ بەختەوەریی پاکوبێگەرد.

هەرسێکیان بێدەنگ بوون تا حەسەن بە بەرائەتەوە وتی:

ئەم بەختەوەرییە پاکوبێگەردەیش ناکرێت هەتا هەتایە بمێنێت...!

لە چاوی قاسم نیگایەکی خەوناویی بەدەرکەوت و وتی:

- مەگەر تەنها هۆیەکانی بۆ هەمووان فەراهەم بکرێت...

لە مەسەلەکە بیری کردەوە، کە ئەو پارە و دەستبەتاڵیی هەیە، بەڵام بەدبەختیی ئەوانی دیکە بەختەوەرییەکەی لێ تێك دەدەن. ئەوەتا بە دەستەوسانی سەرانە دەدات بە سوارس. بۆیە دەیەوێت بۆشایی خۆی بەئیشکردن پڕکاتەوە. وەکو بڵێی لە خۆی ڕایدەکرد، یان لە گەڕەکە دڵڕەقەکەی هەڵدەهات، ئەگەر ئەدهەم ئەوەی ئاواتی بوو دەستی بکەوتایە کە وەکو دۆخی ئەم بووایە لە بەختەوەریی وەڕز دەبوو، پەرۆشی ئیشکردن دەبوو. لەو ڕۆژانەدا (قەمەر) دەرکەوتەی سەیری لێ روویدەدا، (سەکینە) وتی دەرکەوتنی بێزووکردنە، قەمەریش باوەڕی نەدەکرد. ئاواتی بەسك پڕبوون خەونێك بوو لە خەونەکانی. بۆیە خۆشی فریوی نەدا، قاسم دڵی پڕبوو لە خۆشی تا هەواڵەکەی لە هەموو سووچ و قوژبنێك کە خۆشەویستی لێ هەبوو، بڵاوکردەوە، ماڵی مامەکەی و دوکانی مسگەرەکە و بە قاڵەکەی



مام عەویس و کوختەکەی سەرکار (یەحیا) پێیان زانی. قەمەر لە بایەخدان بەخۆی زیادەڕۆیی کرد، بە قاسمی وت بەدەم و دوویەکی بەواتاوە:

- دەبێت خۆم لە هەموو ماندووکردنێك دوورخەمەوە. ئەویش بە بزەی کەسێکەوە وتی کە هەستی کرد مەبەستی چییە:

- دەبێت سەکینە ئیشوکاری ماڵەوە بکات و دەبێت پشووم هەبێت:

ماچێکی کرد و بە نازی منداڵانەوە وتی:

- دەمەوێت بۆ سوپاسکردن زەویش ماچ بکەم.

دەرچووە دەرەوە بۆ چۆڵەوانییەکە بۆئەوەی سەردانی سەرکار (یەحیا) بکات، بەڵام لەلای تاشە بەردەکەی (هند) ڕاوەستا، چوو لەژێر سێبەرەکەی دانیشت. لە دوورەوە شوانێکی بینی مەڕی دەلەوەڕاند، دڵی پڕبوو لە سۆز، ئاواتی ئەوە بوو پێی بڵێ: کە مرۆڤ تەنها بە شەقاوەیەتی بەختەوەر نابێت. بگرە مرۆڤ هەرگیز بە شەقاوەیەتی بەختەوەر نابێت، بەڵام چاکتر وانییە کە ئەمە بە شەقاوەکانی وەکو (لە هیتەو سوارس) بڵێت؟ چەند سۆزناکە بەرامبەر منداڵانی گەڕەکەکەی، ئەوانەی بێهوودە خەون بە بەختەوەرییەوە دەبینن، پاشان هەر زوو ڕۆژەکان خەونەکانیان لەگەڵ خاشاکدا تووردەداتە زبڵدانەوە. بۆچی لەزەت لەو بەختەوەرییە وەرناگیرێت کە لە بەردەستیدایە و چاو بنووقێنێت لەوەی کە لە دەوروبەریەتی؟ لەوانەیە ئەم پرسیارە ڕۆژێکیان جەبەلی سەرسووڕماو کرد بێت، هەروەکو ڕۆژێکی دیکە ڕەفاعەی سەرسووڕماو کردبوو. دەیانتوانی چێژ لە ئاسودەیی وەرگرن و ئاسوودەبوونایە و هێمن بوونایە، نهێنی ئەم ئەشکەنجەیە چییە کە ڕاوەدوومان دەنێت؟ تێ ڕامابوو کاتێك تەماشای ئاسمانی سەر چیاکەی دەکرد، ئاسمانێکی ساماڵ جگە هەندێ پەڵەهەوری بچووکی پەرشوبڵاو وەکو پەڕەی گوڵی سپی. سەری نەویکرد دەتوت ماندووە، چاوی کەوت بە شتێك دەجوولایەوە، دیاربوو دووپشکێك بوو بەرەو کونێك دەڕۆیشت، خێرا داردەستەکەی بەرزکردەوە و پێیداکێشا و پلیشانییەوە، بە بێزهاتنەوە زۆر تەماشای کرد، پاشان هەڵسا بۆئەوەی لە گەشتەکەی بەردەوام بێت.

## -٧٢-

ماڵی قاسم پێشوازیی لە ژیانێکی نوێ کرد، هەژارانی گەڕەك بەشداریی خۆشییەکەی بوون. وەکو دایکی ناوی کیژەکە نرا ئیسحان کە نەدیبوو، بە لەدایکبوونی کیژە منداڵەکە،

ماڵەکە ڕەنگی نوێی لە گریان و پیسوپۆخڵی و شەوخونی بە خۆیەوە بینی، بەڵام پێی خۆش و ڕەزامەندییەکەی زیادی کرد، بەڵام بۆچی باوکەکە هەندێ جار ناخ سەرگەردان و نیگا سەرگەردان بوو، وەکو بڵێی خەم و خەفەتێك دایدەگرت؟ لەبەر ئەوە ژنەکە زۆر نیگەران بوو تا جارێکیان لێی پرسی:

- ئایا تەندروستیت باش نییە؟

- بەڵێ...

بەڵام وەکو جاران نیت؟

چاوی وەرگێڕا لێی و وتی:

- خواوەند خۆی بە حاڵم دەزانێت...

دوای دوودڵی لێی پرسی:

ئایا شتێك لە ئێمەوە دەرچووە کە حەزت لێ نییە؟

بەهێزەوە وتی:

- کەس ئەوەندەی تۆ لەلام خۆشەویست نییە، تەنانەت کیژە بچووکە ئازیزەکەشمان.

ئەویش هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- لەوانەیە چاوەزار بێت!

بە زەردەخەنەوە وتی:

- لەوانەیە...!

ترسی دەرکرد و هەڵم ڕێژەی کرد و لە دڵەوە دوعای بۆ دەکرد. ژنەکە شەوێکیان بەدەم گریانی (ئیحسان)ەوە هەڵسا و بینی ئەو بەتەنیشتییەوە نییە. یەکەمجار پێی وابوو کە هێشتا لە شەوچەرەی قاوەخانە نەهاتووەتەوە، بەڵام هەر کە کیژە بچووکەکە لە گریانی بووەوە، سەرنجی دا کە گەڕەکەکە لە بێدەنگییەکی قووڵدا نوقم بووە، ئەمەش ئاساییە کە دوای داخستنی قاوەخانەکان بە ماوەیەکی درێژ ڕوودەدات، گومان دایگرت، هەڵسا و چووە بەر پەنجەرەکە و سەری لێوەی دەرهێنا، تاریکییەکی گشتگیری بینی، گەڕەکە لە خەونقوومبووەکەی پێچابووەوە. گەڕایەوە لای کیژە منداڵەکە کە دەستی کردبووەوە گریان، مەمکی نایە دەمی، دەستی کرد بە پرسیارکردن کەچی تائێستا دوای خستووە بۆ یەکەمجار لە ژیانی هاوبەشیاندا. ئیحسان خەوی لێکەوت و لە نوێنەکەی هەڵسا و چوو بۆ لای پەنجەرەیەکی دیکە، هەر کە گوێی لە هیچ نەبوو، دەرچووە دەرەوە بۆ هەیوانەکە و



سەکینەی لە خەو هەڵسان. کەنیزەکە وەکو شێت ڕاپەڕی، پاشان هەڵسایەوە سەرپێ بە ترسەوە ڕاوەستا، خانمەکەی پێی ڕاگەیاند کە بۆچی پەنای بۆ ئەم بردووە، یەکسەر کە نیزەکە بڕیاری دا کە بچێت بۆ لای مام زەکەریا و پرسیاری ئاغاکەی لێ بکات. قەمەر لە خۆی پرسی چی تا ئێستا لە ماڵەکەی مامەی دەیهێڵێتەوە، وەڵامی هیوابڕی بۆ هات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگای لێ نەگرت کە بچێت، لەوانەیە هەردووکیان بەدوای چاوەڕواننەکراوەوە ڕایانکردبێت، یان بەلانیکەمەوە پەنابردن بۆ مامەکەی لە سەرسووڕمانەکەیدا. هەر کە سەکینە ڕۆیشت جارێکی دیکە پرسی چی دوای خستووە. لەبەر ئەو هۆیە کە میزاجی گۆڕابوو؟ ئایا پەیوەندیی هەیە بەو پیاسانەی کە دەمەو عەسران و ئێواران دەیکرد بۆ چۆڵەوانییەکە؟ مام زەکەریا و حەسەن بەدەم بانگکردنی سەکینەوە بە بێزارییی هەڵسان. حەسەن وتی کە قاسم لە شەوچەرەی ئەو شەوە لەگەڵیدا نەبووە، مام زەکەریا پرسی کە برازاکەی کەی لە ماڵەکەی چووەتە دەرەوە، سەکینە وەڵامیدایەوە کە بەر لە عەسر بوو، هەرسێکیان چوون بۆ سەراکە، حەسەن چوو بۆ سەراکەی تەنیشت، پاشان گەڕایەوە و سادقی لەگەڵدا بوو، بە تۆنێکی نیگەرانەوە وتی:

- خەریکە بەرەبەیان بدات! دەبێ بۆ کوێ چووبێت؟

حەسەن وتی:

- لەوانەیە لەلای تاشەبەردەکە خەوی لێکەوتبێت.

مام زەکەریا فەرمانی دا بە کەنیزەکە کە بچێتەوە بۆ لای خانمەکەی و پێی بڵێت کە چوون لە (فەتانە) بەدوایەوە بگەڕێن، هەرسێکیان چوون بۆ چۆڵەوانییەکە، هەستیان بە تەڕشوعی شەوی پاییز کرد و ئەویش لەوە دەرکەوت کە پارچەیەك بە ئەستێرە ڕازاوە ئاسمانی ڕەشی لێ کشابووەوە. حەسەن بانگی کرد و وەکو پرشی ئەستێرە ئاسمانی شەق کرد: ((قاسم... هۆ قاسم)) زایەڵەکەی بۆ گەڕایەوە لەلای موقەتەمەوە و بانگەوازەکەی دووبارە دەکردەوە.

پێیان هەڵگرت تا گەیشتنە تاشەبەردەکەی (هند)، بە دەوریدا سوڕانەوە، شوێنەکەیان دەپشکنی، بەڵام هیچ شوێنەوارێکیان نەدۆزییەوە. مام زەکەریا بە دەنگێکی گڕ پرسی:

- بۆ کوێ چوو؟ نە ئەو خەڵکی ڕابواردنە و نە خاوەن دوژمنە...!

حەسەن بەسەرسوڕمانەوە ورتەورتێکی لێوەهات:

- هیچ هۆیەکی دیکە نییە بۆئەوەی ڕابکات!

سادق بیری کەوتەوە کە چۆڵەوانییەکە بەبێ ڕێگر نییە، دڵی ڕۆچووە نێو سنگییەوە بێ ئەوەی هیچ بڵێ، ئەوە بوو زەکەریا بەساردییەوە پرسیاری کرد:

- دەبێت لەلای سەرکار یەحیا نەبێت؟

هەردوو گەنجەکە بانگیان کرد پێکەوە وەکو فریاکەوتنی بێ ئومێدیی:

- سەرکار یەحیا...!

بەڵام زەکەریا بەبێزاریی پرسیاری کرد:

- چی وایلێکردووە لەلای ئەو بمێنێتەوە؟

چوون بەلای دەوروبەری چـۆڵەوانییەکەدا، بەبێـدەنگیی بیرکردنـەوەی ڕەش دەیهێنـان و دەیبردن، لە دوورەوە گوێیان لە قووقەی کەڵەشێر بوو، بەڵام تاریکییەکە تەنك نەبوو بووەوە تا هەورەکان چڕ بوونەوە. سادق دەنگێکی لێوەهات وەکو هەنسکێك و وتی: ((قاسم تۆ لـە کوێیت!)). گەشتەکە نەزۆك بوو، بەڵام لە ڕۆیشتن بەردەوام بوون تا لەبـەردەم کوختەکـەی یەحیای نووقمبوو لە خەودا وەستان. زەکەریا چووە پێشـەوە و بـە مشـتی دای لـە دەرگـا، دەنگی سەرکار هات و دەیپرسی:

- کێ لە دەرگایە؟

دەرگاکەی کردەوە و تارماییەکەی دەرکەوت و خۆی دابووە سەر داردەستەکەی و زەکەریا بە داوای لێبووردنەوە وتی:

- لێمان مەگرە هاتووین لە قاسم دەپرسین...

- سەردانێکی پێشبینیکراو بوو.

یەکەجار قسەکەی دەروونی هێورکردەوە، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچـوو نیگـەرانیی بۆیـان گەڕایەوە و زەکەریا پرسی:

- لەبارەیەوە هەواڵت هەیە؟

- لە ژوورەوە نووستووە!

- چاکە؟

- ئینشەڵڵا...

پاشان بە ئاسانییەکی بەمەبەستەوە وتی:

- ئێستا باشە، بەڵام هەندێ لە دراوسێکانم کە لە (عەتووف)ەوە دەهـاتن بینیبوویـان لەلای تاشەبەردەکەی (هند) لە هۆش خۆی چووە، هێنایان بـۆ لای مـن، هەنـدێ عـەترم



بەسەروچاویدا کرد و هاتەوە سەرخۆی، بەڵام ماندوو دیاربوو، لێگەڕام بخـەوێت، ئەوەنـدەی پێ نەچوو خەو بردییەوە...

زەکەریا بەگلەییەوە وتی:

- دەبوو خەبەرت بداینایە...

بەهەمان هێمنی وتی:

- لە نیوەشەودا هێنایان کەسم نەدۆزییەوە بینێرم بۆ لات...

سادق بە نیگەرانییەوە وتی:

بێگومان نەخۆشە.

پیرەمێردەکە وتی:

- بە باشترین حاڵ بەخەبەر دێتەوە...

حەسەن وتی:

- با هەڵیسێنین تا لێی دڵنیابین...

بەڵام یەحیا بەحەزمەوە وتی:

- بەڵکو دەبێت چاوەڕێ بین تا بەئاگادێتەوە...

-٧٣-

لەسەر نوێنەکە دانیشتبوو، پشـتی دابـوو بەسـەرینەکەوە، پۆشـینەکەی دابـووە سـەر خۆیەوە تا سەرەوەی سنگی، چاوەکانی نیگایەکی بیرکردنەوەیان نیشـاندەدا، قەمـەر لەبـەر پێی چوارمشقی دانیشتبوو، (ئیحسان)ی لە باوەش بوو، کیژەکەیش بەبێ وەسـتا هـەردوو دەستە بچووکەکەی دەجووڵاندەوە، دەنگی نەرم و سەیری لێوە دەهـات کـەس هـیچ لـەبارەی نهێنییەکانی نەدەزانی. لە ناوەڕاستی ژوورەکەوە مخوور لە مخووڕدانەکەوە بەرزبووەوە، پێچـی دەخوارد، پاشان تێکدەشکا و بڵاودەبووەوە، بۆنێکی خۆشی دەردا وەکـو بڵێـی نهێنییـەکی خۆشی دەدرکاند، پیاوەکە دەستێکی درێژکرد بۆ خوانەکـەی نزیـك نوێنەکـە و پـەرداخێك کراوەی هەڵگرت، تۆزێکی لێ خواردەوە، پاشـان گەڕایـەوە و هیچـی تێـدا نـەبوو جگـە چۆڕێك نـەبێت، ژنەکـەش کـە لەگـەڵ کچـە منداڵەکـەدا گەمـەی دەکـرد، بـەڵام نیگـا نیگەرانـەکانی لـە مێردەکـەی بـوو، دیـاربوو گەمـەکردن و خۆخڵافاندنەکـە تـەنها بـۆ خەفەکردنی هەستەکانی بوو، دواجار لێی پرسی:

- ئێستا تۆ چۆنی؟

سەری بە جووڵەیەکی خۆڕسك رووکردە دەرگا داخراوەکە، پاشان گەڕایەوە لای و بەهێورییەوە وتی:

- هیچ نەخۆشیەکم نییە...

لە چاوەکانی ژنەکەدا نیگایەکی سەرسوڕماوانە بەدیارکەوت و وتی:

پێم خۆشە گوێم لەمەبێت، بەڵام توخوا پێم بڵێ چیتە؟

وەکو دوودڵێك دیاربوو، پاشان وتی:

- نازانم، نەخێر، ئەمە ئەوە نییە کە بوترێت، من هەموو شتێ دەزانم، بەڵام... ڕاستی بێ دەترسم ڕۆژانی سەررەحەتی بەسەرچووبێت...

ئیحسان لەپڕ دەستی بەگریان کرد، خێرا مەمکی نایە دەمی، پاشان سەیری کرد و بەنیگەرانییەوە تێی دەڕوانی و پرسیاری کرد:

- بۆچی؟

هەناسەیەکی هەڵکێشا و ئاماژەی بۆ سنگی کرد و وتی:

- لێرەدا نهێنییەکی گەورەم هەیە، لەوە گەورەترە کە بە تەنیا هەڵیگرم...

ژنەکە نیگەرانییەکەی زیاتر بوو، بەپەرۆشییەوە وتی:

- قاسم پێم بڵێ چییە؟

تۆزێك دانیشتنەکەی ڕێککردەوە و چاوەکانی جدیی و سووربوونیان ڕەنگدەدایەوە و وتی:

بۆ یەکەمجارە دەیدرکێنم، تۆ یەکەم کەسیت کە دەیبیستی، بەڵام دەبێت بڕوا بکەیت کە بەوەی دەیڵێم، ئەوەیشی دەیڵێم، ڕاستە دوێنێ شەو شتێکی سەیر روویدا، لەوێ لەژێر تاشەبەردەکەی هند، خۆم بەتەنیا بووم لە شەو و چۆڵەوانییەکەدا.

تفی قوت دا، ژنەکەشی بە نیگایەکی گەرم هانی دەدا، پاشان وتی:

- دانیشتبووم سەیری ڕۆیشتنی مانگی یەك شەوەم دەکرد کە لەپڕێکدا هەورەکان دایانپۆشی، بووە تاریکی تا بیرم کردەوە هەڵسم، دەنگێکی نزیك لەپڕ وتی: ((قاسم ئێوارەت باش، منیش لەبەر کتوپڕیی رووداوەکە داچڵەکیم، کە هیچ دەنگێك یان جووڵەیەك پێشی نەکەوت و سەرم هەڵبڕی، تارمایی کابرایەکم بینی لە دووریی هەنگاوێك لە دانیشتنەکەم وەستاوە، سەروچاویم نەبینی، بەڵام کڵاوە سپی و عەباکەیم بەدیکرد کە



خۆی پێچابووەوە، پێم وت و تووڕەیی خۆم شاردەوە ((ئێوارە باش! تۆ کێی؟)) وەڵامیدایەوە: ((بەڵام پێت وایە کێ بێت کە وەڵامیدایەوە؟...

قەمەر بەوەڕزییەوە سەری لەقاند و وتی:

- قسەبکە سەبرم نەما...

پێی وتم: ((من قەندیل))م، سەیرم هات بە ئیشەکەی و پێم وت: ((لێم مەگرە...))، قسەی پێ بڕیم و وتی: ((من قەندیلی خزمەتکاری جەبەلاویم!)).

ژنەکە وتی:

- پیاوەکە چی وت؟

- قەندیل وتی من خزمەتکاری جەبەلاویم...

مەمکەکە لە دەمی ئیحسان لەکاتی شڵەژانی دایکەکە دەرچوو، چارەی گرژ بوو و نیشانەی گریان بوو، بەڵام مەمکی نایەوە دەمی. پاشان وتی بەڕەنگ و ڕوویەکی زەردەوە:

- قەندیل خزمەتکاری خاوەن وەقفەکە!؟ کەس هیچ لەبارەی خزمەتکارانی خاوەن وەقفەکەوە نازانێت...! حەزرەتی بەڕێوەبەر خۆی سەرپەرشتی ئامادەکردنی پێویستییەکانی خانووە گەورەکە دەکات، پاشان خزمەتکارەکانی دەیبەن بۆ ماڵە گەورەکە و لەوێ لە باخچەکە هەندێ خزمەتکاری خاوەن وەقفەکە وەریدەگرن...

- یەکسەر وەستام، لەلایەکەوە بۆ ئەدەب ئامادەکردن، بۆ بەرگریکردن لە خۆم ئەگەر مەسەلەکە پێویستی کرد لە لایەکی دیکەوە، بەپرسیارەوە وتم چووزانم کە ئەو ڕاست دەکات. بە هێمنی و دڵنیاییەوە پێی وتم: ((ئەگەر دەتەوێت دوامکەوە تا ببینی کە دەچمە خانووە گەورەکەوە))، دڵنیابووم، لەبەرخۆمەوە وتم با بڕوای پێ بکەم تا مەسەلەکەم بۆ ڕوون دەبێتەوە، خۆشیی خۆم بەدیداری نەشاردەوە، لە بارەی باپیرەمان لێم پرسی، حاڵی چۆنە و چی دەکات...

دەنگی قەمەر بە حەپەسانەوە قسەکەی پێ بڕی:

- ئەم هەمووە لەنێوان تۆ و ئەودا بەڕێوە چوو؟

- بەڵێ، تۆخوا گوێبگرە، پێی وتم باپیرەمان باشە، لەوە زیاتر هیچی نەوت، لێم پرسی ئایا دەزانێت کە چی لە گەڕەکەکەماندا ڕوودەدات؟ وەڵامیدایەوە کە ئەو هەموو شتێك دەزانێت، ئەوەی دانیشتووی خانووە گەورەکەیە ئاگای لە هەموو شتێکی گەورە و بچووکی گەڕەکەکە هەیە و کە چی ڕوودەدات، بۆیە ئەوەی ناردووە بۆ لای من

- بۆ لای تۆ؟
قاسم چاوەی گرژ کرد وەکو وەڕزییەك و وتی:
- ئاوهای وت، دەنگێکم لێوە هات کە سەر سوڕمانەکەمی ڕوون دەکردەوە، بەڵام گوێی نەدایە و وتی: ((لەوانەیە بۆ حیکمەتەکەت لە ڕۆژی دزییەکەدا و سەر ڕاستیت لە ماڵەکەی خۆتدا تۆی هەڵبژاردبێت، ئەو پێت ڕادەگەیەنێت کە هەموو کوڕانی گەڕەك وەکو یەك ئەوەی ئەون، وەقفەکەیش بە یەکسانی میراتی ئەوانە، شەقاوەیەتی بەدکارییەکە و دەبێت نەمێنێت، دەبێت گەڕەکەکە درێژەپێدانی خانووە گەورەکە بێت))... بێدەنگیی باڵی کێشا، وەکوبڵێی توانای قسەکردنی نەما، چاوم هەڵبڕی بەرەو بەژن و باڵای هەورەکان بە ناسکییەکی سافەوە لەسەر مانگی یەك شەوە لادەچوون. بە ئەدەبەوە پرسیارم لێی کرد: ((بۆچی ئەوەم پێ ڕادەگەیەنێت؟)). وەڵامیدایەوە: ((تا خۆت ئەنجامی بدەیت)).
- تۆ؟
قەمەر وتی، قاسم بە دەنگێکی حیدەتەوە وتی:
- ئاوهای وت، ویستم داوای ڕوونکردنەوەی لێ بکەم، بەڵام سڵاوی لێ کردم و ڕۆیشت، دوای کەوتم، پێم وابوو کە ببینیم سەرکەوتە سەر شوورەکەی کە دەڕوانێتە چۆڵەوانییەکە لەسەر پەیژەیەکی ڕادەبەدەر درێژ یان شتێکی لەو بابەتە، بە حەپەساویی وەستام، پاشان گەڕامەوە بۆ شوێنەکەی پێشووم و بەنیازبووم بچم بۆ لای سەرکار یەحیا، بەڵام لە خۆم چووم و نەهاتمەوە سەرخۆم جگە لە کوختەکەی سەرکار نەبێت.
جارێکی دیکە بێدەنگیی ژوورەکەی داپۆشی، قەمەر چاوە حەپەساوەکانی لێی لاکەل نەکرد. ئیحسان چاوی چووە خەو و مەمکی دەخوارد و سەری بۆ خوارەوە شۆڕبووەوە بۆ سەر مەچەکی دایکی و بە هێواشی لەسەر نوێنەکە درێژی کردەوە و گەڕایەوە بە چاوی نیگەران و ڕەنگی زەردەوە تەماشای مێردەکەی دەکرد، دەنگە نووساوەکەی سوارس لە گەڕەك بەرزبووەوە کە جنێوی بە کابرایەك دەدا و هاتوهاواری کابراکە و ئاخ و ئۆفەکەی کە نیشانەی ئەوە بوو لێی دەدا یان شەپازلەی لێدەدا، جارێکی دیکە دەنگی سوارس کە دوور دەکەوتەوە هەڕەشە و گوڕەشەی لێ دەکرد، دەنگی کابرایش بە تۆنێکی ڕق و بێ ئومێدییەوە بەرزبووەوە و بانگی دەکرد: ((هۆ جەبەلاوی)).
قاسم بە نیگاکانی ژنەکەی لە خودە ماندووەکەی خۆی دەپرسی: دەبێت چیم لێ تێ بگات؟ ژنەکەیش لەگەڵ خۆیدا قسەی کرد: ئەو ڕاستگۆیە، قەت درۆی لەگەڵدا نەکردووم،



بۆچی ئەم چیرۆکە هەڵدەبەستێت؟ ئەو سەرڕاستە و تەماحی لە ماڵی من نەکردووە، ئیدی چۆن تەماح لە ماڵی وەقفەکە دەکات، گەرچی ئەوەیش مەترسی تێدایە، بەڕاستی تۆ بڵێی ڕۆژانی ئاسوودەیی بەسەرچووبن و وتی:
- من یەکەم کەسم کە نهێنی خۆت لەلا درکاند؟
بە پۆزەتیڤەوە سەری نەوی کرد و ژنەکە وتییەوە:
قاسم، ژیانمان یەکە، خۆمم لەلا گرنگ نییە، بەقەدەر ئەوەی کە تۆم لەلا گرنگە، ئەم نهێنییەت شتێکی ترسناکە، ئەنجامەکانیشی لەلات شاراوە نین، بەڵام بیری خۆت چاك بخە کار و پێم بڵێ ئەوەی بینیت واقیع بوو یان ئەوەتا خەون بوو؟
ئەویش بە سووربوون و هەندێ وەڕزییەوە وتی:
- واقیعێکی لەبەرچاو بوو، خەون نەبوو...!
- تۆیان بینییەوە لەهۆش خۆت چوویت!؟
- ئەوە دوای دیدارەکە بوو.
ژنەکە بە بەزەییەوە وتی:
- لەوانەیە مەسەلەکەت لێ تێکچووبێت...
بە ئەشکەنجەوە هەناسەی هەڵکێشا و ئەویش پێی نەدەزانی و وتی:
- هیچم لێ تێك نەچوو، دیدارەکە وەکو ڕۆژێکی خۆر ڕووناك بوو.
ژنەکە هەندێ دوو دڵ بوو پاشان پرسیاری کرد:
- ئێمە چووزانین کە ئەو بەڕاستی خزمەتکاری خاوەن وەقفەکەیە و پەیامبەری ئەوە بۆ لای تۆ؟ کێ دەڵێ شێتێك نییە لە شێتە زۆرەکانی گەڕەکەکەمان!
بە تۆنێکی کەڵلەڕەقانەوە وتی:
- بینیم کە سەردەکەوتە سەر شوورەی خانووە گەورەکان.
ژنەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:
- لە گەڕەکەکەماندا هیچ پەیژەیەك نییە بگاتە بەرزایی شوورەکە!
- بەڵام بینیم...
ژنەکە دەتوت مشکێکە و کەوتووەتە تەڵەوە، بەڵام نەیویست خۆی بداتە دەستەوە و وتی:
- من تەنها ترسم لێت هەیە، دەزانی مەبەست چییە.

دەترسم لە تۆ و ماڵەکەمان و لە کچەکەمان و لە بەختەوەرییەکەمان.

لە خۆم دەپرسم بۆچی بەس بۆ لای تۆ هات؟ ئەی بۆچی ئیرادەی خۆی بەخۆی بەدەستی ناهێنێت ئەو خاوەنی وەقفەکە و هەمووانە؟

ئەویش لەلای خۆیەوە پرسی:

- ئەی بۆچی ڕووی کردە جەبەل و ڕەفاعە؟

ژنەکە چاوانی کرانەوە و سوچێکی دەمی کرژ بوو، وەکو منداڵێك خەریکە بگری، بەترسەوە چاوی وەرگێڕا، ئەویش وتی:

- تۆ بڕوام پێ ناکەیت و داوایشت لێ ناکەم بڕوام پێ بکەیت.

ژنەکە دەستی بەگریان کرد و تێی ڕاما وەکو بڵێی لە بیرکردنەوەکانی هەڵدێت. قاسم بەرەو لای لاربووەوە، پاشان دەستی درێژ کرد و بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بەنەرمییەوە لێی پرسی:

- بۆچی دەگریت؟

لەنێو فرمێسکەکانییەوە سەیری کرد و هەنسکی پچڕپچڕی دەدا و وتی:

- چونکە من بڕوات پێ دەکەم. بەڵێ بڕوات پێ دەکەم، دەترسێم ڕۆژانی ئاسوودەیی بەسەرچووبن...

پاشای ئەویش بەدەنگی نزم و بەزەییەوە وتی:

ئێ باشە تۆ چی دەکەیت؟

-٧٤-

کەشی ژوورەکە پڕبوو لە نیگەرانی و شەڵەژان، مام زەکەریا دیار بوو بەچارەگرژییەوە بیری دەکردەوە و مام (عەویس)یش گەمەی بە سمێڵەکەی دەکرد، حەسەن وەکو بڵێی لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد، بەڵام سادق چاوی لە قاسمی برادەری لانەخست، لە پڕێکدا قەمەر چوو بۆ سووچێکی ژووری میوان و دوعای لە خودا دەکرد هەمووان بخاتە سەر ڕێی ڕاست و ڕەوان، فنجانە قاوەکان بەتاڵ بوونەوە و دوو مێش بەدەوریاندا دەسووڕانەوە، قەمەر بانگی سەکینەی کرد تاسینییەکە هەڵگرێت و کەنیزەکە هات و هەڵیگرت و ڕۆیشت و لەدوای خۆیەوە دەرگاکەی داخست وەکو خۆی، عەویس بەدەم فووکێشانەوە وتی:

- ئای کە نهێنییەکە مێشك تێکدەدات.



سەگێك لە گەڕەکەکە وەڕی وەکو بڵێی بەردێکی بەرکەوتووە یان دارێك، دەنگی فرۆشیارێك بەرزبووەوە بانگی خورمای دەکرد. پیرەژنێك بە خەمبارییەوە وتی: ((خوایە لەم ژینەمان ڕزگارمان کەیت)).

زەکەریا ئاوڕێکی لە عەویس دایەوە و وتی:

- سەرکار عەویس تۆ لە هەموومان پایەبەرزتر و خاوەن سامانی، بەڕاشکاویی ڕای خۆتمان پێ بڵێ...

کابرا لەنێوان زەکەریا و قاسمدا چاوی گێڕاو وتی:

- ڕاستیی دەڵێم کە قاسم پیاوێکە نەگاڵتە، بەڵام قسەکەی تووشی سەرگێژەی کردم.

سادق دوای ئەوەی ماوەیەك خۆی ئامادەکردبوو بۆ قسەکردن، وتی:

- ئەو پیاوێکی ڕاستگۆیە، تەحەدای هەرکەسێك دەکەم کە درۆیەکی لێ بیستبێت، ئەو لەلای من ڕاستگۆیە، بەگۆڕی دایکیشم بۆ ئەمە سوێندتان بۆ دەخۆم.

حەسەن بە حەماسەوە وتی:

- منیش هەروا، هەمیشە لەتەکی خۆیدا دەمبینێتەوە.

قاسم بۆ یەکەم جار بۆ سوپاسگوزاریی بزەی هاتێ و سەیری جەستەی تۆکمە و دامەزراوی ئامۆزاکەی دەکرد بە ئیعجابەوە، بەڵام زەکەریا بە نیگایەکی ڕەخنەگرتنەوە سەیری کوڕەکەی خۆی کرد و وتی:

- مەسەلەکە گەمە نییە، بیربکەنەوە لە ژیانمان و ئارامیمان.

عەویس بە سەردانەوانێك قسەکەی سەلماند و وتی:

- ڕاستەکەی، کەس لەمەوبەر ئەمەی نەبیستووە وەکو ئەمڕۆ دەیبیستین.

قاسم وتی:

- بەڵکو وەکو ئەوەیان بیستووە و زیاتریش لەبارەی جەبەل و ڕەفاعەوە!

عەویس واقیوڕما و بە نکوڵیکردنەوە چاوی تێبڕی و پرسی:

- پێتوایە کە تۆ وەکو جەبەل و ڕەفاعەیت؟

قاسم بەئازارەوە چاوی لاخست و قەمەر بە بەزەییەوە چاودێریی دەکرد، پاشان وتی:

- مامە! کێ چوزانێ کە ئەم مەسەلانە چۆن ڕوو دەدەن.

پیاوەکە دەستی کردەوە بە گەمەکردن بە سمێڵەکەی و زەکەریا وتی:

- خێر لەوەدا چییە کە پێی وابێت ئەو وەکو جەبەل یان ڕەفاعە و شەقاوە و بەڕێوەبەری گەڕەکەکەمان وایە؟ ڕەفاعە بە ناشرینترین شێوە کوژرا، خەریك بوو جەبەلیش بکوژرێت ئەگەر کەسوکارەکەی پێوەندییان پێوە نەکردبایە، ئەی قاسم تۆ کێت هەیە؟ لەبیرت چوو کە ئەوان بە گەڕەکەکەمان دەڵێن گەڕەکی مشکەکوێرەکان، زۆربەشی سواڵکەر و بەدبەختە؟

سادق بە هێزەوە وتی:

- جەبەلاوی ئەوی هەڵبژارد نەك ئێمە یان شەقاوەکان. وابزانم لەکاتی تەنگانەدا دەستبەرداری نابێت.

زەکەریایش بە بێزەوە وتی:

- لە ڕۆژانی خۆیشدا ئاوهایان بە ڕەفاعە دەوت، کەچی ڕەفاعە لەدووریی چەند گەزێکەوە لە خانووەکەی جەبەلاوی کوژرا!

قەمەر وتی:

- دەنگ هەڵمەبڕن.

عەویس سەیری قاسمی دەکرد و بیری دەکردەوە، چەند سەیرە ئەوەی کە دەبیسترێت و دەوترێت، ئەك شوانە کە کچی براکەی کردی بە ئاغا! شایەتی ڕاستگۆیی و ئەمانەتی بۆ دەدات، بۆ ئەمە تەنها بەس بۆئەوەی بیکاتە جەبەل یان ڕەفاعە؟ ئایا پیاوانی گەورە ئاوها بە ئاسانی دێن؟ چی ڕوودەدات ئەگەر خەونەکان ڕاست بوون؟ عەویس وتی:

- دیارە قاسم گوێ نادات بە ئاگادارییەکانمان، دەبێت ئەم کوڕە چی بوێت؟ تۆبڵێی پێی خۆشە کە گەڕەکەکەمان بە تەنیا بمێنێتەوە کە هیچ بەشێکی نییە لە وەقفەکە؟ تۆ بڵێی ئەی قاسم دەتەوێ ببیتە شەقاوە و بەرێوەبەری گەڕکەکەمان؟

تووڕە بوون لە سەروچاوی قاسمدا دەرکەوت و وتی:

- ئەمەی پێ نەوتم، بەڵکو وتی: کە هەموو کوڕانی گەڕەك نەوەی ئەون، وەقفەکە وەکو یەك بۆ هەمووانە و شەقاوەیەتی بەدکارییە.

حەماس لە چاوی حەسەن و سادقدا بریسکەی داو عەویس واقیوڕما، بەلام زەکەریا پرسی:

- دەزانی ئەمە واتای چییە؟

عەویس بە تووڕەییەوە وتی:



- پێی بڵێ...

- کە تەحەدای هێزی بەڕێوەبەر و تیڵای لەهیتە و جەڵتە و حەجاج و سوارس بکەیت.

قەمەر سەروچاوی گرژ بوو، بەلام قاسم بەهێمنی وەکو خەم و وتی:

- ئەو ئاوهایە.

عەویس پێکەنینێکی لێوەهات و زایەڵەکەی لە بێزاریی سەروچاوی قاسم و سادق و حەسەن ڕەنگیدایەوە، زەکەریا گوێی بەوە نەدا و وتی:

- هەموومان لەناو دەبات، وەکو مێرووڵە بەپێی دەمانپلیشێنێتەوە، کەسیش بڕوات پێ ناکات، ئەوان بەوە بڕوا ناکەن، ئەوان بڕوایان بەوە نەکرد کە چاوی بە خاوەن وەقفەکە کەوتبوو، نە کەسیش گوێی لە دەنگی بوو و نە قسەی لەگەڵدا کردووە، ئیدی چۆن بڕوا دەکەن کە یەکێك لە خزمەتکارەکانی خۆی بۆ ناردووە؟

- لەوە گەڕێ کە مەتەڵەکان چی دەڵێن، کەس دیداری جەبەلاوی و جەبەلی نەدیوە و نە جەبەلاوی و ڕەفاعە، هەندێ جار ئەو هەواڵانە باس دەکرێن، بەلام کەس نەیدیون، بەلام بەخێر گەڕایەوە بۆ خاوەنەکانیان، گەڕەکی جەبەل بووە خاوەن قەوارەی بەڕێزی خۆی، هەروەها گەڕەکی ڕەفاعەیش، گەڕەکەکەشمان مافی خۆیەتی وەکو ئەوانی لێبێت، بۆ نا؟ هەموومان لەپشتی ئەو پیاوەوە هاتووین کە لە خانووە گەورەکەدا گۆشەگیرە، بەلام دەبێت مەسەلەکە بە دانایی و وریاییەوە وەربگرین، قاسم بایەخ بدە بە گەڕەکەکەت، لێگەڕێ لە نەوەکان و یەکسانی و کامە خێرە و کامە شەڕە، ئاسانە سوارس بخەینە تەك خۆمان و خزمی خۆتە و دەتوانرێت ڕێکەوتنی لەگەڵدا بکرێت کە بەشێك لە داهاتەکەمان بداتێ.

قاسم بە تووڕەییەوە چارەی گرژ کرد وتی:

- سەرکار عەویس، تۆ لە دۆڵێکی و ئێمەش لە دۆڵێکین، من نامەوێت سازش بکەم و نە بەشم دەوێت لە داهاتەکە، بەلام سوورم لە بەدیهێنانی ئیرادەی باپیرمان وەکو پێم ڕاگەیاندن...

زەکەریا ئاهێکی هەڵکیشا و وتی:

- خودایە بمانپارێزی...

قاسم هێشتا چارەی گرژ کردبوو، خەم و خەفەت و خەڵوەت و قسەکانی لەگەڵ سەرکار یەحیا بیرکەوتەوە، چۆن لەسەر دەستی خزمەتکارەکە سەرفرازیی بۆ هات کە لەمەوبەر بە خۆیەوەی نەدیبوو، چۆنیش ناخۆشییەکان لە ئاسۆوە بەدیار دەکەون و چۆنیش زەکەریا

تەنها بیر لە ساغ و سەلامەتیی دەکاتەوە و عەویسیش تەنها بیر لە داهاتەکەی دەکاتەوە و ژیانیش خۆش نییە تەنها بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاسۆی پڕ لە ناخۆشی نەبێت و هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- مامە، دەبوو ڕاوێژم پێکردبان، بەڵام داوای هیچتان لێ ناکەم.

سادق تووند لە دەستی گرت و وتی:

- لەگەڵتدام...

حەسەن مشتی کۆکردەوە و وتی:

- منیش لەگەڵتدام، لە خێر و شەڕ لەگەڵتدام...

زەکەریا بە وەڕزییەوە وتی:

- قسەی منداڵانە مەکە، کاتێك تێلاکان بەرز دەکرێنەوە، کونەکان لەوێنەی ئێوە پڕ دەبن، لەپێناوی کێدا خۆت تووشی فەوتان دەکەیت؟ لە گەڕەکەکەماندا جگە لە ئاژەڵ و مۆرانە هیچی لێ نییە، هۆی خۆت هەیە کە ژیانێکی خۆشگوزەران و خۆشت بۆ مسۆگەر بکات، ئاقڵ بەو لەزەت لە ژیانی خۆت وەرگرە.

قاسم لە خۆی پرسی ئەم کابرایە چی دەڵێ؟ وەکو بڵێی گوێ لە هەندێ دەنگی ناوەوەی خۆی دەگرێت، کاتێك پێی دەڵێی، کچەکەت، ژنەکەت، ماڵەکەت، خۆت، بەڵام هەڵتبژارد وەکو چۆن جەبەل و ڕەفاعە هەڵیانبژارد، با وەڵامەکەت وەکو وەڵامەکەی ئەوان بێت، وتی:

- مامە زۆر بیرمکردەوە پاشان ڕێگای خۆم هەڵبژارد...

عەویس دەستی دا بەیەکدا و وتی:

- لاحەولە وەلا قووەتە ئیلا بیلا...

عەویس بە وریاکردنەوە وتی:

- بەهێزەکان دەتکوژن و بێدەسەڵاتەکان گاڵتەت پێدەکەن.

قەمەر لەنێوان مامەی و مامەی مێردەکەیدا بە سەرسوڕمانەوە چاوی دەگێڕا، بەزەیی بە دەستەوسانی مێردەکەیدا دەهاتەوە، لە هەمان کاتیشدا دەترسا لە ئەنجامی سووربوون لەسەر ڕای خۆی... بە مامەکەی وت:

- مامە، تۆ سەرداری دەمسپییانی و دەتوانی بە دەسەڵاتی خۆت پشتگیریی بکەیت...

عەویس بە گاڵتەپێکردنەوە لە ژنەکەی پرسی:



- قەمەر بەتەمای چیت؟ سامانت هەیە و کچێك و مێردت هەیە، بەتۆ چی وەقفەکە بەسەر هەمووواندا دابەش بکرێت یان پەنابەرمە بەر شەقاوەکان؟ ئێمە ئەو کەسە بە شێت دەزانین کە بەتەمای شەقاوەیەتی بێت، ئەی بەو کەسە چی دەڵێی کە بە تەمای بەڕێوەبەرایەتی هەموو گەڕەکەکەیە!

قاسم هەستایە سەر پێ و بە ئێشێکی توندەوە وتی:

- بە تەمای شتی لەو جۆرە نیم، بەڵام ئەو خێرەم دەوێت کە باپیرەم دەیویست...

عەویس بە زەردەخەنەیەکی بە تەکلیفەوە ڕازیکرد و وتی:

- باپیرمان لە کوێیە؟ با بێتە دەرەوە بۆ گەڕەکەکە ئەگەر لەسەر ملی خزمەتکارەکانیشی بێت، پاشان با مەرجەکانی وەقفەکە بەدیبهێنێت چۆنی دەوێت... پێت وایە ئەگەر کەسێك لە گەڕەکەکە هەرچەندێ بەهێز بێت دەتوانێت چاو هەڵبڕێت یان پەنجە بەرزکاتەوە ئەگەر خاوەن وەقفەکە قسەی کرد...

زەکەریا بۆی تەواوکرد و وتی:

- ئایا ئەو ئەگەر شەقاوەکانی ڕاپەڕین بۆ سەربڕینمان دەجوولا، یان گوێدەدات بۆئەوەی تووشمان دەبێت؟

قاسم بە مۆنییەکی توندەوە وتی:

- داوا لە کەس ناکەم کە باوەڕم پێ بکات یان پشتگیریم بکات.

زەکەریا هەڵسا بۆی و دەستی خستە سەر هەردووشانی بەسۆزەوە و وتی:

- قاسم، بووی بە چاوەوە، من بەم بەدکارییانە دەزانم، مادامێکی دەربارەی ئەقڵ و بەختەوەرییت قسان دەکەن، تا بووی بەچاوەوە، ئەعوزوبیلا لە شەیتان، دەزانم ئەمڕۆ تۆ لە ئەعیانی گەڕەکەکەمانیت، دەتوانی ئەگەر بتەوێت بازرگانی بەهەندێ سەروەتی ژنەکەتەوە بکەیت و دەوڵەمەندییەکی بەپیتت دەست دەکەوێت، وازبێنە لەوەی لە سەرتدا هەیە، ئەو زەوییەی خودا پێی داویت خێر و نیعمەتە...

قاسم بە خەمبارییەوە سەری دانەواند، پاشان سەری بۆ مامەی بەرزکردەوە، بەسەرسووڕمانێکی سەیرەوە وتی:

- واز ناهێنم لەوەی کە لە سەرمدا هەیە ئەگەریش ببمە خاوەی هەموو وەقفەکە...

-٧٥-

تۆ چیت کردووە، تا کەی بیردەکەیتەوە و چاوەڕێ دەکەیت، چاوەڕێی چی دەکەیت، مادامێکی خزم بڕوای پێ نەکردیت ئیدی کێ بڕوات پێ دەکات، خەم سوودی چییە. بەتاقی تەنیا چ سوودێکی هەیە لەژێر تاشەبەردەکەی هند؟ نە ئەستێرەکان وەڵام دەدەنەوە و نە تاریکیی و نە مانگیش، وەڵام دەداتەوە، وەکو بڵێی لە دیداری جارێکی دیکەی خزمەتکارەکە تێڕاماویت، بەڵام چی تازەی تێدایە کە چاوەڕێی دەکەیت؟

چاوی بە تاریکییەکەدا گێڕا لە دەوری ئەو پەڵەیەی کە دەڵێن باپیرەت لێوەی قسەی لەگەڵ ڕەفاعەدا کردووە، بەڵام نە خۆیم دی و نە گوێم لە دەنگی بوو و نە خزمەتکارەکەی گەڕایەوە. تۆ چی دەکەیت؟ ئەم پرسیارە ڕاوەدووت دەنێت وەکو چۆن خۆر لە چۆڵەوانییەکە شوانی مەڕەکە ڕاوەدوو دەنێت... بەردەوام لەسەر ڕەحمەتی و چێژی نیعمەت دەرتدەهێنێت...

جەبەلیش وەکو تۆ تەنیا بوو تا سەرکەوت، ڕەفاعە ڕێگای خۆی ناسی و پێیدا ڕۆیشت تا کوژرا و سەرکەوت، ئەی تۆچی دەکەیت؟

قەمەر بە گلەییەوە پێی وت:

- ئەوەندە مندالە جوانەکەت پشتگوێ دەخەیت دەگری و ژیری ناکەیتەوە و گەمە دەکات و گەمەی لەگەڵ ناکەیت.

بزەی هاتێ بۆ ئەو سەروچاوە بچووکە، فێنکییەکی لێوە وەرگرت بۆ بیرکردنەوە ورتەورتێکی لێوەهات:

- چەند جوانە!

- تا ئەو کاتەی کە لەگەڵماندا دادەنیشی لە خۆمان دەچین وەکو بڵێی ئەهلی دنیاکەی تۆ نین...

لەو قەنەفەیە نزیکبووەوە کە کۆی دەکردنەوە و ڕوومەتی ڕامۆسی، پاشان سەروچاوی کیژە منداڵەکەی لە زۆر شوێنەوە ماچکرد و وتی:

- هەموو دڵم بۆ تۆیە بە هەرچی ئەو سۆز و خۆشەویستی و دۆستایەتییەی کە تێیدایە، بەڵام دەبێت بەزەییت بەخۆتدا بێتەوە.

کیژەکەی دایە دەستی و لە ئامێزی گرت و لەسەرەخۆ و بەسۆزەوە دەیلاواند و گوێی لە ئاوازە ئاسمانییەکان بوو، لەپڕ وتی:



- ئەگەر باری تەعالا سەریخستم ژنان لە داهاتی وەقفەکە بێبەش ناکەم...

قەمەر بە سەرسووڕمانەوە وتی:

- بەڵام وەقفەکە تەنها بۆ پیاوانە نەك بۆ ژنان.

ڕوانی لەو دووچاوە ڕەشەی و سەروچاوی کیژۆڵەکە و وتی:

- باپیرەم بە زمانی خزمەتکارەکەیەوە وتی: وەقفەکە بۆ هەمووانە، ژنان نیوەی قەوارەی گەڕەکەکەمانە، سەیرکە گەڕەکەکەمان ڕێزی ژنان ناگرن، بەڵام ڕۆژێك دێت کە ڕێز لە ژنان دەگرێت کاتێك ڕێزی دادپەروەریی و ڕەحمەت بگیرێت.

خۆشەویستی و بەزەیی لەچاوی قەمەر دەرکەوت. لەبەر خۆیەوە وتی: ئەو باسی سەرکەوتن دەکات، ئەو سەرکەوتنە لەکوێ بهێنین؟ چەند حەزی دەکرد ئامۆژگاریی بکات بەوەی کە ئاسوودەیی و سەلامەتیی تێدایە، بەڵام ئازایەتییەکەی خیانەتی لێ دەکرد. لە خۆی پرسی کە سبەی چی بۆ شاردوونەتەوە.

تۆ بڵێی بەختی شەفیقەی ژنی جەبەلبی هەبێت یان تووشی ئەوە بوو کە بەسەر(عەبدە)ی دایکی ڕەفاعەدا هات! جەستەی تەزووی پێداهات و تەماشای دووری کرد بۆئەوەی لە چاوانیدا ئەوە نەخوێنێتەوە کە دەیەوێت، کاتێ سادق و حەسەن هاتن بۆ لای بۆئەوەی هەموویان بڕۆن بۆ قاوەخانە پێشنیاری بۆ کردن کە سەردانی سەرکار (یەحیا) بکە و بیانناسێت پێی. هەر کە گەیشتنە کوختەکەی بینییان نەرگیلە دەکێشێت و بۆنی تلیاکێکی خۆش کەشەکەی بۆندار کردبوو، هەردوو برادەرەکەی پێ ناساند، هەموویان لە هەیوانی کوختە دانیشتن و مانگەشەوەکەیش لە کلاوڕۆژنەیەکەوە بەدیارکەوت وەکو بڵێی بەختەوەرییە... یەحیا بە سەرسووڕمانەوە تەماشای سێ سەروچاوەکەی دەکرد، وەکو بڵێی دەپرسی بەڕاست ئەمانە کە گەڕەکەکە ژێروژوور دەکەن! ئەوەی بەگوێی قاسم دا دایەوە کە لەمەوبەر پێی وتبوو، وتی:

- وریابە کە کەس بە نهێنییەکەت بزانێت بەرلەوەی خۆت ئامادە نەکەیت.

نەرگیلەکە سووڕێکی جوان سووڕی خوارد، تریفەی مانگەشەوەکە لە کلاوڕۆژنەکەوە سەری قاسم تاجدار دەکرد و لەلای سادقەوە دەکەوتە سەر شان، لەپڕێکدا پشکۆکانی کوانووەکە لە تاریکیی هەیوانەکەدا گەشانەوە و قاسم پرسیاری کرد:

- چۆن ئامادەبم؟

پیرەمێردەکە پێکەنی و بۆ گاڵتە وتی:

- ئەوکەسەی کە جەبەلاوی هەڵیبژاردووە هەق وانییە پشت بەڕای پیرەمێردێکی وەکو من ببەستێت.

قڵپەقڵپی نەرگیلەکە بێدەنگییەکەی تێك دا تا پیرەمێردەکە ئەوەی پساند و وتی:

- مامەو مامەی ژنەکەت هەیە، بەڵام مامەت هیچ سوودێکی نییە و زیانیشی نییە، بەڵام ئەودیکە دەتوانی بیخەیتە هاوشانی خۆت ئەگەر بەتەمای شتێکی بکەیت.

- بەتەمای چی بکەم؟

- بەڵێنی بدەرێ بە بەڕێوەبەرایەتی مشکەکوێرەکان!

سادق بە دڵسۆزییەوە وتی:

- هیچ کەسێك جیا ناکرێتەوە لە داهاتی وەقفەکە، ئەوە میراتی هەمووانە وەکو یەك، هەروەکو جەبەلاوی وتوویە.

یەحیا بە پێکەنینەوە وتی:

- باپیرەمان کە سەیرە، هێز لە جەبەل-دا بوو، ڕەحمەت لە ڕەفاعە، ئەمڕۆیش کارێکی دیکەی هەیە.

- قاسم وتی:

- خۆی خاوەن وەقفەکەیە، مافی خۆیەتی ئاڵوگۆڕ بکات لە هەر دە مەرجەکە.

- بەڵام ڕۆڵەکەم ئەرکەکەت سەختە، هەموو گەڕەکەکە دەهەژێنێت، هەمووی نەك کۆڵانێك لە کۆڵانەکان...

- خاوەن وەقفەکە ئاوهای دەوێت...

یەحیا کۆکینێکی بەردەوام کۆکی وەکو کوژراوێك بەجێی هێشت، حەسەن خۆبەخشیی کرد لەجیاتی ئەو بۆ خزمەتی نەرگیلەکە. کابراکە هەردوو قاچی درێژ کرد و بەقووڵیی هەناسەی هەڵکێشا، پاشان پرسیاری کرد:

- دەبێت ئایا پەنابەرمە بەرهێزەکەی جەبەل، یان کاریگەریی خۆشەویستیی ڕەفاعە؟

قاسم دەستی بە کڵاوەکەیدا هێنا و پاشان وتی:

- هێز لە کاتی پێویستدا و خۆشەویستی لە هەموو حاڵەتەکاندا.

یەحیا سەری ڕاوەشاند و وای لێکرد زەردەخەنە بیگرێت، پاشان وتی:

- هیچ عەیبێکت نییە تەنها بایەخدانت بە وەقفەکە نەبێت، ئەمەیش پەلکێشت دەکات بۆ گێرمەوکێشەی ڕادەبەدەر...



- خەڵکی چۆن بێ وەقف دەژین؟

پیرەمێردەکە بە لەخۆباییەوە وتی:

- وەکو چۆن ڕەفاعە ژیا...

قاسم بەجدی و ئەدەبەوە وتی:

- بەیارمەتی باوکی و خۆشەویستانی ژیا، لەدوای برادەرانێکی کە کەسیان نەیانتوانی وەکو ئەوبن، بەڕاستی گەڕەکەکەمان بەدبەختە، پێویستی بە پاکوخاوێنی و کەرامەت هەیە.

- ئەمەیش تەنها بە وەقفەکە نەبێت نایەت؟

- بەڵێ سەرکار، بە وەقفەکە و لەناوبردنی شەقاوەیەتی، لێرەدا کەرامەت بەدیدێت کە جەبەل پێشکەشی کرد بە گەڕەکەکەی خۆی، ئەو خۆشەویستییەش کە ڕەفاعە داوای دەکرد، بەڵکو ئەو بەختەوەرییەش کە ئەدهەم خەونی پێوە دەبینی...

یەحیا پێکەنی و پرسیاری کرد:

- چیت بۆ ئەوانە هێشتەوە کە لەدوای تۆوە دێن؟

زۆر بیری کردەوە، پاشان وتی:

- گەر باری تەعالا سەربخستم ئەوا دوای من نابینی پێویستم بەکەس بێت...

نەرگیلەکە وەکو فریشتەی خەون دەسووڕایەوە، ئاوەکە لە شووشەکەدا گۆرانی دەوت، تەبایی باوێشکی دەدا، پاشان پرسیاری کرد:

- چی بۆ هەریەك لەئێوە دەمێنێتەوە ئەگەر داهاتەکە وەکو یەك دابەشکرا؟

سادق وتی:

- بگرە وەقفەکەمان دەوێت بۆئەوەی بەکاری بهێنین، بەمەش گەڕەکەکە دەبێتە درێژکەرەوەی خانووە گەورەکە...

- چیتان بۆ ئیشکردن ئامادەکردووە؟

ڕووناکیی مانگەکە لەودیوی هەورێکی ڕاگوزارەوە ونبوو، تاریکیی هەیوانەکەی گرتەوە، وەلێ خولەکێکی پێ نەچوو تا ڕووناکییەکە هەڵبووەوە. (یەحیا) تەماشای لەشە تۆکمەکەی حەسەنی کرد و پرسیاری کرد:

- ئایا ئامۆزاکەت دەتوانێت شەقاوەکان ڕاوبنێت؟

قاسم وتی:

- بەجدیی بیر دەکەمەوە کە ڕاوێژ بە پارێزەرێکی شەرعی بکەین.

یەحیا وتی:

کام پارێزەر قبوولێیەتی تەحەدای بەڕێوەبەر ڕەفعەت و شەقاوەکانی بکات؟

سەرسووڕمانی حەشیشە تێکەڵ بە واقوڕمانی بیر بوو. هەرسێ برادەرەکە گەڕانەوە وەکو بێزارییەك. قاسم لە سەرانەکانی تووشی ئەشکەنجە بوو، خەم و شێواویی سواری سەری بوون، تا (قەمەر) ڕۆژێکیان پێی وت:

- نابێت بایەخ بە بەختەوەریی خەڵك بدەین تا ڕادەی خۆئازاردان.

بەتووندیی وتی:

- دەبێت جێگای ئەو متمانەیە بم کە منی تێدام.

تۆچی دەکەیت، بۆچی لە قەراغی هەڵدێرەکە لا ناچیت. هەڵدێرەکە لا ناچێت. هەڵدێری بێ ئومێدیی پڕ لە بێدەنگیی و سستبوون. گۆڕستانی خەونە بە خۆڵەمێش داپۆشراوەکان. گورگی یادەوەرییە جوانەکان و ئاوازە بەجۆشەکان، کە سبەینێی فڕێداوەتە کفنی دوێنێوە...

بەڵام ڕۆژێکیان سادق و حەسەنی بانگ کرد بۆلای خۆی و پێی وتن:

- کاتی ئەوە هاتووە دەست پێ بکەین.

سەروچاویان گەشایەوە و حەسەن وتی:

- بێنە چیت هەیە...

بە دەنگێك وتی ژیانی وەبەرخستەوە:

- لەبیرکردنەوەکەمدا گەیشتمە بڕیار، ئەویش ئەوەیە یانەیەکی وەرزشی بۆ لەش دامەزرێنین...

حەپەسان زمانی بەستن و زەردەیەکی هاتێ کە دەیوت:

- لە حەوشەی خانووەکەی مندا دەیکەین، وەرزشیش ئارەزوویەکە و لە زۆربەی گەڕەکەکاندا بڵاوبووەتەوە.

- ئێمە چی پەیوەندییەکمان هەیە بەوکارەوە؟

سادقیش پرسیاری کرد:

- یانە بۆ هەڵگرتنی قورسایی، بۆ نموونە ئەوە چ پەیوەندییەکی هەیە بە وەقفەکەوە؟!

قاسم چاوەکانی بریسکانەوە و وتی:



-دووگەنج دێن بۆ لامان، بە حەزی هێز و گەمەکردن، ئەوەی کە جێگای بڕوا بێت و ئامادەبێت ئەوە دەستنیشان دەکرێت.

چاوەکان زەق بوون و حەسەن وتی:

- دەبین بە کۆمەڵەیەك و چ کۆمەڵەیەك...

- بەڵێ، گەنجانی دیکەشمان بۆ دێت لە جەبەل و ئەوانی دیکە لە ڕەفاعەوە...

خۆشنوودییەکی خۆشخوانی گرتینییەوە، قاسم لەڕێ و ڕۆیشتنەکەیدا دەتوت سەما دەکات.

## -٧٦-

قاسم بەتەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشت بۆئەوەی گەڕەکەکە لە ڕۆژی جەژندا ببینێت، ئای کە جەژن لە گەڕەکەکەماندا چەند قەشەنگە.

سەقاکان لەو نزیکەوە زەوییەکەیان ئاوڕژێن کردبوو. مل و کلکی گوێدرێژەکان بە گوڵی دەستکرد ڕازێنرابوونەوە. بۆ شاییەکە بە ڕەنگە تۆخەکان سەمایان کرد، کە منداڵان لەبەریان کردبوو و منداڵەکان بەمیزەڵانەوە ڕایاندەکرد. عارەبانە دەستییەکان ئاڵای بچووکیان پێوەکرابوو. دەنگی هات و هاوار و هوتاف و هەلهەلە تێکەڵ بە دەنگی زووڕناکان بوو. عارەبانەکانی کارۆ بە ژنە سەماکەر و پیاوە سەماکەرەکانەوە ئەملاو ئەولایان دەکرد. دوکانەکان داخران و قاوەخانە و مەیخانە و کەپرەکان سیخناخ بوون. لە هەموو سووچێکەوە بەشووشی هەڵهات و یەکێك وتی: (هەمووساڵێکتان پیرۆزبێت).

قاسم بە جلێکی نوێیەوە دانیشتبوو ((ئیحسان))یش لە باوەشی وەستابوو هەردوو لەپی خستبووە بن هەنگڵییەوە، کیژەکە هەردوو دەستە بچووکەکانی دەهێنا بە سەروچاوییەوە، نینۆکەکانی گیر دەکرد لە ڕوومەتەکانی ئەو.

دەنگێك لەژێر پەنجەرەکەوە بەرزبووەوە و گۆرانی دەوت:

اصلى اللى شبكتنى مع المحبوب عينى دىُّ...

هەر ئێستا زەماوەندە خۆشەکەی بیرکەوتەوە تا دڵی نەرم بوو.

پیاوێکە حەزی بە گۆرانی و بەزمە. ئەدهەم چەند ئاواتەخواز بوو کە خۆی تەرخان کات بۆ گۆرانی لە باخچە دەوڵەمەندەکەدا... پیاو لە جەژندا گۆرانی چی دەڵێ؟ أصلى اللى شبكتنى مع المحبوب عينى دى؟ پیاوەکە ڕاستی کرد. لەوەتەی چاوی لە تاریکییەوە

هەڵبڕی بۆ چراکە دڵ و ئەقڵ و ئیرادەی لە دەست دا. ئا ئەوەتا لە حەوشەی خانووەکەیدا یانەیەك دادەمەزرێنێت بۆ بەهێزکردنی لەش و پاکژکردنەوەی ڕۆحەکان. ئەویش وەکو ئەوان وایە قورسایی هەڵدەگرێت و فێری شەڕەداریش دەبێت. سادق ماسوولکەکانی هەردوو مەچەکی پڕبوون وەکو چۆن لەمەوبەر پڕبوون- لە سایەی ئیشی مزگەرییەکەوە- ماسوولکەکانی هەردووقاچیشی، (حەسەن)یش کەتەیەکی زەبەلاحە. ئەوانی دیکەیش حەماسەتیان گەشاوە دەبوو. سادق دانا بوو ئەو ڕۆژەی کە ئامۆژگاریی کرد کە بێ ئیش و سواڵکەرەکانیش داوەت بکات بۆ یانەکەی، ئەوەبوو هەر زوو حەماسەت گرتنی بۆ یارییەکانی، وەکو چۆن حەماسەت گرتنی بۆ قسەکانی، بەڵێ ئەوان کەمینەن، بەڵام خواستیان زۆرە ئەگەر کێشانەیان بکەیت چەند قاتی ئەوان، ئەوا ئەوان تەرازوویان زاڵ دەبێت ئیحسان وتی: (ئاد... ئاد...) زۆر ماچی کرد، چمکێکی دیشداشە نوێیەکەی لەژێری کیژەکەدا تەڕببوو. لە موبەقەکەوە گوێی لە تەقەی هاوەن و دەنگی قەمەر و سەکینە و نوزەی پشیلە مێیەکە بوو. عارەبانەی کارۆکە لەژێر پەنجەرەکەوە ڕەت بوو بە چەپڵەڕێزانەوە گۆرانی دەوت:

الفاتحە للعسکری قلع الطربوش وعمل ولی...

قاسم بزەی هاتێ و ئەو شەوەی بیرکەوتەوە کە سەرکار (یەحیا) ئەم گۆرانییەی وت، کاتێك بەتەواویی مەست بوو. ئای ئەگەر مەسەلەکان ڕاست دەبوونەوە ئیدی گەڕەکەکەمان هیچت نەدەما جگە گۆرانی نەبێت! سبەی یانەکە پڕ دەبێت دەستوپێوەنی بەهێز و ڕاستگۆ، سبەینی پێیان تەحەدای بەڕێوەبەر و شەقاوەکان و هەموو کۆسپەکان دەکەم، بۆئەوەی لە گەڕەکەکەدا تەنها باپیرە و نەوەیەکی ئازا بمێنێتەوە. هەژاریی و پۆخڵی و سواڵکردن و زۆرداریی لەناو بچێت و مۆرانە و مێش و مەگەز و تێڵاکان نەمێنن، دڵنیایی بگەڕێتەوە بۆ سێبەری باخچە و گۆرانییەکان. بە دەنگی(قەمەر) لە خەونەکانی بەئاگا هاتەوە، کە بەتووڕەیی سەرکۆنەی (سەکینە)ی دەکرد، بەسەیرەوە گوێی گرت پاشان بانگی ژنەکەی کرد، خێرا دەرگاکە کرایەوە و قەمەر هات و سەکینەی بەپاڵ دابووە پێش خۆی و دەیوت:

- سەیری ئەم ژنە بکە! لەم ماڵە لەدایك بووە وەکو چۆن دایکی لەمەوبەر لێی لەدایك بووە، خۆی ناپارێزێت لە سیخوڕییکردن بە سەرمانەوە!

بە نارەزاییەوە تەماشایەکی سەکینەی کرد، تا ژنەکە بە دەنگە مسییەکەی وتی:



- گەورەم خائین نیم، بەڵام خانمەکەم ڕەحم ناکات...

قەمەر ترسێك لە چاوانیدا هەبوو کە نەیدەتوانی بیشارێتەوە، وتی:

- بینیم بزە دەیگرت و پێی وتم: ((جەژنی داهاتوو دێت ئینشاڵڵا) قاسمی ئاغام دەبێتە سەرگەورەی گەڕەکەکە هەمووی، هەروەکو جەبەل لە گەڕەکی حەمدان))... لێی بپرسە.

لەوە مەبەستی چییە؟

قاسم بە بایەخەوە چارەی گرژ کرد و لێی پرسی:

- سەکینە مەبەستت چییە؟

کەنیزەکە بە جورئەتێکەوە وتی کە بەلایەوە نامۆ نەبوو:

- مەبەستم ئەوەیە کە وتم، کارەکەرێك نیم وەکو کارەکەرەکان، ئەمڕۆ لێرە کاردەکەم و سبەی لەوێ، من لەم ماڵە پەروەردە بووم، نەدەبوو نهێنییەکم لێ شاراوەبێت.

کابرا لەگەڵ ژنەکەیدا نیگایەکی خێرایان گۆڕییەوە و ئاماژەی کرد بۆ کیژە منداڵەکە و هات و لێی دانیشت و وتی:

- ئایا ڕاستە کە غەریبەکان لەم ماڵەدا نهێنییەکان بزانن و منیش ئاگام لێ نەبێت؟!

- مەبەستت چ نهێنییەکە؟

کەنیزەکە بەهەمان جورئەتەوە وتی:

- قسەی قەندیل بۆتۆ لەلای تاشەبەردەکەی هند!

قەمەر ئاهێکی لێوەهات، بەڵام قاسم ئاماژەی کرد بۆ کەنیزەکە کە بەردەوام بێت و ئەویش وتی:

- هەروەکو لەمەوبەر لە جەبەل و ڕەفاعە ڕوویان داوە. گەورەم تۆیش لەوان کەمتر نیت، تۆ سەرداری، تەنانەت لە سەردەمی شوانییەتیدا تۆ سەردار بوویت، من نێوان بووم کە کۆمکردنەوە، لەبیرت نییە؟ دەبوو بەر لەوانی دیکە بمزانیایە، چۆن ئەمین دەبی لە غەریبان و ئەمین نابیت لە کەنیزەکەت! خواتان لێ خۆشبێت، بەڵام داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەم، بەڵێ داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەم بەسەر بەڕێوەبەر و شەقاوەکاندا، کێیە کە داوای سەرکەوتنت بۆ ناکات بۆ ئەوە؟

قەمەر هاواری کرد و کیژە منداڵەکەی دەلاواند و بە بزاوتنێکی تووڕەوە:

- نەدەبوو سیخوڕیمان بەسەرەوە بکەیت، ئەوە عەیبەیە بەڕیشت دەمێنێتەوە...

سەکینە بە گەرمییەکی ڕاستگۆوە وتی:

- مەبەستم سیخوڕیی نەبوو خوا شایەتە، بەڵام لە دەرگاکەوە قسەیەك هاتە گوێم نەمتوانی بەدوایدا نەچم، کە مرۆڤ ئەوەیە کە تۆ لێم دڵنیابیت، خائین نیم، تۆ دواکەسیت کە خیانەتت لێ بکەم و بۆ کێ خیانەتت لێ بکەم؟ خانمەکەم خوات لێ خۆشبێت.

قاسم بە بایەخەوە کەنیزەکەی بە چاو و دڵ پشکنی، هەر کە لە قسەکەی بووەوە، ئەویش بە هێمنی وتی:

- سەکینە تۆ دڵسۆزیت، گومان نییە لە دڵسۆزییەکەت.

بە نیگایەکی پشکنین و ئاواتەوە چاوی تێبڕی و ورتەورتێکی کرد:

- بژی گەورەم، وەڵا من وام...

ئەویش بە دەنگێکی نزمەوە وتی:

- دڵسۆزان دەناسم، خیانەت لە ماڵەکەی مندا ناڕوێت، وەکو لە ماڵەکەی ڕەفاعەی برام ڕووا قەمەر... ئەم ژنە دڵسۆزە وەکو تۆ، هەر بە گومان خراپەی لەگەڵدا مەکە، ئەو لە ئێمەیە وەکو ئێمە لە ئەوین، ئەوەم لەبیر ناچێت کە پەیامبەری بەختەوەریی بوو بۆم.

قەمەر بە دەنگێکەوە وتی کە مایەی ئاسوودەیی بوو:

- بەڵام گوێی دەگرت!

قاسم بە زەردەخەنەوە وتی:

- گوێی نەگرتووە، بەڵام قسەکە بە ویستی باری تەعالا چووە بۆ لای، هەروەکو چۆن ڕەفاعە گوێی لە قسەکەی باپیرەی بووە، بێ ئەوەی تەگبیری بۆ کردبێت، سەکینە تۆ پیرۆزیت...

کەنیزەکە پەلاماری دەستی داو دەستی کرد بە ڕامۆسین و ماچکردنی و دەیوت:

- گەورەم ڕۆحم فیدات بێت، وەڵا سەردەکەون بەسەر دوژمنەکانت و دوژمنەکانماندا تا هەموو گەڕەکەکە ئارام دەبێت.

- دەسەڵاتکردن داوای ئێمە نییە سەکینە.

دەستی پانکردەوە و دوعای دەکرد:

- خودایە داخوازییەکانی بەجێ بهێنە.

- ئامین...

پاشان بە زەردەخەنەوە تەماشای ژنەکەی کرد و وتی:



- تۆ دەبیتە پەیامبەرم ئەگەر پێویستم بە پەیامبەر هەبوو، بەمەیش بەشداریی ئیشەکەمان دەبیت...

دەموچاوی ژنەکە لەخۆشییاندا گەشایەوە، چاوەکانی بەشانازییەوە قسەیان دەکرد، ئەو وتی:

- ئەگەر چارەنووسەکان ڕێگابدەن کە وەقفەکە دابەش بکرێت وەکو دەمانەوێت، هیچ ژنێك بێبەش نابێت، خانم بێت یان کارەکەر بێت.

حەپەسان زمانی ژنەکەی بەست، ئەویش دیسان وتی:

- خاوەن وەقفەکە وتی کە وەقفەکە بۆ هەمووانە، سەکینە تۆیش وەکو قەمەر وەکو یەك نەوەی خاوەن وەقفەکەن.

سەروچاوی ژنەکە خۆشیی دایپۆشی و بە سوپاسگوزارییەوە چاوی بڕییە ئاغاکەی. لە گەڕەکەکەوە دەنگی زووڕنای سەماساز دەهات، یەکێك بانگی کرد: (لەهیتە... هەزارجار) قاسم ئاوڕی لەڕێگا دایەوە کەژاوەی شەقاوەکانی بینی کە لەسەر ئەسپی ڕازاوە خۆیان بادەدا، خەڵکیش بە هوتافکێشان و سەرانەوە پێشوازییان دەکردن، پاشان بەرەو چۆڵەوانییەکە ڕۆیشتن، بۆئەوەی وەکو عادەتیان لە جەژنەکاندا دەکەونە پێشبڕکێ و شەڕەدارەوە. هەر کە کەژاوەکەیان لەچاو ونبوو، تا (عەجرەمە) لە گەڕەکەکەدا دەرکەوت و لەبەر سەرخۆشیی لەتری دەدا، قاسم بەدەرکەوتنی گەنجەکە کە ڕاستترین گەنجی یانەکە بوو، بزەی هاتێ، چاوی لێبوو تا لە ناوەندی گەڕەکی مشکەکوێرەکاندا وەستا و هاواری کرد:

- من کەڵەمێردم...

لە سەرای گەڕەکی ڕەفاعەوە دەنگێکی گاڵتەجاڕ بۆی هاتە خوارەوە:

- جوانمەردی مشکەکوێرەکان.

(عەجرەمە) لە پەنجەرەکەوە دووچاوی سووری و بە دەنگێکی سەرخۆشەوە وتی:

- هەی قەرەج دەوری ئێمە هاتووە!

مێردمنداڵ و سەرخۆش و شارەزایان بە غەڵبەغەڵبی بەرزی گۆرانی و هەلهەلە و دەهۆڵ و زووڕنا لێی کۆبوونەوە و دەنگێك هاواری کرد:

- گوێ بگرن... دەوری مشکەکوێرەکان هات و ناتانەوێت گوێتان لێبێت.

عجرەمە بەدەم لەتردانەوە وتی:

- باپیرەیەك بۆ هەمووان، وەقفێك بۆ هەمووان، شەقاوەكان سەلامەت بن!

پاشان لەنێو قەرەباڵغییەكەدا ونبوو، لەپڕ قاسم هەڵسایە سەرپێ و عەباكەی هەڵگرت و لە ژوورەكە چووە دەرەوە بەپەلە و دەیوت:

- نەعلەتی خوا لە مەی و سەردەمەكەی بێت...

-٧٧-

- خۆتان لەناو خەڵكی دەرمەخەن كاتێ سەرخۆشن.

قاسم بەجدیی و چارەگرژییەوە ئەمەی وت، كاتێك لەژێر تاشەبەردەكەی هەند دانیشتبوو، چاوی دەگێڕا بە هاوڕێ نزیكەكانی ئەندامانی یانەكەدا: سادق و حەسەن و عەجرەمە و شەعبان و ئەبوفەسادە و حەمروش. چیاكە لەپشتییانەوە بەسەركەشی دیاربوو، كە سەرەتاكانی داهاتنی شەوی بۆ دەهات. لە چۆڵەوانییەكەدا تەنها شوانێكی لێبوو لەوپەڕی باشوورەوە خۆی دادابووە سەر داردەستەكەیەوە، عەجرەمە سەری نەوی كردبوو، بە داخەوە وتی:

- خۆزگە بەرلەوە دەمردم...

قاسم بە ساردییەوە وتی:

- هەڵە هەیە كە داوای لێبووردن لێیان هیچ سوودێكی نییە، ئێستا گرنگ لام ئەوەیە كە بزانم ڕادەی كارتێكردنی وڕێنەكانت لە دوژمنەكانمان چەندە.

سادق وتی:

- بەتەئكید لەسەر ئاستێكی فراوان بیستراوە.

حەسەن بە مۆنییەوە وتی:

- ئەوەم بەخۆم هەست پێكرد لە قاوەخانەكەی جەبەل، دۆستێك لە خێڵی جەبەل بانگی كردم و لە گەڵی دانیشتم، گوێم لێبوو كابرایەك بە دەنگی بەرز باسی مەسەلەكەی (عەجرەمە)ی دەكرد، بەڵێ قسەی دەكرد و پێدەكەنی و گاڵتەی دەكرد، بەڵام بەدووری نازانم كە چیرۆكەكە لەلای هەندێ خەڵك بووروژێنێت، هەروەها دەترسم دەماودەم بكات تا دەگاتە یەكێك لە شەقاوەكان...

- حەسەن هۆشە مەكە...

سادق بەتوندیی وتی:



- هەروەها سوێندیشمان خواردووە كە نهێنی بپارێزین...

قاسم وتی:

- ئەگەر ئەمڕۆ لەناوبچین، هیوا گەورەكان دەڕەوێنەوە...

مۆنی لەگەڵ كشانی تاریكییەكە توند بوو تا قاسم هاتەوە سەر قسە و وتی:

- دەبێت تەگبیری مەسەلەكە بكەین.

حەسەن وتی:

- با تەگبیر مەسەلەكەمان بكەین لەسەر گریمانەی خراپترین ئەگەرەكان.

قاسم بە دەنگێكی خەمۆكییەوە وتی:

- ئەمە واتای كوشتارە...

سەرەكان جووڵانەوە و لە تاریكییەكەدا نیگایان دەگۆڕییەوە. لە سەرەوەیان ئەستێرەكان یەك لەدوای یەك دەركەوتن و بایەك هەڵیكرد شوێنەواری گەرمای ڕۆژی وەكو ناوكی خراپ دەپێچایەوە. پاشان حەمروش وتی:

- تا مردن جەنگ دەكەین...

قاسم بە وەڕزییەوە وتی:

- حاڵەكەیش وەكو جاران بەردەوام دەبێت.

سادق وتی:

- ئای كە زوو لەناومان دەبەن.

ئەبو فەسادە قسەی لەگەڵ قاسم كرد و وتی:

- خۆشبەختانە لێرەدا هۆكاری خزمایەتی هەیە كە تۆ و سوارس كۆدەكاتەوە، هەروەها لەنێوان ژنەكەی تۆ و ژنەكەی بەڕێوەبەردا، سەرەڕای ئەوەیش (لەهیتە) كە لەكاتی گەنجی لە برادەرانی باوكت بوو.

قاسم بەساردییەوە وتی:

- لەوانەیە ئەمە ڕوودانەكە دوابخات، بەڵام ڕێگا لە ڕوودانی ناگرێت. سادق بەداواوە پرسی:

- ئایا لەبیرت نییە كە تۆ ڕۆژێك بیرت كردبێتەوە پەنا بۆ پارێزەری شەرعیی بەریت؟

- پێیان وتین كە پارێزەر ناتوانێت تەحەدای بەڕێوەبەر و شەقاوەكان بكات.

عەجرەمە هەوڵی دا تاوانەكەی سوك بكاتەوە و وتی:

- له ماڵی قازی پارێزەرێك هەیە بە جورئەت ناسراوە.

بەڵام سادق پەشیمانبووەوە و دیسان وتی:

- دەترسم لەوەی دوژمنایەتییەکە ئاشکرابکەین لەڕێگەی کێشەکە و ترسەکانمان، ئەنجامی قسەکەی عەجرەمە هێشتا جێگای خۆی نەبێت...

عەجرەمە وتی:

- با ڕاوێژی پارێزەرەکە بکەین بۆ مەسەلەکە، با لەگەڵی ڕێکەوین بۆ دواخستنی بەرزکردنەوەی داواکە، تا پێویستی بۆ ئەوە پاڵمان پێوە دەنێت. دەبینین خەڵکێك لە ئێمە لەدەرەوە گەڕەکەکە لایەنگریی دەکەن.

قاسم و ئەوانی دیکە لەسەر ڕایەك ڕازی بوون وەکو کردەیەکی یەدەکی. یەکسەر هەڵسان و چوون بۆ نووسینگەی شانفیری پارێزەری شەرعی لە ماڵی قازی و شێخ چاوی پێکەوتن و قاسم باسی کێشەکەیانی بۆکردم و ئاگاداری کردەوە کە تا ماوەیەك بەرزکردنەوەی داواکە دوابخرێت، تا ئەو خۆی ئامادە دەکات بۆ مەسەلەکە و لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە و خۆ ئامادەکردن بۆ وەرگرتنی هەموو ڕێگاچارەیەك، بەپێچەوانەی بۆچوونی زۆریان پارێزەرەکە کێشەکەی قبووڵ کرد، پێشینەی ماندووبوونەکەی وەرگرت، بەخۆشییەوە لەلای چوونە دەرەوە، بڵاوەیان لێکرد، برادەرەکان گەڕانەوە بۆ گەڕەکەکە، قاسم چوو بۆلای سەرکار یەحیا، لە هەیوانی کوختەکە دانیشت و نەرگیلەیان دەکێشا و ڕایان دەگۆڕییەوە، سەرکار بەداخبوونی خۆی دەرخست بۆئەوەی کە ڕوویدا و ئامۆژگاریی قاسمی کرد کە ئاگادار و وریا بێت. قاسم گەڕایەوە بۆ ماڵ، هەر کە قەمەر دەرگاکەی کردەوە بەوەی لە سەروچاوی بەدیکرد پێی وەڕز بوو، لێی پرسی کە چی ڕوویداوە، ئەویش وتی:

- جەنابی بەڕێوەبەر ناردوویەتی بەشوێنتدا!

قاسم دڵی خورپەی کرد و پرسی.

- کەی؟

- دواجار بەر لە دە دەقیقە.

- دواجار...

- لەماوەی سەعاتێکدا سێ جار ناردی بەشوێنتدا...

کاتێ قسەی دەکرد چاوی پڕبوو لە فرمێسك، ئەویش وتی:

- ئەمە ئەوە نییە لێتی چاوەڕوان دەکەم...



بەدەم گریانەوە وتی:

- مەڕۆ...

خۆی بەهێمنی پیشاندا و وتی:

- ڕۆیشتن سەلامەتترە لە دواکەوتن، لەبیرت نەچێت کە ئەو دزانە دەستدرێژیی ناکەنە سەر کەس لە ماڵەکانی خۆیاندا...

(ئیحسان) دەستی کرد بە گریان لە ژوورەوە و سەکینە بۆلای ڕایکرد و قەمەر وتی:

- ڕۆیشتنەکەت دواخە تا چاوم بە ئامینەخان دەکەوێت... بە سووربوونەوە وتی:

- ئەمە شایستەی ئێمە نییە، یەکسەر دەڕۆم، پێویست بەترس ناکات، هیچیان لەبارەی منەوە هیچ نازانن، لێی پاڕایەوە و وتی:

- داوای تۆی کردووە نەك عەجرەمە، دەترسێم هەندێکیان دەمیان لێ دابیت...

لەسەرەخۆ لێی ڕزگار بوو وتی:

- لە یەکەم ساتەوە پێم وتی ڕۆژانی ئاسوودەیی ڕۆیشت و هەموومان ئەوە دەزانین کە درەنگ یان زوو تووشی بەدکاریی دەبین، بەو شێوەیەش دڵتەنگ مەبە، بەخێربمێنە تا دەگەڕێمەوە...

## -٧٨-

دەرگاوانەکە لە ژوورەوەی ماڵی بەڕێوەبەر گەڕایەوە و بەساردیی و وشکییەوە بە قاسمی وت:

- وەرە ژوورەوە.

کەوتە پێشی و قاسم دوایکەوت تەقەلای دەدا کۆنترۆڵی هەستەکانی بکات، بۆنێکی خۆشی باخچەکە گەشانییەوە، بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بداتەوە، تاخۆی بینییەوە لەبەردەم دەرگای داڵانەکە. دەرگاوانەکە لاکەوت لەڕێگاکەی و بەفیز و چەسپاوییەکەوە چووە ژوورەوە، بەڕادەیەك کە لەمەوبەر لەخۆیدا نەدیبوو، تەماشای بەردەمی خۆی کرد لەوپەڕی داڵانەکەوە بەڕێوەبەرەکە لەسەر دیوانەکەی دانیشتبوو، دوو کەسی لێبوو، یەکێکیان لەسەر کورسییەك لەلای ڕاستی بەڕێوەبەر دانیشتبوو، ئەویدیکەیان لەلای چەپییەوە، بەڵام نەیدەبینین یان مەبەستی نەبوو ئاوڕ لە کەسیان بداتەوە، لە دانیشتنەکەی بەڕێوەبەر

نزیکبووەوە، تا لەدووری چەند باڵێکەوە لێی وەستا، دەستی بۆ سڵاوکردن بەرزکردەوە و بە ئەدەبەوە وتی:

- جەنابی بەڕێوەبەر ئێوارەت باش.

بەبێ مەبەست کە لەلای ڕاستییەوە بینی (لەهیتە) دانیشتووە، ئەویدیکەی سەرنج دا، بەڵام بەبێ ئاگا چاوی تێبڕی، شۆکەکە خەریکبوو تا و لەرزی لێ بهێنێت، کابراکەیش شێخ شنافیری پارێزەری شەرعی بوو، هەستی بە ترسناکیی هەڵوێستەکە کرد، کە نهێنییەکەی ئاشکراکرد، کە ئەو پارێزەرە ناکەسبەچەیە خیانەتی لە ئەمانەت کرد، ئەو تێکەوت، لە دڵیدا بێئومێدیی و کینە و تووڕەیی یەکانگیر بوون. زانی کە فێڵزانیی یان حیلە ڕزگاری ناکەن، بۆیە سووربوو لەسەر خۆڕاگریی و تەحەداکردن. نەیدەتوانی یەك هەنگا و بکشێتەوە، بۆیە دەبوو یان بچێتە پێشەوە یان هیچ نەبێت خۆی ڕاگرێت. ئەم هەڵوێستەی ئەوەی ڕۆژانی دواتری بیردەکەوێتەوە. کە مێژووی لەدایکبوونی کەسێکی نوێ لەخۆیدا تۆمار دەکرد، کە بوونی لە بۆچوونی ئەودا نەبوو، دەنگی وشکی بەڕێوەبەرەکە لە گێژاوەکەی دەریهێنا و لێی پرسی:

- تۆ قاسمی؟

بە دەنگێکی ئاسایی وەڵامیدایەوە:

- بەڵێ گەورەم...

لێی پرسی بێ ئەوەی ڕووخسەتی بدات کە دانیشێ:

- ئایا بوونی ئوستاد سەرسووڕماوی کردیت؟

بە هەمان نەبرەوە وەڵامیدایەوە:

- نەخێر گەورەم.

بەوەرزییەوە لێی پرسی:

- ئەرێ تۆ شوانی مەڕەکەیت؟

- بۆ دووساڵیش دەچێت وازم لە شوانیی هێناوە.

- ئەی ئێستا چی دەکەیت؟

- بریکاری ژنەکەمم لە موڵك و ماڵەکەیدا.

بەڕێوەبەر سەر ڕاوەشاندنێکی گاڵتەجاڕیی لێوە دیاریدا.



پاشان ئاماژەی دا پارێزەرەکە ڕووخسەتی دا بۆ قسەکردن، شێخەکە ڕووی دەمی قسەی کردە قاسم:

- لەوانەیە هەڵوێستی منت بەلاوە سەیربێت بەوەی کە پارێزەری تۆم، بەڵام جەنابی بەڕێوەبەر هێندە پایەی بەرزە لە هەموو ئیعتیبارەکان بەرزترە... هەڵسوکەوتم بوارت دەدات تۆبە بکەیت، ئەوە باشترە لەوەی کە تووشی دوژمنکاریی بیت کە بەرەو لەناوچوون دەتبات، جەنابی بەڕێوەبەر ڕووخسەتی دام کە ئاگادارت کەمەوە، لەلای شەفاعەتم بۆ کردیت، بۆ لێخۆشبوون ئەگەر تۆبە بکەیت، تکام وایە بەڕێز لە نیەت باشیم بگەیت، ئەمەیش پێشینەی ماندووبوونەکەمە کە بۆتی دەگەڕێنمەوە...

قاسم بە نیگایەکی ڕەقەوە تەماشای کرد و پرسی:

- بۆچی بەهەق ئامۆژگاریت نەکردم کاتێك لە نووسنگەکەت بووم؟

پارێزەرەکە لە جورئەتەکەی گرت، بەڵام بەڕێوەبەرەکە بە قسەکەی فریای کەوت:

- تۆ لێرەی بۆئەوەی پرسیارت لێبکرێت، نەك پرسیار بکەیت.

پارێزەرەکە هەڵسا و ڕووخسەتی بۆ ڕۆیشتن وەرگرت، پاشان ڕۆیشت و بۆئەوەی شپرزەیی خۆی بشارێتەوە دەستی خستە گیرفانییەوە، ئەو دەمە بەڕێوەبەرەکە بە نیگایەکی ڕەقەوە قاسمی پشکنی و بە نەبرەیەکی جنێوئامێزەوە وتی:

- چۆن ڕووت هات کە داوا لەسەر من تۆمار بکەیت؟

خۆی بینی کە گەمارۆ دراوە یان بکوژە یان کوژراوە، بەڵام نەیزانی چی دەڵێ، ئەویدیکە وتی:

- قسەبکە، پێم بڵێ چیت بەدواوەیە، ئایا تۆ شێت بوویت؟

قاسم بە واقووڕماوییەوە وتی:

- ئەلحەمدولیلا من ئاقڵم...

- ئەمە دیارنییە کە وابێت، بۆچی ئەم کردەوە ناپەسەنەت کرد؟

تۆ هەژارنیت لەوەتەی ئەو ژنە شێتە ڕازی بوو بتکاتە مێردی خۆی، لەم کردەوەیەت چیت دەوێت؟

قاسم نەڕاندی وەکو بڵێی تووڕەییەکە زامن بکات وتی:

- هیچم بۆ خۆم ناوێت.

بەڕێوەبەر تەماشای (لەهیتە)ی کرد وەکو بڵێی دەیکاتە شایەتی شتی سەیر کە نەبیستراییێت، پاشان چاوی گەڕانەوە سەر قاسم لە شێوەی شۆڕشێك و هاواری کرد:

- کەواتە بۆچی ئەوەت کرد کە کردت؟

قاسم وەڵامیدایەوە:

- جگە عەدالەت هیچم نەویستووە...

کابراکە چاوەکانی تەسککردەوە بە ڕقەوە و پرسی:

- پێت وایە کە پەیوەندیی ژنەکەت بە خانمەوە دەتوانێت بتپارێزێت؟

چاوی لاکەل کرد و دەیوت:

- نەخێر گەورەم...

- دەتوانی تەحەدای هەموو شەقاوەکانی گەڕەك بکەیت؟

- نەخێر گەورەم.

کابراکە هاواری کرد:

- بەڵێ من شێتم و ئاسوودەم.

- من ئاقڵم ئەلحەمدولیلا.

- بۆچی داوات لەسەرم تۆمار کرد؟

- دادپەروەرییم ویست.

- بۆکێ؟

بیرکردنەوە لە چاوەکانی بەدیارکەوت و وتی:

- بۆ هەمووان.

لە سەروچاوی وردبووەوە و گومانی هەبوو لە ئەقڵی و پرسی:

- تۆ هەقت چییە؟

قاسم وەکو بڵێی بە ئازایەتییەکەی مەست بوو، بۆیە وتی:

- بەمەیش مەرجەکانی خاوەن وەقفەکە بەدی دێت؟!

بەڕێوەبەر هاواری کرد و وتی:

- هەی مشکەکوێرە دەربارەی مەرجەکانی وەقفەکە قسە دەکەیت؟

قاسم بەهێمنی وتی:

- ئەو باپیرەی هەموومانە...



بەڕێوەبەر بەتووڕەیی هەستایە سەرپێ و بەرپشاڵی باوەشێنەکەی تا ئەوپەڕی هێزی کێشانی بە سەروچاوی قاسمەوە و هاواری کرد:

- باپیرەمان! کەستان تێدانییە کە باوکی خۆی بناسێت، بەڵام دەشڵێن بە هەموو ناکەسبەچەییەکەوە باپیرەمانە. ئەی دزەکان ئەی مشکەکوێرەکان، هەی پرووپووچانە، تۆ لەسەر ناکەسبەچەیی خۆت بەردەوام دەبیت و پشت قایمە بەم ماڵە بۆ خۆت و بۆ ژنەکەت، بەڵام سەگی ماڵ پارێزەری لەدەست دەدات ئەگەرهات و دەستی ئەوانە بگەزێت کە چاکەیان لەگەڵدا کردووە.

لەهیتە هەستایە سەرپێ بۆئەوەی هەڵچوونەکەی بەڕێوەبەر هێورکاتەوە وتی:

- بەدڵنیایی بگەڕێرەوە شوێنەکەی خۆت نابێت مێشێك تێکت بدات...

ڕەفعەت دانیشت لێوەکانی لە تووڕەییدا تەتەڵەیان دەکرد و وتی:

- تەنانەت مشکەکوێرەکانیش تەماحیان کردووەتە وەقفەکە، بە هەموو ناکەسبەچەییەکیشەوە دەڵێن باپیرەمان.

لەهیتە گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی و وتی:

- وا دیارە ئەوە لە دەمی خەڵکییەوە دەیگێڕنەوە ڕاستە دەربارەی مشکەکوێرەکان، لە بەدبەختی گەڕەکەکەشمان کە بەپێی خۆی هەوڵی لەناوچوونی خۆی دەدات.

ئاوڕی لە قاسم دایەوە و وتی:

- باوکت لەلایەنگرە هەوەڵێنەکانی من بوو، ناچارم مەکە بتکوژم...

بەڕێوەبەر وتی:

- ئەو شایانی ئەوەیە خراپترە لە کوشتن لەسزای کردەوەکەیدا، ئەگەر خانم نەبووایە ئێستا لە لەناوچووان بوو...

قاسم بەردەوام بوو لە لێپێچینەوە لە قاسم و وتی:

- کوڕم گوێم لێ بگرە، پێم بڵێ چیت بەدواوەیە؟

قاسم پرسیاری کرد و هێشتا هەستی بەئازار دەکرد لە شوێنی ڕیشەی باوەشێنەکە لە سەروچاویدا:

- گەورەم مەبەستت کێیە؟

- کێ پاڵی پێوەنایت داوا تۆمار بکەیت؟

- هیچ کەس جگە خۆم نەبێت...

- تۆ شوانی مەڕ بوویت پاشان بەخت بۆت خنایەوە، ئیدی لەوەزیاتر بەتەمای چیت؟

- دادپەروەریی، سەرکار دادپەروەریی.

بەڕێوەبەر جیڕەی لە دانەکانییەوە دەهێنا و هاواری کرد:

-دادپەروەریی، هەی سەگەکان، هەی سووك و چرووکەکان... ئەمە وشەی نهێنی ئێوەیە کاتێ بتانەوێت تالآن و دزیی بکەن.

پاشان ئاوڕی لە (لەهیتە)دایەوە:

- زۆری لێ بکە تا دانی پێدا دەنێت...

لەهیتە بە دەنگێك کە نەبرەکانی هەڕەشە و گوڕەشەی تێدا کۆببووەوە، وتی:

- پێم بڵێ کێت لەپشتە؟

قاسم بە تەحەدایەکی شاراوەوە وتی:

- باپیرەمان...

- باپیرەمان!

- بەڵێ، مەرجەکان وەقفەکەی ببینە ئەوسا دەزانی ئەو هانیدام.

ڕەفعەت هەستایە سەرپێ جارێکی دیکە و هاواری کرد:

- لەبەرچاوم دووریخەرەوە... فڕێیدە دەرەوە.

لەهیتە هەڵسا و قۆڵی قاسمی گرت و بەرەو دەرگاکە بردی و بە مشتێکی ئاسنین قۆڵی گوشی و ئەویش بەسەبرەوە خۆی گرت، پاشان چپاندییە گوێیەوە.

- ئاقڵ بە لەبەرخاتری خۆت، ناچارم مەکە خوێنەکەت بخۆمەوە.

## -٧٩-

قاسم چووەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، بینی زەکەریا و عەویس و حەسەن و سادق و عەجرەمە و شەعبان و ئەبوفەسادە و حەمروش لەوێن. بە بەزەیی و بێدەنگییەوە سەیریان کرد، هەر کە لەتەنیشت ژنەکەیەوە دانیشت عەویس وتی:

- ئامۆژگاریم نەکردیت.

قەمەر بەگلەییەوە وتی:

- لەسەرخۆ مامە تا ئیسراحەت دەکات.

کابراکە وتی:



- خراپترین سەرئێشە ئەوەیە کە خاوەنەکەی بەسەر خۆی دەیهێنێت.

وای لە زەکەریا کرد سەروچاوی قاسم بەوردیی بشکێنێت و پاشان وتی:

- برازاکەم سووکایەتییان پێ کردیت، من دەزانم وەکو چۆن خۆم دەناسم، چ پێویستت بەم هەمووە هەبوو.

عەویس وتی:

- ئەگەر ئامینەخان نەبووایە بە ساغی بۆمان نەدەگەڕایەوە.

قاسم چاوی گێڕا بە سەروچاوی هاوڕێکانییەوە و وتی:

- پارێزەرە ناکەسبەچەکە خیانەتی لێکردین.

سەروچاویان ڕەق بوو، بە وەڕزییەوە نیگایان دەگۆڕییەوە، عەویس لە قسەکردن پێشیان کەوت و وتی:

- بەسەلامەتی بڵاوەی لێ بکەن و حەمدی خوا بکەن و بۆ ڕزگاربوونی هەریەکێك لە ئێوە...

حەسەن پرسی.

- ئامۆزا چی دەڵێی؟

قاسم هەندێ بیری کردەوە و پاشان وتی:

- لێتان ناشارمەوە مەرگ هەڕەشەمان لێدەکات، کێ دەیەوێت لە یارمەتیدەری خۆم دەیبەخشم.

زەکەریا وتی:

- با مەسەلەکە لێرەدا کۆتایی بێت...

قاسم بەهێمنی و سووربوونەوە وتی:

- واز لە مەسەلەکە ناهێنم هەرچی بێت ئەنجامەکانی، لە جەبەل و ڕەفاعە کەمتر نابم بۆ خێری باپیرەم و خەڵکی گەڕەکەکەمان...

عەویس بەتووڕەییەوە هەڵسا و ژووری دانیشتنەکەی بەجێهێشت و وتی:

- ئەم کابرایە شێتە، کچم خودا یارمەتیت بدات.

بەڵام سادق ڕاپەڕی بۆ قاسم و ناوچەوانی ماچ کرد و وتی:

- بەوەی وتت ڕۆحت بۆ گەڕاندمەوە...

حەسەن بە حەماسەتەوە وتی:

- خەڵکی لە گەڕەکەکەماندا بەبۆنەی فلسێکەوە دەکوژرێن و بەبێ هۆیش، بۆچی ئیدی لە مەرگ بترسین کاتێ بەڕاستی هۆیەکی بۆ دەدۆزینەوە؟!

دەنگی سوارس لە گەڕەکەکە بەرزبووەوە و بانگی زەکەریای دەکرد، کابراکەیش لەپەنجەرەکەوە سەری دەرهێنا و بانگی کرد بێتە ژوورەوە، هەر کە چووە ژوورەکە و دانیشت و چارەی گرژ بوو، مۆن بوو، پاشان تەماشای قاسمی کرد و وتی:

- نەمدەزانی کە لە گەڕەکەکەماندا جگە لە خۆم، شەقاوەی دیکە هەیە.

زەکەریا بە بەزەییەوە وتی:

- مەسەلەکە وانییە کە پێت وتراوە...

- ئەوەی پێم وتراوە سەیرتر و تاڵترە...

زەکەریا بە هەناسەدانەوە وتی:

- شەیتان گەمەی بە ئەقڵی منداڵەکانمان کردووە.

سوارس بە وشکییەوە وتی:

- لەهیتە قسەیەکی قورسی بە گوێدا دام لەبارەی برازاکەتەوە، وامدەزانی کوڕێکی ئاقڵە، کەچی شێتییەکەی هەموو شتێکی تێپەڕاندووە. باش گوێبگرن، ئەگەر لەگەڵتاندا بێدەنگ بووم، ئەوا لەهیتە دێت و بەخۆی تەمێتان دەکات، بەڵام ڕێگا نادەم هیچ کەسێك کەرامەتم ڕیسوا بکات، لە سنووری خۆتاندا بوەستن، قوڕ بەسەر ئەوەی کە خودی بۆ کەللەڕەقی کردن دەیدوێنێت.

سوارس چاودێریی هاوڕێکانی قاسمی دەکرد و ڕێگەی نەدەدا بە کەسیان کە توخنی ماڵەکەی بکەونەوە، بۆ ئەم مەبەستەیش سووکایەتی بە سادق کرد و مشتێکی کێشا بە ئەبو فەسادەوە و داوای لە زەکەریا کرد کە ئامۆژگاریی قاسم بکات و لە ماڵ نەیەتە دەرەوە تا گەردەلوولەکە لەبیردەچێتەوە، قاسم خۆی بینییەوە کە بەندکراوی ماڵەکەی خۆیەتی، کەس سەردانی نەدەکرد، جگە حەسەنی ئامۆزای نەبێت، بەڵام هیچ هێزێك نەبوو دەنگوباسی گەڕەکەکە بەند بکات، چپەچپ دزەی کرد بۆ گەڕەکی ڕەفاعە و جەبەل، کە پشێوییەك لە گەڕەکی مشکەکوێرەکاندا هەیە، دەربارەی داوایەك کە خەریکە لەسەر بەڕێوەبەر بەرزدەکرێتەوە، ئەو کەین و بەینانەیش کە تایبەتە بە دە مەرجەکەوە، بگرە پەیوەندییەك کە لەنێوان قەندیل خزمەتکاری جەبەلاوی و قاسم ڕوویداوە، ئەوە بوو



خودەکان بە هەموو شێوە وروژاندنێك ورووژان و تۆمەت و گاڵتەپێکردن پەرتوبڵاوبوونەوە. ڕۆژێکیان حەسەن بە قاسمی وت:

- گەڕەکەکە چپەچپی هەواڵەکەیانە، لە هەموو کوختێکدا تەنها باسی تۆیە.

قاسم سەروچاوی بۆ هەڵبڕی، تەماویی بوو بە خەم و بیرکردنەوە وەکو ڕۆژانی ئەم دواییەی و وتی:

- بووین بە زیندانی و ڕۆژەکانیش بێ ئیش بەسەر دەچن.

قەمەر بە بەزەییەوە وتی:

- لە خەڵقەندە داوا ناکرێت کە لە توانای ئادەمیزاد زیاتر بێت.

حەسەن وتی:

- براکانمان زۆر بە حەماسەتن...

قاسم لێی پرسی:

- ئایا ڕاستە کە خێڵی جەبەل و ڕەفاعە بە درۆزن و شێتم لەقەڵەم دەدەن؟!

حەسەن چاوی نەویکرد بە ئێشەوە و وتی:

- ترسنۆکیی پیاوانی گەندەڵ کردووە!

قاسم بە سەرسوورمانەوە سەری بادا و پرسی:

- بۆچی خێڵی جەبەل و ڕەفاعە بەدرۆم دەخەنەوە، کێ لەوان جەبەلاوی بینیوە یان قسەی لەگەڵدا کردووە؟ بۆچی بەدرۆم دەخەنەوە، ئەوان یەکەم کەسن لەناو خەڵك دەبێت بڕوام پێ بکەن و لایەنگرم بن؟!

- نەخۆشیی گەڕەکەکەمان، ترسنۆکییە، بۆیە دووفاقیی لەگەڵ شەقاوەکانیاندا دەکەن!

لەڕێگاکەدا وەکو بۆڕەی مانگا دەنگی سوارس بەرزبووەوە جنێوی دەدا و نەعلەتی دەکرد، خێزانەکە لە پەنجەرەکەوە سەریان دەرهێنا، سوارسیان بینی یەخەی (شەعبان)ی گرت و بەسەریدا هاوار دەکات:

- کوڕی قەحبە چی تۆی بۆ ئێرە هێنا؟

گەنجەکە هەوڵەکەی بۆ ڕزگاربوون لە چنگی بێهوودە بوو، ئەوەبوو سوارس بە دەستی چەپی ناقڕەی گرت و بە دەستی ڕاستی بەربووە لێدانی سەروچاوی و سەروگوێلاکی. قاسم زۆر تووڕە بوو لە پەنجەرەکە گەڕایە دواوە و بەرەو دەرگاکە ئاژنگی نا، بێ ئەوەی گوێ بداتە

پاڕانەوەی قەمەر. کەمتر لە خولـەکێك کـە لەبـەردەم سـوارس وەسـتا و بەیەکلاکـەرەوە و سووربوونەوە وتی:

- سەرکار سوارس وازی لێبێنە.

بەڵام کابراکە بەردەوام بوو لە لێدانی نێچیرەکەی و هاواری لە قاسم کرد:

- ڕێزی خۆت بگرە ئەگینا دوژمنت بەسەردا دەگرێنم...

قاسم لە دەستە لێدەرەکەی گرت و بەتوندیی گرتی، بەتووڕەیی هاواری کرد:

- نایەڵم بیکوژیت چیت دەوێت بیکە...

سوارس وازی لە شەعبان هێنا و ئەویش بەبێهۆشی کەوتە سـەر زەوییەکـە، پـەلاماری سەبەتەیەك خۆڵی دا کە بەسەر سەری ژنێکی ڕێبوارەوە بوو و کردی بەسەر قاسمدا. حەسەن خەریك بوو پەلاماری بدات، ئەگـەر زەکـەریا بـە قـوڵی لـەکاتی شـیاودا باوەشـی پێـدا نەکردایە. قاسم سەبەتەکەی لەسەری خۆی لابرد و سەروچاوی وەکو تاساو دیاربوو، خۆڵەکە بەسەر سەری و جلوبەرگەکەیدا ڕژابوو تا داپیۆشیبوو، لەپڕ کەوتە کۆکین، قەمەر هـاواری کرد و سەکینە قیژاندی، عـەویس بـەڕاکردن هـات، ژن و پیـاو و بچـوك لـە دەرگاکـان هاتنەدەرێ بەرەو شوێنی ڕووداوەکـە، هـەراو غەڵبەغـەڵب بـەرپابوو. زەکـەریا لـە قـوڵی حەسەنی کوڕی گرتبوو بە هەموو هێزێکییەوە بە پاڕانەوە و هۆشـدارییدانەوە سـەیری دوو چاوە زەقەکانی دەکرد، عەویس لە سوارس نزیکبووەوە و وتی:

- سەرکار سوارس عەیبەکە بەسەروچاوی مندا بسڕەوە.

زیاتر لە دەنگێك وتیان: (ئەی سەرکار بۆ شەفاعەتی خودا). تاسوارس هاواری کـرد و وتی:

- ئەمە خزمە و ئەوە شەفاعەت خوازە، لەنێوان ئەم و ئەودا سوارس ونبووە، بـەجارێك هەڵگەڕایەوە دوای ئەوەی شەقاوە بوو!

زەکەریا وتی:

- ئەستەغفیروڵڵا سەرکار، تۆ گەورە و تاجی سەرمانی...

سوارس ڕۆیشت بۆ قاوەخانەکە، پیاوەکان (شەعبان)یان هەڵگرت، حەسەن خـۆڵی لـە سەروچاوی قاسم و جلەکەی تەکاند -دوای دیارنەمانی سوارس- خەڵکە کۆبووەکـە دڵ بـە داخبوونی خۆیان پیشاندا...



-٨٠-

لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا لە یەکێك لـە سـەراکانی مشـکەکوێرەکان دەنگێـك هەڵسـا و شیوەنی مەرگی کەسێکی ڕادەگەیاند، قوڕگێکی پەرێشان دەرییەڕانـد، دەسـبەجێ دەیـان قوڕگ لە سەراکەدا دەیانوتەوە... قاسم لـە پەنجەرەکـەوە سـەری دەرهێنـا و لـە (فـەتین)ی ناوکفرۆشی پرسی و پیاوەکەیش وەڵامیدایەوە: (خۆت خۆش... شەعبان مرد). کابراکـە بـە ترسەوە لە ماڵەکەی دەرچووە دەرەوە و بەرەو سەراکەی شەعبان ڕۆیشت، کە لـە دووری دوو سەراوە بوو لە ماڵەکەیەوە. لەوێدا بینی حەوشەکە تاریکە و پڕە لە خەڵکی ئاپارتمانەکانی ژێرەوە، ئەوانەی کە لەگەڵ خەم و ناڕەزاییدا سەرەخۆشییان دەکـرد، لەپڕێکـدا دالآنـەکانی قاتەکانی سەرەوە وەڵامی دەنگەکەیان دایەوە، گوێی لە ژنێك بوو دەیوت:

- نەمرد بەڵام سوارس کوشتی.

- خوا ماڵت وێران کات سوارس!

ژنی سێیەم ناڕەزایی کرد و وتی:

- تەنها قاسم کوشتی! هەر ئیفترای درۆ دەکات و پیاوەکانمان دەکوژرێن.

قاسم بە خەم دڵی گوشرا. لە تاریکییەکەدا ڕێگای بڕی تـا سـەرکەوتە قـاتی یەکـەم، لەوێ کە ئاپارتمانەکەی کوژراوەکەی لێبوو، لەبـەر ڕوونـاکی چـراکە کـە بـە دیوارەکـەوە چەسپ کرابوو لە دالآنەکە لەبەردەم ئاپارتمانەکە، هاوڕێکانی حەسەن و سادق و عەجرەمـە و ئەبوو فەسادە و حەمروش و ئەوانی دیکەی بینی، سـادق بـەرەو ڕووی هـات و دەگریـا و باوەشی پێداکرد، بێ ئەوەی نقە بکات. حەسەن کە سەروچاوی ترسناك دەرکەوت لەژێر کزە ڕووناکییەکەدا وتی:

- خوێنەکەی بەفیڕۆ و ناڕوات.

عەجرەمە لە قاسم نزیکبووەوە و بەگوێیدا چپاند:

- ژنەکەی حاڵی خراپە تەنانەت کوشتنەکەی خستووەتە ئەستۆی ئێمە.

قاسم بۆی چپاند:

- خوا یارمەتی داین.

حەسەن بە ڕیتمێکی تۆڵەسێنەوە وتی:

- بکوژ دەبێت بکوژرێت.

ئەبوو فەسادە بە تووڕەییەوە وتی:

- کێ لە گەڕەکەکەماندا شایەتی لەسەر دەدات؟

حەسەن وتی:

- بەڵام دەتوانین ئەوانی دیکە بکوژین.

قاسم سیخورمەیەکی لێدا بۆئەوەی بێدەنگی بکات و وتی:

- حیکمەت لەوەدایە لەگەڵ جەنازەکەیدا بڕۆین، بەڵام لە گۆڕستانەکەدا کۆدەبینەوە...

قاسم بەرەو ئاپارتمانەکەی مردووەکە ملی نا، سادق ڕێگای لێ گرت کە نەڕوا، بەڵام لایبردە لاوە و چووە ژوورەوە و بانگی ژنەکەی کرد. ژنەکەیش هات و ماندوو بوو بە سەیرەوە و بە دووچاوی بەفرمێسکەوە هات، پاشان نیگاکانی وشك بوون و پرسیاری لێکرد:

- چیت دەوێت؟

بە خەمەوە وتی:

- هاتووم سەرەخۆشیت لێ دەکەم...

ژنەکە بەتووندیی وتی:

- تۆ کوشتت، پێویستمان بە وەقفەکە نەبوو، ئێمە پێویستمان بەو بوو...

بە نەرمییەوە وتی:

- خودا سەبرت بدات و تاوانبارانیش لەناوبەرێت، ئێمە کەسوکاری تۆین، هەر کە پێویستت بە کەسوکارت بوو، خوێنی بەفیڕۆ ناچێت...

بەمۆنییەوە تەماشای کرد و ژنەکە گەڕایە دواوە، هەر بە گەڕانەوەی، گریان و شەپۆڕ تەقییەوە. ئەویش بەخەمۆکیی و خەمەوە ماڵەکەی بەجێهێشت. هەر کە بەیانی بووەوە، خەڵکی بینیان سوارس لەبەر دەرگای قاوەخانەکەی (دەنجل) دانیشتووە بە سەروچاوێکی بە تەحەداو تاوانەوە لە ڕێبوارەکان ورد دەبووەوە. خەڵکی بە دەستەوسانییەوە سڵاویان لێدەکرد، ڕووخۆشی و وەرزیی خۆیان دەشاردەوە. بەشداریی پرسەکەیان نەکرد و لە دوکانەکانیان یان پشتی عارەبانەکانیان، یان لەسەر خۆڵەکەدا دەمانەوە. لە دەمەوبەیاندا دارەمەیتەکەیان هەڵگرتبوو، ئەوانەی تەرمەکەیان بەڕێدەخست، تەنها کەسوکار و خزمی بوون، بەڵام قاسمیش چوو لەگەڵیان بێ ئەوەی گوێ بداتە نیگای سووتێنەری شەقاوەکان، زاوای کوژراوەکە تووڕەبوو، بەتووندیی بە قاسمی وت:

- پیاو دەکوژیت و لە جەنازەکەشیدا دەڕۆی!

پەنای بردە بەر بێدەنگیی و سەبر تاکەسێکی دیکە بە زبرییەوە لێی پرسی:



- بۆ هاتی؟

بە سووربوونەوە وتی:

- بۆئەوەی بجەنگم وەکو برادەرە ڕەحمەتییەکەم جەنگا، ئازابوو، ئێوە وەکو ئەو نین. بکوژەکە دەناسن و تووڕەیی خۆتان هەڵدەڕژنە سەر من.

زۆربەیان مت بوون، ژنەکان لەدوای پیاوانە کۆبوونەوە، بەپێی پەتی و بە بەرگی ڕەشەوە ڕایان دەکرد و خۆڵیان دەکرد بەسەری خۆیاندا و دەیاندا لە ڕوومەتی خۆیان، جەنازە خۆی کرد بە جەمالیەدا و بەرەو دەرگای نەسر ڕۆیشت. هەر کە ڕێوڕەسمی مردووناشتنەکە تەواو بوو، بڵاوەیان لێکرد تەنها قاسم نەبێت، لەڕێوڕۆیشتن هێواش بوو، تا دواکەوت لێیان و گەڕایەوە بۆ سەر گۆڕەکە و بینی هاوڕێکانی چاوەڕوانی بوون، چاوانی پڕبوون لە فرمێسك و هەموویان دەستیان کرد بە گریان، ئەویش بە ناولەپی چاوی سڕییەوە و وتی:

- ئەوەی سەلامەتیی دەوێت بابڕوات.

حەمرووش وتی:

- ئەگەر سەلامەتمان ویستبایە نەتدەبینی لە دەورت بین.

دەستی خستە سەر کێلی گۆڕەکە و وتی:

- لەدەستدانیم پێ ناخۆش بوو، ئازار و بە حەماسەت بوو، بە غەدر ڕۆیشت و زۆر پێویستم پێی بوو.

سادق وتی:

- شەقاوە غەدارەکان کوشتیان، هەندێکمان دەمێنینەوە بۆئەوەی کوشتنی دوا شەقاوە لە گەڕەکەکەماندا بینین.

حەمرووش وتی:

- بەڵام نابێت بە غەدر لەناو بچین وەکو خوا لێخۆشبوو. بیربکەنەوە لە سبەی و چۆن سەرکەوتن بەدەست بهێنین.

- چۆن کۆبینەوە و ڕابگۆڕینەوە.

قاسم وتی:

- لە بەندیخانەکەمدا هیچ هاوەدەمێکم نەبوو جگە بیرکردنەوە نەبێت لەمە، تا ڕایەکم دۆزییەوە، ئاسان نییە، بەڵام ناتوانین لێی لابدەین...

بە پرسیارەوە تەماشایان کرد و وتی:

- گەڕەکەکەمان بەجێبهێڵن، با هەرکەس و تەگبیری خۆی بکات و کۆچ بکات، کۆچ دەکەین وەکو چۆن کاتی خۆی جەبەل کۆچی کرد و هەروەها چۆن سەرکار یەحیا دوێنێ کۆچی کرد، با یانەکەمان لە شوێنێکی ئەمین لە چۆڵەوانییەکەدا دامەزرێنین، تا بەهێز دەبین و ژمارەمان زۆر دەبێت. سادق وتی:

- باشترین ڕایە.

- ناتوانین گەڕەکەکەمان پاککەینەوە لە شەقاوەکان تەنها بەهێز نەبێت، مەرجەکانی خاوەن وەقفەکە نایەتەدی تەنها بەهێز نەبێت، تەنها بەهێز دادپەروەریی و ڕەحمەت و ئاشتی بەرپا دەبێت، هێزەکەمان یەکەم هێزی دادپەروەر دەبێت بەبێ زۆرداریی...

بە دڵێکی هۆشمەندەوە گوێیان گرتبوو، سەیری قاسمیان کرد و سەیری گۆڕەکەشیان دەکرد لەپشتی ئەوەوە، پێیان وابوو کە شەعبان لە گوێگرتن بەشدارییان دەکات و پیرۆزییان لێ دەکات. عەجرەمە بەدڵی بەداخەوە، وتی:

- بەڵێ، بەهێز هەموو کێشەکان چارەسەر دەکرێن. هێزی دادپەروەر زۆردار نابێت، شەعبان بۆ لای تۆ دەهات کاتێ سوارس ڕێگای پێگرت، ئەگەر لەگەڵیدا بوونایە، ڕێگای لە شەقاوەکان دەگرت، هێزێك بوو کۆڵپێدانی ئاسان نەبوو، نەعلەتی خودا لە ترس و جیابوونەوە...

بۆ یەکەمجار قاسم شنەیەکی ئاسوودەیی و خۆشی بەرکەوت و وتی:

- باپیرەمان بڕوای خۆی خستووەتە بەر دەستمان ئەو یەقینی هەبوو کە کوڕەکانی شایانی هەڵگرتنی ئەوەن.

## -٨١-

قاسم لە نیوەشەودا گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، بەڵام بینی قەمەر بەئاگایە و چاوەڕێی دەکات، زیاتر لە عادەتی خۆی بایەخی پێدا و بەسۆز بوو بۆی، مانەوەی تا ئەوکاتە و بەئاگابوونەکەی ئازاری دا. پاشان پەژموردەیەك و سوورەوەبوونێکی لە چاوانی بەدیکرد، کە ئەنجامی گریان بوو وەکو چۆن شەفەق ئەنجامی خۆرە، بە خەمۆکییەوە پرسیاری کرد:

- ئایا دەگریای؟

وەڵامی نەدایەوە، وەکو بڵێی خۆی بە ئامادەکردنی کوپەشیرەکە بۆی خەریك کردبوو، دیسان وتی:



- مەرگی شەعبان هەموومانی خەمبارکردووە، خوا لێی خۆش بێت.

دەسپێشخەریی کرد و وتی:

- بەرلەوە بۆ شەعبان گریام، بەڵام دەگریام هەر کە بیرم دەکەوتەوە کە ئەو کابرایە دەستدرێژیی کردە سەرت، تۆ دوا پیاوی کە خۆڵ بکرێت بە سەروچاویدا...

بە خەمبارییەوە وتی:

- ئەمە سووکترە لەوەی کە بەسەر ئەو برادەرە بەستزمانەمان هات...

ژنەکە لەتەنیشتییەوە دانیشت و کوپەشیرەکەی پێدا، ورتەورتێکی کرد:

- چەند دڵتەنگ دەبم سەبارەت بەوەی کە پێت دەڵێن.

ئەویش بزەیەکی هاتێ، خۆی وا دەرخست گاڵتەی پێ دێت و کوپەکەی بەرزکردەوە بۆ دەمی!

- جەڵتە ئەوە بۆ خێڵی جەبەل دووپات دەکاتەوە کە تۆ تەماحت کردووەتە وەقفەکە تا هەر بۆ خۆت بێت بە تەنیا، (حەجاج)یش لە خێڵی ڕەفاعە وەها دەڵێت. وا بڵاو دەکەنەوە تۆ لە جەبەل و ڕەفاعە کەم دەکەیتەوە.

بێ ئەوەی دڵتەنگیی خۆی بشارێتەوە وتی:

- ئەوە دەزانم هەروەها دەزانم ئەگەر تۆ نەبوویتایە تا ئەمڕۆ زیندوو نەدەبووم...

بەسۆزەوە دەستی دایە سەرشانییەوە، ئەوە بوو ڕۆژانی ڕابردووی بێ هیچ هۆیەك بیرکەوتەوە. ئەو ڕۆژانەی کە قشەکانیان کۆتایی نەبوو، هەروەها بەختەوەرییەکەشیان مەبەستی نەبوو، هەروەها شەوانی ڕووناك دوای لەدایکبوونی ئیحسان، ئەو ئەمڕۆ لەوانە هیچی نییە، هەروەها لە خۆیشی هیچی نییە. تەنانەت ئەو ئازاری نەخۆشییەش کە تووش دێت لێی دەشارێتەوە، ئەو بیر لە خۆشیی ناکاتەوە، ئیدی چۆن بەوەوە خەریك دەبێت، ئەو پێی شەرمە کە بارگرانیی بخاتە سەری، تا دوژمنەکانی بەبێ مەبەست لێی نەگرن. کێ لەوە لێی دڵنیایی دەکات، ڕۆژانی تەمەن بەسەرچوون وەکو چۆن ڕۆژانی ئاسوودەیی بەسەرچوون. ئەی گەڕەکەکەمان خوات لێ خۆشبێت. قاسم دیسان وتی:

- هیوا لێم ون نابێت ئەگەر لە تاریکیشدا بێت، گەرچی برادەرانی ڕاستگۆیش زۆرن گەرچی تەنیا دیاریشم. کەسێکیان تەحەدای (سوارس)ی کرد، کێ لەمەوبەر جورئەتی ئەوەی دەکرد و ئەوانیدیکەیش وەکو ئەوون، ئازایەتی ترسناکترە کە گەڕەکەکەمان پێویستی پێی هەیە، بۆئەوەی هەموو تەمەنت لەژێر پێیەکاندا بەسەر نەبەیت. بە سەلامەتی

ئامۆژگارییم مەکە، ئەو کەسەی کە کوژرا، کوژرا کاتێك لەڕێگادا بوو بۆ ماڵەکەی مـن. تۆ ڕازی نیت کە مێردەکەت سەرشۆڕی ترس بێت.

قەمەر بزەی هاتێ و کوپە بەتاڵەکەی گەڕانەوە، وتی:

- ژنی شەقاوەکان لەکاتی شەڕدا هەلهەلە لێ دەدەن کە ئەمەیان بەدکارییە، چۆن ڕازی دەبم کە لەوان کەمتر بم؟

هەستی کرد کە خەمەکەی ژنەکە ترسناکترە لەوەی کە ئەم دەریدەبڕێت، بەخۆشەویستییەوە دەستی بەڕوومەتییەوە هێنا و بە دڵدانەوەوە وتی:

- تۆ لە دنیادا هەمووشتێکی بۆ من، تۆ هاوڕێیەکی باشی ژیانیت.

بزەی هاتێ بۆ بانگکردنی سەکینە، بۆئەوەی پێش خەوتن بکەوێت... مام(شەنتح)ی مزگەر لە ونبوونی سادق سەیری هات، هەر کە چوو بۆ ماڵەکەیان کەسی لێ نەبینی و نەکەسوکاریشی شوێنەواریان هەبوو، ئەبوو فەسادە نەهات بۆ قاوەخانەکەی حەمدون و بە نادیاربوونی ئاگاداری نەکردەوە. ئەی حەمروش کوا؟ (حەسوونە)ی نانەوا وتی دیار نەما وەکو بڵێی ئاگری تەنوورەکە هەڵیلووشیوە. ئەوانی دیکە بەبێ گەڕانەوە ڕۆیشتن. هەواڵەکە لە گەڕەکی مشکەکوێرەکان بڵاوبووەوە و دەنگدانەوەکەی گەیشتە هەموو گەڕەك، تا خەڵکی بەگاڵتەوە لە هەردوو گەڕەکی جەبەل و ڕەفاعە دەیانوت مشکەکوێرەکان کۆچیان کرد، (سوارس)یش سەرانەی ڕۆژانەی دەست ناکەوێت. سوارس زەکەریای بانگ کرد بۆ قاوەخانەکەی (دەبجل) و بە هەڕەشەوە پێی وت:

- برازاکەت چاکە بۆئەوەی نهێنی ڕاکردووەکانمان پێ بدات.

زەکەریا وتی:

- سەرکار سوارس زووڵمی لێ مەکە ڕۆژان و هەفتان و مانگ بەسەرچوون کە پیاوەکە لە ماڵەکەی خۆی نەهاتووەتە دەرەوە.

شەقاوەکە نەڕاندی و وتی:

- یاریی منداڵانە، بەڵام بانگم کردیت تا ئاگادارت بکەمەوە لەوەی کە بەسەر برازاکەت دێت.

- قاسم لە خوێنی تۆیە، دوژمنمان پێ خۆش مەکە!

- ئەو دوژمنی خۆی و دوژمنی منیشە. ئەو خۆی بە جەبەلی زەمانە دەزانێت، ئەم نەعلەتەیش نزیکترین ڕێگایە بۆ دەرگای سەرکەوتن.



زەکەریا بەوەڕزییەوە وتی:

- سەرکار سوارس حیلمت هەبێت، هەموومان لە سایەی پارێزەریی تۆداین...

هەر کە زەکەریا گەڕایەوە تووشی حەسەن هات کە لەماڵی قاسم دەهاتەوە، ئەو ڕقەی کە سوارس تێی کردبوو، لەودا بەتاڵی کردەوە، بەڵام حەسەن پێی بڕی، وتی:

- باوکە پشووت هەبێت، قەمەر نەخۆشە، باوکە زۆر نەخۆشە. هەموو گەڕەکەکە بە نەخۆشییەکەی قەمەریان زانیوە تەنانەت ماڵی بەڕێوەبەریش. قاسم بەدیارییەوە و زۆر کەساس و خەفەتبارە، بەسەر سوورمانەوە سەری ڕادەوەشێنێت و دەڵێت.

- لە ساتێکدا دەکەوێت و هیچ توانایەکت نییە.

ژنەکەیش بە دەنگێکی کزەوە دەڵێت:

- حاڵی خۆمت لێ شاردەوە لەبەر دڵە بارگرانەکەت بە بگرەوبەردە.

بە خەمێکی زۆرەوە وتی:

- دەبووایە یەکەمجار هاوبەشی ئازارەکەت بوومایە.

ژنەکە هەردوو لێوی زەرد داگەڕاوی بە بزەیەك کردەوە، وەکو گوڵێکی پەژمووردە بە چڵێکی وشکەوەبووە، وتی:

- تەندروستی وەکو جاران دەگەڕێتەوە...

بەمەیش دڵی دایەوە، بەڵام ئەو پەڵەیە چییە کە بەرچاوی گرتووە.

ئەو وشکاییە چییە کە بە سەروچاودا دەگەڕێت، ئەو توانایە چییە لە شاردنەوەی ئازاردا؟ ئەو هەمووە لەپێناوی تۆدا. خوایە بەڕەحمەتی خۆت بیپارێزە و بۆمی بهێڵە، بەزەییت بێت بە گریانی ئەو منداڵەدا کە نابڕێتەوە.

- لێبووردنت لەگەڵ مندا وای لێکردم کە لە خۆم نەبوورم.

جارێکی دیکە بزەی هاتێ کە وەکو گلەیی وابوو، دایکی (سالم)یان هێنا بۆئەوەی هەڵمپرژێنی بکات، دایکی (عەتیە)ش بۆئەوەی هەندێ گیراوەی بۆ بکات و برایمی سەرتاش بۆئەوەی خوێنی بۆ بگرێت، بەڵام دایکی ئیحسان دیار بوو شیفای زەحمەت بوو، قاسم پێی وت:

- حەزم دەکرد قوربانی ئێشەکەت بم..

ژنەکە بە دەنگێکی کز وەکو بێدەنگیی وەڵامیدایەوە:

- بێ بەلا بیت...

پاشان ژنەکە وتی:

- ئەی خۆشەویستترین کەس لەبەر دڵم...

بە خۆی وت: ((بەبینینی دنیا لەپێش چاوم ڕەش بوو))، ئەویش وتی:

- ئاقڵێکی وەکو تۆ کە دواکەس کە پێی خۆش بێت دڵنەوایی بکەیت.

پیاو و ژن هاتن بۆ سەردانی و شوێنەکە تەنگ بوو، بۆیە ڕایکرد بۆ سەربانی خانووەکە، دەنگی ژنان لە پەنجەرەکانی سەراکەوە بەرزدەبووەوە، نەفرەتەکان تێکەڵ بە بانگەوازی فرۆشیارەکان دەبوو، لەڕێگاکەدا و گریانی منداڵ یەکەمجار وایزانی کە دەنگی (ئیحسان)ە، بینی برادەرەکەی لە خوڵی سەربازنەکەی تەنیشت دەگەوزێت. تاریکیی لەسەرەخۆ دادەهات و ڕەوێك کۆتر دەگەڕانەوە بۆ بورجەکەی خۆیان، لە ئاسۆدا تاکە ئەستێرەیەك دەدرەوشایەوە. لە واتای ئەو نیگا نامۆیەی دەپرسی کە لە چاوی قەمەردا دیاربوو، وەك بڵێی نابینرێت و ئەو لەرینەوە بێ ئیرادەیەی کە لە قەراغ زارییەوە و ئەو شینایییەی کە هەردوو لێوی بۆیاغ کردووە. هەروەها دەربارەی ئەو هەستی دڵتەنگبوونە ڕادەبەدەرەی خۆی. چەند سەعاتێك لەوێ مایەوە، ئەوسا دابەزی لە هۆڵەکە تووشی سەکینە هات کە ئیحسانی هەڵگرتبوو و ژنەکە بەچپەوە پێی وت:

-لەسەرەخۆ بچۆ ژوورەوە نەبا هەڵیسێنێت...

لەسەر قەنەفەکەی بەرامبەر نوێنەکە لەبەر ڕووناکییەکی کزی ئەو چرایەی کە لەسەر زەوی پەنجەرەکە بوو، ڕاکشا. لە گەڕەکەکە هیچ دەنگێك نەبوو جگە گریەی ڕەبابەکە نەبێت، پاشان دەنگی (تازە)ی شایەر هات کە دەیوت: (باپیرەکە بەهێمنی وتی: بینم کە هەلێکت بدەمێ کە بۆ کەس لە دەرەوە نەڕەخسا، ئەویش ئەوەیە کە لەم ماڵەدا بژییت و تێدا ژن بهێنیت و ژیانێکی نوێی تێدا دەست پێ بکەیتەوە... هەمام دڵی بەخۆشی و نۆشییەوە لێی دەداو وتی:

- سوپاس بۆ نیعمەتەکەت.

- تۆ شایانی ئەوەیت.

نیگای گەنجەکە لەنێوان باپیرەی و فەرشەکەدا دەهات و دەچوو پاشان بە بەزەییەوە پرسیاری کرد:

- ئەی خێزانەکەم؟

جەبەلاوی بەگلەییەوە وتی:



- ئەوەی ویستم بە ڕوونی وتم.

هەمام بە داوای سۆزەوە وتی:

- ئەوان داوای ڕەحمەت و لێبووردنی تۆ دەکەن))...

ژنە خەوتووەکە بزاوتێکی لێوە هات کە بێ تووندوتیژیی نەبوو، ئەویش لەسەر قەنەفەکە بۆی ڕاپەڕی. لە چاوەکانی تروسکاییەکی بینی کە جێگای پەڵەکەی گرتبووەوە، لە ژنەکەی پرسی کە چییەتی، ئەویش بە دەنگێکی بەهێز وتی:

- ئیحسان، کوا ئیحسان!

ئەو لە ژوورەکە خێرا دەرچووە دەرەوە، پاشان گەڕایەوە و سەکینە بەدوایەوە بوو، کیژەمنداڵە خەوتووەکەی هەڵگرتبوو... قەمەر ئاماژەی دا بە ئیحسان و سەکینە لێی نزیککردەوە تا گۆنای ڕامۆسی.

لەپڕێکدا قاسم لەسەر قەراغی نوێنەکە دانیشت و ژنەکەیش چاوەکانی بەلایدا لارکردەوە، پاشان چرپاندی:

- ئەوەی هەمە مەزنترە...

ئەویش بەلایدا لاربووەوە و لێی پرسی:

- مەبەستت چییە؟

- زۆرم ئازار داویت، بەڵام ئەوەی هەمە مەزنترە...

لێوی خۆی گەست و پاشان وتی:

- قەمەر، من خەمبارم لەبەرئەوەی ناتوانم ئازارەکەت کەم کەمەوە.

ئەویش بە بەزەییەوە وتی:

- لەدوای خۆم ترسم لێتە.

بە خەمێکی توندەوە وتی:

- لەبارەی من قسە مەکە...

-قاسم، بڕۆ، بگە بە هاوڕێکانت، ئەگەر بمێنیتەوە دەتکوژن...

- پێکەوە دەڕۆین...

ژنەکە بە زەحمەت وتی:

- ڕێگاکە یەك نییە..

- ناتەوێت ڕەحم پێ بکەیت وەکو فێرت کردبووم.

- ئاه، ئەوە ڕۆژانی ڕابردوو بوو.
وا دیاربوو ژنەکە کە دەیویست بەرگریی فشارێکی تووند بکات، بۆیە دەستی بەرزکردەوە، ئەویش زیاتر بەلایدا لاربووەوە تا پڕ بوو لە هەناسەکانی ژنەکە. پێچی خوارد و گەردنی درێژکرد وەکو پەنابردنێك، سنگی بەتوندیی بەرزبووەوە، هەناسەیەکی سەختی دا، سەکینە هاواری کرد:
- دایبنیشێنە، دەیەوێت دانیشێت.
بەهەردوو باڵی باوەشی لێداو داینیشاند، ژنەکە هەنیسکێکی دا، وەك بڵێی ماڵئاوایکردنێکی بێدەنگ بوو، سەری کەوت بەسەر سنگیدا، سەکینە بەڕاکردن کیژەمنداڵەکەی بردەدەرەوە، لە دەرەوە دەنگی ژنەکە ناڵەی کرد و بێدەنگیی دادڕی.

## -٨٢-

بۆ بەیانی ماڵی قاسم و ڕێگاکەی بەردەمی پڕبوون لە خەڵکی بۆ پرسەکە.
پەیوەندیی خزمایەتی لە گەڕەکەکەدا ڕێزێکی ڕەگداکوتراوی هەیە، هیچ ڕەوشتێکی باشە نایگاتێ. دەشبوو سوارس بێت بۆ پرسەکە لەدوای ئەویشەوە مشکەکوێرەکان خێرا هاتن، دەشبوو ڕەفعەتی بەڕێوەبەر بێت بۆ پرسەکەو لەهێتە و جەلەتە و حەجاج بەدوایەوە بوون، لەدوای ئەوانیشە هەمووکەسێ هاتن، حەشاماتێکی زۆر جەنازەکەیان ڕێکخست، کە لەمەوبەر گەڕەکەکە بەخۆیەوەی نەدیبوو تەنها لە جەنازە شەقاوەکاندا نەبێت. قاسم سەبری پیاوێکی دانای هەبوو، سەرەڕای ئازارە شاراوەکانی، تەنانەت لەکاتی بەخاکسپاردنیشدا هەموو هەست و نەستەکانی گریان جگە چاوانی نەبێت، تەعزیەچییەکان ڕۆیشتن، تەنها قاسم و زەکەریا و عەویس و حەسەن لە گۆڕستانەکە مانەوە. ئەوەدەمە زەکەریا دڵی قاسمی دایەوە و بە خەفەتەوە وتی:
- برازاکەم خۆت بگرە، خودا یارمەتیت بدات...
تۆزێك باڵای چەمایەوە و لە ناخەوە هەناسەی هەڵکێشا و ورتەورتێکی کرد:
- مامە دڵم بەخاك سپێردرا...
سەروچاوی حەسەن بە دڵگرانییەوە گرژبوو، بێدەنگیی گۆڕستانەکە باڵی کێشا، توندتر لەوەی کە بێدەنگیی بێت.
زەکەریا هەنگاوێکی ناو وتی:



- کاتی ئەوە هاتووە بڕۆین.
بەڵام قاسم لەسەر هەڵوێستی خۆی جێگیربوو و بە ناڕەزاییەوە وتی:
- چی ئەمانەی هێنا؟
زەکەریا تێگەیشت کە مەبەستی چییە لە قسەکەی، بۆیە وتی:
- بە هەرحاڵ مایەی سوپاسن.
عەویس ئازایەتی دایە خۆی وتی:
- سەرلەنوێ لەگەڵیاندا دەست پێ بکەرەوە، ئەم هەنگاوەیش لەوانەوە، چەند هەنگاوێك پێویست دەکات، خۆشبەختانە ئەوەی لە دەرەوەی گەڕەکەکەمان لەبارەتەوە دەوترێن، بەجدی بەهەند وەرناگیرێت.
پێی باش بوو کە نووقمی بێدەنگیی و خەم بێت، لەوەی کە وتووێژی لەگەڵدا بکات. کۆمەڵێك کەس هاتن و لە پێشەوەیان سادق، وەکو بڵێی چاوەچاوی ئەوەیان بوو کە تەعزییەکەرەکان لەوێ نەمێنن. عەویس بەبێزارییەوە چاوی پێیاندا گێڕا، بەڵام کەس گوێی پێ نەدا، سادق بە قاسمی وت:
- شتێك نەماوە کە تۆ لە گەڕەکەکە بهێڵێتەوە.
بەڵام زەکریا بەتووندیی بەرپەرچی دایەوە:
- کیژەکەی و خانووەکەی و ماڵ و موڵکەکەی لێرەن...
قاسم بەدەم و دویەکی واتادارەوە وتی:
- مانەوەم لە گەڕەکەکەدا پێویست بوو لە سایەیدا ژمارەتان لەگەڵ ڕۆژگاردا زیادی کرد...
سەیری سەروچاوەکانی کرد و لێیان وردبووەوە، وەك بڵێی زۆریان شایەتی ڕاستی قسەکەین. زۆربەیان کۆچکردن و گەیشتن بە هاوڕێکانیان هانی دابوون، هەموو شەوێك لە ماڵەکەی دەهاتەدەرەوە دوای خەوتنی گەڕەکەکە و دەچوو بۆ لای ئەوەی کە ئاشنایەتی و خۆشەویستی لێ بەدیدەکرد و ئامادەیی باشی هەیە بۆ قەناعەتهێنان بە قسەکەی.
عەجرەمە پرسیاری لێ کرد:
- ئایا چاوەڕێکردنمان درێژە دەکێشێت؟
- تا ژمارەیەکی بەرچاو لەلاتان کۆدەبێتەوە...
بردییە لاوە و ماچی کرد و بۆی چرپاند:

- دڵم بەخەم بۆت پارە پارە دەبێت، من لە هەمووکەسێ زیاتر بە کۆستەکەت دەزانم...

دڵگرانییەکەی هاتەوە و چرپاندی:

- ڕاست دەکەیت، ئازار چەند بەجەختە.

بە بەزەییەوە چاوی تێبڕی و پاشان وتی:

- خێراکە بگە پێمانەوە تۆ ئەمڕۆ بەتەنیای.

- هەموو شتێ بارمتەی کاتە.

عەویس بە دەنگی بەرز وتی:

- دەبێت بگەڕێینەوە...

هاوڕێکان باوەشیان بەیەکدا کرد و ماڵئاواییان لە قاسم و هاوڕێکانی کرد و گەڕانەوە. چەند ڕۆژ بەسەرچوو کە لە ماڵەکەیدا بەتەنیا و خەمۆك بوو، تا سەکینەیش لە ئەنجامی خەمەکەی دەترسا، بەڵام گەشتە شەوانەکەی بەردەوام بوو، بەنهێنی و گوڕوتینێکەوە کە بێ تاقەتی نەدەزانی، ژمارەی خۆحەشاردەرەکان لە زیادبووندا بوو، خەڵکی بە سەرسووڕمانەوە پرسیاریان دەکرد. لە گەڕەکی مشکەکوێرەکاندا گاڵتەپێکردن تووندبوو، شەقاوەکانیان لە بەشەکانی دیکەی گەڕەکەکەدا، دەیانوت نۆرەی سوارس دێت بۆ ڕاکردن ئەمڕۆ یان سبەی. ڕۆژێکیان مام زەکەریا پێی وت و ئاگاداری کردەوە:

-ئەم حاڵەتە مایەی زۆر نیگەرانییە و لە ئەنجامەکەی دەترسێت.

بەڵام چاوەڕێکردن هیچ کەڵکێکی نەبوو، ڕۆژەکان پڕبوون لە ئیشکردن و مەترسی، ئیحسان تاکە زەردەخەنە بوو لە سەروچاوە مۆنەکەیدا. ئەویش پێرۆکە ببوو، خۆی دەگرت بەلێواری کورسییەکانەوە، پاشان سەیری سەرچاوە ڕوونەکەی دەکرد کە بە زمانی چۆڵەکە و بەخۆی دەوت: دەبێتە کیژۆڵەیەکی جوان، بەڵام ئەوەی بەلامەوە گرنگە کە وەکو دایکی چاك و بەسۆز بێت.

پێی خۆش بوو کە سەیری بکات بەدووچاوی ڕەشەوە لەڕووی مانگە خڕەکەدا کە وەکو هێمایەك بێنێت بۆ ئەو، پەیوەندییە خۆشەویستییەکەی کە زەمانە بچڕاندی. ئایا دەبێت ئەوەندە تەمەنی درێژبێت تا بە بووکێنی بیبینێت، یان ئەوەتا لەسەری نووسراوە کە لە خانووی لە دایکبوونەکەیدا تەنها یادگاریی بە ئازار بچنێتەوە؟

ڕۆژێکیان کەسێك لە دەرگای دا، سەکینە ڕۆیشت بزانێت کێیە هاتووە، دەنگێکی بەگوڕی بۆ هات، وتی:



- سەکینە بیکەرەوە.

هەر کە دەرگای کردەوە، کچێکی بینی تەمەنی دوانزە یان زیاتر بوو، خۆی بە کۆڵوانەیەك کە باو نەبوو، خۆی پێچاوەتەوە و پەچەی کردووە. سەکینە حەپەسا و لێی پرسی وەکو ویستی، بەڵام خێرا چوو بۆ ژوورەکەی قاسم و بە سەرزارێکەوە وتی:

- مامە ئێوارەت باش...

ڕووپۆشەکەی لادا و دەموچاوێکی وەکو مانگی گەنمڕەنگ و جوان دەرکەوت و ناسکی لێ دەباری، قاسم بە سەرسووڕمانەوە وتی:

- بەخێربێیت، دانیشە، بەخێروخۆشی هاتی.

کیژەکەیش لەسەر قەراغی قەنەفەکە دانیشت و وتی:

- من بەدریەم، سادقی برام منی ناردووە بۆ لای تۆ.

قاسم بە بایەخەوە وتی:

- سادق!

- بەڵێ.

لە کیژەکە وردبووەوە، پاشان وتی:

- چی پاڵی پێوەنا ئەم مەترسییە بکات؟

کیژەکەیش بە بایەخەوە وتی:

- کەس بەم کۆڵوانەیەوە نامناسێت؟...

هەستی کرد کە لەشی کیژەکە لە تەمەنی گەورەترە، وەکو دڵنیایی سەری لەقاند و کیژەکە بە بایەخی زیادەوە وتی:

- ئەو پێت دەڵێت کە زوو برۆ لە گەڕەکەکە، چونکە لەهیتە و جەڵتە و حەجاج و سوارس پیلانیان داناوە بۆ کوشتنت ئەمشەو.

وەکو بێزارێك چارەی گرژکرد کاتێ سەکینە هەنیسکی داو لێی پرسی:

- چۆن بەمەی زانیوە؟

- سەرکار یەحیا پێی وتووە...

- بەڵام سەرکار یەحیا ئەمەی چۆن زانی؟

- سەرخۆشێك لە مەیخانەکە نهێنییەکەی درکاندووە و برادەرێکی سەرکار یەحیا لەوێ بووە. براکەم ئاوهای وت.

وایلێکرد بەبێدەنگیی تەماشای بکات تـا کیژەکـە هەڵسـا و کۆڵوانەکـەی بەجەسـتە تەروپڕەکەیدا پێچایەوە، ئەویش هەڵسا و وتی:

- بەدریە سوپاست دەکەم، خۆت چاك بشارەوە، سڵاوم بگەیەنە براکەت و بەخێرچیت.

رووپۆچەکەی دادایەوە سەر سەروچاوی و پرسیای کرد:

- چی پێ بڵێم؟

- پێی بڵێ، بەر لە بەیان چاومان بەیەك دەکەوێت.

تەوقەی لەگەڵدا کرد و پاشان ڕۆیشت...

-٨٣-

سەکینە سەروچاوی زەرد بوو، چاوەکانی ترسیان دەنواند، وتی:

- بێ دواکەوتن با ماڵەکەیان بەجێ بهێڵین.

ژنەکە ڕاپەڕی بۆ جوڵان و ئەویش پێی وت:

- ئیحسان بپێچەرەوە و لە باخەڵتا بیشارەوە و دەرچـۆ دەرەوە وەکـو بڵێـی بـۆ هەنـدێ ئیشوکار دەڕۆی، پاشان برۆ بۆ قەبرسانەکەی ژنە ڕەحمەتی و لەوێ چاوەڕێکە.

- ئەی خۆت گەورەم؟

- لە کاتی شیاودا پێت دەگەم.

چاوەکانی لەنێوان سەرسووڕمان و بێزارییدا بوون و بە نەبرەیەکی دڵنیاییەوە وتی:

- حەسەن دەتانبات بۆ ئەو شوێنەی کە لێی نیشتەجێ دەبین.

لە چەند چرکەیەکدا ژنەکە خـۆی بـۆ کۆچـکردن ئامـادەکرد، ئـەویش چـەند جارێـك ئیحسانی ماچکرد، پاشان ژنەکە کاتێك بەرەو دەرگاکە دەڕۆیشت پێی وت:

- بەوەت دەسپێرم کە زیندووە و نامرێت.

ئەویش لەپشت دەرگاکەوە وەستا، بە تایبەتی بۆئەوەی چاودێریی ڕێگـا بکـات، بینـی کەنیزەکە بەرەو جەمالیە دەڕۆیشت تا لە پێچـەکەدا ون بـوو. دڵـی کەوتـە لێـدان کـاتێ سەیری نووشتانەوەکەی قۆڵی کەنیزەکەی دەکرد کە کۆرپەیەکی بەنرخی هەڵگرتبوو. چاوی بە گەڕەکەکەدا گێڕا، پیاوانی لە دەست و پێوەنەکانی شەقاوەکانی بینی، هەنـدێکیان لـە قاوەخانەکەی (دەنجل) دانیشتبوون و ئەوانی دیکە لێرەو لەوێ پیاسەیان دەکرد.



خەریك بوو سەرو ڕووخساریان لە تاریکییە کشاوەکەدا دەتوانەوە، نیشـانەکان دیـاربوو کە خۆیان ئامادە دەکەن، بەڵام ئایا خۆیان مات داوە بۆئەوەی بۆ گەشتە شـەوانەکەی بێتـە دەرەوە ئەگەر نهێنییەکەی بۆیان ئاشکرا بووبێت؟ یان ئەوەتا هەر لە ئێستا بـۆ خۆپاراسـتن بڵاوەیان لێکردووە بۆئەوەی نیهێنییەکەیان ئاشکرا نەبێت، ئەوەتا وەکو مۆرانە لە تاریکیدا دێن و دەچن و هەناسەکانیان بۆنی تاوانی لێ دێـت، ئایـا چارەنووسـی وەکـو چارەنووسـی جەبەل یان ڕەفاعەی لێدێت؟ بەو جۆرە ڕەفاعە شەوێك لە شەوە تاریکەکان خۆی بینییەوە و لە ماڵەکەی خۆیدا دیار نەما و بە دڵێکی پڕ لە نیەت باشی و لە خوارەوەی خانووەکەشدا پێیە قورسـەکان بـە شـەهوەتی خـوێن پێسـتەی خاوەنـەکانیان دەگـروون. ئـەی گەڕەکـە بەدبەختەکەمان کەی واز لە خوێنڕشـتن دەهێنیـت؟ لـە ژوورەکـەدا دەهـات و دەچـوو تـا دەرگاکە لێدراو دەنگی حەسەن هاتە گوێی و بانگی دەکرد. بە جەستەکەتەکەیەوە هـات و چاوەکانی نیگایەکی نیگەرانیان تێدا بوو. وتی:

- لە گەڕەکەکەدا جووڵەیەکی نامۆ و گومناوییی هەیە...

بەبێ گوێدان بە سەرنجەکەی لێی پرسی؟

- ئایا مامە لە گەڕانەکەی گەڕایەوە؟

- نەخێر، بەڵام دەڵێم لە گەڕەکەکەماندا جووڵەیەکی گومانلێکراو هەیـە. لـە شیشـی پەنجەرەکەوە تەماشاکە...

- ئەوەی کە بێزاری کردوویت، بینیم و زانیم چی لەدواوەیە. سـادق لـە کـاتی شـیاودا ئاگاداری کردمەوە بە ناردنی خوشکە بچووکەکەی بۆ لام.

کەواتە پەیامەکە ڕاستە و شەقاوەکان دەیانـەوێت بمکـوژن ئەمشـەو، بۆیـە ئیحسـانم لەگەڵ سەکینەدا دەرباز کرد، ئەوان ئێستا لە گۆڕستانی ژنە ڕەحمـەتیم چـاوەڕێت دەکـەن، برۆ بۆ لایان و هەمووتان برۆن بۆ بارەگای براکانمان...

- ئەی تۆ؟

- منیش ڕادەکەم و پێتان دەگەم.

حەسەن بە عەزمەوە وتی:

- بە تەنیا جێت ناهێڵم.

بە تکایەکەوە وتی و لە بێزاریی بەدەر نەبوو:

- بەبێ دوودڵی چیم پێ وتیت وا بکە، بە فێڵ ڕادەکەم نەك بە هێز، هێزی تۆ بۆ من سوودی نییە، ئەگەر هات و بارودۆخ وایلێکردین کە بەرگریی بکەین، بەڵام ڕۆیشتنت کچەکەم دەپارێزێت. دەتوانی هەندێ لە پیاوانمان لە سەرەڕێیەکان لە جەمالییەوە تا چیاکان دابنێی، بۆئەوەی لە کاتی ڕاکردن ئەگەر پێویستمان پێیان بوو یارمەتیم بدەن.

حەسەن ملکەچی ئیرادەی بوو، بە هێزەوە تەوقەی لەگەڵدا کرد و وتی:

- هیچ شتێك وەکو ئەقڵی تۆ نییە، دیارە بۆ مەسەلەکە کەرەستەکەیت ئامادە کردووە.

بە بزەیەکی دڵنیاییەوە وەڵامیدایەوە، حەسەن بە سەروچاوێکی مڕومۆچەوە ڕۆیشت، هێندەی پێ نەچوو تا مامە زەکەریا هات و هەناسەبڕکێی بوو، تێگەیشت کە لەلای سەرکار زەکەریا بووە و هەواڵی بۆ هێناوە و پێشی کەوت و وتی:

- هەواڵەکە بۆ سادق بنێرە.

پیاوەکە بە شپرزەییەکی دیارەوە وتی:

- تۆزێك لەمەوبەر پێیم زانی کە بەلای مامۆستادا ڕەت بووم، ترسام پێت نەگەیشتبێت.

قاسم داینیشاند وەکو داوای لێبووردنێك وتی:

- لێم ببوورە کە تووشی سەریەشت دەکەم.

- لە زووەوە پێشبینی ئەوەم کردووە، لە سوارسدا گۆڕانم بەدیکرد لە هەڵسوکەوتیدا، خۆم بەدرۆخستەوە و ئەمڕۆیش ئەهریمەکانم بینی وەك کوللە بڵاوببوونەوە، تۆیش بەتەنیایت و ناتوانیت ڕابکەیت.

بە سووربوونەوە پشتی قایم بوو وتی:

- هەوڵدەدەم، ئەگەر شکستم خوارد لە چیادا پیاوان هەن و زاڵ دەبن.

زەکەریا بە وەڕزییەوە وتی:

- ئەم هەمووە سەبارەت بە ژیانت و کیژەکەت نرخی چییە؟

قاسم بە گلەییەوە وتی:

- من سەیرم لێدێت تۆ چۆن سەرداری لایانگرانم نەبوویت!

وتی و وەکو بڵێی گوێی لە قسەکەی نەبوو:

- وەرە لەگەڵما بۆ لای سوارس با سازشی لەگەڵدا بکەین و بەڵێنی بدەینێ کە چی دەوێت.



قاسم کورتە پێکەنینێك پێکەنی، گاڵتەی بە پێشنیارەکەی مامەی هات بەبێ قسەکردن، زەکەریا ئاوڕی لای شیشەکەی دایەوە و لەوێوە وردی ڕێگاکە بووەوە کە تاریك و ترسناك دیار بوو.

بە دەنگی قاسم بەئاگاهاتەوە کە دەیپرسی:

- بۆچی بەتایبەتی ئەمشەویان هەڵبژارد؟

زەکەریا وەڵامیدایەوە:

- پێرێ پیاوێك لە جەبەل ئاشکرای کرد کە کێشەکەت خێرە بۆ هەمووان، پیاوێك لە (ڕەفاعە)یش وەهای وت، ئەمە پاڵی پێوەنان کە پەلە بکەن.

قاسم سەروچاوی گەشایەوە و وتی:

- مامە بینیت؟ من دوژمنی بەڕێوەبەر و شەقاوەکانم، بەڵام دۆستی گەڕەکەکەم و دواجار هەمووان ئەوە پێ دەزانن.

- بیرکەرەوە کە چی چاوەڕوانتە...

قاسم بە بایەخەوە وتی:

- ئەمە پلانەکەی منە، لە سەربانەکانەوە ڕادەکەم تاوەکو ماڵەکەی تۆ.

چراکە بە هەڵکراویی بەجێدەهێڵم وەکو شوێن گومکێ...

- لەوانەیە کەسێك بتبینێت.

- ڕاناکەم تا سەربانەکان لە شەوچەرەچییەکان چۆڵ دەبن.

- ئەگەر پێشت کەوتن بۆ هێرشکردنە سەر ماڵەکەت؟

- ئەمە نابێت تا گەڕەکەکە نەخەوێت.

- لەوانەیە هێندە ناکەسبەچە بن تا ڕادەیەك کە مەزندە ناکرێت.

بە زەردەخەنەوە وتی:

- لەم حاڵەتەیشدا دەمرم و کێ پاشینەکەی دەدات؟

کابراکە سەروچاوێکی بۆ هەڵبڕی کە بە تکاوە دەدوا، بەڵام بزەیەکی هێمن و چەسپاوی نوواند وەك بڵێی سووربوونەوەکە بەرجەستەیە و بەبێ ئومێدیی وتی:

- لەوانەیە ماڵەکەم بپشکنن...

- خۆشبەختانە ئەوان نازانن کە پیلانەکانیان پێمان گەیشتوون، بۆیە ئینشاڵڵا بۆ ڕاکردن پێشیان دەکەوم.

ڕوونتر لە فرمێسك بە دوور و درێژیی نیگایان گۆڕییەوە، پاشان باوەشیان بەیەکدا کرد. هەر کە خۆی بەتەنیا بینی، زاڵ بوو بەسەر دڵگرانبوونەکەیدا و لە پەنجەرەکە نزیکبووەوە و چاودێریی ڕێگاکەی دەکرد، گەڕەکەکە لە ژیانیدا ئاشنا دیار بوو، منداڵان لە دەوری چرای عەرەبانەکان یارییان دەکرد، قاوەخانەکە پڕبوو لە شەوچەرەچییەکان و سەربانەکان پڕبوون لە قسەی ژنان و دەمەتەقێی کۆکەی جگەرەکێشەکان کە قسەی فاحیشانە و جنێویان تێدەکەوت، پەیامبەرانی مەرگ سووچەکانیان داگیرکردبوو، ئەی ڕەچەڵەکی خیانەت و دزانی بنیادەم. لەو دەمەوە کە ئیدریس پێکەنینە ساردەکەی دەرپەڕاندووە، ئێوە تاوانتان بە میرات وەرگرتووە و گەڕەکەکە لە دەریای تاریکیی نووقم دەکەن، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە باڵندەی بەندکراو بەرەڵا بکرێت؟ کاتەکە لەسەرخۆ و قورس دەڕۆیشت، بەڵام شەوی شەوچەرەچییەکانی بە ئامانجی خۆی گەیشت، سەربانەکان بێدەنگ بوون، ڕێگاکە لە عارەبانە و منداڵان چۆڵ بوو، قاوەخانەکانیش چۆڵ بوون، لەپڕێکدا دەنگی تارماییە گەڕاوەکان بەرزبوونەوە، سەرخۆشەکان لە جەمالیە هاتنەوە و هات و هەرایان بوو، تەنانەت کەپرەکانیش ئاگردانەکانیان کوژاندەوە، لە تاریکییەکەدا تەنها هاودەمەکانی مەرگ مانەوە و بە خۆی وت:

((کاتی کارکردن هاتووە)). خێرا ڕایکرد بۆ لای پەیژەکە و پێیدا بۆ سەربانەکە سەرکەوت، ڕۆیشت بۆ لای شورەی نێوان سەربانەکەی تەنیشت، بەبێ زەحمەت تێی پەڕاند. ویستی ڕابکات، کەچی تارماییەك ڕێگەی پێ گرت، وتی:

((بوەستە)) زانی کە سەربانەکە لەلایەن بکوژانەوە داگیرکراوە، دەوری گیراوە، وەرچەرخا بۆئەوەی بگەڕێتەوە، بەڵام یەکێکی دیکە پەلاماریدا و بە هەردوو باڵە بەهێزەکەی باوەشی لێدا، هێزی دایە خۆی کە ترس زیادی کردبوو، لەپڕ کێشای بە سکیدا و خۆی لە باڵەکانی دەربازکرد و شەقێکی دا لە سکی، کەوت و هەناسەی هەڵکێشا پاشان هەڵنەسایەوە، لە سەربانی سێیەمەوە یان چوارەمەوە دەنگی کۆکەیەکی تاساو هات، وایلێکرد نەڕوات و بە شڵەژاویی بۆ سەربانەکەی خۆی گەڕایەوە. لەلای پەیژەکەوە وەستا گوێی دەگرت، گوێی لە دەنگی پێ بوو کە سەردەکەوت، ئەوانەی سەرکەوتبوون لەبەر دەرگای ئاپارتمانەکەی کۆببوونەوە، بەتووندیی کێشایان بە دەرگاکەدا و کرایەوە لەوانە بوو کە لەگێژەنەوە دەرچێت، پاشان ئاژنگیان نا بۆ ژوورەوە، خێرا دابەزی بێئەوەی جارێکی دیکە ون بێت تا گەیشتە حەوشەکە، خێرا چوو بۆ دەرگاکە، لەدەرەوەی خانووەکە



تارمییەکی بینی دەجوڵایەوە پەلاماری دا و ملی گرت، پاشان بە سەری کەلەیەکی لێداو بە ئەژنۆی دای لە سکی و پاڵی پێوەنا، کەوتە سەرپشت بێئەوەی جوڵە بکات، بەرەو جەمالیە ملی ناو دڵی خێرا لێیدەدا. ئێستا بۆیان دەرکەوت کە ماڵەکە چۆڵە، لەوانەیە هەندێکیان سەرکەوێتە سەربانەکە و هاوڕێکەیان بدۆزنەوە کە کەوتووە، ئەوانی دیکەش لەدوایەوە دادەبەزنە خوارەوە، بەلای سەراکەی مامیەوە ڕەتبوو، بێئەوەی بوەستێت، هەر کە گەیشتە کۆتایی گەڕەکەکە، تێیتەقاند، لەگەڵ بەیەکگەیشتنی گەڕەکەکە لەگەڵ جەمالیەدا تارماییەك هاتە سەر ڕێگاکەی و وەکو هەورەتریشقە هاواری کرد، بۆئەوەی ئەوانی دیکە ئاگادار بکاتەوە ((بوەستە هەی کوڕی ژنە نامەردەکە))، تێلاکەی بەرزکردەوە بێ ئەوەی قاسم خۆی لە ڕێگاکە لابدات، بەڵام تارماییەکی دیکە دەرکەوت لە سوچی پێچەکە و بە تێلاکەی دای لە سەری تارمایی یەکەم و قیژاندی و کەوت، پاشان قاسم وتی:

- با بە هەموو هێزێکمانەوە ڕابکەین.

قاسم و حەسەن لە تاریکاییەکەدا ڕایاندەکرد بێ ئەوەی گوێبدەنە ئەوەی کە بەردێك یان چاڵێك بێتە ڕێگایان.

-٨٤-

لەبەر دەروازەی گەڕەکی شەمشەمەکوێرەکاندا سادق پێیان گەیشت، لە کۆتاییەکەیدا چاویان کەوت بە عەجرەمە و ئەبو فەسادە و حەمروش لە دەوری عەرەبانەکەی کارۆ، کە چوارپێچکەی هەبوو کۆببوونەوە، سواری بوون و ئەسپەکە لەبەر گڕی قەمچی عارەبانەچییەکە دەرپەڕی، عارەبانەکە خێرا دەڕۆیشت سەرەڕای تاریکییەکە.

لە بێدەنگیی شەودا دەنگێکی ناخۆش هەبوو، وەکو تەقەتەقێکی بەردەوام، ئەوانیش بە ترس و وریابوونەوە ئاوڕی دواوەیان دەدا.

سادق بۆ دڵنیاییکردنەوە وتی:

ئەوان ڕادەکەن بۆ دەرگای نەسر، پێیانوایە کە تۆ پەنا دەبەیت بۆ چۆڵەوانییەکەی دەوری گۆڕستانەکان.

قاسم بە گومانەوە وتی:

- بەڵام دەزانن کە ئێوە لە گۆڕستانەکاندا نیشتەجێ نین...

بەڵام خێرایی عەرەبانەکە یەکلاییکەرەوە دیاربوو، بەو بۆنەیەوە هەستیان کرد کە لە مەترسی دوورکەوتوونەتەوە.

بەڕاستی. قاسم بەهەندێ ئاسوودەییەوە وتی:

- باشتان ڕێکخستووە و تەگبیرتان کردووە، سادق سوپاس بۆ تۆ ئەگەر ئاگادارکردنەوەکەی تۆ نەبووایە، ئێستا لە ناوچووان بووم...

سادق بەبێدەنگی دەستی گوشی. عارەبانەکە لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو تا بازاڕی مەقەتەم لەبەر ڕووناکی ئەستێرەکان دەرکەوت، تاریکایی چۆڵی پێچابووەوە، تەنها ئەو ڕووناکییە نەبێت کە لە چراکەی کوختەکەی سەرکار یەحیاوە.

بۆ وریایی عەرەبانەکەیان لە ناوەڕاستی مەیدانەکە وەستان، پاشان بەجێیانهێشت و بەرەو کوختەکە چوون، ئەوەندەی پێ نەچوو دەنگی سەرکاریان بۆ هات و پرسی کە هاتووەکان کێن، قاسم وەڵامیدایەوە. جارێکی دیکە دەنگەکە بەسوپاسەوە بەرزبووەوە، هەردوو پیاوەکە بەگەرمی باوەشیان بەیەکدا کرد، قاسم پێی وت:

- بە ژیانم قەرزاری تۆم...

پیرە مێردەکە بە پێکەنینەوە وتی:

- ئەوە تەنها ڕێکەوتە، بەڵام ڕوویدا بۆئەوەی پیاوێك ڕزگار بکات کە یەکەم کەسە شایستەی ژیان بێت، خێرا چوون بۆ چیاکە، چیاکە باشترین قەڵابوو بۆ ژیان... قاسم دەستی گوشی، لە بەر ڕووناکیی چراکە بە خۆشەویستی و سوپاسگوزاریی سەیری سەروچاوی کرد، پیرەمێردەکە جارێکی دیکە وتی:

- ئەمرۆ تۆ وەکو ڕەفاعە یان وەکو جەبەل وایت، هەر کە سەرکەوتیت دەگەڕێمەوە بۆ گەڕەکەکەمان. لە کوختەکە دوورکەوتنەوە بەرەو ڕۆژهەڵات چوون بۆ چۆڵەوانییەکە، بەرەو چیاکە، سادق پێشیان کەوتبوو، چونکە لە هەموویان لە ڕێگاکەدا شارەزاتر بوو، ئاسکییەك هەبوو کە لەگەڵ تاریکییەکەدا تێکەڵ دەبوو مژدەی بەیانی دەدا... ئاسمان ئاونگێکی تەڕی دەباران، لە دوورەوە دەنگی قوقەی کەڵەشێر دەهات وەکو قیژەی ژانگرتن بۆ منداڵبوونێکی نوێ، گەیشتنە بنارەکە و بەرەو باشوور لە هاوشانی ڕێیان دەکرد تا دەربەندێکی تەسکیان دۆزییەوە کە هەڵدەکشا بۆ شوێنی نیشتەجێبوونە نوێیەکەیان لەسەر چیاکە، لەدوای سادقەوە لەبەر تەسکیی ڕێگاکە بە ڕیزێك یەك لەدوای یەك سەرکەوتن. سادق بە قاسمی وت:



- خانوویەکمان بۆ دیاریکردوویت لە ناوەڕاستی ماڵەکانماندا کە ئێستا ئیحسانی تێدا نووستووە. عەجرەمە وتی:

- ماڵەکانمان لە تەنەکە و حەسیرن.

حەسەن بە خۆشییەوە وتی:

- زۆر خراپتر نییە لە ماڵەکانمان لە گەڕەکەکە:

قاسم وتی:

خۆ ناشبێت بەڕێوەبەر و شەقاوە لەنێوانماندا هەبێت دەنگیان بەسەردا باریی و سادق وتی:

- گەڕەکە نوێیەکەمان بەئاگایە و چاوەڕێی تۆیە...

سەریان هەڵبڕی و بینییان دەزوولەی ڕووناکی پاشماوەکانی تاریکیی ڕاودەنێن، سادق بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

((هۆ هۆ)). پیاوان و ژنان سەریان دەرهێنا و هوتافدان و هەلهەلە بەرزبووەوە. قوڕگەکان کەوتنە گۆرانی:

یا محنی دیل العصفوره.

قاسم گاڵتەی بە خۆشییەکە هات و بە فیزەوە وتی:

- ژمارەیان زۆرە.

سادق بە شانازییەوە وتی:

گەڕەکە نوێکە لەسەر چیا، خەڵکەکە ڕۆژ بەڕۆژ زیاد دەکەن.

بەڕێنمایی سەرکار یەحیا هەموو کۆچبەرەکان هاتن بۆ گەڕەکەکەمان. حەمروش وتی:

- هیچ ماندوومان ناکات جگە ئەوە نەبێت کە لە گەڕەکە دوورەکاندا بەدوای ڕزقی خۆمانەوە دەگەڕێین لە ترسی ئەوەی کە کەسێك لە گەڕەکەکەمان نەمانبینێت...

هەر کە قاسم چووە سەربانەکە، پیاوان بە باوەشپیاکردنەوە پێشوازییان لێکرد و ژنان تەوقەیان لەگەڵدا کرد و دەنگی بەخێرهێنان و هەلهەلەو ئەڵاهو ئەکبەر بەرزبووەوە. سەکینەش لە پێشوازیکەران بوو، پێی ڕاگەیاند کە ئیحسان لەو کوختەدا نووستووە، کە بۆ ماڵ بۆیان ئامادەکراوە، هەمووان بە گەڕەکە نوێیەکەدا بەڕێکەوتن کە لە شێوەی چوارگۆشەیەك لە کوختەکان لە تەختاییەکی سەر چیاکە ڕۆنرابوو. هەلهەلەیان لێدەدا و گۆرانییان دەوت. ئاسۆکە بە ڕووناکی گەشایەوە، دەتوت دەریاچەیەکی گوڵی سپییە.

پیاوێك وتی:

- قاسمی شەقاوەمان بەخێر بێت.

قاسم سەروچاوی گۆڕا و بە تووڕەیی وتی:

- نەعلەتی خوا لە شەقاوەکان بێت، نە ئاشتی هەیە و نە ئەمان هەیە، لە هەرکوێیەك ئەوانی لێبن.

سەروچاوە نوێیەکان لێیان ڕوانی و ئەویش وتی:

ئێمەیش تێلا بەرزدەکەینەوە وەکو جەبەل بەرزی کردەوە.

بەلام لەپێناوی ئەو ڕەحمەتەی کە ڕەفاعە بانگەشەی بۆ دەکرد، پاشان وەقفەکە بەکاردێنین، ئەمە ئەرکی ئێمەیە نەك شەقاوەیەتی.

حەسەن لەسەرەخۆ پالی پێوەنا بەرەو ئەو کوختەی کە بۆ ئەو ئامادەکرابوو، پێی وت و بە هەمووانیشی بوو:

- لێی گەڕێن با هەندێ پشوو بدات.

قاسم لەسەر حەسیرێك بەتەنیشت کیژەکەیەوە ڕاکشا و خێرا خەوبردییەوە، لەنێوان نیوەڕۆ و دەمەو عەسردا بە سەرێکی قورس و لەشێکی ماندووەوە لە خەو هەلسا، سەکینە ئیحسانی بۆ هێنا و خستییە کۆشی و بە سۆزەوە ماچی کرد، ژنەکە گۆزەئاوەکەی پێدا و وتی:

- ئەم ئاوە لە بۆرییەکی گشتییەوە بۆمان دێت، کە کاتی خۆی ژنەکەی جەبەل دەیهێنا...

پیاوەکە بزەیەکی هاتێ، حەزی لەو هەمووە بوو کە پەیوەندیی بە یادەوەریی جەبەل یان ڕەفاعەوە هەبوو. پیاوەکە چاوێکی بە خانووە نوێیەکەیدا گێڕا و بینی دیوارەکانی بە حەسیر داپۆشراون و هیچی دیکە، ئیحسانی بە سۆزی زیاترەوە گرتە باوەش، هەلسا و کیژەکەی دایە سەکینە و لە کوختەکە چووە دەرەوە و بینی سادق و حەسەن چاوەڕێی دەکەن، لەنێوانیان دانیشت و سلاوی بەیانیان لە یەکتر دەکرد. چاوێکی بە گەڕەکەکەدا گێڕا، چاوی تەنها بە ژنێك یان منداڵێك کەوت، سادق بە ڕوونکردنەوەوە وتی:

- پیاوان ڕۆیشتن بۆ سەبییە و زینهم بەدوای ڕزقدا و ئێمەیش دواکەوتین بۆئەوەی لێت دڵنیابین...



چاوی گێڕا بەو ژنە کرێکارانەدا کە خەریکی چێشتلێنان یان جلشۆرین بوون لەبەردەم کوختەکاندا و منداڵانیش لێرە و لەوێ یارییان دەکرد، پاشان پرسیاری کرد:

- ئایا ئەمانە ڕازین؟

سادق وتی:

- ئەم ژنانە خەون بە دەستگیرکردنی وەقفەکە و ئەو بەهەشتەوە دەبینن کە ئامینەخان خێزانی بەڕێوەبەرەکەی تێدایە...

بزەیەکی پانی هاتێ و پاشان بە هێواشی چاوی لەنێوان هەردووکیاندا دەهێنا و دەبرد و پرسیاری کرد:

- دەربارەی هەنگاوی داهاتوو چی لە مێشکتاندا هەیە؟

حەسەن لەنێوان هەردوو شانە پان و پۆڕەکەیدا سەری هەلبڕی، وتی:

- ئێمە خۆمان دەزانین چیمان دەوێت...

- بەلام چۆن؟

غەفلەتێك دەقۆزینەوە و پاشان هێرش دەبەین...

بەلام سادق بە ناڕەزتییەوە وتی:

- بگرە سەبر دەگرین تا ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی گەڕەکەکە پەیوەندیمان پێوە دەکەن، پاشان هێرش دەکەین، لەلایەك سەرکەوتن مسۆگەر دەکەین و قوربانیش کەم دەبێت لەلایەکی دیکەوە.

قاسم وتی و سەرچاوی کرایەوە.

- باشت وت...

دڵنیاییەکی خەوناویی هەموویانی گرتەوە، دەنگێك بە شەرمەوە وتی:

- خواردن...

قاسم چاوی هەلبڕی و بینی بەدریە دەورییەك پاقلە و نانی پێبوو، بە دوو چاوی بە بزەوە تەماشای دەکرد ئەویش بزەی هاتێ و وتی:

- پەیامبەری ژیان بۆ لای من بەخێر بێت...

کیژەکەیش دەورییەکەی خستە دەستی و وتی:

- خوا تەمەنت درێژ بکات.

رۆیشت بۆ کوختەکەی قاسم کە لەدوای کوختەکەی ئەو دێت، ناسکی و ڕازیبوونێك کەوتە ناخی و بە ئیشتیهاوە خواردنەکەی خوارد، لەو دەمەدا ئەو دەیوت:

- هەندێ پارەم هەیە لەکاتی پێویستدا بەکارمان دێت...

پاشان دوای قەدەرێك وتی:

- دەبێت هەرکەسێك ئامادەبوونمان تێیدا بینی لە خەڵکی گەڕەکەکەمان، ڕاوی بکەین بۆ بەشدارییکردنمان. زۆرلێکراوان چەند زۆرن کە هیوای سەرکەوتنمان بۆ دەخوازن و تەنها ترس کۆتی کردوون.

ئەوەندەی پێ نەچوو هەردوو پیاوەکە ڕۆیشتن و ئەوانی دیکە پێشیان کەوتبوون و خۆی بەتەنیا بینییەوە، هەڵسا و ڕۆیشت و لە شوێنەکەدا پیاسەی کرد وەك بڵێی بەسەری دەکاتەوە. بە منداڵە یاریکەرەکاندا ڕەت بوو، کەسیان ئاوڕیان لێی نەدایەوە، بەڵام ژنان بە دەم سڵاوکردنەوە دوعایان بۆی دەکرد، پیرەژنێکی زۆر بەساڵاچوو سەرنجی ڕاکێشا، سەری پاك سپی ببوو، چاوەکانی تەمی پیریی دایپۆشیبوون. چەناگەی چرچ ببوو وەك بڵێی ڕیشی دەهاتەوە، بە سڵاوکردنەوە لێی نزیکبووەوە پیرێژنەکەیش بە دوعاوە سڵاوەکەی سەندەوە و لێی پرسی:

- دایکە تۆ کێی؟

ئەویش بە دەنگێك وەکو خشەخشی گەڵای وشکەوەبوو وەڵامیدایەوە:

- دایکی حەمروشم...

- سڵاو لە دایکی هەمووان، چۆن دڵت هات گەڕەکەکەمان بەجێ بهێڵیت؟

- ئەو شوێنە خۆشە کوڕەکەمی لێیە...

پاشان وریابووەوە و وتی:

- دوورکەوتنەوە لە شەقامەکانی غەنیمە...

پاشان پیرەژنەکە ئازایی بەرکەوت و بە بزەکەیەوە وتی:

- کاتێ کچ بووم ڕەفاعەم بینی...

بە بایەخەوە پرسیاری لێکرد:

- بە ڕاستە؟

بەڵێ بە گیانی تۆ، ڕووخۆش و جوان بوو، بەڵام بیرم لەوە نەکردبووەوە کە دەبێتە ناونیشانی گەڕەك و چیرۆکێك لە چیرۆکەکانی ڕەبابە.



بە بایەخێکی زیادەوە لێی پرسی:

- ئایا وەکو ئەوانی دیکە نەچووی بۆ لای؟

- نەخێر، لە گەڕەکەکەمان کەس بە ئێمەی نەزانیوە و بە خۆشمان نەزانیوە، ئەگەر تۆ نەبوویتایە، ناوی مشکەکوێرەکان بەسەر زماندا نەدەهات...

بەسەیرەوە ژنەکەی پشکنی و پرسی دەبێت ئەمڕۆ باپیرەمان چۆن بێت!

بەڵام بە ناسکییەوە بۆی دەخنایەوە، بە درێژایی پییرەژنەکەش دوعای بۆ کرد تا ڕۆیشت، لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو تا گەیشتە سەر ڕێگاکە لە لێواری چیادا. چاوێکی گێڕا بە چۆڵەوانییەکەی خوارەوە، پاشان چاوی بڕییە ئاسۆکە. لە دوورەوە گومەت و سەربانەکان دیاربوون، وەکو بڵێی ڕووخسارگەلێکی ڕوون لە زیندەوەرێکدایە، وتی دەبێت ئەوە تاکە شتێك بێت. ئەم شتەش لە سەرەوە چەند بچووك دیارە...

نە ڕەفعەتی بەڕێوەبەر و نە لەهیتەی شەقاوە واتایان هەیە، لێرەدا جیاوازیی نییە لەنێوان ڕەفعەت و زەکەریای مامیدا. زەحمەتە لە شێوێنەکەی خۆتەوە گەڕەك پڕ بگرە و بەردە بناسێتەوە، ئەگەر خانووی خاوەن وەقفەکە نەبێت، کە دیارە لە هەموو شوێنێکەوە جیاواز دیارە. خانووەکەی باپیرەمان بە شوورە سەیرەکەیەوە و درەختە بەرزەکانییەوە، بەڵام بەساڵدا چووە و ترسی کزبووە، وەکو ئەم خۆرەی کە بەرەو ئاسۆ شۆڕبووەتەوە. تۆ لە کێیت و چۆنی تۆ بۆ دیارناکەوی وەك بڵێی تۆ نەماویت. ئەوانەی وەسێتنامەکەیان تەزویر کردووە لە خانووەکەت لە دووریی چەند باڵێکەوەن. ئەو ژن و منداڵانەی کە بۆ چیاکە دوورخراونەتەوە، نزیکترین کەس نیین لە دڵی تۆدا! پایەت دەگەڕێتەوە کاتێك مەرجەکانی وەقفەکە جێبەجێ دەکرێت، بەبێ تیرۆرکردنی بەڕێوەبەر یان دەستدرێژیی شەقاوەکان، وەکو گەڕانەوەی خۆر سبەینێ بۆ ناو جەرگەی ئاسمان. ئەگەر تۆ نەبوویتایە نە باوکمان دەبوو، یان گەڕەك، یان وەقف، یان ئاوات.

دەنگێکی خۆش لە تەهویمەکەی ئاگاداری کردەوە و وتی:

- سەرکار قاسم ئەوە قاوەیە.

هەر کە ئاوڕی دایەوە بەدریەی بینی فنجانەکەی لەسەر دەستە و ئەویش وەریگرت...

- ئەم ئەزیەتە چی بوو؟

- گەورەم ئەزیەتی تۆ ئاسوودەییە.

ڕەحمەتی نارد بۆ قەمەر و لە سەرخۆ قاوەکەی فڕ دەکرد، لەنێوان هەر فڕێك چاویان بە زەردەیەکەوە یەکیان دەگرت، قاوە چەند بەتامە لە لایەکی چیاکە لەسەر چۆڵەوانییەکە.

- بەدریە تەمەنت چەندە؟

لێوی بردە دەمەوە و پاشان ورتەورتێکی کرد:

- نازانم...

- بەڵام تۆ دەزانیت چی ئێمەی هێنا بۆ چیاکە؟

بەشەرمەوە دوو دڵ بوو، پاشان وتی:

- تۆ!

- من؟!

- دەتەوێت لە بەڕێوەبەر و شەقاوەکان بدەیت و وەقفەکە بکەیتە هی ئێمە، باوکم وا دەڵێت...

بزەی هاتێ، هێندە ئاگای لێبوو فنجانە قاوەکەی تەواو کرد و لەبیری چووبوو بیگەڕێنێتەوە، بۆی گەڕاندەوە و وتی:

- تەنها ئەوەندەم پێیە کە سوپاست بکەم و شایستەی ئەوەیت...

کیژەکە بە زەردەخەنە و ڕووسوورییەوە گەڕایەوە و ڕایکرد، ئەویش ورتەورتێکی کرد، وتی:

- بەخێرچیت...

## -٨٥-

لە زەردەپەڕدا بوو کە کاتی شەڕەدار بوو، پیاوان دەستیان دەکرد بە ڕاهێنانی سەخت بە تێڵاکانیان. ئەمیش دوای گەڕانەوەیان لە پارە پەیداکردنێکی کەم و خۆراکی ئاسایی، دوای ڕۆژێکی زەحمەت کە کەسی زەحمەتکێش کات بەسەر دەبات بەدوای ڕزقەوە، ژنان و پیاوان بەو شێوەیە دەگەڕێنەوە، قاسم یەکەم یاریچی بوو. چەند پێی خۆش بوو کە حەماسەتی پیاوەکانی و ئامادەباشییان بۆ ڕۆژێکی سەخت ببینێت. بەهێزترین لە پیاوان، بەڵام خۆشەویستییان بۆی هەیە، کە لە گەڕەکەکە نەیبینیبوو، ئەو گەڕەکەی بوغز و کینە وڕوڕوژاندی کردبوو. تێڵاکان بەرزدەکرانەوە و بە توونەدیی بە یەکیاندا دەدا، مێردمنداڵەکانیش تەماشایان دەکرد و لاساییان دەکردنەوە، لەپڕێکدا ژنان پشوو دەدەن،



یان خواردنی شیو ئامادە دەکەن. ڕیزی کوختەکان درێژ دەبێتەوە و پیاوانی نوێ پەیوەندیی دەکەن بە گەڕەکە نزیکەکەوە. سادق و حەسەن و ئەبو فەسادە سەلماندیان کە ڕاوچی لێهاتوون. پیاوانیان لە گەڕەکەکە لە مۆڵگەکانی خۆیاندا دەیدایە بەرچاو، هێشتا ئەوەیان تێدا مابوو تا قەناعەتیان پێ بهێنن کە بە دزییەوە گەڕەکەکە بەجێبهێڵن بەدوای هیواگەلێکەوە کە هێشتا لە سنگیاندا گڕی نەگرتووە، سادق بە قاسمی دەوت:

- لەگەڵ ئەم چالاکییەشدا ئەوە مسۆگەر ناکەم کە دوژمنەکانمان بارەگاکەمان نەدۆزنەوە.

ئەویش پێی دەڵێت:

- هیچ ڕێگایەك نییە بۆ لای ئێمە، جگە دەربەندە تەسکەکە نەبێت، ئەگەریش لەوێوە بێن، چارەنووسیان لەناوچوونە...

ئیحسان تاقە بەختەوەریی بوو کە مابووی، کاتێ یاریی لەگەڵدا دەکرد و کاتێ دەیلاواند و گڕوگاڵی لەگەڵدا دەکرد، بەڵام کاتێك ڕەحمەتی ژنی بیردەخاتەوە و تەنیایی بەرۆکی دەگرێت و گڕی هەناسەی سۆز گڕی دەدات، ئەوەی کە لە سەرەتای ڕێگادا لێی ڕفێندرا و کردیە نێچیری تەنیایی هەرکاتێك خۆی بەتەنیا بێت، هێندێ جاریش بۆ پەشیمانیی کاتێك لە قەراغی چیاکە ڕوویدا، ڕۆژی قاوەکە لە قەراغی چیاکەدا، یان ڕۆژی تەماشاکردنە ناسکەکە کە وەکو شنەیەکی دەمەو عەسران بوو، شەوێکیان خەو لە چاوی زڕا، بووە نێچیری ئەشکەنجەی تەنیایی و شەونخوونی لە تاریکیی کوختەکەدا، لە نوێنەکەی هاتەدەرەوە و بۆ دەرەوە دەرپەڕی، چوو بۆ گۆڕەپانی کوختەکان لەژێر ئەستێرە نەخەوتووەکاندا پێشوازیی بایەکی سازگاری دەکرد، ((با))ی هاوین لە نیوەشەودا لەسەر چیاکە، دەنگێك بانگی لێکرد پاشان برادەرەکەی پرسیاری کرد:

- بەم کاتی شەوە بۆ کوێ دەڕۆیت؟

ئاوڕیدایەوە بینی سادقە و لێی نزیك دەبێتەوە، لێی پرسی:

- هێشتا نەخەوتووی؟

- لەبەردەم کوختەکە پاڵکەوتبووم تۆم بینی، تۆ لە خەو خۆشتری لە لای من...

پێکەوە ڕۆیشتن تا قەراغی چیاکە، لەوێ وەستان و قاسم وتی:

- هەندێ جار تەنیایی دەڕوەست نایەت...

سادق بە پێکەنینەوە وتی:

- له هه‌موو کاته‌کاندا به‌نه‌عله‌ت بێت.

ڕوانیانه ئاسۆکه دنیا ئاسمانێکی دره‌وشاوه‌ی دیار بوو، به‌رامبه‌ر زه‌وییه نقوومبووه‌که له تاریکیی و سادق گه‌ڕایه‌وه و وتی:

- زۆربه‌ی پیاوه‌کانت خاوه‌ن ژنن یان که‌سوکاریان هه‌یه، ئه‌وانه نازانن ته‌نیایی چییه...

قاسم وه‌کو ناڕه‌زاییه‌ك پرسیاری کرد:

- مه‌به‌ستت چییه؟

- یه‌کێکی وه‌کو تۆ ناتوانێت بێ ژن بێت...

له ده‌نگیدا ناڕه‌زایی زیاتر به‌قه‌ده‌ر ئه‌وه‌ی که ڕاستگۆیی له قسه‌ی کابراکه دیـار بـوو، پرسیاری کرد:

- دوای قه‌مه‌ر ژن بهێنم!

کابرا به بڕواوه وتی:

- ئه‌گه‌ر توانیبای گوێی لێت بێت، هه‌مان ڕای منی به گوێتدا ده‌دا...

قاسم په‌شۆکا و سنگی پڕبوو له تێورووژان، وتی وه‌کو بلێیی قسه له‌گه‌ڵ خۆیدا ده‌کات.

- وه‌ك بلێیی خیانه‌ته دوای خۆشه‌ویستی و خزمه‌تکردن.

- مردووان پێویستیان به دڵسۆزیی ئێمه نییه.

ئه‌م پیاوه باشه مه‌به‌ستی چییه؟ بڕیاری ڕاستگۆیی ده‌دات یان پاکانه‌ی خۆشه‌ویستییه؟ به‌ڵام هه‌ندێ جار حه‌قیقه‌ت تامێکی تاڵی هه‌یـه. تـۆیش خـۆت به‌ڕاشـکاویی ڕووبـه‌ڕووی خۆت نابیته‌وه، که پێی ڕووبه‌ڕووی بارودۆخی گه‌ڕه‌که‌که بوویته‌وه.

ئه‌وه‌ی که ئه‌م مه‌سه‌لانه‌ی جیهانه‌که‌تی ڕێکخستووه، هه‌ر ئه‌ویش ئه‌و ئه‌سـتێرانه‌ی لـه ئاسماندا ڕێکخستووه. ڕاستی که ئه‌ملاو ئه‌ولای نییه، دڵت لێده‌دات کـه وه‌ك یه‌کـه‌م جـار لێی ده‌دا.

به ده‌نگێکی بیستراو هه‌ناسه‌ی هه‌ڵکێشا و سادق وتی:

- تۆ یه‌که‌م که‌سیت که پێویستت به هاوده‌م هه‌یه.

هه‌ر که گه‌ڕایه‌وه بۆ کوخته‌که‌ی، بینی سه‌کینه له‌به‌ر ده‌رگا وه‌ستاوه.

ژنه‌که وه‌کو پرسیارکردن لێی ڕوانی و به نیگه‌رانییه‌وه ده‌یوت:

- له دووره‌وه تۆم بینی کاتێك وامده‌زانی که له شیرین خه‌ودایت؟

ئه‌ویش به‌بێ پێشه‌کی له‌به‌ر فشاری بیرکردنه‌وه‌کان له‌سه‌ریدا وتی:



- ته‌ماشای سادق بکه که چۆن بۆ ژنهێنان هانم ده‌دات.

سه‌کینه وه‌ك بڵێ هه‌لێکی له ئاسمانه‌وه بۆ ڕه‌خساوه، وتی:

- حه‌زم ده‌کرد پێشی بکه‌وم...

- تۆ...؟!

- به‌ڵێ گه‌وره‌م، چه‌ندم پێ ناخۆشه که ده‌تبینم به ته‌نیا دانیشـتووی و خـۆت داوه بـه ده‌ستی ته‌نیایی و بیرکردنه‌وه‌وه...

ئاماژه‌ی کرد بۆ کوخته نوستووه‌کان و وتی:

- ئه‌و هه‌مووه له‌گه‌ڵ مندان.

- به‌ڵام که‌سێك له ماڵه‌که‌تدا نییه و منیش پیرێژنم، قاچێکم له‌سه‌ر زه‌وییه و قاچـێکم له قه‌بره.

هه‌ستی کرد نیشانه‌ی بداتێ بۆئه‌وه‌ی کـه ده‌یـه‌وێت، بـه‌ڵام له‌گـه‌ڵ ئه‌وه‌شـدا نه‌چـووه کوخته‌که‌وه و به نه‌بره‌یه‌کی تازێ ئامێزه‌وه وتی:

- ژنێکی دیکه وه‌کو ئه‌و نادۆزمه‌وه.

- ئه‌مه ڕاسته، به‌ڵام کیژان هه‌ن مژده‌ی به‌خته‌وه‌رین.

له‌نێو تاریکییه‌که‌دا نیگایان گۆڕییه‌وه، ژنه‌که به هه‌نیسکێکی بێده‌نگییه‌وه و پاشـان که‌نیزه‌که ورته‌ورتێکی لێوه هات:

- به‌دریه که کچێکی چاکه.

به سه‌رسووڕمانێکه‌وه وتی که هاوکێشه‌ی لێدانی دڵی بوو:

- کچێکی منداڵه.

که‌نیزه‌که به‌ده‌م شاردنه‌وه‌ی بزه مه‌کراوییه‌که‌یه‌وه وتی:

- پێگه‌یشتووه و خواردن و قاوه پێشکه‌ش ده‌کات...

ڕووی لێوه‌رگێڕا و وتی:

- هه‌ی کچه شه‌یتان! نه‌عله‌ت له ڕه‌چه‌ڵه‌کت بێت...

هه‌واڵه‌که له سه‌رجه‌م گه‌ڕه‌کی جه‌به‌لدا ده‌نگدانه‌وه‌ی خۆی هه‌بوو، سادق خـه‌ریك بـوو ده‌ست بکات به سه‌ماکردن.

دایکی هه‌لهه‌له‌ی لێدا تا هه‌موو چۆڵه‌وانییه‌که گوێی لێبوو.

پیرۆزبایی بەسەر قاسمدا داباری. ئاهەنگی ژنهێنانی گێڕا، بێئەوەی کەس لە لێزانەکان بانگهێشت بکات، ژنان دەستیان کرد بە سەماکردن و لەوانەیش دایکی بەدریە. ئەبو فەسادە بە دەنگێکی خۆش گۆرانی وت:

من ڕاوچی ماسی بووم و ڕاوکردنی ماسی لێهاتنه.

کەژاوەی زەماوەندەکە بە دەوری کوختەکاندا سوڕایەوە، کە بە ڕووناکی ئاسمان ڕۆشن بوون. سەکینە ئیحسانی برد بۆ کوختەکەی حەسەن، بۆئەوەی کوختەکەی قاسم چۆڵ بێت بۆ بووك و زاوا...

-٨٦-

بۆیە مافی هەیە، - لە دانیشتنەکەی لەسەر فەرووەکەی لەبەردەم کوختەکەیدا- چاودێریی بکات. بەدریە هەویر دەشێلێت. بەبێ قسە هێشتا منداڵە، بەڵام چ ژنێك لە چالاکی و کاروباری بەڕێوەبردن لەو باڵادەستترە! لەبەر هیلاکی دەمی دابەیەکەوە و بەپشتی دەستی ئەو قژەی هەڵدایەوە کە هاتبووە سەر ناوچەوانی، شۆخ و دڵڕفێن دیاربوو، پاشان سەروچاوی سوورهەڵگەڕا، کە هەستی کرد هەردوو چاوی ئەو تەماشای دەکەن تا بە نازەوە وەستا، بە خۆشییەوە بۆی پێکەنی و بەسەریدا چەمایەوە و دوو کەزیەکەی گرت و چەند جارێك ماچی کرد، دوا جار گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی، بەختەوەر و مێشکی ئیسراحەت بوو. وەکو ئەو کاتانەی کە برادەرەکانی تێدا بیردەکەنەوە و گۆشەگیر دەبن، لە دوورییەکی کەمەوە ئیحسان ڕێی دەکرد لەم جێگا بۆ ئەوی دیکە دەڕۆیشت، لەبەر چاوی سەکینە کە لەسەر بەردێك وەستابوو.

لەسەری ڕێگاکەوە غەڵبەغەڵب پەیدابوو، سادق و حەسەن و هەندێ لە برادەرانی بینی کە بەرە و لای دەهاتن لە دەوری کابرایەك کە بە خوردەی زبلڕێژ ناسرابوو لە گەڕەکی ڕەفاعە، یەکسەر وەستا بۆ پێشوازیکردنیان، ژنان هەلهەلەیان دا. وەکو وا دەکەن، هەر کە پیاوێکی نوێ دێتە چیاکە خەڵکی گەڕەك و کابراکە باوەشی پێدا دەکەن و وتی:

- من لەگەڵتانم و تێلایەکیشم لەگەڵ خۆمدا هێناوە...

بە شاباشەوە پێی وت:

- خوردە بەخێر بێیت، ئێمە جیاوازیی ناکەین لەنێوان گەڕەکێك و گەڕەکێکی دیکەدا، گەڕەکەکە گەڕەکی خۆمانە، وەقفەکەش بۆ هەمووانە...



ڕەفاعی پێکەنی و وتی:

- لە شوێنەکەتان دەپرسن و لە ئێوەوە بەدکاریی چاوەڕوان دەکەن، بەڵام دڵێکی زۆر هەیە هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازن.

چاوێکی بە دەوری خۆیدا گێڕا و کوختەکان و خەڵکەکەیشی گرتووە، پاشان بە ئیعجابەوە وتی:

- ئەم هەمووە لەگەڵ تۆن...

سادق وتی:

- خوردە هەواڵێکی گرنگی هێناوە.

قاسم بە نیگایەکی بە پرسیارەوە تەماشای کرد و خوردە وتی:

- ئەمڕۆ سوارس بۆ جاری پێنجەم ژن دێنێ و ئەمشەویش زەماوەندەکەی بەڕێوە دەچێت...

حەسەن بە حەماسەوە وتی:

- ئەم هەلە دووبارە نابێتەوە بۆ لەناوبردنی...

پیاوان حەماس گرتنی و سادق وتی:

- ئەمڕۆ هێرش دەکەینە سەر گەڕەکەکە، هەر کە لە شەقاوەکان ڕزگار بووین هێرشەکە ئاسان دەبێت و ئەنجامەکەشی مسۆگەرە...

قاسم زۆر بیریکردەوە پاشان وتی:

- هێرش دەکەینە سەر زەماوەندەکە هەروەکو شەقاوەکان وەها دەکەن، بەڵام لەبیرتان نەچێت هەمیشە ئێمە هێرش دەکەین بۆ لەناوبردنی شەقاوەیەتی.

بەر لە نیوەشەو پیاوان لای قەراغی چیاکە کۆبوونەوە. ئەوەبوو یەك لە دوای یەك لەدوای قاسمەوە شۆڕبوونەوە و دەستیان لەسەر تێلاکانیان بوو، ئاسمان ساماڵ بوو، مانگی چواردە لەناو جەرگەی ئاسمان بوو، ڕووناکییەکەی خەونەکان بەسەر دنیادا ئاشکرا دەکات. گەیشتنە چۆڵەوانییەکە و بەرەو باکوور ڕۆیشتن لەودیوی بازاڕی موقەتەمەوە، پاشان لە هاوشانی چیاکە ڕۆیشتن بۆئەوەی ڕیگاکە هەڵە نەکەن، هەر کە لە تاشە بەردەکەی هند نزیکبوونەوە، تارمایی زەلامێك بە ڕەو ڕوویان هات و گزیریی دەنگوباسی بۆ دەکردن بە قاسمی وت:

- زەماوەندەکە بەرەو دەرگای نەسر بەڕێوە دەچێت.

قاسم سەیری پێهات:

- بەڵام عادەتەن زەماوەندەکانمان بەرەو جەمالییە بەڕێوە دەچن.

خوردە وتی:

- لەوانەیە لەو شوێنانە دوور بکەونەوە کە ئێوە لێوەی نزیکن...!

قاسم بەپەلە بیریکردەوە و پاشان وتی:

- سادق و هەندێ لە پیاوەکان بڕۆن بۆ ئەودیوی دەرگای فەتووح، عەجرەمە و ئەوانی دیکە بڕۆن بۆ چۆڵەوانییەکە دەرگای نەسر، من و حەسەن و پیاوانی دیکە لەودیوی دەرگای نەسرەوە چاوەڕێدەکەین، کاتێك داواتان لێدەکەم هێرش بەرن هێرش بکەن...

پیاوان بوونە گرووپ گرووپەوە، بەرلەوەی بیانەوێت بڕۆن وتی:

- لە سوارس و دەست و تاقمەکەی بدەن، بەڵام ئەوانی دیکە سبەینێ دەبنە براتان.

هەر گرووپە و بەڕێی خۆیدا ڕۆیشت، خۆی و حەسەن و ئەوانەی لەگەڵیاندا بوو بەرەو باکوور ڕۆیشتن لە هاوشانی چیاکەوە، پاشان بەرەو چەپ وەرچەرخان لە ڕێگای سەرانگوێلکە تا خۆیان لە پاڵ دەروازەکە مات دا، خۆی و پیاوەکانی گەمارۆی ڕێگاکەیان دابوو، سادق لە لای ڕاستەوە خۆی مات دابوو، عەجرەمە لەلای چەپەوە ئامادەباش بوو، ئەویش لە پاڵ دەروازەکە لە بۆسە بوو، حەسەن وتی:

- زەماوەندەکە لە قاوەخانەکەی فەلەکی کۆدەبێتەوە.

قاسم وتی:

- دەبێت پەلاماری قاوەخانەکە بدەین بەر لەوەی بگاتە قاوەخانەکە، بۆئەوەی دەستدرێژیی نەکەینە سەر خەڵك و کارم بەوان نییە...

لە تاریکییەکەدا مانەوە و چاوەڕێ بوون، لەوانەیە هەندێکیان ئەعەسابیان شێوابێت، لەپڕ حەسەن وتی:

- زۆر بیر لە کوشتنی شەعبان دەکەمەوە...

قاسم وتی:

- شەقاوەکان قوربانییان زۆرە و لە ژمارە نایەن.

سادق فیتویەکی لێداو بەدوای ئەودا عەجرەمە و خۆڕاگریان توووند بوو، حەسەن وتی:

- ئەگەر سوارس لەناوچێت خەڵکی گەڕەکەکەمان دێن بۆ لامان.

- ئەگەر ئەوانی دیکە بێن بۆ لەناوبردنمان لە دەربەندەکە لەناویان دەبەین.



ئەم خەونانە وەکو تریفەی مانگ وابوون، هەر سەعاتێکە تا سەرکەوتنیان بڕیار دەدرێت، یان هیواکان دەبنە هەڵم لەگەڵ ڕووحە بەهەدەرچووەکانیاندا... پێی وابوو تارمایی قەندیل دەبینێت و گوێی لە نەبرەی قەمەرە، وەك بڵێی سەردەمێکە بەسەر مەڕ لەوەڕاندنەکەیدا بەسەر چووە. تێلاکەی بەتووندیی گرت و بە خۆی وت نابێت شکست بخۆین، حەسەن گوێی لێبوو کە پرسیاری لێکرد:

- گوێت لێ نییە؟

گوێی هەڵخست تۆزێك تا گوێی لە دەنگی ئاوازەکان بوو، وتی:

- ئامادەبن، ئەوەتا زەماوەندەکە هات.

دەنگەکان نزیك دەبوونەوە و ڕوون دەبوون، پاشان دەنگی دەهۆڵ و زووڕنا هات، هات و هاوار بەرزبوونەوە، هەلهەلە ئەو ناوەی گرت پاشان لەبەر ڕووناکیی شاپلێتەکانی زەماوەندەکە دەرکەوت و دەهاتە پێشێ، سوارس لەنێو خەرمانەیەکی سەماکەر و بەتێلا یاریکەرەکان بە چاو بینرا، حەسەن پرسیاری کرد:

- زەرەد بۆ عەجرەمە؟

قاسم بە حەپەساویی وتی:

- تا سەرەتای زەماوەندەکە دەگاتە بریکاریەتی سیرەکە..

زەماوەندەکە پێش دەکەوت، سەماو گەمەکردن توووند بوو. سەماکەرەکە جۆشی سەماتاوی لێسەندبوو، بە حەواوە هەڵ دەبەزییەوە، پاشان لەبەردەم زەماوەندەکە بە خێراییەکی بەلەباریکەوە دەخولایەوە، بازنەیەکی شەپۆلاویی دروست دەکرد، تێلاکەش لەسەر ناولەپی کە لەسەر سەری بوو وەك پەروانە دەخولایەوە، لەگەڵ هەر سوڕانەوەیەکدا هەنگاوێك دەچووە پێشەوە، تا بریکاریەتی سیرەکەی ڕەتکرد و زەماوەندەکەش لە دواوەی پێش دەکەوت زۆر بە هێواشی تا گەیشتە سەر بریکاریەتییەکە. ئەوسا حەسەن سێ جار فیتوۆی لێدا، عەجرەمە و پیاوەکانی لە پێچی تەماحکارانەوە دابەزینە خوارەوە و پەلاماری دواوەی زەماوەندەکەیان دا و تێلاکانیان پێشیان کەوتن، پشێویی کەوتەوە ڕیزەکانییەوە، هاواری تووڕەیی و ترس بەرزبووەوە. جارێکی دیکە حەسەن سێ جار فیتوۆی لێدا و سادق و پیاوەکانی کە ناوەڕاستی زەماوەندەکەیان گرتبوو لە لایەکی دیکەوە، بەر لەوەی هێرشی یەکەم بەئاگابێتەوە. دەرحاڵ قاسم و پیاوەکانی لەپشتی دەروازەکەوە پەلاماری پێشەکی زەماوەندەکەیان دا وەکو پەلاماری زەلامێك. سوارس خۆی و پیاوەکانی لە کتوپڕی

هێرشەکە بەئاگاهاتنەوە و تێلاکانیان بەرزکردەوە و لە جەنگێکی تاڵدا یەکانگیر بوون. زۆر کەس فڕین لە بێوەیەکان و پەنایان بردە بەر گەڕەك و کۆڵانەکان، پێداکێشانی تێلاکان توونـد بوو.

دەموچاو و سەرەکان خوێنیان لێ دەتکا، گلۆپەکان ورد و خاش بوون و گوڵەکان پەرتبوون و پێیەکان دەیان شێلان. فیزاح لە پەنجەرەکانەوە بەرزبوونەوە و دەرگای قاوە خانەکان داخران، سوارس بە توونـدیی و خێرا دەستی دەوەشاند، تێلاکەی وەك شێت دەردەپەڕی، جارێك لەملاو جارێك لەولا. دەستوەشاندن توونـد بوو، کینە چڕبووەوە وەك پارچەکانی شەو. سوارس لەپڕێکدا خۆی لە بەرامبەر سادق بینییەوە و هاواری کرد:

- هەی کوڕی بۆگەنە:

دەستێکی لێوەشاند و لەگەڵ ئەو دەستوەشاندنە یەکیان گرت کە سادق بۆی وەشاند ڕایوەشاند و لەتری پێدا. سوارس تێلاکەی هەڵبڕی و جارێکی دیکە بۆی داوەشاند، ئەویش بە تێلاکەی بەری گرت کە لە دەستیدا بوو، بەڵام لەبەر زەبری وەشاندنەکە کەوتە سەر ئەژنۆکانی. ویستی دەستی سێیەمی لێ بوەشێنێت، بەڵام بینی کە حەسەن پەلاماری دا وەك دڕندە بۆ ڕزگارکردنی هاوڕێکەی، ڕووی لێوەرگێڕا و تووڕەیی لێدەڕژا و هاواری کرد:

- ئەی تۆ کوڕی زەکەریا، کوڕی قەحپە...

گورزێکی بەزەبری تێ سرەواند، ئەگەر بە هەڵمەتێك خۆی لێ لانەدایە، فەوتابوو، پاشان بەسەری تێلاکەی کێشای بە سوارسدا و بەر ملی کەوت، لێدانەکە ماوەیەك سوارسی پەکخست لەوەی کە دەستێکی دیکە بوەشێنێت.

حەسەن توانی لەنگەری خۆی ڕابگرێت و گورزێکی توونـدی بەهێزی ڕادەبەدەری سرەواندە ناوچەوانی سوارس، نافورەیەکی خوێن فیچقەی کرد، یەکسەر دەستی لەسەر تێلاکەی شل بوو و کەوت، بە لەتردان کشایەوە، پاشان بەبێ جوڵە لەسەر پشت کەوت، لەگەڵ دەنگی پێکدادانی تێلاکان هاواری کابرایەك بەرز بووەوە:

- سوارس کوژرا.

عەجرەمە تێلایەکی کێشا بەلووتیدا و قیژاندی و گەڕایەوە و پێی لە کەوتوویەك هەڵکەوت، وورەی پیاوانی قاسم توونـد بوو، لێدانەکانیشیان توونـد بوون، پیاوانی سوارس شکستیان خوارد، زۆری کەوتنی پیاوان شاگەشکەی کردن، پاشان قاچیان دایە بەر ڕاکردن، پیاوانی قاسم لە دەوری کۆبوونەوە و هەناسەبڕکێیان بوو، هەندێکیان خوێنیان



لێ دەتکا و هەندێکی دیکەیان بریندارەکانیان هەڵگرتبوو، لەبەر ڕووناکیی چراکان کە لە دەرگا والاکانی قاوەخانەکانەوە دەهات، سەیری ئەو جەستانەیان دەکرد کە لە زەوی کەوتبوون، هەندێکیان گیانیان لەدەست دابوو، هەندێکیشیان لەهۆش خۆیان چووبوون، حەمروش بەسەر سەری سوارسەوە وەستاو وتی:

- شەعبان با لاشەت ئاسوودە بێت...

قاسم ڕایکێشا بۆ لای خۆی و وتی:

- ڕۆژی سەرکەوتن نزیکە، ئەو ڕۆژەی هەموو شەقاوەکانی دیکە تووشی هەمان چارەنووس دەبن، ئەو ڕۆژەی کە دەبینەی سەردارانی گەڕەکەکەی خۆمان و خاوەن وەقفەکەمان و نەوە نەبەردەکانی باپیرمان.

هەر کە لە چیاکە گەڕانەوە، ژنان بە هەلهەلە پێشوازییان لێکردن، هەواڵی سەرکەوتن کەوتە دەم با. قاسم چوو بۆ کوختەکەی خۆی و بەدریە پێی وت:

- خۆڵ و تۆز و خوێنێکی زۆرت پێوەیە، دەبێت بەر لەوەی بخەویت خۆت بشۆیت.

هەر کە دوای خۆشۆرین پاڵکەوت لەبەر ئازار ئاهی هەڵکێشا و ژنەکەی خواردنی بۆ هێنا و چاوەڕێی کرد تا دانیشت و خواردنەکەی بخوات. وەلێ حاڵەتێکی نێوان بە ئاگایی و خەو دایگرت، هەستی بە ئاسوودەیی کرد وەکو بڵێی بەختەوەرییە، بەڵام هەستێکی نیگەرانی دایگرت وەکو بڵێی خەمە، بەدریە وتی:

- نانەکەت بخۆ.

بە دووچاوی قورسی خەوناوییەوە تەماشای ژنەکەی کرد و وتی:

- قەمەر بەم نزیکانە سەرکەوتن دەبینین ئاگای لە زەلەی زەمان بوو دوای ڕوودانی و بینینی بەدریە سەروچاوی گۆڕا، لەسەر نوێنەکەی زەوی دانیشت و بە ڕووخۆشی و پەشۆکاوییەوە وتی:

- کە خواردنەکە بەتامە.

بەڵام ڕووی لە ڕووخۆشییەکە وەرگێڕا بە ڕوو گرژییەوە پارچەیەك فەلافلی هەڵگرت و وتی:

- ئێنجا نۆرەی منە داوات لێبکەم بۆ نانخواردن.

ڕووی لێ وەرگێڕا و ورتەورتێکی لێوەهات:

- ژنێکی بەتەمەن بوو جوانیش نەبوو...

بەژنە ڕێکەکەی لەبەر خەمۆکیی چەمابووەوە وەك بڵێی هەرەسی هێنابوو، بە گلەیی و خەمێکی توونددەوە وتی:

- بە خراپی باسی مەکە، کەسی وەکو ئەو دەبێت بە ڕەحمەتەوە باس بکرێت...

ئەویش سەری بەلایدا وەرچەرخا وەکو ئامادەباشییەك، بەڵام ژنەکە لەسەر ڕووخساری خەمێکی ترسناکی بەدیکرد، دوو دڵ بوو، پاشان بێدەنگ بوو.

## -٨٧-

دۆڕاوەکان گەڕانەوە و سەرشۆڕیان بەکۆڵەوە بوو، تا توانییان خۆیان بە دوورگرت لەو ڕووناکییانەی کە لە ماڵی سوارسەوە دەهاتن، لەو شوێنەی کە کەشەکە بە خۆشی و گۆرانی دەدرەوشایەوە، هەر پیاوێك و لە سەراکەیدا خۆی حەشاردا، ئەوەبوو هەواڵی ڕەشە هەواڵ وەکو ئاگربەربوون بڵاوبوونەوە، فیزاح لە زۆری ماڵەکان بەرزبووەوە زەماوەند کوژایەوە وەکو بڵێی خۆڵی بەسەردا کرا.

قوڕگەکان بۆ سوارس شیوەنیان دەکرد، پاشان ئەوانیش لەگەڵیدا کوژران، کۆستەکە درێژەی کێشا، زۆر لە پیاوانی گرتەوە هەر لە ڕەفاعییەوە و ئەوانی دیکە لە جەبەل ئەوانەی کە لە زەماوەندەکە بەشدارییان کردبوو.

کێ تاوانباری دەسدرێژیکەرە؟ قاسم، قاسمی شوانی مەڕ، قاسم کە دەبووایە بە سواڵکەریی بمایاتەوە بە درێژایی تەمەنی ئەگەر قەمەر نەبوایە! پیاوێك شایەتی دا کە کەوتبووە دوای چەتەکانی قاسم لە گەڕانەوەدا تا چوونەوە مەکۆکەیان لەسەر موقەتەم. زۆر کەس دەیانپرسی ئایا خۆی لە چیاکەدا خۆی مات دەدات تا هەموو پیاوانی گەڕەکەکە لەناو دەبات؟ خەوتوان هەستان و دەرچوونە دەرەوە بۆ گەڕەك و سەراکان و بە دەنگی فیزاحەکەوە دەهاتن، یەکێك لە پیاوانی جەبەل بە تووڕەیی هاواری کرد:

- مشکەکوێرەکان بکوژن.

بەڵام جەڵتە وەستانی و هاواری کرد:

- تاوانیان نییە، شەقاوەکانی کوشت و ژمارەیەکی زۆریش لە پیاوانیان...

- موقەتەم بسووتێنن!

- تەرمەکەی قاسم بێنن با سەگ بیخوات.

- بە تەلاقم دەبێت خوێنەکەی بخۆمەوە.



- ئەو مشکەکوێرە نامەرد و ترسنۆکە...

- وا دەزانێت کە چیاکە دەیپارێزێت!

- تەنها گۆڕ دەیپارێزێت...

- فلسێکی لێ وەردەگرتم و خۆڵی ماچ دەکرد...

- لەنێوانماندا خۆی بە پیاوی چاك و خۆشەویست دەردەخات پاشان غەدرمان لێدەکات و پیاوان دەکوژێت.

بۆ ڕۆژی دواتر گەڕەکەکە تازێبارێکی سەرتاسەریی بوو. بۆ ڕۆژی دووەم شەقاوەکان لە ماڵی ڕەفعەتی بەڕێوەبەر کە تووڕەیی و ڕق سواری کۆڵی ببوو، کۆبوونەوە.

تا بە تەوسێکی تاڵەوە پێی وتن:

- با لە گەڕەکەکەماندا خۆمان بەندبکەین، بۆئەوەی لە مردن دووربین.

لەهیتە لە هەموویان زیاتر ئیحراج بوو، بەڵام ویستی گوتارەکان ئەهوەن بکاتەوە بۆئەوەی بەرپرسیارێتی خۆی سوك بکات و وتی:

- جەنگێکە تەنها لەنێوان شەقاوەکان و هەندێ لە پیاوانی گەڕەکەی خۆیدا!

جەڵتە بە بەرپەرچدانەوەوە وتی:

- لە گەڕەکەکەمان پیاوێك کوژرا و سێ کەسی دیکە بریندار بوون.

حەجاج وتی:

- لە ئێمەیش پیاوێك کوژرا...

ڕەفعەت بە فێڵبازییەوە بە لەهیتەی وت:

- مشتەکە بە ناوبانگتەوە نووساوە ئەی شەقاوەی گەڕەك...

کابرا لە تووڕەییدا سەروچاوی تێکچوو وتی:

- شوانی مەڕ! وەڵاهی گاڵتەت کرد!

بەڕێوەبەر نیگەرانیی خۆی نەشاردەوە و وتی:

- شوانی مەڕ! با ببێت، بەڵام بووەتە مایەی مەترسی، گاڵتەمان بە وڕێنەکەی کرد سەردەمێك و چاومان لێی نووقاند لەبەر خاتری ژنەکەی و خراپەکەی تەشەنەی کرد، خۆی بە بەستزمان کرد تا خۆی گرتەوە و شەقاوە و دەست و پێوەنەکانیانی لەناو برد، ئەوەتا ئێستایش خۆی لە چیاکەدا حەشارداوە و تەماحەکانی لەم سنوورەدا ناوەستێت...

بە تووڕەییەوە نیگایان دەگۆڕییەوە و بەڕێوەبەر لە قسەکردن بەردەوام بوو، وتی:

- خەڵکی بۆژە دەکات، ئەمەیش کارەساتی گەڕەکەمانە، نابێت ئەوە پشتگوێ بخەین، بەڵێن دەداتە خەڵکی بە وەقفەکە، گەرچی وەقفەکە بەشی هاوڕێکانی ناکات، بەڵام کەس بەوە بڕوا ناکات.

سواڵکەرەکان باوەڕ بەوە ناکەن و زۆریشن. گەڕەکەکمان گەڕەکی سواڵکەرەکانە، ئەو بەڵێنی ئەوەی داوە شەقاوەیەتی لەناو ببات، ترسۆنەکانیش ئەمەیان پێخۆشە و زۆریشن، گەڕەکەکەمان گەڕەکی ترسنۆکەکانە، خەڵکەکەی هەمیشە لەگەڵ زاڵبوودایە، دانیشتنمان لە ناوچوونمانە.

لەهیتە وتی:

- کۆمەڵە مشکێکی لە دەورە و قەلاچۆکردنیان ئاسانە...

حەجاج پرسیاری کرد:

- بەڵام ئەوان خۆیان لە چیاکەدا مات داوە؟!

جەلتە وتی:

- چاودێریی چیاکە دەکەین تا ڕێگایەك دەدۆزینەوە بۆ لایان...

ڕەفعەت بە هاندانەوە وتی:

- بکەونە کار وەکو وتم دانیشتن لەناوچوونمانە...

لەهیتە تورەییەکەی توند بوو، بە دەمودوویەکی واتادارەوە بە بەڕێوەبەری وت:

- گەورەم لەبیرمە کە من تەگبیری کوشتنیم کرد لە ژیانی ژنەکەیدا، بەڵام خانم ڕازی نەبوو.

بەڕێوەبەر چاوی وەرگێڕا لەو چاوانەی کە سەیریان دەکرد و بە نیمچە لێبووردنێکەوە وتی:

- بیرکردنەوەی هەڵەکانمان سودێکی بۆمان نییە...

پاش تۆزێك بێدەنگیی وتی:

- ئەم پەیوەندییانە لەمێژە لە گەڕەکەکەماندا ڕیزیان گیراوە...

لەدەرەوە غەڵبەغەڵبێکی نائاسایی بەرزبووەوە، وەکو بڵێی نوقڵانەی خراپەیەکی نوێیە، مێشکەکان شڵەژابوون، بەڕێوەبەر بانگی دەرگاوانەکەی کرد و پرسیاری لێکرد کە لەوێ چییە و کابرایش وەڵامیدایەوە:



- دەڵێن شوانەکە پەیوەندیی کردووە بە قاسمەوە و هەموو مەڕەکانی گەڕەکەکەیشی لەگەڵ خۆیدا بردووە!

لەهیتە بە وروژاوییەوە هەڵسا و هاواری کرد:

- سەگ... گەڕەکی سەگان، قوڕبەسەری...

بەڕێوەبەر پرسیاری کرد:

- ئەم شوانە لەکام گەڕەکە؟

دەرگاوانەکە وتی:

- لە گەڕەکی مشکەکوێرەکانە و ناوی زەقلەیە...

## -٨٨-

- زەقلە بەخێربێت...

قاسم لە ئامێزی گرت و شوانەکە بە حەماسەوە وتی:

- قەت دژی تۆ نەبوومە، هەمیشە دڵم لەگەڵتا بووە، ئەگەر ترس نەبووایە لە کەسانی یەکەم دەبووم کە پەیوەندیم پێوە دەکردیت، هەر کە کوژرانی سوارسم بیست، خوا ڕوو ڕەشی کات خێرا مەڕەکانی دوژمنەکانتم دایە پێش خۆم!

قاسم تەماشایەکی کۆمەڵە مەڕەکانی کرد کە لە گۆڕەپانەکەی کوختەکان کۆببوونەوە و ژنان دەوریان لێدابوون و غەڵبەغەڵبی خۆشنوودیی بەرزبووەوە، پاشان پێکەنی و وتی:

- ئەمە حەڵاڵی ئێمە لە بەرامبەر ئەو سەروەتەی کە لە گەڕەکەکە لێیان دزین.

لە کاتی ڕۆژدا خەڵکێکی زۆری گەڕەکەکە پەیوەندییان کرد بە قاسمەوە کە لەمەوبەر بە خۆیەوە نەدیبوو، ئەوەبوو عەزیمەتیان توند ببوو هیوایان پتەوبوو، بەڵام قاسم بەیانی زوو لە خەو هەڵسا بۆ ڕۆژی دواتر بەدەم هەرایەکی سەیرەوە بەئاگا هاتەوە، یەکسەر لە کوختەکەی دەرچووە دەرەوە، بینی پیاوگەلێك بە پەلەو شڵەژاوییەوە بەرەو کوختەکەی دەهاتن، سادق پێی وت:

- گەڕەکەکە هاتوون بۆ تۆڵەسەندنەوە و لە خوارەوە ڕێپێڵگەکە کۆبوونەتەوە:

- خوردە وتی:

- یەکەم کەس بووم چووم بۆ ئیش ئەوانم بینی لە دووری چەند هەنگاوێکەوە لە چۆڵەوانییەکە، بەپەلە گەڕامە و هەندێکیان بە بەرد ڕاویان نام و بەردێکیان دا لەپشتم و

بانگی سادق حەسەنم کرد، تا کۆمەڵێك لە براکانمان هاتن بۆ سەری دەربەندەکە و ئاگاداری مەترسییەکە بوون و هێرشبەرەکانیان بەر بەرد دا تا ڕایانکرد...

قاسم سەیری سەری دەربەندەکەی کرد و حەسەن و هەندێ لە پیاوانی بینی لە لای وەستابوون و بەردیان بەدەستەوە بوو وتی:

- لەوێ دەتوانین بە دە پیاو ڕووبەڕوویان ببینەوە.

حەمروش وتی:

- سەرکەوتن بۆ سەرەوە بەم حاڵە خۆکوشتنە ئەگەر دەیانەوێت با سەرکەون...

پیاو و ژن لە دەوری قاسم کۆبوونەوە تا کوختەکان چۆڵبوون. پیاوان تێلایان هێنا و ژنان بە بەردەقانی کە بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە کرابوون. یەکەم تیشکی خۆر لە ئاسمانی سامالەوە دەرکەوت و قاسم پرسیاری کرد:

- هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە بۆ شارەکە؟

سادق بە واقوڕماوییەوە وتی:

- لەلای باشوورەوە ڕێگایەك هەیە دوو سەعاتە ڕێ لە چیاکەوە دوورە:

عەجرەمە وتی:

- وا بزانم ئەو ئاوەی کە پێیانە بەشی دوو ڕۆژ ناکات.

ورتەورتێکی نیگەرانی تێیاندا وورووژا و بە تایبەتی ژنان، قاسم وتی:

- هاتوون بۆ تۆڵەسەندنەوە نەك بۆ ئابڵۆقەدان، ئەگەر گەمارۆمان بدەن، پەنا دەبەینە بەر ڕێگاکەی دیکە بۆ شکاندنی گەمارۆکە...

کابرا بیری کردەوە و هێمنییە سەروچاوی خۆی پاراست چاوەکان تەماشایان کرد. ئەگەر گەمارۆیان بدەن زەحمەتە بتوانن لە ڕێگای باشوورەوە ئاو بهێنن.

ئەگەر پیاوەکانی هێرشیان بکاتە سەر ئایا سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن بەسەر پیاوانێکدا کە کەسانی وەکو لەهیتە و جەڵتە و حەجاجیان تێدایە؟ خۆرئاوای ئەمڕۆ چ چارەنووسێکی بۆ شاردووەتەوە؟ گەڕایەوە بۆ کوختەکەی و پاشان گەڕایەوە تێلاکەی بەدەستییەوە بوو، چوو بۆلای حەسەن و پیاوەکانی لەسەری دەربەندەکە بوون، حەسەن وتی:

- کەسیان جورئەتی ئەوە ناکەن نزیك ببنەوە...

قاسم لە لێواری چیاکە نزیکبووەوە و بینی دوژمنەکانی لەشێوەی هێڵێك لە چۆڵەوانییەکە دوور لە مەودای بەرد کۆبوونەتەوە. ژمارەکەیان سەرسووڕماوی کرد، بەڵام



لەنێوانیاندا چاوی بە شەقاوەکانیان نەکەوت. لە پانتاییەکەوە چاوی تێبڕی تا لەسەر خانووە گەورەکە جێگیر بوو، ماڵەکەی جەبەلاوی، لە بێدەنگیدا نقووم بوو وەك بڵێی گوێ نادات بە ململانێی ڕۆڵەکان لەو پێناوەدا. کەچەند پێویستیان بەهێزە ڕادەبەدەرەکەیەتی، کە لە سەردەمی جاراندا ئەم ناوچانە قەرزاری بووە.

لەوانەیە تووشی نیگەرانی نەبووایە لە نزیك ماڵەکەی باپیری. هاندانێکی لە ناخی خۆیدا بینی و داوای لێدەکات کە بە دەنگی بەرز هاوار بکات و بڵێت:

((هۆ جەبەلاوی)). هەروەکو خەڵکی گەڕەکەکەی ئاوها دەکەن لە هەموو حاڵەتێکدا، بەڵام گوێی لە دەنگی نزیك ژنان بوو، ئاوڕی دایەوە و سەیری دەوری خۆی کرد بینی پیاوەکان بڵاوبوونەتەوە لە لێواری چیاکە و تەماشای دوژمنەکانیان دەکەن و ژنانیش دەچوون بۆ هەمان ئەو شوێنانە و بانگی لێکردن کە بگەڕێنەوە، هاوارەکەی لە دوودڵبوونیاندا توند بوو، فەرمانی پێدان کە خواردن ئامادە بکەن و خەریکی کاری باو بن، هەروەها مانەوە تا فەرمانەکەی کاری تێکردن، سادق لێی نزیکبووەوە و وتی:

- باشت کرد، ئەوەی کە زۆر جێگای ترسە لەسەرمان، کارتێکردنی ناوی لەهیتەیە.

حەسەن وتی:

- هیچمان لەبەردەمدا نییە جگە دەستوەشاندن نەبێت.

تێلاکەی بەرزکردەوە و وتی:

- ئیدی ناتوانین بسووڕێینەوە بەدوای ڕزقماندا، دوای ئەوەی بە شوێنەکانمانیان زانی، هیچمان لە بەردەمدا نییە تەنها ئەوەیە کە هێرش بکەین.

قاسم سەری وەرگێڕاو چاوی بڕییە خانووە گەورەکە و وتی:

- ڕاستت وت، ئەی سادق تۆ چی دەڵێی؟

- چاوەڕێ دەکەین تا شەو دادێت.

حەسەن وتی:

- چاوەڕوانیی زیانمان لێدەدات و لە شەڕدا شەویش هیچ سوودێکی بۆمان نییە...

قاسم پرسی:

- دەبێت پیلانیان چی بێت؟

سادق وتی:

- بۆئەوەی زۆرمان لێبکەن بۆیان بچینە خوارەوە.

قاسم زۆر بیریکردەوە، پاشان وتی:

- ئەگەر لەهیتە بکوژرێت سەرکەوتن مسۆگەر دەکەین.

لەنێوان دوو پیاوەکەدا چاوی گێڕا و پاشان وتی:

- ئەگەر ئەو بکەوێت جەلّتە و حەجاج لەسەر شەقاوەیەتی دەبێتە شەڕیان.

خۆرەکە بەرزدەبووەوە و چەوەکە سوورەوە بوو و مژدەکەی گەرمایش بلاوبووەوە. حەسەن پرسیاری کرد:

- پێم بلێن چی بکەین؟

پرسیارەکە وەکو گەمارۆکە وابوو، بەلّام کەس زۆر دوودلّ نەبوو، لە لای گۆڕەپانەکەوە هاواری ژنێك بەرزبووەوە و بەدوای ئەویشدا هاواری دیکە هات، کە هاواری دەکرد دەنگە ناسراوبوو:

- لەلایەکی دیکەوە هێرشمان بۆ هات...

پیاوەکان لە قەراغەکە گەڕانە دواوە و چون بۆ ئەو گۆڕەپانەی کە لەلای باشوورەوەیە.

قاسم ئامۆژگاریی ئەوانەی کرد کە بەرگریی لە دەربەندەکە دەکەن، کە زۆر ئاگایان لە خۆیان بێت. فەرمانی دا بە خوردە بانگی ئەو ژنانە بکات کە بەتوانان بۆئەوەی پەیوەندیی بکەن بە بەرگریکاران لە دەربەندەکە، لەنێوان سادق و حەسەن ڕایکرد بەرەو گۆڕەپانەکە تا چووە ناوەڕاستی پیاوەکانی، لەهیتە بۆ هەمووان دەرکەوت سەرکردایەتی چەتەگەلێکی گەورەی دەکرد کە بەرەو باشووری چیاکە دەهاتن. قاسم بە تورەییەوە وتی:

- بە پیاوەکانی سەرقالّی کردین تا بەدەوری چیاکەدا گەشتەکەی بکات و پاشان لە ڕێگای باشوورەوە بۆمان بێت.

حەسەن جەستە کەتەکەی بە ئامادەباشییەوە هەلّاوسا و وتی:

- بەپێی خۆی بۆ مەرگی خۆی هات...

قاسم وتی:

- دەبێت سەرکەوین و سەریش دەکەوین.

پیاوەکان وەکو دوو بازووی بەهێز بە دەوریدا ڕێژدەبوونەوە، هاتووان نزیك دەبوونەوە و تێلاّکانیان بەرزکردبووەوە، وەکو بلێی بێشەیەکی درك و دالّن. هاتنە بواری چاوەکانەوە و سادق وتی:

- جەلّتە و حەجاجیان تێدا نییە!



قاسم زانی کە جەلّتە و حەجاج لە خواری چیاکەوە سەرکردەی گەمارۆدەرەکانن، هەستی کرد کە پەلاماری دەربەندەکە دەدەن، هەرچەندێکیش بە زەحمەت لەسەریان بکەوێت، بەلّام وەسوەسەکانی خۆی بە کەس نەوت. چەند هەنگاوێك چووە پێشەوە و تێلاّکەی بەرزکردەوە و پیاوانیش بە توندیی تێلاّکانی خۆیان گرت و دەنگێکی گڕ هات، دەنگی لەهیتە بوو کە هاواری دەکرد:

- هەی کوڕانی قەحپە لە گۆڕ ناشاردرێنەوە...

قاسم بە هێرشەوە تەکانی دا و پیاوەکانی دەوری ئەوانیش تەکانیان دا، ئەوانی دیکە وەکو تاشەبەردی هاوێژراو هاتن تا تێلاّکان لە یەکیان داو هاڕەکان تێکەلّ بوون و نەڕەنەڕ بەرزبووەوە. لە هەمان کاتدا بەردەکان لە ژنانی بەرگریکەران لەسەری دەربەندەکەوە دەهات لە خوارەوە بۆ سەری هێرشەکە. هەر پیاوێك لە پیاوانی قاسم دەستەویەخە دەبوو لەگەلّ پیاوێکدا لە پیاوانی دوژمن. قاسم و دەنجل بە توندیی و فێلّزانییەوە بەیەکیاندا کێشا، لەهیتە تێلاّکەی کێشا بە چەلّەمەی سنگی حەمروش دا و شکا، سادق و (زێنهوم) لە هێرشی یەك لەدوای یەك یەکانگیری بوون. حەسەن بە تێلاّکەی کێشای بە (غەزبان)دا و بێدەنگ بوو. لەهیتە کێشای بە ملی (زەقلە)وە و وەرگەڕا، قاسم توانی گوێی (دەنجل)ی بپێکێ و هاواری کرد و گەڕایە دواوە و پاشان قووچانی.

(زێنهوم) هەلّمەتێکی توندی بۆ سادق برد، بەلّام ئەم دەستپێشخەریی کرد کێشای بە سکیدا، بەلّام دەستەکانی بۆیان نەهات و بە لێدانێکی دیکە وشکی کرد. (خوردە) بەسەر (حەفناوی)دا زالّبوو، بەلّام لەهیتە بالّی گۆج بوو بەر لەوەی لەزەت لە سەرکەوتنەکەی ببینێت و تێلاّیەکی داوەشاند بۆ لەهیتە، بەلّام ئەم خۆی لادا و تێلاّکەی هەلّبڕی بکێشێت بە قاسمدا، بەلّام قاسم فریاکەوت و لێدانەکەی بە تێلاّکەی بەرپەرچدایەوە. (ئەبو فەسادە) وەکو با هات کە بۆ جاری سێیەم لێی دا، بەلّام لەهیتە کەللەیەکی دا لە لووتی و تێکیشکاند. لەهیتە وادیار بوو کە هێزێکە و نادۆڕێت. شەڕەکە توند بوو، تێلاکان بەبێ ڕەحمانە بە یەکیاندادا. لێشاوی جنێو و نەعلەت بەرپا بوو، لەژێر گڕی سووتێنەری خۆرەکەدا خوێن فیچقەی کرد، پەیتا پەیتا پێکران ڕووی دا، لە هەردوو تیمەکە خەلّکێکی یەك لە دوای یەك دەکەوتن.

لەهیتە لەبەر ئەو بەرگریکردنە ئازایانە لە تووڕەییدا گڕی گرت، کە پێشبینی نەدەکرد، بۆیە هێرشەکانی و توندوتیژییەکەی هێندەی دیکە زیادبوو، لەلایەکی دیکەوە

قاسم فەرمانی دا بە حەسەن و عەجرەمە بۆئەوەی هەل بقۆزنەوە پێکەوە هێرش بکەنە سەر لەهیتە تا ئەو قەڵایە بڕووخێنن کە هێرشبەرەکان پەنایان داوەتێ، کەچی ژنێك لە بەرگریکەران لە دەربەندەکە هات و بەقیژە وریای کردنەوە:

– ئەوان لەژێر لەوحی هەویردا سەردەکەون.

پیاوانی چیاکە ترس کەوتە دڵیانەوە لەهیتە هاواری کرد:

– هەی کوڕانی قەحبە لە گۆڕ نانێژرێن...

قاسم بانگی کرد لە پیاوەکانی:

– سەرکەون بەر لەوەی ئەو تاوانبارانە سەرکەونە سەرەوە...

لە دوولاوە عەجرەمە و حەسەن پەلاماری لەهیتەیان دا، شەقاوەکان بەلێدانێکی بەرەنگاریان بوونەوە و بەتێلاکەی بەری گرتن، ویستی بەلێدانێك چارەسەری بکات، بەلام (عەفەش) کێشای بە چەناگەیدا و بەسەر دەمدا کەوت. حەسەن لەبەردەمی قووت بووەوە و کەوتنە لێدانی یەکدی.

حەسەن خۆی فڕێدایە سەری و لەدەستە و یەخەیەکی کوشندەدا تێگیر بوون. هاواری ژنان لەسەری دەربەندەکە بەرزبووەوە و هەندێکیان هەڵاتن، هەڵوێستەکە تەنگژەی تێدا کەوت، قاسم خێرا سادق و هەندێك پیاوی ڕەوانە کرد بۆ قەراغ چیاکە. پاشان پەلاماری لەهیتەی دا، بەلام ڕێگای پێگرت و لە شەڕێکی توندوتیژدا دەستەویەخە بوون.

حەسەن بە هەموو هێزێکی پاڵینا بە لەهیتەوە و هەنگاوێك گەڕایە دواوە، تفێکی لە چاوی کرد و هاڕەی دەکرد، پاشان شەقێکی وەشاند و بەر ئەژنۆی کەوت، بەخێراییەکی دەستوبردەوە پەماری دا و خۆی چەماندەوە و قۆچیکی لەسکی دا، دەتوت گایەکی تووڕەیە و لەنگەری تێکچوو و کەوتە سەرپشت و ئەوی دیکە سواری کۆڵی بوو و تێلاکەی توندکرد لە ملی، بەهەردوو دەستی و بە هەموو هێزێکییەوە گوشی، پیاوان هاتن بۆ بەرگر یکردن لە شەقاوەکانیان و قاسم بەرنگاریان بووەوە لەگەڵ هەندێ لە پیاوان. هەردوو قاچی لەهیتە بەیەکدا هاتن و چاوەکانی زەق بوون و خوێن لە سەروچاویدا قەتیس بوو، خەریك بوو دەخنکا، لەپڕێکدا حەسەن بە پێیەوە هەڵمەتی بۆ برد بۆ دژە بڕست لێبڕاوەکەی و بە تێلاکەی بە درییەکی ڕقاوییەوە کێشای بەسەریدا و کەللەسەری تێکشکاند و تەواو بوو. حەسەن وەکو گرمەی هەور هاواری کرد:

– لەهیتە کوژرا، شەقاوەکەتان کوژرا، تەماشای لاشەکەی بکەن...



مەرگی پێشبینی نەکراوی لەهیتە کاردانەوەیەکی توندی هەبوو، عەزیمەتەکان توند بوون و عەزیمەتی ئەوانی دیکە خاوبووەوە، هیواو بێئومێدیی لە کوشتارێکی تاڵدا تەکانیان دەدا. حەسەن چووە لای قاسم لە ململانێکەیدا و لێدانی بەزەع نەدەچوو. گۆڕەپانەکە پیاوانی بەخۆیەوە دەبینی ئامادەباش دەبوون و پاشان پەلاماریان دەدا، تێلاکان بەرزدەبوونەوە و پاشان دەوەشێنران. تەپوتۆز بەرزدەبووەوە و بڵاوبووەوە، پاشان وەکو شەوێکی خوێناویی تەنگی بە شەڕەکەرەکان هەڵچنی. سنگەکان خرۆشان و هاوار و نەعلەت و قیژەی بە ئاخ و نەڕەی هەڕەشە و گوڕەشەیان دەردەپەڕاند. سات ناساتێك زەلامێك لەتری دەدا و پاشان دەکەوت، یان دەگەڕایەوە و پاشان هەڵدەهات. کەوتووەکان لە سەرزەوییەکە درێژ دەبوونەوە و خوێنەکان لەبەر تیشکی خۆرەکەدا دەدرەوشانەوە.

قاسم وەلا کەوت و چاوی بڕییە سەری دەربەندەکە کە مەسەلەکەی نیگەرانی کردبوو، بینی سادق و پیاوەکانی بە پەشۆکاوییەکی زۆرەوە بە بەردەقانی بەردیان تێدەگرت، نیشانەی ئەوە بوو کە مەترسییە سەرکەوتووەکە نزیك دەبووەوە، گوێی لە ژنان بوو و لەنێوانیاندا ژنەکەی خۆی بوو، هاواریان دەکرد بۆ فریاکەوتن. هەندێ لە پیاوانی سادقی بینی بە تێلاکانیان ئامادەبوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوانەی دەیانویست لە بەردەبارانـدا سەرکەونە سەرەوە. ترسناکی مەسەلەکەی پێزانی، بۆیە یەکسەر چوو بۆ لای لاشەکەی لەهیتە کە لە کوشتارەکە دوورکەوتبووەوە، لەبەر کشانەوەی پیاوانی گەڕەك، ئەوەبوو لاشەکەی بەدوای خۆیەوە ڕاکێشا بەرە و سەری دەربەندەکە. بانگی سادقی کرد ئەویش بەڕاکردن هات و پێکەوە لاشەکەیان هەڵگرت، بردیان بەرەو سەرەتای دەربەندەکە و پێکەوە فڕێیان داو کەوت و پاشان غل بووەوە تا لەژێر پێی سەرکەوتووەکان لەژێر تەختەکاندا وەستا، شڵەژانێکی دیار بەرپابوو، دەنگی حەجاج هاڕەی کرد و بەتووڕەییەوە هاواری دەکرد:

– سەرکەونە سەرەوە، بڕۆن، قوڕبەسەر تاوانباران...

قاسم بە تەوسێك و دانبەخۆداگرتنێکی سەیرەوە وتی:

– وەرن، ئەوەتا تەرمەکەی شەقاوەکەتان و لە دواشمەوە تەرمی پیاوانی دیکەتانە، وەرن ئێمە چاوەڕوانتانین!

ئاماژەی کرد بۆ پیاوان و ژنان بووە بەردەباران تاپێشەنگی هێرشبەرەکان وەستا، دەستیان کرد بە کشانەوەیەکی هێواش سەرەڕای ئەوەی کە حەجاج و جەڵتە پاڵیان پێوەدەنان، قاسم گوێی لە ورتەورتێکی پەلاماردان و ناڕەزایی و بێزاریی بوو، قاسم وتی:

- جەڵتە، حەجاج، وەرن و ڕامەکەن...

دەنگی جەڵتەی بۆ هات وەکو نەبرەیەکی ڕەقبوونەوە و هاواری دەکرد:

- ئەگەر پیاون وەرنە خوارەوە، وەرنە خوارەوە هەی ژنان هەی کوڕانی قەحپە...

حەجاج بە وەستانەوە لەنێو شەپۆلێکی گەڕانەوەی پیاوەکانیاندا هاواری کرد:

- نەژیاوم ئەگەر لە خوێنەکەت نەخۆمەوە هەی چەپەڵترین شوانی مەڕ.

قاسم بەردێکی هەڵگرت و بە هەموو هێزێکییەوە تێیگرت و بەردهاویشتن بەردەوام بوو، شەپۆلە گەڕاوەکە خێرا بوو تاخەریك بوو بەدەم ڕاکردنەوە وەرگەڕێن، ئەوە بوو حەسەن هات و بەدەم سڕینەوەی خوێنی ناوچەوانی و وتی:

- شەڕ تەواو بوو، زیندووەکانیان بەرەو باشوور هەڵاتن.

قاسم وتی:

- لێگەڕێ با پیاوان دوایان کەون...

بەڵام سادق پێی وت:

- ددان و چەناگەت خوێنیان لێدێت!

بە ناولەپی دەم و چەناگەی سڕییەوە، هەر کە پانیکردەوە بینی سوورێکی گەشە، حەسەن بەداخەوە وتی:

- هەشت کەسمان لێ کوژرا، زیندووەکانیش برینەکانیان سەختە و ناتوانن بجولێنەوە...

سەیری خوارەوەی کرد لەنێوان بەرد ڕووخاوەکانەوە دوژمنکانی بینی لە کۆتایی دەربەندەکە ڕادەکەن، سادق وتی:

- ئەگەر گەشتەکەیان تەواوکەن جەنگاوەرێکیان نەدەبینی کە بەرگەیان بگرێت:

پاشان چەناگە خوێناوییەکەی قاسمی سڕییەوە و بە سوپاسەوە وتی:

- ئەقڵی تۆ ڕزگاری کردین...

قاسم فەرمانی دا بە دوو پیاو لەسەری دەربەندەکە بمێننەوە بۆ پاسەوانیکردنی، ئەوانەی دیکەی ڕەوانە کرد بەدوای ڕاکردووەکاندا بۆ زانینی دەنگوباس.

پاشان سادق و حەسەن گەڕانەوە و بە ماندووییەوە هەنگاوی قورسیان هەڵدەگرت بەرەو گۆڕەپانەکە کە هیچی لە تەرمی کوژراوەکان لێ نەمابوو. کوشتارگە بوو، چی کوشتارگەیەك، هەشت لە پیاوانی و دە لە دوژمنەکانی کوژران جگە لە (لەهیتە)، پیاوانی زیندوو کەسیان لێ دەرنەچوو بەبێ شکان و بریندابوون. چوون بۆ کوختەکانیان و



ژنان دەستیان کرد بە تیمارکردنیان، لە کاتێکدا کوختی قوربانییەکان پڕبوون لە ژاوەژاو و گریان و هاتوهاوار. (بەدریە) بە پەرۆشییەوە هات و بانگی کردن بۆ کوختەکە بۆ شوشتنی برینەکانیان، پاشان سەکینە هات و (ئیحسان)ی هەڵگرتبوو، ئەویش بە قیژەوە دەگریا، خۆرەکە لە ناوجەرگەی ئاسمانەوە گڕی دەهاویشت، واشە و قەلەڕشەکان دەسووڕانەوە و دەیانقیڕاند و لە ئاسمان دەهاتنە خوارەوە، کەشەکەیش بۆنی خوێن و خۆڵی لێدەهات. ئیحسان لە گریان نەدەبووە، بەڵام کەس ئاوڕی لێ نەدەدایەوە، تەنانەت حەسەنی کەتەیش وا دیاربوو وەك بڵێی لەتری دەدا، سادق بە دەنگێکی خەماویی ورتەورتێکی لێوەهات:

- خوارەحم بە کوژراوەکانمان بکات...

قاسم وتی:

- حوا ڕەحم بە کوژراو و زیندووەکانیش بکات وەکو یەك، دڵخۆشییەکی پڕتاو حەسەنی گرتەوە، بۆیە وتی:

- بەم نزیکانە سەردەکەوین و گەڕەکەکەمان ماڵئاوایی لە سەردەمی خوێن و تیرۆر دەکات...

قاسم وتی:

- بەنەعلەت بێت سەردەمی تیرۆر و خوێن.

## -٨٩-

گەڕەکەکە کارەساتی وای بەخۆیەوە نەبینیبوو لەمەوبەر. پیاوان بێدەنگ و حەپەساو و ژاکاو و چاویان بەقوڵا چووبوو، گەڕانەوە، وەکو بڵێی پێڵوەکانیان بەڕووی زەوییەوە بەسترابوونەوە. بینییان هەواڵی شکستەکە پێش خۆیان کەوتبوو بۆ گەڕەکەکە و سەراکان پڕببوون لە سنگ کوتان و زۆرە زۆڕی گریان. هەواڵەکە بە گەڕەکەکاندا بڵاوبووەوە، ناوبانگی گەڕەکەکە ترسناك بوو، بووە بنێشتە خۆشەی ژێر زمانە پێ خۆشبووەکان. دەرکەوت کە گەڕەکی مشکەکوێرەکان هەموویان گەڕەکەکەیان بەجێهێشتووە لە ترسی تۆڵەسەندنەوە، خانوو و دوکانەکان چۆڵ بوون. کەس گومانی لەوە نەبوو کە حەتمەن پەیوەندیی دەکەن بە کوڕی گەڕەکە سەرکەوتووەکەیانەوە، بەمەیش ژمارە و هێزیان زیاد دەکات، خەم گەڕەکە ڕەشپۆشەکەی داگرت، بەڵام هەناسە گەرمەکانی ڕق و کینە و ئارەزوو

بۆ تۆڵەسەندنەوەی لێ دەتکا. ئەوەبوو هەندێ پیاو لە جەبەل لەبارەی شەقاوەتییەوە دەیانپرسی کە لە گەڕەکەکەدا بۆ کێ دەبێت، هەر هەمان پرسیار بەسەر زمانی گەڕەکی ڕەفاعەوە دەگەڕا. بەدگومانی وەکو خۆڵی بەر زریان بڵاوبووەوە، بەڕێوەبەر ڕەفعەت پێی زانی کە لە بیرکردنەوەکاندا چی دەگەڕێ، بۆیە داوای کرد بەر حەجاج و جەڵتە بکەوێت.

هەردوو پیاوەکە و هەموو پیاوە ئازاکان لە دەوریان بوو تا هەیوانەکەی بەڕێوەبەر لێیان پڕ بوو، هەر گرووپێك و بەشێکی لە هەیوانەکە داگیرکرد، وەکو بڵێی دڵنیا نەبوو بە تێکەڵبوون لەگەڵ دراوسێکانیدا:

بەڕێوەبەر هەستی بە واتای ئەوە کرد و خەمی چووە سەر خەم وتی:

- دەزانن کارەساتێکمان لێ بەسەر هات، بەڵام نەمردین و لە ناوی نەبردین، هێشتا بازووەکانمان دەتوانن سەرکەوتنمان بۆ بەدیبهێنن بەمەرجێك یەکێتیمان بپارێزین، ئەگینا فاتیحامان بخوێنن.

پیاوێك لە جەبەل وتی:

- ئەمە دوا لێدان دەبێت لێمان دوای تەنگانە فەرەحیە...

حەجاج وتی:

- ئەگەر خۆیان لە چیاکەدا حەشار نەدایە، هەموویان تیادەچوون.

سێیەم وتی:

- دوای گەشتێکی دوور و سەخت، کە حوشترەکان یخیان دا، بەرەنگاریان بووەوە.

بەڕێوەبەر بە وەڕزییەوە وتی:

- لەبارەی یەکێتییەکەتانەوە قسەم بۆ بکە ئەو کاری چییە؟

جەڵتە وتی:

- لە سایەی خواوە وەکو برا واین و هەرواش دەمێنینەوە.

- ئەمە قسەی تۆیە، بەڵام هاتنتان بەم ژمارە زۆرە مایەی گومانە کە دڵتان لە یەك جیادەکاتەوە...

حەجاج وتی:

- ئەمەیش ئارەزووی هەموانە بۆ تۆڵەسەندنەوە...

بەڕێوەبەرەکە مێشکی شڵەژابوو چاوی بە سەروچاوە ڕەشداگەڕاوەکاندا دەگێڕا و وتی:



- بەڕاشکاویی بڵێن، ئێوە بەچاوێك سەیری یەکتر دەکەن و بەچاوەکەی دیکە سەیری شەقاوەیەتی گەڕەکەکە دەکەن، شوێنە چۆڵەکەی لەهیتە، گەڕەکەکە ئارامیی بە خۆیەوە نابینێت مادامێکی حاڵەکە ئاوها بێت، ئەوەی دەمترسێنێت کە تێلاکان خۆیان لە مەسەلەکە تێکەڵ کەن و هەموتان تیادەچن و قاسم وەکو پیاوێکی ئاسان بتاخوات!

دەنگێکی زۆر بەرزبووەوە لەهەمان کاتدا دەیانوت:

- نەعوزوبیلا لەوە...

بەڕێوەبەر بە دەنگێکی بەهێز و ڕوونەوە وتی:

- لە گەڕەکەکەدا تەنها کۆڵانی جەبەل و ڕەفاعە ماونەتەوە، با دوو شەقاوەیان هەبێت. پێویست بە شەقاوەیەك ناکات، با لەسەر ئەوە پەیمان ببەستین، با یەکدەست بین لەسەر دەرچووان...

چەند چرکەیەکی بێدەنگی ترسناك بەسەرچوون، پاشان دەنگی ساردیی بەرزبووەوە:

- بەڵێ... بەڵێ.

جەڵتە وتی:

- بەوە ڕازی دەبین سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە لە دێرزەمانەوە سەردارانی گەڕەکەکەین.

حەجاج بە ناڕازییەوە وتی:

- با قبووڵکردنەکە بە منەت نەبێت، لێرەدا نە سەردار هەیە و نە خزمەتکار، بەتایبەتی دوای ڕۆیشتنی مشکەکوێرەکان، ئەوجا نکوڵی لەوە دەکات کە گەڕەکەکەمان میرخاسێکی وەکو ڕەفاعەی بەخۆیەوە نەدیوە.

جەڵتە بە توندیی و ڕقەوە وتی:

- حەجاج، دڵی تۆ دەناسم...

ڕەفاعی ویستی قسە بکات، بەڵام بەڕێوەبەر بەتووڕەیی هاواری کرد:

-پێم بڵێن بەڵێنی ئەوەتان دا کە ببنە پیاو یان نا، هەر هەواڵێك لاوازیتان دەفڕێنێت بەدوایدا هێرشی مشکەکوێرەکانی بەدوادادێت لە چیاکەوە هەروەکو گەلەگورگ، پێم بڵێن دەتوانن یەك ڕیز بوەستن، یان ئەوەتا لایەکی دیکە بۆ خۆم بدۆزمەوە؟

چەند کەسێك لێرە و لەوێ وتیان:

- وس، پیاوان عەیبە، خەریکە گەڕەکەکە هەموو شتێك لەدەست دەدات.

پیاوەکان بە خۆبەدەستەوەدانەوە سەیریان کرد و وتی:

- هێشتا ئێوە بە ژمارە و بە هێز لە سەرووترن، بەڵام جارێکی دیکە هێرش مەکەنە سەر چیاکە.

پرسیار لە سەروچاوەکاندا دەرکەوت و وتی:

- لەسەر چیاکە بەندیان دەکەین، خۆمان بۆیان مات دەدەین لەو دوو ڕێگایەوە کە بۆ چیاکە دەچن، یان ئەوەتا لەبرساندا دەمرن، یان ئەوەتا دێنە خوارەوە بەناچاریی بۆ لای ئێوە و لەناویان دەبەن.

جەڵتە وتی:

- باشترین ڕایە، کە ئاماژەت پێی دا بە لەهیتە بە ڕەحمەت بێت، بەڵام لەبەر ترس پەنای بردە بەر گەمارۆدان و نەیویست هێرش بکات.

حەجاج وتی:

- ئەمە ڕایە، بەڵام دەبێت جێبەجێکردنەکەی دوابخرێت تا پیاوەکان ئیسراحەت بکەن.

بەرێوەبەر داوای لێکردن پەیمان بدەن لەسەر برایەتی و هاوکاریکردن. تەوقیان کرد و سوێندیان خوارد. بۆ هەموو خاوەن دوو چاوێك دیار بوو کە ڕۆژانی دوایی بۆ جەڵتەیە...

لەگەڵ (حەجاج)دا پێکەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەستوپێوەندەکانیاندا توند بوو بۆ شاردنەوەی شوێنەوارەکانی ئەو شکستییەی کە تووشیان هاتبوو.

وایان لە گەڕەکەکەدا بڵاوکردەوە ئەگەر حەماقەتی لەهیتە نەبووایە، ئەوا بەبێ زەحمەت قاسم لەناو دەبرا، بەڵام سوربوونی لەسەر ئەوەی کە پیاوەکانی سەرکەونە سەر چیاکە، ئەوە بوو ماندووی کردن و هێزی و ئازایەتی بردن.

بۆیە لە خراپترین حاڵدا دووژمنەکەیان ڕووبەڕوویان بوونەوە. خەڵکی پێش خۆیان بڕوایان پێکردن، هەر کەسێك تۆزێك گومانی بکردایە، جنێویان پێی دەدا و نەعلەت دەکرا و لێی دەدرا، بەڵام شەقاوەیەتی گەڕەکەکە کەسی بۆی نەبوو خۆی تێوەردات، هەر هیچ نەبێت بە ئاشکرا، بەڵام زۆرێك- لە ڕەفاعەکان و جەبەلەکان وەکو یەك- لە کەپرەکە دەیان پرسی کە کێ جێگای لەهیتە دەگرێتەوە لە گەڕەکی نەسر. سەرەڕای بەڵێن و سوێندخواردن لە گەڕەکەکەدا، کەشێکی شاراوەی گومان لەدایك ببوو. بۆیە هەر شەقاوەیەك خۆی ئامادەکردبوو و لە ناوەندەکەی خۆی دوور نەدەکەوتەوە تەنها لەنێو گرووپێك هەوادارانی نەبێت، بەڵام خۆ ئامادەکردن بۆ ڕۆژی تۆڵەسەندنەوە یەك سات نەوەستابوو. لەناوخۆیاندا ڕێکەوتن کە جەڵتە لە بەردەم ڕێگای موقەتەم لەلای بازارەکەوە



سەربازگە بکات، حەجاج و پیاوەکانیشی لەڕێگای قەڵاکە سەربازگە بکەن. دەبێت لە شوێنەکانیان بن ئەگەر تەمەنێکیش بێت، ژنانیش تەرخان دەبن بۆ کڕین و فرۆشتن و هێنانی خواردن بۆیان. بۆ ئێوارەی پێشی ڕۆژی دەرچوون لە هەموو کەپرەکان کۆبوونەوە و مەنجەڵی بووزە و مەییان هێنا، حەشیشەیان کێشا و سەرخۆش دەبوون تا درەنگە شەوێك، هەوادارەکان حەجاجیان بەرێخست لەبەردەم سەراکەی خۆی لە گەڕەکی ڕەفاعە و ئەویش لەوپەڕی دڵخۆشی و سەڵتەنەتدا بوو. پاڵی نا بە دەرگاکەوە و بە دالانەکاندا دەیڕۆیشت و مزەمزی گۆرانی بوو:

ئای ئای...

بەڵام تەواوی نەکرد، تارماییەك لەپشتەوە ئامبازی بوو، بە دەستی دەمی گرت و بە دەستەکەی دیکە دڵی بەر چەقۆ دا، جەستەی لەنێو دەستەکانی پەلەقاژەی کرد و نەیهێشت کەوتنەکەی دەنگ دەرکات، لەسەرخۆ لەسەر زەوییەکە بێجووڵە لە تاریکییە ئەنگوستەچاوەکەدا درێژی کردەوە...

-٩٠-

گەڕەکەکە لە بەیانییەکی زوودا بە دەم هاتوهاوار و قیژەی ترسناك بەخەبەر هاتەوە، پەنجەرەکان کرانەوە و سەرەکانیان لێوە هاتەدەرەوە و خێرا ڕوویان کردە ئەو سەرایەی کە حەجاج شەقاوەکەی ڕەفاعەی لێ نیشتەجێیە... ئەو شوێنەی کە ئاپۆرایەکی زۆری لێ کۆبووەتەوە و گەڕەڵاوژێ تێکەڵ بە قیژە و گریان بوو، بەردالانی سەراکە پڕ بوو لە ژن و پیاو و پرسیار و توانج زۆر بوون، چاوە سوورهەڵگەڕاوەکان بە گریان نوقلانەی هەموو بەدکارییەکی ترسناکیان لێدەدا. لە هەر سەرا و خانووە کونێکەوە ڕایان دەکرد بۆ سەراکەی ڕەفاعیە، ئەوەندەی پێ نەچوو جەڵتە و پیاوەکانی هاتن و خەڵکیش ڕێگەیان بۆ کردەوە تا چوونە دالانەکە و جەڵتە هاواری کرد:

- ئەمە کارەساتێکی دەگمەنە، ئەی حەجاج خۆزگە دەبووم بە قوربانی تۆ...

ئەوانەی دەگریان و لەگریان بوونەوە، ئەوانەی کە هاواریان دەکرد لە هاوارکردن وەستان و ئەوانەشی کینەلەدڵ بوون لە پرسیارکردن وەستان، بەڵام یەك وشەی موجامەلەی نەبیست و دووبارە وتی:

- پیلانێکی چەپەڵە! غەدرکردن خەسڵەتی شەقاوەکان نییە، بەڵام قاسم شوانی مەڕ سواڵکەرە، نەك شەقاوەیە، ئاسوودە نابم تا لاشەکەی فڕێنەدەمە بەر سەگەکان...

ژنێك بە توندییەکی بە سۆزەوە وتی:

- جەڵتە شەقاوەیەتی گەڕەکەکەت لێ پیرۆز بێت.

سەروچاوی جەڵتە گرژ بوو لەبەر تووڕەیی، نزیکەکانی واقیان وڕما و ورتەورتێکی لەپشتی ئەوەوە بەرەقی بانگی کرد:

- با ژنان لەم ڕۆژە دێزەدا دەمیان داخەن.

ژنەکە دیسان وتی:

- باهەموو خاوەن ئەقڵێك تێ بگات...

فەهاجی هاواریکرد و جەڵتە چاوەڕێ بوو تا زریانەکە هێوربێتەوە و وتی:

- پیلانێکی فێڵاوییە بەشەو ئەنجام دراوە، بۆئەوەی ناخۆشی بخەنە نێوانمانەوە.

ژنێکی دیکە وتی:

- پیلانە! قاسم و مشکەکوێرەکانی لە چیاکەن و حەجاجیش لە گەڕەکەکەی خۆی و ناوکەسوکاریدا کوژرا و دراوسێ چاوچنۆکەکانیان چاویان بڕیوەتە شەقاوەیەتییەکە...

جەڵتە بانگی کرد:

- ئەو ژنە شێتە، ئەو کەسەش شێتە کە قبووڵی بۆچوونەکەی بکات، ئەگەر بەردەوام بن یەکتری دەکوژین وەکو چۆن قاسم گەندەڵیی دەکات.

گۆزەیەك دەکەوێت و لەبەردەم هەردوو پێی جەڵتە وردوخاش دەبێت، لەگەڵ پیاوەکانیدا کشایە دواوە، وتی:

- کوڕی قەحپەیە توانی کە چۆن نێوانمان تێکبدات، یەکسەر چوو بۆ ماڵی بەڕێوەبەر و دوای ڕۆیشتنی ژاوەژاوەکە تووند بوو، دوو پیاو لە ڕەفاعە و جەبەل دەستیان بە شەڕێکی توندوتیژ کرد و دوای ئەوانیش دوو ژن لە یەکیان دا، مێردمنداڵان لە هەردوو گەڕەکەکە تێکبەربوون، شەڕەکان گەرم بوون و لە پەنجەرەکان جنێو دەستی پێکرد. پشێویی لە گەڕەکەکە پەیدا بوو، تا لە هەر کۆڵانێك پیاوەکانی کۆبوونەوە و تێلاکان بەرزکرانەوە، بەڕێوەبەر لەنێو خزمەتکارەکانییەوە لە ماڵ هاتەدەر، ڕۆیشت تا گەیشتە ناوەڕاستی هەردوو گەڕەك و بە هەموو دەنگی هاواری کرد:



- ئاقڵ بن، تووڕەیی لە ئاستی دوژمنە ڕاستەقینەکەتان کوێرتان دەکات، بکوژی سەرکار حەجاج...

یەکێك لە ڕەفاعییەکان بانگی کرد:

- تۆ ئەوە چوزانی؟ چ مشکەکوێرەیەك جورئەتی ئەوە دەکات بێتە گەڕەکەکەوە؟

ڕەفعەت بانگی کرد:

- چۆن ئەمرۆ حەجاج دەکوژرێت کە زۆر پێویستیان پێیەتی؟

- لە تاونبارەکان بپرسە لە ئێمە مەپرسە...

- ڕەفاعییەکان سەردانەوێنن بۆ شەقاوەی جەبەل...

- نرخی خوێنەکەی گران دەدەن.

بەڕێوەبەر جارێکی دیکە بانگی کرد:

- مل بۆ پیلان مەدەن ئەگینا دەبینن قاسم وەکو پەتا بۆتان دەکشێت...

- قاسم با بێت ئەگەر بیەوێت، بەڵام جەڵتە نابێتە شەقاوە بەسەرمانەوە...

بەڕێوەبەر دەستەکانی کێشا بەیەکدا و وتی:

- تەواوبووین، وێرانبوونمان تووش دەبێت.

دەنگەکان بە بەرزبوونەوە:

- وێرانیی لە جەڵتە باشترە...

لە گەڕەکی ڕەفاعەوە بەردێك هات و لەنێوان پیاوانی جەبەلدا کەوتەخوارەوە، گەڕەکی جەبەلیش بە هەمان شێوە وەڵامیان دایەوە، بەڕێوەبەر خێرا گەڕایەوە، ئیدی لە هەردوو لاوە بەردباران دەستی پێکرد، دەستبەجێ هەردوو گەڕەك لە جەنگێکی خوێناوییدا یەکانگیر بوون، لێدان بەشێوەیەکی زۆر دڵڕەقانە توند بوو. جەنگەکە تەشەنەی کرد بۆ هەندێك لە سەربانەکان، ئەو شوێنانەی کە ژنانی هەردوو گەڕەك بە بەردهاویشتن و خۆڵ و تەختە کەوتبوونە گیانی یەکدی. شەڕەکە ماوەیەکی درێژی کێشا، گەرچی ڕەفاعیەکان بەبێ شەقاوەکانیان شەڕیان دەکرد، بەڵام کوژراویان لە بەردەم دەستوەشاندنەکانی جەڵتە کە هەڵەی نەدەکرد زۆربوون، دەنگی ژنان بە ژاوەژاو لە پەنجەرەکانەوە دەهاتن و لە ژاوەژاوی جەنگەکەدا ون دەبوون، بەڵام ژنان بەبێ کزبوون بەدەست ترسەوە جارێك ئاماژەیان دەکرد بۆ لای ڕۆژهەڵاتی گەڕەکە و جارێکی دیکەش بۆ لایەکی دیکە.

خەڵکەکە ئاوڕی دایەوە بۆ ئەو شوێنەی کە ژنەکان ئاماژەیان بۆی دەکرد، قاسمیان بینی لە بەردەم خانووە گەورەکەدا، پێشی کۆمەڵێك پیاو کەوتووە تێڵاکانیان پێش خۆیان کەوتبوون، لە لایەکی دیکەوە بینیان کە حەسەن پێش کۆمەڵێکی دیکە کەوتووە. شوێنەکە پڕ بوو لە هاتوهاواری وریاکردنەوە و ڕووداوەکان زۆر بە خێرایی بەدوای یەکدا دەهاتن، دەستەکان لە لێدان وەستان وەکو بڵێی گۆج بوون. لەبەر هۆیەکی خۆڕسکانە کۆبوونەوە و تێکەڵ بوون، لێدراوەکان بوون بە دوو تیمەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هاتووەکان، جەڵتە بە تووڕەیی بانگی کرد:

– وتم ئەمە دەسیسەیە بڕواتان نەکرد.

خۆیان بۆ کوشتار ئامادەکرد، کەچی لەبەر تەقەلاو بێئومێدیدا حاڵیان خراپ بوو، بەڵام لەپڕ قاسم چووە پێشەوە وەستا، حەسەنیش وایکرد وەك بڵێی پلانێك جێبەجێ دەکەن. قاسم بە دەنگی بەرز بانگی کرد:

– نامانەوێت ئازاری کەس بدەین، براوە و دۆڕاو نییە، ڕۆڵانی یەك گەڕەك و یەك باپیرەن وەقفەکەش بۆ هەمووانە.

جەڵتە بانگی کرد:

– دەسیسەیەکی نوێیە...

قاسم بە تووڕەیی وتی:

– پاڵیان پێوە مەنێ بۆ کوشتار لەپێناوی بەرگریکردن لە شەقاوەیەتی خۆت، ئەگەر دەتەوێت خۆت بە تەنیا بەرگریی بکە...

جەڵتە هاواری کرد:

– هێرش بەرن.

پەلاماری گرووپەکەی قاسمی دا و پیاوان دوایکەوتن، ئەوانی دیکە پەلاماری حەسەن و پیاوەکانیان دا. زۆریان دوودڵ بوون، بریندارەکان خۆیان دزییەوە بۆ سەراکە، هەروەها برست لێبڕاوەکانیش، پاشان دوودڵەکان دوایان کەوتن، تەنها جەڵتە خۆی و چەتەکانی مانەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش جەنگێکی توندیان دەست پێکرد، لە بەرگریکردن بەردەوام بوون، بە داروکەللە و شەق و دەست لە یەکیان دەدا، جەڵتە بە ڕقێکی کوێرانەوە هێرشەکەی لەسەر قاسم خەستکردەوە، لێدانی توندیان دەسرەواندە یەکدی، پاشان قاسم بەدەست سووکیی و وریاییەوە بە تێڵاکەی بەرپەرچی لێدانەکانی دژەکەی دەدایەوە، بەڵام



پیاوەکانی قاسم بە زۆریی گەمارۆی چەتەکانی جەڵتەیان دا تا لەژێر دەیان تێڵادا ون بوون. حەسەن و سادق پەلاماری جەڵتەیان دا کاتێك لەگەڵ قاسم دا تێگیربوون، سادق تێڵاکەی کێشا بەسەریدا، جارێك و دووان و سیان، تێڵاکەی لە دەستی کەوتەخوارەوە، وەکو گایەکی بریندار ڕایکرد و پاشان وەکو دەرێکی دەرگایەك بەدەما کەوت، جەنگەکە تەواوبوو، دەنگی تێڵا و هاوکاریی پیاوان کپ بوون، سەرکەوتووەکان بە هەناسەبڕکێ وەستابوون و خوێنی دەموچاو و سەر و مەچەکیان دەسڕییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زارەکانیان بە بزەی سەرکەوتن و ئاشتی دەکرانەوە، لە پەنجەرەکانەوە دەنگی زووڕەی گریان دەهات، پیاوانی جەڵتە لەسەر زەوییەکە پەرشوبڵاو کەوتبوون، خۆرەکەش دەدرەوشایەوە و تیشکە گڕاوییەکانی ڕەوانە دەکرد، سادق بەبڕواو دڵنیاییەوە لەگەڵ قاسم دا قسەی کرد وتی:

– سەرکەوتی، خودا سەری خستین، باپیرەمان لە هەڵبژاردندا هەڵە ناکات. ئیدی گەڕەکەکەمان لە ئەمڕۆ بەدواوە گریان بەخۆیەوە نابینێت...

قاسم بزەیەکی هێمنی هاتێ، پاشان بە عەزمەوە وەرچەرخا و چاوی بڕییە خانووەکەی بەڕێوەبەر و سەرەکانیش ڕوویان کردە ئەوێ...

## -٩١-

قاسم پێشی پیاوەکانی کەوتبوو بەرەوماڵی بەڕێوەبەر دەڕۆیشت، بینییان دەرگا و پەنجەرەکان داخراون، بێدەنگیی و خەمۆکیی دایگرتووە، حەسەن بە توندیی دای لە دەرگا وەلێ کەس وەڵامی نەدایەوە. بڕە پیاوێك کۆبوونەوە و بە تووندیی پاڵیان نا بە دەرگاکەوە تا لەسەر پشت کرایەوە، پیاوەکە چووە ژوورەوە و پیاوەکانی لەدوایەوە، هیچ شوێنەواری نە دەرگاوانەکە و نە هیچ یەکێك لە خزمەتکارەکان دیار نەبوو، خێرا چوونە دالانەکەوە و پاشان ژوورەکانی دیکە، ئینجا سێ نهۆمەکە، بۆیان دەرکەوت کە بەڕێوەبەر و کەسوکاری و خزمەتکارەکان خانووەکەیان بەجێهێشتووە و ڕایانکردووە. بەڕاستی قاسم بۆ ئەوە بەداخ نەبوو، لە ناخەوە حەزی نەکرد بەڕێوەبەر لە ناوبەرێت، لەبەر خاتری ژنەکەی، ئەگەر ئەو نەبووایە یەکەجار لەناوچووبوو، بەڵام حەسەن و ئەوانی دیکە زۆر تووڕەبوون بۆ دەربازبوونی ئەو پیاوە کە بەدرێژایی سەردەمەکەی خۆی هەژاریی و دەردەسەری دەخواردی گەڕەکەکە دابوو. بەوجۆرە قاسم سەرکەوت و بەبێ ڕکابەر بووە پیاوی گەڕەکەکە، کاروباری بەڕێوەبەرێتییەکەی گرتە دەست، چونکە دەبوو وەقفەکە بەڕێوەبەرێکی هەبووایە و

مشکەکوێرەکان گەڕانەوە بۆ گەڕەکەکەی خۆیان و لەگەڵ ئەوانیشدا کێ لە ترسی شەقاوەکان کۆچیان کردبوو، گەڕانەوە، لە سەرووی ئەوانەوەشەوە سەرکار یەحیا بوو، چل ڕۆژ بە هێمنی بەسەرچوو و برینەکان قەتماغە بوون و دەروونەکان هێوربوونەوە و دڵەکان دڵنیابوون، ڕۆژێکیان قاسم لەبەردەم خانووە گەورەکە وەستا و بانگی گەڕەکەکەی کرد بەپەرۆشەوە بە ژن و پیاوەوە و لە هەموو گەڕەکەکان و ڕۆیشتن بۆلای، دیاربوو دڵیان بە هەموو بیرکردنەوەیەك لێیان دەدا و شوێنەکەیان سیخناخ کرد و مشکەکوێرەکانیان تێکەڵ بە خێڵی جەبەل و خێڵی ڕەفاعە بوون، قاسم بە خەندە و خاکی و ناسك و بەهەیبەت دیاربوو، ئاماژەی کرد بۆ سەرەوە، بۆ خانووە گەورەکە و وتی:

- جەبەلاوی لێرە نیشتەجێیە، باپیرەی هەموومان، جیاوازیی نییە، بۆ سەر بە ئەوبوون لەنێوان گەڕەکێك و گەڕەکێکدا، یان کەسێك و کەسێکدا، یان پیاوێك و ژنێکدا.

سەروچاوەکان لە حەپەسان و خۆشیدا گەشانەوە، بە تایبەتی سەروچاوی ئەوانەی کە پێشبینی ئەوەیان دەکرد گوێیان لە وتەی پیاوێك بێت کە دەستەبەری کرد و سەرکەوت.

قاسم هەڵیدایە و وتی:

- وەقفەکەی لە دەورتانە و وەکو یەك بۆ هەمووتان دەبێت، هەروەکو بەڵێنی بە ئەدهەم دابوو کە پێی وتبوو:

((وەقفەکە بۆ نەوەکەت دەبێت)) دەبێت بەچاکی بەکاریبهێنین تا بەشی هەموو بکات و بەزیادەوە.

ژیانێك بژین وەکو ئەدهەم ئاواتی بوو کە بژین، بە رزقێکی زۆر دڵنیاییەکی سەرتاسەریی و بەختەوەرییەکی ڕوون و بەپیت...

خەڵکەکە سەیری یەکدییان کرد وەکو بڵێی لە خەوندا بن و لە قسەکەی بەردەوام بوو، وتی:

- بەڕێوەبەر ڕۆیشت بەبێ گەڕانەوە و شەقاوەکان نەمان، لە ئەمڕۆ بەدواوە گەڕەکەکەمان شەقاوەی نابێت، سەرانە نادەن بە زۆردار، یان ملکەچی بەدمەست و دڕندە بن، ژیانتان بە ئاشتی و ڕەحمەت و خۆشەویستییەوە بەسەر دەچێت...

چاوی بەسەروچاوە مژدەبەرەکاندا گێڕا و وتی:

- بەدەستی خۆتانە کە دۆخەکە نەگەڕێتەوە کاتی جارانی، چاودێریی بەڕێوەبەرەکەتان بکەن، ئەگەر خیانەتی کرد لایبەرن، ئەگەر کەسێکتان پەنای بردەبەر بەر هێز، لێیدەن،



ئەگەر کەسێك یان گەڕەکێك داوای سەرداریی کرد تەمێی بکەن، بەمەیش تەنها ئەوە مسۆگەر دەکەن کە دۆخەکە نەگەڕێتەوە وەکو جاران، خوداتان لەگەڵ بێت.

لەو ڕۆژەدا خەڵکەکە تازێباری مردووەکانیان بوو، ئەوانە دیکەش دڵگرانی شکستەکەیان بوون، هەموو چاویان بڕیبووە سبەینێ وەکو بڵێی چاو دەبڕنە هەڵاتنی مانگی تابان، لە شەوێك لە شەوانی بەهاردا. قاسم داهاتەکەی بە یەکسانی بەسەر هەمواندا دابەشکرد، دوای ئەوەی هەندێکی هەڵگرت بۆ نوێکردنەوە و دروستکردن، بەڵێ بەشی هەر تاکێك کەم بوو، بەڵام هەستکردنی بە دادپەروەریی و کەرامەت هەموو سنوورێکی تێپەڕاندبوو. سەردەمی ئەو بەنوێژەنکردنەوە و بیناسازیی و ئاشتی بەسەرچوو. گەڕەکەکەمان لەمەوبەر ناز و نیعمەتی ئاوهای بەخۆیەوە نەدیبوو، ڕۆژانێکی یەکگرتوویی و تەبایی و بەختەوەریی بوو. بەڵێ، چەند کەسانێك هەبوون لە خێڵی جەبەل شتیان لە دڵدا بوو دەریان نەدەبڕی و لەنێوان خۆیاندا چرپەچرپیان بوو:

((ئێوە لە خێلی جەبەلن و مشکەکوێرەیەك لە مشکەکوێرەکان فەرمانڕەوامانە؟))

یەکێکیش لە ڕەفاعە، هەروەها بگرە کەسێك لە مشکەکوێرەکان لە خۆبایی نەبوو. لە سەردەمی ئەودا دەنگێکیش بەرز نەبووەوە بۆ لێڵکردنی ئارامییەکە. مشکەکوێرەکان بە پیاوێکی بێوێنەیان لە قەڵەم دەدا، کە لەمەوبەر نەبووەوە و دواتریش نابێت، هێز و نەرمونیانی پێکەوە گرێدابوو، دانایی و سادەیی و بە هەیبەتی و خۆشەویستی و دەسەڵات و تەوازوع، پاکی و ئەمانەت، لەگەڵ ئەو هەمووەشدا ڕووخۆش و بەشوش و ڕێکپۆش بوو، خۆش مەشرەب و دۆستایەتی خۆشبوو، سەرباری زەوقە جوانەکەی و حەزکردنی بەگۆرانی و نوکتە، هیچ شتێکی نەگۆڕابوو جگە فراوانکردنی ژیانی ژنداریەتی نەبێت، وەکو بڵێی ڕێڕەوەی وەقفەکەی نوێ دەکردەوە و گەشەی پێدەدا، گەرچی (بەدریە)ی خۆشدەویست، دوو ژنی جوانی خواست لە خێڵی جەبەل و یەکێکی دیکە لە خێڵی ڕەفاعە، پاشان ئاشقی ژنێك بوو لە مشکەکوێرەکان دواجار ئەویشی خواست. خەڵکی دەیانوت بەدوای شتێکدا دەگەڕێت کە لەوەتەی ژنی یەکەمی (قەمەر) مردووە ونی کردبوو. زەکەریای مامی دەیوت دەیەوێت پەیوەندییەکانی بە هەموو گەڕەکەکانەوەتووندوتۆڵ بکات، بەڵام گەڕەکەکەمان پێویستی بە هیچ شرۆڤە یان هۆکارێك نەبوو بۆئەوەی کە ڕوویدابوو، بەڵام بەڕاستی ئەگەر جارێك بە ڕەوشتی موعجیب بووبێت، دەیانجار موعجیب بوو بە چوستییەکەی و زیندوویی. خۆشەویستی ژنان لە گەڕەکەکەماندا توانایەکە پیاوان تێدا وندەبن و پایەبەرز دەبن و

**پایەکەیش شەقاوەیەتی لە زەمانی خۆیدا یان زیاتر پلەکەی ڕادەگرت. هەرچییەك بێت گەڕەکەکەمان لەمەوبەر بەڕاستی هەستی بە دەسەڵات نەکردبوو، مەسەلەکەی گەڕانەوە بۆ خۆی، بەبێ بەڕێوەبەر کە بیچەوسێنێتەوە یان شەقاوەیەك زەلیلی بکات، ڕۆژانی برایەتی و خۆشەویستی ئاشتی وای بەخۆیەوە نەدیبوو. زۆر کەس دەیانوت ئەگەر ئافەتی گەڕەکەکەمان لەبیرچوونەوە بێت. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە لەم ئافەتە ڕزگاری بێت و بۆ هەتا هەتایەش لێی ڕزگاری دەبێت...**

**وایان دەوت...**

**وایان دەوت ئەی گەڕەکەکەمان...**

# عەرەفە





ئەوەی لە حاڵی گەڕەکەکەمان تێڕامێنی، بڕوا ناکات بەوەی کە ڕەبابەکان لە قاوەخانەکاندا دەیڵێن بە جەبەل و ڕەفاعە و قاسمەوە؟! ئەو نیشانانە چین لە دەرەوەی قاوەخانەکان کە دەیانبەنەوە سەر ئەوان. چاو هیچ نابینێت جگە ئەو گەڕەکە نقووم بووە نەبێت کە لە تاریکی و ڕەبابەکان گۆرانی بە خەونەکانەوە دەڵێن، چۆن مەسەلەکە ئێمەی گەیاندە ئەم بارە؟ کوا قاسم و یەك گەڕەك و وەقفەکە بۆ خێری هەمووان؟ چی ئەم بەڕێوەبەرە چاوچنۆك و ئەم شەقاوە شێتانەی هێنا؟ دەبیستی لە دەوری ئەو نەرگیلەیەی کە لە کەپرەکەدا دەگەڕێت، لەنێوان حەسرەتکێشان و پێکەنیندا، هەر کە سادق بووە جێگری قاسم لە بەڕێوەبەرێتییەکەدا لەسەر ڕەچەی ئەو ڕۆیشت، خەڵکێك پێیان وابوو کە حەسەن حەقدارتر بوو لەو لە بەڕێوەبەریەتییەکە، چونکە خزمی قاسم بوو، ئەویش شەقاوەکانی کوشت، (حەسەن)یان هان دا بۆئەوەی تێلاکەی بەرزکاتەوە کە بەرگریی ناکرێت و نەیویست گەڕەکەکە بگەڕێتەوە سەردەمی شەقاوەیەتی، بەلام گەڕەکەکە ببوونە دوو بەشەوە، ئەوە بوو خەڵکی خێڵی جەبەل و ڕەفاعە چییان لە دڵدا بوو ئاشکرایان کرد، هەر کە سادق لە دنیا کۆچی کرد، ئەوەبوو ئارەزووە خەفەکراوەکان ڕووی ناشرینی خۆیان و نیگا دوژمنکارییەکانی خۆیان هەڵماڵی، تێلاکان دوای ئەوەی نووستبوون بەئاگا هاتنەوە، خوێن لە هەر گەڕەکێك بەجیا دەڕۆیشت و لەنێوان هەر گەڕەکێك و ئەوی دیکە، تەنانەت بەڕێوەبەرەکە خۆی لە یەکێك لە جەنگەکاندا کوژرا، جڵەو لە دەست دەرچوو ئەمن و ئاسایش لە بارچوو، خەڵکی پێیان باشبوو کە دوا نەوەی ڕەفعەتی بەڕێوەبەر بگەڕێننەوە بۆ بەڕێوەبەراتییەکە کە تەماحکاران لەسەری شەڕیانە، بەوجۆرە قەدری بەڕێوەبەر گەڕایەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە، گەڕەکەکان گەڕانەوە بۆ خێلایەتی دێرینی خۆیان، هەر گەڕەکێك و شەقاوەیەك دەستی بەسەردا گرت، ئینجا بوو بە شەڕ لەسەر شەقاوەیەتی گەڕەکەکە تا سەعدوڵلا بردییەوە. خانووی شەقاوەی داگیرکرد و بووە بەڕێوەبەری یەکەمی، یوسف دەستی گرت بەسەر خێڵی جەبەلدا و عەجاج بەسەر خێڵی ڕەفاعەو (سەنتووری)ش بەسەر خێڵی قاسمدا. یەکەمجار بەڕێوەبەرەکە داهاتەکەی بە ئامانەتەوە دابەشکرد، پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و نوێکردنەوە بەردەوام بوو، ئەوەبوو لەپڕ تەماح گەمەی بە دڵی بەڕێوەبەر کرد، دوای ئەویش شەقاوەکان وەکو پێشبینی دەکرا، گەڕانەوە بۆ سیستمی کۆن، واتە

بەڕێوەبەر نیوەی داهاتەکە بۆ خۆی بەرێت و نیوەکەی دیکەش بەسەر چوار شەقاوەکەدا دابەش بکات، ئەوانەی بە نارەوا دەستیان بەسەردا گرت، بگرە بەوەوە نەوەستان سەرانەشیان سەپاند بەسەر دەستوپێوەنە کلۆڵەکانیاندا. پرۆسەی دروستکردن ڕاوەستا تا بیناسازیش لە خانووەکاندا وەستا، جگە نیوە یا چارەکێکیان دروستکران، وەکو بڵێی هیچ شتێك لە کۆن نەگۆڕابوو تەنها ئەوە نەبێت گەڕەکی مشکەکوێرەکان بووە گەڕەکی قاسم، ئەوەیش شەقاوەیەك وەکو ئەوانی دیکە سەرۆکایەتی دەکات، بەهەردوولادا سەراکان دروستکران لەجیاتی کوخت و کەلاوەکان، بەڵام خەڵکی گەڕەکیش هەڵگەڕانەوە وەك زەمانی ڕەش، بێکەرامەت و بێدەسەڵات، نەبوونیی ڕیسوای کردن و تیلاکان هەڕەشەیان لێدەکەن و بەر شەقازللە دەدرێن، پیس و پۆخڵی و مێش و ئەسپێ بڵاوبووەوە، سواڵکەر و فالچی و کەمئەندامەکان زۆر بوون، جەبەل و ڕەفاعە و قاسم تەنها وەك ناو مانەوە، گۆرانییش لە قاوەخانەکاندا شایەرە بەدمەستەکان دەیانوت، هەرگرووپێك و شانازیی بە پیاوەکەی خۆیەوە دەکرد کە هیچی تێدا نەمابوو، لەوەشدا کەوتنە کێبڕێ تا ڕادەی شەڕ و پێکدادان، دروشمی بەدمەستەکان بڵاوبوونەوە، یەکێکیان لەناو کەپرەکەوە دەڵێت: ((هیچ سوودێکی نییە))، واتە دنیا نەك کەپرێك. ئەوی دیکە دەڵێت: ((یەك کۆتایەی هەیە، ئەویش مەرگە، با بەدەستی خوا بمرین باشترە لەوەی کە بە تیلای شەقاوە بمرین، باشترین شت ئەوەیە سەرخۆش بین یان حەشیشە بکێشین!)). مەقامی غەمباریان دەوت، بە دەزووی بێ ئومێدیی و هەژاریی و زەلیلییەوە دەیاناڵاند، یان گۆرانی داوێنپیسانە و فاحیشەیان دەوت و دەیاندا بە گوێی ژنان و ئەو پیاوانەی کە بەدوای دڵدانەوە و عەزاباریەوە دەگەڕان ئەگەریش لە کەلاوەیەکی تاریکدا بووایە. هەر کە یەکێکیان زۆر غەمبار بووایە دەیوت ((ئەوەی نووسراوە نووسراوە))، نە جەبەل سوودی هەبوو، نە ڕەفاعە و نە قاسم، لەم دنیادا بەشمان مێشە و لەو دنیاش خۆڵە، سەیرەکە دوای ئەوە گەڕەکەکانمان بکەوێتە ژێر کاریگەرێتی گەڕەکچێتییەوە، پیاوێك لە دراوسێمان ئاماژە دەداو بە فیزەوە دەڵێت: ((گەڕەکی جەبەلاوی))، لە سووچەکانیدا بە مرومۆچی کروشکە بکەین، وکو بڵێی بە بیرەوەرییە ئازیزەکانی ڕابردوو قەناعەتمان هەیە، یان ئەوەتا کاوێژی کوێگرتن بکەین، بەو دەنگەی کە لە ناخمانەوە دەچرپێنێ کە بە دەنگێکی کز دەڵێت: ((مەحاڵ نییە)) سبەینێ ئەوە ڕووبدات کە دوێنێ ڕوویدا، جارێکی دیکە خەونەکانی ڕەبابە دێتە دی و دنیاکەمان لە تاریکیدا ون دەبێت...





ڕۆژێك لەڕۆژان بەر لە عەسر، گەڕەکەکە بینیان گەنجێکی نامۆ لای چۆڵەوانییەکە دەهات و کورتەباڵایەکیش دوایکەوتووە، دیشداشەیەکی خۆڵ ڕەنگی لەبەر بوو لەسەر گۆشتەکەیەوە لە ناوەڕاستەوە پشتوێنێکی بەستبوو دشداشەکەی کردبووە دوو بەشەوە، بەشی سەرەوەی شۆڕببووەوە و پڕ بوو لە شت. پێڵاوێکی کاڵ و دڕاوی لەپێ بوو، بەڵام سەری ڕووت بوو، قژەکەی پڕ و گڤ بوو، ڕەشتاڵە بوو، چاو خڕ بوو، بینایی تیژ بوو، لە قوڵایی چاویدا نیگایەکی نیگەرانی و گرژ دیاربوو، جووڵەکانی بە بڕواو خۆڕاگربوون، تۆزێك لەبەردەم خانووە گەورەکە وەستا پاشان لەسەرخۆ بەڕێکەوت و وەك بڵێی دەیانپرسی: ((نامۆ لە گەڕەکەکەماندایە! ئای کە چەپەڵە)). ئەوی لە چاوی فرۆشیار و خاوەن دوکان و دانیشتووانی قاوەخانەکان و ژنانی بەر بەرپەنجەرەکاندا دەخوێندەوە، بگرە لە چاوی سەگ و پشیلەکانیشدا، تەنانەت پێی وابوو کە مێشیش خۆی لێ لادەدات و بێزی لێدەبێتەوە و ناڕەزاییە مێردمنداڵەکان بە شەڕفرۆشتنەوە ئاوڕیان لێدەدایەوە. هەندێکیان لێی نزیك دەبوونەوە، ئەوانی دیکە بەردە قانییەکانیان پڕ دەکرد، یان لە زەوییەکە بەدوای بەردەوە دەگەڕان، بەڕووی خۆشەوە زەردەخەنەیەکی بۆ کردن، دەستی کرد بە باخەڵیدا و تۆزێك نەعنای دەرهێنا و بەسەریاندا دابەشیکرد و ئەوانیش بە خۆشییەوە بەرەو ڕووی چوون، دەستیان کرد بە مژینی نەعناکە و بە ئیعجابەوە تەماشایان دەکرد و پێی وتن و زەردەخەنە لە سەروچاوی لا نەدەچوو:

- هەیوانێك نییە بۆ کرێ؟ دەی پیاوان، ئەوەی پێم نیشان بدات پاکەتێك نەعنای دەدەمێ...

ژنێك لەبەردەم یەکێك لە سەراکان لەسەر زەوییەکە دانیشتبوو لێی پرسی:

- هەی هەزار بەڵات لێدا تۆ کێیت تا لە گەڕەکەکەماندا نیشتەجێ بیت؟

کابرا پێکەنی و وتی:

- غوڵامت عەرەفە، وەکو ئەوانی دیکە لە کوڕانی گەڕەکەکەتانم، ئەوە کە دوای نادیارییەکی دوورودرێژ هاتووەتەوە.

ژنەکە لێی وردبووەوە و پرسی:

- کوڕی کێی هەی ڕوحی دایکی؟

ئەو بە خۆشییەوە لە پێکەنینەکە زیادەڕۆیی کرد و وتی:

- یادی بەخێر بێ، جەحشە، ئەی خانمی خانمان نایناسیت؟

- جەحشە؟ کچی زێن؟

- خۆیەتی بە گۆشت و بەزەییەوە.

ژنەکە پشتی دابوو بە دیوارەکەوە و بەردەوام بوو لە قسەکردنەکەی بە دەم دۆزینی سەری منداڵەکەوە:

- ئەو ڕۆژانە کاتێك منداڵ بوویت دوای دایکت دەکەوتیت هێشتا لە بیرمە، هەموو شتێك لە تۆدا گۆڕاوە تەنها چاوەکانت نەبێت.

ژنی یەکەم وتی:

- وەڵا وایە، دایکت لە کوێیە؟ مرد! خوا ڕەحمی لێ بکات، ئای کە لەبەردەم زەمبیلەکەیدا دادەنیشتم و لەبارەی غەیبەوە لێم دەپرسی، چپەچپی زیکرم دەکرد و ئەویش قسەی فڕێدەدا و قسەی دەکرد. بەڕەحمەت بیت جەحشە...

ئەویش بە ئاسوودەییەوە وتی:

- خوا تەمەن درێژت کات، بە یارمەتی خوا هەر تۆ هەیوانێکم پیشان دەدەیت کە چۆڵ بێت.

ژنەکە بە نیگایەکی گێلانەوە سەیری کرد و لێی پرسی:

- دوای ئەو ماوە دوورودرێژە نادیارییە چی تۆی هێنایەوە بۆ ئێرە؟

بە زمانی دانایان و وتی:

- چارەنووسی زیندوو هەر گەڕانەوەیە بۆ گەڕەك و کەسوکارەکەی خۆی...

ژنەکە ئاماژەی کرد بۆ سەرایەك لە گەڕەکی ڕەفاعە و وتی:

- لەوێ هەیوانێك هەیە، چۆڵە لەوەتەی ئەو ژنەی کە نیشتەجێی بوو بە سووتاویی مرد بەڕەحمەتی خوا بێت، لەوە ناترسیت؟

ژنێك لە پەنجەرەکەیەوە و بە پێکەنینەوە وتی:

- ئەم پیاوە عفریتەکان لێی دەترسن.

سەری هەڵبڕی و خۆی بە پێکەنین و ڕووخۆشی پیشاندا و وتی:

- ئەی گەڕەکە جوانەکەمان، خەڵکەکەت چەند ناسك و ڕووخۆشن، ئێستا دەزانم بۆچی دایکم لە کاتی مردنیدا وەسیەتی بۆ کردم کە بۆت بگەڕێمەوە...



پاشان سەیری ژنە دانیشتووەکەی کرد و وتی:

- ئەی دایکە زەبوونە ڕەحمەتییەکەم مردن هەقە و لە سەرمانە، ئەگەر بە سووتان بێ یان بە خنکان بێ، یان بەعفریت بێت، یان بەتێلا بێت، خواحافیزیی لە ژنەکان کرد و ڕووی کردە ئەو سەرایەی کە ژنەکە ئاماژەی بۆ کردبوو، بووە مایەی تەماشای زۆر کەس، پیاوێك بە گاڵتەپێکردنەوە وتی:

- دایکیمان ناسی ئەی باوکی کێ بوو؟

پیرێژنەکە وتی:

- خوا بە سترکردن فەرمانی کردووە.

سێیەم وتی:

- دەتوانێت لافی ئەوە لێبدات کە کوڕی پیاوێکە لە جەبەل یان لە ڕەفاعە یان لە قاسم، بە ئارەزووی خۆی چۆن بەرژەوەندییەکەی دەخوازێ ئاوها، ڕەحمەت لە دایکی بێت.

برادەرەکەی بە ناڕازەییەوە چرپاندی بە گوێیدا:

- بۆچی ئەمەت هێناوە بۆ ئەم گەڕەکە؟

عەرەفە هێشتا زەردەخەنە بەسەر لێویەوە بوو، وتی:

- لە هەموو شوێنێکدا ئەم قسەیە دەبیستم، بەهەرحاڵ ئەمە گەڕەکی خۆمانە، یەکەم گەڕەکیشە کە دەتوانین لێی نیشتەجێ بین، بەسە لە بازاڕەکان سەرگەردان بین و لە چۆڵەوانی و کەلاوەکاندا بخەوین، دواجار ئەم خەڵکە باشن سەرباری زمان پیسییان، گەمژەن سەرباری تێلاکانیان، لێرەدا دەتوانین بە ئاسانی ڕزقی خۆمان پەیدا بکەین، (حەنەش) ئەمەت لەبیر بێت.

حەنەش هەردوو شانە تەسکەکەی هەڵتەکاند وەك بڵێی دەڵێت:

((پەنا بە خوا)) کابرایەکی سەرخۆش ڕێگەی پێگرتن لە عەرەفەی پرسی:

- ناوت بنێین چی؟

- عەرەفە...

- نازناوت؟

- عەرەفەی کوڕی جەحشە...

ئەوانەی وەستابوون دەستیان کرد بە پێکەنین دڵیان بە گاڵتەپێکردنەکەی خۆشە، دیسان سەرخۆشەکە وتی:

- ئەو سەردەمە زۆر پرسیارمان لە خۆمان دەکرد، کاتێك دایکت سکی پڕبوو دەبێت باوکی کێ بێت؟ ئایا ڕاستی پێوتوویت؟

عەرەفە بۆئەوەی ئازارەکەی بە زۆر بە پێکەنین بشارێتەوە، وتی:

- ئەو مرد بەرلەوەی بیناسێت...

ئەو لێیدا و ڕۆیشت و ئەوانیش پێدەکەنین.

هەواڵی گەڕانەوەی لە گەڕەکەکاندا بڵاوبووەوە، بەر لەوەی هەیوانەکە وەربگرێت شاگردی قاوەخانەکەی ڕەفاعیە هات و پێی وت:

- سەرکار عەجاج شەقاوەی گەڕەکەکەمان داوات دەکات...

ڕۆی بۆ قاوەخانەکە کە دوور نەبوو لە سەراکەوە، هەر کە نزیکبووەوە یەکەمجار وێنەیەکی نەخشەکراو سەرنجی ڕاکێشا لەسەر دیواری ناوەڕاست لە سەرووی قەنەفەکەی شایەرەوە، لەژێرەوە وێنەی عەجاجە و سواری ئەسپەکەی بووەوە و لەسەریشییەوە وێنەی بەرێوەبەر قەدری بوو، بەسمێڵە بابرەکەی و عەبا ڕێکپۆشەکەی، پاشان لە سەریانەوە وێنەی تەرمەکەی ڕەفاعە بەسەر دەستی جەبەلەوەیە لە چاڵێك دەریدێنێت و دەیباتەوە بۆ ماڵەکەی. بە بایەخەوە لەو دیمەنە ڕاما، بەڵام بە خێرایی. پاشان چووە قاوەخانەکەوە و بینی عەجاج لەسەر قەنەفەیەك دانیشتووە لە ناوەڕاستی هۆڵی لای ڕاستەوە و دەست و پێوەندەکانیشی لە دەوری دانیشتوون، عەرەفە چوو بۆ لای لە حزووری ئامادە بوو، شەقاوەکە بە نیگایەکی درێژی وەرزییەوە تەماشای کرد، وەك بڵێی بە چاوەکانی دەیخەوێنێت بەرلەوەی پەلاماری بدات. عەرەفە دەستی بۆ سەری هەڵبڕی و وتی:

- سڵاوی پیرۆزی بۆ شەقاوەکان، ئەوەی پەنامان پەنایەتی و بەلایەوە بەختەوەرین.

گاڵتەجارییەکی لە چاوە بچووکەکانی دەرکەوت و وتی:

- قسەیەکی جوانە کوڕی ژنە کۆنەکە، بەڵام دراوێکە بە تەنها دانی پێدا نانێین.

عەرەفە بە زەردەخەنەوە وتی:

- دراوەکەی دیکە بەم نزیکانە دێت ئەگەر باری تەعالا بیەوێت.

- سواڵکەری زیاد لە پێویستمان هەیە.

عەرەفە بە کبریایەکی پێکەنینەوە وتی:

- سەرکار سواڵکەر نیم، بەڵام سیحربازم و ملیۆنەها دانیان بە چاکەیدا هێناوە...

دانیشتووەکان سەیری یەکدییان کرد و عەجاج چارەی گرژکرد و پرسی:



- مەبەستت چییە کوڕی ژنە شێتەکە؟

عەرەفە دەستی کردە باخاڵییەوە، پریاسکەیەکی بچووکی وردی دەرهێنا هەر بەگوێرەی قەزوانێك بوو، بە دەستەوسانییەوە پێشکەشی کرد بە سەرکار دەستی بۆ درێژکرد، سەرکاریش بە بێ بایەخەوە وەریگرت و کردییەوە، کەرەستەیەکی ڕەشی بینی. بە پرسیارەوە چاوی بۆ هەڵبڕی عەرەفەیش بە بروایەکی بێسنوورەوە وتی:

- دەنکە گەنمێکە بیکە فنجانێکی قاوەوە (عەیب نەبێ) بەر لە دوو سەعات، دواجار یان لە خولامی خۆت عەرەفە ڕازی دەبیت، یان ئەوەتا لە گەڕەکەکە دەریدەکەیت و بە نەعلەتی دەکەیت.

بۆ یەکەمجار زۆر بە بایەخەوە ملەکان درێژبوون، تەنانەت عەجاج نەیتوانی بایەخپێدانی خۆی بشارێتەوە، بەڵام بە بێ حورمەتییەکی دەستکردەوە پرسی:

- ئەمە سیحرەکەتە؟

- بخووری دەگمەنیشم هەیە، گیراوەی سەیر، داودەرمان، دوعا و نوشتە، بەڕاستی قەدر زانینم لە کاتی نەخۆشی و نەزۆکی و لاوازیی دەردەکەوێت.

عەجاج بە هەڕەشە و گوڕەشەئامێزەوە وتی:

- ئەلا...ئەلا... مژدەبێت لە سەرانەکان...

عەرەفە دڵی تەنگ بوو، بەڵام سەروچاوی زیاتر گەش بوو، وتی:

- سەرکار هەرچیم هەیە لە ئۆغرتدایە...

لەپڕێکدا شەقاوەکە پێکەنی و وتی:

- بەڵام پێت نەوتین کە باوکت کێیە؟

بێئەوەی دڵخۆشییەکەی بڕەوەێتەوە، وتی:

- وابزانم تۆ باشتر دەزانیت...

قاوەخانەکە پڕبوو لە پێکەنین توانجی گاڵتەجاریی، کە لەگەڵ هێڵی دووکەڵی بە ئاسمانچوودا یەکیان دەگرت. هەر کە عەرەفە لە قاوەخانەکە دوورکەوتەوە، بەڕقەوە بەخۆی وت:

((بەڕاستی کێ چوزانێ کێ باوکێتی، نە تۆیش عەجاج، ئاه کوڕانی سەگ)). خۆی و حەنەش بە ئاسوودەیی چاویان گێڕا بە هەیوانەکەدا، وتی:

- پانتره لەوەی کە پێشبینیم دەکرد، حەنەش زۆر شیاوە، ئەم ژوورە بۆ دیدەنییەکان لەبارە، ئەوەی ژوورەوەی ژووری نووستن، ئەوی دیکەش بۆ ئیشکردن.

حەنەش بە نیگەرانییەوە لێی پرسی:

- دەبێت ژنەکە لە کام ژوور سووتابێت؟

عەرەفە بە پێکەنینێکی بەرز پێکەنی لەناو دیوارە چۆڵەکاندا دەنگیدایەوە و وتی:

- حەنەش بۆ لە عفریت دەترسیت؟ ئێمە لەگەڵ ئەواندا مامەڵە دەکەین، وەکو چۆن جەبەل لەگەڵ مارەکاندا مامەڵەی دەکرد...

بە ئاسوودەیی سەیری دەوروپشتی خۆی کرد:

- تەنها پەنجەرەیەکمان هەیە لەم ژوورەدا دەڕوانێتە سەر ڕێگاکە. ڕێگاکە لەژێرەوە لەو پەنجەرە بەشیشی ئاسنەوە دەبینین، ئەم گۆڕستانە خەسڵەتێکی باشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ناتوانرێت دزیی لێبکرێت.

- لەوانەیە تاڵان بکرێت!

- لەوانەیە!

پاشان هەناسەیەکی هەڵکێشا:

- ئەوەی هەمە سوودی خەڵکی تێدایە، بەڵام لە ژیانمدا هەر خراپەم بەرکەوتووە...

حەنەش وتی:

- سەرکەوتن ئەو هەموو ئازارەی پێت گەیشتووە بۆت، قەرەبوو دەکاتەوە، یان ئەوەی دایکی ڕەحمەتیت دیبووی لەمەوبەر...

-٩٤-

لە کاتی دەستبەتاڵیدا حەزی لێبوو لەسەر قەنەفە کۆنەکە دانیشێ و سەیری ئەوە بکات لە پەنجەرەکەوە کە دەڕوانێتە سەر زەوی گەڕەکەکە ڕوودەدات. ناوچەوانی نابوو بە شیشەکانی پەنجەرەکەوە، زەوییەکە لە ئاستی بینینەوە دیاربوو بەو هەموو پێ و عارەبانە و سەگ و پشیلە و مۆرانە و منداڵانەی کە لەسەری بوون، بەڵام سەروچاو و سنگەکانی نەدەبینی بۆ ئەوە دەبووایە قامەتی نەوی کردبایە و سەری بەرزکاتەوە. لەبەردەم منداڵێکی ڕووت وەستا کە گەمەی بە مشکێکی تۆپیوو دەکرد، پاشان پیرەمێردێکی کوێر ڕەت بوو بە دەستی چەپی سینییەکی تەختەی هەڵگرتبوو، ناوکە پاقلە و شیرینی لەسەربوو، مێش



لێی دابوو، بە دەستی ڕاستی خۆی دابووە سەر دارێکی ئەستوورەوە. دەنگی گریان و شەپۆڕ لە پەنجەرەی هەیوانەکەوە دەهات، شەڕ لەنێوان دوو پیاو بەرپابوو تا خوێن لە سەروچاویان بەربوو. بۆ منداڵە ڕووتەکە زەردەی دەهاتێ و بەنەرمی لێی پرسی:

- ئاقڵ ناوت چییە؟

وەڵامیدایەوە:

- ئوونە...

مەبەستت حەسونەیە، حەسونە ئەم مشکە تۆپیوە دڵت پێی خۆشە؟

مشکەکەی تێگرت ئەگەر دارێك بەری نەگرتایە بەر سەروچاوی دەکەوت، منداڵەکە ڕایکرد وەکو بەلەمێك لارەلارە بکات، ئاوڕی لە حەنەش دایەوە لەبەر پێی دەخولایەوە و وتی:

- لە بستێکی ئەم گەڕەکەدا نیشانەی بوونی شەقاوەکان دەبینی، بەڵام یەك نیشانەیەك نابینی بۆ بوونی خەڵکانی وەکو جەبەل یان ڕەفاعە یان قاسم.

حەنەش بەدەم باوێشکدانەوە وتی:

- ئێمە وێنەی سەعدوڵڵا و یوسف و عەجاج و سەنتووری دەبینین، بەڵام تەنها دەربارەی وێنەی جەبەل و ڕەفاعەو قاسم دەبیستین.

- بەڵام هەبوون، وانییە؟

حەنەش بە پەنجە ئاماژەی کرد بۆ زەوی حەوشەکە و وتی:

- سەراکەمان ڕەفاعیە، هەموو دانیشتووانی ڕەفاعین. واتە پیاوانی ڕەفاعە کە ڕەبابە هەموو ئێوارەیەك تەئکید لەوە دەکات ئەو لەپێناوی خۆشەویستی و بەختەوەرییدا ژیاو مرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەموو بەیانییەك لەسەر جنێودان و شەڕەکانی ئەوان تفی خۆمان دەگۆڕین، بە ژن و پیاوەوە ئاوهان...

عەرەفە بە بێزهاتنەوە لچی هەڵقوورتاند و وتی:

- بەڵام هەبوون، وا نییە؟

حەنەش لە قسەکردن بەردەوام بوو، وتی:

- جنێودان باشترە لەوەی کە لە گەڕەکی ڕەفاعە ڕوو دەدات، بەڵام شەڕ خوا بە دووربێ لێت. هەر دوێنێ نیشتەجێیەك چاوی لەدەست دا.

عەرەفە بەتووندییەوە وەستا و وتی:

- گەڕەکێکی سەیرە، دایکە بەرەحمەت بیت، بۆ نموونە سەیری ئێمە بکە، هەموو کەسێك سوودمان لێوەردەگرێت و کەسیش ڕێزمان ناگرێت...

- ئەوان ڕێزی کەس ناگرن.

دانەکانی بردە جیڕەوە وتی:

- جگە شەقاوەکان نەبێت...

حەنەش بە پێکەنینەوە وتی:

- تەنها تۆ لەم گەڕەکەدا مامەڵە لەگەڵ هەمووانـدا دەکەیت لە جەبەلەکان و ڕەفاعەکان و قاسمییەکان...

- هەموویان بەنەعلەت بن...

قەدەرێك بێدەنگ بوو و چاوەکانی لەبەر ڕووناکیی کزی هەیوانەکە درەوشانەوە، پاشان وتی:

- هەریەکە و شانازیی بە پیاوی خۆی دەکات بە گەمژەیی و کوێرانەوە، شانازیی بە پیاوانێکەوە دەکەن کە هیچیان نەماوە تەنها ناوەکانیان نەبێت، هەوڵ نادەن هەرگیز ئەو شانازییە درۆزنانە بە هەنگاوێك تێپەڕێنین، ئەو کوڕی سەگانە ترسنۆکن.

لەیەکەم هەفتەی جێگیربوونی لە نیشتەجێکەی، یەکەم موشتەری کە چوو بۆ لای ژنێك بوو لە ڕەفاعە،... ژنەکە بە دەنگێکی نزم لێی پرسی:

- چۆن دەتوانرێت لە ژنێك ڕزگارت بێت، بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت؟

کابرا ترسی لێ نیشت و بەسەیرەوە تەماشای ژنەکەی کرد و پاشان وتی:

- خانمەکەم من بۆ ئەوە نیم، ئەگەر داودەرمانت بۆ جەستە، یان بۆ ڕوح بوێت من لە خزمەتدام...

ژنەکە بە نکوڵیکردنەوە پرسی:

- بۆ تۆ سیحرباز نیت؟

ئەویش بە ڕوونی وتی:

- هەر شتێك سوودی خەڵکی تێدا بێت، بەڵام کوشتن خەڵکی دیکەی خۆی هەیە...

لەوانەیە بترسیت!؟ بەڵام دەبینی دوو هاوبەش و نهێنییان یەکە...

بە نەرمییەکەوە وتی کە گاڵتەجاڕی لە خۆی پێچابووەوە، وتی:

- ڕەفاعە وەها نەبوو...



ژنەکە وتی:

- ڕەفاعە! بەرحمەت بێت، ئێمە لە گەڕەکێکداین ڕەحمەت تێیدا سوودی نییە، ئەگەر سوودی هەبووایە ڕەفاعە تیا نەدەچوو...

لێی گەڕا ژنەکە بێ ئومێد بێت، وەلێ پەشیمان نەبوو، چونکە ڕەفاعە -یەکەم پیاوە باشەکان بوو- بۆیە لەم گەڕەکەدا ئاسوودەیی بەخۆیەوە نەبینی، ئیدی چۆن ئاواتی ئەوە بێت کە بەتاوان کارەکەی دەست پێ بکات؟! ئەی دایکی؟ چەند دەردەسەریی بینی بێئەوەی ئازاری کەس بدات! با پەیوەندیی باشتری هەبێت لەگەڵ خەڵکدا، وەکو شایستەی هەموو بازرگانێکی زمان لووسە. ئەوەبوو سەری لە هەموو قاوەخانەکان دەدا، لە هەر قاوەخانەیەك موشتەرییەکی دەدۆزییەوە و ناسیاوی بوو. لە هەموو گەڕەکەکاندا گوێی لە ڕەبابەکان دەگرت، تا ئەوەی لەسەریدا تێکەڵ بوو و ئەو سەری پێیان کەوتە سەرگێژکە. یەکەم موشتەری کە بۆی هات لە گەڕەکی قاسم بوو. پیاوێکی بەساڵاچوو بوو بە چپەوە و بە دەم زەردەخەنەوە پێی وت:

- بیستوومانە دیارییەکت پێشکەش بە عەجاج شەقاوەکەی ڕەفاعە کردووە.

بە زەردەخەنەوە لە دەموچاوە چرچەکەی وردبووەوە. پیاوەکە وتی:

- بماندەرێ لەوەی هەتە و سەر سووڕماو مەبە، بە گیانی تۆ لە گیانەڵام.

وەکو نهێنی زەردەخەنەیان گۆڕییەوە، پیرەمێردەکە بە ئازایەتییەوە وتی:

- تۆ قاسمییت، وا نییە؟ خەڵکی گەڕەکەکەمان وات دادەنێن.

عەرەفە بە گاڵتەجاڕییەوە لێی پرسی:

- ئایا لەلای ئێوە باوکم دەناسن؟

پیاوەکە بەجدیی و بایەخەوە وتی:

- قاسم بە سەروچاویدا دیارە، بۆیە تۆ قاسمییت، ئێمە بووین گەڕەکەکەمان گەیاندە لووتکەی داپەروەریی و بەختەوەریی، بەڵام بەداخەوە گەڕەکێکی شوومە...

پاشان کابرا ئەو پێویستییەی بیرکەوتەوە کە لەپێناویدا هاتبوو، بە نەرمی وتی:

- بە یارمەتیت دیارییەکە...

کابرا ڕۆیشت و پریاسکەکەی لە چاوە شەوکوێرەکەی نزیککردەوە.

گوڕی چالاکی و هیوا کەوتە ڕێوڕۆیشتنە داهێزراوەکەیەوە. دوا کەس کە سەردانی کرد چاوەڕوان نەکراوبوو. لە ژووری پێشوازییەکە دانیشتبوو لەسەر سەکۆکەی لەبەردەم

هەڵمدەرەکە و دووکەڵێکی تەنکی ئەفسووناویی دەردەهێنا، کاتێ حەنەش هاتە ژوورەوە بۆ لای یونسی پیرەمێرد وتی:

- مام یونس دەرگاوانی جەنابی بەڕێوەبەر...

عەرەفە ڕاپەڕییە سەرپێ و بە بەخێرهێنانەوە دەستی بۆ درێژکرد و وتی:

- بەخێربێیت... بەخێربێیت، پێغەمبەر سەردانی کردووین. گەورەم فەرموو.

لە هاوشانی یەك دانیشتن و دەرگەوانەکە بەڕاشکاوییە ئاساییەکەیەوە وتی:

- خانم، نەزیرە خانم خێزانی بەڕێوەبەر خەونی خراپ دەبینێت تەنانەت خەویشی کەم بووە.

بایەخدان لە چاوی عەرەفە دەرکەوت و دڵی بە هیواو خواستەوە کەوتە لێدان، بەڵام بە سادەیی وتی:

- حاڵەتێکی ڕاگوزارییەوە و بەسەلامەتی بەسەردەچێت.

-بەڵام خانم بێزارە و منی بۆ لات نارد تا شتێکی گونجاوی بۆ بدۆزیتەوە...

عەرەفە هەستی بە بەختیاری و سەروەریی کرد، کە بەدرێژایی ژیانی ئاوارەیی نەیدیبوو و لە سایەی دایکە کۆچکردووەکەیدا ئاشنای ببوو، وتی:

- باشتر وایە خۆم لەگەڵیدا قسە بکەم...

دەرگەوانەکە بە توندیی وتی:

- مەحاڵە، نایەت بۆ لات ناشچیت بۆ لای...

عەرەف بێ ئومێدیی بەسەریدا زاڵ بوو، توند بوو لە بەرگریکردن لە هەڵە ئاڵتوونییەکەی و وتی:

- پێویستم بە دەسەسرێکێتی یان چمکی شتێکی...

دەرگاوانەکە سەرە بە عەمامەکەی نەویکرد و هەڵسا بڕوات، هەر کە گەیشتە بەردەرگای هەیوانەکە دەرگاوانەکە خاویکردەوە، پاشان بەسەر گوێی عەرەفەدا چەمایەوە بە چرپەوە وتی:

- لەبارەی ئەو دیارییەوە بیستمان بە عەجاجی شەقاوەی ڕەفاعەت داوە!

هەر کە دەرگاوانەکە دیارییەکەی برد، عەرەفە و حەنەش زۆر پێکەنین و ئەوی دوایش پرسیاری کرد:

- دیارییەکەی دەبێت بۆ کێ بردبێت؟ بۆ خۆی یان بۆ بەڕێوەبەر یان بۆ خانم؟



عەرەفە بە گاڵتەجارییەوە وتی:

- ئەی گەڕەکی دیاری و تێلاکان...

بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشت تا لە شەودا تەماشای گەڕەکەکە بکات، دیوارەکەی بەرامبەری بینی بە تریفەی مانگەشەو دەدرەوشایەوە، زیکەزیکی سیسرکەکان بەرزبووەوە و دەنگی شایەریش لە گەڕەکەکەوە دەیوت:

((ئەدهەم پرسیاری کرد)).

- کەی دان بەوەدا دەنێیت کە هیچ پەیوەندییەکمان نییە؟

ئیدریس وتی:

- ئاسمان ڕەحمان پێ بکات، ئەی تۆ برای من نیت؟ ئەم پەیوەندییە ناکرێت بترازێت...

- ئیدریس، بەسە ئەوەی پێت کردووم.

- خەم ناشرینە، بەڵام هەردووکمان پێکراوین تۆ (هەمام) و (قەدری)ت لەدەست چوو، منیش (هند)...

جەبەلاوی مەزنیش سۆزانییەك و پیاوکوژێك بووە نەوەی...

ئەدهەم دەنگی بەرزبووەوە و هاڕەی دەهات:

- ئەگەر سزات نەدرێت لەپای ڕەفتارەکەت دەبێت بڵێین خوا ڕەحم لە دنیا بکات...

عەرەفە بە وەڕزییەوە لە پەنجەرەکە وەرگەڕا. کەی گەڕەکەکەمان واز لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی دەهێنێت؟ کەی دنیاش خوای لێ خۆش دەبێت؟ ڕۆژێکیان دایکم ئەو قسەیەی کرد:

((ئەگەر سزات پاداشتی ڕەفتار نەبێت، کەواتە دنیا خودای لێخۆشبێت)). دایکە بەدبەختەکەم نیشتەجێی چۆڵەوانییەکە بوو، بەڵام چ سوودێکی بینی لە چیرۆکەکانی گەڕەکەکە؟

## -٩٥-

عەرەفە و حەنەش لە ژوورەکەی پشتەوە لەبەر ڕووناکی چرایەکی گازی کە لەسەر دیوارەکە هەڵواسرابوو بە چووستی کاریان دەکرد، ژوورەکە بۆ ژیانی ئاسایی دەستی نەدەدا لەبەر تەڕەشوع و تاریکی، شوێنەکەشی دەکەوتە کۆتایی هەیوانەکە، بۆیە عەرەفە کردبوویە بارەگای ئیشەکەی. لەسەر زەوییەکەی و سووچەکانی کۆمەڵە کاغەزی دوعا و

خۆڵ و گەچ و ڕووەك و بەهارات دیاربوون، هەروەها ئاژەڵ و مۆرانەی وشکەوەبوو وەکو مشك و بۆق و دووپشك و کۆمەڵە پارچەشووشە و بتڵ و ئاو لەناو تەنەکە و شلەی سەیر کە بۆنی کەسکونیان هەبوو، هەروەها خەڵوز و کانوون، دیوارەکان ڕەفەیان پێوەبوو، جۆرەها دەفر و ئامان و جاخیان لەسەر بوون، عەرەفە خەریکی تێکەڵکردنی هەندێ کەرەسە و شێلانیان لە دەورییەکی گۆزەی گەورەدا، ئارەق لە ناوچەوانی دەتکا و بە قوولی دیشداشەکەی جارناجارێك وشك دەکردەوە، حەنەش لە نزیك ڕاوەستابوو، بە بایەخەوە چاودێریی دەکرد، ئامادە بوو بۆ هەر ئیشارەتێك لەوەوە دەرچووبایە، وەکو بلێی دەیویست دڵی بداتەوە یان دڵی خۆشی بکات وتی:

- ئەم ماندووییە بەشێکی گەورەترین کرێکار لەم گەڕەکە بەدبەختەدا ئەنجامی نادات. لەپێناوی چ سزایەك تەقەللا دەدات؟ چەند فلس و قرووشێك بۆ خێری قەرزەکان.

عەرەفە بە ئاسوودەییەوە وتی:

- دایکم ڕەحمەتی لێ بێت، کەس وەکو من چاکەی ئەو نازانێت، ئەمرۆیش بەو سیحربازە سەری سپاردم، هەرچی بە مێشکیدا بێت، بۆت دەخوێنێتەوە، ژیانم بە تەواوەتی گۆڕاوە، ئەگەر ئەو نەبووایە ئێستا دز و سواڵکەر بووم.

حەنەش لەسەر داوای لێبووردنەکەی خۆی سووربوو، وتی:

- چەند فلسێك...

- پارە بە سەبرەوە زۆر دەبێت، لەوە بێ ئومێد مەبە. شەقاوەیەتی تاکە ڕێگا نییە بۆ سامان، ئەو پایە بەرزەشت لەبیر نەچێت کە هەمە، ئەوەی کە بێت بۆ لام، زۆر پێم پشتئەستوورە و بەختەوەریی خۆی دەخاتە نێو دەستمەوە. ئەمەیش شتێکی کەم نییە، لەزەتی خودی سیحریشت لەبیر نەچێت، لەزەتی دەرهێنانی کەرەستەیەکی بەسوود لە کەرەستە پیسەکان، لەزەتی شیفا لەوەدایە کە بە فەرمانت دەکا، لێرەدا هێزی نادیار هەیە کە بە پەرۆشییەوە بۆ پەیوەندیکردن پێوەی و بەپێی توانا و خاوەنداریێتی بکات. حەنەش سەیری کانوونەکەی کرد لەپڕێکا لە تەوژمی برادەرەکەی دابڕا و وتی:

- باشتر وایە لە دالانەکە کانوونەکە هەڵکەم و ئەگینا دەخنکێین.

- لە جەهەننەم هەڵێکە، بەڵام لەبیرکردنەوەکانم دەرمەهێنە، ئەو دەبەنگانە کێن کە لەم گەڕەکەدا خۆیان بەسەرکار دەزانن، هەست بە مەترسی ئەو شتانە ناکەن کە لەم ژوورە تاریکە چەپەڵ و بە بۆن و بەرامی سیر دروست دەکرێن، هەستیان بە سوودی



((دیارییەکە)) کرد، بەڵام دیارییەکە هەموو شتێك نییە، سەیروسەمەرەیەك کە خەیاڵ دەوری نەداون، کە لەوانەیە لەم ژوورە بچێتە دەرەوە، شێتەکان نرخی ڕاستەقینەی عەرەفە نازانن، لەوانەیە ڕۆژێك بێت بیزانن، ئەوسا دەبێت ڕەحمەت بۆ دایکم بنێرن، نەك وەك چۆنیان دەوێ بەدناوی بکەن...

حەنەش نیوە هەڵسانێك هەڵسا و گەڕایەوە چوارمشقی دانیشت و بە وەڕزییەوە وتی:

- ئەم هەموو جوانییە تێلای شەقاوەیەکی ئەحمەق دەیڕۆخێنێت.

عەرەفە بە توندیی وتی:

- ئێمە ئازاری کەس نادەین، خاوەیش دەدەین، ئیدی چۆن تووشی ئەزیەت دەبین هەی کوڕی گلگل؟

حەنەش پێکەنی و وتی:

- ئەی ڕەفاعە تاوانی چی بوو.

بە نیگایەکی تووڕەوە تەماشای کرد و وتی:

- بۆچی بەم بیرکردنەوانە دڵمان تێك دەدەیت؟

- تۆ هیوای ئەوەتە دەوڵەمەند بیت و لێرەشدا کەس دەوڵەمەند نابێت جگە شەقاوەکان نەبێت و بە هیوای کە بەهێز بیت و لێرەش ڕێگە نادرێت بە هێز جگە لە شەقاوەکان نەبێت، برا ئیدی حیسابی خۆت بکە...

عەرەفە بێدەنگ بوو تا دڵنیا بێت لە باش مەزندەکردن و تێکەڵکردنی کەرەستەکان، پاشان سەیری حەنەشی کرد، بینی هێشتا سەروچاوی وێنەی ئاگاداری کردنەکەی پێوە ماوە و پێکەنی و وتی:

- دایکم بەر لە تۆ ئاگاداری کردوومەتەوە، سوپاس حەنەش کوڕی گلگل، بەڵام گەڕامەوە بۆ گەڕەکەکە و پلانێك لەسەرم دابوو.

- دیارە تەنها سیحرت بە لاوە گرنگە...

عەرەفە بە قۆشمەییەکی بەتامەوە وتی:

- بەڕاستی سیحر شتێکی سەیرە، سنوور نییە بۆ هێزەکەی، کەسیش نازانێت لەکوێدا دەوەستێت، وادیارە هەمان تێلاکانە کێ هەیبێ یاریی مندالانە، حەنەش فێربە و گەمژە مەبە، سەیرکە ئەگەر هەموو مندالانی گەڕەك سیحرباز بوونایە؟

ئەگەر هەموویان سیحرباز بوونایە لەبرساندا دەمردن، عەرەفە پێکەنینێك پێکەنی کە دانە تیژەکانی ئاشکرا کرد و وتی:

- حەنەش گەمژە مەبە و لە خۆت بپرسە دەبوو چیتان بکردبایە، وەڵا شتی عەجایەب لە گەڕەکەکەمان دەردەچوو بە قەد زۆریی جنێو و قسەی ناشیرین...

- بەڵێ، بەمەرجێك بەرلەوە لەبرساندا نەمرن...

- بەڵام، نامرن مادامێکی...

بەڵام بێدەنگ بوو بەر لەوەی قسەکەی تەواو کات، دەستیکرد بە بیرکردنەوە بە بایەخەوە تا دەستەکانی لە ئیشکردن وەستان، پاشان گەڕایەوە و وتی:

- شایەرەکەی خێڵی قاسم دەڵێت کە قاسم ویستوویەتی وەقفەکە قۆرخ بکات تا هەموو پێویستییەکانی خۆی دەبینێتەوە و واز لە ئیشکردن دەهێنێت و خۆی تەرخان دەکات بۆ ئەو بەختەوەرییە دەوڵەمەندەی کە ئەدهەم خەونی پێوەدیوە.

- ئەوە قسەی قاسمە!

وتی و چاوەکانی بە توندیی دەبریسکانەوە:

- بەڵام دەوڵەمەندیی دوا ئامانج نییە! تەماشاکە کە تەمەن لە بۆشایی و دەوڵەمەندیدا بەسەر بچێت، خەونێکی جوانە، بەڵام حەنەش پێکەنیناویشە، بەڕاستی جوانتر ئەوەیە واز لە ئیشکردن بهێنین و شتی سەیر دروست بکەین.

حەنەش سەرە گەورەکەی ڕاوەشاند کە دیاربوو لە جەستەی چەقیبوو بە بێ مل بوو، نارازیی بوو بەرامبەر بە قسەیەکی بێ واتا، پاشان بە زارێکی ئیشی جدییانە گەڕایەوە و وتی:

- لێم گەڕێ کانوونەکە لەژێر ڕووناکییەکەدا هەڵکەم.

- بیکە، خۆت بخەرە سەر ئاگرەکەی، تەنها شایەنی سووتانی.

عەرەفە دوای سەعاتێك لە ژووری ئیشکردنەکە چووە دەرەوە و ڕۆیشت بۆ لای قەنەفەکە و دانیشت و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەکرد. دوای بێدەنگییەك غەڵبەغەڵبی ژیان پەلاماری گوێیەکانی دا. تێیدا هاواری فرۆشیار و دەمەتەقێی ژنان و نوکتەی بە هاوار و هەڵبژاردەیەك لە جنێوەکان، لەگەڵ تەوژمی هاتوچۆکەران کە بڕانەوەیان نەبوو، سەرنجی دا لە دیوارەکەی بەرامبەری پەنجەرەکەی شتێکی نوێ جێگای گرتەوە، قاوەخانەیەکی دەستگێڕ کە لە قەفەزێکی داپۆشراو بە چەرچەفێکی کۆن داپۆشرابوو، لەسەری قووتووی



چایی و قاوە و دارسین و کوانوویەك و گومگومە و فنجان و کەوچك ڕیز کرابوون، پیرەمێردێك لەسەر زەوییەکە دانیشتبوو، کوانووەکەی باوەشێن دەکرد بۆئەوەی ئاوەکە گەرمبێت، لە پڕێکدا کیژێك لە بەهاری تەمەندا لەپشتی قەفەزەکەوە وەستا و بە دەنگێکی گەرم بانگی دەکرد: ((قاوەی میزاج کوڕینە)). قاوەخانەکە دەکەوتە نێوان یەکگرتنەوەی قاسمیە و ڕەفاعیە و دەرکەوت زۆربەی موشتەرییەکانی خاوەن عەرەبانە دەستییەکان و دەستکورتەکان بوون، وای کرد کە عەرەفە بەدرێژیی لەنێوان شیشەکانەوە تەماشای کچە بکات، ئەم سەروچاوە ڕەشئەسمەرە بە سەرپۆشێکی ڕەش داپۆشرابوو، چەند جوان بوو، ئەو دیشداشە قاوەییە تۆخە کە ئاودامان لە گەردنەوە تا هەردوو پێی داپیۆشی بوو، چمکێکی لەسەر زەوییەکە دەخشا، ئەگەر داواکاریی ببردایە یان بە کە پیاڵەی بەتاڵەوە گەڕابایەوە، ئەم دیشداشەیە حیشمەت و ئەدەبە، ئەو بەژنە بەلەباریکە و دوو چاوی کاڵ چەند جوان بوون ئەگەر ئەو سوورهەڵگەڕانەی پێڵوی چاوی ڕاستی نەبووایە لەبەر تەراخوما بوو یان پیسی بوو لەسەری... کچی پیرەمێردەکە بوو، وەکو هەردوو سەروچاوەکە شایەتی ئەوە دەدەن، دیاربوو لە تەمەنێکی درەنگ ئەو کچەی ببوو، وەکو ئەوەی کە زۆر لە گەڕەکەکەماندا ڕوودەدات. بەبێ دوو دڵی بانگی لە کیژەکە کرد:

- کیژەکە، تو گیانی خۆت فنجانێکی چای بێنە.

چاوی پێکەوت خێرا پیاڵەیەکی لە قۆرییەکەی نیوە نقوومبووەکەی ناو خۆڵەمێشەکە تیاکرد، لە ڕێگاوە بردی بۆی و ئەویش لێی وەرگرت و بە زەردەخەنەوە وتی:

- دەست خۆش، نرخی چەندە؟

- نکلەیەك...

- گرانە، بەڵام بۆ تۆ گران نییە...

کیژەکە بە نارەزاییەوە وتی:

لە قاوەخانە گەورەکە بە تەعریفەیەکەیە، هیچێکی لەوەی دەستت جیاوازتر نییە.

بێ ئەوەی چاوەڕی قسە بکات ڕۆیشت، ئەویش بەر لەوەی ساردبیتەوە فڕی کرد بێ ئەوەی چاو لە کیژەکە لاکەل بکات. چەند بەختەوەرییە ئەگەر کیژێکی وەها گەنجی هەبێت! هیچ عەیبێکی نییە، تەنها چاوە سوورەکەی نەبێت ئەوەیش بە ئاسانی تیمار دەکرێت، بەڵام مەسەلەکە پێویستی بە بڕێك پارە هەیە و هێشتا لەدەستدا نییە، ئۆدەکەیش ئامادەیە و

حەنەش با لە دالانەکە بحەوێت یان لە ژووری پێشوازیی ئەگەر ویستی بەمەرجێك هەموو جارێك لە مێشوولە پاکی بکاتەوە.

بە ژاوەژاوێکی سەیر وریابووەوە، بینی خەڵکی لە خوارەوە سەیری سەرەوەی گەڕەك دەکەن و هەندێکیان وتی: ((سەنتووری... سەنتووری)) بە قەدەر ئەوەی شیشەکان ڕێی پێ بدەن بۆ تەماشاکردن خۆی لارکردەوە، بینی شەقاوەیەك هات و هەندێ دەستوپێوەند لەدەورین، هەر کە بە چایخانە دەستگێڕەکەدا ڕەت بوو، چاوی کەوت بە کیژەکە و لە یەکێك لە پیاوەکانی پرسی:

- ئەو کیژە کێیە؟

- عەواتف کیژی مام شەکرونە...

پیاوەکە بە ئاسوودەیی یاریی بە برۆکانی کرد و بەرەو گەڕەکەکەی ملی نا، عەرەفە هەستی بە دڵتەنگی و نیگەرانی کرد، پیاڵەکەی بۆ کیژە بەرزکردەوە، ئەویش سووك هات و لێی وەرگرت و نکڵەکەی لە دەستی وەرگرت، ئەو دەمە لە کیژەکەی پرسی و ئاماژەی کرد بە چەناگەی بۆ ئەو ئاقارەی کە سەنتووری بۆی چوو:

- هیچ دڵتەنگی نەکردیت؟

بە پێکەنینەوە وتی کاتێ وەرچەرخا بۆئەوەی بڕوات:

- لە کاتی پێویستدا هانات بۆ دەبەم، ئایا یارمەتی دەدەیت؟ گاڵتەپێکردنەکەی کیژەکەی پێ ناخۆش بوو، گاڵتەپێکردنێکی خەمبار نەك بە تەحەداوە، بۆیە دڵتەنگییەکەی زیادی کرد. لێرەدا گوێی لە دەنگی حەنەش بوو بانگی کرد و ئەویش لە ژوورەکە ڕاپەڕی و چووە ژوورەوە...

-٩٦-

لەگەڵ ڕۆژگاردا موشتەرییەکانی عەرەفە زیادیان کرد، بەڵام دڵی بە هیچ موشتەرییەك خۆش نەبوو، وەکو ئەوەی کە دڵی بە (عەواتف) خۆش بوو ئەو ڕۆژەی کە بینی و هات بۆ ژووری پێشوازییەکە، ئەوەی لەبیرچوو کە هەیبەتی سەرکار دەپۆشێت لەبەردەم موشتەرییەکانیدا، هەڵسا و بەخێرهاتنی کرد، پاشان لەسەر سەکۆکەی خۆی دایینیشاند و لە بەرامبەری چوارمشقی دانیشت، لە خۆشییاندا دنیا نەیدەگرتە خۆی، بە



نیگایەکی گشتگیری سڵاوی لێکرد، وەلێ دەستبەجێ لەسەر چاوی چەپی کیژەکە وەستا کە خەریك بوو لە دیوی هەڵاوساوییەکە ون دەبوو، بە نارەزاییەوە وتی:

- کیژێ تۆ ئەوەت پشتگوێخستووە، یەکەم ڕۆژ کە تۆم بینی سووببووەوە.

وەکو داوای لێبووردنێك کیژەکە وتی:

- تەنها بە ئاوی گەرم دەمشۆری، کەسێکی سەرقاڵی وەکو من لەبیری دەچێت.

- نابێت تەندروستی خۆتت لە بیربچێت و بەتایبەتی ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندیی بە ئەندامێکی ئازیزتەوە هەبوو وەکو چاوە جوانەکەت...

زەردەی هاتێ لەژێر کارتێکردنی ئەو مەدحکردنە، لەو کاتەدا دەستی برد بۆ ڕەفێکی پشتییەوە بۆئەوەی گۆزەیەك بێنێت، پاشان پێچراوێکی بچووکی لێدەرهێنا و ئاماژەی بۆ کرد وتی:

- ئەمە بکە دەستەسرێکەوە بیخەرە سەر هەڵمی ئاوی کوڵاو، پاشان هەموو شەوێك بیخەرە سەرچاوت تا وەکو ئەو چاوەکەتی لێدێتەوە.

کیژەکە پێچراوەکەی وەرگرت و کیسەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و بە چاوی ڕاستی لێی پرسی کە پارەکەی چەندە، ئەویش پێکەنی:

- لەوە گەڕێ ئێمە دراوسێین و دۆستایەتی لەنێوانماندا هەیە.

- بەڵام پارەی ئەوەی دەیخۆیتەوە دەیدەیت.

وەکو ڕاکردن لێی وتی:

- لەڕاستیدا من پارە دەدەم بە باوکت، ئەو پیاوە ئاغرە، چەند حەز دەکەم بیناسم، زۆر دڵگران بوو کە بەم تەمەنەوە ناچار بووە ئیش بکات.

کیژەکە بە لە خۆباییەوە وتی:

- بەڵام تەندروستی باشە، ئەو نایەوێت لە ماڵەوە دانیشێت، گەرچی تەمەندرێژی مایەی خەمێتی لە ژیانیدا، چونکە ئەو یەکێکە لەوانەی کە ڕووداوەکانی سەردەمی قاسمی دیوە.

بایەخدان لە سەروچاوی عەرەفەدا دەرکەوت و لێی پرسی:

- بە ڕاستتە! ئەو لە لایەنگرانی ئەو بوو؟

- نەخێر، بەڵام لە ڕۆژانی ئەودا تامی بەختەوەریی کردووە و هێشتا حەسرەتی بۆ هەڵدەکێشێت.

- دەمەوێت بیناسم و گوێی لێبگرم.

کیژەکە دەستپێشخەریی کرد و وتی:

- ڕایمەکێشە بۆ قسەکردن، من دەمەوێت بۆ هەتا هەتایە لەبیری بچێتەوە لەبەر سەلامەتیی خۆی. جارێکیان لە مەیخانە لەگەڵ هەندێ برادەری خۆی دەیخواردەوە، هەر کە سەرخۆش بوو لە ناویاندا وەستا بە دەنگی بەرز وتبووی، دەبێت ژیان بگەڕێتەوە سەردەمی قاسم، هەر کە گەڕایەوە بۆ گەڕەکەکەمان و تا تووشی سەنتووری بوو، بەلێدان تێی بەربوو، وازی لێ نەهێنا تا لە هۆش خۆی چوو.

عەرەفە بە بێزارییەکی زۆرەوە بیریکردەوە و پاشان بە زۆرزانی سەرنجی عەواتفی دا و وتی:

- کەس ئەمانی نییە لەگەڵ بوونی ئەم شەقاوانەدا.

کیژەکە بە نیگایەکی کتوپڕ سەیری کرد و وەکو بڵێی دەپرسێ چی لەدوای ئەو مەبەستە دیارەیەوە هەیە و وتی:

- ڕاستەکەی هیچ ئەمانێك نییە لەگەڵ ئەمانەدا.

چاوەڕێ بوو لێوەکانی خۆی گەست وەکو دوودڵێك، پاشان وتی:

- بینیم کە سەنتووری زۆر بە چەپەڵی تەماشای تۆی دەکرد. بە سەردانەواندن بزەکەی شاردەوە و وتی:

- خوا بیباتەوە.

بەڵام عەرەفە بە گومانەوە پرسی:

- ئایا کیژان بەوە دڵخۆش نابن کە شەقاوەیەکی وەکو ئەو پێیان موعجیب بێت؟

- ئەو مێردی چوار ژنە.

دڵی لە ناخیدا نقووم بوو، پرسی:

- کەواتە کاتی زۆری بەدەستەوەیە؟

کیژەکە بە توندیی وتی:

- لەو کاتەوە دەستدرێژیی کردە سەر باوکم ڕقم لێی دەبێتەوە، ئاوها هەموو شەقاوەکان بێ دڵن، خاوە وەردەگرن و وەکو بڵێی لەبەر گەورەییان ئەوەیان دەدەنێ...

بە ئاسوودەیی بووژایەوە و بە حەماسەوە وتی:



- دەستخۆش عەواتف! قاسمیش چاکی کرد ئەو ڕۆژەی کە لەناوی بردن، بەڵام وەکو هەندێ دوومەڵی نادیار دێنەوە. بۆیە باوکم حەسرەت بۆ ڕۆژانی قاسم هەڵدەکێشێت.

بە بێ بایەخدانێکی کتوپڕەوە سەرێکی لەقاند و وتی:

- هەشن حەسرەت بۆ ڕۆژانی جەبەل و ڕەفاعە هەڵدەکێشن، بەڵام ڕابردوو ناگەڕێتەوە.

بە بێزارییەکی جوانەوە وتی:

- بۆیە ئەوە دەڵێی، چونکە وەکو باوکم قاسمت نەبینیبوو.

- ئایا تۆ دیوتە؟

- باوکم پێی وتم...

- منیش دایکم پێی وتم، بەڵام ئەمە سوودی چییە؟ ئەوە لە شەقاوەکان ڕزگارمان ناکات، دایکم خۆی قوربانیی دەستی ئەوان بوو، ئەوەتا دوای مردنیشی سووکایەتی پێدەکەن.

- بەڕاستی؟!

بە سەروچاوێکی مۆنەوە وتی، وەکو بڵێی ئاوێکی ڕوون بوو لەپڕ بە تێکدانی خڵتەکەی لیڵ بوو:

- بۆ عەواتف لێت دەترسم، شەقاوەکان هەڕەشە لە ڕزق و نامووس و خۆشەویستی و ئاشتی دەکەن، بەڕاشکاویی پێت دەڵێم لەو کاتەوە ئەو دڕندەیەم دیوە کە سەیری دەکردی دەبێت لەناو ببرێت...

عەواتف بە بایەخەوە وتی:

- دەڵێن ئەوە لە وەسێتنامەکەی باپیرەماندایە، کە خاوەن وەقفەکەیە.

- کوا باپیرەمان؟

بە سادەیی وتی:

- لە خانووە گەورەکەدایە...

بە هێمنی و سەروچاوێکەوە کە خۆشی پێوە دیار نەبوو وتی:

- بەڵێ، باوکت دەربارەی قاسم قسەدەکات، قاسم دەربارەی باپیرەمان قسەی کردووە، ئاوها گوێمان لێدەبێت، بەڵام هیچ نابینین جگە قەدری و سەعدوڵڵا و عەجاج و سەنتووری و یوسف نەبێت، ئێمەش پێویستیمان بە هێزە بۆئەوەی لە ئەشکەنجە ڕزگارمان کات. بیرەوەریی چ سوودێکی هەیە...

به ئاگاهاتەوە لەرێڕەوی قسەکە کە خەریك بوو ئەو دیدارە تێکبدات، لەپڕییەوە گەڕایەوە بۆ منداڵی و وتی:

- گەڕەکەکە پێویستی بە هێز هەیە، وەکو من کە پێویستم پێی هەیە.

کیژەکە بە نیگایەکی ناڕەزاییەوە سەیری کرد و بە جورئەتەوە بزەی بۆ کرد و بەلایەوە لە چاوەکانیدا نامۆ نەبوو بە جدییەوە وتی بۆئەوەی خۆی لە تووڕەییە ئامادەکەی بپارێزێت، کە لە هەردوو برۆکانی کیژەکەدا دیاربوو:

- کیژێکی گەنجی چاك و چالاك و جوان، لە گەرمەی ئیشکردندا لەبیری دەچێتەوە تا چاوی دەئاوسێت. پاشان دێت بۆ لام و پێیوایە کە پێویستی بە منە و ڕاستی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە من پێویستم بەو هەیە.

بەتەمای هەڵسان بوو، وتی:

- کاتی ئەوە هاتووە بڕۆم...

- بە یارمەتیت بەبێ تووڕەبوون، لەبیرت نەچێت کە من هیچ شتێکی تازەم نەوتووە، بێگومان تۆ بەدڵبوونی منت بینی دەربارەی تۆ لە ڕۆژانی ڕابردوودا، چونکە نیگاکانم لەنێوان پەنجەرەکەم و قاوەخانەکەدا دێت و دەچن، کە ڕەبەنێکی وەکو من ناتوانێت هەتا هەتایە بە تەنیا بژیت، ماڵەکەی پڕیەتی لەئیش و پێویستی بە سەرپەرشتی هەیە، زیاترە لە پێویستییەکانی. دەبێت مرۆڤێك لەوەدا هاوبەشی بکات.

کیژەکە ژوورەکەی بەجێهێشت و لە کۆتایی دالانەکە وەستا بۆئەوەی بەڕێی بخات، وەکو بڵێی کیژەکە ڕازی نەبوو کە بە بێ سلاوکردن بڕوات، بۆیە وتی:

- بمێنە بەخێر.

لە شوێنەکەی خۆیدا مایەوە و بە دەنگێکی چپەوە مزەمزێکی لێوەهات:

گۆنا خڕەکەت ئەی مانگی تابانم.

بادەکەمی لێ پڕ کەم هەر زوو.

تۆ جوانترین خەڵکی لە چاوی مندا.

پاشان بە گورجوگۆڵی بەرەو ژووری کارەکە ڕۆیی، حەنەشی بینی خەریکی ئەرکی خۆیەتی، لێی پرسی:

- چیت هەیە؟

شووشەیەکی خستە بەردەمی و وتی:



- پڕە و بە چاکی سەری داخراوە، بەڵام پێویست دەکات لە چۆڵەوانییەکە تاقی بکرێتەوە...

عەرەفە لێی وەرگرت و قەپاغەکەی تاقیکردەوە و پاشان وتی:

- بەڵێ، بەڵێ لە چۆڵەوانییەکە، ئەگینا مەسەلەکەمان ئاشکرا دەبێت.

حەنەش بە نیگەرانییەوە وتی:

- ڕزق دەستی بە هاتن کرد و ژیان دەخنێتەوە، زیادەڕۆیی مەکە لەو بەختەوەرییەی کە خوا پێی داوین.

حەنەش خەریك بوو دڵی بە ژیان تەنگ دەبوو وەکو لە چاوانیدا دیاربوو، عەرەفە لەو بیرکردنەوەیە بزەی هاتێ و زۆر تەماشای حەنەشی کرد و پاشان وتی:

- دایکیشت وەکو دایکم وابوو.

- بەڵێ، بەڵام تکات لێدەکەم بیر لە تۆڵە مەکەرەوە...

- ڕات وا نەبوو وەکو ئێستا دەریدەخەیت!

- دەکوژرێین بەرلەوەی تۆڵەبکەینەوە...

عەرەف بە پێکەنینەوە وتی:

- لێت ناشارمەوە من وازم هێناوە لە بیرکردنەوە لە تۆڵەسەندنەوە هەر دەمێکە...

حەنەش سەروچاوی گەشایەوە و وتی:

- بتڵەکە بێنە با بەتاڵیکەینەوە...

بەڵام عەرەفە توند دەستی گوشی لەسەر بوتڵەکە و وتی:

- بگرە تاقیدەکەینەوە تا دەگەیتە کەماڵ...

حەنەش بە وەڕزیی و ناڕەزاییەوە چارەی گرژ کرد وەکو گاڵتەکردن پێی، عەرەفە وتی:

- حەنەش ئەوەی کە دەیڵێم مەبەستمە، بڕوات هەبێت پەشیمان بوومەوە لە تۆڵەسەندنەوە، نەك لەبەر پاڕانەوەکانی دایکمان بگرە قەناعەتم بە پێویستی لەناوبردنی شەقاوەکان بێ گوێدانە تۆڵەسەندنەوە...

حەنەش بە توندیی وتی:

- بەهۆی خۆشەویستیت بۆ ئەو کیژە...

عەرەفە پێکەنی تا گەرووی دەرکەوت و وتی:

- خۆشەویستی کیژ، خۆشەویستی ژیان، چۆن ناوی دەنێیت ناوی بنێ... قاسم لەسەر هەق بوو...

- تۆ چیت داوە لە قاسم! قاسم ئارەزووی باپیرەی بەجێدەهێنا.

دەمی دا بەیەکەوە و وتی:

- کێ چووزانێ؟! گەڕەکەکەمان چیرۆك دەگێڕێتەوە، بەڵام ئێمە بێگومان لەم ژوورەدا کاری یەکلاییکەرەوە دەکەین و کوا ئەمان لە ژیانماندا؟ سبەینێ عەجاج دێت بۆئەوەی رزقەکەمان تالآن بکات، ئەگەر دەستی مارەکردنی عەواتف درێژکەم تێلاکەی سەنتووری رێگام لێدەگرێت، ئەمە حاڵی هەموو پیاوێکە لە گەڕەکەکەماندا تەنانەت سواڵکەریش، ئەوەی من تێکدەدات ئەوەیە کە گەڕەکەکەمان تێکدەدات، ئەوەی ئەمانم دەداتێ ئەوەیە کە ئەمانی دەداتێ، لە راستیدا من نە شەقاوەم و نە پیاوێکم لە پیاوانی جەبەلاوی، بەڵام شتی سەیرم هەیە لەم ژوورەدا، هێزێکە دەیەکی جەبەل و رەفاعە و قاسم پێکەوە دەهەژێنێت...

بوتڵەکەی بەرزکردەوە بە دەستی شێوەی خۆئامادەکردنی وەرگرت بۆ فرێدانی، پاشان گەڕانییەوە بۆ حەنەش و وتی:

- ئەمشەو لە چیاکە تاقیدەکەینەوە. رووت گەش و حەماست ئامادە بکە.

ژووری ئیشکردنەکەی بەجێهێشت و چوو بۆ لای پەنجەرەکە و لەسەر قەنەفەکە چوارمشقی دانیشت و چاوی برییە چایخانە دەستگێڕەکە، بەرە بەرە شەو دادەهات، دەنگی کیژەکە بەرزبووەوە، بانگی قاوە و چای دەکرد.

خۆی دوورگرت لەوەی کە سەیری پەنجەرەکەی ئەو بکات، خۆ دوورگرتنەکەی نیشانەی مەترسییەك بوو کە لە مێشکیدا بوو، دەمی بە بزەیەك گەشایەوە وەکو ئەو ئەستێرەیە و عەرەفەیش بزەی هاتێ، هەموو قەوارەی بزەی دەهاتێ، دڵی پڕ بوو لە رەزامەندیی تا سوێندی خوارد کە هەموو بەیانییەك قژەکەی دابهێنێت. لە جەمالیەوە دەنگەدەنگی خەڵکێك دەهات کە دزێکیان راودەنا، پاشان لە قاوەخانەکە دەنگی رەبابە بەرزبووەوە و دەنگی شایەرەکە دەهات و شەوەکەی بەوە دەست پێکرد:

| | |
|---|---|
| یەکەم ئاھ | بەرێز قەدری بەرێوەبەرمانە |
| دووەم ئاھ | سەعدوڵڵا شەقاوەمانە |
| سێیەم ئاھ | عەجاج شەقاوەی کۆڵانەکەمانە. |

بە بێ بەزەییانە لە خەونەکە هاتەدەرەوە، بە بێزاریی و یاخیبوونەوە وتی:



(ئەوەتا چیرۆکەکان دەست پێدەکەن، کەی ئەم چیرۆکانە تەواو دەبن؟

بەدرێژایی شەوان چ سوودێکیان هەبوو، شایەرەکە گۆرانی دەڵێت کەپرەکە بەخەبەر دێتەوە، ئەی گەڕەکی حەسرەتکێش...

## -٩٧-

ژیانی مام شەکرون شڵەژانێکی تێداکەوت، هەندێ جار بە دەنگی زۆر بەرز قسەی دەکرد وەکو بڵێی خوتبەی دەدا و بە سۆزەوە دەیوت: (پیرییە... ئەوە پیرییە). بۆ هیچترین هۆ زۆر تووڕە دەبوو یان بەبێ هۆ دەڵێن ((پیرییە)). زۆریش بێدەنگ دەبوو کاتێك دۆخەکە پێویستی بە قسەکردن بووایە دەڵێن ((پیرییە)). قسەی ئەوتۆی دەکرد کە لە گەڕەکەکەدا کفر بوو، بە بەزەییەوە دەیانوت ((خودایە لە پیریی بمانپارێزە)). عەرەفە لەنێوان شیشەکانەوە بە سۆز و بایەخەوە چاودێریی دەکرد. رۆژێکیان چاودێریی دەکرد و بە خۆی وت: پیاوێکی بە شان و شەوکەتەوە سەرەڕای جلوبەرگەکەی شڕەکەی و پیسییەکەی، لەسەر رووە لاوازەکەی ئەو نسکۆیە نەخشکرابوو کە دوای رۆژانی قاسم بەسەر گەڕەکەکەدا هاتبوو، ئەمەیش بەدبەختی ئەوە بوو کە هاوچەرخی رۆژانی قاسمی کردبوو، بەڵێ بۆ رۆژانی دادپەروەریی و دڵنیایی و بەشی خۆی وەرگرتبوو لە داهاتی وەقفەکە، بینی کە خانووبەرە دروست دەکران بەناوی وەقفەکەوە، پاشان بە فەرمانی قەدری وەستێنرا، بەبان یەکەوە ئەو کابرایەکی بەدبەخت و تەمەنیش زیاد لە پێویست درێژ بوو! بینی عەواتف بە سەروچاوێکی بێ غەلوغەشەوە هات دوای ئەوەی چاوی چاکببووەوە، رووی لە کابرا وەرگێڕا و بە بزەوە بانگی کرد:

- چای بێنن ئەی خەڵکی بینەر.

پیاڵەیەکی بۆ هێناو بەر لەوەی لە دەستی کیژەکەی وەرگرێت. بۆئەوەی مانەوە مسۆگەر بکات، وتی:

- ئەم شیفایەت پیرۆز بێت ئەی گوڵی گەڕەکەکەمان.

کیژەکە بە بزەیەکەوە وتی:

- ئەوەیش چاکەی تۆیە...

پیاڵەکەی لێوەرگرت و بە ئەنقەست پەنجەکانی دا لە پەنجەکانی کیژەکە، ئەویش گەڕایەوە و خۆشی رێورێشتنەکەی پێشبینی قبووڵ و رازی بوون بوو، چەند لە جێی

خۆیەتی کە هەنگاوێکی یەکلاییکەرەوە بنێت، ئەو پیاوێکە پێویستی بە جورئەت نییە، بەلام دەبێت هەزار حیساب بۆ سەنتووری بکات، خەتای مام شوکرانە کە کیژەکەی هێنایە سەر ڕێگای سەنتووری! بەلام ئەو بەستزمانە گەڕان بەدوای عەرەبانەکەیەوە ماندووی کرد، ئیدی توانای نەما بەردەوام بێت، بۆیە ئەم قاوەخانە شومەی کردەوە. لە دوورەوە دەنگە دەنگ و هوتافکێشان دەهات و سەرەکان ڕوویان کردە جەمالییە، ئەوەندەی پێ نەچوو عەرەبانە کارۆ پەیابوو ژنانی گۆرانیبێژی تێدا بوو چەپڵەیان لێدەدا و لە ناوەڕاستیان بووکێك بوو لە گەرماوەوە دەهاتەوە و منداڵان بەرەو عەرەبانەکە بە هەلهەلەوە ڕایان کرد و خۆیان پێدا هەلواسی و ئەویش بەرەو گەڕەکی جەبەل دەڕۆی، کەشی گەڕەکەکەمان پڕبوو لە هەلهەلە و پیرۆزبایی و چەپەی فاحیشانە، مام شەکرون وەکو تووڕەبوویەك وەستا و بە دەنگێکی وەکو گرمەی هەور بانگی کرد:

- لێدە... لێدە.

عەواتف ڕایکرد بۆ لای و داینیشاند و بە خەم و سۆزەوە دەستی دا بەپشتییەوە، عەرەفە پرسیاری کرد ئایا ئەم کابرایە خەون دەبینێت، یان ورێنە دەکات؟ پیریی چەند نەفرەت لێکراوە، کەواتە جەبەلاوی باپیرمان چۆن دەژی؟ وای لێکرد تەماشای پیاوەکە بکات تا کپ بوو، پاشان پرسیاری لێکرد بە نەرمی:

- مام شەکرون ئایا جەبەلاویت بینیوە؟

بێ ئەوەی تەماشای بکات وەڵامیدایەوە:

- هەی دەبەنگ نازانی لە پێش ڕۆژانی جەبەلەوە لە ماڵەکەیدا گۆشەگیر بووە...

عەرەفە پێکەنی، هەروەها عەواتف بزەی هاتێ و بە دەنگێکی بزەوە وتی:

خوا تەمەن درێژت کات مام شەکرون.

شەکرون وتی:

- دوعاکردن بە ڕاستی نرخی هەبوو کاتێك تەمەن نرخی هەبوو...

عەواتف هات بۆئەوەی پیاڵەکە ببات بە چپەوە پێی وت:

- بە حاڵی خۆیەوە لێی گەڕێ، ئەو بە شەو سەعاتێك ناخەوێت.

بە بایەخێکی گەرمەوە وتی:

- عەواتف دڵم لەلاتە...

پاشان بە خێرایی بەر لەوەی بیەوێت بڕوات:



- دەمەوێت لە بارەی مەسەلەکەمانەوە قسەی لەگەڵدا بکەم.

بە پەنجە ئاگاداری کردەوە و ڕۆیشت، بە بینینی یاریی منداڵەکان دڵی خۆی دەدایەوە ((هەنگڵە شەلیان دەکرد))، لە پڕێکدا سەنتووری پەیدا بوو لە گەڕەکی خێڵی قاسمەوە دەهات و سەری لە شیشەکان بە بزاوتێکی غەریزەیی گەڕانە دواوە، چی هێنای؟ خۆشبەختانە ئەو نیشتەجێی گەڕەکی ڕەفاعەیە و عەجاج دەبپارێزێت و عەجاجی نقوومی (دیارییەکانی) کردووە. شەقاوەکە نزیکبووەوە تا لەبەردەم قاوەخانەکەی شەکرون وەستا، سەروچاوی عەواتفی پشکنی و وتی:

- قاوەیەکی سادە...

ژنێك لە پەنجەرەیەکەوە دایە قاقای پێکەنین و ژنێکی دیکە پرسیاری کرد:

- چ شتێك وای لە شەقاوەکەی قاسم کردووە کە داوای قاوەی سواڵکەرەکان بکات؟

دیاربوو سەنتووری گوێی بە هیچ نەدەدا. عەواتف فنجانێك قاوەی دایێ و عەرەفەیش دڵی لە سنگیدا پێچی دەخوارد. شەقاوەکە چاوەڕێ بوو گەرمای خواردنەوەکە بڕوات و بزەیەکی نامەردانەی کرد بۆ کیژەکە بزەیەك کە ددانە ئاڵتوونەکانی ئاشکرا کرد، عەرەفی لە دڵی خۆیدا هەڕەشەی ئەوەی لێکرد کە لە چیای موقەتەم دەستی لێ بوەشێنێت، سەنتووری مژێکی لێداو و وتی:

- ئەی کچی جوان دەستت خۆش بێت.

کیژەکە ترسا زەردەخەنە بکات هەروەها ترسایش چارەی گرژ کات.

شەکرون بەترسەوە تەماشای دەکردن، دواجار شەقاوەکە پێنج قرشێکی پێدا، ئەویش دەستی کردە گیرفانییەوە تا وردەکەی بداتەوە، بەلام ئەو چاوەڕێی نەکرد و پێوەی دیاریش نەبوو کە داوای هیچ بکات، گەڕایەوە بۆ قاوەخانەکەی قاسمیە.

عەواتف لە مەسەلەی خۆی سەری سوورما و عەرەفە بە دەنگێکی نزم پێی وت:

- نەڕۆی بۆ لای.

ئەویش پرسی:

- ئەی ئەو دوای پارەکەی؟

مام شەکرون سەرەڕای بێ تاقەتی هەڵسا و باقی پارەکەی وەرگرت و چوو بۆ قاوەخانەکە. دوای ئەوەی پیرەمێردەکە گەڕایەوە جێگاکەی خۆی، ئەوەندەی پێ نەچوو نقوومی پێکەنین بوو، تا کیژەکەی لێی نزیکبووەوە و بە تکاوە وتی:

- بەس پێ بکەنە...

پیرەمێردەکە جارێکی دیکە هەڵسا وەستا و سەیری خانووی خاوەن وەقفەکەی کرد لە کۆتایی گەڕەکەکە، بانگی کرد:

- هۆ جەبەلاوی... هۆ جەبەلاوی...

لە پەنجەرەو دەرگای سەراکان و قاوەخانەکان و هەیوانەکانەوە چاوەکان ئاوڕیان لێدایەوە، منداڵان بەرە و لای ڕایان کرد، تەنانەت سەگەکانیش چاویان تێبڕی و شەکرون دیسان بانگی کرد:

- هۆ جەبەلاوی، تا کەی بێدەنگ دەبیت و خۆت دەشاریتەوە. وەسێتەکانت پشتگوێخراون و سامانەکانت ون بوون، لە ڕاستیدا دزیت لێ دەکرێت وەکو چۆن دزیی لە نەوەکانت دەکرێت جەبەلاوی.

منداڵان هاواریان کرد: ((هێی))و زۆریش بۆی دایانە قاقای پێکەنین، بەڵام پیرەمێردەکە هاواری کردەوە:

- هۆ جەبەلاوی ئایا گوێت لێم نییە؟ ئەی نازانی چیمان بەسەرهات، بۆچی سزای ئیدریستدا کە هەزار جار لە شەقاوەکانی گەڕەکەکە باشتر بوو! هۆ جەبەلاوی.

لەو دەمەدا سەنتووری لە قاوەخانەکەوە دەرچوو بانگی کرد:

- هەی خەڵەفاو حورمەتی خۆت بگرە.

بە تووڕەیی ئاوڕی لێدایەوە و وتی:

- بە نەعلەت بیت خوێڕی خوێڕییەکان...

زۆر کەس بە بەزەییەوە دەیان وت ((کابرا تیاچوو)) سەنتووری بەرەو ڕووی ڕۆیشت و تووڕەیی کوێری کردبوو، مشتێکی کێشا بە سەریدا، کابراکە لە ترسدا خەریك بوو بکەوێت ئەگەر عەواتف فریای نەکەوتایە، هەر کە سەنتووری کیژەکەی بینی گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی و کیژە بە دەم گریانەوە وتی:

- باوکە با بڕۆین بۆ ماڵەوە...

عەرەفەیش بۆ پشتگیریکردنی چووە پاڵی، بەڵام پیرەمێردەکە بە بێ تاقەتی ویستی دووریان خاتەوە و هەناسەی قورس بوو، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە واقیانوڕما. ژنێك لە پەنجەرەیەکەوە وتی:

- عەواتف حەقتە، باشتر وابوو لە ماڵەوە بێت...



عەواتف وتی و هێشتا دەگریا:

- چی بکەم...

شەکرون بە دەنگی لاوازەوە وتی:

- هۆ جەبەلاوی، هۆ جەبەلاوی...

## -٩٨-

پێش بەرەبەیان قیژەیەکی جەرگبڕ خامۆشیی شەق کرد، پاشان خەڵك زانییان شەکرون مرد. ڕووداوەکە لە گەڕەکەکەدا نامۆ نەبوو، دەستوپێوەندەکەی سەنتووری دەیان وت: ((خوا ڕوو زەردی کات بە کەمئەدەبی ژیا، کەمئەدەبییەکەشی هۆی مردنەکەی بوو))

عەرەفە بە حەنەشی وت:

- شەکرون کوژرا، وەکو زۆر کەس لە گەڕەکەکەماندا دەکوژرێن، بکوژان گوێ نادەن کە تاوانەکانیان بشارنەوە و کەس جورئەتی گازندە ناکات یان شایەتێك نییە...

حەنەش بە فیزەوە وتی:

- ئای کە کارەساتە بۆچی هاتین بۆ ئێرە!

- گەڕەکی خۆمانە.

- دایکمان بە دڵشکاویی بەجێی هێشت، گەڕەکێکی نەفرەتلێکراو ئەوەیشی کە تێیدایە...

بە سووربوونەوە وتی:

- بەڵام گەڕەکی خۆمانە...

- وەکو بڵێی کەفارەتی گونحگەلێك بدەین کە نەمان کردووە.

- خۆ بەدەستدانەوە لە هەموو گوناحەکان گەورەترە...

حەنەش بەبێ ئومێدیی وتی:

- ئەزموونی بوتڵەکە لە چیاکە شکستی هێنا.

- بەڵام لە جاری داهاتوودا سەرکەوتوو دەبێت.

- هەر کە جەنازەکەی شەکرونیان هەڵگرت کەس بەدوایەوە نەبوو، جگە لە عەواتف و عەرەفە نەبێت و بە شێوەیە لە بەردەم سەراکە دیاربوو، هەمووان بە لایانەوە سەیر بوو کە عەرەفەی سیحرباز لە جەنازەکە بەشداریی دەکات.

به جورئەتێکی سەیرەوە چپەچپیان دەکرد ئەو سیحربازە شێتە. لەوە سەیرتر ئـەوە بـوو کە سەنتووری کەوتە دوای جەنازەکە هەر کە گەیشتنە ناوەڕاستی گەڕەکی خێڵی قاسم، بە چ جورئەتێکی چەپەڵەوە ئەمەی کرد! بەڵام بە ڕاستی بێ حەیایە و بە عەواتفی وت:

- عەواتف خۆت خۆشبیت.

عەرەفە زانی کە ئەو کابرایە بەوە ڕێ خۆش دەکات بۆ داواکارییەکی داهـاتوو. گـرنگ ئەوەیە لە چاوتروکانێکدا حاڵی جەنازەکە گۆڕا، چونکە دراوسێ و ناسیاو و ئەوانـەی کـە ترس ڕێی لێ گرتبوون گەیشتنە ئەوێ تا ڕێگاکە قەرەباڵغ بوو. سەنتووری دیسان وتی:

- عەواتف خۆت خۆشبیت...

ئەویش بە نیگایەکی تەحەداوە سەیری کرد و وتی:

- پیاو دەکوژیت و لە جەنازەکەی ڕێ دەکەیت.

سەنتووری بە دەنگێك وتی کە هەموویان گوێیان لێبوو:

- لەمەوبەر ئەمەشیان بە قاسم وت:

- خوا یەکە، ئەجەل تەنها بە دەستی خوایە...

عەواتف هاواری لێکرد و وتی:

- باوکم بە لێدانی دەستی تۆ مرد...

سەنتووری وتی:

- عەواتف خوا لێت ببوورێت، ئەگەر لێدانی ڕاستی لێم بدایە دەرحاڵ دەمرد، بەڕاستی من لێم نەدا، بەڵام پاڵێکم پێوەنا و هەمووش شایەتن...

گەروەکان پێشکەوتن و وتیان:

- پاڵنان بوو، دەستی لێ نەدا، وەڵا دەستی لێ نەدا، ئەگەر درۆمـان کـردووە بـا کـرم چاوەکانمان بخوات.

عەواتف وتی:

- خوا تۆڵەسێنە...

سەنتووری لەسەرخۆی وتی و نموونەیەکی سەردەمی دووری هێنایەوە:

- عەواتف خوا لێت ببوورێت.

عەرەفە بەسەر گوێی عەواتفدا چەمایەوە و بە شێوەیەکی نیمچە چپە وتی:

- لێی گەڕێ با جەنازەکە بە سەلامەتی بڕوات.



عەرەفە هەر ئەوەندەی زانی پیاوێك لە دەسـتوپێوەندەکانی سـەنتووری نـاوی (عـەزاز) بوو، شەقازلەیەکی کێشا بە سەروچاویدا و هاواری لێ کرد.

هەی کوڕی میزدان چی تۆی هێنایە نێوان ماڵەکەی ئەو و نێوان سەرکارەوە!

عەرەفە بە حەپەسانەوە ئاوڕی لێدایەوە و لێدانێکی توندتری بەرکەوت لەوەی پێشـوو شەقازلەیەکیش لە یەکێکی دیکەوە و تفێك بۆ سەروچاوی لـە سـێیەمەوە و چـوارەم لـە یەخەی گرت و پێنجەم بەهێزەوە پاڵی پێوە نا و لەسەر پشت کەوت و شەشەم بـەدەم شـەق لێدانەوە پێی وت:

- لە گۆڕستانەکە دەنێژرێی ئەگەر بچی بۆلای...

بە حەپەساوی لەسـەر زەوییەکـە، بـە کـەوتوویی مایـەوە و خـۆی کـۆکردەوە و بـەدەم ئازارێکی نائاساییەوە هەڵسا و دەستی کرد بە تەکاندنی تۆز و خـۆڵ لـە دیشداشـەکەی و سەروچاوی و کۆمەڵێك منداڵ لە دەوری کۆبوونەوە و دەیان وت: ((گوێرەکە کەوت و چەقۆ بێنن)). گەڕایەوە بۆ هەیوانەکە و دەشەلی لەبەر تووڕەیی هـار و شـێت بـوو، حەنـەش بـە هەناسەساردییەوە سەیری کرد و وتی:

- وتم مەڕۆ...

بە ڕقێکی هەروا هاواری کرد:

- بێدەنگ بە، قوڕیان بەسەر.

بەنەرمی و سووربوونەوە پێکرا پێی وت:

- واز لەو کچە بێنە ئەگینا خوا ڕەحممان لێ بکات...

زۆر بێدەنگ بوو بەدەم بیرکردنەوەوە سەیری زەوییەکـەی دەکـرد، پاشـان سەروچـاوێکی تاریکی بەسووربوونێکی ترسناکەوە هەڵبڕی و وتی:

- دەمبیینی بەنزیکترین کات کە بۆی ناچیت دەیخوازم...

- ئەمەیان خۆی لە خۆیدا شێتییە.

- دەبێت عەجاج لەسەری زەماوەندەکە بێت...

- تۆ خۆت بە ئیسپرتۆ جلوبەرگت تەڕ دەکەیت و خۆت توور دەدەیتە ناو ئاگرەوە.

- ئەمشەو لە چۆڵەوانییەکە تاقیکردنەوەی بتڵەکە دووبارە دەکەمەوە.

چەند ڕۆژێك لە ماڵەکەی خۆی نەهاتەدەرەوە، بەڵام پەیوەندیی لەگەڵ عەواتفدا نەپچـڕا لە ڕێگای پەنجەرە بە شیشەکەوە.

پاشان له دالانی سه‌راكه چاوی پێكه‌وت دوای ته‌واوبوونی تازیه‌بارییه‌كه‌ی و به‌راشكاویی پێی وت:

- چاكتر وایه ده‌رحاڵ زه‌ماوه‌ند بكه‌ین.

كیژه‌كه داواكارییه‌كه‌ی له‌لا كتوپڕ نه‌بوو، به‌ڵام به خه‌مه‌وه وتی:

- ڕازیبوونم بۆ تۆ ده‌بێته مایه‌ی سه‌ریه‌شه‌ك كه له ده‌ره‌قه‌ت نایه‌ت...

به‌بڕواوه وتی:

- عه‌جاج ڕازی بوو كه سه‌رپه‌رشتی زه‌ماوه‌نده‌كه‌مان بكات ئه‌میش واتاكه‌ی له‌لات شاراوه نییه...

هه‌نگاوه‌كانی به شاراوه‌یه‌كی زۆره‌وه جێبه‌جێكرد، تا هه‌موو شتێك ته‌واو بوو. گه‌ڕه‌كه‌كه به‌بێ ئاگاداری پێشینه زانییان كه عه‌واتف كچی شه‌كرون شووی به عه‌ره‌فه‌ی سیحرباز كردووه، كیژه‌كه چووه ماڵه‌كه‌ی عه‌ره‌فه و عه‌جاج شه‌قاوه‌ی خێڵی ڕه‌فاعه شایه‌تی ژنهێنانه‌كه بوو، زۆرێك سه‌ریان سووڕما و ئه‌وانی دیكه پرسییان چۆن ئه‌مه بووه، چۆن جورئه‌تی ئه‌وه‌ی كردووه، چۆن عه‌جاجی قه‌ناعه‌ت پێكرد تا پیرۆزبایی بكات، به‌ڵام خه‌ڵكی شاره‌زا وتیان زۆرزانی (دوقی)یه...

-٩٩-

سه‌نتووری له قاوه‌خانه‌كه‌ی خێڵی قاسم كۆبوونه‌وه‌ی به ده‌ست و تاقمه‌كه‌ی كرد. عه‌جاج به‌وه‌ی زانی ئه‌ویش له قاوه‌خانه‌كه‌ی خێڵی ڕه‌فاعه كۆبوونه‌وه‌ی به ده‌ست و تاقمه‌كه‌ی خۆی كرد، گه‌ڕه‌كه‌كه به هه‌ردوو كۆبوونه‌وه‌كه‌ی زانی، كه‌شه‌كه تێكچوو، ده‌ستبه‌جێ ئه‌و شوێنه‌ی نێوان قاسمیه و ڕه‌فاعیه چۆڵ بوو له فرۆشیار و سواڵكه‌ر و منداڵان و دوكان و په‌نجه‌ره‌كان داخران. سه‌نتووری به‌خۆی و پیاوه‌كانی هاتنه‌ده‌ره‌وه بۆ گه‌ڕه‌كه‌كه، هه‌روه‌ها عه‌جاجیش به خۆی پیاوه‌كانییه‌وه. به‌دكاریی یه‌كانگیربوو تا بۆنه ناخۆشه‌كه‌ی ده‌رچوو، بۆ هه‌ڵگیرساندنی ئاگره‌كه پێویستی به په‌له‌پیتكه‌یه‌ك بوو، پیاوێكی چاك له سه‌ربانه‌وه بانگی كرد و وتی:

- چی پیاوه‌كانمانی تووڕه كردووه؟ بیربكه‌نه‌وه به‌رله‌وه‌ی خوێن بڕێژرێت...

- عه‌جاج له‌نێوان بێده‌نگییه‌كی ترسه‌وه وتی و سه‌یری سه‌نتووری كرد:

- تووڕه نین و هیچ شتێك نییه مایه‌ی تووڕه‌یی بێت.



سه‌نتووری به گڕییه‌وه وتی:

- سه‌ركار تۆ له سنووری هاوڕێیی ده‌رچوویت، هیچ شه‌قاوه‌یه‌ك بۆت ناسه‌لمێنێت له‌وه‌ی كه كردووته...

- چیم كردووه؟

سه‌نتووری وه‌كو بڵێی قسه له‌ده‌م و له چاوی پێكه‌وه ده‌رده‌چوو، وتی:

- پیاوێكم پاراستووه و ته‌حه‌دام ده‌كات...

- ئه‌و پیاوه چی كردووه جگه ئه‌وه نه‌بێت كه كچێكی تاقانه‌ی خواست دوای مردنی باوكی و منیش ژنهێنانی هه‌موو ڕه‌فاعیه‌ك ده‌بینم...

سه‌نتووری به بێزارییه‌وه وتی:

- ئه‌وه ڕه‌فاعی نییه، كه‌سیش باوكی ناناسێت و نه خۆشی، له‌وانه‌یه تۆ باوكی بیت یان من باوكی بم، یان هه‌ر سواڵكه‌رێك له گه‌ڕه‌كه‌كه‌دا...

- به‌ڵام ئه‌مڕۆ ئه‌و له گه‌ڕه‌كه‌كه‌ی مندا نیشته‌جێیه...

- جگه ئه‌وه نه‌بێت كه هه‌یوانێكی چۆڵی دۆزییه‌وه...

- با وابێت...

سه‌نتووری به ده‌نگێكی زوڵاڵه‌وه هاواری كرد:

- ده‌زانی تۆ له سنووری هاوڕێیه‌تی ده‌رچوویت؟

عه‌جاج بانگی لێكرد:

- سه‌ركار هاوار مه‌كه، مه‌سه‌له‌كه ئه‌وه ناهێنێت كه وه‌كو كه‌ڵه‌شێر شه‌ڕه ده‌نووك بكه‌ین.

- له‌وانه‌یه پێویست بكات.

عه‌جاج به نه‌به‌زییه‌كه‌وه وه‌ك بڵێی فه‌رمانی خۆ ئاماده‌كردنی دا وتی:

- خوایه پشوومان درێژ كه‌یت...

- عه‌جاج... وریای خۆت به...

- نه‌عله‌ت له ئه‌بوقیفا...

- نه‌عله‌ت له باوكت...

تێلاكان به‌رزبوونه‌وه ئه‌گه‌ر ده‌نگێك وه‌كو بۆڕه‌ی مانگا به‌رزبووه‌وه و به زمانێكی فه‌رمانه‌وه وتی:

- پیاوان عەیبە...

سەرەکان بەرەو سەرچاوەکەی وەرچەرخان، سەرکار سەعدوڵڵایان بینی لەنێوان ڕەفاعیە ڕێگای دەبڕی تا لە ناوچەی نێوان هەردوو گەڕەکەکە وەستا و وتی:

- تیڵاکان داگرن...

تێڵاکان وەکو سەری نوێژکەران نەوی بوون، سەعدوڵڵا جارێك سەیری سەنتووری دەکرد و جارێکیش سەیری عەجاجی دەکرد و وتی:

- ئێستا حەز ناکەم گوێم لە قسەی کەس بێت، بە سەلامەتی بڵاوەی لێ بکەن، کوشتار لەپێناوی ژنێکدا، ئای لە ژیانی پیاوەتی...!

پیاوەکان بە هێمنی بڵاوەیان لێکرد، سەعدوڵڵا گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، عەرەفە و عەواتف لەناو هەیوانەکە بوون بڕوایان وانەبوو کە ئەو شەوە بەسەلامەتی تێپەڕ دەبێت، چاودێریی دەرەوەیان دەکرد کە چی ڕوودەدا، بە دوودڵی و ترس و و دوو سەروچاوی گرژومۆنەوە، گەروویان تەڕ نەبوو کە گوێیان لە دەنگی سەعدوڵڵا بوو بە نەبڕە فەرماندانەکەیەوە کە گەڕانەوەی نییە. عەواتف لە ناخەوە هەناسەی هەڵکێشا و وتی:

- ژیان چەند دڵڕەقە!

ئەو ویستی هەندێ دڵنیایی بخاتە دڵییەوە و وتی و ئاماژەی بۆ سەری خۆی کرد:

- من بەمە کاردەکەم، جەبەلیش ئاوها بوو، قاسمی زۆرزانیش هەروابوو...

ژنەکە بە زەحمەت تفەکەی قووتدا و وتی:

- ئایا سەلامەتی بەردەوام دەبێت؟

بە خۆشییەکی دیارەوە نووساندی بە سنگی خۆیەوە و وتی:

- خۆزگە هەموو ژن و مێردێك وەکو ئێمە بەختەوەر دەبوون.

ژنەکە سەری خستە سەرشانی بۆئەوەی هەناسەیەکی بێتەوە و بە چپەیەکەوە وتی:

تۆ بڵێی مەسەلەکە لەوێدا کۆتایی بێت؟

بەڕاشکاویی فوی پێداکرد و وتی:

- هەر شەقاوەیەك متمانەی پێ ناکرێت.

ژنەکە سەری هەڵبڕی و وتی:

- ئەوە دەزانم، برینێکم هەیە چاك نابێتەوە تا بەکوژراویی نەیبینم:

- زانی مەبەستی کێیە، بە بیرکردنەوە سەیری چاوەکانی ژنەکەی کرد و وتی:



- تۆڵەسەندنەوە وکو حاڵەتی تۆ ئەرکە، بەڵام ئەنجامێکی یەکلاییکەرەوەی نابێت، سەلامەتیمان هەڕەشەلێکراوە، نەك لەبەرئەوەی سەنتووری زەبرمان لێدەدات، بەڵام لەبەرئەوەی هەموو گەڕەکەکەمان هەڕەشەلێکراوی زەبری شەقاوەکانە، ئەگەر بەسەر سەنتووریدا زاڵبووین، کێ زامنی ئەوە دەکات کە سبەینێ عەجاج شەڕمان پێ نافرۆشێت یان یوسف دوو سبەی؟ یان ئەوەتا ئاسایش بۆ هەمووانە یان بۆ کەس نەبێت...

ژنەکە بەساردییەکەوە بزەی هاتێ و پرسی:

- دەتەوێت وەکو جەبەل، یان ڕەفاعە، یان قاسم بیت؟

ئەویش قژەکەی سەری ماچکرد و بۆنی میخەکەکەی دەکرد بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە، ئەو جارێکی دیکە وتی:

- ئەوان لەلایەن باپیرمانەوە خاوەن وەقفەکە تەکلیف بەئیش کراون.

بە بێزارییەوە وتی:

- باپیرەمان خاوەن وەقفەکە! هەموو داماوێك هاوار دەکات وەکو ڕەحمەتی باوکت: ((هۆ جەبەلاوی))! بەڵام لەبارەی نەوەی وەکو ئێمە بیستووتە کە باپیری خۆیان نابینن و لە دەوری ماڵە داخراوەکەیشیدا دەژین؟ ئایا بیستووتە خاوەن وەقفێك کە گەمە بە وەقفەکەی دەکەن بەو شێوەیە و خۆشی تێك نادات؟

ژنەکە بە سادەیی وتی:

- ئەوەیش پیرییە!

بە گومانەوە وتی:

- نەمبیستووە کە بەتەمەنێك ئەم هەموو تەمەنە ژیاوە...

دەڵێن پیاوێك هەیە لە بازاڕی موقەتەم کە تەمەنی لە سەد و پەنجا ساڵ تێپەڕیوە، خواکەت توانای هەموو شتێکی هەیە...

بڕەك بێدەنگ بوو، پاشان وتەورتێکی لێوەهات و وتی:

- هەروەها سیحریش توانای هەموو شتێکی هەیە.

ژنەکە بە لەخۆباییبوونەکەی ئەو پێکەنی و بە پەنجەی دەیدا لەسەر سنگی و وتی:

سیحرەکەت توانای تیمارکردنی چاوی هەیە.

- زۆر شتی بێشوماریش.

ژنەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا، وتی:

- ئای کە بێهۆشن؟ گەمە بە قسەکردن دەکەین وەکو بڵێی هیچ هەڕەشەمان لێ ناکات.

گوێی نەدا بە قسەبڕینەکەی و لە قسەکەی بەردەوام بوو، وتی:

- لەوانەیە ڕۆژێك بتوانێت هەموو شەقاوەکان لەناوبەرێت کە خانووبەرە دروستکات و بژێویی دابین بکات بۆ هەموو منداڵانی گەڕەکەکەمان...

ژنەکەی بە پێکەنینەوە پرسیاری کرد:

- ئایا دەکرێت ئەوە بەر لە ڕۆژی قیامەت ڕووبدات؟

چاوە تیژەکانی بە نیگایەکی خەوناویی نەرم بوون و وتی:

- ئاه ئەگەر هەمووومان سیحربازبووینایە!

- ئەگەر...

پاشان ژنەکە وتی:

- لە زەمەنێکی کورتدا قاسم دادپەروەریی بەدیهێنا بەبێ سیحرەکەی تۆ.

- خێرایش بەسەرچوو، بەڵام سیحر کاریگەریی تەواونابێت. گاڵتە بە سیحر مەکە چاو هەنگوینی. ئەوە لە خۆشەویستییەکەمان کەم ترسناکتر نییە، ژیانێکی نوێ لە وێنەی دەخولقێت، بەڵام بەڕاستی پاشماوە بە جێ ناهێڵێت، مەگەر لە ئێمە سیحربازتر بێت!

ژنەکەی بە گاڵتەوە پرسیاری کرد:

- ئەوە چۆن دێت؟

بەر لەوەی وەڵام بداتەوە بە درێژیی بیری کردەوە و وتی:

- ئەگەر دادپەروەریی بەرقەرار بێت، ئەگەر مەرجەکانی خاوەن وەقفەکە جێبەجێبکرێت، ئەگەر زۆربەمان وازمان لە ڕەنجدان هێنا و دەستیان دایە سیحر...

- دەتەوێت ببیتە گەڕەکی سیحربازەکان!

ژنەکە پێکەنینێکی جوان پێکەنی و وتی:

- ڕێگا چییە بۆ جێبەجێکردنی دە مەرجەکە و باپیرەمان لە جێیدا کەوتووە، دیارە نایەوێت کەسێك لە نەوەکانی تەکلیف بکات بەو ئیشە؟

بە نیگایەکی سەیرەوە تەماشای کرد و پرسی:

- بۆچی ئێمە نەچین بۆ لای؟

ژنەکە جارێکی دیکە پێکەنی وتی:



- ئایا دەتوانیت بچیتەماڵەکەی بەڕێوەبەرەوە؟

- نەخێر، بەڵام لەوانەیە بتوانم بچمە ناو خانووە گەورەکەوە...

دای لە دەستی و وتی:

- بەسە گاڵتە مەکە تا یەکەمجار لە ژیانمان دڵنیابین.

بزەیەکی ئاڵۆزی بۆ کرد و وتی:

- ئەگەر حەزم لە گاڵتە بووایە نەدەهاتمەوە بۆ گەڕەکەکەمان. شتێك لە نەبرەکەی ترساندی و بە حەپەسانەوە سەیری کرد وتی:

- تۆ ئەوەی دەڵێی مەبەستتە...

بە نیگایەکی بێدەنگەوە دیسان وتی:

- سەیری ئەوەیە کە لە خانووە گەورەکە دەستگیرت بکەن!

بە هێمنییەوە وتی:

- سەیر لەوەدا چییە ئەگەر نەوەیەك لە ماڵەکەی باپیرەی بێت.

- بڵێ کە تۆ گاڵتە دەکەیت، خوایە! بۆچی وا جدییانە تەماشا دەکەیت، شتێکی سەیرە، بۆچی دەتەوێ بڕۆی بۆ لای؟

- ئایا دیدەنی شایانی مەترسی نییە؟

- وشەیەك لە زمانت هاتەدەرەوە و ئیدی چۆن وەرگەڕا و بووە ڕاستییەکی ترسناك...

دەستی دا لەناو لەپی ژنەکە بۆئەوەی هێوری بکاتەوە و وتی:

- لەوەتەی گەڕاومەتەوە بۆ گەڕەکەکەمان بە تەنیا بیر لە شتگەلێك دەکەمەوە کە بیری لێ ناکرێتەوە...

بە پاڕانەوە پرسی:

- بۆچی ژیانی خۆمان نەژین؟

- خۆزگە، ئەوان لێمان ناگەڕێن ژیانی خۆمان بژێین، دەبێت مرۆڤ ژیانی خۆی مسۆگەر بکات.

- کەواتە با ڕاکەین لە گەڕەکەکە...

بە سووربوونەوە وتی:

- ڕاناکەم و سیحرم بە دەستە...

ژنەکەی بە نەرمی ڕاکێشا تا نووسانی بە خۆیەوە و دەستی بەشانیدا دەهێنا و چرپاندی بە گوێیەوە:

- هەلی زۆرمان لەبەردەمدایە بۆ قسەکردن، بەڵام ئێستا دڵنیابە...

-١٠٠-

تۆ بڵێی ئەم کابرایە شیت بووبێت یان مەغروورییی کوێری کردبێت؟ عەواتف بەم شێوەیە پرسیاری دەکرد. لە ئیشکردن و بیرکردنەوەیدا چاودێریی عەرەفەی دەکرد. ئەم لەلای خۆیەوە تەنها ئەوە ڕۆژە بەختیارەکانی تێکدەدا جگە ئارەزووی لە تۆڵەسەندنەوە لە سەنتووری و بکوژەکەی باوکی نەبێت. تۆڵەسەندنەوەیش لە گەڕەکەکەدا دابونەریتێکی پیرۆز بووە هەر لە دێرزەمانەوە. تەنانەت ئەم دابونەریتەیش دەکرێت لەبیر بکرێت، ئەگەریش بە خوایشت نەبێت بۆ ڕێزگرتن لە ژیانێکی بەختیار کە ئەم زەماوەندە بەخشیویەتی، بەڵام عەرەفە بڕوای بەوە هەبوو کە تۆڵەسەندنەوە لە سەنتووری بەشێکە لەو کارە گەورەیەی کە بە خۆی سپاردووە -وەکو بۆی دەچێت- و پێی هەڵسێت و لێی تێ نەگەیشت... دەبێت ئەو یەکێك بێت لەو پیاوانەی کە ڕەبابە گۆرانییان پێوە دەڵێت؟ بەڵام جەبەلاوی هیچی پێ نەسپاردووە، ئەوەی پێوە دیار نییە کە بڕوایەکی تەواوی بە جەبەلاوی هەبێت و نە بەوەیش کە ڕەبابە دەیگێڕێتەوە. بە تەئکید ئەو هەموو تەقەلا و کاتی بە چەند قات داوەتە سیحر بەوەی کە بژێوییەکەی پێویست دەکات. ئەگەر بیر بکاتەوە، بیرکردنەوەکەی خۆی و خێزانەکەی تێپەڕ دەکات و دەگاتە چەند مەسەلەکی گشتیی کە مەبەستی کەس نەبێت، وەکو گەڕەکەکە و شەقاوەیەتی و بەڕێوەبەرایەتییەکە و وەقفەکە و داهاتەکەی و سیحر... بە بەربڵاویی خەونی بە سیحر و ئایندەوە دەبینی، لەگەڵ ئەوەشدا تاکە پیاو بوو پەنای بۆ حەشیشە نەبردووە، بۆ پێویستی ژوورەکەی پشتەوە، بۆ ئاگاداربوون و وریایی، بەڵام ئەمە هەمووی ئاسایی بوو لەگەڵ ئارەزووە شێتانەکەیدا بۆ دزەکردن بۆ خانووە گەورەکە، پیاوەکەم بۆچی؟ بۆئەوەی ڕاوێژی پێ بکەم کە چۆن گەڕەکەکە بەڕێوە دەچێت. تۆ دەزانیت گەڕەکەکە چۆن بەڕێوە دەچێت و هەمووشمان دەزانین و ئیدی چ پێویست دەکات خۆت تووشی تالووکە بکەیت؟ دەمەوێت دە مەرجەکەی وەقفەکە بزانم. عیبرەت لە زانین نییە، بەڵام لە ئیشکردندایە دەتوانی چی بکەیت؟ بەڕاستی دەمەوێت ئەو کتێبە ببینم کە بەهۆیەوە ئەدهەم دەرکرا ئەگەر حیکایەتەکان ڕاست بن، چیت دەوێت لەو



کتێبە؟ نازانم چی وام لێدەکات کە بڕوام هەبێت ئەوە کتێبی سیحر و کردەوەکانی جەبەلاویە لە چۆڵەوانییەکەدا، کە تەنها سیحر شرۆڤە دەکات، نەك مەچەك و تێلاکان وەکو وای بۆ دەچن. ئیدی چ پێویست بەم سەرئێشەیە دەکات کە تۆ بەختەوەریت و بەبێ ئەوە ڕزقت بە بەرەکەتە؟ پێت وا نەبێت کە سەنتووری لەبیری کردووین... هەر کە دەچمەدەرەوە خەریکە پێم لە نیگای ڕقاویی پیاوەکانی هەڵدەکەوێت. تەنها خەریکی سیحر بەو وازبێنە لە خانووە گەورەکە... لەوێ کتێب هەیە، یەکەم کتێبی سیحر... نهێنی هێزی جەبەلاوی تەنانەت لەوەدا بوو کە گومانی لە کوڕەکەیشی هەبوو، لەوانەیە شتێکی ئەوتۆ نەبێت کە پێتوایە، لەوانەیە هەبێت و مەسەلەکەیش شایەتی مەترسییە.

ئەوەبوو هەنگاوێکی یەکلاییکەرەوەی نا لە ڕێگای ڕاشکاوییدا و بە ژنەکەی وت:

- عەواتف من ئاوهام، کار چییە؟ جگە لە کوڕێکی چەپەڵی ژنێکی بەدبەخت بەولاوە و باوکێکی نادیار هیچی دیکە نیم، هەمووان ئەمەیش دەزانین کردوویانەتە پەند، بەڵام لە دنیادا هیچ خەمێکم نییە جگە لە خانووە گەورەکە نەبێت.

نامۆ نییە بەلای کەسێکی باوك نادیارەوە، کە بە هەموو هێزێکی بڕوانێتە باپیرەی... ژوورەکەی پشتەوە فێری کردم کە بڕوام بە هیچ نەبێت جگە ئەوەی کە بەچاو دەیبینم و بە دەست تاقی دەکەمەوە، چار نییە بۆ گەیشتن بۆ ناو خانووە گەورەکە، ئەو هێزە دەبینم کە مەبەستمە و لەوانەیە هەرگیز هیچ نەدۆزمەوە، بەڵام بە هەرحاڵ دەگەمە دەشتێك باشترە لەو سەرسووڕمانەی کە پێوەی دەناڵێنم، یەکەم کەسیش نیم لە گەڕەکەکەماندا کە سەریەشەی هەڵبژاردبێت، جەبەل دەیتوانی لە فەرمانگەکەی بمێنێتەوە لەلای بەڕێوەبەرەکەی، ڕەفاعە دەیتوانی ببێتە یەکەم دارتاشی گەڕەك، قاسمیش دەیتوانی بە قەمەر و موڵکەکانییەوە سەڵتەنەت بکات و ژیانی سەردارانە بژێت، بەڵام ڕێگایەکی دیکەیان هەڵبژارد.

حەنەش بە حەسرەتەوە وتی:

- زۆرن ئەو کەسانەی کە بە پێی خۆیان بەرە و تالووکە ڕادەکەن لە گەڕەکەکەماندا...

عەرەفە بە توندیی وتی:

- کەمێك لەوانە هۆی ڕووداوی خۆیان هەیە...

بەڵام حەنەش لە یارمەتیدانی براکەی دوانەکەوت... لە دوا بەشی شەودا وەکو سێبەرەکەی دوای کەوت بۆ چۆڵەوانییەکە. کاتێك عەواتف بێ ئومێد بوو لە بەرگریکردنی دەستی هەڵبڕی و دوعای بۆ دەکرد.

شەوێکی تاریك مانگی یەك شەوەیش سەعاتێك هەڵات و پاشان ئاوابوو... هەردوو براکە لە هاوشانی دیوارەکان ڕێیان دەکرد تا گەیشتنە شوورەکەی دواوەی خانووە گەورەکە کە لەدوای چۆڵەوانییەکەوە دێت... حەنەش بە چپەوە وتی:

- ڕەفاعە لەم شوێنەی خۆماندا وەستابوو، کاتێك دەنگی جەبەلاوی بیست...

عەرەفە لە دەوروپشتی خۆی وردبووەوە و وتی:

- ڕەبابەکە ئاوها دەڵێت و دەبێت ڕاستیی هەموو شتێك بزانم.

حەنەش ئاماژەی بۆ چۆڵەوانییەکە کرد و بەترسەوە وتی:

- هەر لەم چۆڵەوانییەشدا بە خۆی قسەی لەگەڵ جەبەل کرد و خزمەتکارەکەی نارد بۆ لای قاسم.

عەرەفە بە بێزەوە وتی:

- لێرەشدا ڕەفاعە کوژرا و دایکیشمان دەستدرێژیی سێکسی کرایە سەر و باپیرەمان خۆیشی تێك نەدا.

حەنەش توورەکەیەکی کردەوە و ئامێری زەوی هەڵکەندنی تێدابوو. پاشان دەستیان کرد بە زەوی هەڵکەندن لەژێر شوورەکەدا و بە توورەکەکە خۆڵەکەیان دەردەهێنا. بە جدیی و سووربوونەوە ئیشیان کرد تا سنگی هەردووکیان پڕبوو لە بۆنی خۆڵ. دەرکەوت کە حەنەش وەکو عەرەفە حەماسی کەمتر نەبوو، وەکو بڵێی هەمان ئارەزوو پاڵی پێوەدەنا، گەرچی ترس بەسەریدا زاڵبوو، سەری عەرەفە لەسەر زەوی بەدەرەوە نەبوو تەنها بستێك نەبێت کاتێك لەناو چاڵەکەوە وتی:

- تەنها ئەمشەومان هەیە...

پاشان لەسەر هەردوو ناولەپی خۆی هەڵدایە سەر زەوییەکە و وتی:

- دەبێت دەمی چاڵەکە بە تەختەیەك داخەین و دایپۆشین تا مەسەلەکە ئاشکرا نەبێت.

پاشان خێرا گەڕانەوە و بەرەبەیانیش بەدوایانەوە بوو، بیری لە سبەینێ دەکردەوە، سبەینێی سەیر، کاتێك لە خانووە گەورە نادیارەکەدا ڕێدەکات، کێ چوزانێ لەوانەیە



جەبەلاوی ببینێت و لەوانەیە قسەیشی لەگەڵدا بکات، ئەوەی ڕابردووی لێ بپرسێت و ئەوەی هەیە ئێستا و مەرجەکانی وەقفەکە و نهێنی کتێبەکە، ئەو خەونەی کە نایەتەدی، تەنها لەنێوان گەواڵەکانی دووکەڵ نەبێت کە لە نەرگیلەکەوە دەردەچن... لە هەیوانەکەدا بینی هێشتا عەواتف نەخەوتووە و چاوەڕێی دەکات، هەر کە بینی بە نیگایەکی گلەیی و خەواڵووەوە ورتەورتێکی لێوەهات:

- دەڵێی لە گۆڕستان هاتوویتەوە!

بە خۆشییەکەوە وتی بۆئەوەی نیگەرانییەکەی بشارێتەوە:

- چەند جوانی!

لەلایدا پاڵکەوتوو و ژنەکە وتی:

- ئەگەر شتێکت هەبوایە گاڵتەت بە ڕایەکەم نەدەکرد...

بە گاڵتەوە وتی:

- ڕایەکەت دەگۆڕی ئەگەر ببینی کە سبەینێ چی ڕوو دەدات.

لە بەختەوەریدا یەك هەڵم هەیە و لە ئاڵووەکەشیدا هەزار!

عەرەفە پێکەنی و دواجار وتی:

- ئەگەر چاوە کیناوییەکان ببینی تێدەگەیشتی کە ئەم ئاسوودەییەی هەمانە تەنها خەیاڵە.

قیژەیەکی تیژ کپیی بەرە بەیانی شەقکرد و پاشان گریانی بەدوادا هاتوو عەواتف عەبووس بوو ورتەورتێکی کرد:

- پێشبینییەکەی باش نییە...

هەردوو شانەکەی هەڵتەکاند، پاشان وتی:

- عەواتف لۆمەم مەکە تۆیش هەندێ بەرپرسیاری لەوەی کە ئێمە تێیداین...

- من...!

بەجدیی وتی:

- گەڕامەوە بۆ گەڕەکەکە و ئارەزوویەکی شاراوەم تێدابوو بۆ تۆڵەکردنەوەی دایکم، هەر کە دەستدرێژیی کرایە سەر باوکت، ئەو ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە لە هەموو شەقاوەکان لەلام جێگیربوو، بەڵام خۆشەویستیم بۆتۆ شتێکی نوێی خستەسەر، کە خەریکبوو ئەسڵەن

نقووم بێت، ئەویش ئەوەیە کە شەقاوەکان لەناوبەرم، نەك بۆ تۆڵەسەندنەوە، بەڵام با خەڵکی بە خۆشیی بژین، کە چووم بۆماڵی باپیرمان تەنها بۆئەوەی نهێنی هێزەکەی بزانم.

بە نیگایەکی درێژ سەیری کرد و بەڕوونی تێیدا لەبەر ترووسکاییەك بزەیەکی بە ئێشی خوێندەوە لەوەی لە دەستی بدات وەکو باوکی لەدەست دا، بزەیەکی کرد و هانی دەدا و ڕووی خۆشبوو لەگەڵ، گریانەکە لە دەرەوە پەرەی دەسەند...

-١٠١-

حەنەش دەستی عەرەفەی گوشی و ماڵئاوایی لێکرد و ئەویش لە قولایی چاڵەکەدا بوو، عەرەفە لەسەردەم کەوت و لەناو ڕاڕەوەکە کە بۆنی زەوی لێدەهات بەسکەخشکە ڕۆیی، هێشتا سکەخشکەی دەکرد تا سەری لە زەوی باخچەکەی ناو خانووە گەورەکە دەرچووە دەرەوە، لوتی پێشوازیی بۆنێکی سەیری کرد، وەکو بڵێی گیراوەی گوڵ و یاسەمین و خەنەیە و لە شەونمی بەرەبەیاندا تواونەتەوە. بۆنەکە سەرخۆشی کرد سەرەڕای هەستکردنێکی ڕادەبەدەر بە مەترسی. ئەوەتا بۆنی ئەو باخچەیە دەکات کە ئەدهەم بە حەسرەتییەوە مرد، ئەوەی لێی دیارە تەنها ئەو تاریکییەی ژێر ئەستێرە شەوارەکانە.

بێدەنگییەکی ترسناك گرتوویەتییەوە، ساتە ناساتێك خشەی ئەو گەڵایانە دێت کە بە دەنگی شنەکانەوە دەچن، بینی زەوییەکە تەڕە و ویستی جووتە نەعلەکەی داکەنێت، کاتێك چووە ژوورەوە بۆ ماڵەکە، بۆئەوەی شوێن پێی لەسەر زەوییەکە چاپ نەبێت. دەبێت دەرگاوانەکە و باخەوانەکە و خزمەتکارەکانی دیکە لە کوێ نووستبن؟ بە وریاییەکی زۆرەوە بە چوارچنگە دەڕۆیشت بۆئەوەی دەنگی نەگاتە ئەو خانووەی کە تارمایی پەیکەرەکەی لە تاریکییەکە دیاربوو. لە گەشتەکەیدا بەرەو خانووەکە هێندە ترسا، کە لە ژیانیدا تووشی نەهاتووە کاتێك چووبێتە ناو تاریکی، یان لە چۆڵەوانی و کەلاوەکان خەوتبێت. لە هاوشانی دیوارەکە بەسکەخشکە دەڕۆیشت، تا دەستی گەیشتە یەکەم پلیکانەی ئەو پەیژەیەی کە دەڕۆیشت بۆ پەرژینەکە، ئەگەر بڕوا بە ڕەبابە بکەیت. لێرەدا جەبەلاوی پاڵی نا بە ئیدریسەوە بۆئەوەی دەریکاتە دەرەوە. ئەوە چارەنووسی ئیدریس بوو کە سزای تەحەداکردنی فەرمانی باوکی بوو. جەبەلاوی چی لەدەست دێت ئەگەر کەسێك پەلاماری ماڵەکەی بدات و بیەوێت نهێنی هێزەکەی بدزێت، بەڵام لەسەرخۆ هیچ کەسێك پێشبینی



ئەوە ناکات کە دزێك دزە بکات بۆ ماڵەکە، کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەشکۆیی ئەو ئاسوودە و پارێزراو بوو.

بەخشکەوە لە دەوری پەیژەکە سوڕایەوە، پاشان لەسەر دەست و لەسەر ئەژنۆ بە قالدرمەکەدا سەرکەوت تا گەیشتە شوێنی پەرژینەکە، جووتە نەعلەکەی داکەند و خستییە بن هەنگڵی بەرەو دەرگا یەك لایەکە کشا، کە ڕەبابە کە دەچێت بۆ ژووری نووستن، لەپڕ گوێی لە کۆکەیەك بوو، کۆکەیەك لە باخچەکەوە دەهات، لەژێر دەرگاکەوە ڕوانییە باخچەکە، بینی تارماییەك لە پەرژینەکە نزیك دەبێتەوە، هەناسەی خۆی کپکرد، چونکە هەستی کرد کە لێدانی دڵی وەکو گرمە دەبیسترێت، تارماییەکە نزیك دەبووەوە و بە قالدرمەکەدا سەردەکەوت، دەشێ جەبەلاوی خۆی بێت، دەشێ بەسەر تاوانەکەیەوە دەستگیری بکات، وەکو ئەدهەمی دەستگیرکرد نزیکەی هەر لە هەمانکاتدا، تارماییەکە گەیشتە تەختی پەرژینەکە لە دووریی دوو باڵ لە حەشارگاکەیەوە جەبەلاوی ڕۆیی بۆ لایەکی دیکەی پەرژینەکە و لەسەر شتێ ڕاکشا کە لە شێوەی نوێن بوو. شڵەژاوییەکە کەم بووەوە و بەدوای خۆیەوە ماندوویی بەجێهێشت، دەشێ تارماییەکە یەکێك بێت لە خزمەتکارەکان و چوو بۆ ئاودەست و گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی و ئەوەتا پرخەی بەرزبووەوە. هەندێ جورئەتی هاتەوە و دەستی درێژکرد بۆ دەسکەکە و لەسەرەخۆ سووڕی دا و پاڵی نا بە دەرگاکەوە تائەوەندە کرایەوە کە جێگای لێدەبووەوە، پاشان کشا بۆ ژوورەوە و بەدوای خۆیەوە دەرگاکەی داخست، خۆی لە تاریکییەکی ئەنگوستەچاودا بینییەوە، لەبەردەمی دەستی گێڕا تا دەستی کەوت لە یەکەم پلیکانەی پەیژەکە و بەسووکی هەوا سەرکەوت، گەیشتە بەرهەیوانێکی درێژ کە بە چرایەك ڕووناك بوو لە کلاوڕۆژنەکەی دیوارەکەدا، بەلای ڕاستەوە بۆ ژوورەوە پێچی دەکردەوە، درێژ دەبێتەوە بەلای چەپەوە بە پانی خانووەکە. لە ناوەڕاستی دەرگای داخراوی ژووری نووستنەکەیدا، لەو پێچە (ئومەیمە) وەستابوو، لەو شوێنەیدا ئەدهەم دەرپەڕی، ئەویش ئەوەتا بەدوای هەمان شتدا دەڕوات، ترس لە سنگیدا پەنگی خواردەوە. بانگی ئیرادە و جورئەتی خۆی کرد، مایەی گاڵتەجاڕییە ئەگەر بگەڕێیتەوە، لەوانەیە لەهەر ساتێکدا خزمەتکارێك پەیدا بێت، لەوانەیە لە شێتییەکەی بەئاگابێتەوە کاتێك دەستێك لە شانی دەگرێت، باشتروایە پەلە بکات، لەسەر نووکی پەنجەکانی بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت، دەستە درەوشاوەکەی سووڕدا و لە دەستیدا سووڕی خوارد، پاڵینا بە دەرگاکەوە و لەسەرخۆ کرایەوە، پاشان چووە ژوورەوە و لە دوای

خۆیەوە دەرگاکەی داخست، پشتیدا بە دەرگاکەوە لە تاریکییەکەدا و هیچی تێدا نەدەبینی و بە وریاییەوە هەناسەی دەدا وەکو بڵێی گومانی لە هەناسەکانی خۆی هەبوو، بێهوودە هەوڵیدا شتێك ببینێت، دوای تۆزێك بۆنی خۆشی مەخوری بۆنکرد و دڵی پڕ لە نیگەرانی و خەمێکی نامۆ بوو، نەیزانی هۆکەی چییە و گومانی لەوە نەبوو کە لە ژووری نووستنەکەی جەبەلاویە.

تا کەی ئاشنای تاریکیی دەبێت؟ چۆنیش خودە پەرشوبڵاوەکەی خۆی کۆدەکاتەوە؟ کێ لەمەوبەر ئەم هەڵوێستەی ئەو وەستاوە؟ چۆن هەست دەکات کە ئەو بۆ ناو چڵپاو هەرەس دەهێنێت ئەگەر دەستگیری هەموو هێز و عەزم و جورئەتی خۆی نەبێت! پەیمانی دایە خۆی بە لە ناوچوون ئەگەر بۆ هەر جوڵانەوەیەك حسابی ورد نەکات، هەورەکانی بیرکەوتەوە کە لە ڕێکردنیاندا وێنەی سەیریان بۆ دەکێشێت بە شێوەیەکی خۆڕسك، چیایەك دروست دەکات چۆن گۆڕێك وێنا دەکات، پەنجەی دا لە دیوارەکە و کردی بە ڕێنماییەك و بە چەمانەوە لە هاوشانی ڕۆیشت تا شانی بەر کورسییەك کەوت، بەڵام جوڵەیەکی کتوپڕ لە سووچێکی دووری ژوورەکەوە هات و دەمارەکانی وشك بوون. لەدوای کورسییەکەوە وشك بوو، چاوی بڕییە ئەو دەرگایەی کە لێوەی هاتە ژوورەوە. گوێی لە سووکە دەنگی پێ و خشەخشی جلوبەرگ بوو، پێشبینی ئەوەی کرد ڕووناکی بکەوێتە تاریکییەکە و جەبەلاوی ببینێت لە بەرامبەری وەستاوە، ئەوسا لەبەر پێیدا کڕنۆشی بۆ دەبات و داوای بەزەیی لێدەکات و پێی دەڵێت من نەوەی تۆم، باوکم نییە و ئامانجیشم تەنها چاکەیە، چیم لێدەکەیت بیکە. سەرەڕای تاریکییەکە تارماییەکی دەبینی لە دەرگاکە نزیك دەبێتەوە، دەرگاکەی بینی لەسەرخۆ دەکرایەوە و ڕووناکیی هۆڵەکەی دەرەوە بۆ پشتەوەی دەڕژا، تارماییەکە دەرچووە دەرەوە و دەرگاکەی بە کراوەیی بەجێهێشت و بەرە و لای ڕاست ڕۆیشت لەبەر ڕووناکیی چراکە دەرەوەی بەدیکرد، پیرەمێردێکی ڕەش بوو، سەروچاو لاواز و درێژ بوو، بە شێوەی ناکرێت لەبیربچێتەوە، دەبێت خزمەتکار بێت؟ ئایا ئەم ژوورە شوێنی خزمەتکارەکان بێت؟ لەلای کورسییەکەوە سەیری ئەو شوێنەی کرد بۆئەوەی لەبەر ئەو ڕووناکییە کزەدا بیبینێت کە لە دەرگاکەوە هاتەژوورەوە، تارمایی کورسی و قەنەفەکانی جیاکردەوە، لەپێشەوە نوێنێکی گەورەی بینی چارپایە و کوللەی هەبوو، لە خواری ئەوەوە نوێنێکی بچووك بوو، لەوانەیە ئەوە بێت کە پیرەمێردەکە جێیهێشتبوو، ئەم نوێنە گەورەیە دەبێت تەنها هی جەبەلاوی بێت، ئێستا ئەو لەوێ نووستووە بێئەوەی بە تاوانەکەی بزانێت،



چەند حەزی لێبوو کە سەیرێکی بکات، ئەگەر لە دووریشەوە بێت، ئەگەر ئەو دەرگا کراوەیە نەبێت کە دەگمەن کەسی لێ دەچێتە دەرەوە، تەماشای لای چەپی کرد وێنەی دەرگای خەڵوەتگەکەی بینی کە داخرابوو لەسەر نهێنییەکی ترسناك، لە کۆنەوە ئەدهەم ئاوها سەیری کردبوو بەڕەحمەت بێت. لەپشتی کورسییەکانە و خشکەی بۆ کرد و جەبەلاویشی لەبیر نەما تا گەیشتە خواری دەرگا بچووکەکە، نەیتوانی بەرگریی ئەو فریودانە بکات.

بۆیە دەستی هەڵبڕی تا پەنجەی خستە ناو کونی کلیلەکەوە پاشان پاڵی پێوەنا بۆ خوارەوە و بۆ لای خۆی ڕایکێشا و بەدەستییەوە هات، لەپڕێکدا وروژان و هەستکردنی بە سەرکەوتن بۆ هات و دڵی دەلەرزی. ڕووناکییە کزەکە نەما و جارێکی دیکە ژوورەکە نووقمی تاریکیی بوو. جارێکی دیکە گوێی لە دەنگی سووکی پێیەکان بوو، پاشان تەقەتەقی نوێنەکە کە نیشانەی هاتنەوەی ڕاکێشان بوو، دواجار بێدەنگیی باڵی کێشا، بەسەبرەوە چاوەڕێی کرد تا پیرەمێردەکە بخەوێت. سەیری نوێنە گەورەکەی کرد، بەڵام هیچی نەبینی، پێی وابوو بەر لەوە پیرەمێردەکە بەئاگا دێتەوە و دنیا پڕ دەکات لە قیژە و هاوار و پاشانیش ماڵئاواییکردنە، بەڵام هەستی کرد کتێبێکی ترسناکە و مەرجەکانی وەقفەکە و ئایەتاتی سیحری تێدایە کە باپیرەی پێی دەستەڵاتی گرتووە بەسەر چۆڵەوانییەکە و خەڵکدا لە سەرەتای زەمانەدا... هیچ کەس بەر لەوە پێی وانەبووە کە ئەو کتێبە کتێبی سیحرە، چونکە کەس بەر لەو ئیشی لەسەر سیحر نەکردبوو، دەستی هەڵبڕیوە و پەنجەی تێدەخات و دەرگاکە ڕادەکێشێت. پاشان خشەی کرد و لەدوای خۆیەوە دایخست، بە وریاییەوە وەستا و بەقووڵیی هەناسەی هەڵدەکێشا، بۆئەوەی تۆزێك ئیسراحەت بە مێشکە ماندووەکەی بدات، بۆچی جەبەلاوی نهێنی کتێبەکەی لە کوڕەکانی خۆی شاردەوە؟ تەنانەت لە خۆشەویسترینیان کە ئەدهەم بوو، بێگومان لێرەدا نهێنییەك هەیە و دوای چەند چرکەیەك ئەو نهێنییە ئاشکرا دەبێت، لەدوای هەڵکردنی مۆمەکە هەر لە کۆنیشەوە ئەدهەم مۆمی هەڵکردووە، ئەوەتا باوکە نەزانراوەکەیش جارێکی دیکە و لە هەمان هەڵوێستدا مۆم هەڵدەکات، ئیدی بۆ هەتا هەتایە ڕەبابەکە گۆرانی پێوە دەڵێت. مۆمەکەی هەڵگرت دووچاوی بینی کە تێی دەڕوانن، سەرەڕایی حەپەسانەکەی هەستی کرد ئەو جووتە چاوە هی پیرەمێردە ڕەشەکەیە کە لەسەر نوێنەکە ڕاکشاوە بەرامبەر بە ناوەوە. سەرەڕای حەپەسان و ترسەکەی دیاربوو پیرەمێردەکە هەوڵ دەدات کە لە لەخۆچوونی

نێوان خەو و بەئاگاهاتنەوە دەرچێتە دەرەوە، کە لەوانەیە دەنگی لێدانی دەنکە شقارتەکە دروستی کردبێت، بە جووڵەیەکی نائیرادیی و ناهەستیی پەلاماری داو دەستی گرت و بە قاچی کێشای بەسکییەوە و هێزی خۆی لەسەر گرتنی ملی زیاد کرد، مۆمەکەی لای چەپی کەوتە خوارەوە و کوژایەوە و تاریکیی باڵی کێشا و لە تاریکییەکەدا پیرەمێردەکە دوا جووڵە لە ناخییەوە جووڵا و پاشان خپ بوو، بەڵام دەستە شێتەکەی دەستبەرداری گوشین نەدەبوو تا پەنجەکانی شل بوون بە هەناسەبڕکێوە تا پشتی نووسا بە دەرگاکەوە، چەند چرکەیەك تێپەڕی و ئەو لە دۆزەخی ئەشکەنجەیەکی بێدەنگدا بوو، هەستی کرد هێزی تێدانامێنێت و زەمەن لە گوناهەکانی قورستر بووە. دەکەوێتە زەوی یان بەسەر تەرمی قوربانییەکدا ئەگەر بەسەر بێتاقەتی خۆیدا زاڵ نەبێت. ڕاکردن بانگی لێکرد وەکو هێزێك کە لەمەوبەر نەیدیوە. نەیتوانی بەسەر تەرمەکەدا بۆ کتێبێکی شوێنەواریی بازدات، کتێبێکی شووم، نە ئازایەتی ئەوەیشی هەیە کە سەرلەنوێ مۆمەکە هەڵکات، کوێریی لەوە لەلای خۆشترە، لە هەردوو مەچەکیدا هەستی بە ئازار کرد، لەوانەیە شوێنی نینۆکەکانی کابراکە بێت لە کاتی بەرگریکردنە بێ ئومێدییەکەیدا، لەشی بە ئەو بیرۆکەیە ڕاچەنی، تاوانەکەی ئەدهەم یاخیبوون بوو، بەڵام تاوانەکەی ئەم کوشتنە، کوشتنی -پیاوێك کە نایناسێت- و هۆی کوشتنەکەیش بە دەستی خۆی نازانێت. ئەو هات بەدوای هێزێکەوە کە دژ بە تاونباران پێی تێبکۆشێت و هەڵگەڕایەوە نەیزانی کە تاوانبارە. لە تاریکییەکەدا ڕووی کردە ئەو سووچەی کە پێی وابوو کتێبەکەی لێهەڵواسراوە. پاڵی نا بە دەرگاکەوە و چووە ژوورەوە و لەدوای خۆیەوە دەرگاکەی داخست، لە هاوشانی دیوارەکە بە خشکە بەرە و دەرگاکە ڕۆیشت، لەپشتی دواکورسییەوە چاوەڕێ بوو، لەم ماڵەدا جگە لە خزمەتکار زیاتر هیچ نابینێت ئەی کوا ئاغاکەی؟ ئەم تاوانە بۆ هەتا هەتایە دەکەوێتە بەینیانەوە، لە ناخیەوە هەستی بەنائومێدیی و شکست کرد، دەرگاکەی بە هێواشی کردەوە، ڕووناکییەکە چاوی لێڵکرد، هەستی کرد کە غەڵبەغەڵبێکی بە ژاوەژاو لەبەر ڕووناکییەکی درەوشاوەدا پەلاماری دەدا. دەرگاکەی داخست و لەسەر نووکی پەنجەکانی دەرۆیشت و لەسەر پەیژەکە لە تاریکییە ئەنگوستەچاوەکەدا چووە خوارەوە و پەرژینەکەی ڕەتکرد بۆ باخچەکە، وریابوونەکەی لە ماندووبوون و خەمەکەی کەمردەوە، ئەوەی لەلای پەرژینەکە نووستووە، بە ئاگادێتەوە و دەپرسێت: ((کێیە))! عەرەفە خۆی نووساند بە دیوارەکەی خوار پەرژینەکەوە و ترسەکە هێزێکی پێ بەخشی، جارێکی دیکە دەنگەکە



بانگی کرد و پشیلەیەك بە میاواندنەکەی وەڵامیدایەوە، لە حەشارگەکەی خۆی مایەوە و دەترسا بەلای تاونێکی نوێدا بڕوات، هەر کە بێدەنگییەکەی جێگیر بوو، بەخشکە لەسەر زەوی باخچەکەی پشتەوە ڕۆیشت تا شوورەکە، لەپێ کوتا بۆ شوێنی کونەکە تا دۆزییەوە، بەخشکە چۆن هاتبوو ئاوها خۆی پێداکرد، تا گەیشتە کۆتایی خەریك بوو خۆی بکێشێت بە قاچێکدا، قاچێك کێشای بەسەریدا و خێرا هاتەوە سەرخۆی...

## -١٠٢-

هەڵمەتی برد بۆ خاوەن قاچەکە، دەستەویەخە یەکانگیربوون، لە زۆرانێکدا زۆری نەخایاند، ئەویدیکە هاوارێکی دەردا و کەسایەتییەکەی ئاشکرا بۆ عەرەفە بەحەپەسانەوە وتی:

- حەنەش!

هاوکاربوون لە دەرچوون پێکەوە بۆ سەر زەوییەکە، حەنەش وتی:

ونبوونت درێژەی کێشا هاتمە ژوورەوە بۆئەوەی هەواڵت بزانم...

عەرەفە بە زۆر هەناسەی دەدا و وتی:

- وەکو عادەتی خۆت هەڵەت کرد، بەڵام بابڕۆین...

گەڕانەوە بۆ گەڕەکە لەخەو نووقمبووەکەدا، هەر کە عەواتف چاوی پێکەوت وتی:

- دەستت بشۆرە... خوایە... ئەم خوێنە چییە لەدەست و ملت دەڕوات!

داچەڵەکی، بەڵام وەڵامی نەدایەوە و ڕۆیشت دەست و سەرچاوی بشوات و دەسبەجێ لە خۆی چوو. دوای تۆزێك بەیارمەتی عەواتف و حەنەش هاتەوە سەرخۆی. لەسەر قەنەفەکە لەنێوانیان دانیشت و هەستی کرد کە خەو لە جەبەلاوی لێی دوورترە، بەرگەی هەڵگرتنی قورسای نهێنییەکەی بەتەنها ناگرێت، ئەوەی بۆ گێڕانەوە کە لە گەشتە سەیرەکەیدا چی بەسەرهاتووە، تەواو بوو، چاوەکان بەترس و نائومێدییەوە سەیریان دەکرد و عەواتف چپاندی:

- یەکەم جار من دژی ئەو بیرۆکەیە بووم...

بەڵام حەنەش بەمەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەریی ڕووداوەکە وتی:

- ناکرێت لە تاوانی ئاوها خۆت دووربخەیتەوە.

عەرەفە بە غەمباری وتی:

- بەڵام ناشرینترە لە تاوانەکانی سەنتووری و هەموو شەقاوەکان...

حەنەش وتی:

- هەیهۆ ئەگەر گومانەکان ڕووەو تۆ بن...

- بەڵام پیرەمێردێکم کوشت هیچ تاوانێکی نەبوو، لەوانەیە ئەو خزمەتکارە بێت کە جەبەلاوی ناردبووی بۆلای قاسم!

ماوەیەك بێدەنگییەکی تاریك وەك و خەوزڕانێکی تاڵ دایگرتن تا عەواتف وتی:

- ئایە باشتر نییە بخەوین؟

عەرەفە وتی:

- هەردووکتان بخەون، بەڵام من ئەمشەو خەوم نییە.

جارێکی دیکە بێدەنگیی خۆی دا بەسەریاندا و حەنەش پرسیاری کرد!

- ئایا جەبەلاویت نەبینی یان گوێت لە دەنگی نەبووە.

بە دڵتەنگییەوە سەری بۆ لەقاند و وتی:

- نەخێر...

- بەڵام لە تاریکییدا نوێنەکەیت بینی.

- وەکو چۆن خانووەکەی دەبینین...

حەنەش بەحەسرەتەوە وتی:

- وامزانی دیارنەبوونت لە قسەکردندا لە گەڵی بەسەر بردووە...

- خەیاڵکردن لە دەرەوەی خانووەکە چەند ئاسانە...

عەواتف بە نیگەرانییەوە وتی:

- تۆ دەڵێی (تا)ت لێهاتووە باشتر وایە بخەویت.

- خەو لەکوێ بێت؟

بەڵام هەستی بەڕاستگۆیی قسەکەی کرد، تووشی گەرما بوو و حەپەسا. حەنەش بە حەسرەتەوە دیسان وتی:

- ماوەی باڵێك لە وەسیەتنامەکەوە دووربوویت، بەڵام سەیرت نەکرد!

سەروچاوی لە بەر ئازار گرژ بوو، حەنەش وتی:

- ئای کە گەشتێکی سەخت و دۆڕاو بوو...

- بەڵێ...



پاشان بە نەبرەیەکی توندی نوێیەوە:

- بەڵام فێری کردم کە نابێت پشت بە هیچ ببەستین جگە لەو سیحرە نەبێت کە لەبەر دەستماندایە. ئایا پێت وانییە کە سەرچڵیم کردووە بە گەشتێکی شێتانەوە بەدوای بیرۆکەیەکەوە، لەوانەیە دوورتر بێت لەوەی کە پێموابوو...؟!

- بەڵێ، جگە لە تۆ کەسێکی دیکە نەیوتووە کە کتێبە بەناوبانگەکەی کتێبی سیحرە...

عەرەفە دیاربوو کە لەمەوبەر زیاتر تووشی حاڵەتی شڵەژانی ئەقڵ و دەروون بووە، بۆیە وتی:

- ئەزموونی بتڵەکە سەرکەوتوو دەبێت، نزیکتر لەوەی کە بۆی دەچیت و زۆر بەسوودە، ئەگەر پێویستیمان هەبوو بە بەرگریکردن لە خۆمان.

بێدەنگییەکی ترسناك مژدەی هاتنەوەی دا، حەنەش وتی:

- خۆزگە بەسیحر دەتزانی کەبتوانی بگەیتە خانووە گەورەکە و خاوەنەکەی بەبێ ئەو سەرچڵییە...

عەرەفە بە حەماسەوە وتی:

- سیحر کۆتایی نییە، ئەمڕۆ هیچم لەبەردەستدا نییە، جگە هەندێ داودەرمان و پرۆژەی بتڵەکە نەبێت بۆ بەرگریکردن، یان هێرشبردن، بەڵام ئەوەی بتوانێت هەبێت خەیاڵ دەوری نەداوە...

عەواتف بەبێزارییەوە وتی:

- نەدەبوو هەرگیز بیرت لەو سەرچڵییە بکردبایەوە، باپیرەمان لە دنیایەکە و ئێمەش لە دنیایەکین، بە قسەکردن لەگەڵیدا هیچت دەست نەدەکەوت ئەگەر ڕووی بدایە، دەشێ وەقفەکە و بەڕێوەبەرایەتییەکە و شەقاوەکان و نەوەکانی و گەڕەکەکەی بیرچووبێتەوە...

عەرەفە بەبێ هۆیەکی نادیار تووڕە بوو، بەڵام حاڵەتەکە و پرپییەکەی پاکانە بۆ هەموو نامۆیەك دەکات، بەتوندیی وتی:

- ئەم گەڕەکە لەخۆباییە نەفامە، چی لە مەسەلەکە دەزانێت؟ هیچ، جگە حیکایاتەکان و ڕەبابە هیچی دیکەی نییە، هەیهۆ ئەگەر کاربکەیت بەوەی کە دەیبیستین، واهەست دەکەن کە گەڕەکەکەیان ناو جەرگەی دنیایە، تەنها داڵدەی بەڵتەجی و

سوالکەرە، لە سەرەتاوە مۆڵگەی چۆڵ بوو بۆ مۆرانەکان. تا باپیرە خاوەن وەقفەکەتان هات و لەوێ نیشتەجێ بوو.

حەنەش داچڵەکی، عەواتفیش پەڕۆیەکی تەڕکرد و خستییە سەر ناوچەوانی، بەڵام بەتووندیی دەستی دوورخستەوە و وتی:

- ئەوەی من هەمە کەس نییەتی، نە جەبەلاویش، سیحرم هەیە، ئەوەی کە جەبەل و ڕەفاعە و قاسم نەیانتوانی بیکەن پێکەوە بۆ گەڕەکەکەمان ئەوە بەدیدەهێنێت.

عەواتف بە پاڕانەوەوە وتی:

- کەی دەخەویت؟

- کاتێ ئەو ئاگرەی لەسەرم دایە دامرکێتەوە...

حەنەش بە بەزەییەوە ورتەورتێکی کرد:

- خەریکە بەیانی دادێت...

عەرەفە وتی:

- بابەیان بدات، بەیان نادات تا سیحر هەموو شەقاوەکان لەناودەبات و دەروونەکان لە عفریتەکانیان پاك دەکاتەوە و خێروبێر دەهێنێت، کە وەقفەکە لە بەشێکی دەستەوسانە!

دەبێتە ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئەدهەم خەوی پێوە دەبینی...

لەناخەوە هەناسەی هەڵکێشا، پاشان بەماندوویی سەری دا بەدیوارەکەوە و عەواتف ئاواتی ئەوە بوو کە دوای ئەوە خەو بیباتەوە. ئەوە بوو دەنگێك بێدەنگییەکەی هەژان و بەتووندیی دەروونەکانی ڕاتەکاند، دوای ئەوە دەنگی هاتوهاوار و گریان دەهات، عەرەفە بەرزەپێ ڕاپەڕی بەترسەوە وتی:

- تەرمی خزمەت کارەکە دۆزرایەوە.

عەواتف بە گەروویەکی وشکەوە وتی:

- چوزانی ئەو دەنگانە لە خانووە گەورەکەوە دێن؟

عەرەفە ڕایکرد بۆ دەرەوە و ئەوانیش دوای کەوتن، لەبەردەم سەرا گەورەکە وەستان و ڕوویان کردە خانووە گەورەکە. دواتاریکی نیشانەکانی بەیانی دەردەخست، پەنجەرەکان کرانەوە و سەرەکان لێیان دەرکەوتن، هەموویان ڕوویان کردە خانووە گەورەکە، پیاوێك لەوپەڕی گەڕەکەکەوە بەڕاکردن بەرەو جەمالیە دەڕۆیشت، هەر کە بەلایاندا ڕەت بوو، عەرەفە لێی پرسی:



- ئەرێ مامە چی ڕوویداوە؟

بەبێ وەستان وەڵامیدایەوە:

- خوا ئیشی هەیە، جەبەلاوی دوای تەمەنێکی درێژ مرد!

## -١٠٣-

هەرسێکیان گەڕانەوە بۆ هەیوانەکە، عەرەفە خەریك بوو خۆی بەپێوە نەدەگرت و کەوتە سەر قەنەفەکە و دەیوت:

- ئەو پیاوەی کوشتم خزمەت کارێکی ڕەشی بەدفەساڵ بوو، لە خەڵوەتگەکەدا نوستبوو.

کەسیان نقەیان نەکرد، چاویان بڕیبە زەوییەکە و سەربڕی چاوە زەقەکانی ئەویان نەکرد و بەتووندیی وتی:

- دەبینم کە بڕوا ناکەن! سوێندتان بۆ دەخۆم کە لە نوێنەکەی نزیك نەبوومەوە.

حەنەش زۆر دوودڵ بوو، بەڵام هەستی کرد کە قسەکردن بە هەرحاڵ باشترە لەوەی کە لێی بگەڕێی بێدەنگ بێت بە وریایی، وتی:

- لەوانەیە لەبەر زۆر کتوپڕییەکە سەروچاویت بەدی نەکردبێت؟

بەبێ ئومێدیی وتی:

- هەرگیز، تۆ لەگەڵمدا نەبوویت!

عەواتف بە ترسەوە چرپاندی:

- دەنگت نزمکە...

بەڕاکردن بەجێی هێشتن و چوو بۆ ژووری پشتەوە، لە تاریکییەکەدا دانیشت و بە شڵەژانەوە دەلەرزی. چ شێتیکە پاڵی پێوەنا بۆ ئەم گەشتە شوومە! بەڵێ گەشتێکی شووم بوو. زەوی ڕاپێچی دەکات و لەناخییەوە خەمەکانی دەردەدات. هیچ هیوایەکی نییە جگە ئەم ژوورە سەیرە نەبێت. یەکەم تیشکی خۆر کەوت، هەموو خەڵکی لەدەرەوە لەدەوری خانووەکە کۆببوونەوە، هەواڵ دزەیان کرد و بڵاوبوونەوە، خەڵك ئەوەیان دەوت کە دز خانووە گەورەکەی دزیوە لەڕێگای توونێلێك کە لەژێر شوورەی دواوە هەڵکەنراوە، خزمەتکارێکی دەسپاکیان کوشتووە، کاتێ جەبەلاوی بە هەواڵەکە دەزانێت، زۆر دڵگران دەبێت و تەندرووستییە بێهێزەکەی لەو تەمەنە هەڵچووەدا بەرگەی ناگرێت و گیانی دەردەچێت،

خودەکان لە تووڕەییدا ورووژان، تا دووکەڵە ڕەشەکەی فرمێسك و هاوارەکانی داپۆشی.
عەرەفە هەر کە هەواڵەکەی پێگەیشت بە ژنەکەی و حەنەشی وت:

- ئەوەتا هەواڵەکان بڕوام پێدەکەن.

پاشان بە هەرحاڵێك بێت بیریکەوتەوە کە بووە هۆی مەرگی و پەنای بردە بەر بێدەنگی و شەرم و ئازار. عەواتف هیچی نەدۆزییەوە بیڵێت، بۆیە ورتەورتێکی کرد:

- خوای لێ خۆشبێت...

حەنەش وتی:

- کەم تەمەن نەمردووە!

عەرەفە بە نەبرەی خەمبارییی ڕەبابەوە وتی:

- بەڵام من هۆی مردنی بووم! نەك نەوە شەڕەنگێزەکانی دیکەی کە زۆرن!

عەواتف دەستی بە گریان کرد و دەیوت:

- ڕۆیشت بە دەروونێکی بێ غەلوغەشەوە.

حەنەش بە نیگەرانییەوە وتی:

- نابێت نەیەنە سەرمان؟

عەواتف وتی:

- با ڕابکەین.

عەرەفە بەرقەوە ئاماژەی بۆ کرد و وتی:

- بەمەیش ڕووناکترین بەڵگە دەدەینە دەستەوە بۆ تاوانەکەمان!

لە ڕێگا قەرەباڵغەکەوە دەنگی بەیەکاچوو دەهاتە گوێ:

- دەبێت تاونبارەکە بکوژرێت بەرلەوەی پیاوەکە بە خاك بسپێردرێت.

- کە نەوەیەکی نەعلەتییە لە گەڕەکەکەماندا، تەنانەت شەڕەنگێزە گەورەکانیش بە درێژایی ڕابردوومان ڕێزیان لەو خانووە گرتووە، تەنانەت ئیدریسیش، تا ڕۆژی قیامەت بەنەعلەت بن...

- بکوژەکان لە گەڕەکی خۆمان نین، کێ بۆ ئەوە دەچوو!

- هەموو شتێك دەزانرێت...

- با تا ڕۆژی قیامەت نەعلەتمان لێ بێت.

لە خۆدان و شیوەن توند بوو، تا ئەعسابی حەنەش هەرەسیهێنا و وتی:



- لەمرۆ بەدواوە چۆن لە گەڕەکەکەدا بمێنینەوە...

خێڵی جەبەل پێشنیازیان کرد کە جەبەلاوی لە گوردستانەکەی جەبەل بە خاك بسپێردرێت، پێیانوابوو لەلایەکەوە کە ئەوان وەکو ڕەچەڵەك لەوانی دیکە نزیکترن، چونکە ڕقیان لەوەبوو لەو گۆڕستانە بنێژرێت کە ئیدریسی لێیە و ئێسك و پروسکی خانەوادەی خاوەن وەقفەکەی لێیە لەلایەکەوە. خێڵی ڕەفاعە داوایان کرد لەو گۆڕستانە بنێژرێت کە تێیدا ڕەفاعەی بەدەستی خۆی بەخاك سپاردووە. خێڵی قاسم وتیان کە قاسم باشترین نەوەی وەقفەکەیە، گۆڕەکەی ئەو باشترین گۆڕە بۆ تەرمی باپیرە مەزنەکەی.

خەریك بوو فیتنەیەك لە گەڕەکەکەدا دروست بێت و بۆ پیاوەکە بنێژرێت!

بەڵام قەدری بەڕێوەبەر ڕایگەیاند کە جەبەلاوی لەو مزگەوتە بەخاك دەسپێردرێت کە لە شوێنی وەقفە کۆنەکە لە خانووە گەورەکەدا دروست کرابوو، ئەم ڕێگاچارەیە ئاسودەییەکی بەرچاوی گشتیی بەخشی، گەرچی خەڵکی گەڕەکەکە بەداخ بوون بۆ بێبەشبوونیان لە بینینی پیاوەکە لە ژیاندا. خێڵی ڕەفاعە بەخۆشییەوە چپەچپیان بوو کە جەبەلاوی لەوگۆڕەدا دەنێژرێت کە ڕەفاعەی بەدەستی خۆی تێدا بە خاك سپارد، بەڵام هیچ یەکێك جگە لەوان بڕوای بەو حیکایەتە کۆنە نەبوو، گاڵتەیان پێدەکردن، تا عەجاج شەقاوەکەیان خرۆشا و خەریك بوو لەگەڵ سەنتووری دەستەویەخەبن. ئەوسا سەعدوڵڵا ڕووبەڕووی هەمووان بووەوە و بە هەڕەشەوگوڕەشەوە بانگی کرد:

- سەری هەرکەسێك دەشکێنم فیز لێدات و هەوڵبدات کەمڕێزیی بکات بەم ڕۆژە غەمبارە.

تەنها خزمەتکارە نزیکەکان شۆردنەکەیان بینی، هەر ئەوانیش کفنیان کرد و خستیانە سەرداری مەیتەکەوە، دارەمەیتەکەیان هەڵگرت بۆ دالانە گەورەکە، کە ترسناکترین ڕووداوەکانی بنەماڵەکەی بینیبوو، وەکو سپاردنی بەڕێوەبەرایەتییەکە بە ئەدهەم و شۆڕەشەکەی ئیدریس دژ بەو. پاشان بەڕێوەبەر و سەرانی جەبەل و ڕەفاعە و قاسم بانگکران بۆ نوێژکردن لەسەری، پاشان خستییانە گۆڕەکەیەوە و خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو. لە ئێوارەدا هەموو کوڕانی گەڕەك چوون بۆ کەپرەکان و عەرەفە و حەنەش لە خێڵی ڕەفاعە ڕۆیشتن بۆ ئەوێ. سەروچاوی عەرەفە دیار بوو کە تامی خەوی نەکردبوو، لەوەتەی ئەو تاوانەی کردبوو وەکو سەروچاوێکی مردوو وابوو. خەڵکی هیچ قسەیەکیان نەبوو جگە لە سەروەرییەکانی جەبەلاوی نەبێت. بەزێنەری چۆڵەوانییەکە و پیاوی پیاوان و هێمای هێز

و ئازایەتی، خاوەنی وەقفەکە و گەڕەك و باوکی یەکەمی نەوە یەك لەدوای یەکەکان. عەرەفە خەمبار دیاربوو، بەڵام بەخۆی نەدەزانی و بە مێشکی کەسیشدا نەدەهات. ئەوەی کە پەلاماری خانووەکەی دا، گوێی نەدا بە گەورەیی ئەو، دڵنیا نەبوو لە بوونی باپیرەی تەنها لە مردنیدا نەبێت. کە لە هەمووان لایدا و بۆ هەتا هەتایە دەستی خۆی پیس کرد و پرسی چۆن تەکفیری ئەم تاوانە بکات؟ هەموو سەروەرییەکانی جەبەل و ڕەفاعە و قاسم بەش ناکەن، خۆتووشکردن بۆ هەموو تالوکەیەك بەس نییە. فێرکردنی هەموو کەسێك بە سیحر و هونەرەکانی و سوودەکانی بەس نییە. تەنها شتێك بەسە ئەویش ئەوەیە کە سیحر بگەڕێنێتە ڕادەیەك بتوانێت جەبەلاوی بگەڕێنێتەوە بۆ ژیان! جەبەلاوی کە لە بینینی ئاسانتر بوو لە کوشتنی، ڕۆژان هێزی دەدەنێ کە برینە خوێن لەبەر ڕۆیشتووەکەی تیمار بکات کە لە دڵیدایە، ئەو شەقاوانە خاوەنی فرمێسکی درۆن، بەڵام ئای دواجاریش ئای کەستان وەکو ئەو گوناهی نەکردووە. شەقاوەکان بە مۆنیی دانیشتبوون، سەرشۆڕیی و دەستەوسانی سواری کۆڵیان ببوو، دەوترێت کە جەبەلاوی لە خانووەکەی خۆی کوژرا و لەدەوریشی شەقاوە گەورە حەشیشەخۆرەکان بوون، بۆیە نیگاکانیان هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە دەکەن. وەیل و مەرگ لە چاوانیاندا دیارن، کاتێك عەرەفە لە کۆتایی شەودا گەڕایەوە بۆ هەیوانەکە، عەواتفی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بە فریادڕەسێکی بێ ئومێدییەوە لێی پرسی:

-عەواتف، بەڕاشکاویی ڕای خۆتم پێ بڵێ، ئایا بە تاوانبارم دەبینی؟

بەنەرمی وتی:

- تۆ پیاوێکی باشیت، تۆ باشترین کەسی کە لە ژیاندا تووشی هاتبم، بەڵام لە هەموویان بەدبەختتریت...

چاوی نووقاند و وتی:

- کەس بەر لە من ئازاری نەنۆشیوە وەك من...

- بەڵێ... ئەوە دەزانم...

بە دوو لێوی ساردەوە ماچی کرد و چپاندی:

- دەترسێم بەر لەعنەت کەوین...

ڕووی لێوەرگێڕا و حەنەش وتی:



- دڵنیا نیم، ئەمڕۆ یان سبەی مەسەلەکەمان ئاشکرا دەبێت، پێم وانییە هەموو شتێکی لە بارەی جەبەلاویەوە بزانرێت، ڕەچەڵەکی، وەقفەکەی، سەربردەی لەگەڵ کوڕەکانیدا، پەیوەندییەکانی بە جەبەل و ڕەفاعە و قاسمەوە، تەنها مەرگی نازانێت.

عەرەفە بە دڵتەنگییەوە فوی کرد و پرسی:

- ئایا جگە لە ڕاکردن ڕێگاچارەیەکی دیکە هەیە؟

حەنەش بێدەنگ بوو، ئەوی دیکە وتییەوە:

- بەڵام پلانێکم هەیە، بەڵام دەبێت لە خۆم دڵنیابم بەرلەوەی دەست بکەم بە جێبەجێکردنی، چونکە ناتوانم کار بکەم ئەگەر تاوانبارم...

حەنەش بە ساردیی وتی:

- حەنەش کاردەکەم، لێمان مەترسە، گەڕەکەکە بە ڕووداوەکانەوە خەریك دەبێت، نەك تاوانە گەورەکە، سەیروسەمەرە ڕوودەدەن. لوتکەی سەیروسەمەرەکانیش ئەوە دەبێت کە جەبەلاوی دەگەڕێتەوە بۆ ژیان.

عەواتف ئاهێکی هەڵکێشا، حەنەش بە چارەگرژییەوە وتی:

- ئایا شێت بوویت؟

بە دەنگێکی تێگرتووی وتی:

- قسەیەك لە باپیرەمانەوە نەوە باشەکانی هاندەدا بۆ کارکردن تا مردن، مردنی بە هێزترە لە وشەکانی، کوڕی باشیش لە سەریەتی کە هەموو شتێ بکات، جێگای بگرێتەوە، ببێتە ئەو، تێگەیشتی؟!

-١٠٤-

عەرەفە خۆی ئامادەکرد لە هەیوانەکە بچێتەدەرەوە دوای ئەوەی دوا دەنگ لە گەڕەکەکە کپ بوو، عەواتف بە دوو چاوی سووری گریاناوییەوە گەیاندییە دالانەکە. بە خۆبەدەستەوەدانێکی بێ چارەوە وتی:

- خوا ئاگادارت بێت...

بەڵام حەنەش بەسووربوونەوە پرسی:

- بۆچی لەگەڵتا نەیەم؟!

عەرەفە وتی:

- ڕاکردن بۆ یەکێ باشترە لە هەردووکمان.

سەری بەڕەزامەندییەوە لەقاند و ڕۆیشت. تەماشایەکی گەڕەکە لە تاریکیی نووقمبووەکەی کرد و پاشان بەرەو جەمالیە ڕۆیشت. سووڕێکی گەورە سووڕێکی خوارد، گەڕەکی شەمشەمەکوێرەکان و دەڕاسە و چۆڵەوانییەکەی پشتی خانووە گەورەکەی گرتەوە، تا گەیشتە شوورەی خانووەکەی سەعدوڵڵا کە دەڕوانێتە چۆڵەوانییەکە لەلای باکوورەوە، بەرەو شوێنێك ڕۆیشت لە ناوەڕاستی شوورەکە، دەستی دا لە زەوییەکە تابەردێکی دۆزییەوە و لایبرد پاشان خۆی کرد بە توونێلەکەدا، کە خۆی و حەنەش شەو لەدوای شەو هەڵیانکەندبوو، تا کۆتاییەکەی بە سکەخشکە ڕۆیشت، پاشان چارەسەری ئەو توێکڵە تەنکەی کرد کە داپپۆشیبوو، لێوەی چووەژوورەوە بۆ باخچەی خانووی شەقاوەکە، لەپشتی ژوورەکەدا خۆی مەڵاس دا و چاوێکی بەشوێنەکەدا گێڕاو لە خانووەکەدا پەنجەرەیەکی بەرچاوکەوت، داخرابوو، کز ڕووناکییەکی لێدەهاتە دەرەوە، بەڵام باخچەکە خەو و تاریکیی داپپۆشیبوو، تەنها ڕووناکیی پەنجەرەکەی بەڕێوبەرایەتییە نەخەوتووەکە نەبێت. لە بەڕێوەبەرایەتییەکەوە ناوە ناوە دەنگی بەدمەستی بێدارەکان و قاقایان دەهات. لە باخەڵییەوە خەنجەرێکی دەرهێنا و لەسەر پێ بوو، کاتیش وەکو گرانی گوناهەکانی بەڕێوە دەچوو، بەڵام کەپرەکە چۆڵ بوو بەر لەنیو سەعات بە گەیشتنی. دەرگاکەی کرایەوە و پیاوان یەك لەدوای یەك دەهاتنە دەرەوە بەرەو ئەو دەرگایەی دەرەوە کە دەچوو بۆ گەڕەکەکە، دەرگاوانەکە هات و چرایەکی بەدەستەوە بوو، دەرگاکەی داخست و دەرگاوانەکە گەڕایەوە و بەرەو پەرژینەکە پێش سەعدوڵڵا کەوتبوو، عەرەفە بە دەستی چەپی بەردێکی لە زەوی هەڵگرت و بە چەمانەوە دزەی کرد و خەنجەرەکە بە دەستی ڕاستییەوە بوو، پاشان لەپشتی دارخورمایەك خۆی مەڵاس دا، تا سەعدوڵڵا ویستی بە یەکەم پیلکانەی پەیژەکەدا سەرکەوێت، پەلاماریدا و خەنجەرەکەی کێشا بەسەر دڵیدا، پیاوەکە هاوارێکی لێ هەڵسا، پاشان لوولی خوارد، دەرگاوانەکە بەترسەوە ئاوڕیدایەوە، وەلێ بەردێك بەر چراکە کەوت و کوژایەوە و وردوخاش بوو، پاشان عەرەفە بەرەو ئەو شوورەیە ڕایکرد کە لێوەی هاتبوو. دەرگاوانەکە پڕبەدەنگ هاواری کرد، دەستبەجێ پێیەکان دەنگیان بەرزبووەوە و دەنگەکان تێکەڵ بوون لەناوەوە و لە کۆتایی باخچەکەدا، عەرەفە لەکاتی ڕاکردنیدا پێی هەڵکەوت لە کۆتێك وەکو بڵێی کۆتەرەی درەختێکی بڕاوەیە بەدەماکەوت، هەستی کرد ئازار لە قاچ و پاژنەیدا دەیهاڕێت، بەڵام بەسەر ئازارەکەیدا زاڵ بوو، پاشماوەی مەوداکەی بڕی



بەسکەخشکە بەرە و توونێلەکە، دەنگەکان بەرزبوونەوە و ترپەی پێیەکان توندتر بوون، خۆی فڕێدایە توونێلەکەوە خێرا تا چووە دەرەوە بۆ چۆڵەوانییەکە، بەدەم نووزەنووزەوە هەڵسا و پاشان بەرەو ڕۆژهەڵات ملی نا، بەرلەوەی لەگەڵ شوورەی خانووە گەورەکەدا بسووڕێتەوە، ئاوڕی لەدوای خۆی دایەوە، بینی چەند تارماییەك بەدوایەوە ئاژەنگ دەنێن و دەنگێك هاواری دەکرد (لێرەوە). سەرەڕای ئازارەکەی خێراییەکەی دوو هێندە کرد تا گەیشتە شوورەی پشتەوەی خانووە گەورەکە، هەر کە بۆشاییەکەی تێپەڕ کرد کە لەنێوان خانووە گەورەکە و ماڵی بەڕێوەبەردایە، چاوی بە ڕووناکییەك کەوت وەکو شاپلێتە وابوون و گوێی لە ژاوەژاو بوو، لە چۆڵەوانییەکە ئاژەنگی نا لەپشتی بازاڕەکەی موقەتەمەوە، هەستی کرد کە زوو یان درەنگ ئازارەکەی کۆڵی پێدەدات، ڕاونەرەکانیشی خەریکە نزیك دەبنەوە و دەنگیان بە هاتوهاوار لە کپییەکەدا بەرزدەبنەوە ((بیگرە... بفرە))، ئەوسا بتڵەکەی لە باخەڵی دەرهێنا، ئەو بتڵەی کە چەند مانگێکی لە تاقیکردنەوەیدا بەسەربردبوو، پاشان لە ڕاکردن وەستا و ڕووبەڕووی هاتووەکانی پێشوازیی کرد، چاوی لاکەل کرد تا تارماییەکانیانی بەدیکرد پاشان بتڵەکەی تێگرتن، هەر تەنها چرکەیەك بوو بتڵەکە تەقییەوە و لەمەوبەر هیچ گوێیەك تەقینەوەی وەهای نەبیستووە، قیژە و ئاهوهۆییەك لەدوای یەك بەرزبوونەوە، لە ڕاکردن بەردەوام بوو، پێیەکان لە ڕاوەدونانی وازیانهێنا، لە قەراغی چۆڵەوانییەکە بەسەر زەوییەکەدا کەوت و هەناسەبڕکێی بوو دەینالاند، بەدەم ئازار و دەستەوسانی بە تەنیا لەژێر ئەستێرەکاندا مایەوە، ئاوڕی لەدوای خۆی دایەوە جگە لە تاریکی و بێدەنگیی هیچی نەبینی، بە دەستی خوێنەکەی قاچی سڕییەوە و پاشان لە لمەکەدا وشکی کردەوە، هەستی کرد دەبێت بڕوات هەرچەندێ مەسەلەکە بەسەریدا بکەوێت، هەڵسا و خۆی دادایە سەر دەستەکانی و لەسەرەخۆ بەرەو دەڕاسە ڕۆیشت، لە سەرەتای دەڕاسەدا تارماییەکی بینی دەهات، بە وریایی و ترسەوە سەیری کرد، بەڵام هاتووەکە بەلایدا ڕەت بوو بێ ئەوەی ئاوڕی لێبداتەوە بۆ ئاسوودەیی هەناسەی هەڵکێشا. بەهەمان سووڕانەوە کە لێوەی هاتبوو گەڕایەوە. هەر کە لە گەڕەکی جەبەلاوی نزیکبووەوە، غەڵبەغەڵبێکی ناجۆر لە دوابەشی شەودا هاتە گوێی. تێکەڵەیەك لە دەنگی بەهاڕاو گریان و هاواری تووڕەیی و نوقڵانەی بەدکاریی لە تاریکییەکەدا پریشکی دەهاویشت. زۆر دوودڵ بوو پاشان لە هاوشانی دیوارەکان کەوتەڕێ. بە چاوێك لە سووچێکی گەڕەکەکەوە تەماشای کرد، خەڵکێکی زۆری بینی لەدواوە کۆبوونەوە لەنێوان خانووەکەی بەڕێوەبەر و

سەعدوڵڵادا، لە کاتێکدا گەڕەکی قاسم چۆڵ و تاریك دیاربوو. لە هاوشانی دیوارەکە دزەی کرد تا سەراکە ونی کرد. لەنێوان عەواتف و حەنەشدا پاڵکەوت، پاشان قاچە خوێناوییەکەی ئاشکرا کرد، عەواتف ترساو خێرا ڕۆیشت تا دەوری گۆزە پڕ ئاوەکە بهێنێ و دەستی کرد بە شۆرینی برینەکەی، ئەویش ڕانی دەبردە جیڕەوە بۆئەوەی هاواری ئازاری لێوە نەیەت، حەنەش یارمەتی دا و بە نیگەرانییەوە دەیوت:

- لەدەرەوە توڕەیی وەکو ئاگر گڕی گرتووە.

عەرەفە بە سەروچاوی گرژەوە لێی پرسی:

- لەبارەی تەقینەوەکەوە چییان وت:

- ئەوانەی کە تۆیان ڕاودەنا وەسفی ئەوەیان دەکرد کە کەس باوەڕی پێ ناکات، بەلام حەپەسان بەرامبەر ئەو برینانەی کە تووشی سەروچاو و گەردنەکان بوون، کە خەریکبوو حیکایەتی تەقینەوەکە کوشتنەکەی سەعدوڵڵای دادەپۆشی.

عەرەفە وتی:

- شەقاوەی گەڕەك کوژرا و سبەینێ دەبێتە ناکۆکی لەسەر جێگاکەی...!

پاشان تەماشای ژنەکەی کرد کە خەریکی تیمارکردنی برینەکەی بوو بە نەرمی وتی:

- خەریکە سەردەمی شەقاوەکان بەسەر دەچێت، یەکەمیشیان بکوژەکەی باوکتە.

بەلام ژنەکە وەڵامی نەدایەوە و چاوەکانی حەنەش بە نیگەرانییەوە دەدرەوشانەوە، پاشان عەرەفە لەبەر جەختی ئازارەکەی سەری خستە سەر دەستی خۆی...

-١٠٥-

لە بەیانی زوودا درا لە دەرگای هەیوانەکە، هەر کە عەواتف کردییەوە، مام یونسی دەرگاوانی ماڵی بەڕێوەبەری لەبەردەمیدا بینی. بە نەرمی سڵاوی لێکرد و داوای لێکرد بچێتە ژوورەوە، بەلام ئەو لە شوێنی خۆی نەجولا و وتی:

- جەنابی بەڕێوەبەر داوای مام عەرەفە دەکات بۆئەوەی چاوی پێ بکەوێت بۆ ڕاوێژێکی بەپەلە!

عەواتف ڕۆیشت بۆئەوەی عەرەفە ئاگادار بکاتەوە، بێ ئەوەی هیچ خۆشییەك ببینێت لەو بانگێشتکردنە بەرزە کە شایەنیەتی نەك لەم بار و زرووفەی پێوەی دەناڵاند.



ئەوەندەی پێ نەچوو عەرەفە هات و باشترین جلوبەرگی لەبەر کردبوو، دیشداشەیەکی سپی و کڵاوێکی نیتك نیتك و پێڵاوێکی پاکی لە پێ بوو، بەڵام خۆی دابووە سەر داردەستێکەوە لەبەر شەلینێکی کتوپڕی نەشاراوە، دەستی بە سڵاوکردنەوە هەڵبڕی و وتی:

- لە ئۆغرتدام.

دەرگاوانەکە ڕۆیشت و ئەویش دوای کەوت، خەمۆکیی گەڕەکەکەی سەرتاپا داگیرکردبوو. چاوەکان نیگەران بوون وەکو بڵێی دەیان پرسی بەترسەوە کە سبەی چ کارەساتگەلێك دەهێنێت. دەستەو تاقمی شەقاوەکان لە قاوەخانەکان کۆبوونەوە بۆ ڕاوێژکردن، لە کاتێکدا شەپۆڕ و گریان لە ماڵی سەعدوڵڵا نەدەبڕایەوە، لەدوای دەرگاوانەکەوە چووەژوورەوە بۆ ماڵی بەڕێوەبەر، لە ڕاڕەوێك ڕێیان کرد کە بە کەپرێکی یاسەمین سەری داپۆشرابوو تا گەیشتنە پەرژینەکە. خەیاڵی شێوەی لەیەکچوونی کرد لەنێوان ئەم خانووە و خانووە گەورەکەدا بینی کە زۆرە، تاپێی وابوو کە هیچ جیاوازییەك نییە تەنها پایەکانیان نەبێت.

بە ڕقەوە بە خۆی وت: ((لاسایی دەکەنەوە بەوەی سوودی خۆتانە، نەك بەوەی کە سوودی خەڵکە)). دەرگاوانەکە پێشی کەوت بۆئەوەی ڕووخسەتی بۆ بخوازێت، پاشان گەڕایەوە و ئاماژەی بۆ کرد بۆ بەردالانێکی گەورە، کە بینی بەڕێوەبەر قەدری لە شوێنێکی دوور دانیشتووە و چاوەڕێیەتی، لە دووریی گەزێکەوە لێوەی وەستا و بەڕێزەوە بۆی نوشتایەوە تا پشتی کۆم بووەوە، یەکەمجار واهاتە بەرچاوی کە باڵابەرز و لەش دامەزراو و سەروچاو گۆشتنە بە گۆشت و خوێن، هەر کە بزەی بۆی کرد بۆ وەڵامدانەوەی سڵاوەکەی زاری کرایەوە و دانە زەرد و پیسەکانی دەرخست، کە لەگەڵ بە شکۆیی دیمەنەکەیدا نەدەگونجا، ئاماژەی پێدا کە بەتەنیشتییەوە لە دیوەخانەکەی دانیشێت، بەڵام عەرەفە چوو بۆ نزیکترین کورسی و وتی:

- ببوورە جەنابی بەڕێوەبەر...

بەڵام بەڕێوەبەر سوور بوو لەسەر داواکارییەکەی ئاماژەی دا بە دیوانەکەی و بە لوتف و فەرماندانەوە پێکەوە وتی:

- لێرە... لێرە دانیشە...

هیچ هۆیەکی نەدۆزییەوە بۆ دانیشتن بە تەنیشتییەوە لەوپەڕی دیوەخانەکە و بە خۆی وت: بێگومان حاڵەتێکی نهێنییە! گومانەکەی لەجێی خۆی بوو هەر کە بینی

دەرگاوانەکە دەرگای بەردالآنەکە دادەخات، بە دۆخی دەستەوسان مایەوە بە بێدەنگیی و بەڕێوەبەریش بە هێمنی تەماشای دەکات، پاشان بەڕێوەبەر بە نەبرەیەکی هێمنی وەکو موناجاتەوە وتی:

- عەرەفە! بۆچی سەعدوڵڵات کوشت؟

چاو لەژێر چاودا مەیی و جمگەکانی تەقەتەقیان پێکەوت، هەموو شتێ سووڕایەوە و ئایندە بە ڕابردوو وەرگەڕا. بینی کابرا بە چاوێکی بڕوادارەوە تەماشای دەکات و گومانی لەوە نەبوو کە هەموو شتێك دەزانێت وەکو قەزا و قەدەر. پاشان مۆڵەتی پێ نەدا و بە هەندێ توندییەوە وتی:

- مەترسە، بۆچی پیاو دەکوژن ئەگەر وەها دەترسن؟ هەستی خۆت ڕاگرە بۆئەوەی بتوانیت وەڵام بدەیتەوە، بەڕاشکاویی پێم بڵێ بۆچی سەعدوڵڵات کوشت؟

ڕقی لە بێدەنگیی بووەوە و نەیدەزانی چی دەڵێت و وتی:

- ئاغام... من!

بەڕێوەبەر بەتووندیی وتی!

کوڕی ژنە چەپەڵەکە وا دەزانی وڕێنە دەکەم، یان بەبێ بەڵگە قسە دەکەم؟ وەڵامم بدەرەوە بۆچی کوشتت؟

لەسەر سووڕما و بێ ئومێدیدا وڵجروڵجڕ دەبوو، بە جوڵەیەکی بێ واتاوە چاوی گێڕا بە سەرجەم ساڵۆنەکەدا، بەڕێوەبەر بە دەنگێکی سارد وەکو مەرگ وتی:

- عەرەفە دەرفەتت نییە! لەدەرەوە خەڵکانێك هەن ئەگەر بە مەسەلەکەت بزانن بە ددانەکانیان پارچە پارچەت دەکەن و خوێنەکەت دەخۆنەوە...

شەپۆڕ لە ماڵی شەقاوەکە توندتر دەبوو، بەڵام ئاواتەکانی بەخاك سپێردران و دەمی کردەوە بێ ئەوەی هیچ بڵێت.

بەڕێوەبەر بەدڵڕەقییەوە وتی:

- بێدەنگیی دەرفەتێکە و لەبەر دەستتدایە، فرێت دەدەمە دەرەوە بۆ دڕندەکان و پێیان دەڵێم ئەوەتا بکوژەکەی سەعدوڵڵا. ئەگەر دەتەوێت دەڵێم ئەوەتا بکوژی جەبەلاوی...

بە دەنگێکی کەرخەوە وتی:

- جەبەلاوی!



- تووندێل هەڵکەنەری وەودیوی شوورەکان! یەکەمجار ڕزگارت بوو و ئەمجارەیان تێکەوتی، بەڵام عەرەفە بۆچی پیاو دەکوژێت؟

بەبێ ئومێدیی و بێ مەبەست و بێ واتاوە وتی:

- بێتاوانم جەنابی بەڕێوەبەر، بێتاوانم...

بە تەوسەوە وتی:

- ئەگەر تۆمەتەکەت ئاشکرا بکەیت کەس داوای بەڵگەم لێ ناکات، لە گەڕەکەکەماندا پڕوپاگەندەی ڕاستەقینە هەیە، ڕاستیی حوکمەکەیش لە سێدارەدانە، بەڵام پێم بڵێ چی پاڵی پێوەنایت هەڵکوتیتە سەر خانووە گەورەکە؟ دواجاریش سەعدوڵڵا بکوژیت؟

ئەم کابرایە هەموو شتێك دەزانێت... چۆن؟ نازانێت، بەڵام هەموو شتێك دەزانێت. ئەی ئەگینا بۆچی هەموو تۆمەتبارکردنەکەی دەخاتە سەر ئەو، نەك سەر هەموو خەڵکی گەڕەك؟

- ئایا مەبەستت دزییە؟

بەبێ ئومێدییەوە چاوی لێ لاکەل کرد، بەڵام قسەی نەکرد و بەڕێوەبەر بە تووڕەییەوە وتی:

- قسە بکە هەی کوڕی مارەکان...

- ئاغام...

- بۆ هەوڵی دزیی دەدەیت و تۆ حاڵت لە زۆرکەس باشترە؟

بە نەبرەیەکی دانپیانانی بێ ئومێدییەوە وتی:

- نەفس فەرماندەری خراپەیە...

بەڕێوەبەر بەسەرکەوتنەوە پێکەنی، بەڵام عەرەفە بە سەرسووڕمانەوە لە خۆی پرسی: چی وای لە کابراکە کردووە کە ئێستا لەناوی نەبات! بگرە بۆچی نهێنییەکەی بە هیچ یەکێك لە شەقاوەکانی نەوتووە لەجیاتی ئەوەی بانگێشتی بکات بەو شێوە نامۆیە؟ بەڕێوەبەر بۆ خۆی هێشتەوە وەکو بڵێی ئەشکەنجەی دەدا، پاشان وتی:

- ئای کە پیاوێکی ترسناکیت...

- من پیاوێکی بەدبەختم...

- ئەو کەسە بە بەدبەخت دادەنرێت کە چەکێکی وەکو چەکی تۆی هەبێت کە گاڵتە بە تێلاکان دەکات؟ مردوو ناگری بۆ لەدەستدانی بینایی. بەڕاستی ئەمە کابرا سیحربازەکەیە، نەك خۆی...

وایکرد کە بەڕێوەبەر زۆر لەزەت لە بێ ئومێدییەکەی وەرگرێت و پاشان وتی:

- یەکێك لە خزمەتکارەکانم چووە ڕیزی یەکێك لەوانەی کە تۆیان ڕاودەنا، لەوان دواکەوت و چەکەکەی تۆی بەرنەکەوت، پاشان بە تەنیا بە هێمنی دواتکەوت و نەیهێشت هەست بە ڕاوەدوونانە شاراوەکەی بکەیت، پاشان لەلای دەڕاسە تۆی ناسی پەلاماری نەدایت لەترسی خۆی نەبا تووشی ناگەهان بێت، خێرا هاتە لام و پێی وتم. عەرەفە بەبێ هۆشی وتی:

- نابێت جگە لە تۆ کەسێکی دیکە بیزانێت؟

بە زەردەخەنەوە وتی:

- ئەو خزمەتکارێکی ئەمینە...

پاشان بە نەبرەیەکی بە واتاوە وتی:

- ئێستا دەربارەی چەکەکەت قسەم بۆ بکە.

هەورەکان لەبەر چاوی ئاشکرابوون، پیاوەکە بە تەمای لەوە بەنرختره لە ژیانی! بەڵام بێ ئومێدییەکەی دەورەی لێ دابوو و بۆ کوێ بڕوات؟

بە دەنگێکی نزمەوە وتی:

- لەوە ئاسانترە کە خەڵك بۆی دەچێت...

نیگای ڕەقتر بوو سەروچاوی مۆن بوو، وتی:

- ئێستا دەتوانم ماڵەکەت بپشکنم، بەڵام نامەوێت سەرنجی کەس ڕابکێشم، تێ ناگەیت؟

زۆر بێدەنگ بوو، پاشان وتی:

- تیا ناچیت مادامێکی بە قسەم دەکەیت!

قسەی دەکرد و هەڕەشەوگوڕەشە لە چاوانیدا پریشکی دەدا، عەرەفە لە بێ ئومێدییدا ڕۆحی پڕبوو و وتی:

- لە ئۆغری ویستی تۆدام.



- خەریکە تێدەگەیت ئەی سیحربازی گەڕەکەکەمان، ئەگەر مەبەستم کوشتنت بووایە، ئێستا لەناو هەناوی سەگەکان بوویت.

پاشان ئحەئحێکی کرد و لە قسەکەی بەردەوام بوو، وتی:

- لێمان گەڕێ لە جەبەلاوی و سەعدوڵڵا و دەربارەی چەکەکەت قسەم بۆ بکە، چییە؟

بە زۆرزانییەوە وتی:

- بتلێکی ئەفسوونە!

بە نیگایەکی گومانەوە تەماشای کرد و وتی:

- ڕوونیکەرەوە...

بەدەم گەڕانەوەی هەندێ دڵنیایی بۆ یەکەمجار وتی:

- زمانی سیحر تەنها خەڵکی خۆی قسەی پێدەکات...

- ئەگەریش بەڵێنم دایتێ بە سەلامەتی دەرینابڕیت؟

ناوەوەی پێکەنی، بەڵام بە جدییەکی دیارەوە وتی:

- تەنها هەقم وتووە...

پیاوەکە تۆزێك سەیری زەوی کرد پاشان بە پرسیارەوە سەری هەڵبڕی:

- زۆرت هەیە لەوە؟

- ئێستا هیچم پێ نییە.

بەڕێوەبەر دانی بردە چیڕەوە و وتی:

- ئەی کوڕی ماران!

عەرەفە بە سادەییەوە وتی:

- ماڵەکەم بپشکنە و بە چاوی خۆت ڕاستگۆییم دەبینی.

- ئایا دەتوانیت وەکو خۆی دروستی بکەیت؟

بە بڕواوە وتی:

- بە تەئکید...

- هەردوو قۆڵی لەسەر سنگی لەبەر زۆر تێورووژان تێگیر کرد و وتی:

- زۆرم دەوێت لێی...

عەرەفە وتی:

- چەندت بوێ بۆت دەبێت...

بۆ یەکەمجار بە لە یەك حاڵیبوونەوە نیگایان گۆڕییەوە، عەرەفە بە جورئەتەوە وتی:

- ئاغام دەیەوێت دەستبەرداری شەقاوە نەعلەتییەکان بێت.

چاوەکانی کابرا تیشکێکی سەیری لێ بەدیکراو لێی پرسی:

- بە ڕاشکاویی پێم بڵێ چی پاڵی پێوەنایت هەڵکوتیتە سەر خانووە گەورەکە؟

- هیچ شتێ تەنها حەزی زانین نەبێت، کوشتنی خزمەتکارە ئەمینەکە بەبێ مەبەست لە منەوە خراپی بەسەر هێنام.

بە نیگایەکی گومانەوە تەماشای کرد و وتی:

- بوویتە هۆی مردنی ئەو پیاوە گەورەیە...

عەرەفە بە خەمبارییەوە وتی:

- دڵم لە خەمدا لەبەر ئەوە ونجرونجر دەبێت.

بەڕێوەبەر شانی هەڵتەکاند و وتی:

- خۆزگە وەکو ئەو دەژیاین...

ئەی کە دووفاقێکی گوناهکاری، هیچت بەلاوە گرنگ نییە جگە وەقفەکە نەبێت! وتی:

- خوا تەمەن درێژت کات.

گەڕایەوە بە گومانەوە پرسیاری لێکرد، وتی:

- تەنها بە ڕاکردن دەڕۆی بەدوای زانینەوە؟

- بەڵێ...

- بۆچی سەعدوڵڵات کوشت؟

ئەویش بە ڕاشکاویی وتی:

- چونکە منیش وەکو تۆم، دەمەوێت هەموو شەقاوەکان لەناوبەرم...

کابراکە بزەوی هاتێ و وتی:

- ئەوانە خراپەیەکی زاڵن...

- بەڵام لە ڕاستیدا ڕقت لێیانە بەوەی کە پارەی وەقفەکە دەبەن. نەك لەبەر خراپەیان...

- بەڕاستی ئاغام هەقت وت...

بە لە خشتەبردنەوە وتی:

- دەوڵەمەند دەبن لە سەرووی ئەویشەوە کە خەونی پێوە دەبینن...

عەرەفە بە زۆرزانییەوە وتی:



- هیچ مەبەستێکیشم نییە تەنها ئەوە نەبێت...

بەڕێوەبەر بە ئاسوودەییەوە وتی:

- خۆت ماندوو مەکە بە ئیشەوە لەبری چەند قرووشێك، خۆت تەرخان بکە بۆ سیحرەکەت بۆ پاراستنم، بەوەیش چیت حەز لێیە بۆت دەبێت...

-١٠٦-

هەرسێکیان لەسەر قەنەفەکە دانیشتن، عەرەفە ئەوەی دەگێڕایەوە کە بەسەری هاتووە، عەواتف و حەنەشیش بە وریایی و هەڵچوون و ترسەوە گوێیان لێ دەگرت تا عەرەفە قسەو باسە بە جۆش و خرۆشەکەی تەواوکرد و وتی:

- هەڵبژاردنمان نییە، هێشتا جەنازەکەی سەعدوڵڵا دەرنەچووە، یان قبوولکردن یان لەناوبردن...

عەواتف وتی:

- یان ڕاکردن...

هیچ دەرفەتێك نییە لەو چاوانەی دەوریان داوین.

- لە سایەی ئەودا ئاسوودە نابین.

قسەی ژنەکەی پشتگوێ خست وەکو ویستی بیرۆکەکانی خۆی پشتگوێ بخات و ڕووی کردە حەنەش و وتی:

- چیتە قسە ناکەیت؟

حەنەش بەجدیی و خەمەوە وتی:

- گەڕاینەوە بۆ گەڕەکەکە ئەو ڕۆژەی کە ئاواتی سادە و سنووردارمان هەبوو، تەنها تۆ بەرپرسیاری لەو گۆڕانەی کە دوای ئەوە ڕووی دا، پەیوەستبوونمان بە ئاواتی گەورەوە، لە سەرەتادا بەرهەڵستی خواستەکانتم دەکرد، بەڵام بەبێ دوودڵیی یارمەتیم دایت، ئەوە بوو بەرە بەرە بروام بەبیروڕاکانت هێنا، تا وای لێهات هیچ هیوایەك نەبوو جگە هیوای گەڕەکەکەمان لە قووتاربوون و کەماڵدا، ئەمڕۆیش کتوپڕ ڕووبەڕووی پلانێکی نوێ دەبینەوە، بەمەیش پێی دەبین بە ئامێرێکی ترسناك بۆ زەلیلکردنی گەڕەکەکەمان، ئامێرێك ناتوانێت بەرگریی بکات و لە ناویشی بەرێت، یان بە بارێکی دیکە بەرگریی شەقاوە بکات یان بیکوژێت.

عەواتف وتی:

- دوای ئەوەی هیچ ئاسوودەییەکمان نییە، چی بوێت لێتی وەردەگرێت و دواجاریش بە فێڵێك لەناوت دەبات، وەکو ئەوەی ئێستا بۆ شەقاوەکان تەگبیر دەکرێت.

لەناخی خۆیدا قەناعەتی هەبوو بەوەی دەیان وت و لەبیرکردنەوە نەکەوت، بەڵام وتی وەکو بڵێی خۆی دەدوێنێت:

- وای لێ دەکەم هەمیشە پێویستی بە سیحرەکەی من هەبێت.

عەواتف وتی:

- شەقاوە نوێیەکەی لە باشترین حاڵ دەبێت.

حەنەش بەپشتگیریکردنەوە وتی:

- بەڵێ، شەقاوەیەك چەکی دەستی بتڵێکە لەجیاتی تێلا، هەستی ئەوەم لە یادە بەرامبەر بە شەقاوەکان بۆئەوەی بزانیت چۆن دەبێت بەرامبەرت.

عەرەفە توند بوو و بە توورەییەوە وتی:

- ماشەڵڵا، وەك بڵێی من تەماحکارم و هەردووکیشتان زاهیدن!

بەڵکو من ئەو بڕوایەم کە بڕواتان پێی هەیە، ئەو شەوانەی کە لە ژوورەکەی پشتەوە شەوخونیم دەکرد، دووجار خۆم گیرۆدەی مەرگ کرد بۆ خێری گەڕەکەکەمان، ڕەتی دەکەنەوە ئەو کە بەسەرماندا سەپاوە بەبێ هەڵبژاردن ئاماژەم بدەنێ کە چی بکەین.

بەتوندییەکی توورەوە سەیری هەردووکیانی کرد و کەسیان نقەیان لێوە نەهات، ئازار دەیگوشی و دنیا لەبەر چاویدا مۆتەکەیەکی خنکێنەر بوو، هەستێکی نامۆ دایگرت کە ئەوەی دووچاری بوو، تۆڵەسەندنەوەیە بۆ ئەو هێرشکردنە بۆ سەر باپیرەی، ئازار و خەمی زیاتر بوو، عەواتف بە پاڕانەوەیەکی بێئومێدەوە چپاندی:

- ڕاکردن...

بەتوندیی و ڕقەوە پرسیاری کرد:

- چۆن ڕابکەین؟!

- نازانم! بەڵام لەلای تۆ زەحمەت نییە لەوەی کە خۆت دزییەوە بۆ ماڵی جەبەلاوی...

بەبێ ئومێدییەوە هەناسەیەکی دا و بە هێمنی وەکو تازیبارێك وتی:

- ئێستا بەرێوەبەر چاوەڕێمانە، چاوی لەدەورمانە، چۆن تەگبیری ڕاکردن بکەین؟



بووە بێدەنگیی، چۆن بێدەنگییەك، وەکو بێدەنگیی ئەو قەبرەی کە جەبەلاوی تێدایە. بە شوکرانەبژێرییەوە وتی:

- نامەوێت شکستەکە تەنها لەئەستۆی من بێت.

حەنەش ئاهێکی هەڵکێشا و وەکو داوای لێبووردن وتی:

- هیچ هەڵبژاردنێکمان لەبەردەمدا نییە.

پاشان بەسووتانەوە:

- لەوانەیە ئایندە هەلی ڕزگاربوون بڕەخسێنێت...

عەرەفە بە ناخێکی سەرگەردانەوە وتی:

- کێ چوزانێ!

ڕۆیی بۆ ژوورەکەی پشتەوە و حەنەش کەوتە دوای. هەندێ بتڵیان پڕکرد لە شووشە و لم و شتی تر، ئەوە بوو وتی:

- دەبێت لەسەر هێماکانی دەلالەت بۆ هەنگاوەکانی کارە سیحرەکانمان ڕێك بکەوین. لە نامیلکەیەکی ئەمین و نهێنیدا وێنەکانیان تۆمار بکەین، تا تەقەلاکەمان دووچاری ونبوون نەبێت، یان مردنم ببێتە نوقڵانەی کۆتایی ئەم ئەزموونانە. لەلایەکی دیکەوە تکام وایە ئامادەییت تێدابێت بۆ فێربوونی سیحر، هیچ نازانین کە چارەنووس چی بۆ شاردووینەتەوە!

بە هیمەتێکی بەرزەوە بەردەوام بوون لە کارەکەیاندا، عەرەفە ئاوڕێکی لە برادەرەکەی دایەوە بینی مۆنە و نهێنی ئەو لێی شاراوە نییە، بەڵام بۆ ڕاییکردنی هەڵوێستە نامۆکەی وتی:

- ئەم بتڵانە شەقاوەکان لەناو دەبات!

حەنەش بە چپەئامێزەوە وتی:

- نە بۆ حیسابی ئێمە و نە بۆ حیسابی گەڕەکەکەمان.

بێ ئەوەی دەستی لە کارکردن بوەستێت وتی:

- ڕەبابەی شایەر چی فێرکردیت؟ لە ڕابردوودا پیاوانی لە وێنەی جەبەل و ڕەفاعە و قاسمی دۆزییەوە، چییە ئەگەر لە ئایندەدا لە وێنەی ئەوان بێت؟

حەنەش بە هەناسەهەڵکێشانەوە وتی:

- خەریك بوو هەندێ جار بە یەکێك لەوانت بژمێرم...

عەرەف پێکەنینێکی کورت و وشك پێکەنی و پرسیاری کرد:

- ئایا شکستییەکەم لەوە پاشگەزی کردیتەوە؟

وەڵامی نەدایەوە، ئەوی دیکە دیسان وتی:

- بەلانی کەمەوە لە لایەکەوە وەکو ئەوان نابم، ئەوان خاوەنی لایەنگیربوون لە کوڕانی گەڕەکەکەمان، بەڵام من کەسم بەلاوە گرنگ نییە.

پاشان پێکەنی:

- قاسم دەیتوانی بە قسەی خۆش لایەنگیرێکی بەهێزی هەبێت، بەڵام پێویست بە ساڵەهای ساڵ دەکات کە بتوانم کەسێك مەشق پێ بکەم لەسەر کارەکەم و بیکەمە شاگردی خۆم.

لە پڕکردنی بتڵەکە بووەوە و قاسم سەرقەپاغەکەی گرت و بە ئیعجابەوە خستییە بەردەم ڕووناکیی چراکە، پاشان وتی:

- ئەمڕۆ هەناوەکان دەتۆقێنێت و سەروچاوەکان خوێناویی دەکات، سبەینێش لەوانەیە یەکێك بکوژێت، پێم وتی کە سیحر کۆتایی نییە...

-١٠٧-

کێ شەقاوەی گەڕەکەکەمانە؟ لەوەتەی سەعدوڵڵا لە گۆڕەکەیدا ڕاکشابوو، خەڵکی لێیان دەپرسی. هەر گرووپێك و پیاوێکی تەزکیە دەکرد. خێڵی جەبەل وتیان یوسف بەهێزترین شەقاوەی گەڕەکەکە و لە ڕەچەڵەکدا بە جەبەلاویەوە پەیوەندیی تووند و کۆنترە. خێڵی ڕەفاعە وتیان ئەوان میرخاسترین گەڕەکن لە مێژوودا. ئەو پیاوەی کە جەبەلاوی لە خانووەکەی خۆیدا بە دەستی خۆی بە خاکی سپارد، خێڵی قاسم وتیان ئەوان سەرکەوتنیان بەکارنەهێنا بۆ بەرژەوەندیی گەڕەکەکەیان، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی هەمووان، گەڕەکەکە لەسەر پەیمانی پیاوەکەیان بوون یەکگرتوون و جیا نابنەوە و دادپەروەریی و برایەتی تێیدا بەرقەرارە. ئاسایی بە چپەوە لە کەپرەکاندا ناکۆکی دەستی پێکرد، پاشان لە کەشەکە تۆز و خۆڵ بڵاوبووەوە و خەڵکەکە ئامادە باش بوون بۆ بەدکارییەکی وێرانکەر، شەقاوە بە تەنیا ڕێگای نە دەکرد، ئەگەر لە قاوەخانەیەك یان لە پڕێکدا شەوچەرەی بکردبایە دەستوپێوەندەکانی دەست بە تێلا لە دەوری دەبوون.



هەر شایەرێك بە ڕەبابە بەسەر شەقاوەکەی خۆیدا هەڵیدەدا. خاوەن دوکان و فرۆشیارەکان مڕومۆچ بوون و ڕەشبینی سەروچاویانی تێکدا. لەبەر خەم و هەستی ترس خەڵکی مەرگی جەبەلاوی و سەعدوڵڵایان لەبیرکرد، دایکی (نەبەویە)ی تێلافرۆش حەقی بوو کە بە دەنگی بەرز بڵێت:

- ڕزق براو ئەو کەسە بەختی هەبوو کە مەرگ نەسیبی بوو.

ئێوارەیەکیان لەسەر بانێك لە گەڕەکی جەبەل دەنگێك دەهاتە گوێ هاواری دەکرد:

- ئەی کوڕانی گەڕەکمان، گوێبگرن و عەقڵ بکەنە دانای خۆتان لەنێوان ئێمە و ئێوەدا، گەڕەکی جەبەل دێرینترینە، جەبەل یەکەم پیاوە بەڕێزەکانییەتی، هیچ نابووتییەکی تێدا نییە ئەگەر ڕازی بن یوسف شەقاوەی گەڕەکەکەتان بێت...

دەنگی گاڵتەپێکردن لە هەردوو گەڕەگی ڕەفاعە و قاسم بەرزبووەوە، لەگەڵ جنێو و بەنەعلەتکردندا، ئەوەندەی پێ نەچوو منداڵان لەبەردەم سەراکە کۆبوونەوە و دەستیان کرد بە گۆرانیوتن:

یایوسف یاوش القملة          مین قلك تعمل دی العملة

دڵەکان ڕەقتر و ڕەشتر بوون، ڕوودانی کارەساتەکە دوا نەدەخرا، بەڵام دژایەتییەکە لەنێوان سێ هێزی دژ بە یەك بوون پێکەوە، یان دەبێت هەردوو گەڕەکەکە یەکبگرن، یان ئەوەتا دەبێت گەڕەکێك لە کێبڕکێکەدا بە هەڵبژاردنی خۆی بشکێتەوە. چەند ڕووداوێك دوور لە گەڕەکەکە خۆی ڕوویان دا. دوو فرۆشیار لە ماڵەکەی قازی کۆبوونەوە، یەکێکیان لە جەبەل و ئەوی دیکە لە قاسم، لە شەڕێکی دەستەویەخەی گەرمدا دەستیان پێکرد، قاسمیەکە ددانەکانی لەدەست دا و ئەوەی جەبەلیش چاوێکی، لە گەرماوەکەی سوڵتانیش بەڕووتی لە حەوزەکەدا شەڕێك لەنێوان ژنانی جەبەل و ڕەفاعە و قاسم ڕوویدا، نینۆکەکان لە ڕوومەتەکان دەچەقین و ددانەکان لە بازووەکان و ورگ و دەستیش لە کەزییەکان گیردەبوون، گۆزە و بەردی ڕنین و لیفە و پارچە سابوونەکان دەفڕین بە حەواوە، شەڕەکە بە بوورانەوەی دوو ژن و لەبارچوونی ژنێکی دیکە و خەڵتان لە خوێنبوونی جەستەکان کۆتایی هات. لە نیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا، دوای گەڕانەوەی ژنە شەڕکەرەکان یەك لەدوای یەك بۆ گەڕەکەکە، شەڕەکان سەر لەنوێ لە سەربانەکان دەستیان پێکردەوە، تێیدا بە دوو جنێوی فاحیشە بەکارهات، دەستبەجێ ئاسمانی گەڕەکەکە پڕ بوون لە بەردهاویشتن و هاوار دەگەیشتە کەشکەلان، ئەوە بوو پەیامبەرێك لەلایەن بەڕێوەبەرەوە بە دزییەوە هات

بۆلای یوسف شەقاوەی جەبەل و داوای لێکرد بۆ دیداری بەڕێوەبەر، شەقاوەکە وریابوو لەوەی کە نابێت چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ بەڕێوەبەردا کەس پێی بزانێت. بەڕێوەبەر بە لوتفەوە پێشوازیی لێکرد و داوای لێکرد کە کار بکات بۆ هێورکردنەوەی ڕووداوەکان لە گەڕەکەکەی خۆی، بەتایبەتی ئەو گەڕەکەی کە لەدوای ماڵی بەڕێوەبەرەوە دێت. هەر کە بۆ ماڵئاوایکردن تەوقەی لەگەڵدا کرد پێی وت هیوادارە جاری دیکە ئەگەر پێشوازیی لێکرد ئەو شەقاوەی هەموو گەڕەکەکە بێت. کابرا لە ماڵی بەڕێوەبەر هاتەدەرەوە و مەست بوو بەو پشتگیرییە ڕاشکاوانەی ئەو. دڵنیابوو کە ئێستا شەقاوەیەتی لەبەر دەستیدایە. ئەوەندەی پێ نەچوو کە داوای لە گەڕەکەکەی کرد ئاسوودەیی ڕابگرن، خەڵکی چپەچپیان بوو بەوەی کە داخۆ سبەی چی بۆ هەڵگرتوون لە دەسەڵات و سامان. لە گەڕەکەکەیانەوە هەواڵ گەیشتە گەڕەکەکانی دیکە و بیرکردنەوەکان وروژان. دوای ئەوە چەند ڕۆژێکی پێ نەچوو تا عەجاج و سەنتووری بە نهێنی چاویان بە یەك کەوت، ڕێکەوتن لەسەر لەناوبردنی یوسف لە لایەك و پاشان دەنگدان بۆ شەقاوەیەکی دیکە دوای سەرکەوتن لە لایەکی دیکەوە. لە بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر پیاوانی خێڵی قاسم و خێڵی ڕەفاعە کۆبوونەوە و هێرشیان کردە سەر گەڕەکی جەبەل، شەڕێکی توونـد ڕوویدا، بەڵام یوسف و زۆر لە لایەنگرەکانی کوژران و ئەوانی دیکە ڕایانکرد، خێڵی جەبەلیش بەبێ ئومێدیی ملیان دا بۆ هێز، کاتی عەسریان دیاریی کرد بۆ ئەو دەنگانەی کە لەسەری ڕێك کەوتبوون، لەدەمەو عەسردا قاسمییە و ڕەفاعیە بە پیاو و ژنەوە چوون بۆ سەری گەڕەکەکە لە بەرامبەر خانووە گەورەکەدا، کۆمەڵەکەیان لە باشوورەوە تا ماڵی بەڕێوەبەر درێژ بووەوە، لەلای باکووریشەوە تا ماڵی شەقاوەکە، کە بە بردنەوە لە دەنگدان دەبێتە پاشا. سەنتووری و دەستە و تاقمەکەی هاتن و هەروەها عەجاج و دەستەوتاقمەکەی سڵاویان لە یەکدی کرد و پەیمانیان بەست. عەجاج و سەنتووری لە بەردەم هەمووانـدا باوەشیان بەیەکدا کرد، عەجاج بە دەنگێك وتی هەموو ئاگادارەکان گوێیان لێبوو:

- من و تۆ براین، لە هەموو حاڵەتێکدا وەکو برا دەمێنینەوە.

سەنتووری بە حەماسەتەوە وتی:

- بەردەوام سەرداری کەڵەمێردان.

هەردوو گەڕەکەکە بەرامبەر وەستان، بۆشاییەکیان لەنێوان بوو لە بەردەم دەرگای خانووە گەورەکەدا. دوو پیاو هاتن- یەکێکیان لە قاسم و ئەوی دیکەیان لە ڕەفاعە- سەبەتەیەکیان هێنا پڕی لە پارچە کاغەز بوو، لە ناوەڕاستی بۆشاییەکەدا دایاننا، پاشان هەریەکە و گەڕایەوە بۆ میللەتەکەی خۆی. بە هەمووان ڕاگەیەنرا کە تەور هێمای عەجاجە و کێردیش هێمای سەنتوورییە، نموونەی بچووکیان خستووەتە سەر لەتە کاغەزەکان، منداڵێکیان هێنا- هەردوو چاوی بەسترابووەوە- تا لە سەبەتەکە پارچە کاغەزێك هەڵگرێت، منداڵەکە دەستی درێژ کرد بەبێ دەنگی پاشان پارچە کاغەزەکەی هەڵگرت، هێشتا چاوی بەسترابووەوە و کردییەوە دەستی بۆ برد کە چی تێدایە، دەستی هەڵبڕی و قاسمیەك وتی:

- کێردە، کێردە...

سەنتووری دەستی درێژ کرد بۆ حەجاج و ئەویش گرتی و بەبزەوە توند گوشی و دەنگی هوتافی گەرم بەرزبووەوە:

- بژی سەنتووری شەقاوەی گەڕەکەکەمان.

لە ڕیزەکانی ڕەفاعیەوە پیاوێك بە باوەشی کراوەوە بەرەو سەنتووری هات، سەنتووریش باوەشی بۆ کردەوە بۆئەوەی باوەشی پێدا بکات، بەڵام ئەوی دیکە بە هەموو هێزێك و خێرا چەقۆیەکی دا لەسەری دڵی. سەنتووری بە بەکوژراویی لە سەردەم کەوت، ساتەوەختێك حەپەسان بەرقەرار بوو، پاشان هاوار و هەڕەشە و تووڕیی تەقییەوە و هەردوو گەڕەکەکە لە چەند شەڕێکی خوێناویی و دڵڕەقانەدا تێگیر بوون، بەڵام لە قاسمیەکاندا کەس نەبوو بتوانێت بەرامبەر عەجاج بوەستێت، دەستبەجێ شکست چووە دڵیانەوە، ئەوەی کەوت، کەوت، ئەوەی ڕایکرد، ڕایکرد، نەگەیشتە ئێوارە تا شەقاوەیەتی بۆ عەجاج بڕیار درا، کەچی گەڕەکی قاسم پڕ بوو لە شین و شەیپوور، لە گەڕەکی ڕەفاعە دەنگی هەلهەلە بەرزبووەوە، ئەوە بوو لە ڕێگاکەدا لە دەوری شەقاوەکەیان سەمایان دەکرد -شەقاوەی گەڕەك- عەجاج، کەچی دەنگێك بەسەر هەلهەلەکاندا بەرزبووەوە و دەیوت:

- وس، گوێبگرن، گوێبگرن، هەی مەڕەکان...

سەیری سەرچاوەی دەنگەکەیان کرد بینییان یونس دەرگاوانی بەڕێوەبەر لەبەر دەستی بەڕێوەبەر دەڕوات و وایلێکرد لەنێوان خەرمانەیەك لە خزمەتکارەکانیدا ڕێبکات. عەجاج بەرە و کەژاوەکەی بەڕێوەبەر ڕۆیشت و دەیوت:

- خولامت عەجاجی شەقاوەی گەڕەك و خزمەتکارتان...

بەڕێوەبەر بە نیگایەکی قێزەون تەماشای کرد بەو بێدەنگییە ترسناکەوە کە هەموو گەڕەکی داپۆشی وتی:

- عەجاج، لە گەڕەکەکە نە شەقاوەم دەوێت و نە شەقاوەیەتی...

پیاوانی ڕەفاعە واقیانوڕما، بزەی سەرکەوتن و گۆرانی لەسەر لێوانیان مرد، عەجاج بە حەپەساویی پرسیاری کرد:

- جەنابی بەڕێوەبەر مەبەستی چییە؟

بەڕێوەبەر بە هێز و ڕوونییەوە وتی:

- نە شەقاوەیەتیمان دەوێت، نە شەقاوە، لێگەڕێن با گەڕەکەکە بە ئاسوودەیی بژێت...

عەجاج بە گاڵتەجاڕییەوە وتی:

- ئاسوودەیی؟

بەڕێوەبەر نیگایەکی دڵڕەقانەی ئاراستەی کرد، بەڵام ئەوی دیکە بە تەحەداوە پرسیاری کرد:

- ئەی کێ دەتپارێزێت؟!

ئەوە بوو بتڵ لە خزمەتکارەکانەوە دابارینە سەر عەجاج و دەستەوتاقمەکەی تەقینەوە دیوارەکانیان هێنایە لەرزین، پارچە شووشە و لم بەر سەروچاو و لاق و لەتەر دەکەوتن و خوێن فیچقەی دەکرد. تۆقاندن پەلاماری دەروونەکانی دا، هەروەکو واشە کە پەلاماری جووجەڵە دەدات، ئەقڵەکان سەرگەردان بوون و جمگەکان بەرەڵابوون و عەجاج و دەستەو تاقمەکەی کەوتن و خزمەتکارەکان تێیان بەربوون، لە گەڕەکی ڕەفاعەدا دەنگەدەنگ بەرزبووەوە، هەلهەلەی پێخۆشبوون لە گەڕەکی جەبەل و قاسم.

یونس چووە ناوەڕاستی گەڕەکەکە و داوای لە هەمووان کرد تا گوێبگرن تا بێدەنگیی بەرقەرار بوو، پاشان وتی:

- ئەی کوڕانی گەڕەکەکەمان، بەخت و ئاسوودەییتان بۆ هات لە سایەی جەنابی بەڕێوەبەر و خوا تەمەنی درێژکات و بمێنێت، نە ئیدی شەقاوە زەلیلتان دەکات و نە سامانتان لەمڕۆ بەدواوە تاڵان دەکرێت.

دەنگی هوتافدان گەیشتە ئاسمان...

-١٠٨-



عەرەفە و خێزانەکەی باریانکرد لە هەیوانێکەوە لە گەڕەکی ڕەفاعییە بۆ ماڵی شەقاوەکە لەلای ڕاستی خانووە گەورەکەوە. بۆیە بەڕێوەبەر فەرمانی دا و فەرمانی گەڕانەوەشی نەبوو، خۆیان لە داڵدەیەك دۆزییەوە وەکو خەون، لە باخچە پڕ گوڵ و گوڵزارەکە و بەڕێوەبەرێتییە پەرداخەکە و پەرژینەکە و بە هوەکەدا و ژوورەکانی نووستن و دانیشتن و خوان لە قاتی دووەم و سەربانەکە و گەڕان هەروەها کە دیوار و سووچەکانی پڕن لە کولانەی مریشك و قەفەزی کەروێشك و هێلانەکۆتر. بۆ یەکەم جار جلوبەرگی نایابییان لەبەرکرد و هەوای سازگاریان هەڵمژی، بۆنی خۆشیان هەڵمژی، عەرەفە وتی:

- وێنەیەکی بچووکی خانووە گەورەکەیە، بەڵام بەبێ نهێنییە؟

حەنەش پرسی:

- ئەی سیحرەکەت؟ ئایا ئەوە نهێنی نییە؟

حەپەسان لە چاوی عەواتف دەرکەوت کاتێك وتی:

- کەس خەون بە شتی وەهاوە نابینێت.

هەرسێکیان بەدیمەن و ڕەنگ و بۆن گۆڕان، بەڵام هەر کە جێگیر بوو، کۆمەڵێ پیاو و ژن هاتن بۆ لایان، یەکەمیان وتی دەرگاوانەکەیە و دووەم ئاشپەزەکەیە و سێیەم باخەوانەکەیە و چوارەم بەخێوکەری باڵندە و شتی دیکەیە لە خانووەکەدا. عەرەفە سەیری پێیان هات و پرسیاری کرد:

- کێ ڕووخسەتی دان کە بێن؟

دەرگاوانەکە لە جیاتی ئەوان وەڵامیدایەوە:

- جەنابی بەڕێوەبەر...

ئەوە بوو خێرا ویستی چاوی بە بەڕێوەبەر بکەوێت و یەکسەر ڕۆیی بۆلای، هەر کە پێکەوە دانیشتن لە سەکۆی بەهوەکە، قەدری وتی:

- عەرەفە لە مەودوا زۆر یەك دەبینین و کە بانگت دەکەم پێت ناخۆش نەبێت.

بە ڕاستی شوێنەکەی نیگەرانی کردبوو، هەروەها دانیشتنەکە و پیاوەکە، بەڵام بە بەشووشییەوە وتی:

- گەورەم خێر و بەرەکەتە...

- سیحرەکەت سەرچاوەی هەموو خێرێکە، ئایا خانووەکەت بەدڵە؟

عەرەفە بە شەرمەوە وتی:

- ئەوە لە سەرووی هەموو خەونەکانەوەیە، بەتایبەتی خەونی خەڵکی هەژاری وەکو ئێمە و ئەمڕۆ خزمەتکاری هەمەچەشن و ڕەنگمان بۆ هات...

بەڕێوەبەر لە سەروچاوی وردبووەوە و وتی:

- ئەوان پیاوانی منن ناردوومن بۆ لات تا خزمەتت بکەن و بتپارێزن...

- بمپارێزن!

قەدری بە پێکەنینەوە وتی:

- بەڵێ، ئەی نازانی کە گەڕەکەکە هیچ قسە و باسێکیان نییە، جگە بارکردنی تۆ نەبێت بۆ خانووی شەقاوەکە؟

لەنێوان خۆیاندا دەڵێن ئەو خاوەنی بتڵە سیحرییەکانە، کەسوکاری شەقاوەکان وەکو دەزانی دابڕاون و ئەوانی دیکە لەبەر بەخیلی دەمرن. لەبەر ئەم هەمووە تۆ مەترسی دەوری داویت، بۆیە ئامۆژگاریم بۆ تۆ ئەوەیە کە لە کەس دڵنیا نەبیت، یان بەتەنیا نەڕۆیت یان لە ماڵەکەت دوورکەویتەوە...

سەروچاوی تێکچوو، ئەو تەنها زیندانییەکە بە تووڕەیی و ڕقبوونەوە دەوری داوە، قەدری وریابووەوە و وتی:

- بەڵام مەترسە و پیاوەکانم لەدەورتن، لەزەت لە ژیان وەرگرە لە ماڵەکەی خۆتدا بێت یان لە ماڵەکەی مندا، دوای ئەوە چی زیان دەکەیت جگە چۆڵەوانی و کەلاوەکان نەبێت؟ لەبیرت نەچێت کە خەڵکی گەڕەکەکەمان دەڵێن سەعدوڵڵا بەو چەکە کوژرا کە عەجاجی پێکوژرا، ئەو ڕێبازەی کە بکوژەکە دزەی پێ کرد بۆ ماڵەکەی سەعدوڵڵا، هەمان ڕێبازە لەمەوبەر کە دزەی پێ کرد بۆ خانووە گەورەکە. بکوژی عەجاج و سەعدوڵڵا و جەبەلاوی یەك کەسە، ئەویش عەرەفەی سیحربازە.

عەرەفە بە گرژییەوە وتی:

- ئەمە نەعلەتێکە و بەسەرمدا سەپاوە...

بەڕێوەبەر بە هێمنی وتی:

- مەترسە مادامێکی لە سایەی مندای و خزمەتکارەکانم لە دەورتن...

هەی ناکەسبەچە کە خستمییە زیندانەکەی خۆیەوە، تەنها سیحرم بۆ ئەوە ویست کە پێی لەناوت بەرم، نەك بۆ خزمەتت، ئەمڕۆیش ئەوانەی کە خۆشمویستن و دەمەوێت ڕزگاریان بکەم ڕقیان لێم دەبێتەوە، دەشێ بە دەستی یەکێکیان بکوژرێم... بە داواوە وتی:



- پلەی شەقاوەکان دابەشکە بەسەر خەڵکدا بۆئەوەی لێت ڕازی بن و لێم ڕازی بن...

قەدری بە گاڵتەپێکردنەوە پێکەنی پاشان پرسیاری کرد:

- کەواتە ئیدی بۆچی هەموو شەقاوەکان لەناوبران؟

وتی و بە دڵڕەقییەوە پشکنی:

- تۆ بۆ ڕێگایەك دەگەڕێیت بۆ ڕازیبوونیان، لەمە گەڕێ، ڕابێ وەکو من لەسەر ڕقبوونەوەی ئەوانی دیکە لە خۆت.

لەبیرت نەچێت داڵدەی هەقی تۆ ئەوەیە کە لێم ڕازیبیت.

بە بێزارییەوە وتی:

- ئەوساو ئێستاش لە خزمەتی تۆدام...

بەڕێوەبەر سەری بۆ میچەکە هەڵبڕی وەکو بلێی گەمە بە تێڕوانینی نەخش و نیگارەکانی دەکات، پاشان سەری گەڕانەوە بۆ لای و وتی:

- تکام وایە کە شتە نوێیەکانی ژیان سیحرەکەت لەبیر نەبەنەوە...

بە پۆزەتیڤەوە سەرێکی بۆ لەقاند و کابرا وتی:

- هەتا دەتوانی لەو بتڵە سیحرییانە زیاد بکەیت.

عەرەفە بە وریایی وتی:

- پێویستم بەوە نییە زیاتر لەوەی کە هەمانە...

ئەویدیکە ڕقەکەی شاردەوە بە بزەیەك و وتی:

- حیکمەت لەوەدا نییە کە ژمارەیەکی زۆرمان هەبێت؟

وەڵامی نەدایەوە، بێ ئومێدی هێرشی بۆ هێنا و پرسیاری کرد ئایا بەو خێراییە دەوری هاتووە؟

لە پڕ پرسیاری کرد:

- بەڕێز بەڕێوەبەر، ئەگەر بوونم لێرە بێزارت دەکات، لێمگەڕێ بڕۆم بەبێ گەڕانەوە.

کابرا خۆی وا دەرخست کە بێزارە و پرسیاری کرد:

- کابرا چیت وت؟

بە نیگایەکی ڕاشکاوانەوە ڕووبەڕووی بووەوە و وتی:

- دەزانم ژیانم بارمتەی پێویستت بە منە...

کابرا پێکەنی بەبێ ئەوەی خۆشیی تێدا بێت، پاشان وتی:

- وا تێنەگەیت کە گاڵتە بەزیرەکیت دەکەم، دان بەسەلامەتی بیرکردنەوەتدا دەنێم، بەڵام چۆن وات هەستکرد کە پێویستیم بە تۆ لە سنووری بتڵەکاندا دەوەستێت؟ ئایا سیحرەکەت ناتوانێت شتی سەیرتر دروست بکات؟

بەڵام عەرەفە لە قسەی یەکەمی بەردەوام بوو، بە وشکییەوە وتی:

- پیاوانی تۆ نهێنییەکەیان بڵاوکردەوە بەو خزمەتانەی کە پێشکەشم کردوویت، گومان لەوەدا نییە، بەڵام دەبێ ئەوەشت لەبیر بێت کە ژیانت پێویستی بە من هەیە...

بەڕێوەبەر بە هەڕەشەوە چارەی گرژ کرد، بەڵام عەرەفە بەبێ دوودڵی وتی:

- تۆ ئەمڕۆ شەقاوەت نییە و هیچ هێزێکت نییە جگە بتڵەکان نەبێت، ئەوەی هەتە لێی فریای هیچت ناکەون، ئەمڕۆ بمرم تۆیش سبەی یان دووسبەی بە شوێنمدا دێیت.

بەڕێوەبەر وەکو دڕندە بەسەریدا لاربووەوە و لەپڕ بە هەردوو دەستی ملی گرت و توونـد گوشی تا لەشی هاتە لەرزین، بەڵام خێرا دەستەکانی شل کرد و پاشان کێشاینییەوە، دواجار بزەیەکی قێزەوەنی بۆ کرد و وتی:

- سەیرکە بزانە کە زماندرێژیت بەرە و چی دەبردم، کەچی هیچ دوژمنایەتییەك لەنێوانماندا نییە، دەتوانین چێژ لە سەرکەوتن و ژیانی بە ئاشتی وەرگرین...

عەرەفە بە قوڵی هەناسەی هەڵکێشا بۆ گەڕانەوەی ڕۆحە تۆقیوەکەی لە کاتێکدا ئەویدیکە لە قسەکردنەکەی بەردەوام بوو، وتی:

- لەلایەن منەوە لە ژیانت مەترسە، بە هۆڵیەوەم وەکو بەهۆڵی هەمان ژیانەوەم، چێژ لە دنیا وەرگرە و سیحرەکەتت لەبیر نەچێت کە دەبێت گوڵی بەرهەمی بچـنینەوە، دەزانـی هەرکەسەو غەدر لە برادەرەکەی بکات ئەوا غەدر لە خۆی دەکات. سەروچاوی عەواتف و حەنەش گرژ و مۆن بوون کاتێ لە خانووە نوێیەکەدا ئەو قسەیەی بە گوێیاندا دەدا. دیاربوو هەرسێکیان پێویستیان بە دڵنیایی ڕاستەقینە هەبوو لە سایەی ئەو ژیانە نوێیەدا، بەڵام هۆی نیگەرانییان لە کاتی نانی ئێوارەدا لەبیرچووەوە لەسەر ئەو خوانەی کە خواردنی بە تام و لەزەت و مەی کۆنەساڵی لەسەر بوو، بۆ یەکەمجار دەنگی عەرەفە بەرزبووەوە کاتێ پێکەنی و جەستەی حەنەشیش هاتە لەرزین هەر کە دایە قاقای پێکەنین. لە ژیان بەردەوام بوون کە وەکو بارودۆخ دەیویست، پێکەوە هەردووکیان لە ژوورەکەی بەهوەکە کە بۆ سیحر ئامادەیان کردبوو کاریان دەکرد و ئەو هێمایانەی تۆمار دەکرد لە



نامیلکەیەکدا کە کەس پێی نەدەزانی، جگە هەردووکیان نەبێت، جارێکیان حەنەش لە کاتی ئیشکردندا پێی وت:

- ئای کە چی زیندانییەکین!

بەوریای کردنەوە پێی وت:

- دەنگ هەڵمەبڕە دیواریش گوێی هەیە.

حونەش بەڕقەوە چاوی بڕییە دەرگاکە، پاشان بەچپەئامێزەوە وتی:

- ناکرێت چەکێکی نوێ دروستکەیت و لەناوی بەرین بێ ئەوەی پێی بزانێت؟

عەرەفە بە بێزهاتنەوە وتی:

- دەرفەتمان نابێت کە لەناو ئەم خزمەتکاراندا بە نهێنی تاقی بکەینەوە، ئەو هیچ شتێك لە ئیشی ئێمە لەلای شاراوە نییە.

ئەگەر لەناوی بەرین، خەڵکی دابڕاوی گەڕەکەکەمان لەناومان دەبەنەوە، بەرلەوەی بەرگریی لە خۆمان بکەین بەرامبەریان...

- کەواتە بۆچی بەم هەموو جدییەوە کار دەکەیت؟

هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- چونکە هیچم نییە جگە لەوە کە کاربکەم...

لە زەردەپەڕدا دەڕۆیی بۆ ماڵی بەڕێوەبەر و لەگەڵیدا دادەنیشت و لەگەڵیدا دەیخوارده، پاشان شەو دەهاتە بۆ ماڵەکەی خۆی و دەیبینی کە حەنەش باخچەکەی یان جۆزە بچووکەکەی کەپرەکەی بۆ ئامادە کردووە و پێکەوە حەشیشەیان دەکێشا... لەمەوبەر لەنێو ژمارەی حەشیشەخۆرەکاندا نەبووە، بەڵام تەوژمەکە ڕایماڵی و بێزاریی ڕاوەدووی دەنا، تەنانەت عەواتفیش ئەو شتانەی دەوتەوە. دەبوو بێزاریی و ترس و نائومێدیی و هەستی خەماویی بە تاوان لەبیرکەن، دەبوو ئاواتە پان و بەرینەکانی ڕابردوو لەبیرکەن. سەرەڕای ئەوەش هەردوو پیاوەکە ئیشیان هەبوو، بەڵام عەواتف کاری نەبوو، هەر دەیخوارد. تا ئینتەلای دەکرد و دەخەوت تا لە خەوتن بێزار دەبوو، چەندین سەعاتی لە باخچەکە بەسەر دەبرد و چێژی لە هەموو ڕەنگەکانی جوانییەکەی وەردەگرت. بیری کەوتەوە کە لەزەت لەو ژیانە وەردەگرێت کە ئەدهەم بەحەسرەتییەوە بوو، چ ژیانێکی قورسە. چۆن داخوازییەکە کە خودەکان بە حەسرەتییەوە دەڕۆن! لە وانەیە وابێت ئەگەر زیندانێك نەبووایە و ئەگەر ئەوەی لە دەورێتی دووژمنایەتی و ڕق و کین نەبووایە، بەڵام دەبێتە زیندانێکی بەڕق و کینە

چواردەورەدراو، هیچ دەرفەتێك نییە لێی تەنها لە دەوری پشکۆوانەکە نەبێت! جارێکیان عەرەفە دواکەوت لە ماڵی بەڕێوەبەر وای بەبیرداهات کە لە باخچەکەدا چاوەڕێی بکات. کاروانی شەو لەدوای سەرجەلەکێشی مانگە شەوەوە ڕێی دەکرد و دانیشتبوو گوێی لە ئاوازی چلەکان و قیڕەقیڕی بۆقەکان دەگرت. بە دەنگی دەرگاکە بەئاگاهاتەوە کە کرایەوە و خۆی ئامادە کرد بۆپێشوازیی هاتووەکە. وەلێ خشپەی کراسی هاتووەکە لەلای هەیوانەکەوە گوێی لێبوو، پاشان لە شوێنەکەی خۆیەوە لەبەر تریفەی مانگەشەوەکەدا تارمایی کارەکەرەکەی بینی بەرە و دەرگاکە ڕۆیی بێ ئەوەی پێی بزانێت و عەرەفە بەلەتردان دەرۆیشت و کارەکەرەکە چوو بۆ لای ئەو دیوارەی کە لە هاوشانی پەرژینەکەیە و خۆی پێ گەیاند، پاشان بینیانی هەردووکیان پێکەوە نووسان و سێبەری دیوارەکە لە ڕووناکی مانگەکە کە شاردنییەوە...

-١٠٩-

عەواتف وەکو هەر ژنێکی گەڕەکی جەبەلاوی، پەلاماری زینەوەرە بە یەکا چووەکەی دا، وەکو شێرە مێیەك و کێشای بەسەر عەرەفەدا، ئەویش بە حەپەساوی و بە دەم لەتردانەوە گەڕایەوە، تا لەنگەری تێکچوو و کەوت، پاشان نینۆکەکانی لە گەردنی کارەکەرەکە گیر کرد و بە کەللە بەربووە سەر و گوێلاکی تا قیژەی بێدەنگیی شەوی دڕی. عەرەفە لە کەوتنەکەی هەڵسایەوە، بەڵام جورئەتی ئەوەی نەبوو لە شەڕەکە نزیك کەوێتەوە. حەنەش بەڕاکردن هات و لەدوای ئەویشەوە ژمارەیەك خزمەتکار، هەر کە هەڵوێستەکەی بە ڕاستی زانی خزمەتکارەکانی ناردەوە. بە زۆرزانی و قسەی خۆشی نێوان هەردوو ژنەکەی کرد، تا توانی عەواتف بگەڕێنێتەوە بۆ ماڵەوە و جنێوی دەدا و نەعلەتی دەکرد. عەرەفە بە لەتردانەوە ڕۆیشت بەرە و شوێنەکەی گۆزەکان کە دەڕوانێتە سەر چۆڵەوانییەکە و بەتەنیا خۆی دادایە سەر سەکۆکەی لە کەپرەکەدا، پاشان هەردوو قاچی درێژ کرد و سەری خستە سەر دیوارەکە و لە نیمچە بێهۆشییەکدابوو، دوای ماوەیەکی کورت حەنەش پێی گەیشت و لە دەوری کووانوەکە بەبێدەنگیی شوێنی خۆی گرت، بە نیگایەکی خێرا سەیری کرد، پاشان نیگای گەڕانەوە بۆ سەر زەوییەکە تا بێدەنگییەکە بچڕا و وتی:

- دەبوایە ئەو ڕیسواییە ڕووی بدایە...

هەردوو چاوە شەرمنەکەی بۆی هەڵبڕی و بیری لە ڕاکردن کردەوە و وتی:



- ئاگر بکەرەوە...

لەلای سەکۆی گۆزەکان مانەوە تا بەرەبەیان، کارەکەرەکە ڕۆیشت و یەکێکی دیکە جێگای گرتەوە. عەواتف ئەو کەشەی دەوربەرەی پێی وابوو زەللەی یەك لەدوای یەك ئەورووژێنێت. هەر جوڵەیەك لە مێردەکەیەوە بهاتبایە بۆ چوونی خراپی لەلا دروست دەکرد، کە شیاوی گومانەکەی بوو، تا ژیان بوو بە دۆزەخ. ئەو تاکە دڵدانەوەیەی لەدەست دا کە خۆی پێدەخلافاند لە زیندانە پڕ لە مەترسییەکانی، نە ماڵ ماڵی ئەوە و نە مێرد، مێردی ئەوە، بە ڕۆژ زیندانە و بە شەویش سۆزانی خانەیە، ئەو عەرەفەیە لەکوێیە کە خۆشی ویست؟ عەرەفەیەك کە بە خواستنی ئەو تەحەدای سەنتووری پێکرد، ئەوەی کە چەندین جار خۆی خستە مەترسییەوە لەبەر خاتری گەڕەکەکە، تا وامزانی کە پیاوێکە لە پیاوانی ڕەبابە ژەن، بەڵام ئەمڕۆ ئەو لە ناکەسبەچەیەك بەو لاوە هیچی دیکە نییە وەکو قەدری و وەکو سەعدوڵڵا کە بوو. ژیان بەتەکیەوە ئەشکەنجەیەکی گڕگرتوو و ترسێکی خەو زڕێنەرە. عەرەفە شەوێکیان لە ماڵی بەڕێوەبەر هاتەوە و عەواتف هیچ سۆراخێکی نەبوو. دەرگاوانەکە شایەتی ئەوەی دا کە بینی لە سەرەتای شەودا لە ماڵ دەرچووە دەرەوە و پاشان نەگەڕایەوە، عەرەفە پرسی و بۆنی ئارەق لە هەناسەکەیدا پرشی دەهاویشت:

- دەبێت بۆ کوێ ڕۆیشتبێت.

حەنەش بەبەزەییەوە وتی:

- ئەگەر لە گەڕەکەکەدا نەبێت لەلای داکی زەنفل دراوسێ کۆنەکەیەتی ئەو ژنەی، کە کوبەی (مفتەقە) دەفرۆشێت.

عەرەفە بە تووڕەیی وتی:

- ژن بەنەرمی لەگەڵیدا هەڵسوکەوت ناکرێت، ئەمە پەندی خەڵکی گەڕەکەکەمانە، با پشت گوێی خەم تا خۆی بەزەلیلی دێتەوە.

بەڵام ژنەکە نەگەڕایەوە، دە ڕۆژ تێپەڕی، بۆیە عەرەفە بڕیاری دا بە شەو بچێت بۆ لای دایکی زەنفڵ و ناشبێت کەس بەچوونەکەی بزانێت، لەکاتی دیاریکراودا لەگەڵ حەنەش لەماڵە هاتەدەرەوە، چەند هەنگاوێکیان نەبڕی تا گوێیان لە دەنگی پێ بوو دوایان دەکەوت، هەر کە ئاوڕیان دایەوە دوو خزمەتکاریان بینی لە خزمەتکارانی ماڵەکە، عەرەفە پێی وتن:

- بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە.

یەکێکیان وەڵامیدایەوە:

- بە فەرمانە جەنابی بەڕێوەبەر پاسەوانیت دەکەین.

ڕقێکی بەدیکرد و بەدوایدا نەچوو. بەرە و سەرا کۆنەکە لـە گـەڕەکی قاسـم ڕۆیشـتن، سەرکەوتنە دوا قات لەو شوێنەی کە ژوورەکەی دایکە زەنفڵی لێیە. عەرەفە چەند جارێـك دای لە دەرگاکە تا دەرگاکە لەسەر عەواتف خۆی بـە سەروچـاوێکی خـەواڵووەوە کرایـەوە. لەبەر ڕووناکیی چرایەکی بچووکدا کە بەدەستییەوە بوو سەروچـاوی بـەدی کـرد و چـارەی گرژکرد و گەڕایەوە، ئەویش دوای کەوت و دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست. دایکی زەنفڵ لە سووچێکی ژوورەکەدا بە خەبەرهاتەوە و بەحەپەسانەوە سەیری هاتووەکـەی کـرد، بـەڵام عەواتف بەتووندیی وتی:

- چی تۆی هێنا؟ بگەڕێرەوە بۆ ماڵەکەت و لێت پیرۆز بێت. دایکی زەنفڵ بە وەڕزەییەوە چپاندی و سەیری سەروچاوی دەکرد:

- عەرەفەی سیحرباز!

عەرەفە بە ژنەکەی خۆی وت بێ ئەوەی گوێ بداتە ژنە وەڕزکە:

- ئاقڵ بەو لەگەڵما وەرە...

بەهەمان توندییەوە وتی:

- ناگەڕێمەوە بۆ زیندانەکەت، ئەم سەر ڕەحەتییەی ئەم ژوورە لەکیس خۆم نادەم.

- بەڵام تۆ ژنمی...

ئەویش دەنگی بەرزکردەوە و دەیوت:

- ژنەکانت لەوێن بەخێر و بەرەکەت...

دایکی زەنفڵ بە نەبرەیەکی ناڕەزاییەوە وتی:

- لێگەڕێ باجەوێت بەیانی وەرەوە.

نیگایەکی دڵڕەقانەی تێگرت و بێ ئەوەی وشەیەکی ئاڕاستە بکات و پاشان تەماشـای ژنەکەی کرد و وتی:

- هەموو پیاوێك زەلەی خۆی هەیە.

ژنەکە وتی:

- تۆ خۆت زەلەیەکیت کە هیچ وێنەیەکی نییە...

تۆزێك بە لای ژنەکەدا لار بووەوە و بە ئاوازی نەرمی بە ژێکانی دەنگی وتی:



- عەواتف... ناتوانم دەستبەرداری تۆ بم...

- بەڵام من وازم لە تۆ هێناوە...

بە بێزهاتنەوە پرسیاری کرد:

- بە هەڵەیەك ببەخشە کە لە کاتی سەرخۆشیی لێمەوە دەرچووە:

بە گرژییەوە وتی:

- بەسەرخۆشی پاکانە مەهێنەوە، ژیانت هـەمووی هەڵەیـە، پێویسـتت بـە هـەزاران بیانوو هەیە بۆ پاکانەکردن، لەدوای ئەوەوە هیچم دەست ناکەوێت تەنها سەریەشە و ئـازار نەبێت.

- بە هەرحاڵ باشترە لەم ژیانەی لەم ژوورەدا...

بزەیەکی تاڵی گاڵتەجاڕی بۆ کرد و پرسی:

- کێ چوزانێ؟ پێم بڵێ گاردەکانی زیندان چۆن ڕێگەیان دایت بێی بۆلام؟

- عەواتف...!

بەسووربوونەوە وتی:

- ناگەڕێمەوە بۆ ماڵێك کە هیچ ئیشێکم لێی نییە تەنها باوێژگ و هاوڕێیەتی دۆستە ژنەکانی مێردە سیحربازە مەزنەکەم نەبێت.

بێهودە هەوڵیدا کە لە سووربوونەکەی پاشگەزی کاتەوە، نەرمییەکەی بـە کەڵلـەڕەقی وەرگرت و تووڕەییەکەی بە تووڕەیی، لێی بێ ئومێد بوو، پاشان بە هاوڕێیەتی برادەرەکـەی و هەردوو خزمەتکارەکە شوێنەکەی بەجێهێشت و حەنەش پرسیاری لێکرد:

- تۆ چیت کردووە؟

بەبێز و ساردییەوە وتی:

- ئەوەی کە هەموو ڕۆژێك دەیکەین.

قەدری بەڕێوەبەر پرسیاری لێکرد:

- شتی تازە هەیە لەبارەی ژنەکەتەوە؟

کاتێ شوێنی خۆی لەتەنیشتی کردەوە وتی:

- وەکو هێستر سەرکێشی خوا بپارێزێت...

بەڕێوەبەر بە سوکایەتییەوە وتی:

- مێشکی خۆت بە ژنێکەوە خەریك مەکە لەو باشترت هەیە...

وایکرد بە بایەخەوە عەرەفە بپشکنێت، پاشان وتی:

- ئایا ژنەکەت هیچ لە نهێنییەکانی ئیشەکەت دەزانێت؟

عەرەفە بە نیگایەکی بە گومانەوە دەستپێشخەریی کرد، پاشان وتی:

- سیحر تەنها سیحرباز دەیزانێت...

- دەترسێم کە...

- لە شتێك مەترسێ کە لە بووندا هیچ سێبەرێکی نییە.

چەند چرکەیەك بێدەنگییەکە درێژەی کێشا و بە وەرزییەوە گەڕایەوە و وتی:

- تا لە ژیاندا بم دەستی خراپەی بۆ درێژ ناکرێت.

بەڕێوەبەر توڕەیی خۆی گلدایەوە و ئاماژەی بۆ دوو پەرداخ کرد کە پـڕ بـوون و بـانگی کرد و وتی:

- کێ دەڵێ کە دەستی خراپەی بۆ درێژ دەکرێت؟

## -١١٠-

هەر کە ئاشنایەتی نێوان قەدری و عەرەفە توندوتۆڵ بـوو، ئیـدی بـانگی دەکـرد بـۆ شەوچەرە تایبەتەکانی، کە ئاسایی لە نیوەشـەو دەسـتیان پێـدەکرد. عەرەفـە لـە بـەهوە گەورەکەدا شەوچەرەکەی سەیری بینی، پڕبوو لـە شـتی بەلـەزەت و بـەتام لـە خـواردن و خواردنەوە و ژنی جوان بە ڕووتی سەمایان دەکرد، خەریك بوو لەبەر خواردنەوە و دیمەنەکان شێت بێت، لە باخچەکە جۆگەیەك ئاوی تێدابوو وەکـو سەرچـاوەکە بـە ڕوونـاکی مـانگ ڕووناك بوو. میوە و مەی لەبەر دەستیان بوو و لەبەر دەمیان دوو ژنی جوان یەکێکیان بـۆ خزمەتی ئاگردانەکە و ئەوی دیکەیان بۆ خزمەتی نەرگیلە. شنەی شـەو هـەڵیکرد بـۆنی گوڵان و ئاوازی عود و دەنگی گۆرانی لەگەڵ خۆیدا هێنا:

ئەی دار مێخەك لە باخچـەی بـە نەعناکـە بـە دڵـی کەڵـەمێردان و حەشیشەکێشـە ئازاکانە...

شەوێکی مانگی تابان بوو کە تەواو بووە، هەر کە چڵەتوویەکی ناسك لەگەڵ شنەکەدا لار دەبووەوە، یان درەوشاوە دیارە لەبەر تیشکی ڕووناکی لەنێوان تەونێکی لق و گەڵاکانـدا هەر کە دەگەڕێتەوە بـۆ جێیەکـەی، عەرەفـە بـە دسـتێکی ژنـە جوانەکـە و نەرگیلەکـە نەشئەیەك دەگاتە سەری و لەگەڵ کەشکەڵان دەسووڕێتەوە و وتی:



- ڕەحمەت لە ئەدهەم.

بەڕێوەبەر بە بزەوە وتی:

- ڕەحمەتیش لە ئیدریس بێت، چی ئەوی خستەوە یادت؟

- ئەم دانیشتنەمان...

- ئەدهەم حەزی لە خەونەکان بوو، تەنها ئەوانەی دەزانی کە جەبـەلاوی خسـتبوونییە مێشکییەوە.

پاشان بە پێکەنینەوە وتی:

- ئەو جەبەلاویەی کە تۆ لە ئەشکەنجەی پیری ڕزگارت کرد...

عەرەفە دڵی گوشرا و کەیف و خۆشییەکەی کوژایەوە و بە خەمبارییـەوە ورتـەورتێکی بۆ کرد:

- لە ژیانمدا کەسم نەکوشتووە تەنها شەقاوەی تاوانبار نەبێت.

- ئەی خزمەتکارەکەی جەبەلاوی؟

- بە ناچاریی کوشتم...

قەدری بە گاڵتەپێکردنەوە وتی:

- عەرەفە تۆ ترسنۆکیت.

ڕایکرد بۆلای مانگەکە و ئـەویش لـەتۆی لقەکانـەوە تەماشـای دەکـرد و کەپرەکـەی بەجێهێشت بۆ ئاوازی عودەکە، پاشان چاوی بڕییە دەستی ژنە جوانەکە کە بەردەکانی ڕیـز دەکرد، بەڕێوەبەر وتی:

- تۆ لەکوێیت کوڕی حەپەساوەکە!

بە بزەوە ئاوڕی لێدایە و لێی پرسی:

- جەنابی بەڕێوەبەر بە تەنیا شەوچەرە دەکەیت؟

- لێرەدا کەس شیاوی ئەوە نییە شەوچەرەی لەگەڵدا بکەم...

- تەنانەت منیش تەنها هاودەمم حەنەشە...

قەدری بە سوکایەتییەوە وتی:

- لە پلەی سەرخۆشیدا گرنگ نییە کە بە تەنیا بیت.

عەرەفە تۆزێك دوودڵ بوو پاشان پرسیاری کرد:

- بۆ جەنابی بەڕێوەبەر ئێمە لە زینداندا نین؟

ئەوی دیکە بەتووندیی وتی:

- چیت دەوێت مادامێکی خەڵکێك لە دەورمان ڕقیان لێمان دەبێتەوە...

باسی عەواتفی کرد کە چۆن ماڵەکەی دایکی زەنفلی پێ باشتر بوو لە ماڵەکەی ئەم.

بە هەناسەهەڵکێشانەوە وتی:

- ئای کە چی نەعلەتێکە...

- وریا بە ئەم ئارامییەمان لێ تێك نەدەین.

بەدەم وەرگرتنی نەرگیلەکەوە وتی:

- بۆ هەتا هەتایە ئینسافی ژیان بکە...

قەدری پێکەنی، وتی:

- بۆ هەتا هەتایە؟ بەڵکو هەناسەیەك لە هەناسەکانی لاویی مسۆگەر بکەین بەدرێژایی تەمەنمان لەسایەی سیحرەکەتەوە.

سنگی پڕ کرد لە بۆنی باخچە تەڕبووەکە لە شەونمی شەوی قووڵ، پاشان وتی:

- خۆشبەختانە عەرەفە لە سوود خاڵی نییە...

بەرێوەبەر نەگیلەکەی دایەوە دەستی ژنەکە و دوکەڵێکی چڕی دەردا و لەبەر تریفەی مانگە شەوەکەدا تەنك دیاربوو، پاشان بە حەسرەتەوە وتی:

- هێشتا پڕ نەبووین؟ بەتامترین خواردن دەخۆین و خۆشترین مەی دەخۆینەوە و باشترین ژیان ڕادەبوێرین، بەڵام ئەوەتا پیریەتی لە کاتی خۆیدا دەکشێ و هیچ شتێ بەری ناگرێت وەکو بڵێ خۆرە یان مانگە.

- بەڵام حەبەکانی عەرەفە ساردی پیریەتی دەکاتە گەرمی و گوڕی.

- شتێك هەیە لەبەردەمیدا دەستەوسانە...

- چییە گەورەم؟

بەرێوەبەر لەبەر تریفەی مانگە شەوەکەدا خەمبار دیاربوو، پرسیاری کرد:

- ناخۆشترین شت چییە لە دڵی تۆدا؟

لەوانەیە ئەو زیندانە بێت کە تێیدایە، لەوانەیە ئەو ڕەقبوونەوەیە بێت کە چاوی تێبڕیوە، لەوانەیە ئەو ئامانجە بێت کە لێی دوورکەوتەوە، بەڵام وتی:

- ونبوونی لاوێتییە...

- نەخێر، ترست لەوە نەبێت...



- چۆن کە ژنەکەم تووڕەیە؟

- هەمیشە هۆیەك دەدۆزنەوە بۆ تووڕەبوون...

جارێك هەڵکردنی شنەکە توند بوو، خشەی لق و پۆپەکان بەرزبووەوە و پشکۆکان لە ئاگردانەکەدا گەشانەوە و قەدری پرسی:

- عەرەفە بۆچی ئێمە دەمرین؟

بە خەمۆکییەوە چاوی تێبڕی و نقەی نەکرد، ئەوی دیکە وتی:

- تەنانەت جەبەلاویش مرد...

وەکو بڵێی دەرزییەك لە دڵی چەقی، بەڵام وتی:

- ئێمە هەموومان مردووین و کوڕی مردوویشین...

بە وەڕزییەوە وتی:

- پێویستم بەوە نییە کە ئەوەی وتم بیرمیخەیتەوە.

- تەمەن درێژبێت گەورەم.

- درێژ بێ یان کورت بێ کۆتاییەکەی ئەو چاڵەیە کە کرمەکان عاشقین...

عەرەفە بە نەرمییەوە وتی:

- مەهێڵە بیرکردنەوە ئارامیت تێکبدات.

- لێم نابێتەوە، مردن، مردن... هەمیشە مردن، لەهەر ساتێکدا بێت و بە هیچ و پووچترین هۆ، یان بێ هۆیش، کوا جەبەلاوی؟ کوا ئەوانەی کە ڕەبابە گۆرانییان پێوە دەڵێت ئەم چارەنووسە نەدەبوو ببووایە. ساتێك عەرەفە بینی سەروچاوی زەرد هەڵگەڕاون و چاوەکانی بە ترس قسە دەکەن، ناکۆکییەکی ئاشکرا لەنێوان حاڵی خۆی و لەنێوان دانیشتنەکەی دیاربوو، نیگەرانیی دایگرت و بە نەرمییەوە وتی:

- گرنگ ئەوەیە کە ژیان دەبێت وەکو ئەوەیە کە دەبێت ببێت.

بە تووڕەیی دەستی بەرزکردەوە و بەتووندیی وتی و ئارامییەکەی لەدەست دا:

- ژیان وەکو پێویست و باشتریش، هیچی کەم نییە، تەنانەت لاوێتی حەبەکان دەیگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەم هەمووە چ سوودیکی هەیە کە مردن وەکو سێبەر دوامان کەوتووە؟ چۆن لەبیری بکەم کە ئەو هەموو سەعاتێك خۆیم بیردەخاتەوە؟

ئەشکەنجەکەی پێخۆش بوو، بەڵام خێرا گاڵتەی بە هەستی کرد. چاودێریی دەستی ژنە شۆخەکەی کرد بەتاسە و سۆزەوە، لەبەر خۆیەوە لە خۆی پرسی، کێ ئەوەم بۆ مسۆگەر دەکات لە مانگە شەوێکی دیکە دەیبینیم. پاشان وتی:

- لەوانەیە پێویستمان بە خواردنەوەی زیاتر هەبێت...
- بەیانی بەخەبەر دێینەوە...

بێزهاتنەوەی بەرامبەری بینییەوە، پێی وابوو کە هەلێکی ڕەخساو هەیە ویستی بیقۆزێتەوە، بۆیە وتی:

- ئەگەر ئێرەیی بەشخوراوەکان نەبووایە لە دەوروبەرمان، تامی ژیان لە دەمماندا دەگۆڕا.

بەڕێوەبەر پێکەنینێکی گاڵتەجاڕیی پێکەنی و وتی:

- بڵێ شیاوترە بۆ پیرەکان، وایدابنێ توانیمان ژیانی خەڵکی گەڕەك بگەیەنینە ئاستی ژیانی خۆمان، ئایا مەرگ واز لە ڕاوکردنمان دەهێنێت؟

عەرەفە بە خۆبەدەستدانەوە سەرێکی لەقاند تا توندیی پیاوەکە سووك بوو، پاشان وتی:

- لەکوێ هەژاریی و بەدبەختی و بەدحاڵی زۆربێت مردن زۆر دەبێت.
- لەوشوێنەیش کە هیچیانی لێ نییە هەی گەمژە..

بە زەردەخەنەوە وتی:

- بەڵێ، چونکە وەکو هەندێ نەخۆشیی تەشەنە دەکات.

بەڕێوەبەر پێکەنی و وتی:

- ئەمە سەیرترین ڕایە کە پێی بەرگریی لە دەسەپاچەییت دەکەیت...

بە گرژیی و پێکەنینەوە وتی:

- ئێمە هیچی لێنازانین دەشێ واشبێت، ئەگەر بارودۆخی خەڵکی چاکبکەین بەدکاریان کەم دەبێت و ژیان نرخی زیادبوونەوە و هەموو هەست دەکەن بە زەرووڕەتی بۆ بەرگریکردنی بۆ ڕاگرتنی ژیانێکی بەختەوەر و لەبار...
- ئەویش پێویستی بە کوژراو نییە.
- بەڵکو خەڵکی سیحرباز کۆدەکاتەوە بۆ دابینکردنی بەرگریکردنی مەرگ. بگرە هەرکەسێك بتوانێت بە سیحر کار دەکات، لێرەدا بە مەرگ هەڕەشە لە مەرگ دەکات.



بەڕێوەبەر پێکەنینێکی بەرزی بۆ کرد، پاشان چاوی نووقاند و خۆی دایە دەستی خەونەوە. عەرەفە نەرگیلەکەی گرتە دەستەوە و هەناسەیەکی قووڵی لێ هەڵمژی تا بەردەکە ئاگری گرت، عودەکە گەڕایەوە دوای ئەوەی کە بێدەنگ ببوو و بە دەنگێکی بەسۆز گۆرانی دەوت ((ئەی شەو درێژ بە)). قەدری وتی:

- عەرەفە تۆ حەشیشەکێشی نەك سیحرباز.

عەرەفە بە سادەیی وتی:

- بەمە مەرگ دەکوژین..,
- بۆچی بە تەنیا خۆت ئیش ناکەیت؟
- هەموو ڕۆژێك ئیش دەکەم، بەڵام بە تەنیا بەرامبەری دەستەوسانم.

بەڕێوەبەر گوێی لە گۆرانییەکە گرت زۆر و بێ حەماسەت پاشان پرسیاری لێکرد:

- ئای عەرەفە ئەگەر سەرکەوتوو بیت، هەر شتێك بکەیت سەرکەوتوو دەبیت؟!

وەکو بڵێی قسەکە لێی دەرپەڕی و وتی:

- ژیان بگەڕێنەوە بۆ جەبەلاوی.

کابرا بە ساردیی لێوەکانی لوول دا و وتی:

- ئەم کارە ئیشی تۆیە بەو سیفەتەی کە تۆ بکوژەکەیت!

عەرەفە بە ئازارەوە چارەی گرژ کرد و بە دەنگێکی نەبیستراوەوە ورتەورتێکی کرد:

- ئای عەرەفە ئەگەر سەرکەوتوو بیت!

## -١١١-

لە دەمەوبەیاندا عەرەفە ماڵەکەی بەڕێوەبەری بەجێهێشت، هێندە سەرخۆش بوو لە جیهانێکی سیحراوی تەماویی بیستراو و بینراو کە خەریك بوو قاچەکانی هەڵیان دەگرت. بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشت لە گەڕەکێکی نقوومبووی نێو خەوێکی ڕاخراو بە پێستەی تریفەی مانگەشەو، لە نیوەی مەوداکەی نێوان ماڵی بەڕێوەبەر و ماڵەکەی خۆیدا -لەبەردەم دەرگای خانووە گەورەکەدا- تارماییەك ڕێگای پێگرت و نەیزانی لە کوێوە هات، بە نیمچە چپەیەکەوە پێی وت:

- سەرکار عەرەفە بەیانیت باش...

ترس دایگرت لەوانەیە لە کتوپڕییەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەلاّم هەردوو یاوەرەکەی پەلاماری تارماییەکەیان داو دەستگیریان کرد، لێی وردبووەوە و لەبەرچاوی ڕوون بووەوە سەرەڕای واقوڕمانیان کە تارمایی ژنێکی ڕەشپۆش بوو لە گەردنییەوە تا هەردوو پێیەکانی. فەرمانی دا بە هەردوو خزمەتکارەکەی کە لە ژنەکە گەڕێن ئەوانیش وازیان لێهێنا، پاشان لە ژنەکەی پرسی:

- چیتە ژنە وەلی؟

بە ژنەکە دەنگێك وتی دووپاتی دەکردەوە کە ڕەشپێستە...

- دەمەوێت دووبەدوو قسەت لەگەڵدا بکەم.

- بۆ؟

- ژنێکی بەدبەخت باسی بەدبەختی خۆی بکات!

بە وەڕزییەوە وتی و دەیویست بڕوات:

- خوا بەزەیی پێت دا بێتەوە...

ژنەکە بە پاڕانەوەیەکی کاریگەرەوە وتی:

- تو گیانی باپیرە بەنرخەکەت ئەگەر ڕێگەم نەدەیت...

بە نیگایەکی تووڕەوە سەیری کرد، بەلاّم چاوەکانی لە ڕووخساری لاکەل نەکرد، پرسی لە کوێ و کەی ئەو سەروچاوەی بینیبوو، دڵی لێی دا بە فڕینی سەرخۆشییەکە لەسەری، ئەم سەروچاوەی لەبەردەم دەرگای ژوورەکەی جەبەلاوی بینیویەتی، کاتێ ئەو لەو شەوە شوومەدا خۆی لە پاڵ کورسییەکە شاردبووەوە، ئەمە کارەکەرەکەی جەبەلاویە کە لە ژوورەکەیدا بەشدار بوو، ترس سواری کۆڵی بوو، جومگەکانی شل بوون، بە ترسەوە تەماشای سەروچاوی کرد و یەکێك لە خزمەتکارەکان لێی پرسی:

- دەری بکەین؟

پێی وتن:

- بڕۆن بۆ دەرگای خانووەکە و چاوەڕێی بن.

چاوەڕێ بوون تا ڕۆیشتن، شوێنەکەیان بۆ چۆڵ بوو لەبەردەم خانووە گەورەکەدا، لە سەروچاوە ڕەش و لاواز و ناوچەوانە تەسك و چەناگە باریکەکەی و لۆچەکانی دەوری دەمی و ناوچەوانی ورد بووەوە، دڵنیابوو بە تەئکید ئەو شەوە ئەمی نەبینیوە، بەلاّم لەوەتەی جەبەلاوی مردووە لە کوێ بوو، چی بۆ ئێرەی هێنا؟! لێی پرسی:



- بەڵێ خانمەکەم؟ بەبێدەنگیی وتی:

- هیچ سکاڵایەکم نییە، بەلاّم ویستم دووبەدوو بێن بۆ جێبەجێکردنی وەسێتنامەکە.

- کام وەسێتنامە؟

توزێك سەری بەلایدا چەمانەوە و پێی وت:

- کارەکەری جەبەلاوی بووم لەبەر دەستی خۆمدا مرد...

- تۆ؟

- بەڵێ من، بڕوام پێ بکە.

پێویستی بە بەڵگە نەبوو بە دەنگێکی شێواوەوە وتی:

- باپیرەمان چۆن مرد؟

ژنەکە بە نەبرەیەکی خەماوییەوە وتی:

- دوای دۆزینەوەی تەرمی کارەکەرەکە دڵگران بوو، لەپڕ کەوتە گیانەڵڵا، ڕامکرد بۆ لای بۆئەوەی پشتە لەرزۆکەکەی بگرم، ئەو زۆردارەی کە چۆڵەوانییەکە شایەتییان بۆ دەدات.

عەرەفە بە دەنگێکی گەرم هەناسەیەکی دا و کپی شەوی تێکدا، بە خەمەوە سەری نەویکرد، وەکو بڵێی خۆی لە تریفەی مانگەشەوەکە لادەدا، ژنەکە گەڕایەوە سەر قسەکەی یەکەمی و وتی:

- هاتووم بۆ جێبەجێکردنی وەسێتنامەکەی...

بە لەرزەوە سەری بۆ بەرزکردەوە و پرسی:

- چیت پێیە؟ قسە بکە...

ژنەکە بە دەنگێکی هێمن وەکو تریفەی مانگ:

- پێی وتم بەر لە هەڵکشانی نهێنی خوداوەندی: ((برۆ بۆ لای عەرەفەی سیحرباز و لەلایەن منەوە پێی بڵێ باپیرەی مرد و ئەو لێی ڕازییە))...

عەرەفە وەکو دووپشك پێوەی دابێت ڕاپەڕی و پێی وت:

- ئەی ژنی دەجال چی مەکرێکت پێیە؟!

- گەورەم، پارێزراوبیت.

- پێم بڵێ چ گەمەیەك دەکەیت؟

بە بێتاوانییەوە وتی:

- هیچ جگە لەوەی کە وتم و خوا شایەتە...

بە گومانەوە لێی پرسی:

- چی دەربارەی بکوژەکە دەزانی؟

- گەورەم هیچ نازانم، لەوەتەی ئاغام مردووە من لە جێگادا کەوتووم، دوای ئەوەی چاکبوومەوە یەکسەر هاتم بۆ لای تۆ...

- چی پێ وتی؟

- برۆ بۆ لای عەرەفەی سیحرباز و لەلایەن منەوە پێی بڵێ مرد و لێت ڕازی بوو...

عەرەفە بە تەحەداوە وتی:

- درۆ دەکەیت، هەی مەکرباز تۆ دەزانی کە من... ((پاشان نەبرەکەی گۆڕی)) چۆن شوێنەکەمت زانی؟

- هەر کە یەکەمجار هاتم لە تۆم پرسی پێیان وتم کە لەلای بەڕێوەبەریت و چاوەڕێ بووم.

- پێیان نەوتیت کە من بکوژی جەبەلاویم؟

بەترسەوە وتی:

- کەس جەبەلاوی نەکوشت! کەس نەیدەتوانی بیکوژێت.

- بگرە ئەو کەسە کوشتی کە خزمەتکارەکەی کوشت...

بە تووڕەییەوە وتی:

- درۆ و ئیفترایە، کابرا لە بەردەستمدا مرد...

عەرەفە ئارەزووی بەگریان کرد، بەڵام یەك فرمێسکی نەڕشت، چاوی بڕییە ژنەکە بە نیگایەکی کەیلەوە و ژنەکە بە سادەیی وتی:

- بمێنە بەخێر...

بە دەنگێکی گڕ و کەرخەوە وەکو بڵێی دەنگی ویژدانە بە ئازارەکەیە، پرسیاری لێ کرد:

- سوێند دەخۆیت کە تۆ ئەوەی دەیڵێی ڕاست دەکەیت؟

ژنەکە بە ڕوونیی وتی:

- سوێند بێت بە خوا کە خۆی شایەتە.

ڕۆیشت و ڕەنگەکانی بەرەبەیان ئاسۆیان ڕەنگ دەکرد، چاوی لێبوو تا ونبوو، پاشان ڕۆیشت لە ژووی نووستنەکەی کەوت و لە خۆی چوو. دوای چەند خولەکێك بە ئاگاهاتەوە



و بینی کە خۆی تا ڕادەی مردن ماندووە و خەوتەوە، بەڵام خەوەکەی لە دوو سەعات زیاتری نەخایاند و پاشان نیگەرانییەکی ناوەوە بە ئاگای هێنایەوە. بانگی حەنەشی کرد و کابرایش هات، چیرۆکی ژنەکەی بۆ گێڕایەوە و ئەویدکەش دەیڕوانییە سەروچاوی وەکو وەڕزێك، هەر کە چیرۆکەکەی تەواو کرد حەنەش پێکەنی و وتی:

- سەرخۆشییەکەی دوێنێت نۆش بێت.

عەرەفە بە توڕەییەوە وتی:

- ئەوەی بینیم سەرخۆشی نەبوو، بەڵام ڕاستی بوو گومانی تێدانییە.

حەنەش بەتکاوە وتی:

- بخەوە، پێویستت بە خەوێکی قوڵ هەیە.

- بۆ بڕوام پێ ناکەیت؟

- بێگومان نەخێر، ئەگەر بخەویت دوای ماوەیەك هەڵسیت ئەو چیرۆکە نابینیتەوە.

- بۆچی بڕوام پێ ناکەیت؟

پێکەنی و وتی:

- لە پەنجەرەکە بووم کە تۆ لەماڵی بەڕێوەبەر هاتیتەدەرەوە و چاوم لێت بوو کە پانایی گەڕەکەکەت دەبڕی بەرە و ماڵەکەی خۆت، تۆزێك لەبەردەم دەرگای خانووە گەورەکە وەستایت، پاشان بەدەوام بوویت دوو خزمەتکارەکەت بە دواتەوە بوون...

عەرەفە ڕاپەڕییە سەرپێ و بە سەرکەوتنەوە وتی:

- با دوو خزمەتکارەکە بێنە لام.

حەنەش ئاماژەی پێدا و ئاگاداری کردەوە، پاشان وتی:

- نەخێر، ئەگینا گومان لە ئەقڵت دەکەم.

بە سووربوونەوەوە وتی:

- ئێستا لەبەر چاوی تۆ شایەتیان پێدەدەم...

حەنەش بە پاڕانەوەوە وتی:

- هیچمان نەماوە جگە تۆزێك کەرامەت نەبێت بەرامبەر بە خزمەتکارەکان ئەویش بە فیڕۆ مەدە...

لە دیدەکانی عەرەفە نیگایەکی شێتانە دیارکەوت، بە حەپەساوی وتی:

- شێت نیم، نە سەرخۆشیش، جەبەلاوی مرد و لە من ڕازی بوو.

حەنەش بە سۆزەوە وتی:

- با وابێت، بەڵام ڕێگا بە هیچ خزمەتکارێك مەدە...

- ئەگەر کارەسات ڕوویدات یەکەم جار بەسەر تەپڵی سەری تۆدا دەکەوێت...

بە دڵفراوانییەوە وتی:

- خوانەکا، با لە ژنەکە بگەڕێین خۆی قسەمان بۆ بکات، بۆ کوێ ڕۆیی؟

چارەی گرژ کرد و بیری کەوتەوە، دواجار بە بەزەییەوە وتی:

- لەبیرم چوو کە لێی بپرسم ماڵی لە کوێیە...

- ئەگەر ڕاست بووایە لێی نەدەگەڕایت کە بڕوات!

عەرەفە بە سووربوونەوە وتی:

- ڕاست بوو، خۆ شێت نیم، جەبەلاوی مرد و لە من ڕازی بوو...

حەنەش بە سۆزەوە وتی:

- خۆت ماندوو مەکە تۆ پێویستت بە ئیسراحەتە.

لێی نزیکبووەوە و دەستی هێنا بەسەریدا، بە سۆزەوە بەرەو نوێنەکە بردی و ڕایکشاند، پیاوەکە بە ماندووییەوە چاوی نوقاند، ئەوەندی پێ نەچوو خەوێکی قووڵ خەوت...

## -١١٢-

عەرەفە بە هێمنی و سووربوونەوە وتی:

- بڕیارم دا کە ڕابکەم.

حەنەش هێندە حەپەسا کە لە دەرقەت نەبوو تا دەستەکانی لەکار وەستان. بە وریاییەوە سەیری دەوروبەری خۆی کرد، سەرەڕای ئەوەی کە ژووری ئیشکردنەکە داخرابوو، بەڵام دیاربوو کە دەترسا، عەرەفە گوێی نەدا بە حەپەسانەکەی و دەستەکانی لە ئیشکردن نەکەوتن و وتی:

- ئەم زیندانە لە بیرباوەڕی مەرگ زیاتر هیچم ناداتێ، وەك بڵێی گۆرانی و خواردنەوە و ژنە سەماکەرەکان تەنها ئاوازی مەرگن، دەڵێی لە ئینجانەی گوڵەکاندا بۆنی گۆڕستانەکان دەکەم.

حەنەش بە نیگەرانییەوە وتی:

- بەڵام مردن خۆی لە گەڕەکەکەدا چاوەڕێمان دەکات.



- ڕادەکەین بۆ دوور لە گەڕەکەکە...

دواجار کە سەیری چاوی حەنەشی دەکرد:

- ڕۆژێك دەگەڕێینەوە بۆ سەرکەوتن.

- ئەگەر توانیمان ڕابکەین...

- دڵنیابە خەڵکی خوێڕیمان هەیە لە ڕاکردن دەسەپاچەمان ناکەن.

بە بێدەنگی بەردەوام بوون لە کارکردن، دواجار عەرەفە پرسیاری کرد:

- ئەی ئەمەت نەدەویست؟!

حەنەش بە شەرمەوە ورتەورتێکی کرد:

- خەریکبوو لەبیرم بچێت... بەڵام پێم بڵێ چی وای لێکردیت ئەم بڕیارە بدەیت؟

عەرەفە بزە گرتی و وتی:

- باپیرم ڕەزامەندیی خۆی بەرامبەرم ڕاگەیاندووە، سەرەڕایی ئەوەی کە هەڵمکوتایە سەر ماڵەکەی و خزمەتکارەکەیم کوشت.

حەپەسان گەڕایەوە بۆ ڕووخساری حەنەش و پرسی:

- ئایا موغامەرە بە ژیانت دەکەیت بۆ خەونێك کە بەسەرخۆشی دیوتە؟

- چی ناودەنێی ناوی بنێ، بەڵام دڵنیام کە ئەو مرد و لێم ڕازی بووە، نە هەڵکوتانە سەرەکە و نە کوشتنەکە توڕەیان نەکردووە، بەڵام ئەگەر ئاگاداری ژیانی ئێستام بووایە، دنیا لەبەر تووڕەیی هەڵی نەدەگرت.

دواجار بە دەنگێکی نزم:

- بۆیە بە لوتفەوە ئاگاداری کردمەوە بۆ پێشینەی ڕەزامەندییەکەی؟

حەنەش بە سەیرەوە سەری لەقاند و وتی:

- تۆ عادەتت وانەبوو کە بەڕێزەوە باسی باپیرەمان بکەیت.

- ئەمە لە سەردەمێکی پێشتر بوو، من گومانم زۆرە... بەڵام کە مرد و حەقی مردوویش ڕێزگرتنە.

- خوا ڕەحمی لێبکات...

- هەیهۆ لەبیرم بچێتەوە کە بوومە هۆی مردنی. بۆیە لەسەرمە بیگەڕێنمەوە ژیان ئەگەر بتوانم، ئەگەر سەرکەوتنم بۆ دەستەبەر بکرێت، ئیدی مردن نازانی.

حەنەش بە هەناسەساردییەوە تەماشای کرد و وتی:

- تا ئیمڕۆ سیحر بەهاناتەوە نەهاتووە تەنها بە حەبە گووڕدەرەکان و بتڵە لەناوبەرەکان نەبێت...

- ئێمە دەزانین سیحر لە کوێوە دەست پێ دەکات، بەڵام ناتوانین خەیاڵی ئەوە بکەین کە لە کوێ کۆتایی دێت.

چاوی بە ژوورەکەدا گێڕا و وتی:

- هەموو شتێك لەناو دەبەین جگە لە نامیلکەکە نەبێت حەنەش، ئەوە گەنجینەی نهێنییەکانە، دەیخەمە سەرسنگم، ڕاکردن زەحمەت نییە وەکو خەیاڵی دەکەیت.

عەرەفە ئاسایی وەکو هەموو ئێوارەیەك ڕۆیشت بۆ ماڵی بەڕێوەبەر، بەر لە بەرەبەیان گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، بینی حەنەش بە ئاگایە و چاوەڕێ دەکات، سەعاتێك لە ژووری نووستنەکە مانەوە بۆئەوەی دڵنیا بن لە نووستنی خزمەتکارەکان. هەردووکیان بە سووکی و وریاییەوە خۆیان کرد بە پەرژینەکەدا، لە بانیژەی لای پەرژینەکە بە ڕێکوپێکی پرخەی خزمەتکارەکە دەهات، هەردووکیان بە پەیژەکەدا چوونە خوارەوە و بەرە و دەرگاکە ڕۆیشتن. حەنەش بەرە و نوێنی دەرگاوانەکە ڕۆیشت، کوتەکێکی پێبوو بەرزی کردەوە و کێشای پێیدا، بەڵام بەر لەشێکی لۆکەیی کەوت و لە کشوماتی شەودا دەنگێکی ناخۆشی لێوەهات، بۆیان سەلما کە دەرگاوانەکە لە نوێنەکەی خۆی نەبووە. ترسان کە دەنگەکان کەسێکی لە خەو هەڵسساندبێت، بەدڵی بە خورپەوە لەپشتی دەرگاکەمانەوە، عەرەفە سەرکلۆمەکەی بەرزکردەوە و دەرگاکەی لەسەرخۆ کردەوە و دەچووە دەرەوە و حەنەش دوای کەوت. دەرگاکەیان داخست و لە هاوشانی دیوارەکان دەڕۆیشتن بەرە و سەراکەی دایکی زەنفل بە بێدەنگیی تاریکییەکەیان بڕی. لە ناوەڕاستی گەڕەکەکەدا سەگێکی ڕاوەستاو ڕێگای پێگرتن، وەستا و تەماشای کرد و بەبۆنکردن بەرەو ڕوویان ڕایکرد، چەند هەنگاوێك دوایان کەوت پاشان وەستا و باوێشکی دا. هەر کە گەیشتنە دەروازەی سەراکە عەرەفە بە چپەوە وتی:

- لێرە چاوەڕێم بکە، ئەگەر شتێکت بینی فیتۆیەکم بۆ لێبدە و بەرە و بازاڕی موقەتەم ڕابکە.

خۆی کرد بە ژووری سەراکەوە، داڵانەکەی بڕی بەرەو پەیژەکە و پێیدا سەرکەوت تاگەیشتە ژوورەکە دایکی زەنفل، دای لە دەرگا تا گوێی لە دەنگی ژنەکەی بوو، پرسیاری کرد کە کێیە لە دەرگا دەدات، خێرا و بەگەرمییەوە وتی:



- من عەرەفەم، عەواتف دەرگاکە بکەرەوە.

ئەویش دەرگاکەی کردەوە و چاوی کەوت بە سەرچاوە ڕەنگ زەردەکەی لەبەر نووستن لەبەر ڕووناکیی چرا بچووکەکەی دەستی، یەکسەر وتی:

- دوامکەوە، پێکەوە ڕادەکەین...

ئەویش وەستا و بە حەپەساوییەوە سەیری کرد، لەپڕ دایکی زەنفل لەپشتییەوە دەرکەوت، وتی:

- لە گەڕەکەکە ڕادەکەین، دەگەڕێینەوە وەکو چۆن بووین، خێراکە.

ژنەکە تۆزێ دوودڵ بوو، پاشان بە نەبرەیەکەوە کە لە ڕقوکینە بەدەر نەبوو:

- چی منی خستەوە بیرت؟

بە تاسەیەك و هەڵپەوە وتی:

- لێگەڕێ لە گلەییکردن بۆ کاتی خۆی، ئێستا هەر خولەکێك و نرخی خۆی هەیە.

ئەوەبوو حەنەش فیتۆی لێدا و گوێی لە ژاوەژاوێك بوو، بەترسەوە وتی:

- سەگەل، عەواتف هەلەکە لەدەست چوو.

خۆی هەڵدا بۆ سەری پەیژەکە لە حەوشەی سەراکە ڕووناکی و تارمایی بینی و بە بێ ئومێدییەوە گەڕایەوە و عەواتف وتی:

- بڕۆ ژوورەوە...

دایکی زەنفل بۆ بەرگریکردن لە خۆی بە ڕەقییەوە وتی:

- مەچۆ ژوورەوە...

چوونە ژوورەوە چ سوودێکی هەیە؟ ئاماژەی کرد بۆ پەنجەرەیەکی بچووك لە داڵانی ماڵەکەدا و ژنەکەی خێرا لێی پرسی:

- بۆچی سەردەکێشیت؟

- بۆ سەرانگۆیلەکە.

نامیلکەکەی لە باخەڵی دەرهێنا و بەرەو پەنجەرەکە ئاژنگی نا، دایکی زەنفلی لە ڕێگاکەی لادا، دواجار فڕێیدا و لە ماڵەکە چووە دەرەوە و دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست بە بازدان چەند پیلیکانەیەکی پەیژەکەی بڕی کە دەچێت بۆ سەربانەکە. لەسەر شوورەکەوە سەری کێشا بۆ گەڕەکەکە و بینی پڕە لە تارمایی و شاپلێتە، گوێی لە غەڵبەغەڵبی ئەوان بوو کە بۆلای سەردەکەوتن، ڕایکرد بۆ شوورەکەی سەراکەی تەنیشت

لەلای جەمالیەوە، بینی تارماییەکان پێشی دەکەون، شاپڵیتە بە دەستێکی بینی، گەڕایەوە بۆ شوورەکەی دیکەی هاوشانی یەکێك لە سەراکانی ڕەفاعیە، لە تۆی دەرگاکەی سەربانەکەیەوە ڕووناکی شاپڵیتە هاتووەکانی بینی، بێ ئومێدییەکی تاسێنەر دایگرت، وای بۆچوو کە گوێی لە هاواری دایکی زەنفلە. تۆ بڵێی پەلاماری ماڵەکەیان دابێت؟ ئایا عەواتفیان دەستگیرکردووە؟ ئەوەبوو دەنگێك لەلای دەرگای سەربانەکەوە هاواری لێکرد:

- عەرەفە خۆت بدە بەدەستەوە...

بە خۆبەدەستدانەوە وەستا و نقەی لێوە نەهات، هیچ کەسێك لێی نەهاتە پێشەوە، بەڵام دەنگەکە وتی:

- هیچم پێ نییە.

پەلاماریان داو دەوریان گرت، لەنێوانیاندا یونسی دەرگاوانی بەڕێوەبەری بینی کە لێی نزیکبووە و پێی وت:

- هەی تاونبار... هەی نامەرد... هەی نمەك حەرام...

لە گەڕەکەکەدا بینی عەواتفیان داوەتە پێشخۆیان بە پاڕانەوەیەکی بە گوڕەوە وتی:

- لێی گەڕێن هیچ کارێکی بە منەوە نییە.

بەڵام مشتێکی مەرگ کێشای بەڕوومەتییەوە و بێدەنگی کرد...

-١١٣-

عەرەفە و عەواتف بە دەستبەسراویی لەپشتەوە، بەرامبەر بەڕێوەبەرە تووڕەکە وەستان، بەڕێوەبەر بە مشت بەربووە سەروچاوی عەرەفە تا دەستی ماندوو بوو پێی وت:

- بانگت دەکردم و هەی کوڕی قەحپە بە تەمای غەدر بوویت...

عەواتف بەچاوی بە فرمێسکەوە وتی:

- نەهات بۆئەوەی ئاشتم کاتەوە!

بەڕێوەبەر تفێکی کردە سەروچاوی ئەویش و وتی:

- وس بە هەی تاوانبار...

عەرەفە وتی:

- ئەو بێتاوانە دەستی لە هیچدا نییە.

بەڵکو هاوبەشتە لە کوشتنی جەبەلاوی و هەموو تاوانەکانت...



پاشان هاڕەی هات:

- ویستت ڕابکەیت، بەڵام لە هەموو دنیا ڕاکردنت پێ دەکەم...

بانگی پیاوەکانی کرد و دوو گونیەیان هێنا، پاڵیان نا بە عەواتفەوە و بەسەردەمدا کەوت و خێرا پێیەکانیان بەستەوە و خستیانە یەکێك لە گونییەکان و دەیقیژاند، پاشان دەمی گونییەکەیان بەتووندیی بەست. عەرەفە بە تێورووژانێکی شێتانەوە هاواری کرد.

- بمانکوژن وەکو دەتەوێت، وەلێ سبەی ڕق لە دڵەکان دەتکوژن.

بەڕێوەبەر پێکەنینێکی سارد پێکەنی و وتی:

- ئەوەندە بتڵێم هەیە کە هەتا هەتایە دەمانپارێزن...

عەرەفە وتی:

- حەنەش ڕایکرد، بە هەموو نهێنییەکانییەوە ڕایکرد، ڕۆژێك دەگەڕێتەوە بە هێزێکییەوە کە بەرگریی ناکرێت و گەڕەکەکە لە بەدکاریت ڕزگار دەکات.

شەقێکی دا لە سکی و پێچی خواردەوە و پیاوەکان هامبازی بوون، چیان لە ژنەکەی کرد واشیان لەو کرد، پاشان دوو گونییەکەیان هەڵگرت بۆ دەرەوە و بردیانن بۆ چۆڵەوانییەکە، ئەوەندەی پێ نەچوو عەواتف لە هۆش خۆی چوو، بەڵام ئەو مایەوە و ئەشکەنجەی دەکێشا، بۆ کوێیان دەبەن و چ جۆرە مەرگێکیان بۆیان ئامادەکردووە؟ ئایا بە تێلاّ لێیان دەدەن تا مردن؟ یان بەردباران؟ یان بە ئاگر؟ یان لەسەرچیاکەوە فڕێیان دەدەنە خوارەوە. ئای لەم چەند خولەکە کۆتاییەکەی ژیانێکی پڕ لە سەخترین ئازار! تەنانەت سیحر ناتوانێت دەرفەتێك بدۆزێتەوە بۆ ئەم تەنگژە تاسێنەرە. سەری لەبەر مشتەکانی بەڕێوەبەر ئاوساو، لەبنی گونییەکەدا گرمۆڵە بوو خەریك بوو دەخنکا. هیچ هیوایەکی نەبوو بۆ ئاسوودەیی جگە مردن نەبێت، دەمرێت و ئاواتەکان دەمرن و لەوانەیە درێژ ژیابا بە پێکەنینێکی ساردەوە، ئەوانە پێیان خۆش دەبێت کە دەیویست ڕزگاریان کات. کەس نازانێت حەنەش چی دەکات. ئەو پیاوانەی کە بەرەو مەرگ هەڵیان گرتووە بێدەنگن، کەسیان نقەیان لێوە نایەت، هیچ نییە جگە تاریکی نەبێت، لەودیوی تاریکییەوە هیچ نییە جگە مەرگ نەبێت، ترسی ئەم مەرگەیش لەژێر باڵی بەڕێوەبەر شاردرایەوە و هەموو شتێکی دۆڕان و مەرگ هات، ئەو مەرگەی کە بەترس ژیان دەکوژێت بەرلەوەی بێت. ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ ژیان بانگ لە هەموو پیاوێك دەکات... مەترسە... ترس مەرگ

قەدەغە ناکات، بەڵام ژیان قەدەغە دەکات... خەڵکی گەڕەکەکەمان ئەو زیندوو نین و ژیانتان بۆ نارەخسێت مادامێکی لە مردن دەترسن...

یەکێك لە بکوژەکان وتی:

- لێرە...

یەکێکی دیکە لە بکوژەکان ناڕازی بوو:

- ئەم زەوییە نەرمە.

دڵی خورپەی کرد سەرەڕای ئەوەی لە واتای قسەکەی تێ نەگەیشت، بەڵام بەهەرحاڵ زمانی مردن بوو. ئەشکەنجە چاوەڕوانکراوەکەی توند بوو، تا خەریکبوو هاوایان لێ بکات و بڵێ بمکوژن، بەڵام نەیکرد. لەپڕێکا گونییەکە بەربووە سەرزەوی و هەناسەی کێشا و سەری دای لە زەوی و ئازاری ملی و بڕبڕەی پشتی دەهاڕی. دوای ساتەوەختێك چاوەڕێ بوو ئەوی دیکە دەستبەتێلا بوو، یان لەوە سەختتر بوو نەعلەتی لە هەموو ژیان دەکرد، لەبەر بەدکاریی کە هاوپەیمانی مەرگ بوو، گوێی لە یونس بوو کە دەیوت:

- خێرا هەڵیکەنن بۆئەوەی بەر لە بەیان بگەڕێینەوە.

بۆ بەر لە کوشتن گۆڕ هەڵدەکەنن؟ هەستی کرد موقەتەم لەسەر سنگی هەڵگرتووە. گوێی لە نوزەیەك بوو، ئەوەندەی پێ نەچوو نەبرەکەی عەواتفی ناسی و جەستە شەتەك دراوەکەی کەوتە جوولانەوەیەکی توندەوە. پاشان لێدانی پڕکردنەوەی چاڵەکە گوێی پڕکرد، سەیری دەهات لە دڵڕەقی ئەو پیاوانە، ئەوەبوو یونس وتی:

- ئێستا فڕێدەدرێنە چاڵێکەوە و پاشان خۆڵتان بەسەردا دەکرێت بێ ئەوەی کەس خراپەتان لەگەڵدا بکات...

عەواتف سەرەڕای شەتەکبوونی هاواری کرد و لە ناخەوە بە زمانێك قسەی دەکرد کە کەس نەیدەزانی و دەستی توندوتۆڵ هەڵیگرتن، پاشان فڕێدرانە بنی چاڵەکەوە و خۆڵیان بەسەردا کرا و تەپوتۆز لە زەردەپەڕدا هەڵسا...

-١١٤-

هەواڵی عەرەفە لە گەڕەکەکە بڵاوبووەوە، کەس هۆی ڕاستەقینەی کوشتنەکەی نازانێت، بەڵام هەر بە مەزەندە زانیان کە ئاغاکەی تووڕە کردووە و گەیاندوویەتی بەم چارەنووسە حەتمییە. جارێك بڵاوکرایەوە کە عەرەفە بەهەمان چەکی سیحری کوژرا کە



سەعدوڵڵا و جەبەلاوی پێکوژرا. هەموو کوشتنەکەیان پێخۆش بوو سەرەڕای ڕقبوونەوەیان لە بەڕێوەبەر، خەڵکی پێخۆشبووان زۆربوون لە شەقاوەکان و لایەنگرەکانیان، کوشتنی ئەو پیاوەیان پێ خۆشبوو کە باپیرە پیرۆزەکەیانی کوشت و چەکێکی ترسناکی دایە بەڕێوەبەرە زاڵمەکەیان بۆ هەتا هەتایە، ئایندە زۆر تاریك دەرکەوت، یان لەوەی کە دوای ئەوەی کە دەسەڵات چڕبووەوە لە دەستێکی دڵڕەقدا، ئەو هیوایە نەما کە ناکۆکی لەنێوان دوو پیاو دروست بێت و ببێتە هۆی لاوازبوونی هەردووکیان و پەنابردنی یەکێکیان بۆ خەڵکی گەڕەکەکە. دیاربوو کە هیچیان نەمابوو تەنها ملکەچکردن نەبێت، وەقفەکە و مەرجەکانی و قسەکانی جەبەل و ڕەفاعە و قاسم خەونی ونبوون و بۆ ئاوازەکانی ڕەبابە دەستدەدەن، نەك بۆ مامەڵەپێکردن لەم ژیانەدا. ئەو ڕۆژەی کە پیاوەکە ڕێی بە دایکی زەنفڵ گرت، کاتێ دەڕۆیشت بۆ دەڕاسە و سڵاوی لێکرد و وتی:

- دایکی زەنفڵ ئێوارەت باش...

ئەویش بە نیگایەکی تاریکەوە سەیری کرد و بە واقوڕماوییی وتی:

- حەنەش!

لە ژنەکە نزیکبووەوە و بە زەردەخەنەوە لێی پرسی:

- ئایا خوا لێخۆشبوو شەوی دەستگیرکردنەکەی لە ماڵەکەی تۆ هیچی بەجێنەهێشت...

بە دەم و دویەکەوە وتی وەکو یەکێك کە مەبەستی بێ کە گومان لە خۆی لاببات وتی:

- هیچی بەجێنەهێشت، بینیم کاغەزی فڕێدەدا بۆ سەرانگوێلکەکە، بۆ ڕۆژی دواتر چووم لەنێوان خۆڵ و خاشاکدا نامیلکەیەکم دۆزییەوە کە هیچ سوودێکی نییە و بەجێمهێشت و گەڕامەوە...

چاوەکانی حەنەش بە ڕووناکییەکی سەیر دەدرەوشانەوە و بە داواکردنەوە وتی:

- دەستم بۆ درێژکە تا نامیلکەکە دەدۆزمەوە.

پیرێژنەکە ڕاچەنی و وتی:

- لێم دوورکەونەوە، ئەگەر ڕەحمەتی خوا نەبووایە جاری پێشوو لەناو دەچووی...

پارچەیەك دراوی خستە دەستییەوە تا ترسەکەی هێوربووەوە، بەڵێنی دایێ بۆ کۆتایی شەو کاتێك چاوان دەچنە خەو. لە کاتی دیاریکراودا دزەی کرد بۆ خوارەوە، بۆ سەرانگوێلەکە و مۆمێکی هەڵکرد و لەنێو کۆمەڵە خاك و خاشاك دانیشت و کەوتە

گەڕان بەدوای نامیلکەکەی عەرەفەوە، کۆمەڵەکانی پەڕە پەڕە و پارچە پارچە جیاجیای دەکردەوە و پەنجەکانی ڕۆچوونە ناوخۆڵەمێش و خۆڵ و پاشماوەی معەسەل و پارچە خواردنی بۆگەنەوە، بەڵام خواستەکەی نەدۆزییەوە. سەرکەوتە لای دایکی زەنفل و بە بێ ئومێدییەکی تووڕەوە پێی وت:

- هیچم نەدۆزییەوە...

ژنەکە بەناڕەزاییەوە وتی:

- هەقم بەسەرتانەوە نییە، ئێوە دێن و دواجار بەڵا بەدوای خۆتانەوە دەهێنن...

- دایکە پشووت بێ...

- ڕۆژان نە پشووی هێشتین و نە عەقڵ، پێم بڵێ لەو نامیلکەیەدا چیت بەلاوە گرنگە؟

حەنەش تۆزێك دوو دڵ بوو پاشان وتی:

- ئەوە نامیلکەکەی عەرەفەیە.

- عەرەفە! خوا عافووی کات، جەبەلاوی کوشت، پاشان سیحرەکەی دایە بەڕێوەبەر و ڕۆیشت.

حەنەش بە خەمەوە وتی:

- لە کوڕە چاکەکانی گەڕەکەکەمان بوو، بەڵام بەخت خیانەتی لێکرد، ئەوەی دەویست بۆ ئێوە کە جەبەل و ڕەفاعە و قاسم دەیانویست، بگرە باشتریش لەوەی کە دەیانویست. ژنەکە بە نیگایەکی گومانەوە چاوی تێبڕی، پاشان وتی بۆئەوەی لێی ڕزگار بێت:

- لەوانەیە زبڵڕێژەکە زبڵەکەی ڕشتبێت کە نامیلکەکەی تێ فڕێدرابوو، لە زبڵ سووتێنەکەیساڵحیە بۆی بگەڕێت...

حەنەش چوو بۆلای زبڵ سووتێنەکەی ساڵحیە و لە زبڵڕێژەکەی گەڕەکی جەبەلاوی پرسی پاشان لە زبڵڕێژەکەی گەڕەکەکەی پرسی، پیاوەکە لێی پرسی:

- بەدوای شتێکی ونبووەوە دەگەڕێی! چییە؟

- نامیلکەیە...

لەچاوی زبڵڕێژەکە نیگایەکی گومان بەدەرکەوت، بەڵام وتی و ئاماژەی بۆ سووچی ژووری هاوشانی گەرماوەکە کرد:

- خۆت و بەختت، یان لای خۆت دەیدۆزیتەوە یان ئەوەتا لەناو ئاگرەکەیە...



حەنەش لەناو زبڵەکەدا بەپشوو و هیواوە دەگەڕا، هیچ هیوایەکی نەمابوو لە ژیاندا جگە ئەو نامیلکەیە، کە هیوای خۆی و هیوای گەڕەکەکەیە، عەرەفەی سیاچارە بە ناچاریی کوژرا، لەدوای خۆیەوە هیچی جێنەهێشت جگە بەدکاریی و ناوزڕاندن نەبێت...

ئەم نامیلکەیە شیاوی ئەوەیە کە هەڵەکانی چاکبکرێت و دوژمنەکانی لەناو ببرێت و بووژاندنەوەی هیوا لە گەڕەکە کۆستکەوتووەکەدا.

ئەوەبوو زبڵڕێژەکە لێی پرسی:

- خواستەکەت نەدۆزییەوە؟

- مۆڵەتم بدە خوا ڕاوەستاوت کات...

کابرا بن باڵەکانی هەڵکڕان و بە پرسیارەوە:

- ئەو نامیلکەیە گرنگی چییە؟

حەنەش بۆ دوورخستنەوەی ئەو نیگەرانییەی کە تووشی بوو وتی:

- حیسابی دوکانەکەی تێدایە و بە خۆت دەبینی...

لە گەڕان بەردەوام بوو سەرەڕای زیادبوونی ترسەکەی، تا گوێی لە دەنگێك بوو کە پێی نامۆ نەبوو، وتی:

- کوا توانای پاقلە متوەلی؟

هەر کە گوێی لە دەنگی مام (شەنکەل)ی پاقلەفرۆشی گەڕەکەکە بوو زەندەقی چوو، ئاوڕی لێ نەدایەوە، بەڵام بەترسەوە پرسی: تۆ بڵێی کابرا چاوی پێی کەوتبێت؟

ئایا چاکتر وایە کە ڕابکات؟ خێرایی دەستەکانی زیادیان کرد تا دەتوت کەروێشکە چاڵێك بۆ لانە هەڵدەکەنێت.

مام(شەنکەل) گەڕایەوە بۆ گەڕەکەکە بۆئەوەی هەر کەسێك ببینێت و پێی بڵێ حەنەشی هاوڕێی عەرەفەی لەلای سووتێنەری زبڵەکەی ساڵحیە بینیوە و لەنێو زبڵەکاندا بەدوای نامیلکەکەوە دەگەڕا، وەکو زبڵڕێژەکە پێی وت. هەر کە هەواڵەکە گەیشتە ماڵی بەڕێوەبەر تا هێزێك لە خزمەتکارەکان بەرە و سووتێنەری زبڵەکە ڕۆیشتن، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی حەنەشیان نەدۆزییەوە، هەر کە لەزبڵڕێژەکەیان پرسی وتی:

- چووە بەلای هەندێ کاری خۆیەوە، هەر کە گەڕایەوە حەنەش ڕۆیشتبوو. نەیزانی کە ئامانجەکەی خۆی دۆزیوەتەوە یان نا.

کەس نەیدەزانی کە چۆن خەڵکی لەنێوان خۆیاندا چپەچپیان بوو، کە نامیلکەکە حەنەش بردوویەتی کە نامیلکەی سیحرییەکە بوو، عەرەفە نهێنییەکانی هونەرەکە و چەکەکانی تێدا تۆمار کردبوو، لە کاتی ڕاکردنیدا ونی کردبوو، لە زبڵدانەکەوە گواسترابووەوە بۆ زبڵ سووتێنەرەکەی ساڵحییە لەو شوێنەی کە حەنەش دۆزییەوە. هەواڵ لە کەپر بۆ کەپر بڵاوبووەوە، کە حەنەش ئەوەی عەرەفە دەستی پێکردبوو تەواوی دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ گەڕەکەکە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە بەڕێوەبەر، تۆڵەسەندنەوەیەکی بەدانایی. قسەو گومان ئەوەیان دووپات کردەوە کە بەڕێوەبەر بەڵێنی داوە هەر کەسێك حەنەش بە زیندوویی یان مردوویی بهێنێت خەڵاتێکی گەورەی بکات، هەروەکو پیاوەکانی لە قاوەخانە و کەپرەکان ئەوەیان ڕاگەیاند. کەس گومانی لەو ڕۆڵە گومانکراوە نەبوو کە حەنەش لە ژیانیاندا دەیگێڕێت. تەوژمێکی مژدە و گەشبینی لە دەروونەکان بەرزبووەوە و کەفی وەڕزی و دەستەوسانی دوور فڕێدا. دڵەکان پڕبوون لە سۆز بۆ حەنەش لە تاراوگە نادیارەکەیدا. بگرە سۆز گەیشتە یادکردنەوەی عەرەفە خۆی. خەڵکی خوازیاربوون ئەگەر هاوکاریی حەنەش بکەن لە هەڵوێستەکەی بەرامبەر بەڕێوەبەر، بەڵکو سەرکەوتن بەدەست بهێنن بەسەریدا، سەرکەوتنێك بۆخۆیان بۆ گەڕەکەکە، بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی خێر و دادپەروەریی و ئاشتی. سوربوون لەسەر ئەوەی هاوکاریی بکەن بۆئەوەی کە ڕێگایەکیان بۆی دۆزییەوە، بەو پێیەی کە تاکە ڕێگایە بۆ ڕزگاربوون، چونکە ناتوانرێت بەسەر ئەو هێزە سیحرییەدا زاڵ بن کە بەڕێوەبەر پێیەتی، جگە بە هەمان هێز نەبێت کە حەنەش ئامادەی دەکات. ئەوە گەیشتە زانیاری بەڕێوەبەر کە خەڵکی چپەچپی لەسەر دەکەن، ئەوەبوو بە شایەرەکانی قاوەخانەکانی وت کە گۆرانی بە چیرۆکەکەی جەبەلاویەوە بڵێن، بە تایبەتی کوشتنەکەی بەدەستی عەرەفە، کە چۆن بەڕێوەبەر ناچاربوو هاودەمی بکات لە ترسی سیحرەکەی تا توانی بیکوژێت بۆ تۆڵەسەندنەوەی باپیرەگەورە... سەیر لەوەدابوو کە خەڵکی درۆ و دەلەسەکانی ڕەبابەکانیان بە ساردیی و گاڵتەجارییەوە وەرگرت، تا کەللەڕەقیان گەیشتە ئەوەی کە بڵێت: ((کارمان بە ڕابردووەوە نییە، هیچ هیوایەکیشمان نییە جگە سیحرەکەی عەرەفە نەبێت، ئەگەر سەرپشکمان بکەن لەنێوان جەبەلاوی و سیحردا ئەوا سیحر هەڵدەبژێرین...)). ئەوەبوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ حەقیقەتی عەرەفە بۆ خەڵکی ئاشکرا دەبوو. لەوانەیە لە سەراکەی دایکی زەنفلەوە زۆر شت زانرابێت لە بارەیەوە لە عەواتفەوە ئەو سەردەمەی کە لەلای نیشتەجێ بوو. لەوانەیە لەڕێگای حەنەش خۆیەوە



هاتبێت، لە ڕێگەی ئەو شوێنە دوورانەوە کە چاوی بە هەندێ خەڵك دەکەوت و پێی ڕادەگەیاندن. گرنگ ئەوەیە خەڵکی پیاوەکەیان ناسی و ئەوەی کە لەدوای سیحرەکەیەوە بۆ گەڕەکەکە دەخوازرا، ژیانێکی سەیربوو وەکو خەونە ئەفسووناوییەکان، ئەوەبوو حەقیقەتەکە جێگا سەیری لە دەروونیاندا گرتەوە، یادەوەرییەکەیان ڕاگرت و ناویان لە سەرووی ناوی جەبەل و ڕەفاعە و قاسمەوە دانا. خەڵکی وتیان کە نابێت بکوژی جەبەلاوی بێت وەکو پێیان وایە، تەنانەت گەڕەکەکان لەوەدا لەنێوان خۆیاندا کەوتنە کێبڕکێوە، ئەوەبوو لە هەندێ لە لاوانی گەڕەك یەکێك لەدوای ون دەبوون، بۆ ڕاڤەکردنی ونبوونەکەیان دەیانوت شوێنەکەی حەنەشیان پێزانیوە و پەیوەندییان پێوەکردووە، فێری سیحریان دەکات بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ڕۆژی ڕزگاری دیاریکراو، ئەوەبوو ترس بەڕێوەبەر و پیاوەکانی داگرت، چاوانیان نارد بۆ هەموو کون و قوژبنەکان، ماڵ و دوکانەکانیان پشکنی، سەخترین سزایان دەسەپاند بەسەر پووچترین هەڵەکردنەوە، هەموو نیگا و نوکتە و پێکەنینێکیان دارکاریی دەکرد، تا گەڕەکەکە کەوتە کەشێکی تاریکی ترس و کینە و تۆقاندنەوە، بەڵام خەڵکی بەرگەی زۆردارییان دەگرت لە داپلۆسین و پەنایان بردە بەر بێدەنگیی و داوێنگیری هیوا بوون. هەر کە توندوتیژیی زیانی لێبدان دەیان وت: دەبێت زۆرداریی کۆتایی بێت و شەویش ڕۆژی بە دواوەیە و ئەوسا لە گەڕەکەکەماندا لەناوچوونی زۆرداریی دەبینین و ڕۆژی ڕووناکی و سەیروسەمەرەکان هەڵدێت.

## پەراوێزەکان:

١- وشەی (شەقاوە)م لە جیاتی زاراوەی (الفتوة) بەکارهێناوە، الفتوة- کەسێکی ئازایە و پاراستنی گەڕەکەکان لەئەستۆ دەگرێت لەبری سەرانە سەندن لە میسر لە سەردەمی نەبوونی دەسەلاتی پۆلیسدا، لای خۆشمان بەو کەسانە دەڵێن شەقاوە و لە بەغدایش وایان ناوبوو.

٢- لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا نێرومێ نییە، بۆیە من زۆرجار ڕەگەزی پیاو و ژنم بەکارهێناوە، چونکە ڕۆماننووس زۆرجار (هو، هی)ی بەکارهێناوە، کە لە کوردیدا نییە، بۆئەوەی خوێنەر جیاوازیی بکات لەنێوان کارەکتەرەکاندا.

٣- بوزە: خواردنەوەیەکە وەکو ئارەق وایە.

٤- کۆدیەی زار: ئەو ژنەیە کە لە کۆڕی زکری ژناندا دەفی پێیە و گۆرانی دەڵێت، زیاتریش تەشقێکی سیحربازانەیە لە میسردا.

٥- وشەی (سەرکار) لەبری وشەی (المعلم)ی میسری بەکارمهێناوە، کە لە پیشەی وەستای کوردی گەورەترە.

(*) ئەم دەقەم لە چاپی شەشەمی ڕۆمانەکەوە وەرگێڕاوە، کە ساڵی ١٩٨٦ لە (دار الاداب) لە بەیرووت چاپ کراوە.

### ناوی تەواوی کتێبەکە بە زمانی عەرەبی:

اولاد حارتنا، نجیب محفوظ، طبعة السادسة، دار الآداب، بیروت، سنة ١٩٨٦.